وەڵامی پرسیارەکان

ـ وەڵامی زیاتر لە (٢٢٥) پرسیاری شەرعی گرنگ ـ

کە لە لایەن

بەڕێز مامۆستا (**خليل أحمد**)ـەوە

وەڵامدراوەتەوە

لەگەڵ سەرجەم دیدار و چاوپێکەتنەکانی لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی

جليل إبراهيم على

==

لەبڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

* **پێشەکی** :

إِنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ :فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

خوێنەری بەڕێز :

ـ ئەم کتێبەی بەردەستت بریتییە لە وەڵامی (٢٢٥) لەو پرسیارە شەرعییانەی کە لە ڕێگای (**سایتی بەهەشت**)ـەوە ئاراستەی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم (مامۆستا خليل أحمد) کراوە ، لەگەڵ سەرجەم دیدار و چاوپێکەوتنەکانی بەڕێزیان لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کە بە بەڵگەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشتڕاستکراونەتەوە .

جا بۆ سوودی زیاتر (دوای پرس و ڕاوێژ بە مامۆستای بەڕێزم) بە باشم زانی هەموو پرسیار و وەڵامەکان و دیدار و چاوپێکەوتنەکان کۆبکەمەوە و جارێکی تر بەڕێزیان پێداچوونەوەی بۆ بکەنەوە و لە دوو توێی کتێبێکدا بخرێتە بەردەم موسڵمانانی بەڕێز ، لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە ئیخلاص بخاتە نێو کار و گوفتارمانەوە و ئەم کتێبەیە بکاتە مایەی سوود بۆ هەموو موسڵمانان .

(رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ .. وَتُبۡ عَلَيۡنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ)

جليل إبراهيم

(١٥ / رمضان / ١٤٣٥ کۆچی ـ ١٣/ ٧ / ٢٠١٤ لەدایك بوون)

بەشی
بیروباوەڕ و عەقیدە

پ١/ سلاو بەڕێز.....پرسیارێکم هەیە ئایا ئینسان ئەگەر بێزار بێت ئەتوانیٚ دوعای مردن لە خۆی بکات گوناهبار نابێت لەو کاتەدا؟ پرسیارێکی تر ئەویش ئەوەیە : من لەوەتەی تەوبەم کردووە بیرکردنەوە زور زور بێزاری کردووم چ دوعایەك باشە بیکەم بۆ ئەوەی لەو بیرکردنەوەیە نەجاتم بێت...لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئێوەی بەڕێز خوای گەورە ئاگای لێتان بێت.تکایە زوو وەڵام بدەنەوە.

وەڵام :

بسم الله الرحمن الرحيم سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

مرۆڤی موسڵمان دەبیٚ لە ژیان بێزار نەبێت و ئارامی هەبێت لەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی دونیا بۆ ئەم مەسەلەیەش دەبیٚ یەکەم مەفهومی ژیانی دونیا تێبگات کە بریتی یە لە تاقیکردنەوە بە خۆشی و ناخۆشی جا دوای ئەم تێگەشتنە پێویستە مرۆڤی موسڵمان هەڵوێستی ئیجابی هەبێت و بەچەواشە لە دونیا نەگات ، و وابزانێت ئەم ژیانەی دونیا هەتا هەتاییە و خۆی بۆ بکوژێت نا ، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ ژیانی ڕاستەقینە لە قیامەت بە کورتی هەموو ئەو پێداویستیانە و کەرەستانەی کە لە دونیادا لەبەردەستماندان هەموو بۆ ئەوەیە ژیانمان بەڕێوە بچێت تا بتوانین بەندایەتی بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەین جا بەو هەڵوێستە ئیجابیە و خۆ پشت قایم کردن بە یادی خوای گەورە ئەوانە دەرەوێتەوە ، ئەگەر مرۆڤ بێزار بوو وا چاکترە پەنا بباتە بەر نوێژ کردن و دوعا کردن ، بەڵام دوعای مردن دروست نیە ، ئەگەر هەر دوعای کرد وا چاکترە بڵێت ئەگەر مردن باشە بۆم لە ژیان ئەوا بممرێنە .

بەشی دووەمی پرسیارەکە کە باس لە بیرکردنەوە دەکات بەڵیٚ ڕاستە ئەگەر مرۆڤ کەسێکی ناموسڵمان یان کەسێك بوو پابەند نەبوو بە ڕێنماییەکانی ئیسلامەوە پاشان تەوبەی کرد ئەوە تاماوەیەك نەفس و شەیتان کاتی ڕابردووی وەبیر دەهێننەوە یان خترورەی خراپی پیٚ دەڵێن ، جا پێوستە لەم کاتە موسڵمان ئارامی هەبێت ، و ئەوەش بزانێت ئەمە شتێکی کاتیەو با بەردەوام ئەم دوعایە بخوێنێت : (اللهم ثَبت قَلبي على طاعتك) یان بلێت : (اللَّهُمَّ اهْدِنِي لأَحْسَنِ الأَعْمَالِ والأَخْلاَقِ ؛ لاَ يَهْدِي لأَحْسَنِهَا إلاَّ أَنْتَ ، وَقِنِي سَيِّئَ الأَعْمَالِ وَسَيِّئَ الأَخْلاَقِ ؛ لاَ يَقِي سَيِّئَهَا إلاَّ أَنْتَ)

وە زۆر داوا لە خوای گەورە بکە إن شاء الله دوای ماوەیەك ئەو شتانە هەموو باردەکەن و شتی چاك جێگەیان دەگرێتەوە .

پ٢/ ئایا دەلیل چیە كە بە كارهێنانی القاب جگە لە مسلم كە رب العالمین ناوی ناوین بدعە نیە؟؟(من ئەڵێم وەك ئامانج سەلەفیت ئەصلی مەتلەبە و و پارێزگاریە و گەرانەوەیە بۆ فەهمی كامڵی ئیسلامی حەنیف دوور لە شرك و بدعە) بەڵام بە ناوهێنان بدعەیە و خەتەرە.چونكە ناولێنان بەشێكە لە ئاین. نابێت بە تاك بە كۆمەڵ بە خۆت یان بە خوشكێك یان بە برایەكی تر بڵێی سەلەفی، تكایە بە قورئان و سوننە ئەگەرهەڵەم ڕاستم كەنەوە .

وەڵام :

بەكارهێنانی ناو و ئەلقاب كە بۆ پێویستی ببێ و هیچ مانایەكی خراپی تێدا نەبێ و هۆكار نەبێت بۆ پەرتەوازەكردنی موسڵمانان و هاندەر نەبێت بۆ هەڵگرتنی بیروباوەڕی خراپ بە ناوی ئیسلامەوە ئەوە دروستە ، لەوانەش كە خراپن (أهل الكلام ، الفلاسفة ، الجهمية ، الخوارج ، المعتزلة ، الروافض ....) **بەڵام ناوونان بە** (أهل الحديث ، أهل التقوى ، أهل القرآن ، أهل السنة والجماعة ، أهل الأثر ، السلفية ، الطائفة المنصورة ، الفرقة الناجية ، الجماعة ....) **ئەمانە دروستن چونكە مانا و دەلالەتی خراپیان تێدا نیە و دەلالەتی باشیش دەگەیەنن بۆ نموونە وشەی (السلف) لە زمانی عەرەبیدا بەمانای پێشینی خۆت دێت لە زانست و ئیمان و چاكە و خێردا .**

ابن منظور لە (لسان العرب) دا (١٥٩/٩) ئەڵێ : (والسّلف أيضا من تقدّمك من آبائك و ذوي قرابتك الذين هم فوقهم في السِّنِّ والفضل ولهذا سُمي الصدر الأول من الصحابة السلف الصالح)

هەروەها وەكو فەرموودەش پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەكاری هێناوە كە بە (فاطمة)**ی كچی ئەڵێت :** (فانّه نعم السلفُ أنا لك) رواه مسلم (٢٤٥٠)

لەزاراوەی زانایاندا (سلف) بەمانای (صحابە)دێت ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی دەكات كە (ڕاشد)ی كوڕی (سعد) كە تابعی یە ئەڵێ : (كان السلف يستحبّون الفُحولة لانها أجرى وأجسر) فتح الباري ج٦/٨٢ ضاتی (دار الكتب العلمية) .

واتە : (صحابە) هاوەڵان لە بۆ غەزا ئەسپی (نێر)یان بە باشتر دەزانی لە ماین چونكە ئازا و خێرا ترە . مەبەست لەم (أثر**)ە وشەی (السلف) كە لەسەردەمی (تابعین) دا بەكارهاتووە و بۆ صحابەش بەكارهاتووە واتا بۆ مانایەكەی .**

ئیمامی موسلیم لە پێشەکی صەحیحەکەیدا لاپەڕە ١٦ ڕیوایەت دەکات لەڕێگەی (محمد)ی کوڕی (عبدالله) ئەڵێ گوێم لێ بوو علی کوڕی شەقیق دەیگوت لە عبدالله ی کوڕی (مبارك)م بیست لەناو خەڵکیدا دەیگوت (دعوا حدیث عمرو بن ثابت فانه کان یسبُّ السلف) .

کەوا بوو سەلەفیەت نیسبەتە بۆ (السلف) ئەمەش نیسبەتێکی چاکە بۆ مەنهەجێکی حەق و بیدعە و مەزهەبێکی تازە نیە .

شێخ ابن تیمە ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مجموع الفتاوی ٤/١٤٩) ئەڵێ : [لا عیب على من أظهر مذهب السّلف وانتسب الیه واعتزى الیه،بل یجب قبول ذلك منه بالاتفاق ، فان مذهب السلف لایكون الا حقاً](مجموع الفتاوى: (٤/١٤٩).

واتە : عەیب نی یە لەسەر کەسێك کە مەزهەب و بەرنامەی سەلەف ئاشکرا بکات و خۆی بداتە پاڵی (بڵێت من سەلەفیم) ، بەڵکو پێویستە ئەم شتەی لێ وەربگیرێت بەیەك دەنگی زانایان ، چونکە مەزهەبی سەلەف تەنها حەق دەبێت .

بڕوانە مێژوو نووسی ئیسلام پێشەوا (الذهبي) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە کتێبی (سیر أعلام النبلاء) دا (١٦–٤٥٧) لە ژیاننامەی حافظ الدارقطني دا ئەڵێ : (لم یدخل الرَّجلُ أبداً في علم الكلام ولا الجدال ولا خاضَ في ذلك بل كان سلفیاً) .

ئەگەر کەسێك بڵێت باشە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت : { هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ } (٧٨) سورة الحج

واتە : ناوی لێ ناوین بە (مسلم) موسڵمان ئیتر بۆچی ناوی تر بەکاربهێنین؟ ئێمە دەڵێین ڕاستە زۆر شیاویشە ئەگەر تاقمە گومڕاکان ناو و مەزهەب و ڕێچکەی خراپیان بەناوی ئیسلام و موسڵمانانەوە دروست نەکردایە هەمووشمان دەزانین هەرچی مەزهەب وحیزب و تاقمی گومڕا هەیە لە عالەمی ئیسلامیدا خۆی بە موسڵمان دەزانێت ، ئەی ئەبێ ئەوە کێ بێت نوێنەرایەتی ئیسلامی ڕاستەقینە بکات ئەگەر هەمومان تەنها ناومان موسڵمان بێت ، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك پێت بڵێ مەزهەبت چیە ئەگەر تۆ بڵێیت موسڵمانم پێت دەڵێت باشە خەڵکی هەموو خۆی بە موسوڵمان دەزانێت (شیعە ، خوارج ، جهمیە ، معتزلە) چۆن خۆت لەوانە جیا دەکەیتەوە و ئیسلامی ڕاستەقینەش دەپارێزیت؟ ئەگەر بڵێیت موسوڵمانێکم لەسەر قورئان و سوننەت هەموویان ئەوە دەڵێن کەوابوو ئەبێ بڵێیت موسڵمانێکم لەسەر مەنهەجی سەلەف واتا قورئان و سوننەت بە تێگەشتنی سەلەف (صحابە) ئەو کاتە هیچ تاقمێك ناتوانێت بەردەوام بێت . ئەنجا ناوی سەلەفی دژی ناوی مسلم نیە وەك موشریك یان کافر کە بەرامبەر بەناوی (مسلم)ە لەدژایەتی کردندا

وە ئیسلام خۆی ئەوە دەخوازێت کە سلف لەسەری بوون وەك بە ئایەت ڕونکرایەوە وە چەندین حەدیسمان لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە وە لە حەدیسی افتراق دا هاتووە (فقيل من هي الناجية؟ قال ما أنا عليه اليوم وأصحابي) .

پ٣/ السلام عليكم ورحمة الله وبركاته : من پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا چۆنە داوای دوعا لە موسڵمانان بکەیت لە کاتێکدا لە فەرموودەی پێغەمبەر دا صلى الله عليه وسلم دا هاتووە کە ئەو حەفتا هەزار کەسەی بە بێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە یەکێك لە مەرجەکانیان ئەوەیە کە داوای دوعا لە خەڵکی ناکەن .

وەڵام :

وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته

داوای دوعاکردن لە موسڵمانان دروستە و چەندین بەڵگەمان هەیە بەبەڵگەی ئەوەی چەندەها کەس لە چەندەها کات و شوێنی جیاوازدا داوایان لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کردووە بۆ نموونە ئەو کەسەی لە ڕۆژی جمعە دا هاتە مزگەوتەوە لەبەر بێ بارانی داوای لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کرد داوای باران بارین بکات ئەویش خوتبەی دەخوێند وتی : (يارسول الله هلكت الأموال وانقطعت السبل فادع الله إلينا يغثنا فرفع رسول الله صلى الله عليه وسلم يديهثم قال : (اللهم أغثنا) ثلاثاً....) رواه البخاري ومسلم .

واتە : وتی ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ماڵ و سامانەکانمان نەمان و تیاچوون چارەسەرمان نەما داوا لە خوای گەورە بکە بارانمان بۆ ببارێنێت ئەویش دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی : خوایە بارانمان بۆ ببارێنە و تێرئاومان بکە سێ جار ئەمەی فەرموو.

یان حەدیسی ئەو ئافرەتەی کە ئەهلی بەهەشتە (عطاء)ی کوڕی (رباح) ئەڵێ (ابن عباس) پێی وتم ئایا ئافرەتێکت پیشان نەدەم لەئەهلی بەهەشتە منیش وتم : بەڵێ ، وتی ئەم ئافرەتە ڕەشە هاتووە بۆ لای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێی وتووە : (إني أصرع واني اتكشّف فادع الله لي قال إن شئتِ صبرت ولك الجنة وإن شئت دعوت الله أن يعافيك فقالت أصبر فقالت إني أتكشّف فادع الله لي أن لا أتكشف فدعا لها) رواه البخاري برقم ٥٦٥٢ .

واتە : من نەخۆشی پەرکەمم هەیە لەو کاتەی بەسەرم دێت لەشم دەردەکەوێت بۆیە داوام لە خوا بۆ بکە چاك ببمەوە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێی فەرموو ئەگەر دەتەوێ بچیتە بەهەشتەوە دەبێت ئارام بگریت ، و ئەگەر دەتەوێ چاك ببیتەوە داوات بۆ دەکەم لە خوا وتی : ئارام دەگرم ئەنجا وتی من

لەشم بەدەردەكەوێت دوعام بۆ بكە دەرنەكەوێت لەوكاتەدا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دوعای بۆ كرد .

جا ئەمانە و چەندین بەڵگەی تریش هەن لەسەر دروستێتی داوای دوعای خێركردن لە موسڵمانان بەڵام حەدیسی ئەوانەی كە دەچنە بەهەشتەوە بەبێ لێ پرسینەوە و سزا ئەو باسی لە سیفەتێكی تر دەكات دەقی حەدیسەكەش ئەوەیە ابن عباس ئەڵێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (...فقيل لي هذه أمتك ومعهم سبعون الفاً يدخلون الجنة بغير حساب ولا عذاب.... فقال هم الذين لا يسترقون ولا يكتوون ولا يتطيرون وعلى ربهم يتوكلون فقام عكاشة بن محصن فقال ادع الله أن يجعلني منهم قال أنت منهم...)الحديث . رواه البخاري ومسلم .

واتە : پێیان وتم ئەمە ئومەتەكەی تۆیە حەفتا هەزاریان لەگەڵ دەچنە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە و سزا ئەوانیش بریتین لەو موسڵمانانەی كە داوای دوعا بەسەردا خوێندن لەكەس ناكەن و داخ كردن (كەوی كردن) بەكار ناهێنن و باوەڕیان بە شوم و نەگبەتی نییە و پشت لەو شتانە بە خوا دەبەستن . لەم كاتەدا عوكاشە هەستا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم داوام بۆ بكە لە خوا لەوانەم حیساب بكات ئەویش فەرمووی تۆ لەوانەیت .

جا دوعا بەسەردا خوێندنیش دروستە عائشە بەسەر پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم خوێندویەتی و پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم بەسەر كەسی تردا خوێندویەتی ، بەڵام مەبەست ئەوەیە ئینسان خۆی داوای نەكات و ئارامی هەبێت لەسەر نەخۆشیەكان داخ كردنیش دروستە بەڵام نەكردنی باشترە كەوابوو نەكردنی ئەو دوو سیفەتە باشترە ، بەڵام سیفەتی (طيرة) باوەڕبوون بە نەگبەتی و شومی مانگی سەفەر یان پژمین یان كەروێشك یان ... یان...ئەمانە دروست نیە هەندێكیان شیركن ئەوەش بزانە هەر لەم فەرموودەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە داوای دوعای خێركردن لەگەڵ دوعا بەسەردا خوێندن دووشتی جیاوازە دەبینی ئەم حەدیسە ئەم سیفەتانە باس دەكات عوكاشە داوای ئەوە لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەكات دوعای بۆ بكات ئەویش بۆی دەكات كەوابوو زۆر ڕوون و ئاشكرایە .

پ٤/ مامۆستا گیان من ماوەیەكە زۆر بیر لە پەروەردگار دەكەمەوە بەتایبەتی لەم ڕەمەزانەدا ، ئایا من چیبكەم تا ئەم خەیاڵە ناخۆشانە لە مێشكم لابەم ، بەڵام شەیتانیش لە ڕەمەزاندا بەستراوەتەوە ئەگەر بڵێم ئەوە شەیتانە. خوای گەورە پاداشتتان بداتەوە.

وەڵام :

بیرکردنەوەی خراپ لە خودی خوای گەورە وەسوەسەو فێڵی شەیتانەکانە لە جنۆکە و ئادەمیزاد بۆ ئەو مەسەلەیەش شارەزابوون و پەناگرتن بە خوای گەورە چارەسەرە ، هەرکات ئەو خترانە بە دڵدا هاتن بڵێ : أعوذ بالله من الشيطان الرجيم . ئەنجا بەستنەوەی شەیتانەکان لە ڕەمەزاندا ڕاستە و فەرموودەی صەحیحی لەسەرە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه سلم دەفەرموێ : (تغلق أبواب النار وتفتح أبواب الجنة وتصفد فيه الشياطين) رواه أحمد والنسائي .

واتە : دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن وە دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە وە شەیتانەکان دەبەسترێنەوە . بەڵام هەموو جنۆکەکان نابەسرێنەوە کەوابوو شەیتانەکان جنۆکەن بەڵام هەموو جنۆکەیەك شەیتان نیە ، کەوابوو جنۆکەی خراپ کە شەیتانیش نین دەتوانن وەسوەسەی خراپ دروست بکەن بەڵام لەڕەمەزاندا کەمتر .

پ ٥ / خوای پەروەردگار چۆن لێپرسینەوەی منداڵی ئەو هۆز و تیرانە دەکات کە پێش هاتنی پێغەمبەران ژیاون؟

وەڵام :

منداڵانی کافر لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە زیندویان دەکاتەوە وە پرسیاریان لێ دەکات هەرکام وەڵامی دروستیان دایەوە دەیانخاتە بەهەشتەوە ئەگەر نا ئەوە بۆ دۆزەخە . لە گۆڤاری ڕێگای ڕاست پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەمان داوەتەوە .[**بڕوانە پرسیاری (٢٣) لە لاپەڕە (٣٥)**]

پ ٦ / بێ گومانم لەوەی کە ئیسلام جوانترین بەرنامەی ژیانە ، بەڵام ئایا بوونی کەنیزەك زوڵم نی یە لە ئافرەت؟

وەڵام :

بەڵێ ئیسلام جوانترین و تەواو ترین بەرنامەیە لە هەموو خاڵەکانیدا لە بیروباوەڕ و شەریعەت و ئاکارەکاندا هەروەها لەمەسەلەی کەنیزەك دا باشترین چارەسەری داناوە بۆ ئەو ژنانەی کە ئاینی خوایان هەڵنەگرتووە و دژایەتی بەندەکانی خوایش دەکەن کە لە جەنگدا دەگیرێن ، باشترین چارەسەر ئەوەیە بدرێن بە پیاوانی موسوڵمان لە کوفر و شیرك و کاری خراپ ڕزگار بکرێن ، ئەنجا ئێمە دەبێ ئەوەش بزانین ئەو ئافرەتانە جەنگیان کردووە و لە جەنگدا گیران بە هەر پێوەرێکی تر بێت جگە لە ئیسلام دەکوژرێن ، بەڵام ئیسلام دەیانکات بە هاوسەر لەگەڵ موسوڵمانان وە بە شێوەیەکی واقعیش ئیسلام ئەم پرۆژەیەی جێ بە جێ کردووە ، و دایکی زۆرێك لە زانایانی ئیسلام کەنیزەك بوون و پاشان موسڵمانیش بوون جا نەك

ئەمە زولّم بێت بەڵکو ڕەحمەتێکی زۆر گەورەیە و جیاوازییەکی زۆرباشە لە نێوان پیاوان و ژناندا کە لە جەنگدا دەگیرێن .

پ٧/ برایانی بەڕێزم پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە گوناهکردن : ئایا ئەگەر کەسێك گوناهێك بکات بە نهێنی و لەبەر چاوی خەڵك دا نەیکات ئایە ئەم گوناهە ناچێتە بابی شیرکەوە؟

وەڵام :

گوناه کردن بە پەنهان بێت یان بە ئاشکرا شتێکی خراپە و سەرپێچی خوای گەورەیە وە پێویستە موسڵمانی کامڵ و بە تەقوا خۆی لە هەردووك بپارێزێت ، چونکە خوای گەورە لە باسی مونافیقەکاندا دەفەرموێ : {يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلاَ يَسْتَخْفُونَ مِنَ اللهِ } (١٠٨) سورة النساء

واتە : لە کاتی گوناهکردندا خۆیان لە خەڵکی دەشارنەوە بەڵام خۆیان لەخوا ناشارنەوە واتە شەرم لە خودا ناکەن ، بەڵام ئەم سیفەتە هەرچەند خراپە و گوناهە بەڵام بە شیرك دانانرێت مەگەر بیروباوەڕی لەگەڵ بێت .

پ ٨/ سرودی نیشتیمانی کورد کە دەڵێ دینمانە.... ئایا وتنی گوناهە یان نا؟

وەڵام :

بۆ سرودی نیشتیمانی کورد بەڵێ ئەم سرودە چەندین کوفرو گوناهی تیادایە پێویستە بگۆڕدرێت بۆ شتێکی باشتر ، و کاتێك ئێمە ئەم قسەیە دەکەین هەر خۆمان بە کورد دەزانین شانازی دەکەین بە خاك و گەل و ئایینی میللەتەکەمانەوە ، بەڵام ئەمە پیلانێکە بۆ لەناوبردنی ئایینی ئیسلام لە دڵی تاك و کۆمەڵی کورددا .

پ٩/ ئایا سزای قەبر هەیە؟

وەڵام :

بەڵێ لە گۆڕدا سزا هەیە بۆ بێ باوەڕان و تاوانبارانی موسوڵمانیش ئەوەی خوا ویستی هەبێت سزای دەدات وە سزاکەش دەکەوێتە سەرجەستەو ڕوح نەك تەنها ڕوح یان تەنها جەستە وەك هەندێ لە مەزهەبەکانی دژ بە ئەهلی سوننەت ئەڵێن ، کەسێك کە زوو مردبێت سزا ئەدرێت تا ڕۆژی قیامەت وە کەسێك کە ئێستا دەمرێت سزا ئەدرێت تا ڕۆژی قیامەت ئەگەر شایستەی سزا بوون جا کەم یان زۆر بەراورد ناکرێن ، چونکە جۆری سزاکان زۆر و جیاوازن وە جیهانی (بەرزەخ) چەشنی ئەم دونیایە نییە و ژیانێکی تایبەتە و ئەحکامەکانیشی تایبەتن .

پ١٠/ دەربارەی هێنانی کچێکی ٩ ساڵ لەلایەن پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم تاچەند ڕاستە؟

وەڵام :

ئەو کچەی کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە تەمەنی نۆ ساڵی دا هێنای (عائیشە)یە دایکی ئیمانداران ئەمەش ڕاستە و زۆر شتێکی ئاسایی یە بۆ دیراسەکردنی ئەم مەسەلەیەش پێویستە ئەم شتانەمان لا ڕوون بێت :

یەکەم : مارەکردنی کچی تەمەن منداڵ دروستە پێش بالغ بوونی واتە تەنها مارە بڕین نەك گواستنەوەی ، ئەم مارەبڕینەی عائشە کە لە بوخاریدا بەناوی (زواج الابكار)ەوە حەدیسی لەسەر هاتووە بەڵگەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە .

دووەم : هاندان بۆ مارە کردنی عائشە لەلایەن پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم وەحی بووە ویستی خوا بووە و هەواو ئارەزوو نەبووە .

سێ یەم : عائشە هەرچەندە تەمەنی نۆ ساڵ بووە پێگەشتوو و باڵغ بووە .

ئەوەش بزانە زۆرکەسی دڵ نەخۆش ئەم مەسەلەیە دەوروژێنن بەمەبەستی تانەدان و ڕەخنەگرتن لە ئیسلام و پێغەمبەران و پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە ئەڵێن (محمد) کچێکی تەمەن نۆ ساڵی مارە کردووە ، بەڵام نازانن ژنی یەکەمی (خدیجە) بێوەژن بووە و پێش ئەم دوو شوی تری کردووە و تەمەنیشی لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم گەورەتربووە .

ئەوەش بزانە پێگەشتن و باڵغ بوون بەتەمەن نییە و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت ، بەتایبەت شوێنی گەرمەسێر و کەش و هەوای لادێ و دووربوون لە ژینگەی ئالۆز و تەنانەت جۆری خۆراك و پەروەردە کاریگەریان هەیە لەسەر گەیشتن و گەورەبوون با تەمەنیش کەم بێت .

پ١١/ خێزانەکەم بەرنامە و مەنهەجی (سەلەف) ی پێ قەبوڵ نیە چی لەگەڵدا بکەم؟

وەڵام :

پێشەکی داواکارم لە خوای گەورە ڕێبازی سەلەف بە هەموومان ببەخشێ و لەسەری بمانهێڵێتەوە تاوەکو مردنمان وە بەتایبەت خێزانی بەڕێزتان ، بۆ وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێزت ئەڵێم ئەگەر خێزانت موسوڵمان بێت واتە بیروباوەڕی و کردەوەی دژ بە ئیسلامی نەبێت کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بچێتە

دەرەوە ، ئەبێت ئارام بگریت و بەردەوام ئامۆژگاری چاکەی بکەیت وە پێویستە لەسەر بەڕێزت هەموو مەرجەکانی ئامۆژگاری کردن بگریتە بەر بەتایبەت لایەنی زانستی و نەرم و نیانی و ئارامگرتن لەوانەیە ئەمڕۆ نەیەتە باری قەناعەت سبەینێ یان ماوەیەکی تر خۆی ئاشنا بێت و زانست پەیدا بکات ، بەهەر حاڵ (لەبەر ئەوەی) بێ دین نەبێت و لە ئیسلام دەرنەچێ پێویستە بەئارام بیت بەلاَم خۆت و منداڵەکانت بە ژیرییەوە لە بیرو بۆچونەکانی خێزانت کە دژ بەمەنهەجی دروستی سەلەفین بپارێزە بەڵگە لەسەر ئەمانەی وتمان ئەمانەیە :

خوای گەورە دەفەرموێ : {... وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ} العصر(٣)

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم : (الدين النصيحة قلنا لمن قال لله ولكتابه و لرسوله ولائمة المسلمين وعامتهم) رواه مسلم

وە خوای گەورە دەفەرموێ : {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا} (٦) سورة التحريم

وە دەفەرموێ : {ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ} (١٢٥) سورة النحل

وەزانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی دروست نیە پیاو ئافرەتی بتپەرست و بێ دین و لەدین دەرچوو و گاپەرست و خاوەن بیرو باوەڕی کۆمۆنیستی مارە بکات بەبەڵگەی ئەم ئایەتە :

{وَلاَ تَنكِحُواْ الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلاَ تُنكِحُواْ الْمُشِرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُواْ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُوْلَئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللَّهُ يَدْعُوَ إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ} (٢٢١) سورة البقرة

پ١٢/ کەسێك خۆی دەسوتێنێت بۆچی گوناهی دەگاتێ لەکاتێکدا سەرئەنجامی هەر مردنە؟ وە ئایا سزای کەسێك کە خۆی دەکوژێت چیە؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

خۆسوتاندن یان خۆکوشتن بەئەنقەست گوناهێکی گەورەیە نابێ موسوڵمان پەنای بۆ ببات ، وە پێویستە موسوڵمان بەئارام بێت بەرامبەر کۆسپەکانی ژیانی دونیا و ترسی خوای هەبێت و ئەو باوەڕەی بەخوا و ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر ئەبێت کارێکی وا بکەن کەسی موسوڵمان هەرگیز لە دونیادا دەست بۆ خۆکوشتن و نائومێدی نەبەن ، و دەبێ موسوڵمان هەمیشە چاوی لە پاداشتی ڕۆژی دوایی یەوە ببێت

ڕاستە دوا ئەنجامی هەموو کەسێك هەر مردنە ، بەلاّم ئێمە کەسمان نازانین کەی و بەچی و لەکوێ دەمرین وە قەدەغەمان لەسەر کراوە خۆمان بکوژین ، کەوا بوو مرۆڤ کاتێك تاوانبار دەبێت کە خۆی بکوژێت ئەگینا مردن هەر یەکجارە و هەر ئەوەشە کە بۆی نوسراوە ، بەلاّم ئەو تاوانباربوونە لەبەر ئەوەیە فەرمانی خوای شکاندووە سزای کەسێك کە خۆی بسوتێنێ یان بکوژێت بەئەنقەست ئەوەیە کە ئەبو هورەیرە خوای لێ ڕازی بێ ئەڵێ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (من تردّى من جبل فقتل نفسه فهو في نار جهنم يتردى فيها خالداً مخلداً فيها أبداً ، ومن تحسى سُمّاً فقتل نفسه سُمُّه في يده يتحساه في نار جهنم خالداً مخلداً فيها أبداً ومن قتل نفسه بحديدة مخديدته في يده يتوجأ بها في نار جهنم خالداً مخلداً فيها أبداً)رواه البخاري ومسلم .

واتە : هەر کەسێ بەئەنقەست خۆی لە شاخێك فڕێ بداتە خوارێ خۆی بکوژێت ئەوە سزای لە ڕۆژی دوایی دا لە ئاگری دۆزەخ ئەوەیە بەبەردەوامی لە ئاگردا خۆی فڕێ دەداتە خوارێ ، و هەرکەس ژەهر بخوات و خۆی بکوژێت ئەوە لە دۆزەخدا ژەهرەکە بەدەستییەوەیەتی و دەیخوات و دەیکوژێتەوە بەبەردەوامی ، و هەرکەس خۆی بکوژێت بە پارچە ئاسنێك لە دۆزەخدا ئەو ئاسنەیە بە دەستییەوەیەتی بەوە لە خۆی دەدات بەبەردەوامی .

کەوا بوو موسوڵمانی بەڕێز خۆکوشتن یەکێکە لە تاوانە گەورەکان وە ئەو کەسەی لە دونیادا خۆی دەکوژێت ئەوە کەسێکی نا ئومێد و ڕەشبینە و لە دوا ڕۆژیشدا سزاکەی زۆر سەختە خوا پەنامان بدات .

پ١٣/ من ماوەیەك پێش ئێستا دوکانێکم برا (دزرا) وە تا ئێستا کابرای دز نەدۆزراوەتەوە جا بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە خەڵکی هەندێ کەسیان بۆ دەستنیشان کردووم کە لەڕێگەی ئەوانەوە بتوانم بیاندۆزمەوە ئەم جۆرە کەسانەش بە عیلمی پاراسایکۆلۆژیا یان بە تەنوینی موگناتیسی ئەم کارە دەکەن ، بەلاّم من بڕوام پێیان نیە وەپێشم وایە ئەم جۆرە کارانە گوناحە جا نازانم ئێوەی بەڕێز لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

وەلاّم :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەر کەس شتێکی دزرا دەتوانێت هۆکارەکان بگرێتە بەر بۆ دۆزینەوەی دزراوەکەی بەلاّم بە هۆکاری واقعی کە لە مەحکەمەی موسڵماناندا کاری پێ دەکرێت لە درێژایی مێژووی حوکمڕانی موسڵماناندا ، لەوانە دۆزینەوەی شتەکەی بە دەستی دزەکەوە یان دان پیانانی دزەکە بەوەی کە ئەو دزیویەتی یان بوونی

شایەت لەسەری بەم شێوەیە تۆمەت جێگیر دەكرێت چونكە قاعیدەی شەرعی وایە دەڵێ : (المتهم بري حتى يثبت عليه الدليل) يان (الأصل براءة الذمة) **بەڵام بە پاراسایكولوژیا یان** (تنويم المغناطيس) **یان بە جادووگەر و ساحیر یان بەهەر شتێكی ناواقعی تاوانباری ئەو كەسە ناسەلمێنێت و جێگیر ناكرێت ، ئەوەش بزانە لە زۆربەی ئەمانەی باسكران جنۆكە و شەیتانەكان ڕۆڵی خراپ دەبینن بۆ دروست كردنی ئاشوب و فیتنە لە نێوان موسڵمانان و ئادەمیزاد بە گشتی .**

پ١٤/ ناوی دەرگاكانی بەهەشت و ماناكەی بەكوردی چیە؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەكی باوەڕمان بەوە هەیە كە بەهەشت چەند دەرگایەكی هەیە ، و لە چەندین فەرموودەی (صحيح) دا ئەوەهاتووە ، (عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال إذا جاء رمضان فتحت أبواب الجنة)رواه البخاري برقم (١٨٩٨) .

وە لە حەدیسی ئیمامی موسلیمدا ئەوە هاتووە كەبەهەشت هەشت دەرگای هەیە لە باسی ئەوەی هەركەس دوای دەست نوێژگرتن بڵێ : (أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله) **ئەفەرموێ** (إلا فتحت له أبواب الجنة الثمانية يدخل من أيّها شاء) رواه مسلم (١/٢٠٩/٢٣٤) .

بۆ ناوی دەرگاكانیش ئەم ناوانە هاتوون :

١- (...فمن كان من أهل الصلاة دُعي من باب الصلاة ومن كان من أهل الجهاد دُعي من باب الجهاد ومن كان من أهل الصدقة دُعي من باب الصدقة ومن كان من أهل الصيام دُعي من باب الصيام و باب الرّيان...)رواه البخاري برقم (٣٦٦٦) .

لەم فەرموودەیە ناوی چوار دەرگایان هاتووە ابن حجر ئەڵێ : پێنجەمیان دەرگای (حەج)ە چونكە حەجیش پایەیەكی گەورەیە لە پایەكانی ئیسلام ، وە دەرگا بۆ ئەوانی تر هەبێت بێ گومان بۆ ئەمیش دەرگایەك هەیە. شەشەم دەرگای (الكاظمين الغيظ والعافين عن الناس) **حەوتەم : دەرگای** (الأيمن) باب المتوكلين – **دەرگای ئەوانەی لێیەوە بەبێ لێپرسینەوە و سزا دەچنە ژوورەوە ، هەشتەم دەرگای** (ذكر) **لەوانەیە هەشتەم دەرگای زانستیش بێت زانایان هەموویان ئەمەیان باسكردووە. بڕوانە** فتح الباري **بەگی ٧ لاپەرە ٣٤.**

ناوی دەرگاكان بە كوردی

١- دەرگای نوێژ

٢- دەرگای زەكات

٣- دەرگای ڕۆژوو

٤- دەرگای جیهاد

٥- دەرگای حەج

٦- دەرگای لێبوردن لەخەڵك

٧- دەرگای پشت بەستن بەخوا

٨- دەرگای یادكردنی خوا یان دەرگای زانست .

سەبارەت بەوەی ئایا موسوڵمانان بۆیان هەیە لە هەموو دەرگاكانی بەهەشتەوە بچنە ژوورەوە؟ ئیمامی ئەبو بەكر (خوای لێ ڕازی بێ) ئەم پرسیارەی لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) كردووە (فهل يدعى أحد من تلك الأبواب كلها) واتە : ئایا كەس لە موسڵمانان لە هەموو دەرگاكانەوە بانگ بكرێت و لەهەموویانەوە بچێتە ژوورەوە؟ فەرمووی : بەڵێ بۆ كەسێ ئەو سیفاتانەی تیادا كۆبێتەوە.

ئەو بانگ لێكردنەش بۆ ڕێزلێنانە ئەگینا هەر لەیەك دەرگاوە ئەچێتە ژوورەوە بەڵام ئەوەی هەڵگری هەموو سیفەتەكان بێت دەتوانێت لە هەركامیانە خۆی بیەوێت بچێتە ژوورەوە.

بڕوانە فتح الباري شرح صحيح البخاري بەرگی ٧ لاپەڕە ٣٤ .

پ١٥/ من حاڵەتێکی ناخۆشم بەسەردا هاتووە ئەویش توشی وەسوەسە هاتووم لە ڕاستی دا ئەو وەسوەسەی من توشی بومە لە کوفرەوە نزیکە ئایا چی بکەم تاکو لەم حاڵەتە خۆم بپارێزم؟

وەڵام :

یەکێك لە سیلاحەکانی شەیتان بۆ دژایەتی کردنی ئادەمیزاد بریتیە لە دروست کردنی (وەسوەسە) لە دڵی ئادەمیزاد دا ، ئەمەش جەنگێکی کۆن و بەردەوامی شەیتانە لەو کاتەوەی خوای گەورە ئادەمی دروستکردووە دوای ئەوەی خوای گەورە بە ئادەمی فەرموو لەبەهەشتدا بن خۆت و خێزانت وە لەبەروبوومی بەهەشت بخۆن تەنها ئەو دارە نەبێت ، بەلاّم شەیتان ختورەی بۆ ئادەم کرد وەك خوای گەورە دەفەرمویّ :

{فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لاَ يَبْلَى} (١٢٠) سورة طه

تا ئادەم لە دارەکەی خوارد و ئەو کارەش بووەهۆی دەرکردنی لەبەهەشت و لەدەستدانی ئەو بەخششەی خوا و ناردنی بۆ سەر زەوی جا خاوی گەورە دەفەرمویّ : { وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ }سورة البقرة (١٦٨) واتە : شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ، لێرەوە ئەوەمان دەست دەکەوێت شەیتان بۆ لەخشتە بردنی ئادەمیزاد بەیەکجار داوای شت ناکات ، بەڵکو هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ تاوەکو ئامانجەکانی بەدی دەهێنیّ ، (وەسوەسە)ی شەیتان بوارەکانی زۆرن : یەکێك لە بوارەکانی ئەوەیە کە خاوەنی ئەم پرسیارە ئامازەی بۆ دەکات کە بریتی یە لە وەسوەسە بۆ کردن لە بابەتی بیروباوەڕ و کوفر پیّ کردن لێرەدا ئەمەوێت ئەوە بەخاوەنی پرسیارو ئەوانەی ئەم جۆرەیان هەیە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئێوە ئیمانتان لە دڵدا هەیە و لەگەڵ کوفرو بیّ باوەڕی دا دژایەتی دەکات وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویّ : (ذلك صريح الإيمان) بۆ چارەسەرکردنی (وەسوەسە)زانایان دوو شتیان داناوە :

یەکەم : بەدەستهێنانی زانستی شەرعی بەتایبەت لەوەی کە شەیتان وەسوەسەی تیادا دەکات .

دووەم : وازهێنان و بەقسەنەکردن و بەدوادا نەچوونی ئەو ختورانەی شەیتان دەیانکات .

لەدوای ئەوانەش پەناگرتن بەخوای گەورە ونیاز پاکی بۆ خوا ، چونکە هەبوونی نیاز پاکی پاراستن و سەرکەوتنی خوا مسۆگەر دەکات.

پ١٦/ من هەندێ جار خەریکە بێ باوەڕ ئەبم ، ئەمجا داواتان لێ ئەکەم ڕێگە چارەیەکم بۆ بدۆزنەوە هەر چەند بڕوایەکی تەواوم بە ئاینی ئیسلام هەیە بەس هەست بە شتێك ئەکەم لە ناو دڵم .

وەڵام :

بەردەوام شەیتان لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی موسوڵمانان لە خشتە ببات هەریەکێ بە شێوەیەك ، یەکێك لەو شێوازانە دروست کردنی وەسوەسە و شك و گومانە ، بەڵام دڵی موسڵمانیش بە هۆی ئەم ئیمان و ژیرییەی تیایدا دەکەوێتە شەڕ لەگەڵی ، جا ئەوەی تۆ باسی دەکەی شەڕی نێوان ئیمان و وەسوەسەی شەیتانە و هەمان پرسیار لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کرا وە ئەویش فەرمووی : (ذلك صريح الايمان) مـن موژدەت پێ ئەدەم تۆ ئەگەر کەسێکی بێ باوەڕ بویتایە شەیتان وازی لێت دەهێنا ، بەڵام دەزانێ ئیمانداری بۆ ئەوە وەسوەسە دروست دەکات وە تۆش دژی بوەستەوە پشتیش بە خوای گەورە ببەستە إن شاء الله سەرکەوتوو دەبیت .

پ١٧/ من زۆر ڕەش بینم هەرچەندە لە دین نزیك ئە بمەوە هەرماوەیەکی کەم باش ئەبم دوایی زۆر بێ تاقەت و ڕەش بین ئەبمەوە و بیر لە مردن ئەکەمەوە ، هەست ئەکەم مردن خۆشترە دوعاش زۆر زۆر ئەکەم بەتایبەت ئەو کاتانەی کە دوعای تیادا زۆر قەبوڵە بەڵام هەر باش نابم تکایە یارمەتیم بدەن لەبیر کردنەوەی خۆم زۆر ئەترسم .

وەڵام :

ڕەش بینی کارو بۆچونێکی خراپە بەڵکو بە پێچەوانەوە موسوڵمان دەبێ گەشبین بێت وەك وتراوە : (تفاءلوا بالخير تجدوه) گەشبین و دڵخۆش بن بە خێرو خۆشی دەیگەنێ .

جا بۆ چارەسەرکردنی ڕەشبینی پێویستە موسڵمان لە شارەزابوونی ناو وسیفەتەکانی خوای گەورە بچێتە پێش وە بتوانێ سودیان لێ وەربگرێت ، ئەوەش بزانە پەروەردەی ئیسلامی مرۆڤ پەروەردە دەکات لەسەر ترس و هیوا بە یەکسانی بۆ ئەوەی مرۆڤ نەڕوخێ و زیادە ڕۆیش نەکات لەسەرڕێچی دا ، جا بۆ لایەنی هیواو ئومێد بەرەحم و عەفوی خوای گەورە چەندین ئایەت و فەرموودە هەن پێویستە زۆریان لێ بزانیت بۆ دروستکردنی هیواو ئومێد بەرەحمی خوا و گەشبین بێت لەوانە خوای گەورە دەفەرموێ : {قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لاَ تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ } (٥٣) سورة الزمر

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : خوای گەورە دەفەرموێ : (يا ابن آدم لو أتيتني بقراب الأرض خطايا ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا لأتيتك بقرابها مغفرة) رواه الترمذي وحسنه .

واتە : ئەی ئادەمیزاد ئەگەر پێم بگەیت لە قیامەتدا پڕبەپڕی تاوانت کردبێ بەڵام شەریکت بۆم بڕیار نەدابێت منیش لە پاداشتدا بەقەد ئەوە لێخۆشبونم بۆت هەیە .

پ١٨/ مورتەد حوکمی چیە؟

وەڵام :

مورتەد بەو کەسە دەگوترێت موسوڵمان بێت و پاشان هەڵگەڕێتەوە لە ئاینەکەی وە حوکمی شەرعی بۆ باس بکرێت کە هەڵگەڕاوەتەوە بەنیسبەت حوکمەکانی مورتەد حوکمەکان زۆرن لەوانە : حەڵاڵبوونی کوشتنی (بەڵام بۆ دەوڵەت نەك بۆ هەموو تاکێك لە موسوڵمانان) جیاکردنەوەی ژنەکەی لێی ، و میرات وەرنەگرتنی لەکەس و کاری ، و جێ بەجێ نەکردنی حوکمەکانی نوێژی جەنازە و شۆردن و لەگۆڕنانی لە گۆڕستانی موسوڵمانانداو وە چەندین حوکمی ترسناکی تر کە پێویستە ئاگامان لێیان بێت .

پ١٩/ تکایە باسی ژیانی جنۆکە بکەن

وەڵام :

جیهانی جنۆکە جیهانێکی گەوریە و لە پێش ئادەمیزادەوە هەن وەك لەبەسەرهاتی (ئادەم)ە وە بۆمان دەردەکەوێت ئەو جۆرە دروست کراوە لە ئاگر دروستکراون وەك چۆن خۆمان لە گڵ دروستکراوین نێرو مێیان هەیە واتە زاوزێ دەکەن و نەوەیان هەیە و ژیان و مردنیان هەیە و خواردن دەخۆن و ژن دەهێنن و ماڵ دروست دەکەن و خزم و کەس و کاریان هەیە لە زۆر شتدا لە ئادەمیزاد دەچن چاك و خراپیان هەیە و موسوڵمان و بێ باوەڕیان هەیە ، لە ئایندا لەگەڵ ئادەمیزاد وەك یەك وان لە داواکاری ئاینی لەسەر یان وەك خوای گەورە دەفەرموێ : {وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ} (٥٦) سورة الذاريات

ئەوەندە هەیە ئەوان ئێمە دەبینن ئێمە ئەوان نابینین ئەمەشە بوەتە هۆی خراپ تێگەشتنی هەندێ کەس لەم دروستکراوە ، بەڵام خوای گەورە بەلاواز ناوی بردوون وەك دەفەرموێ : {إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا} (٧٦) سورة النساء . واتە : فێڵیان لاوازە لەسەر کەسێك ئیماندار بێت جا ئەمە بەکورتی لەسەر عالەمی جنۆکە ئەگینا باسەکە زۆر هەڵدەگرێت ، چونکە جنۆکە باڵداریان هەیە چەندین ڕەنگ و شێوە و شێوازیان هەیە کە ناتوانرێ لێرە هەموو باس بکرێت .

پ٢٠/ رایی جەنابتان بەرامبەر ڕێکخراوی قاعیدە چی یە؟ مەبەستم لە ڕووی کارە جیهادیەکان کە لە عێراق دەیکەن.....زۆر پێویستیم بەوەلأمی ئەم پرسیارەیە........تکایە

وەڵام :

ڕێکخراوی قاعیدە یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی زانایانی سەلەفی ڕەتی دەکەنەوە و بەڕێکخراوێکی دژ بە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەیزانن ، وە ئەو کارانەی لە عێراقدا دەیکەن بە ناوی جیهادەوە زانایان نە فتوایان داوە وە نە قایلن بەو جۆرە ڕەفتارانە کە خەڵکێکی زۆر بە بێ تاوان دەکوژرێ (منداڵ ژن پیر کەسی مەدەنی و بێ لایەن) ، وە هەمیشە زانایان داوایان کردوە موسوڵمانان نزیکی توندڕەوی نەکەونەوە وە هەمیشە ئامۆژگاری موسوڵمانان دەکەن بە هێمنی و دانایی و ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی شەرعی لە هەموو مەسەلەکاندا .

بۆ زانیاری زیاتر ئەم دوو کتێب و ڕوونکردنەوەیە بخوێنەوە .

یەکەم : هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بەو تەقینەوەو خۆتەقاندنەوانەی کە لە کوردستان و عێراق و جیهاندا دەکرێت . نووسینی : مامۆستا عدنان بارام .

دووەم : بەرائەتی سەلەفیەت و شوێن کەوتوانی لە تەقینەوە پشتیوانانی (فتوای پێشەوا سەلەفی یەکان دەربارەی حوکمی تیرۆر کردن و تەقینەوەکان لە وڵاتانی ئیسلام و جگە لەوان) نووسینی: باوکی عبدالحق . وەرگێڕانی: مامۆستا صلاح الدین .

تێبینی : دەتوانی لەبەشی کتێبخانەی سایتی بەهەشت ئەم دوو کتێبەیە بخوێنیتەوە .

پ٢١/ ئایا حوکمی ئەو کەسە چیە کە حەڵاڵێك حەرام دەکات و حەرامێك حەڵاڵ دەکات؟

وەڵام :

بێ گومان حەلاڵ کردنی حەرام یان حەرامکردنی حەلاڵ شتێکی گەورەیە و مرۆڤ پێی کافر دەبێت ، چونکە دژایەتی کردنی فەرمانی خوای گەورەی تیادایە ، ئەمەش زانایانی ئیسلام کۆڕان لەسەری بەلأم ئەوەندە هەیە ئەوەی حەرام یان حەلآلی دەکات بە ئیجتیهاد یان بە نەزانینەوە نەبێ ، چونکە کەسی نەزان لەم حوکمە بەدەرە وە ئەو کەسانەی ئیجتیهاد دەکەن.

پ٢٢/ خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە ماموستا ئایەت هەیە لەسەر ئەوەی پێش دروستبوونی زەوی دیاری کراوە کە چەند مرۆڤ دەبێت و چی بەسەر دێت واتە کەسێك کە بۆی دیاری کرابێت لەیەکەم ڕۆژی لەدایك بونیەوە تاڕۆژی کۆتایی چی بەسەر دێت تاوانی چی یە کە کافر بێت خۆ بەدەست خۆی نییە ، چونکە بۆی دیاری کراوە کەوابوو مرۆڤ بەدەست خۆی نییە موسوڵمان بێت یان کافر

وەڵام :

خوای گەورە عیلمی ئەوەی ڕویداوە و ئەوەش ڕووئەدات زانیویە و دەیزانێ باری بەندەکانی و زۆری و ئاکامی کردەوەیان دەزانێ و کاروباریان لە خوای گەورە ون نابێ وەك دەفەرموێ : { إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ} الأنفال ئایەتی ٧

واتە : بەڕاستی خوای پەروەردگار زانا و بەئاگایە بە هەموو شتێ .

وە دەفەرموێ : { لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا} سورة الطلاق(١٢) .

واتە : تا بزانن کە خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە و بەڕاستی خوا زانستی بە هەموو شتێك هەیە .

جا پێش دروستبوونی دروستکراوەکان و مرۆڤەکان خوای گەورە زانیویەتی و دەزانێ چەند دەبن و چیان بەسەر دێت وە نوسراویشە چی دەکەن و کام ڕێگە هەڵدەبژێرن موسڵمان دەبن یان بێ باوەڕ کردەوە زۆر دەکەن یان کەم ، بۆیە هیچ شتێك بە ڕێکەوت و لە خۆیەوە ڕونادات بەڵکو هەموو شتێك تەقدیر کراوە ، خوای گەورە دەفەرموێ : { وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا} سورة الفرقان(٢) . واتە : هەموو شتێکی دروستکردووە بەئەندازە و قەبارە و شێوە و تام و بۆن و ڕەنگ و جیاوازی هەموو جۆر...هتد نەخشەی ڕیك و پێکی بۆ هەموو شتێك داناوە .

بەڵام ئەم زانین و نوسینی خوای گەورە بۆ کردەوەکانی ئادەمیزاد بە زۆرە ملێ نی یە و خوا فشاری نەخستۆتە سەر هیچ کەسێك بۆ هەنگاو هەڵگرتن و بڕیاردان و کردەوەکردن ، بەڵکو مرۆڤ خۆی سەرپشکە و بەویستی خۆی چارەنوسی خۆی دیاری دەکات وە خوای گەورە ڕێگەی چاك و خراپی داناوە و مرۆڤی ئازاد کردووە لە هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو ڕێگایە ، لەهەمووی سەیر تر ئەوەیە هەندێ کەس ئەڵێن ئەگەر خوا نووسیویەتی خراپبم بۆچی موحاسەبەم دەکات و دەمخاتە ئاگرەوە ، باشە تۆ چۆن دەزانی خوا نوسیویەتی خراپ بیت بە چ ڕێگەیەك دەزانی نوسیویەتی خراپی یان چاکی لەکاتێکدا هیچیان نازانیت ، و هەرکام لەوانەشی نووسیبێ بەزۆر نییە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی خوای گەورە سیفاتی کەمالی هەیە و دەزانێ دوا ئەنجامی بەندەکانی چییە و نووسیویەتی بەبێ زۆر لێکردن ، جا پێویستە مرۆڤی ژێر خۆی هەولبدات

بۆ بردنەوەی بەهەشت و ڕەزامەندی خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا ، خوای گەورە دەفەرموێ : {فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى * وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى * فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى * وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى * وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى * فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى} سورة الليل(٥-١٠) .

واتە : جا ئەوەی (ماڵ و سامان و زانستی....هتد) دەبەخشێت و پارێزگار و لەخواترسە وە بڕوای پتەوی بە پاداشتی چاك و بەنرخی خوا هەیە ئەوە ڕێگەی چاكە و چاكە كاری بۆ ئاسان دەكەین ، سەرئەنجام دەیخەینە خێرو خۆشی یەوە ، بەڵام ئەوەی دەست نوقاو بێت و خۆی بێ نیاز بزانێت (ڕەزامەندی خوای مەبەست نەبێت) وە بڕوای نەبێت بە پاداشت و بەهرەی چاكی خوایی و بەدرۆی بزانێت ئەوە ئێمە ڕێبازی تەنگانە و ناخۆشی بۆ ئاسان دەكەین و سەرئەنجام بە دۆزەخی دەگەیەنین .

پ٢٣/ سلاْوی خوات لێ بێت مامۆستایانی بەڕێز ، تاوانی منداڵ چیە كە لەدایك بێت لە شوێنێکی ئەم زەویەدا كە دینی ئیسلامی تیانەبێت و هەرنەشی بیستبێت ، ئێ كە مرد كافرە یان موسوڵمان تكایە بەبەڵگەوە.

وەڵام :

سلاْوی خوای گەورە لە بەڕێزیشت بێت منداڵ هیچ تاوانی نییە ئەگەر لە كۆمەڵگایەكی موسوڵمان یان نا موسوڵمان بێتە دونیاوە ، و ئەگەر مرد بە منداڵی ئێمە ناتوانین حوكمیان بەسەردا بدەین نە بۆ بەهەشت نە بۆ دۆزەخ ، چونكە خوا دەزانێ ئەگەر لە دونیادا بونایە چ كارێكیان دەكرد چاك یان خراپ ، جا باشترین وەڵام لە منداڵانی موشریكەكاندا وەك ابن تيميە –رحمه الله– باسیكردووە ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە بوخاری و موسلیم دا فەرموویەتی : (ما من مولود الا يولد على الفطرة ....) الحديث . قيل يارسول الله أرأيت من يموت من اطفال المشركين وهو صغير قال اللهم أعلم بما كانو عاملين) .

وە ڕیوایەت كراوە كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (انهم يوم القيامة يمتحنون في عرصات القيامة فمن أطاع الله حينئذ دخل الجنة ومن عصى دخل النار)

واتە : منداڵانی موشریكەكان لە قیامەتدا تاقی دەكرێنەوە لە گۆڕەپانی حەشردا لە قیامەت هەركەسیان گوێڕایەڵی خوا بكەن ئەو كاتە دەچنە بەهەشتەوە ، وە هەركەسیان سەرپێچی خوا بكەن دەچنە ئاگرەوە ئەم رایە ڕای پەسەند كراوە لای ئەهلی سوننەت وە چەندین ڕاو بۆ چوونی تریش هەیە . بڕوانە مجموع الفتاوى شێخی ئیسلام ابن تیمیة ج ٤ ل ٣٠٠-٣٢٢

پ٢٤/ حوکمی کەسێك چی یە کە جنێو بەڕیش بدات ، من گەنجێکی تەمەن 20 ساڵم لەخوا بەزیاد بێت کەخوا ئەم بەشە گەورەیەی بەمن بەخشیوە من ڕیشم دەهێڵمەوە بەڵام مامێکی بەناو حاجی م هەیە قسەی خراپ بەڕیشم دەڵێ !

وەڵام :

جنێودان تاوانێکی گەورەیە دەبێ موسوڵمان خۆی بپارێزێ لەو جۆرە کارانە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ : (سباب المسلم فسوق وقتاله كفر) رواه مسلم . واتە : جنێودان بە موسوڵمان تاوانێکی گەورەیە و فاسق بوونە و جەنگان لەگەڵی کوفرە (کوفری بچووك) ئەمە جنێودان بە خودی کەسەکە ، بەڵام جنێودان بەکارەکەیان بەو سیفەتە کەئیسلام فەرمانی پێ کردووە ئەمە کوفرەو مرۆڤ بەم کردەوەیە لە ئیسلام دەچێتە دەرەوە ، جا تۆ دەبێ بزانی مامت مەبەستی ڕقبوونە لە تۆ یان ڕقبوونە لە ڕیش وەکو کردەوەیەکی شەرعی ئەگەر دووەمیان بوو ئەوە کارێکی مەترسیداری ئەنجام داوە ، بەڵام تۆش وریابە لە تەکفیر کردنی ، چونکە لەوانەیە ئەو کەسە نەزان بێ و یان بەهەڵە حوکمی ڕیشیان بۆ باسکردبێ بەهەر حاڵ دەبێ خۆت دووربگریت وە پێویستە بەدانایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەیت .

پ٢٥/ مامۆستا گیان ئێمە خوای گەورە نیعمەتی ماڵی زۆری پێ بەخشیوین خزمەکان زۆر لەگەڵمان دەڵێن ، وای لێهاتووە زۆر بێزاریان کردوین حەسودیمان پێ دەبەن ، وە ئێستاش خانووی نوێمان کردووە بۆ ئەوەی لەچاو و نەفەس دوورپین چ بکەین باشە لە ڕووی شەرعەوە ، مامۆستا تکایە چارەیەك دەترسین پێش ئەوەی بچینە خانووی نوێ بەڵایەکمان بەسەردا بێت زۆر سوپاست دەکەین.

وەڵام :

سوپاسی خوای گەورە بکەن کە سامانی زۆری پێ بەخشیون وە بەشی هەژاران و کەسانی موحتاجی لێ بدەن وە پشت بە خوای گەورە ببەستن سودو زیان لای خوایە کەس ناتوانێ نەسوود وە نەزیانتان پێ بگەیەنێ بەبێ ویستی خوا .

خوای گەورە دەفەرموێ : {قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا } سورة التوبة(٥١) .واتە : ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بڵێ : هیچ شتێکمان تووش نابێ ئەوە نەبێ کەخوای گەورە بۆی نوسیوین .

دوای ئەم بیروباوەرە نابێ بترسن وە خوای گەورە خۆی بەندە چاکەکانی خۆی دەپارێزێ حەسوودی بردنیش نەخۆشی یەکی کوشندەیە بۆ خاوەنەکەی وە جۆرێکە لە دژایەتی کردنی خوای گەورە ، چونکە

خوا بە حیكمەتی خۆی سامانی – بۆ نموونە – داوە بەیەكێك لە بەندەكانی ئەم ئاواتە خوازە ئەو سامانەی لەدەست بچێ و هیچی نەمێنێ ، جا بۆ چارەسەركردنی ئەم جۆرە نەفسانە لە سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چەندین ڕێگەی بۆ داناوین بیانگرینە بەر وە خۆمان بخەینە پەنای خوا لەشەڕی ئەو جۆرە كەسانە ، لەوانە خوێندنی سورەتی الفلق و سورەتی الناس وە چەندین ویردو زیكری بەیانیان و ئێواران و خەوتن .

پ٢٦/ سەبارەت بە خوێندنی كەڵەشێر لە ناوەخت دا هیچ ئەصڵێكی هەیە لە دیندا؟

وەڵام :

لە كۆی ئەو فەرموودانەی لە باسی كەڵەشێر هاتوون تەنها چەند فەرموودەیەك (صحيح)ن لەوانە : (إذا سمعتم صياح الديكة فاسألوا الله من فضله فانها رأت ملكاً) رواه البخاري ومسلم .

واتە : ئەگەر گوێتان لە دەنگی كەڵەشێر بوو داوای فەزڵی خوای گەورە بكەن چونكە مەلائیكەی بینیوە .

یان فەرموودەی زەیدی كوڕی خالیدی (الجهني) خوای لێ ڕازی بێ ئەڵێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (لاتسبوا الديك فانه يوقظ للصلاة)رواه أبوداود وأحمد وابن حبان .

واتە : جوێن بەكەڵەشێر مەدەن چونكە خەڵك بۆ نوێژ بەخەبەردێنێ .

جگە لەمانە (ابن القيم) ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەڵێ : (هەموو ئەو فەرموودانەی باسی كەڵەشێر دەكەن درۆن.....) بڕوانە كتێبی المنار الحنيف في الصحيح والضعيف لاپەڕە ٥٦ .

پ٢٧/ بەكێ دەگوترێ كافر؟

وەڵام :

بەو كەسە دەگوترێ كافر كە خوا و پێغەمبەرەكەی صلى الله عليه وسلم بەكافریان دانابێ واتە دەبێت ئەحكامەكانی شەریعەتی ئیسلام بزانێت كە مرۆڤ بە چی كافر دەبێت حوكمەكانیش زۆرن بۆ ئەم مەبەستە كتێبی (كێشەی تەكفیر لە نێوان ئەهلی سوننە و تاقمە گومڕاكاندا) بخوێنەوە .

پ٢٨/ من ئیمانم هەیە بەخوا و دڵم پاکە شتی باش و خێرم حەز لیٚ یەو مێردەکەمم خۆش دەویٚت نویٚژ دەکەم و ڕۆژوو دەگرم و قورئانیش دەخویٚنم بەس لەچکم حەز لیٚ نی یە جلەکانم ئیسلام حەزی لیٚ نی یە نازانم چی بکەم حوکمم چیە؟

وەڵام : موسوڵمان بە وتنی شایەتومان موسڵمان دەبیٚ و دەچیٚتە ناو بازنەی ئیسلام و ئیمانەوە شایەتومانیش بریتی یە لە شایەتی دان کە هیچ خوایەك شایستەی پەرستن نییە تەنها الله نەبیٚت وە شایەتی ئەدەیت پیٚغەمبەری خوا (محمد) صلی الله علیه وسلم بەندەو پیٚغەمبەری خوایە ، جا ئەم شایەتومانە چەندین مەرجی هەیە یەکیٚك لەو مەرجانەی شایەتومان بریتی یە لە خۆشەویستی و ئەو وشەیە و ئەوەشی داوای دەکات ، شایەتومان داوای نویٚژ و ڕۆژوو و چەندین کاری تر کە لە موسوڵمان داوا دەکریٚت ، یەکیٚك لەو شتانەش لەچکە و جلوبەرگی ئابڕو و پاراستنی تۆیە لە دەستی چەپەڵ و چاوی تاوانبارەکان ئەمەش بە سوود دەگەڕیٚتەوە بۆ تۆ ، چونکە ئەگەر گوڵیٚك یان میوەیەك چەند دەستیٚك ئەم دیو ئەو دیوی بکەن لەناوی دەبەن و بیٚ کەڵکی دەکەن تۆش وای پیٚویستە بە پاکی و بەتوندی بمیٚنیتەوە ئەوەش بزانە کەس قەدرت نازانیٚت تەنها کات بەسەر بردنە چاوپیسان و دەستدریٚژی کاران دەیکەن .

جا شایەتومان و موسوڵمان بوون وا دەخوازیٚ لەکەسی موسوڵمان کە ئەوەی خوا و پیٚغەمبەری خوا خۆشیان دەویٚت ئەمیش خۆشی بویٚت ، ئەوەش بزانە یەکیٚك لەو شتانەی موسوڵمانیتی و شایەتومان هەڵدەوەشیٚنیٚتەوە بریتی یە لە ڕق بوون لە شتیٚك لەوەی پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بۆی هیٚناوین ، جا پیٚویستە دەستبەجیٚ بڵیٚیت (سمعنا و اطعنا) وە لەچك بکەیت خوای گەورە یارمەتی هەموو لایەکمان بدات.

پ٢٩/ ئەگەر لەسەرمان نوسراوە تاوان بکەین ئەی بۆ تاوانبارین ؟ (رفعت الأقلام و جفت الصحف) تکا دەکەم زۆر بە دریٚژی و زۆر بە وردی وەڵامم بدەنەوە زۆر پرسیارم کردووە تاوەکو ئیٚستا نەگەشتوومەتە قەناعەت .

وەڵام : مەسەلەی نوسینی قەدەر لە لایەن خوای گەورەوە باوەڕمان پیٚیەتی خوای گەورە زانایە بە هەموو شتیٚك کەمرۆڤەکانی دەیکەن ، وە هەمووشی نووسیوە ، بەڵام ئەم نووسینە بۆ ئەوە نییە کە مرۆڤەکان ناچار بکات بۆ کردنی ئەوەی نوسراوە ، دەبینی لە واقیع دا مرۆڤەکان ئازادن لە نیٚوانیاندا ، هەیە موسوڵمانە و هەیانە بیٚ باوەڕە و هەشیانە ئیمانی لاوازە هەریەك لەوانەش بەئازادی خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە ، کەوابوو نوسینی قەدەر لەلایەن خوای گەورەوە هیچ فشاریٚکی نەخستۆتە سەر هیچ یەك لە مرۆڤەکان ، ئەوەندە هەیە هەندیٚك لەمرۆڤەکان ئەم پرسیارە بە هەڵە دووبارە دەکەنەوە ﴿ئەگەر لەسەرمان نووسراوە تاوان بکەین ئەی بۆ تاوانبار بین)،لە وەڵامدا دەڵیٚین : بەڵکو لەسەرتان نوسراوە تاوان دەکەن ئەمەش

زانست و عیلمی ڕەهای خوا دەردەخات کە زانیویەتی تۆ تاوان دەکەیت و نوسیویەتی ، ئەگینا کەس دەتوانێ بزانێت خوا چی لەسەر نووسیوە کە نازانیت چۆن دەڵێی لەسەرمان نووسراوە ئەگەر مەبەست نووسینەوەی قەدەر بێت ئەوە ڕاستە (رفعت الأقلام و جفت الصحف) قەڵەم هەڵگیراوە و لاپەڕەکانیش وشکبونەتەوە بەمانای ئەوەی ئیتر هیچ نانوسرێتەوە لەقەدەر ، ئەمە وەك عیلمی خوا بە بەندەکانی کەچی دەکەن وە هەر ئەوەش دەکەن کە خوا دەیزانێ و نووسیویەتی ، بەڵام ئازادی لە هیچ یەکێکیان زەوت نەکردووە و مرۆڤ دەتوانێ موسوڵمان بێ وە دەتوانێ بێ باوەڕ بێ وە دەتوانێ چاك یان خراپ بێ ، هەر لەبەر ئەمەشە لە ئەنجامدا تاوانبار دەبێ چونکە بە ئازادی خۆی بڕیار دەدات ئەگەر سەرپێچی خوای گەورەی کرد.

پ٣٠/ هەندێك گەنج لەم سەردەمەدا کەمتەرخەمی و بایەخ و گوێنەدانیان بەفێرنەبوونی بیروباوەڕ لێ دەبینرێت، وەخۆیان بەشتانێکی لاوەکییەوە خەریکردوە، کەوابوو ئامۆژگاری بەڕێزتان چییە بۆ ئەو جۆرە کەسانە ؟

وەڵام :

بسم الله الرحمن الرحيم

ئامۆژگاری گەنجان و جگە ئەوانیش لەموسوڵمانان دەکەم لەپێش هەموو شتێك بایەخ و گرنگی بەبیروباوەڕ بدەن چونکە بیروباوەڕ ئەو بنەمایەیە کە وەرگرتن و رەتکردنەوەی هەموو کردەوەکانی لەسەر بنیات دەنرێت گەر هاتوو بیروباوەڕ ڕاستەقینە و دروست بوو، گونجاو بوو بەوەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر بێت هێناویانە، بەتایبەت کۆتای پێغەمبەران محمد (صلى الله عليه وسلم) هەموو کردەوەکان قەبوول دەکرێن گەر هات و تەنها بەدڵسۆزی و بەپێی شەرعی خوابێت، بەڵام گەر هات و بیر باوەڕی مرۆڤی پوچەڵ یان گومڕا کە بنیات نرابێت لەسەر داب و نەریتی باب و باپیران یان شەخس پەرستی، ئەوە قەبوڵ ناکرێت و ڕەتدەکرێتەوە هەرچەندە دڵسۆزبێ ومەبەستی تەنها خوا بێت، چونکە خوای گەورە تەنها کردەوەیەك وەردەگرێت بەدڵسۆزی بۆ خوا کرابێ و پوخت بێت (لەسەر سوننەت بێت)، هەرکەس ئەیەوێت ڕزگار بێ و موسڵمانێکی ڕاستەقینە و کردەوەکانی قەبوڵ بێ، پێویستە بایەخ بە بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکان و نەساز و کەمکەرەوەکانی بدات بۆ ئەوەی کردەوەکانی لەسەر بنیات بنێت ئەمەش تەنها بەفێربونی ئەو بیرو باوەڕە دەبێت لای زانایانی چاوڕۆشن و خاوەن زانستی کامڵ دەبێت ئەو

زانایانەی ئەم بیرو باوەڕەیان لەسەلەفی ئەم ئوممەتەوە وەرگرتوە خوای گەورە بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾(محمد:١٩).

ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێ سەرباسێکی داناوە بەناوی (العلم قبل القول والعمل) لێرە ئەم ئایەتە پیرۆزەی هێناوە﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ﴾ (محمد:١٩)

ئەبینیت خوای گەورە یەکەمجار فەرمان بەزانستی شەرعی دەکات پێش وتەو کردەوە، خوای گەورە دەفەرموێت :﴿وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾خوای گەورە سەلامەت بوونی لەو زیانە بەستوەتەوە بەچوار مەسەلەوە:

یەکەم: ئیمان، واتە: بیر و باوەڕی ڕاستەقینە.

دووەم: کردەوەی چاك و وتەی چاك، کردەوەو وتەی چاکی (عطف) کردووە بەسەر ئیماندا ئەمەش لەجۆری (عطف الخاص علي العام) چونکە کردەوە لەئیمانە کەوابوو) عطف) کردنی بۆ بایەخدانە بەکردەوە.

سێیەم: (وتواصوا بالحق) واتە: بانگەواز دەکەن بۆ خوا و فەرمان بەچاکە دەکەن و قەدەغەی خراپە دەکەن دوای ئەوەی کەبایەخیان بەخۆیاندا و ڕێگای ڕاستیان ناسی، بانگی خەڵکیشیان کرد بۆ ئەو مەبەستە چونکو موسڵمان فەرمانی پێکراوە بانگەوازی خەڵك بکات بۆلای خوای گەورە و فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە بکات.

چوارەم: (وتواصوا بالصبر)، واتە: ئارامگرتن لەسەر ئەوماندووبوون و ناڕەحەتییانەی لەوڕێگایەدا توشیان دەبێت، موسڵمان خۆشبەخت و کامەران نابێت تائەو چوار مەسەلەیە لەخۆیدا جێ بەجێ نەکات، بەڵام گرنگی دان بە ڕۆشنبیری گشتی و بابەتی ڕۆژنامەگەری و وتەی خەڵك و ئەوەی لەجیهاندا ڕودەدات ئەمانە دوای جێ بە جێ کردنێ یەکخواپەرستی و جێ بەجێ کردنی عەقیدە دەیان نۆرێتێ بەمەبەستی ناسینەوەی خێر لەشەڕ و وریابوون لەوەی ڕوودەدات لەخراپە وپڕوپاگەندە بەڵام ئەمە دوای ئەوە دەبێت کە خۆی بەئیمان بەخوای گەورە و ئیمان بەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و خۆ ڕازاندنەوە بەزانستی شەرعی، بەڵام ئەگەر بچێتە ناو بوارەکانی ڕۆشنبیری و کاری ڕۆژنامەگەری و سیاسەتەوە بەبێ

زانستی شەرعی بە ئایین وعەقیدەکەی ئەم جۆرەکەسانە هیچ سودێك نابینن بەڵکو خەریك دەبن بەشتێکی بێ کەڵکەوە و ناتوانێت ڕاستیی و باتڵ لەیەك جیابکاتەوە، زۆر لەوانەی نەفامن بەم عەقیدەیە و بایەخیان بەم شتە لاوەکییانە داوە گومڕابوون و خەڵکیشیان گومڕا و سەرلێشێواو کردووە بەهۆی ئەوەی چاوڕۆشنی و زانستی شەرعییان نییەتا بتوانن چاك و خراپ لێك جیابکەنەوە و چۆن چارەسەری کێشەکان دەکرێت، بۆیە کەلێن و ناتەواوی و نەزانین لای زۆربەی خەڵك دروست دەبێت چونکە بەبێ ئەوەی شارەزاییان هەبێت بە عەقیدەکەیان و چاوڕۆشن بن دەستییان وەرداوەتە بوارەکانی ڕۆشنبیری و بوارەکانی سیاسەت، بۆیە دوا ئەنجام ڕاستی بەباتڵ و ناڕەوا دەزانن و باتڵیش بەهەق و ڕاستی.

وەڵامی شێخ (صالح بن فوزان الفوزان) وەرگێڕانی مامۆستا خلیل

پ٣١/هەندێك لەجوتیاران دەچنە لای کەسانێك بۆ ئەوەی نوشتەیان بۆ بنوسن لەکاغەزێکدا بۆپاراستنی زەراعەتەکانیان بە ڕاونان و دەرپەڕاندنی ئەو باڵندانەی بەزۆری لەسەر زەراعەتەکانیان دەنیشنەوەو زیانی پێدەگەیەنن، حوکمی ئەم جۆرە کردەوەیە چییە؟

وەڵام:

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم جۆرە کردەوەو کاغەز نوسینە لەشەرعدا حەڵاڵ نییە، چونکە ئەم کاغەزە ناتوانێت باڵندەو پەلەوەر لە زەراعەتەکان دوربخاتەوە نەلەواقیعدا دەتوانێت شتی وابکات وە نەلەشەرعدا شتی واهەیە، هەر هۆکارێك بەهەستیارەکان یان بەشەرع زانراو نەبوو ئەوا بەکارهێنانی حەرامەو دروست نییە ئەو کردەوەیە ئەنجام بدەن، ئەتوانن بەرەنگاری ئەو جۆرە باڵندەیە بکەن کە زیان بەکشتوکاڵەکەیان دەگەیەنێت بەهۆی چەندین دەستەواژەی زانراو بۆ ئەم مەبەستە کەخەڵکی خۆیان دەیزانن نەك ئەم شتە کە هیچ جۆرە کارتێکردنێکی بەهەست و بەشەرع زانراو نییە.

(وەڵامی شێخ محمد بن صالح العثيمين: (فتاوي العقيدة ٣١٦). وەرگێڕانی مامۆستا خلیل

پ٣٢/ ئایا دروستە بۆمان لەو گۆشتە سەربڕاوانە بخۆین لەجەژنی موشریكەكاندا سەردەبڕێن وەك جەژنی لەدایك بوونی پێغەمبەر عیسی سەلامی خوای لە سەر بێت(كە لە سەری ساڵی زاینی دەكرێت) وەكو گاور و جولەكە بانگەشەی بۆ دەكەن ئەگەر كەسێ لە مەسیحیان هەستان بەسەربڕینی و لە بازاڕدا فرۆشرا ئایا دروستە لێی بكڕین؟

وەڵام/ ئەم سەربڕینانەی كەسەر دەبڕێن لەپێناو جەژنەكانی موشریكەكان یان لەشوێنی سەر بڕینی ئەوان دروست نیيە موسڵمان بیان خوات هەروەها بیان كڕێت ، أبوداود لە (ثابت)ی كوڕی (الضحاك)ەوە دەیگێڕێتەوە ئەڵێ: (پیاوێك لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) نەزری كرد لە (بوانة) وشترێك سەربڕێت بەنەزر، جا هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێی وت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

(هل كان فيها وثن من أوثان الجاهلية يعبد؟) قالوا: لا، قال: (هل كان فيها عيد من أعيادهم؟ قالوا: لا، قال رسول الله (ﷺ): (أوف بنذرك فإنه لاوفاء في معصية الله ولا فيما لا يملك ابن آدم) وسنده صحيح [1] **واتە:** ئایە ئەو جێگایە بتێكی تێدا نیيە لە بتەكانی سەردەمی نەفامی؟ وتیان: نەخێر. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا ئاهەنگ وكۆبوونەوەكانی تێدا ناكەن؟ وتیان: نەخێر. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو نەزرەی كردووتە بە ئەمەك بەو ئەنجامی بدە، بۆیە ئەمەم وت چونكە نابێت نەزرێك بكەیت كە تاوان بێت، یان نەتوانیت ئەنجامی بدەیت.

پ٣٣/داوا لەبەڕێزتان دەكەین ئامۆژگاری ئاراستەی ئەو كەسانە بكەن كەسەردانی قەبران دەكەن ونەزریان بۆ ئەنجام ئەدەن و داوای كۆمەكی و یارمەتیان لێ دەخوازن ، چونكە بەدۆست و ئەولییای خوایان دەزانن؟

وەڵام:

ئامۆژگاری ئێمە بۆ ئەو كەسانەو هاووێنەكانیان ئەوەیە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ هۆش و ژیریی خۆی، ئەم قەبرانەش كەوا دەزانرێت دۆستانی خوای تێدایە پێویستی بەم خاڵانەی لای خوارەوە هەیە :

یەكەم / پێویستی بەوە هەیە بزانین قەبرن یان نا ، چونكە جاری واهەیە شتێك لە شوێنێكدا دەكرێتە قەبرو دەڵێن ئەمە گۆڕی فلانە شەخسە وە زۆرجار ڕووی داوە.

لەكاتێكدا قەبریش نیيە .

---

[1] بروانە كتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٤٣٨ ـ ٤٣٩).

دووەم /ئەگەر سەلمێنرا بەڕاستی گۆڕن ، ئەوە پێویستە بزانین ئەو مردووانە دۆستی خوا بوون یان نا ، چونکە ئێمە نازانین ئەوانە ئەولییای خوان یان ئەولیای شەیتانن .

سێیەم / ئەگەر سەلما ئەوانە ئەولییای خوان ، ئەنجا ئەوانە سەردانی ناکرێن بەمەبەستی تەبەڕوك ، یان بۆئەوەی هاوارو بانگیان لێ بکرێت و داوای کۆمەکی و پشت بەستنیان لێ بخوازرێت ، بەڵکو تەنها چۆن سەردانی هەرکەسێکی تر دەکرێت بەمەبەستی پەند وەر گرتن و دوعا بۆکردن، لەکاتێکدا ئەگەر سەردانیشیان لە فیتنەیەکی تێداهەبێت یان بترسین فیتنەی زێدەڕەوی کردن لەئاستیاندا ئەو کاتە دروست نیە سەردانی بکرێن بۆئەوەی تووشی حەرام نەبین و ئەو دەرگایەش نەکرێتەوە، تۆش ئەی مرۆڤ ژیریی خۆت بکە بەحەکەم ئەم سێ خاڵەی باسمان کردن ئەبێ بێتەجێ کەبریتین لە :

- ئەبێ گۆڕ بن .
- سەلماندنی ئەوەی کە ئەو مردووە دۆستی خوایە .
- سەردانیی کردنیان بۆئەوەی دوعایان بۆ بکرێت ، چونکە ئەوانە(هەرکەسێ بن) زۆر پێویستییان بە دوعا بۆ کردن هەیە ، چونکە هیچ سوود و زیانێکیان بەدەست نییە ، وتمان سەردانیی کردنیان بەمەبەستی پاڕانەوە بۆیان دروستە ، بەمەرجێك ئەو سەردانییە حەرامی تێدا نەکرێت.

بەڵام ئەو کەسەی سەردانییان بکات و نەزرو سەربڕینیان بۆ بکات یان داوای کۆمەکییان لێ بکات ، ئەوە شیرکی گەورەیەو خاوەنەکەی لەئاینی ئیسلام دەباتە دەرەوە و پێی کافر دەبێت و دوائەنجام لەئاگردا بەهەمیشەیی دەمێنێتەوە .

وەڵامی شێخ(محمد بن صالح العثیمین) بڕوانە (فتاوى العقيدة) ل ٣٠.

وەرگێڕانی مامۆستا خليل أحمد

بەشی : پاك و خاوێنی

پ٣٤/ ئایا دەست نوێژ لە مێرد دەشكێت؟

وەڵام :

دەست نوێژ بەدەست لەیەك كەوتن ناشكێت هەرچەندە مەسەلەیەكی خیلافیە لە نێوان زانایاندا بەڵام هیچ حەدیسێكمان نیە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستنوێژی لە خێزانەكانی شكاندبێ ، وەبە پێچەوانەوە فەرموودەمان هەیە لەسەر ئەوەی كە شەونوێژی كردووە دەستی داوە لە پێی دایكە عائیشە كە لە پێشی خەوتبوو هەروەها دایكە عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: (أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قبّل بعض نسائه ثم ذهب إلى الصلاة ولم يتوضأ) رواه ابن ماجه وحسنه الشيخ الألباني رحمه الله . **واتە :** پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ماچی یەكێ لە خێزانەكانی كردووە پاشان ڕۆشتوە بۆ نوێژ و دەستنوێژی نەگرتووەتەوە .

پ٣٥/ئایا میز كردن بە پێوە جائیزە؟

وەڵام :

یەكێك لە ئادابەكانی دەست بە ئاو گەیاندن ئەوەیە لە شوێنێكدا ئەو كارەیە ئەنجام بدەیت كە جلوبەرگ و گیانت پیس نەبێت ، هەروەها بە پێوە میز كردن ئەگەر ببێتە مایەی پیسبوونی ئەوانە ئەوا دروست نییە ، جا میزكردن بە پێوە جوان نیە و پێچەوانەی ئاكارەكانە ، بەڵام ئەگەر بە پێوە بكرێت و لەش و جل و بەرگ پیس نەكات دروستە .

عائشە خوای لێ ڕازی بێ ئەفەرموێ : (من حدّثكم أن رسول الله صلى الله عليه وسلم بال قائماً فلا تصدَّقوه ما كان يبول إلا جالساً) رواه الخمسة إلا أبو داود

واتە : هەر كەس پێی وتن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە پێوە میزی كردووە ئەوە باوەڕی پێ مەكەن ، چونكە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە دانیشتنەوە هەمیشە میزی دەكرد . ئەمە سوننەتی بەردەوامی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم بەڵام دەبینی (حذيفة) خوای لێ ڕازی بێ ئەڵێ : (أن النبيّ صلى الله عليه وسلم انتهى إلى سباطة قومٍ فبال قائماً فتنحيتُ عنه فقال أُدنه فدنوت حتى قمت عند عقبيه فتوضأ ومسح على خفيه) رواه الجماعة .

واتە : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ڕۆشتە سەر سەرانگوێلكەیەك بە پێوە میزی كرد منیش دوركەوتمەوە لێی فەرمووی نزیك بەرەوە نزیك بومەوە تا لە پشتیەوە وەستام جا دەستنوێژی گرت و مەسحی كرد لەسەر خوفەكانی.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە كە جائیزە بەمەرجێك پارێزراو بێت لە پرش و پیس بوون .

بۆچوونی عائیشە لەسەر ئەوە بنیات نرابوو كە نەیبیستبوو بەڵام بینیبوی ، لە زانستدا بەوەی (حذيفة) كار دەكرێت كە جائیزە .

پ٣٦/ ئەگەر مەسح كردن لەسەر گۆرەوی تەنها لەوەرزی زستاندا بكرێت تاوانبار نابیت ئەگەر ئەو سوننەتە لە هاویندا جیٚ بە جیٚ نەكەیت؟

وەڵام : مەسح كردن لەسەر گۆرەوی دروستە چ لە زستان یان لە هاویندا لە حەدیسی **(المغيرة)** ی كوڕی **(شعبة)** هاتووە : "أن رسول الله صلى الله عليه وسلم توضأ ومسح على الجوربين والنعلين" رواه أحمد والطحاوي وابن ماجه والترمذي وقال حديث حسن صحيح .

واتە : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەستنوێژی هەڵگرتووە و مەسحی كردووە لەسەر گۆرەوییەكانی و نەعلەكانی .

جا هەركەسێك وابزانێت (مەسح) لەسەر گۆرەوی تەنها بۆ وەرزی زستانە ئەوە هەڵە تێگەشتووە چونكە تایبەت نییە بە هیچیانەوە .

پ٣٧/ نینۆك درێژكردن حەرامە؟

وەڵام :

نینۆك كردن و پاكڕاگرتنی نینۆكەكان یەكێكە لە دروشمەكانی پێغەمبەران و دروشمی موسڵمانان ، وەك لە فەرموودەی أبو هريره دا هاتووە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : "خمس من الفطرة : الاستحداد والختان وقص الشارب ونتف الإبط وتقليم الأظفار" رواه الجماعة .

واتە : پێنج شت لە فیترەت و ئیمانن :

١-خۆ قەدەغە كردنی ئەو ژنەی مێردەكەی دەمرێت تاماوەی تەواو بوونی (عدّە) .

٢- خەتەنەكردن .

٣- سمێڵ كردن .

٤- هەڵكەندنی مووی بن باڵ .

٥- نینۆك كردن .

جا درێژ كردنەوەی نینۆك كارێكی پیس و حەرامە و پێچەوانەی ئەو فیترەتەیە كە مرۆڤی لەسەر دروستكراوە و فەرمانی پیٚ كراوە ، لەوەش خراپتر ئێستا كەسانی خراپ و تاوانبار و عاشق وخنكاو لە ناو دەریای بیٚ بنی شەیدا بوون و بی ٚهۆشیدا ئەو كارە ئەنجام دەدەن تاوەكو بووەتە هۆی ناسینەوەی ئەو

كەسانەی ئەوە ڕەفتاریانە بۆیە ، یەكێك لە نیشانەكانی لەدەستدانی ژیری و هۆش و فام لای كەسانی ئارەزووپەرست و عەودالآنی ڕەگەزی بەرامبەر بەبێ شەرعی ئەوەیە نینۆكت درێژ بكەیت ئەگینا كەسی پاك و بەئیمان و ئازاد كە خۆی نەخستبێتە داوی شەیدابوونەوە پێویستی بەو جۆرە كارانە نییە .

پ٣٨/ ئایا دروستە لە حەمامدا لەدوای خۆشتن بەڕووتی پێش ئەوەی خۆداپۆشرێت دەستنوێژ بشۆردرێت؟

وەڵام : دەستنوێژ گرتن لە حەمامدا لە پێش خۆشتن یان دوای خۆشتن بە ڕووتی هیچ بەلگەیەكی لەسەر نییە لەسەر قەدەغەكردنی كەوابوو دروستە إن شاء الله خۆ ئەگەر لەدەرەوەی حەمام دەستنوێژ هەڵبگیرێت باشترە .

پ ٣٩/ سڵاوتان لێبێت مامۆستایان ....من ژنم بەڵام زۆربەی شەوان وەك پیاو شەیتانی دەبم واتە شەیتان پێم پێ دەكەنێ، ئایا ئەو كاتانە غوسڵم لەسەرە؟ هیوادارم وەڵامم بدەنەوە خوا خێرتان بنوسێ.

وەڵام :

لەشگران بوون توشی پیاوان و ژنانیش دەبێت وە شتێكی ئاساییە مرۆڤ پێی تاوانبار نابێت بە مەرجێك مرۆڤ خۆی هەوڵی ئەوە نەدات وە هەوڵی ئەوە بدات دوای دەست نوێژ و زیكر كردن و بەكارهێنانی ئادابەكانی خەو بخوێنێت ، بەلأم ئەگەر هەر تووشبوو ئەو كاتە تاوانبار نابێت ، دواتر بۆ مەسەلەی غوسڵ دەبێت تەماشا بكات ئایا (مني) دابەزیوە یان نا ئەگەر نا تەنها خەون بووە ئەوە غوسلی لەسەر نیە بەبەلگەی حەدیسی (أبو سعید)ی الخدری كە ئەڵێ : پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم فەرموویەتی :

(الماء من الماء)رواه مسلم . واتە : ئاوی غوسل واجبە بۆ ئاوی (منی) .

وە (أم سلمة) خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە كە (أم سُلیم) وتوویەتی ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم خوای گەورە لە بەیانكردنی حەقدا شەرم ناكات ئایا ئەگەر ئافرەت خەونی لەشگرانی بینی غوسڵی لەسەر واجبە؟ ئەویش فەرمووی (نعم إذا رأت الماء) رواه الشیخان وغیرهما . واتە : بەڵێ ئەگەر ئاوی بینی .

پ٤٠/ من ٥٠ ڕۆژە منداڵم بووە بە عەمەلیات لە ٣٥ ڕۆژەوە خوێنم نەما هەتا ٤٥ ڕۆژ بەڵام ئێستا لە ٢٤ سەعات جارێك ١بۆ ٢ قەترە خوێن هەیە بە لینیەكەوە دیتە خوارەوە ئایا هۆكەی چیە ئایا دەتوانم بە ڕۆژوو بم و نوێژ بكەم؟ تكایە زوو وەڵامم بدەنەوە زۆر سوپاستان دەكەم

وەڵام :

خوێنی زەیسانی ئەو خوێنەیە کە لە پێشی ئافرەتەوە دەردەچێت بە هۆی منداڵبوونەوە ئەگەر تەنانەت منداڵ لە باریشی چوبێت ماوەی ئەم خوێنە هیچ سنورو کاتێکی دیاری کراوی نیە بۆ کەم ترینی ، جا ئەگەر منداڵی بوو دوای کاتێکی کەمیش ئەگەر چی چەند چرکەیەکیش بێت و خوێنی نەما دوای منداڵ بوون یان منداڵی ببێ و خوێنی نەبێت ئەوا حوکمی وەکو باقی ئافرەتانی پاکە لە خوێن ، و دەبێت نوێژەکانی بکات . زۆرترین کاتیش عادەتی هەر ئافرەتێك خۆی دەیزانێت ئەگەر دوای ئەوە خوێن هەر هەبوو ئەوە خوێنی (**مستحاضة**) واتە (نەزیف)ە ، ئەوە دەبێ ڕۆژوو و نوێژ بکات ئەگەر (عادە)ی لێ تێکچوو ئەوە وەکو زۆربەی ئافرەتانی تر رەفتار دەکات.

پ٤١/ جیاوازی لە نێوان (مني) و (مذي) چی یە کامەیان غوسلی دەوێت وە لە چ کاتێکدا مرۆڤ توشیان دەبێت واتە دەیانبینێت.

وەڵام :

منی بەو ئاوە دەوترێت کە تۆوی تیایە و خوای گەورە ئادەمیزادی لەوە دروست کردووە ، بەڵام (مەذی) ئاوێکی سپی لینجە لە کاتی بیرکردنەوە لە جووتبوون یان کاتی دەستبازی لەگەڵ ئافرەتاندا دادەبەزێ زۆرجار مرۆڤ هەست بە دەرچوونی ناکات لە پیاوان و ئافرەتانیشدا هەیە ، بەڵام لای ئافرەتان زۆرترە جا مەنی خۆی پاکە بەڵام لەشگران دەکات ، و (مەذی) پیسە بە ئیتیفاقی زانایان بەڵام لەشگران ناکات واتە غوسڵ واجب نابێت بەڵام بۆ مەنی غوسڵ واجب دەبێت ، بەڵگەش لەسەر مەذی حەدیسی (علی) یە کە دەفەرموێ : ((كُنْتُ رَجُلًا مَذَّاءً ، وَكُنْتُ أَسْتَحْيِي أَنْ أَسْأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) لِمَكَانِ ابْنَتِهِ مِنِّي ، فَأَمَرْتُ الْمِقْدَادَ بْنَ الأَسْوَدِ فَسَأَلَهُ ، فَقَالَ : يَغْسِلُ ذَكَرَهُ وَيَتَوَضَّأُ)) متفق عليه : [م (١/٢٤٧ / ٣٠٣) واللفظ له ، خ (١/٢٣٠ / ١٣٢) مُختصراً .

واتە : (علي رضي الله عنه) فەرموویەتی : من پیاوێکی (مەذی) زۆر بووم ، وە من شەرمم دەکرد لەوەی کە پرسیار بکەم لە پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر جێی کچەکەی لە لام ، بۆیە فەرمانم کرد بە (المِقْدَاد بْنَ الأَسْوَد) پرسیارم بۆ بکات ئەویش پرسیاری لێی کرد ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : (زەکەری) دەشۆرێت و دەستنوێژ دەگرێت .

پ٤٢/ ئەگەر ئافرەت لە (حیض) پاك بوویەوە پێش ئەوەی خۆی بشوات دروستە جیماعی لەگەڵ بکرێت؟

وەڵام : بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

لەم مەسەلەیەدا چەند بۆ چونێکی جیاواز هەیە زۆربەی زانایان ئەڵێن گەر ئافرەت لە خوێنی حەیز پاك بوویەوە دەبێت (غوسل) بکات ئەنجا دروستە بۆ مێردەکەی جیماعی لەگەڵ بکات ئەم ئایەتەش دەکەنە بەڵگە کە خوای گەورە دەفەرمویٚ : {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ ...} (٢٢٢) سورة البقرة

واتە ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پرسیارت لیٚ دەکەن دەربارەی عادەتی مانگانەی ئافرەت پێیان بلیٚ : ئەوە ئازار و زەرەرە کەوا بوو خۆتان بەدوور بگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدا بن و نزیکیان مەکەون تا پاك دەبنەوە ، جا کاتێك پاك و خاوێن بوونەوە خۆیان شۆرد بچنە لایان بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی پیٚ داوە .

دەڵێن (فَإِذَا تَطَهَّرْنَ) کاتێك پاکبوونەوە واتە : بە ئاو ، ئەم زانایانەش وەك مالیك و شافعی و طبري بەلاٚم (مجاهد) و (عكرمة) و (طاوس) ئەڵێن تەنها نەمانی خوێن بۆ مێرد دروستە بچێتە لای و جیماعی لەگەڵ بکات ئەمەش لەڕاستیەوە نزیکە . والله أعلم .

پ٤٣/ دروستە لەکاتی سوڕی مانگانەدا خوێندنی قورئانی پیرۆز بیٚ دەست دان لە موصحەفی قورئانەکە واتە ئەوەی لەبەرتە لە قورئانی پیرۆز هەم بۆ مەبەستی پیرۆزی هەم ئەوەی کە لەیادت نەچێتەوە، ئەگەر ئەوە دروست نیە ئەی بەتەنها خوێندنی ئەو سورەت وئایەتانەی وەك ئەزکار بەکاری دەهێنیت بیخوێنی تاوانبار دەبیت؟

وەلاٚم :

خوێندنی قورئان بۆ ئەو ئافرەتانەی لە سوڕی مانگانەدان دروستە هەرچەند جیاوازی تیایە لە نێوان زانایاندا بەلاٚم ئەوەی پەسەندە ئەوەیە کە دروستە بەبەڵگەی فەرموودەی عائیشە کاتێك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێی فەرموو (إفعلي ما يفعله الحاج غير أن لا تطوفي بالبيت...) واتە : حاجی لە بۆ کردنی حەج چی دەکات تۆش بیکە بەلاٚم تەواف مەکە بەدەوری ماڵی خوادا .هەمووومان ئەوە دەزانین کەسی حاجی قورئان دەخوێنیٚ وزیکر دەکات و دەپاڕێتەوە .ئەوەش بزانە ئەو حەدیسانەی ئەوە دەگەیەنن کە ئافرەت لە حەیزدا ناتوانیٚ قورئان بخوێنیٚ هەموویان لاوازن بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە (تمام المنة في فقه السنة) .

پ٤٤/ ئایا ڕاستە ئەگەر لەشتگران بێت نابێت موو لەلەشت بکەیتەوە تاخۆت ئەشۆی؟

وەڵام : موو کردنەوە لە لەش هیچ پەیوەندی یەکی بەلەشگرانی یەوە نییە ، هیچ بەڵگەیەك نەهاتووە ئەو مەسەلەیە قەدەغە بکات ئەسڵیش لەم جۆرە کارانەدا حەلاڵبوونە .

پ٤٥/ ئەگەر دەست نوێژت هەبوو منداڵەکەت پاك بکەیتەوە ئەوە دەستنوێژت دەشکێ؟

وەڵام : ئەسڵ لەم مەسەلەیەدا ئەو فەرموودەیەیە کە(بسرە)ی کچی (صفوان) دەیگێڕێتەوەلە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم کە فەرموویەتی (من مس ذكره فلا يُصلِّ حتى يتوضأ) رواه مالك والحميدى وأحمد وأصحاب السنن وقال الترمذي : هذا حديث حسن صحيح

واتە : هەرکەس دەستی دا بە ئەندامی خۆیەوە با نوێژ نەکات تاوەکو دەستنوێژ نەگرێت .

زانایان وتویانە ئەم دەستپێوەدانە بۆ ئەندامی خۆی بێ یان هی یەکێکی تر هەمان حوکمی هەیە ، بەڵگەش ئەوەیە کە ابو هرەیرە خوای لێ ڕازی بێت دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم کە فەرموویەتی : (من افضى بيده إلى ذكر ليس دونه ستر فقد وجب عليه الوضوء) رواه أحمد وابن حبان والحاكم وصححه هو وابن عبد البر .

واتە : هەر کەس دەستی دا بە عەورەتێکەوە بە ڕووتی ئەوا دەستنوێژی دەکەوێتە سەر .

چەندین ڕاو بۆ چوونی جیاواز لەم مەسەلەیەدا هەیە بۆ وەستان لەسەر درێژەی ئەو جیاوازیانە و یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە کتێبی (تحفة الاحوذي) ج ١ لاپەڕە ٢٨٢ ، یان تمام المنة لاپەڕە ١٠٣ .

بەشی : نوێژ

پ٤٦/ئایا نوێژی ویتر چۆن دەکرێت وە کاتەکەی کەیە تکایە ڕوونکردنەوەیەکمان بدەنێ لەو بارەیەوە؟

وەڵام :

نوێژی ویتر بەو نوێژانە دەگوترێت کە لەشەودا دەکرێت ، بەڵام بە تاك واتە یەك یان سێ یان پێنج تاوەکو یانزە ڕکات چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە یانزە ڕکاتی زیاتر نەکردووە لە ڕەمەزان و جگە لە ڕەمەزانیشدا وەك عائیشە باسیکردووە ، ئەم نوێژە تاکانە تەنها یەك (تحیات)یان تێدا دەخوێنرێت لە کۆتاییدا پێش سەلام ، کاتی ویتریش لە دوای نوێژی (عیشا) خەوتنانەوە دەست پێ دەکات تاوەکو نوێژی بەیانی .

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (إن الله زادكم صلاةً وهي الوتر فصلوها فيما بين صلاة العشاء إلى الصلاة الفجر...) رواه أحمد بسند صحيح و صححه الألباني الصحيحة برقم ١٠٨ .

پ٤٧/ ئایا نوێژی تەراویح بەس تایبەتە بە مانگی ڕەمەزانەوە؟یان دەتوانی لە جگە لە ڕەمەزانیش بیکەی؟

وەڵام :

نوێژی تەراویح بریتی یە لە شەو نوێژ لە ڕەمەزاندا بێت یان جگە لەڕەمەزان ئەوەندە هەیە لەڕەمەزاندا ناونراوە تەراویح لەزاراوەی زانایاندا بەوەش ناونراوە کە لە دوای چوار ڕکات هەندێك پشوو وەردەگرن پاشان هەڵدەستن بۆ ئەوانی تر ، لە ڕاستیدا نازانم بەڵگە لەسەر ئەم پشووە هەیە یان نا ، بەڵام ئەصڵ ئەوەیە کە نەبێت مەگەر بەڵگە هەبێت ئەوکاتە ئێمەش باوەڕی پێ دەکەین ، بەهەرحاڵ تەنها ناوە ، بەڵام خودی کارەکە یەك شتە ئەوەتە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە (قيام الليل) ناوی بردووە وە لە(أبو هريره) وە دەگێڕنەوە کە ئەڵێ : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (من قام رمضان إيماناً واحتساباً غفر له ماتقدم من ذنبه) رواه الجماعة . واتە : هەرکەس لەشەوانی ڕەمەزاندا شەو نوێژبکات باوەڕی پێی هەبێت و بەتەمای پاداشتی هەبێت لای خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی دەبوورێت .

عائشە ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ : (أن النبي صلى الله عليه وسلم ما كان يزيد في رمضان ولا في غيره على احدى عشرة ركعة) رواه الجماعة . واتە : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەڕەمەزان و غەیری ڕەمەزانیشدا لە یانزە ڕکات زیاتری نەکردووە . ئەمەش بەڵگەی ئەوەی تیادایە کە تەراویح تایبەت نی یە

بەڕەمەزانەوە ، بەڵكو جگە لەڕەمەزانیشدا هەیە ، بەلاّم زانایان ناویان نەناوە تەراویح هەر لەسەر ئەسڵەكەی خۆی ناویان ناوە (قیام اللیل) وەك خوای گەورە لە سورەتی المزمل دەفەرموێ : ﴿قُمْ اللَّيْلَ إِلاَّ قَلِيلاً﴾

پ٤٨/ من فەرمانبەرم دائیرەكەمان ئاودەستی نیە وە هیچ شوێنێك نیە دەست نوێژی تێدا بشۆین دەتوانین نوێژەكەمان تأخیر بكەین تا دەوام تەواو دەبێت؟ وە چەند جار بە بەڕێوەبەرەكەمان گوتووە بەلاّم سوودی نەبووە .

وەلاّم :

نوێژەكان دەبێت لە كاتی دیاری كراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت مەگەر عوزرێك هەبێت خوای گەورە دەفەرموێت : {حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ} (٢٣٨) سورة البقرة

جا ئەگەر هەر نەتوانی مۆڵەت وەربگرێت یان جێگای ئاو دەست و دەستنوێژتان بۆ دروست نەكرا ئەوە (جمع) یان بكە بەلاّم هەوڵ بدە نەبێتە **(عادة)** وە هەوڵ بدەن فشار بخەنە سەر كەسانی پەیوەندیدار تاوەكو پێویستیەكانتان بۆ بكەن یان لە دەرەوە نوێژەكانتان بكەن .

پ٤٩/ ئایا نوێژی قەزا هەیە وە ئەگەر هەیە بۆچی لەكاتی نەخۆشی و سەفەردا مەجالی نەكردنی نەدراوە .

وەلاّم :

قەزاكردنەوەی نوێژ تەنها بۆ خەوتن و لەبیر چوونە یان بۆ شتێكە هۆكارێكی شەرعی هەبێت نەك بەئەنقەست یان تەمبەڵی یان مەشغوڵ بوون

، بەڵێ ڕاستە لەكاتی نەخۆشی و سەفەردا هەر دەبێ بكرێت ئەمەش بەڵگەیە لەسەر قەزا نەكردنەوەی جگە لە خەوتن و لەبیرچوون .

پ٥٠/ ئایا لە چ كاتێكدا دروستە نوێژ بە دانیشتنەوە بكرێت ؟

وەلاّم :

نوێژ كردن بە پێوە ڕاوەستان واجبە لەسەر كەسێك توانای هەبێت ئەگەر نەیتوانی بە دانیشتنەوە نوێژ دەكات لەبەر فەرموودەكەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم كەدەفەرموێ : (صلِّ قائماً فإن لم تستطع فقاعداً فان لم تستطع فعلى جنب) رواه البخاري وأبوداود وأحمد .

واتە : بەڕاوەستان نوێژ بكە ئەگەر نەتوانی بەدانیشتویی ئەگەر نەتوانی بە پاڵەوە .

پ٥١/ ئەگەر لەکاتی خۆی دا نوێژم نەکرد چەند دەقەیەك تەئخیرم کرد ئەوە گوناهبار دەبم؟

وەڵام :

نوێژکردن لەکاتی خۆیدا یەکێکە لە کردەوە چاکەکان لە شەریعەتی ئیسلامدا جا لە فیقهی ئیسلامدا بۆ هەموو نوێژێکی فەرز کات دانراوە ،ئەوەبوو جبریل سەلامی خوای لەسەر بێت لە دوو ڕۆژدا کاتی هەموو نوێژەکانی بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دیاری کرد لە ڕۆژی یەکەمدا سەرەتای کاتی نوێژەکانی پیٚ وت وە لە ڕۆژی دووەم دا کۆتایی نوێژەکانی پیٚ وت وە پێی فەرموو : (ما بين هذين الوقتين وقت) واتە : لەنێوان سەرەتا و کۆتاییدا کاتی نوێژەکانە .

جا پێویستە لەو کاتەی بۆمان دیاری کراوە نوێژەکانمان ئەنجام بدەین وە لە کۆتایی کاتەکان دوای نەخەین ئەگەر لەمەیان دوا بخرێت تاوانبار دەبین و تاوانێکی گەورەشە خوا پەنامان بدات

پ٥٢/ ئایا تەکبیرەی چوونە رکوع لە کوێوە دەست پیٚ دەکات مەبەستم ئەوەیە لاشەی نوێژخوێن لەکوێدا بێت هەروەها هەستانەوە لە رکوع و چون بۆ سەجدە و هەستانەوە بۆ جلسەی ئیستراحە و دووبارە چوونەوە بۆ سەجدە و هەستانەوە بۆ سەرجەم رکاتەکانی تر ..

وەڵام :

تەکبیرەی چوونە ڕکوع و هەستانەوە و هەموو ئەوانەی لە پرسیارەکەدا هاتوون لە کاتێکدا دەگوترێت پێش ئەوەی بچیت بۆ ئەو کردارە زیکرەکەی بۆ دەکەیت ، بۆ نموونە (إذا ركع) واتە (إذا أراد الركوع) واتە : کاتیٚ ویستی بچێت بۆ رکوع لە کاتێکدا ئەم هێشتا بە پێوە وەستاوە هەروەها زیکر و شوێنەکانی تری نوێژ .

پ٥٣/کاتێك ئیمام سورەتی فاتیحە دەخوێنێت دوای ئەوە سورەتێکی تر دەخوێنێت ئەوانەی لە دوای ئیمام نوێژ دەکەن دەبێت سورەتی فاتیحە بخوێنن؟

وەڵام :

خوێندنی قورئان بۆ ئەو کەسانەی لە پشتی ئیمامەوە نوێژ دەکەن لە نوێژێکدا کە ئیمام دەنگی بەرز دەکاتەوە لە خوێندنەوەی قورئاندا زانایان وەك شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەڵێ پێویست ناکات بخوێنرێت وەك لە کتێبی (صفة الصلاة النبي) دا ئەمەی بەجوانی یەکلاکردۆتەوە ، بەڵگەشی ئەم فەرموودەیەیە کە ئیمامی مالك و الحمیدی و البخاری لە (جزء)ە کەیدا و أبوداود و أحمد ڕیوایەتیان کردووە

(انصرف من صلاة جهر فيها بالقراءة (وفي رواية انها صلاة الصبح) فقال : هل قرأ معي منكم أحد آنفاً فقال رجل : نعم ، أنا يارسول الله فقال إني أقول مالي أنازع) قال أبو هريرة فانتهى الناس عن القراءة مع رسول الله صلى الله عليه وسلم فيما جهر فيه رسول الله صلى الله عليه وسلم بالقراءة حين سمعوا ذلك من رسول الله صلى الله عليه وسلم (وقرؤوا في نفسهم سرّا فيما لا يجهر فيه الإمام) .

واتە : پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە نوێژێك تەواو بوو کە بەدەنگی بەرز قورئانی تێدا دەخوێند (لە ڕیوایەتێکدا : نوێژی بەیانی بوو) فەرمووی : ئایا کەس لە نوێژەکەدا لەگەڵمدا خوێندی ، پیاوێك گووتی : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەویش فەرمووی : وتم بۆیە یەکێك دەنگی تێکەڵ دەبێت لەگەڵ دەنگی من . أبو هریرە ئەڵێ : لەدوای ئەمەوە ئیتر خەڵکی لە نوێژێکدا کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەنگی تیا بەرز بوایە ئەوان قورئانیان نەدەخوێند.(وە لەدوای ئیمام دەنگی بەرز نەدەکرد بە دەنگی نزم دەیانخوێند) .

وە زانایانی تر وەك شێخ ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێ وتوویەتی : دەبێ سورەتی فاتیحە لە هەردوو حاڵەتی دەنگ بەرزکردنەوە و نزمکردنەوە بخوێنرێت بەڵگەش ئەم فەرموودەیەیە کە دەفەرموێ : (لا صلاة لمن لم يقرأ فيها بفاتحة الكتاب) رواه البخاري ومسلم .

جا هەرکەس هەر یەك لەمانە بکات دوای دیراسە کردنی بەڵگەکان إن شاء الله **هیچی لەسەر نییە ، چونکە مەسەلەیەکە خیلافی تیادایە بە بەڵگە .**

پ٥٤/ ئایا دروستە نوێژ بۆ مردوو بكرێت لەكاتێكدا كە بزانی خۆت هیچ نوێژ قەرزار نیت مەبەستم لە نوێژ بۆ مردوو ئەوەیە كە ئەو نوێژانەی بۆ بكەیت كە لە ژیانی دا فەوتاندبێتی .

وەڵام :

نوێژ پەرستشێكی جەستەییە ومرۆڤ لە ژیانیدا فەرمانی پێ كراوە ئەنجامی بدات بەهەر شێوازێك بێت وە فەوتاندنی و نەكردنی نییە خوای گەورە دەفەرموێ : {إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا} سورة النساء(١٠٣)

ئەمە ئەگەر كەسێك خۆی لە ژیانیدا بەئەنقەست نوێژ بفەوتێنێ و نەیكات قەزا ناكرێتەوە وە ئەگەر تاوانی كردو چەند نوێژێكی فەوتاند ئەوە قەزا ناكرێتەوە و نابێت قەزایان بكاتەوە بەڵام كردنی نوێژی سوننەت ئەوەی بۆ پردەكەنەوە بەڵام كەسێك بمرێت ئەوە بە هیچ شێوەیەك نوێژی لە جیاتی ناكرێتەوە.

پ٥٥/ بەڕێزان من ناتوانم بۆ شەو نوێژ لەنیوەی شەودا هەستم ئایا دەكرێت بەر لەوەی بخەوم شەونوێژ بكەم ؟ وە ئایا دەتوانیت لە ١١ ڕكات كەمتر بكەیت ؟

وەڵام :

برای بەڕێزم ڕەحمەتی خوات لێ بێت : شەو نوێژ كاتەكەی لە دوای نوێژی خەوتنانەوە (عشا)دەست پێ دەكات تاوەكو نوێژی بەیانی هەڵبەتە باشترین كات سێ یەكی كۆتاییە لەوكاتەی بۆ شەو نوێژ دانراوە ، بەڵام دەتوانیت لە هەر سێ سێیەكدا ئەنجامیان بدەیت واتە : دەتوانیت ڕاستەوخوا لە دوای نوێژی خەوتنانەوە بیانكەیت یان لە نیوەی شەودا سەعاتی ١١ یان ١٢ یان سێ یەكی كۆتاییدا دەتوانیت تەنها یەك ڕكاتیش بكەیت كە پێی دەگوترێت (وتر) واتە لەیەك ڕكاتەوە تا یانزە ڕكات وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەوە زیاتری نەكردووە وە باشترین ڕێباز ڕێبازی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم .

پ٥٦/ ئایا نوێژكردن دروستە بە دانیشتنەوە؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

یەكێك لە فەرزو ڕوكنەكانی نوێژ ئەوەیە كە بە پێوە بكرێت بۆ كەسێك ساغ بێت جا هەركەس نەخۆش بوو دەتوانێت بە دانیشتنەوە بیكات ئەمە بۆ نوێژی فەرز بەڵام بۆ نوێژی سوننەت دەتوانرێ بە دانیشتنەوە بكرێت .

پ٥٧/ السلام عليكم خوا جەزاتان بداتەوە بۆ ئەم سايتە چاكە كەداتاننناوە پرسيارى من دەربارەی نوێژى سوننەتە ئايا لە دواى نوێژەكان دەكرێت؟ وە شەونوێژ چەند ڕكاتە؟ زۆرسوپاستان دەكەم ئەگەر وەڵامم بدەنەوە

وەڵام : وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته

خواى گەورە پاداشتى خەيرى تۆش بداتەوە بۆ تەماشاكردن و ماندووبوونت لە بەسەركردنەوەى سايتەكەمان ، ئەنجا نوێژى سوننەت لە پێش و پاش نوێژە فەرزەكان دەكرێت لە پاش و پێش نوێژى نيوەڕۆ ، لە پاش و لە پێش نوێژى عەسر (هەرچەندە زانايان جياوازيان هەيە بۆ پاش عەسر) لە پێش و لە پاش نوێژى مەغريب ، لە پێش و لە پاش نوێژى عيشا ،بەلاّم نوێژى بەيانى تەنها لە پێشى نوێژى سوننەت هەيە لە پاشييەوە سوننەت نييە ، شەو نوێژ تەنها يانزە ڕكاتە بەدەقى فەرموودەيەك كە عائيشە (خواى لێ ڕازى بێ) ڕيوايەتى كردووە كە دەفەرموێ : (ماكان رسول الله صلى الله عليه وسلم يزيد في رمضان ولا في غيره عن إحدى عشرة ركعة). رواه البخاري ومسلم

واتە : پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وسلم هەرگيز لە ڕەمەزان و غەيرى ڕەمەزاندا لە يانزە ركات زياترى نەكردووە .

پ٥٨/ئايا دروستە نوێژى سوننەت دواى نوێژى عەسر بكەى ئايا بيكەى گوناهبار نابيت؟

وەڵام : نوێژ كردن لە دواى عەسر مەسەلەيەكى خيلافيە ، بەلاّم ڕاى پەسەند **إن شاء الله** ئەوەيە كە دروستە بەڵكو سوننەتە بكرێت ، ئەوانەى ئەڵێن ناكرێت ئەم فەرموودەيە دەكەنە بەڵگە كە دەفەرموێ : (لا تصلوا بعد صلاة الصبح حتى تطلع الشمس ولا تصلوا بعد صلاة العصر حتى تغرب الشمس) ئەمە و چەندين حەديس لە م مانايە ، بەلاّم ئەو زانايانە ڕاى دووەميان بردووەو دەڵێن ئەم حەديسە (موتڵەقە) و حەديسى (مقيّد) مان هەيە وەك حەديسى (نهى عن الصلاة بعد العصر إلا والشمس مرتفعة) بڕوانە السلسلة الصحيحة لەنوسينى شێخى ئەلبانى ، كە ئەم حەديسە ئەوە دەگەيەنێ نەهى كراوە لە نوێژ لە دواى عەسر ئەو كاتە نەبێ كە خۆر بەرزە واتە ئەو كاتەى خۆر زەرد دەبێتەوە لە ئاوابووندايە ، هەروەها فەرموودەى ترمان هەيە لە دايكان (أم سلمه) و (دايكە عائيشە) خوايان لێ ڕازى بێت دەگێڕنەوە كە پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وسلم دوو ڕكاتى دواى نيوەڕۆ و دواى نوێژى عەسر كردووە يان حەديسى تر كە (عاصم)ى كوڕى (ضمرة) ئەڵێ : (كنا مع علي رضي الله عنه في سفر فصلى بنا العصر ركعتين ثم دخل فسطاطه وأنا أنظر فصلى

ركعتين) یان حەدیسی بلال (لم ينه عن الصلاة إلا عند غروب الشمس) بۆ زیاتر تێگەشتن بڕوانە السلسلة الصحيحة للشيخ الألباني رحمه الله بەرگی یەکەم لاپەڕە ٣٤١-٣٤٥ . کەوا بوو دروستە یان سوننەتە نەك تاوانبار ببیت .

پ٥٩/ بەیانیان هەرچیەك دەکەم ناتوانم هەموکات لەکاتی خۆیدا نوێژ بکەم هەتا جارێك وادەیکەم دەجار دوادەکەوێت سەرەڕای ئەوەی لەماڵەوە چەندین جار بانگم دەکەن ، بەڵام من هەتا نزیکی ئەو کاتەی خۆرهەڵدێت هەرلەناوجێگاکە دام وبەهیچ جۆرێك خەو بەرم نادات تا هەستم نوێژەکەم بکەم.

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

خوای گەورە دەفەرموێ : {حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ} سورة البقرة (٢٣٨)

وە دەفەرموێ : { إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا} النساء (١٠٣)

وە دەفەرموێ : {فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ * الَّذِينَ هُمْ عَن صَلاَتِهِمْ سَاهُونَ } سورة الماعون(٤-٥)

کەوا بوو نوێژەکان کاتی دیاری کراویان هەیە و نەکردن و دواخستنی لەکاتی دیاری کراودا تاوانێکی گەورەیە و هەڕەشەی توندی لەسەر هاتووە ، بگرە هەندێ لە زانایان بە کوفریان داناوە دەبینی خوای گەورە دەفەرموێ : {فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلاَةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا } سورة مريم (٥٩) .

واتە : لە دوای (پێغەمبەران و ئەوانەش لە کەشتیەکەدا لەگەڵ نوحدا سوارمان کردن لەنەوەی ئیبراهیم و یەعقوب و لەوانەی کە هیدایەتمان داون و هەڵمان بژاردوون کە ساتێك لەنەوەکانیان بوونە جێنشین کە نوێژەکانیان بەزایە داو شوێنی ئارەزووەکانی نەفسیان کەوتن ئەوانە تووشی گومڕایی و سەرگەردانی و سزا دەبن لە دونیا و قیامەتدا) .

کەوابوو دەبێ ئاگامان لە نوێژەکانمان بێ و بەتایبەت نوێژی بەیانیان لەم سەردەمەدا زۆر بەزایە دراوە هۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ تاوان ومەشغول بوون لە دونیاوە ، پاشان خواردنی زۆر و خواردنەوەو درەنگ خەوتن و دانیشتن بەلای تەلەفزیۆن و سەتەلایت ، و بۆ کەسێك کە بیەوێت ئەوەی بەسەر نەیەت پێویستە تەوبە بکات و ترسی خوای هەبێت پاشان هۆکارەکان بۆ زوو هەستان بگرێتە بەر وەك زوو خەوتن و کەم خواردن و کات نەکوشتن بە تەلەفزیۆن و ئامێرەکانەوە وە ڕاسپاردنی کەسێك یان ئامێرێك کە خەبەری بکاتەوە . خوای گەورە یارمەتی هەموو لایەکمان بدات.

٦٠/ ئایا نوێژ نەكردن لەبەر تەمەڵی یان هەر نەكردنی حوكمی چی یە؟

وەڵام :

پلەو پایەی نوێژ لە ئیسلامدا زۆر بەرز و گرنگە وەیەكێكە لە پایەكانی ئیسلام بەڵكو لە دوای شەیەتومان یەكەم پایەیە ، جا ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە قورئان و سوننەتدا گرنگییەكی زۆری داوە بە نوێژ وەك خوای گەورە دەفەرموێ: {قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ * الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاَتِهِمْ خَاشِعُونَ} (١-٢) سورة المؤمنون

واتە :بەڕاستی ئەو بڕوادارانە سەركەوتوو سەرفراز بوون ئەوانەی لە نوێژەكانیاندا ملكەچ و دڵ ئارام و دڵ دامەزراون و دڵیان لای خوایە . لە كۆتایی ئەو چەند ئایەتەدا دەفەرموێ : {أُوْلَئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ * الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ} (١٠-١١) سورة المؤمنون .

واتە : ئەوانە دەبنە خاوەنی بەهەشتی فیردەوس كەبەرزترین و بەنرخترین بەهەشتە و بۆ هەمیشە ژیانی نەبڕاوەی تیادا دەبەنە سەر .

بەڵام ئەوانەی كە نوێژ ناكەن خوای گەورە دەفەرموێ : {مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ * قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ} (٤٢-٤٣) سورة المدثر .

واتە : ئەوە چی بوو ئێوەی ڕاپێچی دۆزەخ كرد؟ بەكەساسییەوە دەڵێن ئێمە لە نوێژخوێنان نەبووین .

هەروەها دەفەرموێ: {فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ * الَّذِينَ هُمْ عَن صَلاَتِهِمْ سَاهُونَ } (٤-٥) سورة الماعون .

واتە : جا هاوار و تیاچوون یان دۆڵێكی ئاگرین لە دۆزەخ بۆ نوێژكەرانێك گوێ نادەن بە نوێژەكانیان و لەكاتی خۆیدا نایكەن و دوای دەخەن وە ئەگەر كردیان هیچ كاركردی لەسەر نیە لەسەریان و دڵی نادەنێ و لێی غافڵن .

وە چەندین هەڕەشەی لەمانەش توند تر هاتووە .

جا نەكردنی نوێژ ئەگەر كەسێك باوەڕی پێی نەبێ ئەوا كافر دەبێ بە (اتفاق) لەنێوان زانایاندا ، بەڵام ئەگەر نەكردنەكەی تەنها تەمبەڵی بوو ئەو كاتە زانایانی ئەهلی سوننەت دوو ڕای جیاوازیان هەیە :

یەكەمیان ئەوەیە كە ئیمامی ئەحمەد ئەڵێ: كافر دەبێ ، وە ئەمەش بە لای منەوە پەسەندە .

دووەمیان ئەوەیە كەئیمامی شافیعی ئەڵێ : فاسق دەبێ بەڵام لە ئیسلام ناچێتە دەرەوە هەركام لەم دووانە نوێژنەكردنی شتێكی مەترسی دارە وەنیشانەی موسڵمانێتی نوێژە وە هیچ شتێك وەك نوێژ دووبارە نابێتەوە بۆیە پێویستە ئینسان ترسی خوای هەبێت و كەمتەرخەمی نەكات .

پ٦١/ ئایا نوێژی تەراویح چۆنە وە چەند ركاتە؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

نوێژی تەراویح بریتی یە لە شەونوێژ لەمانگی ڕەمەزاندا كە بریتییە لە ١١ ركات كە لەدوای نوێژی خەوتنانەوە (عشاء) دەست پێ دەكات تا كاتی بانگی بەیانی ، نوێژی تەراویح دوو ڕكاتە لە كۆتاییدا یەك ڕكات بە تەنها دەكرێت یان ٨ ڕكات دوو دوو دەكرێت سێ ڕكاتیش نوێژی (وتر) لە كۆتاییدا دەكرێت .

حوكمی ئەم نوێژە سوننەتە لە ڕەمەزاندا پێی دەگوترێ تەراویح وە جگە لە ڕەمەزاندا (قیام اللیل) یان (الوتر) .

پ٦٢/ نوێژی (الإستخارة) واتای چیە و شێوازەكەی چۆنە؟

وەڵام :

واتە ئەو نوێژەی كەداوا لە خوا دەكەیت كام شتەی چاكە ئەوەت بۆ بكات . شێوازی نوێژەكە ئەوەیە دوو ڕكات نوێژ دەكەیت وەكو چۆن دوو ڕكات سوننەت دەكەیت بە نییەتی نوێژی **(الإستخارة)** لە دڵەوە . پاشان دوای نوێژەكە دوعای الاستخارە دەكەیت كە ئەمە دەقەكەیەتی : ﴿اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلاَ أَقْدِرُ وَتَعْلَمُ وَلاَ أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الْأَمْرَ –**ناوی پێویستی یەكەی دەهێنی**– خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي –**یان فەرمووی**– (عَاجِله وَآجِلِهِ) فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الْأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي –**یان فەرمووی**– (عَاجِله وَآجِلِهِ) فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ وَاقْدُرْ لِي الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ أَرْضِنِي﴾

واتە : خوایە من بە زانستی خۆت داوای خێرو چاكەت لێ دەكەم وداوای توانات لێ دەكەم بە توانای خۆت وە لە فەزڵی گەورەت داوات لێ دەكەم بەڕاستی تۆ دەتوانی ومن ناتوانم و تۆ زانای و من نازانم و تۆ زانای نهێنی غەیبەكانی ، خوایە ئەگەر ئەم مەسەلەیە چاكە و خێری تیایە بۆ دین و ژیان و بژێوی و كۆتایی تەمەنم یان ئێستا و كۆتایم ئەوا خوایە بەنسیبم بكەیت و ئاسانی بكەیت لەسەرم و بەرەكەتی تێ بخە بۆم ، و ئەگەر ئەم كارە خراپە بۆ دین و بژێوی وكۆتایی تەمەنم یان ئێستا و كۆتایم ئەوا خوایە لێم دووربخەرەوە و منیش لەو دوور بخەرەوە و خەیرو چاكەم بە نسیب بكە لە هەر شوێنێك و پاشان دەروونم **ڕازی بكە پێی** .

پ٦٣/ السلام عليكم....من پرسيارێكم هەيە من زۆر حەز دەكەم نوێژ بكەم و سەرم داپۆشم ، هەم و جار دەڵێم ئەمرۆ سبەينێ ، بەڵام بۆچی لە بيری دەكەم ؟ ئايا چی بكەم تا لەبيری نەكەم ، چونكە زۆر حەز دەكەم نوێژ بكەم و سەرم داپۆشم.سوپاس.

وەڵام : وعليكم السلام ورحمه الله وبركاته

نوێژكردن و پابەند بوون بە ئيسلامی پیرۆزەوە گەورەترين خەڵاتی خوايە وە گەورەترين خۆشبەختی مرۆڤە ، چونكە دڵ بە هيچ شتێك ئارام نابێت تەنها بە يادی خودا نەبێت وەك دەفەرموێ : ﴿ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ (٢٨) سورة الرعد

تەنانەت هەندێ لەزانايان وتويانە ئەگەر پادشايانی دونيا بەو خۆشبەختيەی ئێمە بزانن كە لە دڵەكانماندايە ئەوە بە زۆری شمشێر ليمان دەستێنن ، ئەنجا بالآپۆشی بۆ ئافرەتان نيشانەی پاكی و بەهاو چاكی ئەو ئافرەتەيە چونكە كەسێك لەشی خۆی بخاتە بەردەستی هەمووكەس واتە بێ بەهايە و زۆری لا مەبەست نييە جا بەڕاستی حيكمەتی بالآپۆشی زۆرن ، گەورەترين حيكمەت ڕێزلێنانە بۆ خودی ئافرەتان كە نەبنە كالآيەكی بێ نرخ بە دەستی هەلپەرستەكانەوە تەنها ببنە دروستكراوێك بۆ ئارەزوو شكاندنی ئەو چلێسانە ، بەڵكو ئافرەتيش مرۆڤێكە خاوەنی خودی خۆيەتی و سنوری تايبەتی خۆی هەيە و دايكی نەوەكانە و پێويستی بە هەبوونی كەسايەتی پارێزراوی خۆی هەيە نەك ببێتە پاروە چەورەی هەموو كەس .

جا ئەگەر بە بيروباوەڕەوە لە ئاينی ئيسلام تێگەشتين و زانيمان خوای گەورە بۆ ئێمەی داناوە و ئەويش باشتر دەزانێت ئەوە بە تەواوی و دەستبەجێ تەسليم دەبين و دوو دڵی لە فەرمانەكانيدا ناكەين چونكە بەرژەوەنديمان لەوەدايە .

پ٦٤/ كەسێك دەچێتە مزگەوتەوە بۆ نوێژی خەوتنان (العشاء) **پاشان بيری دەكەوێتەوە كە نوێژی ئێوارە (مەغريب)ی نەكردوە چی بكات؟**

وەڵام :

ئەگەر چوويتە مزگەوت و قامەت كرا بوو بۆ نوێژی خەوتنان پاشان بيرت كەوتەوە كە نوێژی ئێوارەت نەكردوە لەم كاتەدا دەچێتە ناو ڕيزی جەماعەتەوە بە نيەتی نوێژی ئێوارە (المغرب) هەتا ئەو كاتەی كە ئيمام هەستايەوە بۆ ڕكاتی چوارەم ئەو كاتە تۆ دادەنيشيت و چاوەڕوانی دەكەيت تا سەلام دەداتەوە و تۆش لە گەڵ ئەو سەلام دەدەيتەوە، وە بۆتيش هەيە سەلام بدەيتەوە بەبێ ئيمام، پاشان

نوێژی خەوتنان لە گەڵ ئیمامدا دادەبەستیت، جیاوازی نیەتی تۆ و ئیمام هیچ زیانێكی بۆ نوێژەكەت نی یە لە ڕای پەسەند كراوی زانایاندا، یان ئەگەر خۆت بە تەنها نوێژی ئیوارەت كردوو پاشان لە گەڵ ئەواندا نوێژی خەوتنان هەرچەند فریا كەوتی ئەوا دروستە[١].

پ٦٥/ ئەگەر ڕێبوارێك (مسافر) گەیشتە دوو ڕكاتی كۆتای لە نوێژی چواریدا لەگەڵ ئیمامی نیشتەجێ ئایا لەگەڵ ئەودا سەلام بداتەوە بەنیەتی كورت كردنەوە؟

وەڵام :

دروست نی یە بۆ ڕێبوار ئەگەر لە پشت ئیمامی نیشتەجێ وە نوێژی كرد نوێژ كورت بكاتەوە بە بەڵگەی گشتی وتەی پێغەمبەری خوا(ﷺ): ((ما أدركتم فصلوا وما فاتكم فأتموا))[٢].

كەوابوو ئەگەر ڕیبوار فریای دوو ڕكاتی كۆتای كەوت پێویستە دوو ڕكاتی تر بكات دوای سەلام دانەوەی ئیمام، دروستیش نی یە تەنها بە دوو ڕكات سەلام بداتەوە[٣].

پ٦٦ / هۆكارەكانی سوجدەی سەهوو چین؟

وەڵام:

بەكورتی سوجدەی سەهوو سێ هۆكاری هەیە:

١ ـ زیادەكردن .

٢ ـ كەمكردن .

٣ ـ دوو دڵی و گومان .

١ ـ **زیادەكردن:** نموونەی كەسێك شتێك لەمانە زیاد كات (كوڕنوش و سوجدە و وەستان – دانیشتن) .

---

[١] فتاوى أركان الإسلام للشيخ ابن العثيمين ص: (٢٩٠– ٢٩٢) .**وەرگێر : م.خليل**

[٢] صحيح البخاري رقم: (٦٣٦) وصحيح مسلم رقم: (١٥١).

[٣] فتاوى أركان الإسلام للشيخ ابن العثيمين ص: (٣٠٧). **وەرگێر : م.خليل**

عن قال موسى بن سلمة قال: " كنا مع ابن عباس(رضي الله عنه) بمكة فقلت: إنا إذا كنا معكم صلينا أربعا وإذا رجعنا إلى رحالنا صلينا ركعتين؟ قال: تلك سنة أبي القاسم(ﷺ)" أخرجه أحمد بسند صحيح ورواه مسلم وأبو عوانة وغيرهما مختصرا وهو مخرج في الإرواء رقم: (٥٧١) انظر: "تمام المنة في التعليق على فقه السنة" ص: (٣١٨) .

٢ ـ **کەمکردن**: نموونەی کەسێك لەمانە کەمکاتەوە (ڕوکنێك لە ڕوکنەکانی نوێژ یان واجبێك لەواجبەکانی نوێژ) .

٣ ـ **دوودڵی و گومان**: نموونەی کەسێك دوو دڵ بێت چەند ڕکاتی کردووە سێ یان چوار، زیادکردن لە نوێژدا گەر هاتوو نوێژکەر کورنوشێك یان سوجدەیەك یان وەستانێك یان دانیشتنێك بە ئەنقەست لە نوێژدا زیادبکات نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە ، چونکە بەو زیاد کردنەی نوێژەکەی کردوە بە پێچەوانەی ئەوەی کە خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمانیان پێ کردووە .

پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت: ((من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد))[٤].

بەڵام ئەگەر هاتوو بە لەبیر چونەوە زیادی کرد ئەوا نوێژەکەی بەتاڵ نابێت بەڵام دەبێت سوجدەی سەهو ببات دوای سەلام دانەوە ، بەڵگەش فەرموودەی (أبو هريرة)یە(ﷺ)کە دەفەرموێت: "کاتێك پێغەمبەر(ﷺ)لە یەکێك لە نوێژەکانی نیوەڕۆ یان عەسردا لە دوای دوو ڕکات سەلامی دایەوە، ئەنجا بیریان خستەوە و پێیان وت ، ئەویش ئەوەی مابوو کردی پاشان سەلامی دایەوە، پاشان دوای سەلام دانەوە دوو سوجدەی برد" [٥].

هەروەها فەرموودەی (أبن مسعود)(ﷺ)کە دەفەرموێت: "پێغەمبەر(ﷺ)نوێژی نیوەڕۆی بە پێنج ڕکات بۆ کردین، دوای لێبونەوەی پێیان وت: ئایا نوێژ زیاد کراوە؟ ئەویش فەرمووی: ئەو پرسیارە بۆ دەکەن؟ ووتیان: تۆ پێنج ڕکاتت بۆ کردین، ئەویش هەردووپێی جووت کردو و ڕووی کردە ڕووگە و دوو سوجدەی برد"[٦].

بەڵام (کەم کردن) ئەگەر نوێژکەر ڕوکنێك لە ڕوکەکانی نوێژی کەم کرد ئەوا لەم حاڵەتانە بەدەر نی یە: یان پێش ئەوەی بگاتەوە هەمان شوێن لە ڕکاتی دوای ئەوە لەم کاتەدا پێویستە بگەڕێتەوە ئەو ڕوکنە بکاتەوە و لەوەوە دەست پێ دەکات .

---

[٤] صحيح مسلم رقم: (١٧١٨) .

[٥] صحيح البخاري رقم: (١٢٢٦)وصحيح مسلم رقم: (٥٧٣).

[٦] صحيح البخاري رقم: (١٢٢٧)وصحيح مسلم رقم: (٩٢٧).

یان بیری ناکەوێت تا دەگاتەوە هەمان جێگا لە ڕکاتی دوای ئەوە لەم کاتەدا ئەم ڕکاتە جێگای ئەوی تر کە ڕوکنەکەی نوقسان بوو حساب دەکرێت .

لەم دوو حاڵەتەدا دوای سەلام دانەوە سوجدە ئەبرێت، نموونەی پیاوێك دوای سوجدەی یەکەم لەڕکاتی یەکەم هەستیَ بۆ ڕکاتی دوەم و سوجدەی دووەمی لە بیربچێت کاتێك دەستی کرد بە خوێندنی قورئان بیری کەوتەوە کە سوجدەی نەبردووە و لە نێوان هەردوو سوجدەکە دانەنیشتەوە لەم کاتەدا ئەبێت دەست بەجێ بگەڕێتەوە و دانیشێت لە نێوان هەردوو سوجدەکەدا پاشان ئەبێت سوجدەی دووەم ببات و دوایی هەستێت بۆ ڕکاتەکانی تر دوای سەلام دانەوە سوجدەی سەهو ببات .

نموونەی ئەو کەسەی کە بیری نەکەوێتەوە تا دەگاتە هەمان شوێن وەکو کەسێك سوجدەی دووەمی لەبیر بچێت و بیری نەکەوێتەوە تا هەمان شوێن لە ڕکاتی دوای ئەوە لەم کاتەدا ڕکاتی دووەم بەیەکەم حساب دەکرێت وە ڕکاتێکی تر دەکات پاشان سەلام دەداتەوە و پاش سەلام سوجدەی سەهو دەبات .

بەلاَم نوقسانی واجب: ئەگەر واجبێکی نەکرد و چووە سەر کردارێکی تر وەك کەسێك وتنی (سبحان ربي الأعلى)ی لە بیر بچێت و بیری نەکەوێتەوە تا کاتێك هەستایەوە لە سوجدە ئەم کەسە واجبێکی نەکردووە، نوێژەکەی بەردەوام دەکات بەلاَم پێش سەلام دانەوە سوجدە دەبات، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك تەحیاتی یەکەمی لەبیر چوو نوێژەکەی بەردەوام کرد و نەگەڕایەوە بۆ دوا و پێش سەلامدانەوە سوجدەی سەهوی برد" [٧].

ئەمجا دوو دڵی، دوو دڵی بریتی یە لە گومان لە نێوان زیادکردن و نوقسانی، وەکو کەسێك گومانی هەبێت سیَ ڕکاتی کردبیَ یان چوار لەم کاتەدا لە دوو حاڵەت بەدەر نی یە:

یا زیاد کردن یا کەم کردنی بۆ ساغ دەبێتەوە لەسەر ئەوەی کە ساغ دەبێتەوە بنیات دەنێت و لە دوای سەلامدانەوە سوجدە دەبات، بەلاَم ئەگەر هاتو بۆی ساغ نەبووەوە ئەو کاتە لەسەر کەمترین ڕێژە بنیات دەنێت کە دڵنیایە لیَ ی پاشان ئەوەی ماوە تەواوی دەکات و پێش سەلام سوجدە دەبات .

---

[٧] صحيح البخاري رقم: (١٢٢٤) وصحيح مسلم رقم: (٥٧٠) من حديث عبد الله بن بحينة .

بۆ نموونە: کەسێك نوێژی نیوەڕۆ دەکات دوو دڵ دەبێت ئایا لە ڕکاتی سێیەم دایە یان چوارەم؟ بۆی ساغ دەبێتەوە سێیەم ڕکاتە لەم ڕکاتەدا چوارەم دەکات پاشان سەلام دەداتەوە و سوجدەی سەهو دەبات .

نمونەی ئەو حاڵەتەی ساغ نەبێتەوە: کەسێك نوێژی نیوەڕۆ دەکات دوو دڵ دەبێت لەسێیەمدایە یان لە چوارەم بۆیشی ساغ نابێتەوە لەم کاتەدا لەسەر دڵنیایی بنیات دەنێت کە کەمترینە کە سێ یەو ڕکاتی چوارەم دەکات، پاشان سوجدەی سەهو دەبات پێش سەلام دانەوە .

لێرەوە بۆمان دەرکەوت سوجدەی سەهو پێش سەلامدانەوە دەبرێت لەم کاتانەدا:

کاتێك واجبێك لە بیربچێت، یان گومان لە ژمارەی ڕکاتەکاندا هەبوو بۆی ساغ کرایەوە .

وە پاش سەلامدانەوە لە کاتی زیادکردن لە نوێژدا یان گومان بێت و بۆی ساغ و یەکلا نەبێتەوە[8] .

پ٦٧ / کەسێك لەپشتی ئیمامەوە نوێژ دەکات کاتێك دەچێتە ناو نوێژی ئیمامەوە ئیمام خوێندنی فاتیحەی تەواو کردووە ئەمیش دەست پێدەکات فاتحە دەخوێنێت ، بەڵام ئیمام کوڕنوش دەبات ئایا ئەم کوڕنوش ببات یان خوێندنەکەی تەواو بکات؟

وەڵام: ئەگەر نوێژکەر چووە ناو نوێژەوە ئیمام دەیویست کوڕنوش ببات وە ئەم ناتوانێت فاتیحەکە بخوێنێت، ئەگەر تەنها ئایەتێك یان زیاتر مابێت بە مەرجێك تەواوی بکات و فریای ئیمام بکەوێتەوە لە کوڕنوشدا ئەوا زۆر چاکە ئەگەر زۆری مابوو کاتێك کە بیخوێنێت فریای ئیمام نەکەوێت لە کوڕنوشدا لەم حاڵەتەدا لە گەڵ ئیمامدا کوڕنوش دەبات با فاتیحەش تەواو نەبووبێت[9].

پ٦٨ / ئەگەر چویتە مزگەوت و نەتتوانی (تحية المسجد) **بکەیت لەبەر کەمی کات واتە تەنها کاتی دووڕکات سوننەتی پێش نوێژ مابوو یان قامەت کرا بۆ نوێژی فەرز، ئایا دەتوانیت تەکبیرەی ئیحرام بکەیت بەنیەتی هەردوو نوێژەکە** (تحية المسجد) **لەگەڵ ئەوی تر (نوێژی مزگەوت لە گەڵ سوننەت یان نوێژی مزگەوت لە گەڵ فەرزەکە)؟**

---

[8] فتاوى أركان الإسلام لابن العثيمين ص: (٣٤٥- ٣٤٨) . **وەرگێر : م.خليل**

[9] فتاوى أركان الإسلام ص: (٣٧١) . **وەرگێر : م.خليل**

وەڵام : ئیمامی نەوەوی دەفەرمووێ: (هاوەڵانی ئێمە پێکهاتوون و بەڕاشکاوی وتویانە خێری فەرز و نوێژی مزگەوت (تحية المسجد)ی دەست دەکەوێت ، و وتویانە هیچ جیاوازی یەك نی یە لە بەدەست هێنانی هەردوو نوێژەکە .

نەوەوی دەفەرمووێ: من هیچ جیاوازی یەك نازانم دوای لێکۆڵینەوەی زۆر بەدرێژایی چەندین ساڵ) [١٠].

(الحافظ ابن حجر) لە ((فتح الباري))دا لە شەرح و لێکدانەوەی فەرموودەی: ((إنَّما الاعمال بالنيات ..))دا دەفەرمووێت: (أما إذا لم ينو شيئاً مخصوصا لكن كانت هناك نية عامة تشمله فهذا مما اختلفت فية أنظار العلماء ويتخرج عليه من المسائل ما لا يُعصى وقد يحصل غير المنوي لمدرك آخر كمن دخل المسجد فصلى الفرض أو الراتبة قبل أن يقعد فإنه يحصل له تحية المسجد نواها أو لم ينوها لأن القصد بالتحية شغل البقعة وقد حصل وهذا بخلاف من اغتسل يوم الجمعة عن الجنابة فإنه لا يحصل له غسل الجمعة على الراجح لأن غسل الجمعة ينظر فيه إلى التعبد لا إلى محض التنظيف فلا بُدَّ فيه من القصد إليه بخلاف تحية المسجد، والله اعلم)[١١].

پ٦٩ / پرسیار کراوە لە شێخی ئیسلام (ابن تيمية) **ڕەحمەتی خوای لێ بێت، ئایا سەفەر سوننەتی هەیە؟ لەکاتێکدا نوێژی چوار ڕکاتی کراوە بە دوو وەکو ڕەحمەتێك لە خوای گەورەوە بۆ بەندەکانی، کەوایە بەڵگەی ئەوانە چی‌یە کە ئەڵێن سوننەتی هەیە، لە کاتێکدا ئیمامی عومەر خوای لێ ڕازی بێت ئینکاری کردە سەر ئەو کەسەی لەدوای فەرز سونەتی کرد، ئایا لەهەندێ مەزهەبدا بەسوننەت دادەنرێت وەکو مەزهەبی ئەبو حەنیفە، وە ئایا ئەم ڕایە لە ئیمامی ئەبو حەنیفەوە نەقڵ کراوە؟**

وەڵام :

ئەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ)سەلمێنراوە ئەوەیە کە: پێغەمبەر (ﷺ)لە سەفەردا دوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی کردووە تەنانەت کاتێك خۆی و هاوەڵانی لەدوای جەنگی خەیبەر خەویان لێکەوت بە

---

[١٠] المجموع: (١ / ٣٢٥ . ٣٢٦) .

[١١] فتح الباري شرح صحيح البخاري: (١ / ١٨) .

قەزا لەگەڵ نوێژی بەیانی کردیانەوە، هەروەها شەونوێژ و نوێژی (وتر) لە صەحیحدا سەلمێنراوە کە: ((أنه كان يصلي على راحلته قبل أي وجه توجهت به ويوتر عليها غير أنه لا يصلي عليها المكتوبة))[١٢].

بەڵام نوێژکردن پێش نیوەڕۆ یان پاش ئەوا لە پێغەمبەرەوە(ﷺ)ڕیوایەت نەکراوە کە کردبێتی لە سەفەردا، وە لە گەڵ ئەو نوێژەدا هیچ نوێژێکی نەکردوە وە زانراوە لە (مِنى) دووڕکات نوێژی کردوە وهیچی تری لە گەڵدا نەکردوە .

(ابن عمر)یش کە شارەزاترین کەسە بە سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)و شوێنکەوتەیەکی ڕاستەقینەی سوننەتە سوننەتی پێش و پاش فەرزەکانی نەکردووە لە سەفەردا .

بەڵام زانایان جیاوازیان هەیە لە سوننەتێتی ئەم مەسەلە

[مجموع الفتاوى: (٢٣ / ١٢٨ ـ ١٢٩)] . وەرگێر : م.خليل

پ٧٠/ ئایا خوتبەی نوێژی جەژن یەك خوتبەیە یان دوو؟ وە ئایا نۆ (الله أكبر لەیەکەمیاندا و حەوت لەدووەمیاندا سوننەتە یان نا؟.

وەڵام :

خوتبەی جەژن یەك خوتبەیە، نەسەلماوە لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) لەجەژندا دوو خوتبەی خوێندبێ هەرچەندە حەدیسێکی لاواز هەیە ئیمامی شەوکانی لەکتێبی (نيل الأوطار)دا هێناویەتی کە پێغەمبەر (ﷺ) لەجەژندا دوو خوتبەی خوێندووە ئیمامی شەوکانی ئەڵێ : (قیاس) کردنی لەسەر خوتبەی جومعە پشتیوانی ئەو حەدیسە دەکات. بەڵام ئەوەی لە(بوخاری وموسلیم) دا هاتووە ئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) خوتبەیەکی بۆ پیاوان خوێند و پاشان بەجێی هێشتن و ڕۆشت خوتبەیەکی بۆ ئافرەتان خوێند .

کەوابوو ئەگەر ئافرەتان هەبوون خۆتیش پێت باشبوو خوتبەیان بەیت–وەلە فیتنەیان پارێزراو بوویت–ئەوە دروستەو خوتبەیان بۆ بخوێنە ، وەئەگەر دەستەواژە هەبوو بۆ گەیاندنی دەنگ وەك (بڵندگۆ) ئەوا باشترە، خوتبەی جەژن وەك هەموو خوتبەکانی تر بریتییە لەهاندان لەسەر چاکەو ترساندن لەخراپە و وریا کردنەوە لەخراپی داهێنراوەکان وەلەو کردەوانەی خەڵکی دەکەونە ناویەوەو پێچەوانەی

---

[١٢] صحيح سنن النسائي رقم: (٧٤٤) .

شەرعی خوایە و هاندانی خەڵك بۆ شتانێك شەرع هانمان دەدات بۆی ، کەوابوو لێرەوە زانرا وتەی ڕاست و دروست لەوتەی زانایان ئەوەیە : خوتبەی جەژن یەکەو (الله أکبر) کردن لەخوتبەکەیدا وەك دەکرێت لەپێغەمبەرەوە(ﷺ) نەسەلمێنراوە و نەهاتووە[1] .

پ ٧١ / ئایا ڕەوایە کرێکارانی کاربەدەست لە شوێنە خزمەتگوزاریە گەورەو بایەخدارەکاندا ، وەك : کارگەی پترۆکیمیاوییات ، یان کانگەی وزە (محطة الطاقة) دوا بکەون لە ئەنجامدانی نوێژی جومعەدا ، لە کاتێکدا ئەگەر ئامێرەکانیان ڕابوەستێنرێت ، و جارێکی تر بخرێنە کار تادەگەنە ئاستی پێویست بۆ بەرهەم هێنان زەرەرێکی گەورەی ئەوتۆی مادی لێ دەکەوێتەوە کە بە ملیۆنەها دۆلار دەخەمڵێنرێت کە کاریگەریان دەبێت لە سەر دەرامەتی کارگە نەتەوەیی یەکانی ئەو وڵاتەدا ؟ جا داواکارین وتەی خۆتمان لەو بارەیەوە بۆ بخەیتە ڕوو .

وەڵام:

ئەگەر ڕۆشتنتان بو نوێژی جومعە زەرەرێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە ئەوا ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەو کارەوە هەیە هیچیان لە سەر نی یە و بۆیان ڕەوایە نوێژی جومعە نەکەن ، وە لە جیاتی نوێژی نیوەڕۆ دەکەن ، بەڵام ئەبی کەمترین کەس بن کە کارەکەیان پێ هەڵدەسورێت ، هەروەها دەبێت بە شێوەیەك بێت جارێك ئەوان جارێکی تر کۆمەڵێکی تر ، بەڵام ئەگەر بە ڕۆشتنیان بۆ نوێژەکەیان زەرەر نەکەوێتەوە بەڵکو قازانجیان لە دەست دەردەچێت ، ئەوا پێویستە نوێژەکەیان ئەنجام بدەن ، لە بەر وتەی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی :

﴿ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ **[سورة الجمعة : ٩]** .

فتاوى الشيخ ابن العثيمين رحمه الله ، المجلد السادس عشر ، رسالة من الشيخ ابن العثيمين رحمه الله . **وەرگێڕ : مامۆستا خلیل أحمد**

---

(١) انظر : غارة الأشرطة لشيخ مقبل ج٢ل ٢٥١ . **وەرگێڕ : مامۆستا خلیل أحمد**

بەشی
زەكات و ماڵ بەخشین

پ٧٢/ مامۆستایانی خۆشەویست چاوتان ماچ دەکەم من ماوەیەك پێش ئێستا وتم ئەگەر لە تاقی کردنەوە دەربچم حەیوانێك سەردەبڕم ئایا دەبێ نەزرەکەم جێ بە جێ بکەم؟ ئایا دەتوانم خۆم یان ماڵەوەمان لێی بخۆین؟

وەڵام :

ئەوەی تۆ کردووتە نموونەیەکە لە نموونەکانی نەزر ئەوەش بزانە نەزر عیبادەتێکی کۆنە و لە مێژووی ئومەتەکانی تردا کراوە بەڵگەش لە قورئان هاتووە لەسەر دروستێتی وەك خوای گەورە دەفەرموێ :{وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُهُ } (٢٧٠) سورة البقرة

واتە : هەرشتێکتان بەخشی بێت یان هەر نەزر و بڕیارێکتان دابێت ئەوا خوا پێی دەزانێت .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم : (من نذر أن يطيع الله فليطعه ومن نذر أن يعصيه فلا يعصه) رواه البخاري ومسلم عن عائشة

نەزریش بریتی یە لە خۆپابەند کردن بە عیبادەتێکەوە کەواجب نیە لەشەرع دا وە واجبی دەکەیت لەسەر خۆت .

ئەوەش بزانە نەزر دەبێت بە دوو بەشەوە :

یەکەم : نەزری مشروط

دووەم : نەزری غیر مشروط

یەکەمیان : خۆپابەند کردنە بە شتێکەوە لە کاتی دەستکەوتنی نیعمەتێك یان نەمانی خراپەیەك وەك ئەوەی تۆ کردووتە زانایان ئەم جۆرەیان بە مەکروهـ داناوە ، بەڵام دەبێت وەفای هەبێت بە نەزرەکەیەوە و وە نەزرەکەی بکات .

دووەمیان : خۆپابەند کردنە بە شتێکەوە پێشی ڕوودانی شت یان ڕوونەدانی ئەمەش دەبێت وەفای هەبێت و بیکات .

وە بە شێوەیەکی گشتی نەزر واجبێکە مرۆڤ خۆی واجبی دەکات وەك زانایانی (ئوصول) دەڵێن : واجب دەبێت بە دوو بەشەوە بە پێی واجب کارە:

یەکەم : واجب بالشرع ، دووەم : واجب بالشرط

جا هەرکەسێك شتێك واجب دەكات لەسەر خۆی ئەوە خۆی دەزانێت چەندێكی واجب كردووە خۆ ئەگەر تەواوی ئاژەڵەكەی نەزر كرد نابێت لێی بخوات بەڵام ئەگەر تەنها مەبەستی سەربڕینی ئاژەڵێك بوو ئەوە دەتوانێت لێی بخوات .

پ٧٣/ ئایا (صرّاف) ئەوەی پارە گۆڕینەوە دەكات زەكاتی لەسەر بیدات؟ وە چۆن؟ خوای پەروەردگار پاداشتی خێرتان بداتەوە .

وەڵام :

ئەوانەی پارە دەگۆڕنەوە (صرّاف) لەبەر ئەوەی هەمیشە خاوەنی پارەن و پارەش حیسابی شتی كەوتوو نەفرۆشراوی بۆ ناكرێت پێویستە زەكاتی بدەن وە چۆنێتی زەكاتی پارە بریتی یە لە 2.5% بۆ هەر جۆرە دراوێك .

پ٧٤/ من فەرمانبەرم ماوەی چوار ساڵە بڕی چوار ملیۆن دیناری چاپی عێراقیم كۆكردۆتەوە بەمەبەستی ژنهێنان و دروست كردنی ماڵ ئایا ئەو پارەیە زەكاتی ئەكەوێت؟ وە لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا زەكاتی ئەو پارەیەم دەركردووە ، بەڵام ئێستاپێم دەڵێن پارەیەك بۆ ماڵ دروست كردن بێت زەكاتی ناكەوێت ئێستا نازانم چی بكەم تكایە وەڵام .

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

زەكات حوكمێكی شەرعییە و ناوێكە بۆ ئەو حەقەی مرۆڤ دەری دەكات لە ماڵ و سامانی خۆی لە مافی خوای گەورە بۆ هەژاران خوای گەورە دەفەرموێت : { خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا } (١٠٣) سورة التوبة

جا ئەم مافەی خوای گەورە بۆ هەژاران لەسەر موسڵمانی ئازادی خاوەن سامان كە گەشتبێتە ئەندازەی (نصاب) واتە : ڕێژەی واجب بوونی زەكات وە مەرجە ئەو ڕێژەیە (نصاب) زیاد بێت لەو پێویستیانەی مرۆڤ پێویستیان پێی هەیە ئەوانەی كە مرۆڤ ژیانی پێ بەسەر دەبات وەك : خۆراك و جلوبەرگ و سەیارە و ئامرازەكانی كاركردن وە ساڵێك بەسەر ئەو ڕێژەیەدا بڕوات شێوەی حیسابكردنیشی ئەوەیە كەی مرۆڤ بوو بە خاوەن ئەو ڕێژەیە ساڵێك حیساب دەكات جا ئەگەر كەسێك ماڵی نەبوو یان هەر پێویستیە لەوانە هەبوو یان ژنهێنان زەكاتی لەسەر نییە.

پ٧٥/ من پرسیارم تەنها ئەوەیە دەبێ لە جیاتی ئەو کەفارەتەی بۆ سوێند شکاندن بە خوا پارە بدەی بە فەقیرەکان لە جیاتی نانخواردنیان و جلوپۆشاك و ئازادکردنیان؟ وەبڕی پارەکە چەندە بێت ئەگەر بکرێت خوا جەزای خێرتان بداتەوە .

وەڵام :

کەفارەتی سوێند بە نان دان واتە (إطعام) دەکرێت وە دروست نییە بە پارە بدرێت چونکە ئەگەر ببوایە ئەو کاتە ئەوە حەڵاڵ دەکرا بە پارە بکرێت لە کاتێکا خەڵك پێویستیان بە پارە زیاتر بووە ، بەڵام هەر بە نان دان هاتووە ئەمەش بۆچوونی زۆربەی زانایانە .

بەشی : ڕۆژوو

﴿بریتی یە لە پرسیار و وەڵامەکانی ژمارە (٨) ی گۆڤاری ڕێگای ڕاست
و بەڕێز مامۆستا خلیل أحمد وەریگێڕاوە﴾

پ٧٦/ چۆن بزانین مانگی نوێمان بەسەردا هاتووە لە هەموو مانگەکاندا بۆ نموونە مانگی ڕەمەزان؟

وەڵام :

مانگی نویٰ دەرکەوتنی (هِلال) واتە: بینینی مانگی نویٰ پاش ئەوەی خۆر ئاوا بێت، ئەگەر دوای ئەوەی خۆرئاوابوو بینرا ئەوا بیٰ گومان دەچینە ناو یەکەم شەوی مانگی داهاتووەوە، ئەوەش بزانە لەم کاتەدا تەنها ئەوانە دەیبینن چاویان تیژە، بەلاٰم لە شەوی دووەمدا هەموو کەسێك دەتوانێت ببینێت، لەم شەوەدا ئاوابوونی مانگ نزیکەی سیٰ چارەك سەعات لە خۆر ئاوابوون دوا دەکەوێت، هەروەها لە نزیك شەوی سێیەمدا لە کاتی نوێژی خەوتنان (عشاء) ئاوا دەبێت، لە (نوعمان)ی کوڕی (بەشیر)ەوە سەلمێنراوە کە فەرموویەتی: (من زاناترین کەسم بەکاتی نوێژی خەوتنان (عیشا) (واتە: کاتی ئاوابوونی مانگی شەوی سێیەم لە مانگدا، واتە: دوای ئاوابوونی خۆر بەیەك سەعات و نیو ئەمەش کاتی نەمانی سورایی خۆرە (شەفەق) .

بەلاٰم ئەگەر مانگ بینرا زۆر نزیك بوو لە خۆر یان پێشی کەوتبوو ئەوە هی مانگی پێشووە، هەروەها ئەگەر هی کۆتایی مانگ بێت ئەوا لە ئاسۆدا بە شێوەی کەوانە دەبینرێت هەر دووسەری کەوانەیە ڕووی لە سەرەوە دەبێت، والله اعلم[١].

پ٧٧/ ئایا بۆ موسڵمانان دروستە بۆ گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان و شکاندنی لە کۆتایی مانگدا پشت بە حیسابی فەلەکی ببەستن یان هەر ئەبێت مانگ ببینن؟

وەڵام :

شەریعەتی ئیسلام شەریعەتێکی ئاسان و گشتییە حوکمەکانی بۆ هەموو عالەمی جن و ئادەمیزادە بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە ، زانا و نەزان و شاریی و دەشتەکییان، بۆیە خوای گەورە ڕێگەی زانینی کاتەکانی بۆ ئاسان کردوون ، وای کردووە بۆیان ، هاتن و تەواو بوونی کاتەکانی بۆ دیاری کردوون بە چەند نیشان و شتانێك هەموویان وەك یەك بیناسن و بزانن .

---

[١] جواب (الشيخ عبد الله بن عبد الرحمن بن جبرين) فتاوى رمضان : (١/٥٧) ترتيب أشرف عبد المقصود .

بۆیە ئاوابوونی خۆری بۆ کردوون بە نیشانێك بۆ هاتنی کاتی نوێژی ئێوارە (مغرب) و نەمانی نوێژی عەسر، هەروەها نەمانی سورایی پاش ئاوابوونی خۆری بۆ کردوون بە نیشانێك بۆ هاتنی کاتی نوێژی (عیشاء)، هەروەها بینینی مانگ دوای دیار نەمانی لە کۆتایی مانگی پێشوو بۆ کردوون بە نیشان بۆ دەست پێکردنی مانگی تازە و کۆتایی هاتنی مانگی پێشوو ، خوای گەورە تەکلیفی لێ نەکردووین ـ بۆ زانینی مانگی تازە ـ بە شتانێك کە کەسانێکی کەم دەیزانن وەك زانستی ئەستێرەناسی یان زانستی حیسابی فەلەکی ، بۆیە دەقەکانی قورئان و سوننەت ئەم بۆچوونە پشت ئەستوور دەکەن:

بینینی مانگی ڕەمەزان بەچاو نیشانەیە بۆ دەست پێکردنی ڕۆژوو گرتن، هەروەها بۆ جەژنی قوربان و ڕۆژی (عرفە)،

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ [البقرة: (١٨٥)]،

وە دەفەرمویت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ﴾[البقرة: (١٨٩)]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: ((إذا رأيتموهُ فصوموا، وإذا رأيتموهُ فأفطروا، فإنْ غُمَّ عليكم فأكملوا العدة ثلاثين))[٢].

پێغەمبەری خوا (ﷺ) جێگیر بوونی ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان و شکاندنی بە ستووە بە بینینی مانگەوە بە چاو نەك بە حساب و بەدواگەڕانی ئەستێرەکانەوە، بەمەش کارکراوە لە کاتی پێغەمبەر (ﷺ) و کاتی هەر چوار خەلیفەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و چوار پێشەوای بەناوبانگ و سێ سەدەی شایەتی بۆ دراوە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) بە فەزڵ و چاکە .

کارکردن و گەڕانەوە لەم مەسەلەیەدا بە زانستی ئەستێرەناسی بیدعەیە و خێری تێدا نییە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە ، بۆیە وڵاتی سعوودیە بەوە کار دەکات کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێشینە پیاو چاکان لەسەری بوونە ، بەڕاستی لە دینداریدا خێر لەوەدایە شوێنی پێشینە پیاو چاکەکان بکەویت و هەموو خراپەیەکیش لە شوێنکەوتنی بیدعەدایە[٣].

---

[٢] صحيح البخاري رقم: (١٩٠٠) .

[٣] وەڵامی لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا،لە کتێبی: فتاوى رمضان: (١ /٦٠. ٦١)

پ٧٨/ ئایا حوكمی موسافیر لە ڕەمەزاندا شـۆفێری ئۆتۆمبیلـەكان دەگرێتـەوە لـە سـەفەردا لـە كاتێكدا بەردەوام لە سەفەردان؟

وەڵام :

بەڵێ حوكمی سەفەریان لەسەردا دێت ، بۆیان هەیـە نوێـژ كـورت بكەنـەوە و كۆبكەنـەوە و بـە ڕۆژووش نەبن.

ئەگەر كەسێك بڵێت: ئەی كـەی ڕۆژوو بگـرن لـە كاتێكـدا بـە درێـژایی سـاڵ ئەمـە كاریانـە؟ لـە وەڵامـدا ئەڵێین: لە ڕۆژانی زستاندا با ڕۆژوو بگرن لەبەر ئەوەی ڕۆژەكانی كورت و ساردن، بەڵام ئەو شۆفێرانەی لـە ناو شاردا كار دەكەن ئەم حوكمەیان نییە و واجبە بە ڕۆژوو بن[٤].

پ٧٩ / ئایا دروستە بۆ ئافرەتان داو و دەرمان بەكار بهێنن بۆ قەدەغە كردنی خوێنی (حیض) لە ڕەمەزاندا یان نا؟

وەڵام :دروستە ئافرەتان داو و دەرمان لە ڕەمەزانـدا بـەكار بهێـنن بـۆ قـەدەغـە كردنـی خـوێنی (حیض) بەمەرجێك پزیشكی متمانە پێكراوی پسپۆڕ یان كەسانی شارەزا ئەوە بسەلمێنن كە هیچ زیانی بۆیان نییە و هیچ كاریگەری بۆ سەر منداڵدانی نییە ، چاكتر وایـە بـۆ ئافرەتـان ئەمانـە بـەكار نـەهێنن چونكە خـوای گەورە حەڵاڵی كردووە بۆیان ڕۆژوو نەگرن و لە كاتێكی تردا قەزای بكەنەوە[٥].

پ٨٠/ ئایا بۆ ئافرەتی حامل و شیردەر دروستـە بە ڕۆژوو نـەبن لـە ڕەمەزانـدا؟ ئایا واجبـە لەسەریان قەزای بكەنەوە یان (كەفارەت)یان لە سەرە؟

وەڵام :

(ئافرەتـی سك پڕ و شـیردەر ئەگـەر لـەخۆیان و منداڵـەكانیان بترسـن بـە ڕۆژوو نـابن و هـەموو ڕۆژێـك خواردنی هەژارێك دەدەن، بەڵگەی ئەوەیش لە كتێبی خوای پەروەردگار دا:

---

[٤] جواب الشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله، فتاوى رمضان: (٢ / ٣٣٣ . ٣٣٤).

[٥] وەڵامی لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا، لە كتێبی: فتاوى رمضان: (١ / ٣٥٤) .

﴿ وَ عَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ﴾، ڕووی هەڵێنجاندی بەڵگەش (وجة الإستدلال) ئەوەیە كە ئەم ئایەتە تایبەتە بە پیاو و ئافرەتی پیر و نەخۆشێك كە هیوای چاك بوونەوەی لێ نەكرێ و شیردەر و سك پڕ ئەگەر لە خۆیان و منداڵەكانیان بترسن، هەر وەكو باسەكە ئاشكرا دەكرێت لە ڕیوایەتەكانی (ابن عباس) و (ابن عمر)ەوە (رضي الله عنهم)...

(ابن عباس رضي الله عنه) فەرموویەتی: ((... وَثَبَتَ لِلشَّيْخِ الْكَبِيرِ وَالْعَجُوزِ الْكَبِيرَةِ إِذَا كَانَا لا يُطِيقَانِ الصَّوْمَ، وَالْحُبْلَى والمرْضِعُ إِذَا خَافَتَا أَفْطَرَتَا وَأَطْعَمَتَا كُلَّ يَوْمٍ مسْكِيْنَا))[٦].

واتە: ... وە ئەوە جێگیر بوو كە پیاو و ئافرەتی پیر ئەگەر توانای ڕۆژوویان نەبێ و ئافرەتی سك پڕ و شیر دەریش ئەگەر لە خۆیان و منداڵەكانیان ترسان بە ڕۆژوو نابن و بۆ هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن ...

(ابن عباس) (رضي الله عنه) ئەم حوكمەی داوە بۆ ئافرەتی سك پڕ و شیردەر، باشە لە كوێوە ئەم حوكمەی داونەتێ؟ گومان لەوە دا نییە كە لە سوننەتەوە، بە تایبەت خۆی بە تەنها ئەمەی نەفەرمووە، بەڵكو (عبدالله بن عمر) (رضي الله عنه) هاو دەنگە لە گەڵی دا كە دەگێڕێتەوە ئەم ئایەتە (مەنسوخە) .

لە (مالك) ەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە (نافع)ەوە كە (ابن عمر) (رضي الله عنه) پرسیاری لێ كرا دەربارەی ئافرەتی سك پڕ ئەگەر لە منداڵەكەی ترسا، فەرمووی:

" تُفْطِرُ وَتُطْعِمُ مَكَانَ كُلَّ يَوْمٍ مسْكِيْنَاً مُدَّاً مِنْ حنْطَة "[٧]، واتە: ڕۆژوو ناگرێت و بەرامبەر بە هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدات بە گوێل(مُدّ)یك لە گەنم .

---

[٦] أخرجهُ ابن الجارود رقم: (٣٨١) ، والبيهقي: (٤/٢٣٠)، وأبو داود رقم: (٢٣١٨)،وسندهُ صحيحٌ .

وثبت عنه أنه قال: ((إذا خافت الحامل على نفسها، والمرضع على ولدها في رمضان، قال: يفطران ويطعمان مكان كل يومٍ مسكيناً، ولا يقضيانِ صوماً)) صحيح عزاهُ الشيخ الألباني في "الإرواء" (١٩ / ٤) إلى الطبري (٢٧٥٨) وقال إسنادهُ صحيح على شرط مسلم . نقلاً عن "الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز" ص : (١٩٩) .

واتە: ئەگەر ئافرەتی سك پڕ (حامل) ترسی لەسەر خۆی هەبوو، وە ئافرەتی شیردەر ترسی لەسەر منداڵەكەی هەبوو لە ڕەمەزاندا ئەوا بە ڕۆژوو نابن و لە جیاتی هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن، و ڕۆژوو قەزا ناكەنەوە .

[٧] أخرجهُ البيهقي في "سننه": (٤/٢٣٠) من طريق الإمام الشافعي، وسندهُ صحيحٌ.

وه له (ابن عمر)هوه(ﷺ) دهیگێڕینهوه كه فهرموویهتی:

(الحَامِلُ وَالمرْضِعُ تُفْطِرُ وَلا تَقْضِي)[٨]. واته: ئافرەتی سك پڕ و شیردەر ڕۆژوو ناگرێت و قەزاشی ناكاتەوە.

وه له ڕێگەیەكی تـرەوە: (أنَّ امْرَأتَهُ سَألَتْهُ وَهْيَ حُبْلَى، فَقَالَ: أَفْطِرِي وَأَطْعِمي عَنْ كَلِّ يومٍ مسْكِيْنَاً وَلا تَقْضي) (إسناد)ەكەشـی (جيد)ە، وه لـه ڕێگـەی سـێیەمـەوە هـەر لـەوەوە(ﷺ): (أنَّ بِنْتَاً لَهُ كَانَتْ تَحْتَ رَجُلٍ مِنْ قُرَيْش، وَكَانَتْ حَامِلاً، فَأَصَابَهَا عَطَشٌ في رَمَضَان، فَأَمَرَهَا أَنْ تُفْطِرَ وَتُطْعِمَ عَنْ كُلِّ يَوْمٍ مسْكِيْنَاً ...).

له (ابن عباس) هوه(ﷺ) دهگێڕنهوه كه یهكێك ـ لهو كهنیزەكانەی كه منداڵی لێـی هـەبوو (أم ولد) ـ به سك پڕی یان شیردەری بینی و فەرمووی:

(أَنْتِ مِن الَّذينَ لا يُطِيْقُونَ ، عَلَيْكِ الجَزَاءُ ، وَلَيْسَ عَلَيْكِ القَّضَاءُ)[٩].

واته: تۆ لەوانەی كە توانای ڕۆژوویان نییە، فیدیەدانت لە سەرە نەك قەزا كردنەوە

پ٨١ / ئەگەر هاتوو پیاو لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژ ماچ یان دەسبازی لەگەڵ خێزانی خۆی كرد ئایا ڕۆژووەكەی بەتاڵ دەبێتەوە یا نا؟

وەڵام : ماچ كردن و دەسبازی پیاو لە گـەڵ خێزانیـدا بـە بـێ جیمـاع كـردن لـە كاتێكـدا بـە ڕۆژوو بێـت دروستە و هیچی تێدا نییە، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) ماچی خێزانی دەكرد و یـاری لـە گـەڵ دەكـرد، بـەڵام ئەگەر ترسا بكەوێتە حەرامەوە لە بەر ئەوە شەهوەتی بەرز بوو مەكروهە ئەو شـتانە بكـات، ئەگـەر (مَني) دابەزی ئەبێت خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە و جماع تـا ئێـوارەی ئـەو ڕۆژە، پاشـان ئـەو ڕۆژە بگرێتەوە و (كفارە)ی لەسەر نییە لای زۆربەی زانایان، بـەڵام (مَذي) ڕۆژووی پـێ بـەتاڵ نابێتـەوە لـە ڕای پەسەندكراوی زانایاندا، چونكە ئەسـڵ ئەوەیـە ڕۆژووەكـە تـەواو بێـت و بـەتاڵ نەبێتـەوە، هـەروەها گرانـە ئادەمیزاد خۆی لەو كارە بپارێزێت[١١].

---

[٨] أخرجهُ الدارقطني: (١ / ٢٠٧) وصَحَّحَهُ .

[٩] أخرجهُ الدارقطني: (١ / ٢٠٧).

[١١] جواب (الشيخ ابن باز رحمه الله)، فتاوى رمضان: (٢ / ٤٥٢) .

پ٨٢/ پرسیار کرا لە شێخ محمد بن صالح العثمین دەربارەی ڕۆشتنی خوێن لە ڕۆژووان ئایا ڕۆژوو دەشکێنێت؟

وەڵام :

ئەو خوێن ڕۆشتنەی بە هۆی ددانەوە دروست دەبێت هیچ زیانێکی بۆ ڕۆژووەکە نییە، بە مەرجێك هەوڵ بدات خۆی بپارێزێت لە قوتدانی ئەو خوێنە چونکە دەرچوونی خوێن بەبێ ویستی مرۆڤ بە یەکێك لەوانەی ڕۆژوو دەشکێنێت ناژمێردرێت، کەسێك ئەم حاڵەی بەسەر هات واجب نییە ڕۆژووەکەی قەزا بکاتەوە[١٢].

پ٨٣/ حوکمی ئەو کەسە چییە کە بە ڕۆژووە و خوێنی لێ وەردەگیرێت بەمەبەستی شیکاری خوێن؟

وەڵام :

ئەم جۆرە شیکاریانە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە، بەڵکو بواری پێدراوە، چونکە ئادەمیزاد پێویستی بەم جۆرە شیکاریانە هەیە، ئەنجا لەو شتە ئاشکرایانە نییە کە ڕۆژوو دەشکێنن لە شەرعدا[١٣].

پ٨٣/ پرسیار کراوە لە شێخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی بەکارهێنانی دەرزی لە دەمار (وَرید) **و** (عضلة)، **جیاوازی بۆ ڕۆژووان چییە؟**

لە وەڵامدا دەفەرمووێت: ئەوەی پەسەندە ڕۆژوو ناشکێنن، تەنها ئەوەی ڕۆژوو دەشکێنێت دەرزی (مُغذي)یە[١٤]...

پ٨٤/ پرسیار کراوە لە شێخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی حوکمی هەڵگرتنی دەرمان لە کۆمەوە (الحقنة الشرجية) **بۆ ڕۆژووان لە کاتی پێویستیشدا؟**

---

[١٢] جواب (الشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله)، فتاوى رمضان: (٢ / ٤٦٠) .

[١٣] جواب (الشيخ ابن باز رحمه الله)، فتاوى رمضان: (٢ / ٤٦٥) .

[١٤] **بڕوانە**: فتاوى رمضان: (٢ / ٤٨٥) .

لە وەڵامدا دەفەرمووێت: لە وەڵامی پەسەندکراوی زانایاندا بۆ نەخۆش ئەگەر پێویستی پێی هەبوو دروستە ئەمە هەڵبژاردەی شێخی ئیسلام (ابن تیمیة)یە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان، چونکە وەکو خواردن و خواردنەوە نییە [15].

پ٨٥/ پرسیار کراوە لە شێخ محمد بن صالح العثمين **(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی قەترەی چاو و لووت هەروەها چاوڕەشتن و قەترەکردنە گوێ ئایا ئەمانە ڕۆژوو دەشکێنن؟**

لە وەڵامدا دەفەرموێت: قەترەی لووت ئەگەر بگاتە گەروو یان قورگ ئەوا ڕۆژوو دەشکێنێت پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەی (لقيط)ی کوڕی (صبرة)دا دەفەرموێت: ((بالِغْ في الاستنشاق إلاَّ أنْ تكونَ صائماً))[16].

کەوابوو بۆ ڕۆژووان دروست نییە قەترە بکاتە لووتی ئەگەر بگاتە گەروو یان قورگی، وە ئەگەر نەگاتە قورگی یان گەرووی ئەوە ڕۆژوو ناشکێنێت.

بەڵام قەترەی چاو و چاوڕەشتن و قەترەی گوێ ئەوا ڕۆژوو ناشکێنن، چونکە بەڵگەی لەسەر نەهاتووە بە تایبەت و هیچ دەقێکیش نەهاتووە بیانگرێتەوە ، هەروەها چاو دەرگا و کونێك نییە بۆ خواردن و خواردنەوە، هەروەها گوێچکەش.

زانایان وتویانە: ئەگەر مرۆڤ هەردوو پێی بەشتێك چەور بکات تامی ئەو شتەش لە قورگی دا هەست پێ بکات ڕۆژووەکەی ناشکێت، چونکە دەرگای چوونە ژوورەوەی خواردن نییە، کەوابوو ئەگەر کل بکاتە چاوی یان قەترە بکاتە چاوی یان گوێی ڕۆژووەکەی ناشکێت ئەگەر لە قورگیدا هەست بەتامی نەکات .

هەروەها خۆی چەورکات بە ڕۆنێك بۆ چارەسەری یان بۆ مەبەستی چارەسەریش نەبێت هیچ زیانێکی نییە، یان ئەگەر هەناسەی کورت بێت ئەتوانێت (بەخاخ) بەکاربهێنێت بۆ ئاسانکردنی هەناسەی ئەوە ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە ناگاتە گەرووی، وە خواردن و خواردنەوەش نییە، والله أعلم[17] .

پ٨٦/ پرسیار کرا لە شێخ صالح الفوزان ئایا بۆ ڕۆژووان دروستە (معجون)ی ددان بەکاربهێنێت لە ڕۆژەکانی ڕەمەزاندا؟

---

[15] **بڕوانە:** فتاوى رمضان: (٢ / ٤٨٥) .

[16] صحيح أبي داود رقم: (١٤٢) و (١٤٤) .

[17] **بڕوانە:** فتاوى رمضان: (٢ / ٥١١) .

لە وەڵامدا دەفەرموێت: بەڵێ بۆ ڕۆژووان دروستە بەکاری بهێنێت لەگەڵ ئاگاداریدا کە هەندێك لەو گیراوەیە بچێتە ناو قورگیەوە، سوننەتە دانەکانی پاك بکاتەوە بە سیواك و شتی تر جگە لە سیواك، بە شتانێك نەگاتە قورگی، هەروەها دروستە ئاو هەڵدات بە دەمیدا بۆ دەست نوێژ بەمەرجێك زیادە ڕەووی نەکات بۆ ئەوەی نەچێتە ژوورەوە[١٨].

پ٨٧/ پرسیار کراوە لە شێخ محمد بن صالح العثمين **(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی غوسڵی لەشگرانی دوای دەرکەوتنی فەجر بۆ ڕۆژووان؟**

لە وەڵامدا فەرموویەتی: ئەڵێین دروستە و ڕۆژووەکەشی تەواوە، چونکە هیچ گوناهی تێدا نیە کەسی ڕۆژووان دەست بە ڕۆژووگرتن بکات لە کاتێکدا لەشی گران بێت با فەجریش دەرکەوێت، بەڵێ هیچی لەسەر نیە و پاشان خۆی دەشوات، بۆ لەشگرانی پێغەمبەر (ﷺ) فەجری بەسەردا دەهات لە کاتێکدا لەشی گرانبوو لە خێزانەکانی ئەنجا خوسڵی دەکرد و ڕۆژووەکەشی بەسەر دەبرد.

ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی گومانی تێدا نیە دروستە بۆ ئێمەش، چونکە ڕابەر و سەرمەشقی ئێمەیە، هەر شتێك ئەو بیکات موسوڵمانان شوێنکەوتەی ئەون لەو شتەدا مەگەر بەڵگە تایبەتی بکات بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) [١٩].

پ٨٨/ ئایا ڕۆژووی شەش ڕۆژی مانگی شەوال پێویستە ڕاستەوخۆ دوای ڕۆژی چەژنی ڕەمەزان بگیرێت یان دەتوانرێت چەند ڕۆژێك دوای جەژن ئەنجام بدرێت بەیەکەوە واتە یەك لەدوای یەك؟

وەڵام / واجب نیە ڕاستەوخۆ دوای ڕۆژی جەژن ئەنجام بدرێت، بەڵکو دروستە دوای جەژن بە ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك لەسەر یەك (مُتتالي) یان بە لە یەك جیا (متفرق) لە مانگی (شەوال)دا بگرێت چۆن بۆی ڕێککەوت، مەسەلەکە فراوانە، ئەنجا حوکمی سوننەتە واجب نیە[٢٠].

---

[١٨] **بڕوانە**: فتاوى رمضان: (٢ / ٤٩٦) .

[١٩] **بڕوانە** : فتاوى رمضان : (٢ / ٥٤٧) .

[٢٠] **بڕوانە** : فتاوى رمضان : (٢ / ٦٩٣) .

پ٨٩/ دكتۆرەكان دەڵێن : كەمخواردن جنس زیاد دەكات لەكاتێكدا خوای گەورە دەفەرمویت (من استطاع منكم الباءة فليتزوج ....) چۆن قسەی زاناكان و خوای گەورە لێك دەدەنەوە؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

دەقی (من استطاع منكم الباءة فليتزوج ومن لم يستطع فعليه بالصوم...) فەرموودەیەكی (صحيح)ە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم نەك وتەی خوای گەورە بێت ، بەهەر حاڵ وتەیەكی ڕاست و دروستە دەبێ وەك موسوڵمان باوەڕمان پێی هەبێت ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە شتێكی واقعی یە زۆر خواردن ئارەزووی سێكسی لە مرۆڤدا زیاد دەكات ، مەبەستیش ئارەزووی خراپ واتە حەزكردن لەحەرام ، واتە حەز و ئارەزوویەك كۆنترۆڵ نەكرێت بۆیە زانایان وتویانە (من ضبط بطنه ضبط دينه) واتە : هەركەس سكی خۆی كۆك بكات دینی خۆی كوك كردووە .

یان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (ما ملأ ابن آدم وعاءً شراً من بطنه) واتە ئادەمیزاد هیچ دەفرێكی پڕ نەكردووە خراپتر بێت لە سكی .

ئەنجا من ئەڵێم بۆ كەسێك هەیە نەزانێت زۆر خواردن خراپە و ئارەزووی خراپی سێكس زیاد دەكات ئەی قسەی دكتۆرەكان چی ؟ ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێت مرۆڤی كەمخۆر توانای سێكسی ڕێك و بەهێز دەبێت ئێمەش ئەڵێین ڕاستە كەوابوو جیاوازی لەوەدایە زۆر خۆری ئارەزووی بێ سەرو بەر و خراپ دروست دەكات هەر وەك چۆن بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی كردووە بە ژن هێنان ، كەوابوو ئاینی پیرۆزی ئیسلام سێكسی دروست نامرێنێ ، بەلاّم ئەو سێكسەی زیان بەخش بێت چارەسەری دەكات ئەوەش بزانە نە ئیسلام و نە دكتۆرەكان ناڵێن ئەوەندە كەم بخورێت لە ئاستی سروشتی دابەزێت ، كەوابوو وتەی دكتۆرەكان باس لە خواردنی سروشتی دەكات ئەوەی كە مرۆڤ پێویستی پێیەتی ئیسلامیش ئەوە قەدەغە دەكات كە لەو ئاستە زیاترە ئەوەش لەبەر ئەوەیە مرۆڤ حەز و ئارەزووی ناڕێكی بۆ دروست دەبێت .

بەشی : زەواج و تەڵاق

و

ئەو باسانەی تایبەتن بە ژیانی ژن و مێردایەتی

پ٩٠/ ئایا دروستە ژن و پیاو ئەندامی زاوزێی یەکتر بمژن و بیلێسنەوە؟ وە ئایا خواردنی مەنی پیاو دروستە وە ئایا پاکە؟وەئایا دروستە مەمکی خێزانت بمژی یان شیرەکەی بخۆی؟

وەڵام :

مەسەلەی مژین یان لێسینەوەی ئەندامی نێرینە بۆ ئافرەت وە بە پێچەوانەوە ئەڵێم:

بەداخەوە هەموو ئەوەی ئێمە زانیومانە لەشارستانی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە فیترەت لەناوبدرێ و دژی کار بکرێت وە بەدوای ئەوانەدا بگەڕێن کە قەدەغە و کارێکی زیانبەخشە لەهەواو ئارەزوو چێژ وەرگرتن ی نادروست لە ژێر دروشمی ئازادی و سەربەستی مرۆڤ ، ئێمەی موسڵمانیش بەنەزانیەوە لەهەمو شتێکدا لاساییان دەکەینەوە وەك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (لتتبعن سننَ من قبلكم شبرًا بشبرٍ ، وذراعًا بذراعٍ ، حتى لو سلكوا جحرَ ضبٍّ لسلكتموه . قلْنا : يا رسولَ اللهِ ، اليهودُ والنصارى ؟ قال : فمن) البخاري .

واتە " شوێن ڕێچکەو ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان ئەکەون بست بە بست و باڵ بە باڵ بەشێوەیەك ئەگەر هاتو ڕۆشتنە کونی بزن مژەکێکەوە شوێنیان دەکەون " ، فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستت گاور و خاچ پەرستانە ؟ فەرمووی : " ئەی کێم مەبەستە ؟ "

جا بۆ ئەم بابەتەی خۆمان ئێمەی موسڵمان لە فەرهەنگ و کەلتور و تێگەشتنی پێشینانمان بۆ قورئان و سوننەت شتی وامان نەبووە هەرگیز ڕەوشتی موسڵمانان بەژن و پیاوەوە لەوە بەرزتر بووە لە هیچ سەردەمێکدا لە مێژووی ئیسلام موسڵمانان حەوەجێیان بەشتی وا نەکەوتووە لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمەشتێکی نامۆیە و دوورە لە ئاکاری ئیسلامی بەڵکو خوای گەورە فەرمان پێ دەکات بەو جێگایەی کە خوا خۆی فەرمانی پێ کردووە وەك دەفەرموێ: ﴿ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ ﴾ (٢٢٢) سورة البقرة .

واتە : جا کاتێك پاك و خاوێن بوونەوە و خۆیان شت بچنە لایان بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی داوە . مەبەستی ئەم برگەیە (بەو شێوەیەی کەخوا فەرمانی داوە) سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وە تێگەشتنی هاوەڵان و پێشەوایانی ئیسلام ڕەحمەتی خوایان لێ بێ ئەم کارەی تیا نەبووە بەڵکو شوێنی تایبەت بۆ چونە لای ئافرەت ئەوەیە کە خوا دیاری کردوە بۆیە ئیمامی قرطبي لەتەفسیرەکەیدا ئەفەرموێ : (وذكر الحرث يدل على أن الإتيان في غير المأتي محرّم) بەرگی ٣ لاپەرە ٩٣ – واتە : باسکردنی کێڵگە لە ئایەتەکەدا کە دەفەرموێ : ﴿ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ ﴾ (٢٢٣) سورة البقرة

واتە : جا بەهەرشێوەیەك دەتانەوێت تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە ئەوە بەڵگەیە کە چونە لای ئافرەت جگە لە شوێنی تایبەت حەرامە .

ئەمە وەکو تێگەشتن و کاری موسڵمانان لە مێژووی ئیسلامدا ئەمما وەکو خودی ئەو کارە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لای پسپۆڕان لە زانایانی پزیشکی چونکە ئەگەر زیانی هەبوو بەئافرەتەکە یان بە پیاوەکە یان بەهەردووکیان ئەوکاتە حەرام دەبێت چونکەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (**لا ضرر ولا ضرار**)أخرجه مالك والحاكم والبيهقي والدارقطني وابن ماجه وصححه الألباني في صحيح سنن ابن ماجه . **واتە** : زیان گەیاندن بە غەیر دروست نییە لەسەرەتا، وە دروستیش نییە زیان بە زیان وەڵام بدەیتەوە .

ئەمەش پێویستە پسپۆڕان دیراسەی بکەن بزانن زیانی لێ دەکەوێتەوە یان نا چونکە بەڕاستی ئەگەر شتێکی باش بوایە قورئان و سوننەت باسیان دەکرد یان هاوەڵان دەیانکرد یان ئەگەر حەلاڵ بوایە لە مێژووی موسڵماناندا شتێکی باو دەبوو ئەوەش بزانە چەندین لێکۆڵینەوە و دیراسات هەن کە هەندێ نەخۆشی هەن هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ (سێکسی دەم) (الجنس الفموى) بۆ نموونە : دیراسەیەکی فەرەنسی ئەوەی سەلماندوە کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان (وەرەم سەرەتان) و سێکسی دەمدا ئەو دیراسەیە ئەوەشی ئاشکراکردووە بەبەڵگەی بەهێز کە پەیوەندی توند هەیە لە نێوان خانەی سەرەتانی لەدەمدا لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو کارە قێزەونە لە فیترەتی مرۆڤدا ، و دەمێکە زانایان گومانیان بۆ ئەوە دەچێ کە پەیوەندی لە نێوان جنسی دەم بە هۆی گواستنەوەی (ڤایرۆس)ە وە بۆ منداڵدان کە دەبێتە سەرەتانی منداڵەکە ئەو (ڤایرۆس)ە ش ناسراوە بە (ئێچ پی ڤی) وە ئەگەری جۆری تر لەسەرەتان، وە گۆڤاری (نیوسنستف)ی زانستی تایبەت لەم بوارەدا یەکێك لە بارترین ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی تۆمار کردووە کە ئەمە کورتەکەیەتی : (سێکسی دەم لەوانەیە مرۆڤ دوچاری شێرپەنجەی دەم بکات بە ئاماژەکردن بە دیراسە و لێکۆڵینەوەیەك ئەنجامدراوە لەسەر نزیکەی –١٦٠٠– هەزارو شەش سەد کەس نەخۆش توشبوو بە شێرپەنجەی دەم لە ئەورووپا و کەنەدا و ئوسترالیا و سودان وکوبا بەراورد لەگەڵ –١٧٠٠– کەس لەوانەی لەش ساغن لەئەنجامدا لێکۆڵەرەوەکان لە وەکالەی نێو دەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە نەخۆشی (سرطان) ئەوەیان دەستکەوتووە و دۆزیوەتەوە لە شاری –لیون– لەفەرەنسا کە بوونی ڕێژەی جۆرێك لە جۆرەکانی ڤایرۆس ناسراو بە hpv لای ئەو نەخۆشانەی کەشێرپەنجەی دەمیان هەیە ئەوانەی سێکسی دەم بەکاردەهێنن زیاترە لە سێ بەرامبەر بەوانەی ئەو جۆرە سێکسە بەکارناهێنن)

وە هەمان گۆڤار ئەوەی تۆمار کردووە کە ئەم جۆرەڤایرۆسە کە ناسراوە بە (HPV16) لای کەسانی لەش ساغ نییە . هەروەها گۆڤاری بەریتانی ئەوەی ئاشکرا کردووە کەلێکۆڵەرەوەکان لەو بڕوایەدان کە (مژینی ئەندامی پیاو) و لێسینەوەی ئەندامی زاوزێی ژن لەوانەیە ئەنجامدارەکانی دوچاری (وەرەم) بکات لە دەمدا . (رائیل فنیری) پسپۆڕ لە ڤایرۆس و یەکێکە لە هاوکارانی ئەم دیراسەیە ئەڵێ : هاوڕێیان و هاوکارانم گەشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو دیراسەتەی کردوویانە هەموو مرۆڤەکان قایل دەکات بە ئەنجامەکەی .

جا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پێویستە لەسەر موسڵمانان لە خوابترسن و شوێنی هەنگاوەکانی گاور و جولەکە نەکەون وە پێویستە شوێنی فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وە تێگەشتنی هاوەڵان بکەون .

وە ئەو برگەیەی کە دەڵێ ئایا پاکە ؟ ئەگەر مەبەست لە خودی ئەندامەکان بێت ئەوە پاکە بەڵام ئەو شتانەی لەو دوو ئەندامەوە دەردەچن زانایان ئەڵێن هەموو ئەو شتانەی لە ئەندامی ئافرەتەوە دەرئەچێ دروست نیە دەمی پێوە بدرێت بەڵام بۆ ئاو (منی) پیاو زانایان راو بۆچونی جیاوازیان هەیە رای پەسەند ئەوەیە دروست نییە بۆ مەسەلەی خواردنی (مەنی)پیاوەکە هەندێ لەزانایان خودی ئاوەکە بە پاك دادەنەن – دوو رای جیاواز هەیە ئەوەی کە دروست و بەناوبانگە ئەوەیە کە دروست نیە (ئاوی پیاو) بوخورێتەوە . بڕوانە کتێبی المجموع هی ئیمامی نەوەوی لە زانایانی شافعی مەزهەب .

وە بۆ مەسەلەی مەمك مژینی ئافرەت دروستە هیچ ڕیگرێکمان نیە بۆ قەدەغەکردنی بەڵام نابێت زیادەڕەوی تیا بکرێت وە ئازاری ئافرەتەکە بدرێت بەوەی برینداری بکات وە خوێنی برینەکە بخوات ، و پێویستە لەسەر پیاوان خۆیان بەدوور بگرن لەو سێکسانەی لە ئاستی پیاوەتی دایان دەبەزێنێ ، و نابێ لەشیری مەمکی خێزانەکەی بخوات ، و ئەگەر ئەندازەیەکی کەم ڕۆشتە دەمی پیاوەکەوە ئەوە هیچ شتێك ڕونادات ، بەڵام وا چاکترە موسڵمانان خۆیان لەم جۆرە زیادەڕەویانە بپارێزن.

پ٩١/ ئایا جووت بوون لەگەڵ خێزانی خۆت لەکاتی عادەی مانگانە تاوانە؟

وەڵام :

جووت بوون لەگەڵ ئافرەت لەکاتی عادەی مانگانە تاوانە و کارێکی خراپە یەکێکە لەتاوانە گەورەکان خوای گەورە دەفەرموێ : [وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ]سورەتی البقرة ئایەتی ٢٢٢ .

پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (إصنعوا كل شيءٍ إلا النكاح) رواه الجماعة إلا البخاري وفي لفظ (إلا الجماع) **وە ئەفەرموێ** : (من أتى حائضاً أو امرأة في دبرها أو كاهناً فقد كفر بما أنزل على محمد) رواه الترمذي و أبو داود وابن ماجه وغيرهم وصححه الألباني . **واتە : هەر کەسێك بچێتە لای ژنەکەی لە کاتی حەیزدا ، یان لە کونی دواوە ، یان بچێت بۆ لای جادووبازێك و قسەکەی بە ڕاست بخاتەوە ، ئەوا کوفری کردووە و بێباوەڕ بووە بەوەی کە دابەزیوەتە سەر (محمد** صلى الله عليه وسلم) .

واتە : کوفری بچووك ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تاوانێکی گەورەیە کەوابوو هەرکەسێ بەئەنقەست و بزانێت حەرامەو ئەو کارە بکات ، ئەوە تاوانێکی گەورەی کردووە پێویستە تەوبەی لێ بکات و ئەبێت (كفارة)**ەکەی بدات ، کە بریتی یە لە یەك دیناری زێڕ ئەگەر لە پێشەکی بێ نوێژییەوە بوو وەئەگەر لە کۆتایی بێ نوێژییەوە بوو نیو دیناری زێڕ . ابن عباس خوای لێ ڕازی بێ ئەم حوکمەمان لە پێغەمبەرەوە** صلى الله عليه وسلم **دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی** : (يتصدق بدينار أو نصف دينار) رواه أبو داود و النسائي وابن ماجه و صححه الألباني .

ئەوەی کە وتمان ئەگەر لەپێشەکی بێ نوێژییەوە بوو یان لە کۆتایی لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی : (إن أصابها في فور الدم تصدق بدينار وإن كان في آخره فنصف دينار) صحيح . **بڕوانە کتێبی** الإرواء (٢٠٢) .

ڕوونکردنەوە : یەك دینار زێڕ واتە : پێنج گرام ئاڵتون .

بۆ ئەوەی بزانین پێنج گرام چەنێك پارە دەکات پێویستە X٥ **نرخی یەك گرام ئاڵتون بکەین = ئەو پارەیەی کە پێویستە بدرێت بە هەژاران لە بری کەفارەتی کردنی ئەم تاوانە.**

پ٩٢/ حوکمی صیغە یان هاوسەرێتی بۆ ماوەیەکی کەم چیە؟ بە دەلیلی شەرعی و عەقلی وەڵامم بدەنەوە جزاكم الله خيرا:

وەڵام :

زەواجی سیغە یان کاتی زانایان پێناسەیان کردووە بەم شێوەیە کە بریتیە لە : (زەواجی کات بۆ دانراو بە زەمانێکی زانراو یان نەزانراو کە کۆتایەکەی ٤٥ ڕۆژە کە ئەو زەواجەیە هەڵدەوەشێتەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی حەیزیان نەماوە بەو کاتە وە بە دوو حەیز بۆ ئەو ئافرەتانەی دەکەونە حەیزەوە وە چوارمانگ و دەڕۆژ بۆ ئەو ئافرەتانەی (سیغە)کرابن ، بەڵام پیاوەکانیان بمرن حوکمی ئەم زەواجە تەنها ئەو مارەیەی پێ دەدرێت کە بەمەرج گیراوە وە هیچ نەفەقەیەکی نادرێتێ و نە میرات وەردەگرێت وە نە لێی

دەگیرێت وە هیچ عیدەیەکی نی یە ئەو چوار مانگ و دەرۆژە نەبێت وە بەو زەواجە هیچ خزمایەتیەك جێگیرنابێت و خزمایەتی ژن و ژنخوازی پێ جێگیر نابێت)

حوکمی ئەم زەواجە ئەوەیە کە زۆربەی زانایانی ئیسلام بە حەرامیان داناوە بەبەڵگەی :

یەکەم خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ (*) إِلاَّ عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ (*) فَمَنْ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمْ لْعَادُونَ﴾المؤمنون ٥-٧

دووەم :حەدیسی ئیمامی موسلیم کە (سبرە)الجهینی ئەڵێ : پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : (يا أيها الناس اني قد كنت أذنت لكم في الاستمتاع من النساء وإن الله حرّم ذلك إلى يوم القيامة فمن كان عنده منهن شيءٌفليخل سبيله ولا تأخذ مما آتيتموهن شيئاً)رقم ٣٤٠٨

کەوا بوو ئەم زەواجە شتێکی خراپ و حەرامە و با چیتر ئافرەتان نەکرێن بە کاڵا و بۆ کاتێکی کەم بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت .

پ٩٣/ من لایەنی جنسیم لاوازە ئایا بەکارهێنانی حەب و دەرمان بۆ بەهێزکردنی لایەنی جنسی تاوانە یان نا؟

وەڵام :

خواردنی داو و دەرمان بۆ بەهێزکردنی ئاستی سێکسی ئەگەر بۆ حەلاڵ بەکاربێت و ئەو دەرمانانەش زیانبەخش نەبن ئەوا دروستە و هۆکارێکی پزیشکی یە ، بەلاَم ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت ئەوا دروست نیە .

پ٩٤/ ئایا چ جۆرە هەڵسوکەوتێکی سێکسی حەرامە لەگەڵ هاوسەری خۆتدا.

وەڵام :

لەو هەڵسوکەوتە سێکسی یانەی لەگەڵ خێزاندا حەرامە :

یەکەم : جووتبوون لەگەڵ خێزاندا لە پاشەوە ئەمەش لەبەرفەرمودەی (ابو هريرة) لە پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : (لا ينظر الله إلى رجل جامع امراته في دبرها)رواه أبوداود وابن ماجه وصححه الألباني انظر صحيح سنن ابن ماجه ١٥٦٠ .

واتە : خوای گەورە تەماشای ئەو پیاوە ناکات لەگەڵ هاوسەرەکەیدا جوتببێت لە پاشەوە .

دووەم : چونە لای هاوسەر لە کاتی خوێنی حەیز و زەیستاندا بە بەڵگەی فەرموودەی أبو هريرە لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (من أتى حائضاً او امرأة في دبرها أو كاهناً فصدّقه بما يقول فقد كفر بما انزل على محمد) رواه أحمد والترمذي وابن ماجه برقم ٦٣٩ وصححه الشيخ الألباني في الإرواء برقم ٢٠٠٦ .

واتە هەر کەس بچێتە لای هاوسەری خۆی لە کاتی حەیز دا یان لە پاشەوە یان سەردانی فاڵچییەك بکات و باوەڕ بە قسەکانی بکات ئەوە بێ باوەڕ بووە بە (قورئان) ئەوەی بەسەر (محمد) دا صلى الله عليه وسلم دابەزیوە .

پ٩٥/ ئایا هیچ ڕێگایەك هەیە کە بەدیلی جووت بوون بێت لەکاتی حەیزدا؟دەزانم کە جووتبوون حەرامە لەکاتی حەیزدا خوا یار و یاوەرتان بێت بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو گوناهانەی کە زۆر کەس نایزانێ کە گوناحە.

وەڵام :

ئەگەر ئافرەت لە حەیزدا بوو وا چاکترە ئەو ماوەیە پیاو لێی دووربکەوێتەوە بەبەڵگەی ئەم ئایەتە :
{وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ} (٢٢٢) سورة البقرة

واتە :پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی عادەتی مانگانەی ئافرەت پێیان بڵێ : ئەوە ئازار و زەرەرە کەوابوو خۆتان بەدووربگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدا بن و نزیکیان مەکەون تا پاك دەبنەوە جا کاتێك پاك و خاوێن بوونەوە و خۆیان شت بچنە لایان بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی داوە .

دروستیشە هەموو یارییەکی لەگەڵ بکات بەمەرجێ جیماعی لەگەڵ نەکات بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە و چەندین فەرموودەی تر (إصنعوا كُلّ شيء إلا النكاح) واتە : دروستە هەموو شتێکی لەگەڵ بکەن جیماع نەبێت هەروەها لە پاشەوە بەبەڵگەی تر قەدەغەکراوە وەك دەفەرموێ : (من أتى حائضاً فقد كفر ومن أتى امراة في دبرها فقد كفر...) هەروەها سێکسی دەم (الجنس الفموي)یش حەرامە لەبەر زیان و پیسێتی ئەو کارە .

پ٩٦/ بەڕێزان تکاتان لێدەکەم کە وەڵامم بدەنەوە...من مێردم هەیە بەس قەت خۆشیم لێ نەبینیوە زۆریش هەوڵم داوە لەگەڵی باش نابێت ، زۆر جار بە زۆری خۆم دێت بۆ لام ،من ئێستە خۆشم ناوێت و کوڕێکی ترم خۆش ئەوێت . ئایا گوناهی من چیە؟ من ئەمەوێ وازی لێبهێنم دوو منداڵیشم هەیە ...تکاتان لێدەکەم وەڵامم بدەنەوە ...

وەڵام :

حیکمەت لە هاوسەرگیری و ژن و مێرد دروستکردنی ژیانی خۆشبەختی و خۆشەویستی و ئارامیە لە نێوان ژن و مێردا پاشان وەك قوتابخانەیە بۆ پەروەردەکردنی و فێرکردنی ئەو ساوایانەی دەکەونە ژێر ڕکێفی دایکان و باوکانەوە ، جا پێویستە نە پیاو نە ژن خیانەت لەیەك نەکەن و ڕاستگۆ بن لەگەڵ یەکدا و هەردووکیان پێشەنگ بن لە چاکێتی دا ، بەلام ئەگەر نەتوانرا لەگەڵ یەکدا ژیان بەسەر ببرێت ئەوا دەبێت ئەو ڕێگە چارانەی ئیسلام دایناون بۆ چاککردنی نێوان ژن و پیاو لەکاتی کێشەدا بیگرنە بەر ، ئەگەر هەر سوودی نەبوو دەتوانن لەیەك جودا ببنەوە و هیچیان زوڵم لەوی تریان نەکات ، ئەوەی لە پرسیارەکە بەدی دەکرێت هەردوولاتان هەڵە و تاوانتان کردووە جا ئەگەر دەتەوێ چارەسەری دروست وەرگریت ئەوەیە یان نێوان خۆت و مێردەکەت چاك بێت یان جودا ببونەوە ، ئەنجا هاوسەرێتی شەرعی لەگەڵ کەسی تردا نەك ئەوەی باستکردووە ئەوە حەرامە و وازی لێ بێنە .

پ٩٧/ لەدوای مردنی مێردەکەم دروستە شوو بکەم بە برای مێردەکەم؟ ئایا ئەمە نابێتە هۆی ناشرین کردنی کەلتوری موسڵمانان

وەڵام :

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

مێردن کردن بەکەسانی نامەحرەم واتە کەسانێك کە برا و باوك و مام و باپیرە و برازا و خوشکەزا ئەمانە نەبێت دروستە جا برای هاوسەر هەمان حوکمی هاوسەری هەیە چۆن پێشتر دروست بوو مێردی پێ بکرێت ئاواش دروستە ئێستا مێرد بکرێت بە براکەی ئەمە کارێکی دروستە و هیچ ناشرینکردنی کەلتوری ئیسلام نیەو بەڵگەی شەرعی و واقعیش ئەمە دەسەلمێنێت .

پ٩٨/ ئایا زەواج لە نێوان كچێكی موسڵمان و كوڕێكی مەسیحی دا حەرامە؟

وەڵام :

مێرد كردنی كچی موسڵمان بە كوڕی مەسیحی دروست نیە ، یەكەم لەبەر ئەوەی ژنهێنان لێیان بەڵگەی لەسەرە كە خوای گەورە دەفەرموێ : { وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ } وە لەبەر ئەوەی ژنان زۆر جار دێنە سەر ئاینی پیاوەكانیان وەكاتێ ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەمەی حەڵاڵكردووە حیكمەتی ئەوەشی تیادایە هەندێك دیوار و بەربەست لە نێوان ئەهلی كیتاب و موسڵماناندا هەن نەمێنێت ، چونكە بە هۆی ژن لێ مارە كردنیان تێكەڵاوی و نزیكبوونەوە خێزانەكان ڕوو دەدات ئەمەش ئوسلوبێكە لە ئوسلوبەكانی بانگ كردنیان بۆ ڕێنمایی و دینی خوا ، بەڵام ژن پێدانیان دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو كچە و ئەگەری هەڵگەڕانەوەی ئەو كچە وەك وتمان ئافرەتان شوێنكەوتەی پیاوەكانیانن زۆر جار ، جا هەر پیاوێ ترسا شوێنی ژنە مەسیحیەكەی بكەوێت مەكروهە یان دروست نیە بۆی ئەو كارە بكات .

پ٩٩/ من كوڕێكم خۆش دەوێت بەڕاستی و لەناخی دڵەوە ئەویش وایە مەبەستمان زەواجە زۆر ڕاستین لەگەڵ یەك ئایا گوناهبار دەبین؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

خۆشەویستی جۆری زۆرە باشترینیان ئەوەیە لەبەر خوا بێت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ : (من أحب لله وأبغض لله وأعطى لله ومنع لله فقد استكمل الإيمان) **واتە : هەركەس كەس و شتی خۆش بوێت و ڕقی بێتەوە لەبەر خوا وە ببەخشێ و دەست بگرێتەوە لەبەر خوا ئەوە ئیمانی تەواو بووە.**

بەڵام خۆشەویستی كردن كە بریتی بێ لە پەیوەندی ، دروست نییە و تووش بوون پێی كارێكی خراپەو مرۆڤ دوچاری چەندین كێشەی كۆمەڵایەتی و دەروونی گەورە دەكات ، بەڵام كەسێك كوڕ بێت یان كچ ویستی بەرامبەرەكەی بخوازێت واتە مارە بكات ئەوە دەتوانێت تەماشای بكات و سەرنجی بدات بەمەبەستی هاوسەرگیری ئەو كاتە ئەگەر خۆشی ویست قەیدی ناكات بەڵكو خۆشەویستی دەبێتە بەشێك لە ژیانیان ئەمەش نابێت وەكو پەیوەندییەك بێت وە نابێ زۆر بخایەنێت ، چونكە دەرگای خراپەی پێ دەكرێتەوە بەڵكو دوای تەماشا كردن ڕاستەوخۆ داوای بكات لەماڵی باوكی و ئەگەر درا ئەوە باشە و ئەگەر نەكرا ئەوە نابێت تەماشای بكاتەوە و پەیوەندی لەگەڵ بمێنێت ، لەپرسیاری ئەم بەڕێزە ئەوە بەدی دەكەم كە پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە بەڵام وەك خۆیان ئەڵێن مەبەستمان زەواجە جا لەبەر بوونی

پەیوەندی و مانەوە لەسەر ئەو حاڵەتە بەبێ داواکردن لە کەس و کاری کچەکە بێ گومان تووشی حەرام دەبن .

پ١٠٠/ ئەگەر کەسێك تەڵاق بخوات لە حاڵەتی توڕەییدا و بڵێ : تەڵاقم کەوتبێ شیری مانگاکەتان ناخۆم بەڵام خاوەن مانگاکە ئێستا مەڕی کڕیوە ئایا ئەگەر شیری مانگاو مەڕەکە تێکەڵ بکرێ پاشان بکرێت بە ماستاو ئایا ئەگەر لەو ماستاوە بخوات تەڵاقەکەی دەکەوێت ؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

تەڵاق خواردن لەکاتی توڕەیی دا سێ حاڵەتی هەیە وەکو (ابن القیم) ڕەحمەتی خوای لێ بێ باسی کردووە .

یەکەم : توڕە بونێك کە خۆی نەزانێت چی گوتووە ، کە دەگاتە قۆناغی (إغلاق) لەم حاڵەتەدا تەڵاقی ناکەوێت .

دووەم : توڕە بونێك کە پێشەکی توڕە بونە و خۆی بەئەنقەست و ویستی خۆی تەڵاق دەخوات ئەم جۆرەیان تەڵاقی پێ دەکەوێت .

سێ یەم : توڕە بونێك کە نەگاتە جۆری یەکەم و دووەمیش نەبێت بەڵکو تەڵاقێك بە دەمیدا بێت لە توڕەییدا کە مەبەستی نیە ، بەڵام توڕەیی وای لێ دەکات . ئەم جۆرە زانایان ڕای جیاوازیان تێدا هەیە ، وە ڕای پەسەند ئەوەیە کە تەڵاق لەم حاڵەتەدا ناکەوێت ئەمە لە بارەی توڕەییەوە لە تەڵاقدا بە گشتی . ئەمما بەستنەوەی تەڵاق بە کردن یان نەکردنی شتێکەوە ئەوە پێی دەگوترێت (**طلاق التعليق**) ئەمەش زانایان کردوویانە بە دوو بەشەوە :

یەکەم : **التعليق القسمي** : بریتی یە لەو تەڵاقەی ئەو کەتەڵاقەکەی دەبەستێت بە شتێکەوە وە تەنها مەبەستی کردن یان نەکردنی شتەکەیە بەبێ ئەوەی مەبەستی تەڵاق خستنی ژنەکەی هەبێت تەنها وەکو سوێندێك دەیکات ، ئەمەش ڕای زانایان لەسەری جیاوازە ، بەڵام ڕای پەسەند بە لای زانایان (ابن تیمیە و ابن القیم) و کۆمەڵێکی تر لە زانایان تەڵاقی ناکەوێت .

دووەم : **التعليق الشرطي** : کە بریتی یە لە تەڵاقی کەسێك تەڵاقەکەی دەبەستێت بە کردن یان نەکردنی شتێکەوە لەگەڵ ئەوەشدا مەرجی داناوە کە تەڵاقی لە ژنەکەی بکەوێت لەکاتی ڕوودانی پێچەوانەی خواستەکەی ئەو ئەم بەشەیان زانایان ئەڵێن یەك تەڵاقی پێ ئەکەوێت .

جا وەلاَم بۆ پرسیارەکەت ئەوەیە با تورەبونی خۆی لە یەکێك لەو سێ جۆرە دەست نیشان بکات ، ئەگەر ئەوەیان بوو کە تەلاَقی پێ دەکەوێت ئەنجا با لە بەشەکانی (**طلاق التعليق**) دا خـۆی بدۆزێتـەوە ، وە ئایا لە کاتی خواردنی تەلاَقەکە نیازی تەلاَقدانی خێزانی هەبووە ئەگەر هەیبوبێ ئەوا یەك تەلاَقی دەکەوێت هەرچەندە تەلاَقی وتبێت ، ئەگەر نەیبوبێ ئەوا ئەگەر ئەو خواردنەی خوارد کە سوێندی لەسەر خـواردووە ئەبێت کەفارەتی سوێندێك بدات کە بریتی یە لە ناندانی (دە) هەژار کە دەگاتە نزیکەی (دوانزە) کیلۆ گرام برنج یان گەنم .

پ١٠١/ سەرەتا سلاَو ڕێزم هەیە بۆتان من پرسیارەکەم ئەمەیە: ئایە لەشەرعی ئیسلام زەواج مسیار هەیە .ئەگەر نیە ئەوانەی ئەو زەواجەیان کردوە تاوانەکەیان چیە؟ وە ئەگەر هەیە چۆنە دووبارە سلاَو ڕێزم هەیە .

وەلاَم :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

زەواجی مسیار یەکێکە لەو زەواجانەوەی لەم سەردەمەدا پەیدا بووە و پێشتر لە ناو موسوڵماناندا نـەبووە ، ئەسڵی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ (سير) واتە : ڕۆشتن بـەمانای ئـەوەی مێردەکـە بەبـەردەوامی لای ژنەکـە نەبێت هەرکات ڕێی کەوتە ماڵی ژنەکە دەچێت بۆ لای هۆکاریش بۆ دروست بوونی ئەم زەواجە زۆرن لەوانە :

١- زۆربوونی ڕێژەی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا .

٢- کارنەکردن بە هاوسەرگیری ئیسلامی و لەبەرچاوگرتنی تەنها مەرجی جوانی بۆ ئافرەتان یان هـەبوونی پلەوپایە و بڕوانامە و سامانی دونیا .

٣- گرانکردنی مارەیی ئافرەتان و گرنگی دان بە مـاڵ و باڵەخانـە و زێـڕ و زیـو .. هـەموو ئەمانـە بوونەتـە مایەی قەیرە کردنی کچان و شونەکردنیان لەمەشەوە کچان ناچار بوونـە دەسـت هـەڵگرن لـە هەنـدێ لـە مافەکانی خۆیان لە شوکردندا لەوانە خەرج و ماڵ لەکاتێکدا ئەم دووانە مافی ئافرەتـانن بەسـەر پیاوانـەوە ئەوەش بزانە ڕوکنەکانی هاوسەرگیری ئەمانەن :

کچ و کوڕ وخـاوەنی کـچ و (پێـدان و قـەبوڵ کـردن) و بـوونی دوو شـایەت دەبینـی هاوسـەرگیری (مـسیار) هەموو پێنج ڕوکنەکـەی تێدایـە تـەنها ئەوەنـدە هەیـە ئـافرەت لـە مـاڵی بـاوکی خۆیدا یان لـەماڵی خـۆی

دەمێنێتەوە بە بێ مافی داواکردنی ماڵ وخەرجی (نفقة) هەر کات مێردەکە ڕۆشت دەچێتە ماڵی ژنەکە یان ماڵی باوکی ژنەکە .

ئەوەش بزانە ئەم زەواجە کاتیی نییە و مارەییش بۆ ئافرەتەکە دیاری کراوە جا حوکمی زانایان ئەوەیە هەندێ لەزانایان فەتوای ئەوەیان داوە کە مەرجەکانی هاوسەرگیری شەرعی تێدایە تەنها ئەوەیە ئافرەتەکە (تەنازول لە مافی خۆی دەکات) . بەڵام کەسانی تریش ڕای جیاوازیان هەیە دەڵێن بوونی ماڵ و خەرج (نفقة) ناگەڕێتەوە بۆ ویستی ئافرەتەکە بەڵکو تشریع کراوە لەسەر پیاوان و حیکمەتی تیادایە وە لەم شێوەیە (سالاری پیاو) لە ناو دەچێت وەك خوای گەورە دەفەرموێ : {الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء } لەمەشەوە چەندین کەم و کوڕی و نوقسانی وخراپە ڕوو ئەدات وەك :

١- دووری مێردەکە لە چاودێری و پەروەردەی ئەو ئافرەتەیە.

٢- مەحروم بوونی ئەومندالأنەی دەکەونەوە لە پەروەردەی باوك .

٣- قورس بوونی خەرجی دان لەسەر ئافرەتەکە .

٤- کرانەوەی دەرگای بایەخ نەدان و بەسەر نەکردنەوەی ژنەکە لە لایەن مێردەکەوە ئەمەش ئەگەری ڕودانی کاری خراپی لێ دەکرێت .

٥- ساردکردنەوەی خەڵك لە زەواجی ئیسلامی کارپێکراو بە هۆی هەڵگرتنی ماڵ دروست کردن و خەرج دانی ژنەکە کە ئەمەش لەم سەردەمەدا دژوارە و ئەمەشە هۆی ژن نەهێنان و قەیرە بوونی زۆرێکە لە کچان .

بۆیە ئەمەیان بەکارێکی خراپ داناوە و ڕەخنەیان لێگرتووە تەنانەت لە کۆمەڵگەدا کەسانێکی کەم نەناسراو ئەو کارەیە دەکەن بە تایبەت ئەو خانەوادەو خێزانانەی لە ناو کۆمەڵگەدا پلەو پایە و ناوبانگیان هەیە و خاوەنی کەسایەتی خۆیانن ئەو کارە ناکەن ، جا وا چاکترە ئەم دەرگایە نەکرێتەوە و هاوسەرگیری شەرعی زیان نەبینێت چونکە بەڕاستی ئەمە کاردەکاتە سەر هاوسەرگیری ئیسلامی کارپێکراو.

خوایش زاناترە.

پ ١٠٢/ بەناوی خوای گەورە سڵاوی خوات لێ بێ ئایا لە ڕێگەی ئینتەرنێت یان تەلەفۆن مارە بڕین دروستە لە حاڵەتی زەروریدا؟

وەلاّم :

مارە كردن و ژن بە مێرددان لای زانایان چەندین مەرجی هەیە دوای ئەوەی هەردوو لا واتە : (كوڕ و كچ)موسڵمان بن وە لە ئیسلام دەرنەچوبن . ئەو مەرجانەش بریتین لە : (ڕەزامەندی كچ و كوڕ سەرپەرشتی كردنی بەشووودان لەلایەن خاوەنی كچەوە ، مارەیی دانان ، بونی دوو شایەت ، داڕشتە (صیغة)ی گرێبەستی هاوسەرگیری) .

پێویستە (لای زۆربەی زانایان)بۆ هەموو ژن بە مێردانێك ئەم مەرجانە هەبێت ئەگەر نەبوون ئەوا ئەو هاوسەرگیریە دروست نەبووە ، جا ئەوەی كە لە پرسیارەكەدا هاتووە دەربارەی ژن بە مێرددان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە یان ئینتەرنێت یان هەر دەستەواژەیەك لەم جۆرە ، بۆ وەلاّمی ئەم شێوازە پێویستە دیراسەی ڕوكنەكانی ژن بە مێرددان بكەین ڕەزامەندی كچ و كوڕ ، دانانی مارەیی بۆ كچ ، پێدانی (إیجاب) و قەبوڵكردن لە لایەن مێردەوە ڕوبدات تا ئێرە كێشەمان نییە هەموو هەیە تەنها شایەتەكان جا ئەوانەی كە دەڵێن ئامادەبوونی شایەتەكان مەرجی دروست بوونی زەواجەكەیە دەڵێن لەبەر ئەوەی شایەتەكان لە گەڵ كچ و كوڕەكە لەیەك شوێندا كۆنابنەوە دروست نیە . بەلاّم ئەوانەی كە ئەڵێن بوونی شایەت مەرجی دروستبوونی زەواجەكە نیە هەبوونی شتێكی باشە بەلاّم مەرجیش نیە . وە ئەو فەرموودانەی كراون بە بەڵگە بۆ ئەم مەسەلەیە هەموو لاوازن لەوانە حەدیسی (لا نكاح الا بوليّ وشاهدي عدل) رواه الدارقطني والطبراني والبيهقي ئەمە وەكو فەرموودەی (مرفوع) وەكو قسەی هاوەڵان (ابن عباس) وتوویەتی .

بۆیە ئەم مەسەلەیە دیراسەی زیاتری دەوێ بەلاّم ڕای پەسەند إن شاء الله ئەوەیە ئەگەر شایەتیش نەبوو دروستە بەمەرجێ ئەو بە مێردانە ئاشكرا بكرێت وەكو شێخی ئیسلام ابن تیمیە ئەڵێ : ئەگەر ژن بە مێرددان شایەتیش نەبێت بەڵكو خاوەنی كچەكە بەشوی بدات و ئەم شوكردنەش لەناو خەڵكدا بلاّوبێتەوە دروستە لە مەزهەبی ئیمامی مالیكدا ، وە ڕیوایەتێك لە ئیمامی ئەحمەدەوە ئەم ڕاوبۆچونەش دیارترین و ڕونترین وتەی زانایانە موسڵمانان لەسەردەمی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم ژنیان بە شوو دەدا و پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێ نەدەكردن بە شایەت گرتن وە لە بەمەرجگرتنی شایەت لە هاوسەرگیری هیچ فەرموودەیەكی سەلمێنراو نیە نە لە (صحاح)دا و نە لە (السنن) دا و نە لە (المساند) دا ...هتد .

وە ئەگەر بکرێت ئەو شایەتانە کوڕو کچەکە بناسن باشترە هەروەها دەتوانرێ لای کوڕە دوو شایەت هەبێ و لای کچیش دوو شایەت هەبێ . شایەتەکانیش خۆیان گوێیان لە گفتوگۆی هەردوو لابێ : ژنپێدانی خاوەن و قەبوڵکردنی مێردەکە و ڕەزامەندی کچەکە ببیستن ئەمە ئەگەر نەتوانرا لە جێگایەکدا کۆببنەوە ئەگەر بکرێت بەیەکەوە دابنیشن باشترە .

پ ١٠٣/ ئەگەر ژن و پیاوێك منداڵیان نەبێ و خەتا لە پیاوەکە بێت ژنەکە بۆی هەیە داوای تەڵاق بکات لە پیاوەکەی لەبەر منداڵ؟.

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

زانایانی شەریعەتی ئیسلامی پێکهاتوون لەسەر ئەوەی ساغ و سەلامەت بوونی مێرد لە هەندێ نوقسانی مەرجێکی بنەڕەتی یە بۆ بەردەوام بوونی ژیانی هاوسەرگیری لەلایەن ئافرەتەکەوە ، بەو مانایەی ئەگەر ئافرەت نوقسانی بەدی کرد لە مێردەکەیدا مافی خۆیەتی داوا بەر بکاتەوە بۆ لای دادوەر بەمەبەستی جیابوونەوە وە لەنێوان خۆی و مێردەکەی . شەرعزانەکان هەرچەندە جیاوازن لە دیاری کردنی نوقسانییەکان بەڵام پێکهاتوون لەسەر ئەوەی (شلەپەتە)یی ناتەواوی یە و دەبێتە هۆکار بۆ داواکاری ژن بۆ جیابوونەوەی لەگەڵ مێردیدا ، بەڵام منداڵ نەبوون دەسەڵاتی پیاو یان ژنی تیا نیە هۆکار نیە بۆ جیابوونەوەی ژن و مێرد لەیەکتری ، مەبەستمان لە هۆکار نەبوونی ئەوەی مافی خۆیان نیە گرێبەستی هاوسەرگیری هەڵوەشێنێتەوە . والله اعلم.

❀❀❀

پ ١٠٤/ أ- ئەگەر کەسێ شیری دایکمی خواردبێ من شیری دایکی ئەوم نەخواردبێ ئەتوانم خوشکی ئەو بێنم؟ خوشکەکەی شەش ساڵ لە خۆم بچوکترە . خوا خێرتان بنوسێت .

پ ١٠٥/ ب- هاوڕێیەکم ئەڵێت : من شیری پورم زیاتر لە پێنج جار خواردووە ئێستا شووم کردوە بە کوڕێکی پورم کە نزیکەی دە ساڵ لە خۆم گەورە ترە و دوو منداڵم هەیە ژیانمان زۆر خۆشە پێکەوە ئایا ئەمە دروستە؟ چونکە هەندێ مەلا ئەڵێن ئەبێ لەگەڵ ئەو کەسەی کە خواردووتە شیرەکە هی کام منداڵ بێت لەگەڵ ئەوە ئەبێت بە خوشك و برا بەس ئەوانەی لە تۆ گەورەترن نابێت بە خوشك و برات. ئایا هاوڕێکەم چی بکات؟

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وەلام

أ / هەرکەسێك شیری هەر ژنێك بخوات ئەوە کەسی شیر خواردوو دەبێتە کوڕی ئەو ژنە شیر دەرە وە براو خوشکی کەسی شیر خواردوو نابنە هیچی ئەو ژنە ، بەلاَم ئەم دەبێتە ئەندامێك لە خێزانی ئەوان وە دەبێتە خزمی ئەوانەی کە خزم و کەس و کاری ئەمانن وەکو باقی ئەندامەکانی ئەو خێزانە بەڵگەش لە قورئاندا ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ: {... وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ ...} سورة النساء (٢٣) . واتە : خوشکەکانتان لە شیرەوە لەسەرتان حەرامکراوە مارەیان بکەن بۆ خۆتان واتە بەهۆی شیرەوە خوشکی ئێوەن .

هەروەها حەدیسی ئیمامی موسلیم کاتێ بە پێغەمبەری خوا **(صلى الله عليه وسلم)**یان وت بۆچی کچەکەی حەمزەی مامت مارە ناکەیت ئەویش فەرمووی**:** **(انها لا تحل لي انها ابنة أخي من الرضاعة)**چونکە ئافرەتێك شیری داوە بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وە شیریشی داوە بە حەمزە لە کاتێکدا هەردووکیان منداڵ بوون .

وەلاَمیش بۆ ئەم بەڕێزە کە دەڵێ من شیری دایکی ئەوم نەخواردووە ئایا دەتوانم خوشکی ئەو بێنم کە براکەی شیری دایکی منی خواردوە لەوەلاَمدا بەڵێ ئەو کچە هیچی تۆ نیە بەلاَم خوشکی براکەتە بۆ مەسەلەی تەمەن کە شەش ساڵ بچوکترە لە ڕووی شەرعەوە هیچی تیادا نییە هەرچەند گەورە یان بچووك بێت .

ب/ بۆ کەسی دووەم کە پرسیارێکی لەم بابەتەی کردووە کە کەسێك شیری پوری خواردووە زیاتر لە پێنج جار پاشان شووی کردوە بە یەکێك لە کوڕەکانی پوری وە دوو منداڵی لێی هەیە ؟

بەڕێزان ئەمە کارێکی حەرامە و بە هیچ شێوەیەك دروست نیە وە پێویستە لەیەك جیابکرێنەوە ، چونکە ئەم دووانە برا و خوشکی یەکن ئەگینا تووشی زینا کردن دەبن ، و لە پرسیارەکەدا نووسیویەتی هەندێ مەلا ئەڵێن تەنها لەگەڵ ئەو کەسەدا دروست نیە کە لەگەڵیدا شیرت خواردووە بەڕاستی ئەمە فتوایەکی سەیرە لەوانەیە ئەو کەسانە مەلا نەبن کە فتوایان داوە یان بە هەڵەدا ڕۆشتوون ، چونکە ئەو فەرموودەی باسمان کرد لە شیر خواردنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ پێشەوا (حمزه) دا خوای لێ ڕازی بێت لە شیری ئافرەتێك کە پەیوەندی بە هیچکامیانەوە نەبوو وایکرد کچی حەمزە لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) حەرام ببێ بەو قسەیەی سەرەوە بوایە حەرام نەدەبوو ، چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ کچە مامەکەی دا شیری نەخواردووە جا ئەو فەتوایە قسەیەکی نادروستە و پێچەوانەی قورئان و فەرموودەیە با موسوڵمانان وریا بن لە ئەحکامەکانی شیرخواردن ، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ (فانه يحرم من الرضاعة ما يحرم من النسب)رواه مسلم .

واتە / چ ئافرەتێك لەبەر خزمایەتی مارەکردنی حەرام بێت شیرخواردنیش ئەوە حەرام دەکات.

پ ١٠٦/ سڵاوی خوا لەئێوەی بەڕێز بێت ، سەبارەت بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سێ پرسیارمان هەیە ئەگەر بکرێت وەڵاممان بدەنەوە ، پرسیاری یەکەم : ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چۆن خەدیجەی دایکی ئیماندارانی مارە کرد ؟

پرسیاری دووەم : ئایە لەسەر چی دینێك مارەی کرد ؟

پرسیاری سێهەم : ئەو دینەی کە خەدیجەی لەسەر مارەکرد لەناو خەڵکانی دەورو بەریدا تاچڕادەیەك بەربڵاوبو'؟

وەڵام :

وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته

پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم خەدیجەی مارە کردوە لەسەر داب ونەریتی ئەو کاتەی ئەوکەسانەی لەسەر شەریعەتی ئیبراهیم مابون (عليه السلام)، خەدیجە ئافرەتێکی خانەدان وخاوەن سامان بو، پیاوانی بەکرێ دەگرت بۆی یان بەقازانج شەراکەت(**المضاربة**) هاوبەشی دەکردن، کاتێك ناوبانگی ڕاستگۆیەتی وئەمانەتپارێزی ورەوشتبەرزی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم ی بیست وپێگەیشت هەواڵی بۆ نارد و داوای لێکرد بەقازانج شەراکەت ماڵیاتەکەی ببات و بۆ شام بڕوات لەگەڵ خزمەتکارەکەی

كەناوی (**ميسرة**) بو، ئەویش داواكەی قەبوڵ كرد و ڕۆشت، لەوێ ڕاهیبێك بەناوی (**نسطور**) بینیویەتی هەواڵی بە میسر داوە كە ئەم كەسە دەبێتە پێغەمبەر، پاشان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوەی كەویستی لەكڕین وفرۆشتن ئەنجامیدا ئەوجا گەڕایەوە بۆ مەككە و میسرە ئەوهەواڵەی ڕاگەیاند بەخەدیجە ئەویش كەسێكی نارد بۆ لای پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم و پێی ڕاگەیاند كەمن حەز دەكەم هاوسەرگیری لەگەڵ تۆدا بكەم لەبەر خزمایەتی و ڕیزداری و ئەمانەت و ڕەوشت جوانی و ڕاستگۆیەتیت ، ئەویش ئەمەی بۆ مامەكانی باسكرد حەمزەو ئەبوتالیب لەگەڵیدا ڕۆشتن تاوەكو چونە ماڵی باوكی خەدیجەو وەلەگەڵ باوكیدا قسەیان كرد و داوایانكرد بۆ پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ئەویش بە مێردی دا، وەوتراوە عەمری كوری ئەسەد مامی خەدیجە، خەدیجەی داوە بە پێغەمبەری خودا وە بە خەدیجەی وتووە موحەممەد داوای خەدیجە بكات: ئەوە پیاوێكە لەلوتی نادرێت واتە بەڕێزەو خاوەن كەسایەتی تەواوە وەئەوكاتە تەمەنی خەدیجە چل ساڵبووە.

وە كەسوكاری (**بنو هاشم**) و پیاو ماقوڵانی عەشیرەتی (**مضر**) ئامادەی مەجلیسەكە بون پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دوانزە ئۆقەو نیو و چل دیرهەمی كرد بەمارەیی، وەوتراویشە بیست بەكرەی كردوە،ئەمەش دوای دومانگ دوای گەڕانەوەی لە شام پێش ئەوەی وەحی دابەزیت وەتەمەنی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ئەوكاتە بیست وپێنج ساڵ بووە ، جائەم شێوازە لەداواكردن و پێدان و مارەیی و كۆبونەوەیە لەشەریعەتی ئیبراهیمەوە سەلامی خوای لەسەربێت وەرگیراوە كە عەرەب لە سەری دەژیان ، هەروەها تەڵاق وحەج و عومرەو سەعی نێوان سەفا و مەروەو وەستان لە عەرەفەو گەورە ڕاگرتنی مانگەكانی موحەڕەم و غوسلی لەشگرانی و شۆردن و كفن كردنی مردوەكانیان وەچەندین شتی تر كە لە ناویاندا مابویەوە لەشەریعەتی ئیبراهیم، ئەوانیش لەسەری دەڕۆشتن تاوەكو ئاینی پیرۆزی ئیسلام هات جائەوەی پەسەند كرد كردی و ئەوەشی پێچەوانە بوو لەگەڵی نەسخی كرد وەحوكمی نیكاحیش ئەوانەی كە لەپێش هاتنی ئیسلام ئەنجامدرابون پاشان ئیسلام هات بە سەریدا ئەوە زانایان یەكدەنگن لەسەر دروستێتی هاوسەرگیرییەك ئەگەر پیاو و ژنەكە موسڵمان بوبون، وە هەردوولا لەوانەبن

كە لە ئیسلامدا ڕێگایان پێدراوە هاوسەرگیری بەیەكەوە بكەن وە نیكاحی پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم لەم جۆرە بوە.

پ ١٠٧/ئایا ئەگەر زەكەری پیاو داخلی فەرجی خێزانی بێت و ئاوی نەیەتەوە لەشی پیس دەبێت ؟

وەڵام :

ئەگەر زەكەری پیاو داخل فەرجی ئافرەت بوو تەنها سەری زەكەری دیار نەما غوسلی دەكەوێتە سەر با ئاویشی دانەبەزێ ، لەبەر ئەم فەرموودەیە كە أبو هریرە ڕیوایەتی كردووە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : (إذا جلس بين شعبها الأربع ثم جهدها فقد وجب الغسل انزل أم لم ينزل) رواه مسلم .

واتە : ئەگەر پیاو لە نێوان چوار پەلی ئافرەت دانیشت و پاشان زەكەری خستە ژوورەوە ئەوە غوسلی دەكەوێتە سەر ئاوی دابەزێ یان دانەبەزێ ، وە لەفەرموودەیەكی تردا هاتوە : (إذا أصاب الختانُ الختان فقد وجب الغسل)رواه أحمد ومالك .

واتە : هەردوو خەتەنە كراوەكە بەیەك گەیشتن غوسل واجب دەبێ .

پ ١٠٨/ ئایا دەكرێ پیاوێك دوو ژن بهێنێت و لەیەك ژووردا بخەون؟

وەڵام :

ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی كردووە بە عەورەت پۆشی لە هەموو كاتێكدا تەنها لە چەند كاتێكدا نەبێت كە لە شەرعدا مۆڵەتی پێدراوە ، وەك لەم فەرموودەیەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە كە (بهز) ی كوڕی (حكيم) لە باپیریەوە دەیگێڕێتەوە كە وتوویەتی : وتم ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (عەورەتەكانمان كامەی داپۆشین و كامی دانەپۆشین ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : (احفظ عورتك إلا من زوجتك أو ما ملكت يمينك قلت يا سول الله إذا كان القوم بعضهم في بعض؟ قال إن كان احدنا خالياً قال فالله أحق أن يستحيا من الناس) رواه الترمذي برقم ٢٧٦٩ وابن حبان برقم ١٩٢٠ وحسنه الشيخ الألباني برقم ١٥٥٩ .

كەوا بوو ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی كردووە بە عەورەت پۆشی تەنانەت ئەگەر بەتەنهاش بێت فەرمانی سوننەتە واتە واجب نیە ، ئەم پرسیارەش كە هاتووە پیاوێك لەگەڵ دوو خێزانی بەیەكەوە بخەوێت ئەمەش بێگومان سەرەڕای ئەوەی كاری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وا نەبووە ، ئەنجا عەورەتی یەكێك لەو خێزانە بۆ ئەوی تریان دەردەكەوێت ، وە پەیڕەو كردنی سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم باشترین چارەسەرە .

پ ١٠٩ / خاوەن کچ گەر هاتوو خوازبێنی کچی بچوکی کرا و ئەویش قەدەغەی بەشودانی کرد بەبیانوی (ترتیب)، واتە : بەپێی تەمەنی کچەکانی، بچوك بەشوو نەدات پێش گەورە ؟ ئەمەش گرفتێکە توشیی من بووە، گەنجێك هاتە خوازبێنیم کەئاستێکی بەرزی هەبوو لەدینداری و ڕەوشت و چاودێریی کردن لەسەر نوێژەکانی بەڵام باوکم هەر قایل نەبوو بەشوودانم ی ڕەتکردەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی خوشکێکی لە خۆم گەورەترم هەیە مێردی نەکردووە ، بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەم دەربارەی ئەم کێشەیە ڕێنماییم بکەن ، چونکە کۆمەڵگاکەمان مەسەلەی ژنهێنان و مێردکرنی زۆر ئاڵۆز کردووە ، تەنها کچانیش بوون بەقوربانیی ؟.

وەڵام / پێویستە ئەوە بزانین کە کچ ئەمانەتە لەگەردنی باوکیدا، خاوەنی کچ بەرپرسیارە لەسەر ئەم ئەمانەتە ئەنجا کچ نابێ وەکو شت و مەك بێت لای باوك، ئەگەر ویستی بیفرۆشێت و ئەگەر نا قەدەغەی بکات ، بەڵکە چاودێر و بەرپرسیارە لەوەی پێی سپێردراوە ، لەسەری واجبە ئەوەی بۆ کچەکەی چاکە هەڵیبژێرێت ، ئەگەر کەسێکی شیاو لەئاین و ڕەوشتدا خوازبێنی کچ بچوکەکەی کرد پێویستە بەمێردی بدات وحەرامە ئەگەر قەدەغەی بکات لەبەر هەر هۆیەکی ناشەرعی ، چونکە ئەوەی گرنگە خوازبێنی کار بەدین و ڕەوشت بێت و ئەوەی هەندێ نەفام کردوویانە بە عادەت کە کچی بچوکی بەمێرد نادات ، لەبەر ئەوەی کچی گەورەی هەیە ، ئەمەش عادەتێکی خراپە لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ئەوەیە کەشەریعەتی ئیسلام دەیخوازێت ، لەسەر ئەو باوکە کەقەدەغەی بەمێردانی کچی بچوکی دەکات ، (واجب)ە چاودێری وگرنگی دان بەکچی گەورەی بدات و لەخوا بترسێت ، چونکە پێدەچێت جارێکی تر مێردێکی هاوشانی بۆ ئامادە نەبێتەوە و داوای بەمێردانی لێ بکرێت، کەوابوو لەسەری (واجب)ە بیدات بەکەسێکی هاوشانی کچەکەی خۆی ، کچی گەورەش خوا ڕزقی دەدات و مێرد دەکات ، لەوانەیە دەرگایەکیش بێت خوای گەورە لە کچی گەورەش بیکاتەوە، خوا بۆی ئاسان بکات کەسێکی شایستەی بەدین و ڕەوشت خوازبێنی بکات ، والله الموفق[٢].

---

(٢) انظر : فتاوى منار الأسلام ج٣ ص٢١٥.

پ١١٠/ ئەگەر هاتوو پیاو ژنی خۆی تەڵاقدا(سێ تەڵاقەو لەیەك جێگادا)ئایا بەیەك تەڵاق دادەنرێت یان بەسێ ؟داوا کارین بەوردی ولەگەڵ بەڵگەدا وەڵاممان بدەنەوە؟

وەڵام / ئەمە بەیەك تەڵاق حیساب دەکرێت ، بەبەڵگەی ئەو حەدیسەی ئیمامی موسلیم لە (صحیح)ەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە ئیبن عەبباسەوە خوایان لێ ڕازی بێت کەفەرمویەتی : تەلاقی سێ بەسێ(واتە:تەلاقێك گەڕانەوەی نەبێت)لەسەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) و ئەبو بەکر و پێشەکی خیلافەتی ئیمامی عومەردا بەیەك تەلاق دادەنرا پاشان ئیمامی عومەر فەرمووی (خەڵکی پەلەیان کرد لەشتێکدا کەبواری تێدا خۆیان ئەو بوارەیان نەهێشت و تەسکیان کردەوە ئەویش ئەوەی لەسەر دانان) بۆیە پێشەوایانی هەرچوار مەزهەبەکان ئیشیان بە ئیجتیهادەکەی ئیمامی عومەر کرد هەروەها شوینکەوتوانیانیش ئیشیان پێ کرد، ئیمامی شەوکانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت : ئەگەر ئێوە سوننەتی پێغەمبەرتان (ﷺ) وازلێ هێنا لەبەر قسەی ئیمامی عومەر ئەوە ئیمامی عومەر چی یە لەبەراوردی پێغەمبەردا (ﷺ) وەئەگەر وازتان لێ هێنا لەبەر مەزهەبەکان ئەو کاتە ئەوان کەمترن لەوەی بەرامبەر بەسوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بوەستنەوە ، لەحەدیسی فاتیمەی کچی قەیسدا هاتووە کەمێردی بەیەکجاری تەلاقی داوە و لەڕیوایەتێکدا هەرسێ تەلاقی _ بەلام ڕونکردنەوەی لەڕیوایەتی تردا هاتووە کەبەسێ جار تەلاقی داوە _ کەدوای یەك تەلاق گەڕاندوویەتیەوە _ئەم ڕیوایەتەش (صحیح)ە.

وەلە حەدیسی (رکانة) دا هاتووە کەژنەکەی تەلاق دابێت سێ تەلاقە و پێغەمبەریش (ﷺ) سوێندی دابێت کەسێ تەلاقەی مەبەستە و ئەویش هەرسێ تەلاقی خستبێ ، بەلام ئەم بەسەر هاتەی (رکانة) لەپێغەمبەرەوە(ﷺ) نەسەلمێنراوە ، خوای گەورە دوای ئەوەی باسی تەلاق دەکات دەفەرموێت: ﴿لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا﴾

کەوابوو بۆ موسوڵمان وا چاکترە کەتەلاقی دا یەك تەلاقی بدات ئەمەش ڕێبازی پێغەمبەرە(ﷺ).

لەوەیە ئەگەر هاتوو بەیەك تەلاق تەلاقی ژنی بدات پاشان بیگێڕێتەوە پاشان تەلاقی بدات وپاشان بیگێڕێتەوە پاشان تەلاقی بدات پاشان بیگێڕێتەوە و حەز لەژنی خۆی بكات و ئەویش حەز لەم بكات لەوەشە پێویستیان بكەوێت بە (التحليل) كەحەرامكەرە[٣].

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت:

(لعن الله المحلل والمحلل له) .

واتە: لەعنەتی خوا لەو كەسەی ژن بۆ یەكێكی تر حەلاڵ دەكاو ئەوەش بۆی حەلاڵ دەكرێت، ئەمەش كارێكی نادروستە وەپێویستە مرۆڤی موسڵمان دور بگرێت لەو هۆكارانەی دەبنە مایەی موخالەفەی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، سوننەتی پێغەمبەریش (ﷺ) لەتەلاقدا بریتی یە لەوەی خێزانت كاتێك تەلاق بدەیت كەپاك بێ و نەچوبیتە لای، هەركەس بەخێزانی وت: سێ تەلاقەت كەوتبێ ئەوە بەتەلاقی جۆری (بدعي) حیساب دەكرێت و تەنها یەك تەلاقی پێ دەكەوێت . والله المستعان[٤].

وبالله التوفيق وصلّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلّم.

---

(٣) واتە : ئافرەتێك مارە بكرێت بەمەبەستی ئەوەی بۆ مێردی یەكەمی ئافرەتەكەحەلال بكرێت.

(٤) انظر : قمع المعاند وزجر الحاقد الحاسد ج٢ص٣١٩.

بەشی : ئافرەتان

پ١١١/ من لەگەڵ کچێکی پورما لەسەر یەك جێگا ئەخەوم کە لەیەك ماڵ ئەژین ، بێ ئەوەی هیچ جۆرە هەستێکی شەیتانیم بۆ دروست بوو بێت وە بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لە نێوانمان ڕوو بدات.... ئەوە بۆ ماوەی یەك ساڵیشە !ئایا ئەمە گوناهە؟ سوپاس.

وەڵام :

ئیسلامی پیرۆز فەرموویەتی کە ئەگەر خوشك و برایەك گەشتنە باڵغ بوون نابێت لەسەر جێگایەك لە تەنیشت یەکەوە بخەون ، بەڵام ئایینی پیرۆزی ئیسلام هی خوای گەورەیە و هەموو حیکمەت و داناییەکی تێدایە و ئاینێکی واقعیشە ئەنجا چارەسەری هەموو گەندەڵی و خراپەکان دەکات ، وە پێش وەخت چارەسەری تێروتەسەلیان بۆ دروست دەکات ، بۆیە پێش باڵغ بوون جێگای کچ و کوڕ لەیەك جیادەکرێتەوە بۆ ئەوەی نەوەك بەهەڵە ئارەزووەکانیان بەکاربهێنن ئەمە پێش باڵغ بوون چ جای دوای ئەوە ئەوەی شەریعەتی ئیسلامیش دایناوە ئەوە بۆ عاممەتی خەڵکە نەك بۆ کەسێك کە ڕیز پەربێت لە زۆرینەی خەڵکی بەڵگەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ : (مروا أولادكم بالصلاة إذا بلغوا سبعاً واضربوهم عليها إذا بلغوا عشراً وفرّقوا بينهم في المضاجع) رواه أحمد وأبوداود والحاكم وقال صحيح على شرط مسلم والترمذي وقال حسن الصحيح .

واتە : فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژ کردن ئەگەر تەمەنیان گەشتە حەوت ساڵان وە ئەگەر گەشتنە دە ساڵان و نەیانکرد لێیان بدەن بۆ کردنی وە جێ خەوەکانیان لەیەك جیا بکەنەوە .

ئەمە پەروەردەی ئیسلامە و خوای گەورەش چاکتر مرۆڤەکان دەناسێ جا ئەم جیاکردنەوەیە ئەگەر کچ و کوڕ برا و خوشکی یەکتربن ، بەڵام ئەگەر کەسی نامەحرەم وەك ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزا و ئەوانی تر ئەوە حەرامە بە تایبەت ئەگەر باڵغ بووبون ئەنجا خاوەنی پرسیار کە ئەڵێت وەکو خوشکی خۆم تەماشای دەکەم ئەگەر وا بێت ئەوە هەرچەندە کارێکی حەرامت کردووە پێویستی بەتەوبە لێکردن هەیە شوکری خوا بکە کە نەفسێکی وای پێ بەخشیویت کە چاوت لێی نەبووە ، بەڵام ئاگاداربە شەیتانەکان لەبۆسەدان بۆ کەسی موسڵمان و داوێن پاکەکان تا لە خشتەی بەرن و تاوانەکانیشی لەناو خەڵکیدا ئاشکرا بکەن بۆ ناشرین کردنی ، خوای گەورە هەموو موسڵمانان بپارێزێت لە فێڵەکانی شەیتان .

پ ١١٢/ دەرزی لێدانی ئافرەتان لە لایەن پیاوانەوە حەرامە یان نا ،چونکە ئەگەر عیادەت هەبوو زۆر توشی ئەم حاڵەتانە دەبی!؟

وەلاّم :

دەرزی لێدانی ئافرەتان لە لایەن پیاوانەوە یان بە پێچەوانەوە ئەمە بە پێی زەرورەتە ئەگەر ئافرەتان نەبوون بۆ پیاو دروستە ئەو کارەیە بکات ، چونکە پاراستنی ژیانی مرۆڤ گەورەترە لە بینینی عەورەتی ، بەلاّم دەبێت موسلّمانان کەمتەرخەمی نەکەن بە ئاسانی ئەم مەسەلەیە وەرنەگرن ، چونکە سەر ڕادەکێشیٚ بۆ شتی تر .

ئەمەش دروستە ئەگەر ڕێگە چارەی تر نەبوو.

پ ١١٣/ من زۆر دەمێکە حەزم لە کردنی حیجابە بەلاّم نازانم دودلّم ، لەخوا بەزیاد بێت نوێژ ئەکەم وە هاوسەرەکەم ڕێگر نیە بەس کە بەکەسانێك ئەلّێم ئەبم بە حیجاب پەشیمانم ئەکەنەوە نازانم چی بکەم ئەترسم بیکەم دوای پەشیمان ببمەوە .

وەلاّم :

سوپاس بۆ خوای گەورە کە خۆشەویستی بالاّپۆشی خستۆتە دلّتەوە وە سوپاس بۆ خوای گەورە هاوسەرەکەت ڕێگر نییە لە بالاّپۆشیت ، جا خوشکی بەڕێز بالاّپۆشی فەرمانی خوای گەورەیە وە دلّنیاش بە خوای گەورە دەیەویٚ ڕەوشت و حەیاوحشمەتی ئافرەتانی موسولّمان قورس و سەنگین بێت ، و ئەویش باشتر دەزانیٚ کام شت و کام جلوبەرگ بۆ بەندەکانی بۆ خێری دونیاو قیامەتی باشترە وەك دەفەرمویٚ : {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا} سورة الأحزاب(٥٩) . واتە : ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە هاوسەرەکانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بلّیٚ کە پۆشاکی بالاّپۆش خۆیان داپۆشن ئەوە لە بارترین شتە کە پێی بناسرێن تا ئازار نەدرێن و تووشی گیروگرفت نەبن ، هەمیشە و بەردەوام خوا لێخۆشبو و میهرەبانە لە کەموکوڕی ڕابوردوتان خۆش دەبیٚ .

پاشان گویٚ لە قسەی ئەوانە مەگرە کە ساردت دەکەنەوە و بەرەو خراپە ئاڕاستەت دەکەن ، بەلّکو پشت بە خوا ببەستەو بە ئیمانەوە بالاّپۆش بە و مەترسە لە پەشیمان بوونەوە ، و دوورکەوە لەوانەی یارمەتیت

دەدەن لە خراپەدا . وەکەسی ژیریش دەبێت ئەوە بکات کە خۆی باوەڕی پێیەتی نەك ئەوەی خەڵکی وەسوەسەی بۆ دەکەن .

پ ١١٤/ ئایا میکیاج کردن بۆ دەرەوەی ماڵ حەرامە؟وە حوکمی کردنی چیە؟

وەڵام :

خۆجوانکردنەوە و خۆدەرخستن لەدەرەوەی ماڵ واتە بۆ جگە لە مێرد کارێکی حەرامە و هۆکارە بۆ لەدەست دانی ڕەوشت و قورسی و سەنگینی ئافرەتەکە وە سەرپێچی فەرمانی خوایە ، و خوای گەورە دەفەرموێ : {وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاء وَلاَ يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ} (٣١) سورة النور.

واتە : بەئافرەتانی ئیماندار بڵێ چاویان بپارێزن لەتەماشای نامەحرەم وە داوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناهـ و جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە ، با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیاندا و جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن بەتەواوەتی بۆ هاوسەرەکانیان نەبێت یان باوکی خۆیان یان باوکی مێردەکانیان یان کوڕی خۆیان یان کوڕی مێردەکانیان یان بۆ براکانی خۆیان یان برازاکانیان یان خوشکەزاکانیان یان ئافرەتێك کە پەیوەندییان هەیە پێکەوە یان ئەوانەش کە کەنیزەکیانن یان ئەوانەی لەماڵەکانتاندا دەژین و پێویستیان بە ئافرەت نییە (لەبەر پیری و نەخۆشی ...) یاخود ئەو منداڵانەی کە هێشتا شارەزاییان لە ئافرەت نیە نابێت ئافرەتانی ئیماندار قاچیان دەربخەن و پێیان بدەن بە زەوی دا تادەنگی خشڵ و پاوانەکانیان بێت و بزانرێت کە زینەتدار و خشڵدارن کەواتە هەمووتان ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕزگارو سەرفرازبن .

بۆیە پێویستە ئافرەتان خۆیان بۆ مێردەکانیان جوانبکەنەوە وە کەرەستەی جوانکردنەوەی حەڵاڵ بەکاربهێنن نەك بۆ کەسانی تر لەدەرەوە ، بەڕاستی ئەمە کارێکی سەیرە لەم سەردەمەدا ئافرەتان تێیکەوتوون بەشکو بە پشتیوانی خوای گەورە خوشکانمان لەم گرفتە ڕزگاریان بێت خوا یارمەتی هەمووڵایەکمان بدات .

پ ١١٥/ ئایا پانتۆڵ لەبەر کردن بۆ ئافرەتان حەلاڵە ئەگەر لەگەڵ شتێکی درێژ ، واتە تاوەکو سەر چۆکت لەبەری بکەی ئەگەر حەرامە لە چ کاتێکدا و بە چ شێوەیەك حەلاڵە؟

وەلام :

پانتۆڵ پۆشاکی موسوڵمانان نیە چ بۆ پیاوان یان بۆ ئافرەتان ، ئەگەر بە هەندێ مەرج بۆ پیاوان حەلاڵ بکرێت ئەوە بۆ ئافرەتان هەر دروست نیە ، چونکە لەشی ئافرەت دەردەخات باشتر ئەوەیە لەبەر نەکرێت ئەگەر هەر لەبەرکرا و کراسێکی درێژی بکرێتە سەر ئەو کاتەش پانتۆڵ هیچ سودێکی نابێت .

پ ١١٦/ خەتەنەکردنی کچان لە ڕووی شەرعەوە دروستە بکرێت یان نا؟

وەلام :

خەتەنەکردنی کچان دروستە و یەکێکە لە فیترەت جا حوکمی لە نێوان واجب و سوننەتدا زانایان بە هەردوو حوکمەکە حوکمان پێ داوە ، هەندێ لە زانایان ئەڵێن هەر کچێك پێویستی پێ هەبێت ئەوە واجبە یان سوننەتە بیکات ، بەلاّم ئەوەش بزانە سوودی زۆر تێدایە بۆ تاك و کۆمەڵگە هەرچەندە لەم زەمانەدا کەسانێکی ئارەزوو پەرست ئەم بابەتە دەوروژێنن وە خۆیان بە دڵسۆزی ئافرەتان دەزانن بەلاّم بە ڕاستی ئەوانە تەنها مەبەستیان ئەوەیە ئافرەت ببێتە کالاّیەك ئارەزووەکانی خۆیانیان پێ تێر بکەن .

پ ١١٧/ ئایا ئافرەت بچێت بۆ لای دکتۆری پیاو حەرامە؟

وەلام :

پێویستە لەسەر موسڵمانان دکتۆری ئافرەتیان هەبێت لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەوەی چارەسەری ئافرەتان بکەن و ڕێگەی ئەگەری خراپ دابخرێت ، بەلاّم ئەگەر نەبوو ئەوە ئەو کاتە لەبەر نەبوون و ناچاری دروستە ، بەلاّم بۆ لای دکتۆری موسڵمان و دەست پاك و داوێن پاك و متمانە پێکراو لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە عەورەت بپارێزێت مەگەر ئەوەندەی پێویستە ئاشکرا بکرێت .

پ ١١٨/ من وەکو کچێکی موسوڵمان و داپۆشراو ڕۆژانە دەوامم هەیە ئایا جائیزە بەتەنیا لەگەڵ شۆفێردا بیت؟چونکە ئاوا بۆم ڕێکەوتووە کەس لە نزیك ماڵمان نیە تا هاتوچۆی لەگەڵ بکەم .

وەلام :

بە تەنها بوون لەگەڵ نامەحرەمدا یان بە تەنها ڕۆشتن و سەفەرکردن لەگەڵ کەسی نامەحرەمدا وەك شۆفێر و فەرمانبەر و ...هتد دروست نییە وە مەترسی خراپی لێ دەکرێت ، پێویستە کەسی موسوڵمان

کەمتەرخەمی نەکات لەم مەسەلەیەدا چونکە هەوڵی خراپە دەدات بە تایبەت ئافرەتی داپۆشرا و بەدین دوژمنی زۆرە و هەوڵێ زیاتر هەیە بۆ لەکەدار کردنی خوای گەورە ئافرەتانی موسڵمانان بپارێزێت .

پ ١١٩/ بەڕێزان سەلامی خواتان لێ بێت پرسیارێکم هەیە بەڵام هیوادارم زوو وەڵامم بدەنەوە من یەکێکم لەو کەسانەی کە هەموو ڕۆژێ سەردانی سایتەکەتان دەکەم :

ئایا سۆنەر کردن بۆ ئافرەتی دووگیان بەمەبەستی زانینی ڕەگەزی منداڵەکە گوناحە؟

وەڵام :

سۆنەر کردن بەمەبەستی زانینی ڕەگەزی منداڵ لە سکدا ڕازی نەبوونە بەقەدەری خوا و سیفەتێکی (جاهلی) یە و دوا ئەنجامیش هەندێ جار دژایەتی کردنی تەقدیری خوایە ، لەوانەشە هەندێ کەس هەوڵی ئەوە بدەن ئەو منداڵە لەبار ببەن ، خوای گەورە لە باسی نەفامەکانی پێش ئیسلامدا دەفەرموێت : {وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ } (٥٨) سورة النحل.

بۆیە هەمان نەفامی یە و گەڕاوەتەوە بۆیە پێویستە (واجب)ە ڕازی بن بە تەقدیری خوا و ئەو ڕێگەیە نەگرنە بەر .

پ ١٢٠/ئەگەر ئافرەت لەگەڵ مێردەکەی خراپ بوو پاداشتی چیە؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

خوای گەورە فەرمانی کردووە بە تێکڕای موسوڵمانان بە چاکبوون لە نێوان خۆیاندا بەرامبەر بە خودا ، و ژنان بەرامبەر بە پیاوان و پیاوانیش بەرامبەر بە ژنان بەتایبەت ژن و مێرد دەبێ تەواو کەری یەکتر بن و ڕێز لەیەك بگرن وە دەبێ قسە لەیەکرت وەربگرن و ژنانیش گوێڕایەڵی مێردەکانی خۆیان بکەن ، جا خراپ بوون لەگەڵ مێرددا تاوانە و لەسنور دەرچوونە ، چونکە بۆ ڕاگرتنی شیرازەی خێزان ئاینی ئیسلام وا فێرمان دەکات و دەڵێ ئەگەر سوژدە بردن بۆ کەس و دروستکراوەکان ڕەوا بوایە ئەوا دەبو ئافرەت سوژدە بۆ مێردەکەی ببات ، بەڵام سوژدە بردن تەنها بۆ خودایە . ئەمەش لەبەر پاراستنی خێزانە و بەتایبەتیش بۆ پاراستنی خودی ئافرەتەکەیە لە گومڕابوون و توشبون بە تاوان .

پ ١٢١/ خێزانەکەم زۆر حەز دەکات پانتۆڵ لەبەر بکات بەڵام من قەبوڵ ناکەم چونکە دەزانم کارێکە لە ئاینەکەماندا نیە ، بەڵام ئەو حەز دەکات لەبەری بکات ئایا بە چ شێوەیەك

لەبەری بکات گوناح نیە واتە ئەگەر لەگەڵ کراسی درێژ تاکو سەر چۆك گوناحە ئەگەر نا بە چ شێوەیەك گوناح نی یە ؟

وەڵام :

پانتۆڵ لە پێ کردن بۆ ژنان دروست نییە ، چونکە پیاوان لە پێی دەکەن هەر چەندە خودی پانتۆڵ جلێکی خراپە بۆ پیاوانیش ئەوەش باشترە بۆ ئافرەتان کە پانتۆڵ لە پێ نەکەن هەرچەندە کراسی درێژی بکەنە سەر ، ئەوەی لەسەر ئافرەتان پێویستە ئەوەیە جلێکی شەرعی بەو مەرجانەی هەیەتی کە لە شوێنی تردا باس کراوە لەبەر بکەن .

پ ١٢٢/ من بەتەمام ببم بە باڵاپۆش إن شاء الله بە پشتیوانی خوای گەورە پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە ئەگەر تەوبە بکەیت وەك منداڵێك وایت کە تازە لەدایك بوبێت؟ یانی هەموو ئەوانەی پێشتر کردوومە کە بوەتە مایەی سەرپێچیەکانی خوای گەورە ، بۆ نموونە من پێشتر کەسێکی سفور بووم ئێستا خوای گەورە هیدایەتی داوم بڕیارێکی وام داوە کە ببم بە باڵاپۆش ئایا خوای گەورە تاوانی سفوریەکەم هەموو بۆ ئەسڕێتەوە و لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانم هەڵئەدرێتەوە؟

وەڵام :

ئافرەتان لەسەریان واجبە لەشیان داپۆشن و جلی شەرعی لەبەر بکەن ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە و پاراستن بۆ خۆیان لە چاوی خەڵکانی خراپ و مانەوەیان لەسەر حەیا و پاکی ڕەوشت و بەو کارەیان دەبنە ڕێگرێك لەبەردەم گورگەکانی ڕەوشت خراپی و هەڵناوەرێن لە ژێر دەستیان دا کە پاشانیش هیچ بەهایەکیان بۆ دانانێن ، جا هەر سفورێك تەوبە بکات و ببێتە باڵاپۆش خوای گەورە تەوبەی لێ وەردەگرێ و تاوانەکانی دەسڕێتەوە وە خوای گەورە وای لێ دەکات کە تاوانی نەبووبێ وەك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : "التائب من الذنب كمن لا ذنب له" صحيح الجامع . واتە : کەسی تەوبەکارو پەشیمان لەتاوان وەکو ئەو کەسە وایە کەتاوانی نییە ، و ئەو دڵخۆشی و خۆشبەختییەی هەستی پێ دەکەیت ئەو دەرگایە بۆ خۆشبەختی گەورەتر لە دونیا و قیامەتدا إن شاء الله جا خێراکە ساتێك زووتر تەوبە بکەو جلی شەرم و حیشمەت و ڕێز لەبەر بکە نەفرەت بێت لە جلی سفور و نەهێشتنی دین و ڕەوشت .

پ ١٢٣/ئایا دروستە قسەکردن لەگەڵ ئافرەتێك دا پێش ئەوەی مارەت بڕیبێت و بەتەما بیت بیهێنیت؟

وەلاَم :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

قسەکردن لەگەڵ ئافرەتدا پێش ئەوەی مارەی بکەیت بەمەبەستی مارەکردنی دروستە ئەگەر تەنها نەبێت واتە کەسێکی لەگەڵ بێت ، و ئەو سەیرکردن و شتانەش تەنها بۆ خوازبێنی بێت و بەردەوام نەبێت و پەیوەندی بوون نەبێت وە لە میانەی ئەو سەیر کردن و قسەکردنەدا تەنها ئەوە بێت کە ئەم دەیەوێت بیخوازێت لەگەڵ ئەوەدا دەبێت دوربکەونەوە لەقسەی ئارەزوومەدانە و هەرزەیی .

پ ١٢٤/السلام علیکم ئایا ئافرەت قژی ڕەنگ بکات بە مادەیەك کە ڕێگر نەبێت لە تەڕبوونی قژەکە وە تەنها بۆ ڕازاندنەوە بێت بۆ هاوسەری خۆی جگە لە ڕەنگی ڕەش گوناهبار دەبێت؟؟ خوای گەورە پاداشتان بداتەوە .

وەلاَم :

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

ڕەنگ کردنی قژ بۆ ئافرەت ئەگەر بۆ هاوسەرەکەی خۆی بێت و جوانی خۆی بۆ خەڵکانی تر دەرنەخات وە ئەو مادەیەی قژی پێ ڕەنگ دەکات ڕێگر نەبێت لە ئاوی دەستنوێژ و غوسل ئەنجا ڕەش و سپی نەبێت ئەوە دروستە و هیچی تیادا نیە إن شاء الله .

پ ١٢٥/ ئایا حیجاب بۆ ئافرەتان واجبە یان سوننەتە؟ ئایا باوك تا چەند تاوانبارە ئەگەر کچەکەی ئاگادارنەکاتەوە؟

وەلاَم :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بێ گومان حیجاب واجبە وەزانایان (اتفاق) یان هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە

بەڵگەی واجبی حیجاب پۆشین

بەڵگەی یەکەم/خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ

أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاء وَلاَ يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [النور : ٣١] ، **واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڵێ بە ئافرەتە ئیماندارەکان ، باچاویان بپارێزن لەسەیر کردنی پیاوی بێگانە، وە با داوێنی خۆیان بەدوور بگرن لەبەد ڕەوشتی. وە جوانی و ڕازاوەیی و زینەتی خۆیان بەدەرنەخەن بۆ نامەحرەمەکانیان. وە با لەچک و سەرپۆش بەسەرو سنگیاندا بێتە خوارەوە ... وە با لەکاتی ڕۆیشتنیاندا قاچیان نەدەن لەزەوی یەکە و تەقە تەق بکەن بۆ ئەوەی بزانرێت چ زینەتێکیان شاردۆتەوە ، ئەی ئیمانداران هەمووتان تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار چونکە ئەمە مایەی سەرفرازیتانە .**

بەڵگەی دووەم / خوای گەورەفەرموویەتی : ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ [الأحزاب ٥٩]. **واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمان بدە بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕدارانیش (چونکە خێزان و کچەکانی پێغەمبەر نزیک ترین کەسن لێیەوە ئەوان لە پێش ترن لە بەجێ گەیاندنی ئەم حوکمە) بەوەی کە عاباکانیان بە سەریاندا بدەن ، تا ئافرەتانی موسوڵمان بە جل و بەرگەکانیانەوە بناسرێنەوە بەوەی کە بە حەیا و قورس و سەنگینن تاوەکو ئەزێت نەدرێن ، وە خوای گەورە بەبەزەیییە بەرامبەر ئەوانەی کە لەمەو پێش خۆیان نەپۆشیوە .**

بەڵگەی سێیەم /خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ﴾ [الاحزاب : ٣٣] **واتە : ئەی ئافرەتان لە ماڵەکانی خۆتان بمێننەوە وە نەچنە دەرەوە مەگەر بۆ پێویستی نەبێ ، وە ئەگەریش هاتنە دەرەوە جوانی خۆتان بەدەرمەخەن و خۆتان مەڕازێننەوە وەک ئافرەتانی سەردەمی جاهلی ئەنجامیان دەدا لەپێش ئیسلامدا.**

﴿ لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)﴾

بەڵگەی یەکەم / لە (عومەری کوڕی خەتتاب)ەوە (رضي الله عنه) هاتووە کەوا وتی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ((أحجب نسائك ... قالت عائشة : فأنزل الله آية الحجاب)) صحيح البخاري رقم : (١٤٦) وصحيح مسلم رقم : (٢١٧٠) .

واتە: باخێزانەکانت خۆیان داپۆشن ، عائیشە فەرمووی لەدوای ئەمە خوای گەورە ئایەتی حیجابی دابەزاند .

هەروەها عومەر (ﷺ) فەرمووی بە پێغەمبەر (ﷺ) : ((يارسول الله ، لو أمرتَ أمهات المؤمنين بالحجاب فأنزل الله آية الحجاب) صحيح البخاري رقم : (٤٤٨٣) و (٤٧٩٠) .

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) خۆزگە فەرمانت دەدا بە دايكانی ئيمانداران واتە خێزانەكانت خۆيان دەپۆشی بە حيجاب لەبەركردن ، لەدوای ئەمە خوای گەورە ئايەتی فەرزبوونی حيجابی دابەزاند.

بەڵگەی دووەم / (عبدالله) ی كوڕی مەسعود (ﷺ) فەرموويەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((المرأة عورة)) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٦٨٦) .

واتە : ئافرەت هەموو لەشی عەورەتە دەبێ دای پۆشێ جگە لەو شوێنانەی كە شەرع بۆی بەڕەوای داناوە دەريبخات كە بريتی يە لە ڕوومەت و هەردوو لەپی .

ب / پێويستە لەسەر باوكان و دايكانيش ئەم بابەتە بۆ ڕۆڵەكانيان باس بكەن وە ئەگەر نەيانكرد يان كەمتەرخەميان كرد ئەوا تاوانبار دەبن و دەبنە هاوبەش لە تاوانی كچەكانياندا .

پ ١٢٦/ ئايا ئەگەر ئافرەت سكی پڕ بوو مێردەكەی دەتوانێ جيماعی لەگەڵ بكات يان نا وە ئەگەر دەتوانێ چۆن چۆنی؟

وەڵام :

مەسەلەی جوتبون (جيماع) لەگەڵ هاوسەردا (ژن) مۆڵەتی پێدراوە لە هەموو كاتێكدا تەنها لەكاتی حەيز و زەيستانيدا نەبێت كەوا بوو لە كاتی (سك پڕ) يدا دروستە و هيچ زيانێكی شەرعی و واقيعی تێدا نييە و چۆنييەتێكەشی دەگەڕێتەوە بۆ لای ژن و مێرد و لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت .

پ ١٢٧ / ئايا ئافرەتان دەتوانن بچنە حەمام (گەرماو) وەوە گشتی يەكانەوە ؟

وەڵام / شێخی پايە بەرز و فەرموودەناسی سەردەم ئيمامی (الألباني) لە كتێبە بەنرخەكەی (آداب **الزفاف**)دا[٦] لە باسی پێويستی دروست كردنی حەمام لە ماڵدا فەرموويەتی : " وە پێويستە لە سەريان (واتە : ژن و مێرد) كە حەمامێك لە ماڵەكەياندا دروست بكەن ، وەناشبێت پياو ڕێ بە ژنەكەی بدات كە بڕواتە حەمامی بازاڕەوە (حەمامی گشتی) ، چونكە ئەو كردارە قەدەغە و حەرامە ، لەو بارەشەوە چەند فەرموودەيەكمان پێگەيشتووە:

(٦) آداب الزفاف ص : (٥٩ . ٦١) تحت عنوان : (وجوب اتخاذ الحمام في الدار) .

یەکەم : لە (جابر) وە (رضي الله عنه) فەرموویەتی ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : " من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يدخل حليلته الحمام، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يدخل الحمام إلا بمئزر، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يجلس على مائدة يدار عليها الخمر " (أ).

واتە : هەر کەسێك بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی دوای هەیە با ئافرەتەکەی نەبات بۆ حەمامی گشتی ، وە هەر کەسێك بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی دوای هەیە لە پیاوان با نەڕواتە حەمامی گشتی یەوە ئیللا بە (مئزر) ەوە نەبێت (" مئزر " یش : ئەو پارچە قوماشەیە کە لە ناوکەوە تاکو ئەژنۆ دادەپۆشێت) ، وە هەر کەسێك بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی دوای هەیە با لە سەر خوانێك دانەنیشێ کە مەی لە سەر دەخورێتەوە .

دووەم : لە (أم الدرداء) ەوە ـ ڕەزای خوای لە سەر بێت ـ فەرموویەتی : لە حەمام هاتمە دەرێ ، پێغەمبەری خوام پێگەیشت ﷺ و فەرمووی : " من أين يا أم الدرداء ؟ " واتە : لە کوێوە هاتووی (أم الدرداء) ؟ دەڵێت : وتم : لە حەمامەوە ، ئەویش فەرمووی : " والذي نفسي بيده ، ما من امرأة تضع ثيابها في غير بيت أحد من أمهاتها ، إلا وهي هاتكة كل ستر بينها وبين الرحمن "(ب). واتە : سوێندم بەو کەسەی کە نەفسی منی بەدەستە ، هەر ئافرەتێك جلەکانی لە غەیری ماڵی یەکێك لە دایکەکانی خۆیدا دابکەنێت ، ئەوا هەموو ئەو سترانەی هەتك کردووە کە لە بەینی خۆی و پەروەردگاریدا هەن

سێیەم : لە (أبو المليح) ەوە (رضي الله عنه) فەرموویەتی : کۆمەڵێك ئافرەتی خەڵکی شام ڕۆشتنە لای دایکە (عائيشە) وە ـ ڕەزای خوای لە سەر بێت ـ ، پێی فەرموون : ئێوە خەڵکی کوێن ؟ وتیان : خەڵکی شامین ، فەرمووی : لەوانەیە خەڵکی ئەو ناوچەیە بن کە ئافرەتەکانیان دەچنە حەمامەوە (مەبەستی دایکە (عائيشە) حەمامە گشتی یەکانە) ؟ فەرمووی : بیستوومە لە پێغەمبەری خواوە کە فەرموویەتی : " ما من امرأة تخلع ثيابها في غير بيتها إلا هتكت ما بينها وبين الله تعالى "(ج). واتە : هەر ئافرەتێك جلەکانی لە غەیری ماڵی خۆیدا دابکەنێت ئەوا هەموو ئەو سترانەی هەتك کردووە کە لە بەینی خۆی و پەروەردگار یدا هەن ."

(أ) أخرجه الحاكم واللفظ له ، والترمذي ، والنسائي بعضه ، وأحمد ، والجرجاني من طرقٍ عن أبي الزبير عن جابر ، وقال الحاكم : "صحيح على شرط مسلم" ووافقه الذهبي ، وقال الترمذي : "حديث حسن" ، وله شواهد كثيرة تراها في " الترغيب والترهيب" .

(ب) أخرجه أحمد والدولابي بإسنادين عنها أحدهما صحيح ، وقواهُ المنذري .

(ج) أخرجه أصحاب السنن إلاَّ النسائي ، والدارمي والطيالسي وأحمد ، وقال الحاكم : "صحيح على شرط الشيخين" ووافقه الذهبي فأصاب ، واللفظ لأبي داود .

بەشی : تاوانەکان

پ ١٢٨/ ئایا بەکارهێنانی مومتەلاکاتی حکومەت تا چەند حەڵاڵ و حەرامە ، وەك بەکار هێنانی کۆمپیوتەر و تەلەفۆن و ئۆتۆمبیل بۆ مەبەستی خۆت ....

وەڵام :

بەکارهێنانی شتی حکومەت بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی ئەگەر ڕێگە پێ نەدراو بێت لە لایەن حکومەتەوە یان زیانی هەبێت بۆ ئەو کەرەستانە ئەوا دروست نیە ، ڕێسای کارپێکراو لەم مەسەلەیەدا حەدیسی ئیمامی (موسلیم)ە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ : (المسلمون عند شروطهم) الحديث زانایان لەم فەرموودەیە چەندین ڕێسایان دەرهێناوە لەوانە: (المعروف عرفاً كالمشروط شرطاً) ئەگەر باو وا بوو نابێ کەرەستەی حکومەت بەکار بێت ئەوا وەك ئەوە وایە حکومەت مەرجی دانابێت لەسەرت کە نابێ ئەو کەرەستانە بەکاربهێنیت .

پ ١٢٩/ ئایا بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ مەبەستی چاکە حەرامە؟ وەك سامی یوسف کە ئێستا بەدیلی گۆرانی یە خراپەکانی ئەم سەردەمەیە ، چونکە ئەوەندەی گوێی لێ دەگرم دڵم پاراو دەبێ بە یادی خواو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیتر نازانم بۆ حەرامە؟ ئەگەر وابێت ئینتەرنێت و سەتەلایت خراپن خۆ لە سەردەمی پێشودا نین و بیدعەن وە ئایا ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێ) لەسەردەمی خۆی دا دەست برینی دزی نەهێشت لەکاتێکدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمانی پێ کردبوو بەرامبەر دزی کردن کەوا بێت ئەبێ اجتهاد بە پێی کات و شوێن بگۆڕێت .

زۆربەی مەلاو زاناکان دەڵێن موسیقا گەر بۆ کاری چاکە بەکار بێت حەرام نیە وە ئەگەر حەرام بێت کەواتە ئەو هەموو ڕاگەیاندنە ئیسلامیانە لە کوفرو خەڵوەتدان(لَهْوَ الْحَدِيثِ) خوای گەورە کە فەرموویەتی مەبەست شتێکە کە دین ناشرین بکات و قورئان لە بەرچاو خەڵکی بخات" امام محمدی غەزالی ئەفەرموێت ئەگەر قورئانیش بۆ لەبەرچاوخستنی خەڵك لێ بدەیت هەر حەرامە وە باسکراوە کە جارێکیان گوێی لە شیعرە وەتەنیەکانی ام كلثم گرتووە ؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

حوکمی گۆرانی مۆسیقا حەرامێکی ڕون و ئاشکرایە و چەندین جار بەڵگەکانمان خستۆتە ڕوو ئەنجا کارو پیشەی پێغەمبەران و هاوەڵان و دۆستانی خوا نەبووە وە بەدیلی گۆرانیش بریتییە لە قورئان و زیکر و زانست و موناجاتی خوا (جلّ جلاله) ، سەردەمی زێڕینی ئیسلامەتی سەردەمی هاوەڵان کەسانی وەك

(سامی یوسف)یان نەبووە گۆرانیان بۆ بڵێ ئەگەر بهاتبایە کارێکی چاك بوایە و ئیمان بەوە زیادی بکردایە ئەوە چەندین کەس خۆی بۆ تەرخان دەکرد و دەبوو بە بەشێك لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، ئەنجا ئەو بەڕێزەش کە ئەڵێ بە بیستنی دڵم پاراو دەبێ بە یادی خواو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەڵێم : ئەوە تۆ بەکەمی گوێ دەگریت لە گۆرانییە ئیسلامیەکان و سرودەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وات لێ دێت ئەگەر وریای خۆت نەبیت ئەوانە دەبنە بەدیلی قورئان و زیکر و دوعاکردن وەزیاتر مەیلت بۆ شیعر و سرود و گۆرانییەکان دەچێت ئەنجا خەیرێکی زۆر لەدەست دەچێت ، ئەنجا ئەڵێم ئینتەرنێت و سەتەلایت دوو ئامێری چاکن و بواری خزمەتکردنیان زۆر تێدایە بەکۆمەڵگە ئەگەر بە چاکی بەکار بهێنرێت وە قیاس کردنی بە ئامێرەکانی گۆرانی و مۆسیقا زۆر دوورن لەیەکەوە ، وە کەئەڵێی لەسەردەمی پێشوودا نەبووە بۆ ئەم برگەیەت پێم خۆشە ڕونکردنەوەیەکت پێشکەش بکەم دەربارەی بیدعە :

بیدعە جۆری زۆرە لەوانە :

یەکەم : بیدعەی دینی .

دووەم : بیدعەی دونیایی .

سێ یەم : بیدعەی زمانی .

یەکەم : بیدعەی دینی هەمووی خراپە و ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێویستی بە داهێنانی ئاین نییە ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً) وە چاك و خراپی نیە بەڵکو هەموو بیدعەیەکی ئاینی گومراییە بەبەڵگەی ئەو حەدیسەی کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت "من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد" واتە : هەرکەس بیدعە لەم دینەی ئێمە بکات و لەدین دا نەبێت ئەوا قەبوڵ ناکرێت (تەماشاکە دەفەرموێت لەم دینەی ئێمەدا) .

دووەم : بیدعەی دونیایی : ئەم بەشە تایبەت نییە بەسەردەمێکەوە وە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی شوێنکەوتوانی دەدات بۆ بەدیهێنان و نوێکاری و بەدەست هێنانی شتی خزمەتگوزاری بەکەڵك و بەسود ، تەنها مەرج ئەوەیە ئەو شتانە دژ بە ئیسلام نەبن وەکاری ناشەرعیان پێ نەکرێت ئەوکاتەش شتی بەکەڵك و بەسودی پێ بکرێت و شتەحەرامەکانی قەدەغە دەکرێت .

سێ یەم : بیدعەی زمانی : وەك ئەوەی ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێ) لەسەردەمی خیلافەتی خۆیدا کە جارێکی تر موسڵمانانی لەسەر نوێژی تەراویح کۆکردەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەبەر واجب نەکردنی وازی لێهێنابوو لەسەر هەمان نوێژ و هەمان ژمارەی ڕکاتەکان و بەجەماعەت وەك چۆن

لەسەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەکرا ، بۆیە فەرمووی : (**نعمت البدعة هذه**) ئەمەش هیچ پەیوەندی بە حەڵاڵ و حەرامەوە نییە لێرەدا دەبێ هەموو لایەك ئەوە بزانن کاتێك شوێنکەوتوانی سەلەف باسی بیدعە دەکەن ئەوە باس و دیاری کردن و تێگەشتن و پۆلێن کردنیانە وە لەسەر ئەو سێ تەوەرە دەڕوات . ئەنجا ئەو قیاسەی کردووتە کە دەڵێیت ئیمامی عومەر دەستبڕینی دزی بەکار نەهێناوە ، بزانە :

یەکەم : ئەمە لە ساڵی برسێتی و لەنەبونیدا بووە (**عام المجاعة**) .

دووەم : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەکاتی شتی واجب دەفەرموێت "وما أمرتكم بە فأتوا منه مااستطعتم" مەبەستم برگەی (**ما استطعتم**) بەلأم لەباسی حەرامدا دەفەرموێت "**وما** نهيتكم عنه فاجتنبوه" دەبینی باسی (**استطاعة**)ی تێدانییە و هەردەبێ نەکرێت ، ئەنجا کە دەڵێی زۆربەی مەلاکان ئەڵێن حەلأڵە :

یەکەم : زۆرینە هەرگیز بەلگە نەبووە دەبینی زۆربەی خەڵك ڕقی لە ڕاستیە (وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ) ، ئەنجا لەگەڵ ڕێزماندا بۆ مەلاکان بەلأم فەتوا کاتێك وەردەگیرێت بەلگەی هەبێت ، زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ وتوویانە لەوانە :

یەکەم : أبو **حنيفة** : دەفەرموێت (لا يحل لأ أن يأخذ بقولنا ما لم يعلم من أين أخذناه) .

دووەم : مالك ئەفەرموێت : (إنما أنا بشر أُخطيء و أُصيب فانظروا في رأيي فكل ماوافق الكتاب والسنة فخذه وكل ما لم يوافق الكتاب والسنة فاتركوه)

سێ یەم : الشافعي : دەفەرموێت (كل ما قلت فكان عن النبي صلى الله عليه وسلم خلاف قولي مما يصح فحديث النبي أولى فلا تقلدوني) .

چوارەم : ئیمامی ئەحمەد ئەفەرموێت : (لا تقلدني ولا تقلد مالكاً ولا الشافعي ولا الأوزاعي ولا الثوري وخذ من حيث أخذوا) .

بۆ زیاتر ئاشنابوون لەم ووتانە بڕوانە پێشەکی کتێبی (صفة صلاة النبي صلى الله عليه وسلم)نوسینی شێخ ئەلبانی .

وە ئەو برگەیەی کە بەڕێزێکی تر دەیکات لە ئاوەها پرسیارێکدا کە باس لە ڕاگەیاندنی ئیسلامی دەکات کەگوایە لە کوفرو خەڵوەتدا دەبن ، نا ئێمە بە کوفری نازانین و ڕێزیشمان بۆ هەموو لایەك هەیە کە خزمەتی دروستی ئیسلام بکات ، بەلأم ڕەنگە ئەوان لە ژێر فشاردا بن و نەتوانن خۆیان ڕاگرن یان بوونی هەندێ کەس کە لەناو قیادەی ئیسلامییەکاندا کە زۆر لای گرنگ نییە حەلأڵ بێت یان حەرام ، چونکە

پەروەردەیەكی سیاسی بووە و بەتەواوی لەسەر حەلاڵ و حەرام پەروەردە نەبووەتەوە بە تایبەت لەبەر ململانێی سیاسی و حزبی بۆیە ناچار دەبێ ئەو بۆچوونەی خۆی تەعمیم دەكات بەسەر هەموو لایەنگرەكانیدا و لایەنگرانیش لەبەر كەمی زانست و متمانەیان بە قیادەی خۆیان پاساوی بۆ دێننەوە .

وە ئەو بڕگەیەی ئەم بەڕێزە باسی دەكات كە ئەڵێ امام محمد غزالی گوێی لە گۆرانی گرتووە ..

یەكەمجار (محمد الغزالی) كەسێكە لەم سەردەمە ژیاوە نەزانایە و نە ئیمام بەڵكو نوسەرێكی چەواشەكاری دوژمنی مەنهەجی سەلەفی بووە تامردنی ، وە ڕاو بۆچوونی سەیر و ناقۆڵای هەیە بەتایبەت لە كتێبی (**السنة النبوية**) وە ناوبراو بریتی نیە لە ئیمامی غەزالی زانای بەناوبانگ كە لەسەدەی شەشەمدا ساڵی (٥٠٥) ی كۆچی مردووە . وە گەورەترین شایەت لەسەر خراپێتی محمد غەزالی سەردەم ئەوەیە كە گوێی دەگرت لە گۆرانییەكانی (**أم كلثوم**) ی میسری كە هەرگیز زانایانی ئیسلام شتی وایان نەكردووە .

پ ١٣٠/سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێ بەڕێزان من گەنجێكم سوپاس بۆ خوا لەمناڵیەوە نوێژ ئەكەم و سونەتەكانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە جێ ئەهێنم وە لەماڵەوە ئینتەرنێتم هەیە دوای ئەوەی كە شتی گرنگی لێ وەردەگرم كاتەكانی ترم خەریك ئەكەم بە چاتەوە وە هاوڕێی كچیشم زۆرەكە قسە ئەكەین قەت قسەكانمان ناچێتە قاڵبی ناشەرعیەوە وائەزانم قسە لەگەڵ كورێكی هاوڕێم ئەكەم حوكمی ئەم كارەم چی یە؟ تێم بگەیەنن خوا پاداشتان بداتەوە.

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس بۆ خوای گەورە كە یارمەتی داویت لەمناڵییەوە نوێژ دەكەیت و سونەتەكان بەجێ دەهێنیت یەكێك لەو كەسانەی كە لە قیامەتدا لە ژێر سێبەری عەرشی خوا دا دەبن كەسێكە (**شابٌ نشأ في عبادة الله**) واتە : گەنجێك لە پەرستنی خوا دا گەورە بووبێت ، ئەنجا ئینتەرنێت سودو زیانیشی تێدایە هەوڵبدە تەنها سودی لێ وەربگریت و نزیكی خراپەكانی نەبیتەوە ، چاتكردن ئەگەر پێویست و سنوردار بوو قەیدی ناكات ، بەڵام ئەگەر بۆ كات بەسەر بردن و بێ هودە بێت ئەوا نەكردنی چاكترە ، بەڵام چاتكردن لەگەڵ كچاندا بەتەنها و بەبێ زەرورەتێكی شەرعی و بۆ گەنج و چەندین جاریش بەیەكەوە قسە بكرێت تا ببنە هاوڕێی یەكتر و بەردەوام بەیەكەوە قسە بكەن بەڕاستی ئەمە حەرامەو كارێكی ترسناكە ، و ئەو بڕگەی كە دەڵێ (وەك ئەوە وایە لەگەڵ كوڕێكدا قسە بكەم) ئەوە فێڵی شەیتانە دەبێ وازی لێ بهێنیت بۆ تاقی كردنەوەی خۆت تا بزانیت شەیتان كاری تێكردوویت یان نا دەتوانی خۆت تاقی بكەیتەوە ، ئەگەر

وازهێنانت زۆر ئاسان بوو ئەوا سوپاس بۆ خوا زۆر کاری تیَ نەکردوویت ، بەلاَم ئەگەر وازهێنانت لا قورس بوو ئەوە وریابە تووش بویت وە باجەکەی قورس دەبێت پەنا بەخوا بەلاَم بەهەرحالٓ کارێکی خراپە .

پ ١٣١/ باوکم زۆر دەخواتەوە لەماڵەوە وە دەبێت من خزمەتی بکەم و پەرداخی مەشروبەکەی دەبێت من بیشۆم ئایا ئەمە حەرام نیە؟ ئەگەر نەیکەم لێم تورە دەبێت چی بکەم؟

وەڵام :

خزمەتکردنی باوك ودایك كارێكی چاكە و (واجب)ە لەسەر كوڕو كچ ، و دەبێت منداڵ لەگەڵیاندا بە چاكی مامەڵە بكات ئەگەر ئەوان كافرو (موشریك) یش بوون ، بەلاَم نابێت منداڵ هیچ كارێكی حەرام بكات یان لەحەرامدا گوێڕایەڵیان بكات پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیه وسلم) دەفەرموێ : (انما الطاعة في المعروف) واتە : گوێڕایەڵی تەنها لە چاكەدایە . وە دەفەرموێ : (لا طاعة لمخلوق في معصیة الخالق) نابێ گوێڕایەڵی هیچ كەسێك بكرێت لە سەرپێچی كردنی خوادا .

جا نابێت یارمەتیان بدەیت لە مەشروب خواردندا یان لە شۆردنی قاپ و پەرداخەكانیان وە نابێ بیانكەیت . بەلاَم ئەگەر تورە بوو تۆ بەئارام بەو تەنانەت لێیشی دایت تۆ دەستی لیَ بەرز مەكەرەوە ، بەلاَم بەجوانی بڵێ لەبەر خوا نایكەم وە هەوڵبدە كە ئەو تۆ بناسێت كە تۆ كەسێكی لە خوا دەترسی و یارمەتی نەدانت بۆ ئەو بۆ قازانجی ئەوەو بۆ ئەوەیە ئەو توشی تاوان و سەرپێچی خودا نەبێت ، و دیسان بۆ خۆتیشە كە ئەگەر حەلاڵ بوایە ئەوە منیش دەمخوارد ، هەركات توانیت بەئەدەبەوە لەم ڕاستییەی بگەیەنیت ئەوە إن شاء اللە وازت لیَ دێنیَ و دەستخۆشیت لیَ دەكات خوا یارمەتی هەموو لایەكمان بدات .

پ ١٣٢/ بەرێزەکانم من کاتێك کە کەسێك تورەم دەکات ناو ناتۆرەی لێ دەنێم تائێستا چەند جار ویستومە بەسەر خۆمدا زاڵبم نەم توانیوە ئەگەر چی باش دەزانم کەخودا بەدەقی ئایەت ناو ناتۆرەی حەرام کردوە هەردوای ئەوەی دەیلێم دەست بەجێ پەشیمان دەبمەوە ئایە من گوناهبار دەبم ؟یانی بەوە فاسق دەبم ؟چی بکەم باشە؟

وەڵام :

تورە بوون سیفەتێكی خراپە و پێویستە مرۆڤی موسوڵمان خۆی بەدوور بگرێت لەو سیفەتەیە ، وە پێویستە كەسایەتی موسوڵمان دیراسە وخوێندنەوەی چاك بكات و لە ئەسڵی سیفەتی تورە بوون تیَ بگات كە چەند كوشندەیە و ناشایستەیە بۆ موسوڵمان و نەخۆشی و نوقسانیە لە مرۆڤدا ، ئەوەتە كەسێك هاتە لای پێغەمبەری خوا صلی اللە علیه وسلم فەرمووی : (أوصني فقال لا تغضب فردد مراراً قال لا تغضب) رواه

مسلم .ئەو کابرایە داوای ئامۆژگارییەکی بەسودی لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کردووە دەبینی بەردەوام فەرموویەتی (توڕە مەبە) ، چونکە تورە بوون مرۆڤ لەباری ئاسایی و هۆش و بیر دەباتە دەرەوە ، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ڕۆشنبیری چاکت هەبێت بە تایبەت لەسەر هۆکارەکانی تورە بوون و ئەنجامە خراپەکانی بەتایبەت کاتێ کەسێك تورە دەبێ تەماشای بکە چەند خراپ و بێ کەڵکە ئاواش بزانە تۆش وایت ئەما ناوناتۆرە و قسەی خراپ بەخەڵك وتن بێگومان حەرامە و ئینسان پێی فاسق دەبێت ، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ : (سباب المسلم فسوق وقتاله كفر) رواه مسلم ، وە دەفەرموێ : (المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده) رواه مسلم .

ئەوەشمان لەبیر نەچێت ترسان لە خوا و شەرم کردن لێی وە ڕێز لە خۆ و خەڵك گرتن باشترین چارەسەرە .

پ ١٣٣/ نینۆك درێژکردن حەرامە؟

نینۆك کردن و پاکڕاگرتنی نینۆکەکان یەکێکە لە دروشمەکانی پێغەمبەران و دروشمی موسڵمانان ، وەك لە فەرموودەی أبو هريره دا هاتووە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : "خمس من الفطرة : الاستحداد والختان وقص الشارب ونتف الإبط وتقليم الأظفار" رواه الجماعة .

واتە : پێنج شت لە فیترەت و ئیمانن :

١-خۆ قەدەغە کردنی ئەو ژنەی مێردەکەی دەمرێت تاماوەی تەواو بوونی (عدّە) .

٢- خەتەنەکردن .

٣- سمێڵ کردن .

٤- هەڵکەندنی مووی بن باڵ .

٥- نینۆك کردن .

جا درێژ کردنەوەی نینۆك کارێکی پیس و حەرامە و پێچەوانەی ئەو فیترەتەیە کە مرۆڤی لەسەر دروستکراوە و فەرمانی پێ کراوە ، لەوەش خراپتر ئێستا کەسانی خراپ و تاوانبار و عاشق وخنکاو لە ناو دەریای بێ بنی شەیدا بوون و بێ هۆشیدا ئەو کارە ئەنجام دەدەن تاوەکو بووەتە هۆی ناسینەوەی ئەو کەسانەی ئەوە ڕەفتاریانە بۆیە ، یەکێك لە نیشانەکانی لەدەستدانی ژیری و هۆش و فام لای کەسانی ئارەزووپەرست و عەودالانی ڕەگەزی بەرامبەر بەبێ شەرعی ئەوەیە نینۆکت درێژ بکەیت ئەگینا کەسی پاك و بەئیمان و ئازاد کە خۆی نەخستبێتە داوی شەیدابوونەوە پێویستی بەو جۆرە کارانە نییە .

پ ١٣٤/ داواتان لێ دەکەین کە بە ڕوونی پێناسەو حوکمی دڵداری و خۆشەویستیمان بۆ بکەن.

وەڵام :

پێناسەی دڵداری : بریتی یە لە : پەیوەندییەکی مۆڵەت پێ نەدراو لە نێوان هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ دا بەمەبەستی چێژ وەرگرتن لە یەکتر.

جا پێش ئەوەی باسی حوکمی دڵداری یان خۆشەویستی یان ئەویندارى لەشەرعدا بکەین پێویستە ئەوە بزانین مەبەست لەم زاراوانە چین ، تا بتوانین حوکمی شەرعیان بەسەردا بدەین ، چونکە وەك گوتراوە (الحكم على الشيء فرع عن تصوره) دەبێ لە پێشدا ماناو ڕاستی ئەم زاراوانەمان لا ڕوون بێت ، پێشەکی : ئەڵێم ئەم زاراوانە و چەندین زاراوەی پەیوەندی دار بەم بابەتەوە هەریەك دەلالەت لەسەر قۆناغێك یان بەشێك لەم مەسەلەیە دەکات ، جا ئەم کار و ڕەفتارە بەهەر یەکێك لەو زاراوانە ناو بنرێت ئەوە ناو لێنانێکی نادروست و ناتەواوەو واقیع پێچەوانەی ئەوەیە ، چونکە لە مێژووی عاشقاندا کە نێر و مێ حەزیان لەیەکتر کردبێ بەبێ مۆڵەتی شەرع لە قۆناغێك یان بەشێك نەوەستاوە بەڵکو پەلی کێشاوە بۆ یەکتر بینین و ڕۆچوون تیایدا و چێژ وەرگرتن و شەیدا بوونی یەك وە بۆ پێکەوە دانیشتن و گەڕان و کات بەسەربردن وە بۆ ئەوین یەکتربوون و بگرە چەندین دەستبازی حەرام و ئابڕوبەر ، ئەمەش لای هەموو کەسێك زانراوە کە بە پەیوەندی بوون ناودەبرێت بۆ نموونە ئەو کەسانەی پێش ژنهێنانیان کە دڵداریان کردبێ دەبینی زۆر جار لە دوای ژنهێنانیان وازی لێ دێنن ، ئەگەر تەنها خۆشویستن بێ ئەوە کەسی خۆشەویست هەر خۆشەویستە ، بەڵام دڵداری لەگەڵ ناکات لەبەر ئەوەی ژنی هێناوە کەوابوو ئەم دیاردەیە بریتی یە لەبوونی پەیوەندییەکی ناشەرعی لە نێوان هەردوو ڕەگەز دا ، ئەمەش ناوێکی گشتی یە بۆ هەموو ئەو کردارانەی هەردوو لایەنی ئەویندار ئەنجامی ئەدەن واقعی پڕ خەم و خەیاڵی ئەویندارەکانیش ئەم ڕاستی یە دەسەلمێنێ ، جا ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ پاراستنی ڕەوشت و ئاین و بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی مۆڵەتی نەداوە بەوەی ڕەگەزی نێر و مێ پەیوەندی بەیەکەوە دروست بکەن تەنها لە ڕێگەی ژنهێنان و شوکردنەوە نەبێ ، ئەمەش چەندین سودو بەرژەوەندی بۆ تاك و کۆمەڵگەی تیادایە ، بۆ نموونە ئەگەر مۆڵەت بە خۆشەویستی بدرێ و ڕەها بێت هەردوو ڕەگەز بواریان پێ بدرێت هەریەکەیان هەرکەسێکی خۆشبوێت خۆشی بوێت و پەیوەندی لەگەڵ بکات ، لەوانەیە کەسی وا هەبێت چەند کەسێکی خۆشبوێت و دڵ بدات بە چەند کەسێك ، ئایا چارەسەر چی دەبێت چارەسەریش نییە

تەنها ئەوەیە خۆشەویستی سنووردار بکرێت ئەگەر کەسێ بڵێ ئەی ڕاتان چی یە بەکەسێك گەر حەزی لە کچێك یان ژنێك ڕێگر چیە پەیوەندی لەگەڵدا هەبێت ، ئێمە ئەڵێین ئەگەر پێش یەکتر خۆشویستن و پەیوەندی بونیان گرێبەستێك (عقد) یك نەبێت تا مافیان بەسەریەکەوە دابین و پارێزراو بکات ئەوە کارێکی هەرزانەیە و زیان بەخشە ، و لەوانەیە یەکێکیان یان هەردووکیان ستەم لەویتر یان لەیەکتر بکەن وە بەوەفابوون و ڕاستکردن لەگەڵ یەکدا مسۆگەر ناکرێت ، و لەوانەیە لایەنێك لەو دوانە پەیوەندی لەگەڵ چەند کەسێکی تردا دروست بکات ئەگەر مرۆڤ بۆی ڕەها بکرێت حەزی لە هەرکەس کرد خۆشی بوێ و پەیوەندی لەگەڵ دروستکات جا بۆ ئەوەی کۆمەڵێك نەبنە قوربانی ومافەکانیان بپارێزرێت پێویستە عەقدێك هەبێت ئەم گرێبەستەش بەباشترین شێوە ئیسلام سەلماندوویەتی کەمافی کەسی و ئاینی و کۆمەلایەتی و ڕەوشتی تیادا پارێزراوە .

کەوا بوو حوکمی خۆشەویستییەك یان دڵدارییەك یان ئەوینێك هەموو ئەو موخالەفاتانە لە خۆ بگرێت وەك چۆن لە واقعدا دەیبینین بێ گومان حەرامە و لاڕێبوونێکی ڕەوشتی گەورە و ترسناکە و کۆمەڵگا دەبێتە قوربانی ئەو هەڵەیە ، چونکە ئەم شتانە لە ئەویندارى دا ڕوودەدات :

یەکەم : بۆ یەکتر ڕوانین پێش مارە برین ئەمەش حەرامە و خوای گەورە دەفەرموێ : {قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ} سورة النور(٣٠).

دووەم : بەتەنها لەگەڵ یەکبوون (الخلوة) پێغەمبەری خوای صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (لا يخلون رجلٌ بامرأة إلا كان ثالثها الشيطان) ترمذی ڕیوایەتی کردووە (٢٨٤/٦) حديث صحيح غريب . واتە : هەرگیز پیاوێك لە گەڵ ئافرەتێکدا بە تەنها نابن ، ئیللا شەیتان سێیەمیان دەبێت .

سێ یەم : دەستبازی و چێژ وەرگرتن لە جەستەی یەکتر (لأن يطعن في رأس أحدكم بخيط من حديد خير له أن يمس امرأة لا تحل له) أخرجه الطبراني في الكبير برقم ٤٨٧ و صححه الألباني في الصحيحه برقم ٢٢٦ .

چوارەم : گوێڕایەڵی نەکردنی قسەی دایك و باوك کە شارەزاترین کەسن بۆ چارەنووسی کچ یان کوڕ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (إذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه...) .

وە چەندین زیان و خراپەی تر لەوانە :

١ - تووشبوون بەنەخۆشی (ئەوین) و لەدەستدانی عەزیمەت و زاڵکردنی ئارەزووەکان بەسەر ژیری و شەرعدا ، زانایان ئەوینیان بەنەخۆشی کوشندە داوەتە قەڵەم تەنانەت بەبەشێك لە شیرکیان داناوە .

٢- ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەنجامدانی داوێن پیسی لەبەر ئەوەی هۆکارە بۆ زیناکردن وکاری خراپ لە ئاینی ئیسلامدا بەیاسای (سد الذرائع)قەدەغە کراوە .

٣- شکاندنی سنووری ڕەوشتی ئیسلامی و کۆمەلایەتی و پەرەپێدان بەناپاکی و دڵنیا نەبوون لەیەکتر .

لە کۆتایدا ئەڵێم :

١- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ : (الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ ،والإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ) چاکە و شتی حەلاڵ دلّ پێی ئاسودە دەبێ وخراپەش ئەوەیە دلّ پێی ناخۆش بێ .

٢- ئایا ئەو کەسەی گاڵتە بەڕەوشتی خەڵکی تر دەکات پێی خۆشە کەسانی تر لەگەڵ خوشك و دایکیدا پەیوەندیان هەبێت ، بۆیە داواکارم لەگەنجان بە کوڕ و کچەوە هەموویان شوێنی هەنگاوەکان نەکەون و ساختەی شەیتان کاریان تێ نەکات و شوێنی چارەسەری ئیسلام بکەون کە بریتی یە لە ژنهێنان و مێردکردن .

پ١٣٥/ ئایا ڕابواردن لەگەڵ خێزانی خۆتدا لە ڕێگەی کۆمەوە بە کۆندۆمەوە واتە (کیس) دروستە؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ڕابواردن و جووتبوون لەگەڵ خێزاندا لە پاشەوە دروست نیە و یەکێکە لەتاوانە گەورەکان جا ئەگەر خستنە ژوورەوەی ئەندام بە ڕووتی بێت یان بە کوندومەوە (کیس) چونکە جێگای ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتدا دیاری و دەست نیشان کراوە وەك خوای گەورە دەفەرموێ : { فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ } (٢٢٢) سورة البقرة .

پ ١٣٦/من خۆشحاڵم ودەستخۆشیتان لێ دەکەم ئایا ئەگەر کەسێك بە هەڵە چووبێتە لای خێزانی لە کۆمەوە پاشان پەشیمان بێت ئایا چی بکات خوای گەورە لێی خۆش دەبێت وە ئایا تەلاقی دەکەوێت؟

وەڵام :

خوای گەورە هەموو لایەکمان خۆشحاڵ بکات ئێمەش هیوای سەرکەوتن بۆ تۆ لە خوای گەورە دەخوازین .

چوونە لای خێزان لە کۆمەوە تاوانێکی گەورەیە و بە کوفری بچووك دانراوە وەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم دەفەرموێ : (من اتى حائضاً أو امراةً في دبرها فقد كفر بما أنزل على محمد) کەفەرموودەیەکی

صحیحە جاپێویستە مرۆڤی موسوڵمان خۆی بپارێزێت وەزاڵ بێت بەسەر ئارەزووەکانیدا و سنوری خوای گەورە نەشکێنێت خوای گەورە دەفەرموێت : { فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ } (٢٢٢) سورة البقرة

واتە : بچنە لای خێزانەکانتان لەو جێگایەی فەرمانتان پێ کراوە . جا ئەگەر کەسێك ئەو کارەی کرد نەیزانی ئەوە کۆمە و جێگای دیاری کراوی شەرعی نییە ، بەڵکو خوای گەورە لێی خۆش بێت ، چونکە هەڵە کردن قەڵەمی لەسەر هەڵگیراوە وەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرموویەتی : (ان الله تجاوز عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه) رواه ابن ماجه و صححه الألباني .

واتە : خوای گەورە لێخۆشبووە لە ئوممەتی من لە هەڵە کردن بێ ئەنقەست و لەبیر چوو و زۆر لێ کردن .

وە سەبارەت بەوەی کە تەلاقی بکەوێت هیچ شتێکی لەسەر نەهاتوە و تەلاقی ناکەوێت .

پ ١٣٧/ وە غسل العار چیە و حوکمی چیە؟

وەڵام :

عار وشەیەکی عارەبی یە ناوێکە بۆ هەموو شتێك کە مرۆڤ پێی سووك و عەیبدار بێت لەکاتی نەفامی و پێش ئیسلامدا کچان زیندە بەچاڵ دەکران وەکو قورئان بۆمان تۆمار دەکات : {وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ * بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ} (٨-٩) سورة التكوير

واتە : کاتێك کچی زیندە بەچاڵکراو پرسیاری لێ دەکرێت بە چ گوناهێك بە چ تۆمەتێك کوژرا .

یان ئایەتی : {وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَنِ مَثَلًا ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ} (١٧) سورة الزخرف

واتە : کاتێ مژدە بدرێت بە یەکێکیان بەوەی کە کچیان بووە ئەوە ڕوخساری ڕەش هەڵدەگەڕێت و لەدەروندا پیش دەخواتەوە .

ئەمە هەمووی لە پێش ئیسلامدا بەڵام کاتێ ئیسلام هات ڕێزی زۆری لە ئافرەتان نا و هانی موسڵمانان دەدات بۆ بەخێوکردنی کچان و ئافرەتان ، کەوابوو بە چاوی کەم و عەیبەوە تەماشای ئافرەت کردنی بۆ ماوەیەکی (موروث) کۆمەڵایەتی ، نەك ئاینی ، چونکە ئاینی ئیسلامی گرنگی یەکی زۆری بە ئافرەتان و کچان داوە جا کۆمەڵگا بۆ نەهێشتنی (عار و عەیب) بە هۆی کچان و ئافرەتانەوە پەنایان بردۆتەوە بەر ئەزیەت و ستەم و کوشتنی ئافرەتان و کچان بە هۆی بوونی پەیوەندی سێکسی یەکێك لەوانە لەگەڵ پیاواندا بەبێ هەبوونی پەیوەندی هاوسەری یان هەر بە گومانی هەبوو ئەو پەیوەندییە ، جا بەڕاستی ئەمە هەر چەندە کارێکی حەرامە کە کچان و ئافرەتان پەیوەندی یان هەبێت لەگەڵ پیاواندا بەبێ پەیوەندی هاوسەرێتی ، بەڵام ئەگەر کچ یان ژن هەر کەسێکی تر تاوانێك لەو تاوانانە یان گومانی ئەوەی لێ کرا نابێ

کەس و کارو بنەماڵە و ئیجرائات بکەن بە کوشتن ، چونکە ئەو حوکمانە حکومەت جیَ بە جێیان دەکات ، چونکە ئەگەر خەڵك بۆ خۆی ئەو حوکمانە ئەنجام بدات چەندین کوشتن و ئاشوبی گەورەی لیَ دەکەوێتەوە . ئەبێت ئەوەش بزانین شەرەف و ئابرو کارێکی گران و قورسە دەبێت پارێزگاری و پاسەوانێتی بکەین ، و دوژمنان دەیانەوێت ئێمە ئەوە لە دەست بدەین بەڵام نابیَ خوانەخواستە شتێك لەوانە ڕووی دا ئێمە ستەم بکەین بە ناوی (غسل العار)ە وە .

پ ١٣٨/ هەندیَ کەس لەڕێگەی حیزبێکەوە یاخود کەسێکەوە دامەزراوە لە دائیرەیەك دەوام ناکات و موچەش وەردەگرێت لە حکومەت ئایا ئەو پارەیە حەرامە یان حەڵاڵە؟

وەڵام :

وەرگرتنی موچە لەبەرامبەر کارێکی شەرعی دا ئەگەر کەسی خاوەن موچە مافی ئەو کارەی خۆی بدات ئەوە حەڵاڵە وە پێویستە لە خوا بترسیَ و تەنها وەك هۆکارێك ببینێت ، وە پشت بە خوا ببەستێت ئەنجا مافی ئەوەی لە گەردنیدایە بیدات وە دامەزراندنەکەی تەنها بۆ پارەوەرگرتن و حزبایەتی کردن نەبێت ، چونکە ئەو پارەیە ماڵی موسڵمانانە و ئەمانەتە لە گەردنی کاربەدەستاندایە ، جا پێویستە دەوام بکات بە پێی یاسای کارپێکراوی ئەو دەزگایەی تیایدا دامەزراوە ، ئەگەر نا ئەوە موچەکەی حەارم دەبێت چونکە موچە لە بەرامبەر دەوام کردندا دانراوە .

پ ١٣٩/ ئایا حوکمی ڕیش تاشین چیە؟وە ئەو فەرمودانە کامانەن کەباسی چۆنیەتی ڕیش هێشتنەوە وکورتکردنەوەی دەکات؟

وەڵام : حوکمی دانانی ڕیش بۆ پیاوان واجبە ، وە ڕیشیش جیاکەرەوەیە لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا بۆیە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نەهی کردووە پیاوان خۆیان بشوبهێنن بە ژنان و ژنانیش خۆیان بشوبهێنن بە پیاوان وەك دەفەرمویَ : (جزو الشوارب وأرخو اللحى خالفوا المجوس) رواه البخاري ومسلم . وعن ابن عمر قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : (خالفوا المشركين أوفروا اللحى وأصفوا الشوارب –وفي الرواية– أنهكوا الشوارب وأعفوا اللحى) متفق عليه .

واتە : سمێڵتان بگرن ئەوەی کەوتووەتە سەر لێوەکانتان نەك تاشینی سمێڵ وەڕیش بهێڵنەوە و زیادی بکەن پێچەوانەی ئاگر پەرستان بکەن کە ئەوان ڕیشیان دەتاشی و سمێڵیان دەهێشتەوە .

جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم به كردەوەو بە فەرمان داوای لێكردوین ڕیشمان هەبێت وە نابێ دەستكاری بكەین ، وە هەندێ كەس حەدیسێكی هەڵبەستراو دەهێنن كە ئەمە دەقەكەیەتی : (كان يأخذ من لحيته من عرضها وطولها) رواه الترمذي وفي سنده عمر بن هارون وهو كذاب خبيث فالحديث غير صحيح وقال الألباني موضوع انظر الضعيفة رقم ٢٨٨ .

ماناكەی ئەوەیە هەڵبەستراوە كەگوایە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە ڕیشی خۆی گرتبێ لە پانی و درێژی .

ئەم حەدیسەدەكەنە بەڵگە بۆ لێگرتنی وە ناوی دەنێن قەڵەمكردن جا تۆ دوای ئەوەی بۆت دەركەوت ئەو بەڵگەیە هەڵبەستراوە ئەو كاتە كارەكەیان بێ بەڵگەو نارەوایە .

پ ١٤٠/ ئایا تێكەڵاوی كوڕو كچ حەرامە یان حەلاڵە؟ .

وەڵام :

تێكەڵاوی كچ و كوڕ زیانێكی زۆری بۆ خودی كچ یان كوڕ هەیە پاشان بۆ شیرازەی كۆمەڵگە بەگشتی وە مەترسی یەكی زۆری هەیە لەسەر ئایین و ڕەوشتی نەوەكان ، لەبەر ئەوەی خوای گەورە مەیل و ئارەزووی بە هێزی لە پیاوان و ئافرەتاندا بەرامبەر یەكتر دروست كردووە بۆ ئەوەی بە ڕێگەی شەرعی سوود لە یەكتر ببینن ، بەلاّم تێكەڵاوی كە ڕێگەیەكی شەرعی نییە بۆ سود لەیەكتر وەرگرتن چەندین شتی حەرامی تیادا دروست دەبێ لەوانە وەك نمونە ڕوانین بۆ یەكتر خوای گەورە دەفەرموێ : {قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ} (٣٠) سورة النور .

لێرەشەوە زیان دەست پێ دەكات و ناشوەستێ جا بۆ چارەسەركردنی یەكجاری دانایانە خوای گەورە تێكەڵاوی قەدەغە كردووە تەنها ناچاری نەبێت خوای گەورە دەفەرموێ : {وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلاَ تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الأُولَى} سورة الأحزاب(٣٣) واتە : لە ماڵی خۆتان بمێننەوە وەك سەردەمی نەفامی خۆتان ڕووت مەكەنەوە (چونكە بەرۆشتنتان بۆ دەرەوە پیاوان تەماحتان تێ دەكەن).

پ ١٤١/ من تەمەنم 21 ساڵە بۆ ماوەی 4 ساڵە سەردانی خزمەکانم نەکردووە ، بەڵام ئەوان سەردانم ئەکەن،ئایا حوکمم چیە ؟

وەڵام :

سەردان و بەسەرکردنەوەی خزمان گەیاندنی (صلة الرحم) ە و حەقێکی شەرعی خزمانە بەسەر یەکەوە و پچڕاندنی حەرامە و یەکێکە لە تاوانە گەورەکان ، خوای گەورە دەفەرموێ : {فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ * أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ} (٢٢-٢٣) سورة محمد

واتە : ئایا ئێوە بەتەمان ئەگەر لە غەزا پشت هەڵبکەن یاخود دەسەلاتتان کەوتە دەست تۆوی ئاژاوە و فەساد و تاوان لە زەویدا بچێنن و هەرچی پەیوەندی خزمایەتیش هەیە بیبچڕێنن و لە ناوی بەرن .

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (لا يدخل الجنة قاطعٌ) قال سفيان في روايته يعني قاطع رحم . متفق عليه .

واتە : ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێ ناچێتە بەهەشتەوە ، ئەمەش بەڕاستی هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە و دەبێ موسوڵمان لە بەرامبەر ئەم مەسەلە گرنگەدا بە پێی ڕێنماییەکانی ئیسلام ڕەفتار بکات کە فەرمان دەکەن بە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی ، بەڵکو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (إن أبرّ البرّ أن يصل الرّجل ودّ أبيه) واتە : باشترین چاکە ئەوەیە سەردانی خۆشەویستەکانی باوکت بکەیت جا زوو پەشیمان بینەوە لەم جۆرە تاوانانە خوای گەورە یارمەتی دەری هەموو لایەکمان بێت .

پ ١٤٢/ بەناوی خوا : پرسیارێکم هەیە کوڕەکەم دەتوانێ کاری ڕۆژنامە فرۆشی بکات ، بەڵام ئەو ڕۆژنامانە هەموو جۆرە ڕێکلامێکی تێدایە تاچەند ئەو کارە حەرامە؟ وە ڕۆژنامەکەش هی مەسیحیە. خوای گەورە خێرتان بنوسێ.

وەڵام :

خوای گەروە دەفەرموێ : {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ} (٢) سورة المائدة

واتە : یارمەتی و هاریکاری یەکتر بدەن لەسەر کاری چاکە و تەقوا ، و یارمەتی یەکتر مەدەن لەسەر تاوان و دوژمنکاری .

زانایان لەم بەڵگە و چەندین بەڵگەی تر ئەوەیان بۆمان ڕوونکردۆتەوە یارمەتی دانی تاوان یان تاوانبار حەرامە و هەمان حوکمی ئەوانی هەیە جا ئەو کەسە با کارێکی تر بکات خوای گەورە إن شاء الله بۆی قەرەبوو دەکاتەوە ، وەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ : (من ترك شيئاً لله عوضه الله خيراً منه) واتە : هەرکەسێك شتێك لەبەر خوای گەورە وازی لێبێنێ ئەوە شتێکی چاکتری پێ دەبەخشێت .

پ ١٤٣/ ئایا سەیرکردنی فلیمی کەناڵی سەحەر حەرامە؟

وەڵام :

سەیرکردنی فلیم بەڕاستی کامیان سوودیان هەیە و زیانیان نەبێت بەتایبەت بوونی ئافرەتان لەو فلیمانەدا هەرچەندە کەناڵی سەحەریش بێت ، چونکە بەڕاستی ئەو فلیمانە جوانی ئافرەتان دەردەخەن بگرە زۆرێك لەو فلیمانە بانگەشەی دڵداری و حەڵاڵێتی دروستکردنی پەیوەندی کچان و کوڕان دەکەن ، هەروەها بانگەشە دەکەن بۆ ئەوینداری وە ناوی دەنێن ئەوینی پاك ، ئەگەر بە ووردی سەرنجی فیلمە دۆبلاژکراوەکانی سەحەر بدەین ئەویندارییەکی قوڵ دەچەسپێنێ لە ناخی لاوەکانماندا تەنانەت ئەوە دروست دەکات هەموو کەسێك لە کوڕان و کچان پێشی هاوسەرگیری دەبێ خۆیان تاقی بکەنەوە بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەردا ئەگینا سەرکەوتوو نابن ، بۆیە ئەم کەناڵەش بە شێوازێکی تر زیانی هەیە هەرچەندە فیلمی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی وشتی باشیش باس دەکات ، بەڵام بزانن یان نەزانن وەك ئەوە وایە حەڵوا بەکەسێك بدەیت ژەهری تیا بێت ، ئەنجا موسڵمان زۆر لەوە گەورە ترە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری خۆی کورت بکاتەوە لە کەناڵێکی لەو جۆرە خوای گەورە هیدایەتی هەموو کەناڵەکان بدات بۆ خزمەتکردنی ئاین و ڕەوشت و کۆمەڵگەی موسڵمانان .

پ ١٤٤/ نەزەر چیە ؟ئەگەر لە بازاڕ خزمێك ببینی چاك و خۆشی و هەواڵ پرسی بکەی سەیری بکەی یان من قوتابیم مامۆستاکەمان حیجاب نیە لە کاتی وانە شەرح کردن مەجبووری سەیریکەی یان سەیر کردنی ئەو دراما تەلەفزیۆنیانە وەکو تەلەفزیۆنی سەحەری ئێرانی کە حیجابی تەواون ئەوانە نەزەرن یان نە ؟

وەڵام : نەزەر بریتی یە لە سەیرکردنی ئافرەتێك کەوا مارە کردنی لێت حەڵاڵ بێت ، واتە نامەحرەم بێت وەك ئامۆزا و خاڵۆزا و براژن . . .

بەڵام سەیرکردنی ڕوومەت و دەستی ئەو ئافرەتانەی کە مەحرەمتن وەك دایك و خووشك و میمك و برازا و خووشکە زا ، واتە ئەوانەی کەوا مارەکردنیان لێت حەڵاڵ نی یە دروستە .

کەواتە سەیرکردنی ئافرەتی خزم و مامۆستا و هەروەها ئەو ئافرەتانەش کەوا لە تەلەفزیون دەردەچن حەرامە و دروست نی یە ئەگەر چی پۆشتەش (حیجاب) بن چونکە ڕوومەتیان بە دەرەوەیە ، ئاشکراشە جوانی ئافرەت زیاتر لە ڕوومەتیدا دەردەکەوێت

پ ١٤٥/ سەیر کردنی فلمی ڕووت لە گەڵ خێزانی خۆت دا تاچەند گوناحە؟

وەڵام :

سەیرکردنی فلمی ڕووت خۆی گوناهە و هۆکاریشە بۆ گوناهی گەورە وخراپ تر ، ئەنجا بێ شەرمییەکی گەورەیە لەبەرامبەر خوادا و دوورکەوتنەوەیە لە ڕەحمەتی خوا ، بەلأم لەگەڵ خێزاندا تەماشای فیلمی خراپ سەرەڕای گوناهی بۆ خۆت گوناهی ئەویشت لەسەرە چونکە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرموویەتی : (كلكم راعٍ وكلكم مسئول عن رعيته) واتە : ئێوە هەمووتان چاودێرن هەموشتان لێپرسراون بەرامبەر ژێردەستەکانتان ، ئەم کارە نەك هەر گوناهە و بەس بەڵکو لەدەستدانی غیرەت و پیاوەتیشە چونکە کەسی ناوبراو بەم کارەی خێزانی ڕادەهێنێت لەسەر کاری خراپ و ئارەزوو و شەهوەت لە خێزانیدا دەجوڵێنێت وە ئاراستەی دەکات بۆ شتانێکی خراپ.

پ ١٤٦/ ئایا کوتانی خاڵ حەرامە لەسەر لەش؟

وەڵام :

خاڵ کوتان بۆ پیاوان یان ئافرەتان کارێکی حەرامە و بەدەقی فەرموودە قەدەغە کراوە بەم فەرموودەیە لە (ابن عمر)ە وە خوای لێ ڕازی بێت ئەڵێ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (لعن الله الواصلة والمتوصلة والواشمة والمتوشمة) رواه البخاري ومسلم .

واتە : خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە کەسێك قژی دەستکرد بۆ کەسێك دروست بکات وە لەو کەسەش بۆی دروست دەکرێت وە لەو کەسەش خاڵ بۆ کەسی تر دەکوتێ و ئەوەش بۆی دەکوترێ . کەوابوو ئەم کارە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان چونکە لەعنەتی تیادایە .

پ ١٤٧/ کوڕ و کچ بەمۆبایل یان بە ئینتەرنێت نامە (chat) بۆ یەکتر بنێرن حەرامە؟ئایا ئەو کردەوەیەوە بەخەڵوەت حساب ئەکرێت؟ بە چ بەڵگەیەك؟.

وەڵام :

ئەسڵ ئەوەیە لەشەرعدا کچ و کوڕ یان پیاو و ئافرەت بەیەکەوە قسە نەکەن مەگەر پێویست بێت ، جا قسەکردن بە مۆبایل یان نامە گۆڕینەوە یان چات کردن بە ئینتەرنێت بە بێ بوونی هۆکارێکی شەرعی وە

ڕێگەچارەی تر ببێت ئەو کاتە حەرامە ، چونکە لەم سنورە ناوەستێ و دەبێتە دەرگایەك بۆ شتی خراپتر بەڵام ئەگەر ناچار بۆ مەبەستێکی شەرعی بەکار هێنرا ئەوا با کەسێکی مەحرەم هەبێت لە نێوانیاندا ئەگەر ئەم مەرجانە نەبێت ئەوکاتە بە خەڵوەت حیساب دەکرێت ، چونکە دەتوانن بە نهێنی هەموو قسەیەك بکەن ئەمەش جۆرێکە لە خەڵوە یان دەتوانین بڵێین خەڵوەی بچووك وە ڕێخۆشکەرە بۆ خەڵوەی گەورە .

لە ئیمامی عومەرەوە ڕەزای خوای لێ بێ لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : (لا يَخْلُونَّ رجلٌ بامرأةٍ إلا كان ثالثها الشيطان) رواه الترمذي برقم ٢١٦٥ .

دەبینی خەڵوە قەدەغەیە بەبێ قسەکردن بەبێ کاری خراپ چ جای قسەکردن و پەیوەندی و نامە گۆڕینەوە کاتێ شەریعەتی ئیسلام خەڵوە حەرام دەکات ، چونکە ڕێگەیە بۆ حەرام هەروەها قسەو چاتکردن ئەگەر ناچار نەبوو ڕێگەیە بۆ حەرام وە واقعی خەڵکیش شایەتە کە کەسانێکی زۆر لە گەنجەکانمان بەهۆی چاتی کوڕ و کچەوە زیانیان لێکەوتووە .

پ ١٤٨/ ئەگەر نامەحرەمێکت بینی خۆشتویست حەرامە؟ ئەگەر حەرامە خۆ خۆشەویستی بەدەست خۆت نیە؟

وەڵام :

خۆشەویستی پیاو بۆ ئافرەت یان بە پێچەوانەوە شتێکی غەریزییە و لە هەموو کەسێکدا هەیە جا مرۆڤ خوای گەورە وا خوڵقاندویەتی شت و کەسی پاك و جوانی خۆشبوێت جا ئەم خۆشویستنە شتێکی حەڵاڵە و بەڵکو ژیان بە بێ ئەوە بەسەر ناچێت ، بەڵام شەریعەتی ئیسلام هاتووە ئەم خۆشەویستییەی کۆك کردووە وە وای کردووە کە لە شوێنی خۆیدا بەکار بێت ئەویش بەشەرع کردنی ژنهێنان و شوکردن و بەڕەوادانانی ژیانی هاوسەرگیری ، دەتوانین بەشێوەیەکی تر بڵێین خۆشەویستی ڕەها قەدەغەیە و لە جێگەی ئەمە بۆ ڕێك وپێك کردنی کۆمەڵگا و باش بەڕێوەچوونی خۆشەویستی سنووورداری داناوە کە بریتی یە لە خۆشەویستی ژن و پیاو بەڕێگەی شەرعی جا لەباسی بەشی یەکەمدا کە بریتییە لە خۆشویستنی ئافرەتان بەڕێگەی نادرووست و ئارەزوومەندانە و حەزکردن لەکاری خراپە و زیناکردن خوای گەورە زەمی کردووە کە دەفەرموێ : {زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ ....} سورة آل عمران(١٤) .

واتـە : خۆشەویـستی و ئـارەزووکردنی چـێژ وەرگـرتن لـە ئافرەتـان بـۆ خـەڵکی لـە لایـەن شـەیتانەوە ڕازێنراوەتەوە .

وە لەبەشی دووەمدا کە بریتی یە لە خۆشەویستی پەسەند و بەسوود دەفـەرموێ : {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ} سورة الروم(٢١) .

واتە : یەکێك لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیـە کـە هـەر لـە خۆتـان هاوسـەری بـۆ دروسـت کـردوون بـۆ ئەوەی ئارامبگرن لە لایدا و لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێنـاوە بەڕاسـتی لـەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیردەکەنەوە و تێدەفکرن .

پ ١٤٩/ ئایا تاوانی کەسێکی موسوڵمان چیە کە کەوتبێتە کارێکی نێربازی یەوە؟

وە ئایا کەسێك ئەو تاوانەی ئەنجامدابێت و پاشان تەوبە بکات و بیەوێت ژن بهێنێت چی بکات بۆ ئەوەی ئارەزووی لە ژن بێت؟ ئایا بەکارهێنانی ماددەکانی زەوق وەکو ڤیاکرا حوکمی چیە؟

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

تاوانی نێربازی جەریمـەت وتـاوانێکی گەورەیـە دژی دروسـتکردن و فـیترەت و ئـاین و دونیایـە بـەڵکو دژی خودی ژیانە ، خوای گەورە تۆڵەی لەنەتەوەی لوط سەند بە توندترین شێوە کـە بـەردی بەسـەردا باراندن لەسزای ئەو کارە پیسەیان وە لە قورئانـدا وەك پەنـدێك تۆمـاری کـردووە کـە دەفـەرموێ : {وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ * إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاء بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ} (٨٠-٨١) سورة الأعراف

عن ابن عباس رضي الله عنهما أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال " من وجدتموه يعمل عمل قوم لوط فاقتلوا الفاعل والمفعول به" رواه أبوداود والنسائي وابن ماجه وصححه الشيخ الألباني في الإرواء ٢٣٥ و المشكاة ٣٥٧٥ .

ئیسلام کاتێ سزای سەختی وا بۆ ئەو کردەوەیە دائەنێت ، چونکە شوێنەوار و زیانی ترسناکی لەسەر تـاك و کۆمەڵگە هەیە لەوانە:

وازهێنان لە ژن ، کاریگەری لەسەر مێشك و دەمار ، تێرنەبوونی ئارەزووی مرۆڤ ، کاریگەری لەسەر دەماخ ، سست بوونی دەمارەکان ، پەیوەندی نێر بازی بەڕەوشتەوە ، پەیوەندی بە تەندروستی یـەوە ، گرانـەتا و دوسـنتاریا و نەخۆشـیەکانی زینـا .. بۆیـە پێویـستە موسـوڵمان خـۆی بـەدوور بگرێـت لـەو تاوانـە و

هۆکارەکانی ، و ئەگەر یەکێك بەوە تووش بوو پێویستە تەوبە بکات و هەوڵی ئەوە بدات ژنبهێنێت و پەنا بباتە بەر عیبادەت و خواپەرستی و قورئان خوێندن و وە بەکارهێنانی ماددەکانی زەوق ئەگەر مرۆڤ ناچار نەبێت دروست نییە ، بەمەرجێك پاك و بێ زیان بێت .

پ ١٥٠/ لەبازارەکاندا سرکە دەفرۆشن کە هەیە لە سێو دروست دەکرێ وە هەیە لە ترێ جۆرێکی تر هەیە خەڵك بۆ ناو زەلاتە بەکاری دێنن ، وە ئەوەش لە شەراب دروست کراوە ، زۆر کەسی موسوڵمان و نوێژکەر دەڵێن حەرام نیە ، چونکە کحولی تیا نیە وە ئەگەر تیاشی بێت بۆ تامی چێشت حەرام نیە وە لەبەر ئەوە بەکاری دێنن بەڵام من لە خۆمەوە ئەمە بەڕاست نازانم ئایا ئێوە دەڵێن چی؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

هەر خواردنەوەیەك ئەسڵەکەی پاك بێت وەکو سێو و ترێ و گەنم و جۆ ..... هتد . وە زۆری لێ بخورێت بێهۆش نەکات ئەوە کەمیشی حەڵاڵە (ما أسكر كثيره فقليله حرام) ، واتە ئەگەر زۆرەکەی بێهۆش بکات کەمەکەشی دروست نییە ، کەوا بوو سرکە بەو مەرجەی زۆری سەرخۆشکەر نەبێت دروستە بەو مەرجەی لە شتە پاکەکان دروست کرابێت .

پ ١٥١/ ئایا جیهاد لەم ڕۆژەدا تاوەکو چ ڕادەیەك فەرزە لەسەر موسوڵمانان لە عێراق دا کە ئێستا داگیر کراوی جولەکەیە؟

وەڵام :

گومان لەوەدا نی یە وڵاتی عێراق داگیرکراوە و زۆر لە وڵاتانی تری ئیسلام داگیرکراوە ، وە جیهاد حوکمی فەرزە لەسەر موسوڵمانان تا ڕۆژی قیامەت (فەرزی کفائی یان فەرزی عەین) ئەمە وەکو حوکمی (نظري) مەبەستم ئەوەیە جیهاد هەرگیز نابێتە حەرام یان مکروه یان سوننەت یان حەلاڵ بەڵکو هەمیشە (واجب) ە ، بەڵام هەستان بەم واجبە بە پێی توانایە ، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (وما أمرتكم به فأتوا منه ما استطعتم وما نهيتكم عنه فاجتنبوه) رواه مسلم

جا زانایان فەتوا بدەن یان نا ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئایا موسوڵمانان دەتوانن یان ناتوانن و بە زیان دەشکێتەوە ، بۆ فەتوای زانایانی ئەهلی سوننەت لەسەری جیهاد لە عێراق من نەمزانیوە و نەمبیستووە کەسێك لە زانایانی متمانە پێکراوی ئەهلی سوننەت لەم سەردەمەدا فەتوایان دابێت لەسەر کردنی .

پ ١٥٢/حوکمی ئەو دایك و باوکانە چی یە کە جیاوازی دەکەن لەنێوان منداڵەکانیاندا؟

وەڵام :

دایك یان باوك دەبێ دادپەروەر بێت و جیاوازی نەکات لە نێوان منداڵەکانیدا ، چونکە ئەو منداڵانە ئەمانەتن لەگەردنی دایك و باوکدا و دڵیان پاکە و گەوهەرێکی گران بەهان و پاك لەهەموو نەقش و خەتێك هەموو شتێك وەردەگرن و هەموو شتێك کاریان تێ دەکات ، بۆیە لەسەر دایکان و باوکان پێویستە زۆر بە وریای یەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن پێغەمبەری خوا صلى الله عليم وسلم دەفەرموێ : (إعدلوا بين أولادكم إعدلوا بين أولادكم إعدلوا بين أولادكم) رواه أبوداود والنسائي .

ئیمامی بوخاری فەرموودەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە کە ئەڵێ : باوکم شتێکی پێ دام بۆ خۆم دایکم (عمرە)ی کچی (رواحە) وتی : من ڕازی نابم تاوەکو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم نەکەیتە شایەت ئەویش ڕۆشت بۆ لای پێغەبمەری خوا صلى الله عليه وسلم و وتی : من شتێکم بەخشیوە بە کوڕەکەم لە (عمرە) ی کچی (رواحە) جا داوای لێ کردووم ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم تۆ بکەم بە شایەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : (أعطيت سائر ولدك مثل هذا) ئایا بە هەموو منداڵەکان بەقەد ئەوە پێ بەخشیون؟ وتم نەخێر فەرمووی : (فاتقوا الله واعدلوا بين أولادكم) قال فرجع فردّ عطيته . واتە : فەرمووی لە خوا بترسن جیاوازی لە نێوان مناڵەکانتاندا مەکەن ئەویش گەڕایەوە و شتە بەخشراوەکەی گەڕاندەوە.

جا تەنانەت لە ماچ کردنی منداڵدا پێشینان بە یەکسانی ماچی منداڵەکانیان کردووە چ کچ یان کوڕ .

إبراهيم النخعی ئەڵێ : (كان السلف يستحبّون التسوية بين الأولاد حتى في القبلة) بڕوانە تحفە المودود لاپەڕە ١٣٩ .

واتە : پێشینان یەکسانیان لە نێوان منداڵەکاندا بە چاك زانیوە تەنانەت لە ماچکردنیشدا .

پ ١٥٣/ ئایا گەر ترسی توشبون بە زیناکردن هاتم دەتوانم دەستپەڕ بکەم ؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

دەست پەڕ یان ئاوی خۆ هێنانەوە بەدەست شتێکە لەگەڵ ڕەوشت و ئەخلاقی موسڵماندا ناگونجێ وە شتێکە سەرزەنشت کراوەو لەشەرعدا حەرامکراوە خوای گەورە دەفەرموێ : {وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ * إِلاَ عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ * فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاء ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ} سورة المؤمنون (٥-٧). واتە : ئەوانەش سەرکەوتوون کە پارێزەری داوێنی خۆیانن جگە لەگەڵ هاوسەران و کەنیزەکە کانیاندا نەبێت کە ئەوە جێگەی لۆمە و سەرزەنشت نییە جا ئەوەی جگە لەو سنوورە دیاری کراوە ڕێگە و ڕێبازی تر بگرێتەبەر ئەو جۆرە کەسانە بە یاخی و لەسنور دەرچوو دەژمێردرێن . کەوابوو تەنها ئەم دوو حاڵەتە دروستە دوای ئەم دووانە نابێ مرۆڤ بەدەستی خۆی ئەو شتە بکات ، زانایان وتویانە کاتێك دروستە ئەگەر مرۆڤ زانی ئەو شتە نەکات تووشی زینا دەبێت واتە دڵنیابێت تووشی زینا دەبێت ئەو کاتە دەتوانێت ئەمیان بکات نەك زیناکە ، لەبەر ڕێسای (**اختيار أهون الشرّين**) واتە لەکاتێکدا دوو خراپە هەبوون کامیان بچووك بوو ئەوەیان هەڵدە بژێرێ ، بەڵام پێویستە موسوڵمان لەخوا بترسێت و شەیتان و نەفس نەیخەڵەتێنن هەموو جارێك بەو ناونیشانەوە ئەو کارە دووبارە نەکاتەوە .

پ ١٥٤/ئایا خەیاڵ کردن بۆ کاری سێکسی حەرامە؟

وەڵام :

بیرکردنەوەو یادی شتی چاك و پیرۆز لەشەرعدا فەرمانی پێ کراوە و ئیسلام هانمان دەدات بۆی ، بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ سورة الرعد (٢٨).

واتە : بزانن دڵان بەیادی خوا دڵنیا دەبن و ئۆقرە دەگرن .

یان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ : (أكثروا من ذكر هاذم اللذات) واتە: یادی ڕوخێنەری ئارەزووەکان زۆر بکەن.

بەڵام بۆبیرکردنەوەی خراپ و کارێك کە بمانبات بە شتێکی خراپ لەشەرعدا قەدەغە کراوە ، تەنانەت ئەگەر ختورەی خراپیش بێت بەمەرجێك مرۆڤ هەوڵی ئەنجامدانی ئەو ختورانەی دڵی بکەوێت . جا وەك داخستنی ڕێگای حەرام (سدّ الذريعة) نابێ موسوڵمان خەیاڵی سێکسی بکات ئەگەر بە خەیاڵیدا هات با بەردەوام نەبێت و پەنا بگرێت بە خوای گەورە لەو شتە

پ ١٥٥/ پیاوێك سامان وماڵێكی زۆری لەحەلاڵ وحەرام و پێك هێناوە، بەو پارەیە خانووبەرەیەكی دروست كردووە تێیدا نیشتەجێ بووە چەند بەشێكی لەو خانووەش داوە بەكرێ پاشان گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا وەك خۆی دەڵێ . تەوبەی سەرزەنشت كەری كردووە ئێستا چی لەوخانووە بكات؟ ئەوەش بزانن ناوبراو لەوڵاتێكدا دەژی كەخەڵكی ئەو وڵاتە تەنگی شوێنی نیشتە جێبوون دەچێژن، ئایا لەو دەست كەوتی ڕۆژانەی ببەخشێت یان چی بكات، حەرام وحەلاڵ تێكەڵ بوون؟

وەلام/ پێویستە ماڵی حەرام بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەكەی یان میراتگرانی ئەگەر ئەمەی نەتوانی لەبەر نەناسینەوەیان یان هۆكاری تر وەك ئەم هۆكارە ئەو كاتە دەیبەخشێت بۆ خاوەنی پارەكە بەسەر هەژاراندا لەگەڵ پەشیمان بوونەوە لەو كارەو داوای لێخۆش بوون لەخودا و دڵ دابەستن لەسەر نەگەڕانەوە بۆ ئەم جۆرە هۆكارانە[٩].

پ ١٥٦/ ئایا بەڵگەی حەرامێتی مادە بێهۆش كەرەكان چییە،ئایا (حەشیش) دروستە یان حەرامە ئەگەر حەرام بێت من كەسێكم باوكم لەگەڵ كەسێكی تردا لەو كارە شەریكن لەدوكانی بازرگانی (سەوزە فرۆشی) ئایا دروستە بۆ من لەو پارەی ئەو حەشیش فرۆشتنە ببەم وخەرجی خۆمی لێدەر بكەم؟

وەلام/ مادە بێهۆشكەرەكان پیسن خوای گەورە هەموو شتێكی پیسی لەسەر بەندەكانی حەرام كردووە تەنها شتی پاكی بۆ حەلاڵ كردوون وەك خوای گەورە لەسورەتی مائیدەدا دەفەرموێت : ﴿**يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ**﴾ [سورة المائدة : ٤] هەروەها ئایەتی (١٥٧) لە سورەتی ئەعراف لە وەسفی پێغەمبەردا (ﷺ) : ﴿**وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ**﴾ هەروەها بەڵگەی فەرمودەی (ئوم سەلەمە) كە (ابو داود) ریوایەتی دەكات كە پێغەمبەر (ﷺ): ((نهى عن كل مسكر ومُفَتِّر))*.

---

[٩] بروانە كتێبی: (فتاوي اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٣٢ . ٣٣٣).

زانراویشە مادە بێهۆش کەرەکان لەڕەگەزی (مفترات)ەکانە هەروەها مادە بێهۆشکەرەکان زیانێکی گەورەو خراپیان هەیەو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمویەتی: ((لا ضررَ ولا ضرار))[١٢]، فرۆشتن وکڕینی (حەشیش) بەکارهێنانی بۆ خواردن وخواردنەوە ولەدەمنانی (مضغ) حەرامە چونکە بێهۆشکەرەو زیانی زۆری تێدایە بۆ مرۆڤ، لەشەریعەتی ئیسلامدا ئەو شتانەی بێهۆش کەر بن قەدەغە کراون لە صەحیحی موسلیمدا وەلە (سنن) ی أبوداود لە (ابن عمر)ەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ((کل مسکر خمر وکل خمر حرام))، وە لە(ابن عباس) ەوە خوایان لێ ڕازی بێت لەپێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرمویەتی : ((کل مسکر حرام))، هەروەها دروست نیە لەسودی ئەو کارە بخورێت[١٣].وصلی الله علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه و سلم

پ ١٥٧ / جاری واهەیە خراپ لەیەك تێگەشتن وکێشە لەنێوان خوێندکارو مامۆستادا ڕوودەدات بۆماوەیەك بەردەوام دەبێت ، ئایا دروستە مامۆستاکە لەنمرەی ئەوخوێندکارە بشکێنێ و بیخات لەکاتێکدا لای مامۆستایەکی تر بوایە دەرئەچوو؟ وە ئایا مامۆستاکە تاوانبار دەبێت؟.

وەڵام / دادوەری کردن لەنێوان خەڵکدا نابێت شتی کەسی تێکەڵ ببێ ، چونکە نابێت دوژمنایەتی نێوان کەسی یەکەم و ئەوەی حوکمی بەسەردا دەدرێت کار بکاتە سەر حوکمەکە لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ:

---

* رواه أبو داود: (٣٦٧٩)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: (٦٩٧٧)، أما لفظه: (ومفتر) ضعيف، ضعفه الشيخ الألباني في ضعيف الجامع الصغير: (٦٠٧٧)، وسلسلة الأحاديث الضعيفة: (٤٧٣٢).

(١٢) أخرجه الحاكم (٢/٥٧-٥٨) والبيهقي (٦/٦٩-٧٠) والدار قطني (٥٢٢، ٣٢١) وابن ماجة (٢/٥٧) وأحمد (١/٣١٣) وابن أبي شيبة وعبدالله بن أحمد في (زوائد المسند) (٥/٣٢٦)) والطبراني في معجم الأوسط والكبير برقم (١١٥٧٦) ورقم (١١٨٠٦) وأبو يعلى ورواه مالك مرسلاً في الموطأ (٢/٢١٨) ورواه أبو داود في سننه بلفظ (من ضارّ ضارّ الله به ومن شاق شق الله عليه) أنظر عون المعبود (١٠/٦٤) الطبعة الثانية المكتبة السلفية بالمدينة النبوية، وصححه الألباني في الصحيحة رقم: (٢٥٠).

(١٣) **بڕوانە کتێبی:** (فتاوي اللجنة الدائمة): (٢٢ / ١٣٧-١٣٨) .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾(٥).

واتە : ڕق بوونەوەتان لەکەسانێك واتان لێ نەکات دادوەر نەبن لەحوکمەکانتاندا ، بەڵکو دادپەروەربن ئەوە نزیکترە لەتەقوای خواوەوە ، لەم دوو ئایەتەدا خوای گەورە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کەدروست نییە مرۆڤ پێچەوانەی ڕاستی وشایەتی حەق بێت لەبەر خزمایەتی یان دوژمنایەتی ، چونکە جاری وا هەیە خزمایەتی مرۆڤ والێ دەکات حوکمێکی وابدات بۆ خزمی خۆی کەشایستەی نییە ، یان دوژمنایەتی جاری وا هەیە مرۆڤ هەڵدەنێ بۆ ئەوەی شایستەیەتی لە دوژمنەکەی بێبەش بکات ، کەوابوو لەسۆنگەی ئەوەی لەم دوو ئایەتەدا هاتووە بۆ مامۆستا دروست نییە خوێندکاری خۆی بخات ، لەبەر ئەوەی دوژمنایەتییەکی کەسی لەنێوانیاندا هەیە تەنانەت ئەگەر دوژمنایەتی ئاینیش بێت پێویستە ئەوەی شایستەیەتی بیداتێ .

هەربۆیە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحەی نارد بۆ ئەوەی سەرانە(جزیة) لە جولەکەی خەیبەر بەنیوە وەرگرێت بۆیە پێی وتن (لقد بعثني رسول الله (ﷺ) وانّه لأحبّ الناس اليّ وانّكم لأبغض الىّ من أمثالكم من القردة والخنازير وانّ حبّي ايّاه وبغضي ايّاكم لايمنعني من العدل ، فقالوا بهذا قامت السموات والأرض)(٦) لەسۆنگەی ئەمەوە پێویستە تەماشای حوکمەکە بکرێت کە ئەدرێت نەك کەسەکە ، بەمە مرۆڤ ئەبێتە دادپەروەر و ئەوەی لەگەردنی دایە ئەنجامی داوە ، چونکە بابڵێن لەنێوان خوێندکار و مامۆستاکەیدا دوژمنایەتییەکی گەورە هەیە ، بەلأم خوێندکارەکە ئاستی خوێندن و نمرەیەکی وای هێناوە کەخۆی دەرچوێنێتی ، بۆیە حەلأل نییە بۆ مامۆستاکە ئەو خوێندکارە مەحروم بکات لەوەی شایەنێتی ، هەروەها حەلأڵ نییە بۆی لەبەر هاوڕێیەتی یان خزمایەتی یان لەبەر ئەوەی باوکی هاوڕێیەتی یان ....هتد، لەوەی خۆی بەدەستی هێناوە زیاتری بداتێ . والله الموفق (٧).

---

(٥) {سورة المائدة:٨}.

(٦) جزء من حديث طويل أخرجه الحافظ البيهقي في كتاب (دلائل البيهقي)(٤/٢٢٩-٢٣١) وذكره الحافظ ابن كثير في البداية (٤/٢٠٠) وعزاه أيضاً للبيهقي ، واعلم ان مصالحة النبي ﷺ لليهود ، كانت في السنة الأولى للهجرة عقب وصول النبي ﷺ المدينة بفترة وجيزة انظر (البداية والنهاية)(٣/٢٢٢) امّا آية الجزية نزلت عام غزوة تبوك في السنة التاسعة للهجرة كما بيّنه ابن جرير الطبرى في تفسيره (٦/١٠٩-١١٠) .

(٧) انظر : (فتاوى منار الأسلام)ج٣ ل ٦٩٨.

پ ١٥٨ / هەندێك لە كارمەندان دەوامەكەیان بە جێ دەهێڵن لە بەر هەندێك لە بەرژەوەندی یە تایبەتەكانی خۆیان لە كاتی ئیشكردنیاندا ، بۆیە دەبینین داوا لە بەڕێوەبەرەكەی دەكات كە ڕێگەی پێبدات ، ئەوەش زۆربەی جار بە هێنانەوەی بیانووی بێ بنەواو دروست كراو كە زۆربەی جار بەرامبەرەكەیان ڕازی دەكەن یان ڕازی ناكەن ، جا ئەگەر بەڕێوەبەرەكەی بزانێت ئەو بیانووانەی دروست نی یە ، ئایا تاوان بار دەبێت بە ڕێپێدانی بە كارمەندەكە ؟(٤)

وەڵام / نابێت سەرۆكی دائیرەكە ، یان بەڕێوبەرەكەی ، یان ئەو كەسەی كە لە ئاستیاندا بێت ڕازی بێت لە سەر شتێك بیروباوەڕی وایە كە ڕاست نی یە ، بەڵكو پێویستە لە سەری لێ ی بكۆڵێتەوە ، جا ئەگەر پێویستیەك لە ڕێپێدانەكەیدا هەبوو ، زۆر پێویست بوو ، ڕێپێدانەكەشی زەرەر بە ئیشەكەی نەگەیەنێت ، ئەوا هیچ نكوڵیەكی تێدا نی یە ، بەڵام ئەو بیانووانەی ئاشكرا دەزانرێت ناڕەوایە یان گومانی ئەوەی لێ دەكرێت كە ناڕەوا بێت ، ئەوا پێویستە لە سەر سەرۆكەكەی كە ڕێگەی پێنەدات ، چونكە ئەو ڕێگە پێدانە خیانەتە لەو ئەمانەتەی كە لە ژێر دەستیدایە و ئامۆژگاری نەكردنە بۆ ئەو كەسەی كە ئەمینداریتی پێداوە یان بۆ موسوڵمانان ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " كلكم راع وكلكم مسؤل عن رعيته " ، وە لە بەر ئەوەی ئەم كردارە ئەمانەتە ، و خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾ [سورة النساء : ٥٨] ، وە لە وەصفی بڕواداراندا فەرموویەتی: ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ ﴾ [سورة المؤمنون : ٨] ، وە فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ [سورة الأنفال : ٢٧] .

(٤) فتاوى الشيخ ابن باز رحمه الله ، المجلد التاسع / أسئلة وأجوبة تتعلق بالطب .

بەشی : موعامەلات

پ ١٥٩/ لە دائیرە زۆر جار مراجع شتێك (خواردن) لەگەڵ خۆیان دێنن بە بێ ئەوەی ئێمە داوا بکەین وە ئەگەر نەیشیهێنن ئێمە هەر ئیشەکەیان بۆ دەکەین ئایا ئەم خواردنانە حەرامە؟ یان چەند کەسانێك مووچە لای ئێمە وەردەگرن بڕە پارەیەك بە جێ دەهێڵن دەڵێن بە نانی نیوەڕۆی بدەن .

وەڵام :

وەرگرتنی شت ئەگەر لەبەر بەرامبەرێك بێت ئەوە (**رشوة**)یە و حەرامە و نەفرەتی لێکراوە ، ئەگەر ئەوە نەبێت و لە لایەن ئێوەوە بە مەرج نەگیرێت ئەوە (**هدية**)یە ، بەڵام باشتر وایە ئەمەش وەرنەگیرێت چونکە سەردەکێشێ بۆ (**رشوة**) خوا پەنامان بدات .

پ ١٦٠/ ئەگەر ئافرەتێك مێردەکەی ئەنفال بێ هیچ میراتی جێ نەمابێ منداڵیشی نەبێ لەو موچەی لە حکومەت وەری دەگرێت حەقی دایکی مێردەکەی دەکەوێ؟ خواپاداشتی چاکەتان بداتەوە .

وەڵام :

پارەی موچەی انفال بە میرات حیساب ناکرێت بەڵکو موچەیە بۆ خێزانی (انفال کراو) یان بۆ منداڵەکانی دەبڕێتەوە بەبەڵگەی ئەوەی قانونی ئەو موچەیە ئەوەیە ئەگەر ژنەکە مێردی کرد دەبڕێت یان منداڵەکان گەورە بوون دەبڕێت ، کەوا بوو بە ماڵی کەسی ئەنفال کراو حیساب ناکرێت بەڵکو موچەیەکە لە لایەن حکومەتەوە بۆ ژنی ئەنفال کراو یان بۆ منالەکانی یان بۆ کەسێك کە حکومەت دیاری دەکات .

پ١٦١/ من لە بریتانیام ئایا دزی کردن لە ئینگلیزەکان گوناحە؟

وەڵام :

بەڵێ دزی کردن لە هەموو کەسێك حەرامە ، چونکە دزی هەر دزیە ئەگەر چی لە کافر و بێ باوەڕیش بکرێت ، هەروەها سەرەڕای حەرامێتی دزی کردن لەو کافرانە دەبێت ئێوەی دانیشتو لەو وڵاتانە وەفادار و ئەمین و دەست پاك بن نەك خائین و دز و جەردە کەوا دینەکەتانی پێ لەکەدار بێت و سومعەتی موسڵمانان لەکەدار بکەن .

پ١٦٢/ سڵاو مامۆستای بەڕێز من لەم وڵاتە هەموو کەس خۆی تەئمین دەکات (تأمين حياة) پارە دەدەین مانگانە بە ئەو بانکە بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکمان لێ بقەومێ ئەوان

یارمەتیمان دەدەن بەڵام نازانم بۆ ئەو پارەیە حەرامە؟ من منداڵەکەم ساڵی پار سوتا زۆر شوێنی سەقەت بوو ئەگەر ئەو پارە لەوان وەربگرم بۆ تەجمیلکردنی منداڵەکەم ئەو پارە بە هەمان شێوە حەرامە؟ خوای گەورە یارمەتی دەری هەموو موسڵمانان بێت لەگەڵ ئێوەش .

وەڵام :

مەسەلەی تأمین لە فیقهی ئیسلامی دا بریتی یە لە گرێبەستێك لە نێوان بیمەدار (**مؤمِّن**) لەگەڵ بیمەکراو (**مؤمَّن لە**) کە بریتی یە لەوکەسەی بیمە بە قازانجی بەمەرج گیراوە کە بڕێك لە ماڵ یان موچەیەك یا ماڵێکی بەرامبەری پێ دەدرێت لەکاتی ڕوداودا یان لەکاتی ترسدا کە لە گرێ بەستەکەیاندا ڕونکراوەتەوە بە پێی قیست لایەنی یەکەم دەیدات بە لایەنی دووەم ، ئەنجا ئەوەش بزانە (بیمە) تأمین جۆری زۆرە وەك بیمەی بازرگانی ، کەسێتی ، ژیان ، کۆمەلأیەتی....هتد .

جا زانایانی سەردەم لە دوای تاوتوێ کردنی زۆر ئەم کارەیان بە حەرام داناوە ، چونکە سوخواردنی تێدایە و کەم و زۆری تێدایە وە قومار و نەزانینی تێدایە ، جا پێویستە موسوڵمان خۆی لەم کارە بپارێزێت .

پ١٦٣/ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ جولد کویست کردبێت بەڵام نەیزانیبێت حەرامە پاشان کەزانیبێتی حەرامە وازی لێ هێنا بێت ، ئەو زێڕەی کە بۆی هاتۆتەوە چی لێ بکات باشە؟ خوا خێرتان بنوسێ

وەڵام :

ئەو کەسەی بەشداری لە کۆمپانیای جولد کویست و هاوکارەکانی کردبێت بەنەزانینەوە ئەوا تاوانبار نابێت ، ئەو شتەی کە کڕیویەتی ئەگەر بکرێت بیگەڕێنێتەوە بۆ هەمان کۆمپانیا و پارەکەی خۆی وەربگرێتەوە ئەوا چاکە ، ئەگەر نەتوانرا ئەو زێڕەی کە کڕیویەتی بەئەندازەیەك پارە ئەگەر زیاتری دەستکەوتووە لە مایەکەی خۆی کە داویەتی بە کۆمپانیاکە ئەوە دەبێت لە ڕێگەی خوادا خەرج بکرێت ، ئەم مەسەلەیەش زانایانی ئەهلی سوننەت بە تێرو تەسەلی باسیان کردوە بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچونە ئەم ئایاتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ : {.... وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ} (٢٧٩) سورة البقرة

لاَ تَظْلِمُونَ / واتە زیاتر لە پارەکەی خۆتان بۆتان دروست نی یە ببیەن .

لاَ تُظْلَمُونَ / واتە دروستە مایەکەی خۆتان هەڵگرن نابێت خۆتان زیان لێکەوتوو بکەن .

بۆ زیاتر شارەزابوون لەم باسە بڕواننە تفسير ابن كثير ج ١ لاپەڕە ٣٧٥ – و تفسير القرطبي ج٣ لاپەڕە ٣٦٥ .

ئەم زیادەش بە پێی مافی گشتی ومافی تایبەت دەبێت و ئەوەش بزانە بەخشینی مافە گشتی یەکان لە پێشەوەن وەك پەخشکردنی زانست و هاریکاری لە بانگەوازی خەڵك بۆ لای ڕێگای ڕاست و قوتابخانە و نەخۆشخانە و ...هتد.

پ١٦٤/ حوکمی شەرع چیە لە سەر سەرمایەگوزاری لەگەڵ کۆمپانیای بالینوری ئەمریکی کە نوسینگە سەرەکیەکەی لە ویلایەتی فلۆریدایە و هاوبەشی (شراکە) لە هەموو جیهانەوە قەبوڵ دەکات ، ئایا مامەڵەکانی حەرامە یان دروستە ،ئەوەش هەیە بڕی ٥٠ $ حەقی بەشداربوون وەردەگرێت بێجگە لەو سەرمایەی بۆ سەرمایەگوزاری پێویستە بدرێت وە دەبێ سەرمایەکەش لە ١٠٠٠ $ کەمتر نەبێ جا داواکارین لە بەڕێزتان حوکمی شەرعیمان بۆ باس بکەن ، وە ئەوەش بزانن کە کۆمپانیای ناوبراو بە شێوەیەکی بەردەوام دەبێتە زامنی سەرمایەکە لەکاتی خەساردا .

وەڵام :

کۆمپانیای بالینور وەکو لە سایتەکانەوە زانیاریمان لە سەریان دەست کەوتووە کۆمپانیایەکی دارای یە لە ساڵی ١٩٩٥ ی زاینی لە لایەن دایڤید گاردندوە دامەزراوە پاشان بووە بە گروپێکی جیهانی و تواناکانی لە جیهاندا خستوەتە گەڕ ، وە لەم دوایەدا لە کوردستانیش دەستی کردووە بە جم و جوڵ وە هەندێ لە لاوەکانمان مامەڵەیان لەگەڵ بازنەکانی ئەم کۆمپانیایەدا کردووە پاشان هەستیان کردووە کە خاڵی نیە لە حەرام بۆیە داوایان لە ئێمە کردووە وەڵام و سەرنجی خۆمانیان پێبدەین ئێمەش ئەم ڕوونکردنەوەو وەڵامەمان داناوە:

لە ڕواڵەتدا ئەم مامەڵەیە وەکو قازانج هاوبەشی (**مضاربة**) دێتە پێش چاو کە لە کتێبە فیقهی یەکاندا پێناسە کراوە بە (پەیمانێکە لە نێوان دوولایەندا دەبەسترێت کە یەکێکیان پارەیەك بدات بەوی تریان بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکات لەسەر ئەوە قازانجەکەیان بە گوێرەی بڕیاری بەینی خۆیان بەش بکەن) بڕوانە فقه السنه بە کوردی بەرگی ٣ لاپەڕە ٤٥٧ .

وە بۆ مەرجەکانی قازانج هاوبەشی مضاربە لەوانە (ئەبێ ڕێژەی قازانجەکە لە نێوان (عامل) و خاوەن پارەکەدا دیاری کرابێت وەك سێ یەك نیوە چوار یەك)

زانراویشە کە مەبەست بە دیاری کردنی قازانج ڕێژەیە نەك بڕو ژمارەیەکی دیاری کراو بۆ هەر مانگێك ، جا بەبەراوردی ئەم چەمکە لەگەڵ ئەوەی کە کۆمپانیای ناوبراو دەیکات دەبینین ئەو کۆمپانیایەو لاوانەکانمان مامەڵەیان لەگەڵ کردوە کەوتونەتە چەند سەرپێچیەکەوە لەوانە:

یەکەم : ئەوەی کۆمپانیای ناوبراو دەیکات بەناوی (**مضاربة**) وە لە حەقیقەتدا مضاربة نیە ، چونکە وەك برا گەنجەکانمان پێیان وتین کۆمپانیای ناوبرا لە کاتی خەساردا دەبێتە زامنی خەسارەکە لە کاتێکدا کۆمپانیا لەم گرێبەستەدا تەنها (عامل) ە خەساری ناکەوێتە سەر ئەمەش سەرەڕای ئەوەی نیشانەی پرسیارە زوڵمیشە لەسەر کۆمپانیاکە کە (عامل)ە لێرەدا ئەگەر ڕاست بێت ، چونکە هەم هەوڵ و هەڵسوڕاندنی دەفەوتێ وە هەم خەساریش دەبژێرێ ئەمەش حەرام و پێچەوانەی گرێبەستی (**مضاربة**) یە .

دووەم : لە مضاربەدا قازانج بە بڕو ژمارەی جێگیر دیاری ناکرێت بۆ نموونە مانگانە بە ١٠٠ دۆلار یان زیاتر یان کەمتر ، بەڵکو بە ڕێژە و لە قازانجیش بە تەنها دیاری دیاری دەکرێت بە پێی قازانجی مانگانەو لەسەر ڕێژەی دیاری کراو کە بڕی قازانجیش زیاد و کەم دەکات بە پێی ڕێژی دانراو ، کەواببوو قازانجی مانگانە جێگیر کردن دەبێتە زوڵم لە لایەنێ: لە لایەنەکان چونکە کەسیان نازانن قازانجی مانگانەیان چەند بەردەکەوێت .

سێ یەم : ئەنجا ئەصلْ لە شەریکایەتی یان مضاربة ئەوەیە کە لەگەڵ موسڵماناندا بکرێت ، هەرچەندە لەگەڵ جگە لە موسوڵمانان دروستە ، بەڵام دەبێت موسوڵمان سەرپەرشتی کڕین و فرۆشتن بکات ، چونکە جگە لەوان ڕەچاوی حەڵاڵ و حەرام و ڕیبا ناکەن وەك أبو بکر الخلال لە کتێبی (أحكام أهل الملل)دا دەفەرموێت : (استقرت الروايات عن أبي عبدالله (الامام أحمد رحمة الله) بكراهة مشاركة أو مضاربة المسلم اليهودي والنصراني إلا أن يكون هو يلي...) لاپەڕە ١٠٩ .

واتە: هەموو ڕیوایەتەکان جێگیرن لە ئیمامی ئەحمەدەوە لەسەر کەراهەتی شەریکایەتی و مضاربەی موسوڵمان لەگەڵ گاوڕ و جولەکە مەگەر موسوڵمان خۆی سەرپەرشتی کارەکان بکات .

وە (الخلال) لە ڕیوایەتێکی تردا لە ئیمامی ئەحمەدەوە دەفەرموێ: کە لە هەمان سەرچاوە لە لاپەڕە ١٠٦ داهاتووە : (سئل عن الرجل يشارك اليهودي و النصراني؟قال سيشاركهم ولكن يلي هو البيع و الشراء ذلك أنهم يأكلون الربا وسيحلون ثم قال أبو عبدالله بأنهم قالوا [لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الْأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ] آل عمران ٧٥). واتە: پرسیاری لێکراوە دەربارەی کەسێك شەریکایەتی گاوڕ و جولەکە بکات دروستە؟ وتویەتی دروستە بەڵام خۆی

سەرپەرشتی کڕین و فرۆشتن بکات ، چونکە ئەوان ڕیبا دەخۆن و ماڵی خەڵکی جگە لەخۆیان بە حەلاڵ دەزانن. پاشان ئیمامی ئەحمەد وتی : چونکە ئەوان وتویانە وەك لە قورئاندا هاتوە (هەشیانە ئەگەر دینارێکی بەئەمانەت لا دابنێیت بۆت ناگێڕێتەوە مەگەر بەسەریەوە ڕاوەستابیت وە ئەوانە وا دەکەن ، چونکە دەڵێن لەبەرمبەر موسوڵمانانداندا لێپرسراو نابین ئەگەر فێڵیان لیّ بکەین و ماڵیان بخۆین).

پێشەوا بدر الدين العينى لە کتێبی عمده القارى شرح صحيح البخارى بەرگی ١٣ لاپەڕە ٨٢ دا دەفەرموێ: (وأما مشاركة الذمّي مع المسلم في غير المزارعة فعند مالك لا تجوز إلا أن يتصرف الذمي بحضرة المسلم أو يكون المسلم هو الذي يتولى البيع والشراء لان الذمي قد يتجر في الربا والخمر ونحو ذلك مما لا يحل للمسلم...) واتە: ئەمما شەریکایەتی ئەهلی زیمە (گاور و جولەکە لە ولاّتی ئیسلام دا) لەگەڵ موسوڵماناندا لە جگە لە ئاودێری (مذارعة) لای ئیمامی مالك دروست نیە ، مەگەر ئەو کەسە بەئامادەبونی موسوڵمانەکە مامەڵە بکات یان موسوڵمانەکە خۆی هەستێت بە کڕین و فرۆشتن ، چونکە ئەهلی زیمە لەوانەیە بازرگانی لە ڕیبا و عەرەق و شتی تردا بکات لەوانەی کە لەشەرعدا دروست نیە.

چوارەم : ئەو بوارانەی کە ئەم کۆمپانیا کاریان تێدا دەکات خاڵێکی جەوهەری یە بۆ دروستێتی یان نادروستێتی هاوبەشی لەگەڵ کردنی ، چونکە ئەم کۆمپانیایە وەك پێمان گەیشتوە لەبوارەکانی بیمە (**تأمين الحياة**) و گۆڕینەوەی دراو کار دەکەن وە شتێکی تر ئەوانەی هەڵدەستن بەهەڵسوڕاندنی سەرمایەکان و سەرمایە گوزاری دەکەن نە بە پێی شەریعەتی ئیسلام دەڕۆن لە ئەصڵدا وە نە شارەزایی فیقهی حەلاڵ و حەرامن ، و بە تایبەتیش لەم سەردەمەدا کە چەندین شت و مەك و بواری جیاجیا دروست بوون لە بازرگانی دا ، بۆیە بیگومان لەبەر ڕەچاونەکردنی ئەم خالآنە دەکەونە حەرامەکانەوە ئەمەش واپێویست دەکات لەسەر موسلّمانان موجازەفەی وا نەکەن.

لە کۆتاییدا دەڵێم قسەکردنە لەسەر ئەم مامەڵەیە هاوشێوەکانی قسە زۆر هەڵدەگرێت بەلاّم بە ئەوەندە کۆتای دێنم بە هیوای ئەوەی لە کاتێکی تردا وردو درێژ تر قسەی لەسەر بکەم .

پ ١٦٥/ پێم خۆشە پرسیارێکتان ئاڕاستە بکەم و بزانم حوکمی شەرع چیە دەربارەی کڕین وفرۆشتن وبەخێوکردنی ئەو گیاندارانەی بۆ جوانی و ئارەزووشکاندن بەکاردەهێنرێن، بۆنموونە:

١- باڵندەی جوانی وەك تووتی و باڵندە ڕەنگاوڕەنگەکان.

٢- خشۆکەکان وەك مارو مارمێلکەکان

٣- دڕندەكان وەك گورگ و شێرو ڕێوی هتد.

ئەمانە بەكاردەهێنرێن لەبەر جوانیان یان لەبەر پێستەكانیان، ئەوەش بزانن ئەمانە گرانبەهان وبەند و ماڵی دەكرێن بازرگانی كردن بەمانە سوودو قازانجێكی باشی تێدایە؟

وەلام/ یەكەم: فرۆشتنی باڵندەی جوانی وەك تووتی وباڵندە ڕەنگاو ڕەنگەكان وبولبول لەبەر دەنگیان كارێكی ڕەوایە، چونكە تەماشاكردن وگوێڕاگرتن بۆ دەنگیان كارێكی حەلالە و هیچ دەقێك نەهاتووە لەسەر حرام بوونی فرۆشتن وبەخێوكردنیان بەڵكو بەڵگە هاتووە كە ڕەوایەتی ڕاگیركردنیان پێ ببەخشێت بەمەرجێك خواردن وخواردنەوەیان پێ بدات وە ئەوەی لەسەری پێویستە بەرانبەریان ئەنجامی بدات، لەو بەڵگانەش:

ئەو فەرموودەیەی ئیمامی بوخاری لە حەدیسی ئەنەس بۆمان دەگێڕێتەوە كە ئەنەس دەفەرموێت: (كان النبي ﷺ أحسن الناس خلقاً وكان لي أخ يقال له أبوعمير- قال أحسبه فطيماً- وكان إذا جاء قال يا أبا عمير ما فعل النغير؟) نغر كان يلعب به ...)

(نغر)[8] جۆرێكە لەجۆرەكانی باڵندە، ابن الحجر لە كتێبی (فتح الباری) لەمیانەی ژماردنی سوودەكانی ئەم فەرموودەیەدا ئەڵێت: ئەم فەرموودەیە ئەوەش دەگەیەنێ كە حەلالە مندال یاری بە باڵندە بكات، باوكان ودایكانیش واز لەمندالەكانیان بهێنن یاری بكەن بەو شتانەی حەلالە یاریان پێ بكرێت وە ئەوەشی تێدایە كە حەلالە پارە خەرج بكرێت لەو شتە ڕەوایانەی مندالان پێی ڕادەبوێرن وخۆیانیان پێوە خەریك دەكەن و ڕاگرتنی باڵندە لەقەفەسدا حەلالە وباڵكردنی باڵندەش حەلالە چونكە ئەوەی (أبو عمير) یان قەفەسی كرابوو یان باڵی كرابوو هەركام لەو دووانە بێت ئەوی تریش حوكمی یەكەمیان وەردەگرێت، هەروەها لەو بەڵگانە حەدیسەكەی (أبوهريرة) خوا لێی ڕازی بێت ڕیوایەت دەكات كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (دخلت امرأةٌ النار في هرةٍ حبستها لا هي أطعمتها وسقتها ولا هي تركتها تأكل من خشاش

---

[8] نەغر بێچووە چۆلەكەیە بڕوانە كتاب العين ل ٩٧٤.

الأرض)[9] واتــە: ئافرەتێـك چــووە نــاو ئــاگری دۆزەخــەوە بــەهۆی بەنــدکردنی پــشیلەیەك ، نــەخواردن وخواردنەوەی پێ داو نەهێشتی بۆخۆی لەمارو مێرووی سەر زەوی بخوات.

کـەوابوو لەکاتێـکدا ڕاگرتنـی پـشیلە بـەو مەرجانـە ڕەوا بـێ ئـەوا ڕاگرتنـی باڵنـدەکان ڕەوایـە. هەنـدێك لەزانایانیش بەخێوکردنی ئەمانەی کەباسمان کردن بە (مکروه) دائـەنێن و هەنـدێکی تـریش لـە زانایـان بـە حەرامی دەزانن ئەڵێن: بیستنی دەنگیان وڕابواردن بەبینینیان شتێکی پێویست نیە ومرۆڤ پێویستی پێی نابێت، بەڵکو لەخۆبایی بوون و خۆشگوزەرانی وهەرزەیەتیە، چونکە بەدەنگی گیاندارێك دڵشاد دەبێت کە خولیای فڕینە وخەمی دەربازبوون دەخوات[10].

دووەم: یـەکێك لەمەرجـەکانی کـڕین وفرۆشـتنی دروسـت ئەوەیـە ئـەو شـتەی مامەڵـەی لەسـەر دەکـرێ سوودوەرگرتن لێی ڕەوابێـت بـەبێ پێویـستی بـوون کـەوابوو مـار ومارمێلکـەکان سـوودیان لێ وەرناگیرێـت بەڵکو زیان بەخشن کەوابێ کڕین و فرۆشتنیان دروست نیە.

سێ یەم: کڕین وفرۆشتنی گیاندارە دڕندەکان وەك گورگ وشێرو ڕێوی و ئەوانەی کەڵپەیان هەیە دروست نیە، چونکە پێغەمبەر ﷺ نەهی لێکردووە، هەروەها لەبەر ئەوەی لەدەستدانی ماڵی تێدایە وپێغەمبەریش ﷺ نەهی کردووە لە فەوتاندن و لەناودانی سامان بەبێ هوودە.[11]

پ ١٦٦/ ئایا لەکڕین وفرۆشتندا ڕێژەیەکی دیاری کراو دانراوە بۆ قازانج وەرگرتن یان بێ سنوورە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەوێ لەگەڵ باسکردنی بەڵگەی شەرعی.

وەڵام: کەسێك ماڵێکی بۆ بازرگانی یـان بـۆ خـۆی کـڕی دروسـتە بیفرۆشـێتەوە زیـاتر لەبەهاکـەی خـۆی کەپێی داوە بەحازربێ یان بەقـەرز، هـیچ سـنوورێك نـازانین دیـاری کرابێـت لـەوە بـەدەر دروسـت نـەبێت، ئەوەندە هەیە سـوك وئاسـان کـردن لەسـەر موسـڵمانان پێویـستە لەبـەر ئـەو بەڵگانـەی هانـدەرن بـۆ ئـەم مەبەستە، بەڵام ئەگەر شتێك نرخەکەی زانراوو بوو نابێ موسڵمان بیفرۆشێت بەکەسێکی نەزان بەزیاتر لەو

[9] البخاری في الصحیح ومسلم ٦٢٢/٤ وغیرهم.

[10] بروانە کتێبی (الفروع وتصحیحة) المرداوی (٩/٤)، (الاتصاف) (٢٧٥/٤).

[11] وەڵامی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆلینەوە زانستیەکان وفەتوادان بروانە کتێبی فتاوی اللجنة الدائمة ب ١٣ ل ٣٨ فەتوای ژمارە ١٨٨٠٧.

نرخە، مەگەر ڕاستی پێ بڵێ، چونکە ئەو جۆرە فێڵێکی تێدایە، موسڵمانیش برای موسڵمانە و نابێ فێڵ وستەم وناپاکی لەگەڵ بکات، بەڵکو دەبێ ئامۆژگاری بکات هەموو کات پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (الدین النصیحة) (الحدیث) [١٢]، هەروەها لە بوخاری وموسلیمدا هاتووە لەجریری کوڕی عبداللە ی یەمانیەوە کەفەرموویەتی: پەیمانم دا بە پێغەمبەر ﷺ لەسەر نوێژکردن و زەکات دان و ئامۆژگاری کردنی هەموو موسڵمانێك. هەروەها لە فەتوایەکی تردا ئەڵێن: قازانج وەرگرتن لە کڕین وفرۆشتندا سنووری دیاری کراوی بۆ دانەنراوە بەڵکو بەپێی زۆر وکەمی بوون وداوا لەسەر بوونە (العرض والطلب) بەڵام بۆ موسڵمان – بازرگان بێت یان کەسێکی ئاسایی – چاکتر ئەوەیە لەکڕین وفرۆشتندا نەرم ونیان وبەخشندە بێت، وەبێ ئاگایی بەرانبەرەکەی نەقۆزێتەوە وفێڵی لێ بکات بەڵکو مافی برایەتی ڕەچاو بکات.[١٣]

پ ١٦٧/ ئایا حوکمی (المقانعة) چیە کەلە مزایەدەی ئاشکرادا دەکرێ؟ مقانعەش بریتیە لەوەی هەندێ کەس لە مزایەدەی حکومیدا دەیکەن پێکدێن لەسەر ئەوەی لەکاتی مزایەدەدا هاوبەش بن، پاش مزایەدە جارێکی تر هەندێکیان ماڵەکە دەفرۆشنەوە بەوانی تریان ئەو برە قازانجەش کە دەستیان کەوتووە بەیەکسانی بەسەر هەموویاندا دابەش دەکرێت....

وەڵام: ئەمە کارێکی ناڕەوایە و جائیز نیە چونکە هاریکاری کردنی یەکترە لەسەر تاوان ودوژمنکاری وە زوڵم کردنە لە فرۆشیار و خاوەنی ماڵەکە بۆ بەرژەوەندی ئەوانەی پێکهاتوون لەسەر کڕینی، یان جاری وا هەیە لەکاتی مزایەدەدا کەسانێك هەر بەئاماژە کەسانێکی تر قایل وبێ دەنگ دەکەن بۆ ئەوەی بەنرخێکی کەم شتەکەیان دەستبکەوێت، ئەڵێن بێ دەنگ بەو نیازم کردووە ئەگەر من کڕیم ئەوە تۆش بەشداربیت ئەم مامەڵەیەش دروست نیە چونکە زیان وفێڵی تێدایە لەفرۆشیارو دەبێتە مایەی بردنی ماڵەکەی بەنرخێکی کەم.[١٤]

---

[12] ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە.

[13] وەڵامی لیژنەی هەمیشەیی فەتوای ژمارە ٤٥٥٢ لە کتێبی (فتاوى اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ٨٩.

[14] وەڵامی لیژنەی هەمیشەیی ، فەتوای ژمارە ١٩٦٣٧ لە کتێبی ((فتاوى اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ١١٥.

پ١٦٨/ لەمیانەی کڕین وفرۆشتندا پێشەکی (عربون) دەدرێت بۆ دامەزراندنی مامەڵەکە کەبریتیە لەبڕێك پارەی کەم ئەم پێشەکیە ماڵە فرۆشراوەکە دەبەستێتەوە ئایا حوکمی ئەم جۆرە مامەڵەیە چیە؟ زۆر لە فرۆشیارەکان لەکاتی تەواونەکردنی بەهای شتە فرۆشراوەکە لەلایەن کڕیارەوە یان پەشیمان بوونەوەی کڕیار ئەو پێشەکیە بۆ خۆیان دەبەن ئایا ئەمەش حوکمی چیە؟

وەڵام: کڕین وفرۆشتنی عربون کە بریتیە لەوەی کڕیار بڕێك پارە وەك پێشەکییەك کەکەمترە لەبەهای فرۆشراوەکە کە دوای بڕاندنەوەی مامەڵە بۆ زامنکردنی فرۆشراوەکە بۆ خۆی بدات بە فرۆشیار یان وەکیلی فرۆشیار بۆ ئەوەی جگە لەو کەسی تر نەیبات، هەروەها ئەگەر خۆی قایل بوو ماڵەکەی برد ئەوا ئەوەی لای ماوە ئەبێ بیدات ئەگەر هاتوو نەیبردوو پەشیمان بوو ئەوا دروستە فرۆشیار ماڵی خۆی بباتەوە و ئەو پێشەکیەش بۆ خۆی ببات، کڕین وفرۆشتنی جۆری پێشەکی دان دروستە ئەگەر کات بۆ تەسلیم کردنەوەی ئەو بڕە پارەیەی ماوەتەوە دابنێت یان نا، دروستە فرۆشیار دوای دامەزراندنی عەقدی کڕین وفرۆشتن و دوای وەرگرتنی فرۆشراوەکە داوای حەقی خۆی بکات، ئەمانەی خوارەوە بەڵگەی دروستێتی ئەم جۆرە کڕین وفرۆشتنەی تێدایە: ئیش پێکردنی ئیمامی عومەر ڕەزای خوای لێ بێت، ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێت: ئەم کڕین وفرۆشتنە هیچی تێدا نیە، لە ابن عمرەوە دەگێڕنەوە کەبە حەلاڵی داناوە، سعیدی کوڕی مسیب وابن سیرین ووتویانە هیچی تێدا نیە ئەگەر کڕیار پێی ناخۆش بوو بەتەنها ماڵەکە بگێڕێتەوە بەڵکو شتێکی لەگەڵدا بگێڕێتەوە، ئەو فەرموودەیەش کە ریوایەت دەکرێت لەپێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی: (**نهى عن بيع العربون**) ئەوە فەرموودەیەکی لاوازە وئیمامی ئەحمەد وجگە لەویش بە لاوازیان داناوە، کەواتبوو نابێتە بەڵگە.[15]

پ ١٦٩/ حوکمی مامەڵەی ئەو کەسە چیە ئەم شتەم لێ بکڕە ئەگەر زەرەرت کرد ئەوا بۆتی دەبژێرم؟

[15] وەڵامی لیژنەی هەمیشەیی، فتوای ژمارە ١٩٦٣٧ کتێبی (فتاوى اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ١٣٣.

وەڵام: ئەگەر کڕیار بەمەرجی گرت کە خەسار نابژێرێ یان ئەگەر شتەکە نەفرۆشرا ئەوا دەیگێڕێتەوە یان فرۆشیار بەمەرجی گرت و ووتی ئەم شتەم لێ بکرە ئەگەر هاتوو خسارت کرد ئەوا من بۆتی قەرەبوو دەکەمەوە، لەم کاتەدا تەنها مەرجەکە بەتاڵە وحسابی بۆ ناکرێ بەڵام کڕین وفرۆشتنەکە دروستە ودامەزراوە، پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت : (**كل شرطٍ ليس في كتاب الله فهو باطلٌ وإن كان مائة شرط**)[16] ، چونکە دامەزراندنی عەقدەکە ئەوە دەگەیەنێ وپێویست دەکات فرۆشراوەکە – دوای تەسلیم کردنی – ببێتە هی کڕیارِ و ئەویش ببێتە خاوەنی ماف لەڕەفتاردا، ئەنجا سوود وزیانیش تەنها لەسەر خۆیەتی و بۆ خۆی دەبێت، هەروەها لەبەر زیانی چاوەڕوانکراو بەهۆی کەمتەرخەمی کردنی کڕیار لەبازاڕگەرمی (**ترويج**) کردن بۆ ماڵەکەی وەبەخەسار فرۆشتنی، هەروەها لەبەر ئەوەی قسەی فرۆشیار کە ئەڵێ: ئەگەر ئەم ماڵەیەم خساری کرد ئەوا بۆتی دەبژێرم چونکە هاندان وفریودانی تێدایە لەو لایەنەوە کە ماڵەکەی لەپێش چاو وا لێ دەکات کەبازاڕی هەیە وخەسار ناکات و ئەو پارەیە دەهێنێ.[17]

پ١٧٠/ ڕای بەڕێزتان چیە لەوەی هەندێ بازرگان دەیکەن کەلەگەڵ کڕیاردا پێکدێن لەسەر ئەوەی کڕیار بۆی هەیە شتە کڕراوەکە بگێڕێتەوە بەڵام بۆی نیە پارەکەی بباتەوە بەڵکو بۆی هەیە شتی تر هەڵگرێ، لەکاتێکدا هیچ شتێکی بەدڵ نەبوو فرۆشیار پارەکە لای خۆی دەهێڵێتەوە تا ئەو کاتەی کڕیار شتی تر دەبات؟

وەڵام: مەرجی ویستن یان نەویستن بۆ کاتێکی زانراو دروستە، کڕیار بۆی هەیە لەو ماوە دیاری کراوەدا ئەو شتەیە ڕەتکاتەوە، و پارەکەی خۆیشی لە فرۆشیار وەربگرێتەوە، بەڵام مەرجی نەبردنەوەی پارەو بردنی شتی تر لەجێگەی ئەو شتە گەڕاوە ئەوە مەرجێکی نادروستە ودروست نیە کاری پێ بکرێ لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (**كل شرطٍ ليس في كتاب الله فهو باطلٌ وإن كان مائة شرط**)[18].

پ١٧١/ ئایا دروستە گیاندار (حيوان) بە کێشانە بفرۆشرێت؟

---

16 متفق عليه

17 **کتێبی فتاوی اللجنة الدائمة فتوای ژمارە ١٩٦٣٧ ب ١٣ ل ١٩٨.**

18 **بڕوانە کتێبی فتاوی اللجنة الدائمة فتوای ژمارە ١٩٨٤٠ ب ١٣ ل١٩٩.**

بەڵێ دروستە، هەروەها كڕین وفرۆشتنی بە بینین دروستە بە ئیجماع، ئەو ئامێرانەش كەلەسكیدایە كار ناكاتە سەر ئەو حوكمەی باسمان كرد، هەروەها خواردنیشی دروستە، چونكە دروستە بفرۆشرێت چونكە حوكمی ئەو وەردەگرێت كەوابوو فرۆشتنی گیاندار بەو ئامێرانەشەوە كەلەسكیدایە بەكێشانە دروستە.[١٩]

پ١٧٢/ لای بەڕێزتان زانراوو ئاشكرایە جۆرێك لە جۆرەكانی مامەڵەی بازرگانی لەنێوان خەڵك و بەتایبەت بازرگانەكان بریتیە لە كڕین وفرۆشتنی دراوی جیاواز یەكتر بە یەكتر، بۆ نموونە: دۆلار بە ریاڵ و دۆلار بە دینار وبەپێچەوانەوە هتد، هەروەها بۆ هەر جۆرە دراوێك دوو نرخ هەیە (كڕین وفرۆشتن)..... بۆیە پێمان خۆشە ئەم پرسیارانە لەبەڕێزتان بكەین:

أ) ئایا ئەم جۆرە مامەڵەیە دروستە؟ وەبەكڕین وفرۆشتن ناودەبرێت؟

ب) ئەگەر دروستە بەڵگە چیە لەسەر جیاكردنەوەی لەو شتانەی ڕیبایان تێدایە كە دروست نیە لەكاتی گۆڕینەوەدا زیادیان لەسەر وەربگیرێت؟

وەلام: ئەم شێوە مامەڵەیە كرین وفرۆشتنە لە دوو شتدا كە ریبای تێدایە ئەمەش حەلاڵە بەمەرجێك دەست بەدەست بكرێت واتە قەرزی تێدا نەبێت بابە زیاد وكەم بفرۆشرێت چونكە هەردوو شتەكە لەرەگەزدا لەیەك جیان بەبەڵگەی ئەو حەدیسەی پێغەمبەر ﷺ كەفەرموویەتی: (لا تبيعوا الذهب بالذهب إلا مثلا بمثل ولا تُشفوا[٢٠] بعضها على بعض ولاتبيعوا الورق بالورق إلا مثلا بمثل ولا تشفوا بعضها على بعض ولا تبيعوا منها غائباً بناجز[٢١]).

پارەی كاغەزیش لەجێی هەردوو دراو ئاڵتون و زیوە، ئەو پارانەی لە پرسیارەكەدا باسكراون جیاوازن لەرەگەزدا كەوابوو دروستە بەیەكتر بەزیادو كەم بفرۆشرێت بەمەرجێك قەرزی تیانەبێ، چونكە هەموو دراوێكی كاغەز بۆخۆی رەگەزەكەی تایبەتە بەپێی ئەو وڵاتەی دروستی دەكات چونكە پێغەمبەر ﷺ

[19] بروانة كتيبی فتاوی اللجنة الدائمة فتوای ذمارة ٣٢٢٩ ب ١٣ ل ٢٨٩.

[20] واتە بەزیاد وكەم

[21] نائامادە بە حازر

نەهی کردووە لەبە قەرز فرۆشتنی ئەو جۆرانەی ریبایان تێدایە لەگەڵ یەکتردا ئەم مامەڵەیەش پێی دەوترێ (صرف) [22] کە جۆرێکە لە جۆرەکانی کرین وفرۆشتن.

ب) هەروەها ئەو شتانەی ریبایان تێدایە وەك گەنم وجۆ و خورما ومێوژ ئەگەر لە رەگەزدا یەك بوون دروستە بەیەکتر بگۆردرێنەوە بەهەردوو مەرجی چونیەك وئامادە (التماثل والتقابض) ئەگەر لە رەگەزیشدا جیاوازبوون دروستە بەزیاد وکەم بگۆردرێنەوە بەمەرجێ قەرزی تێدا نەبێت، زیاد وکەم وەرگرتن دروست نیە ئەگەر هەردوو رەگەز یەك بوون بەحازربێ یان بەقەرز، وەرگرتن وبەقەرزدانی ئەو شتانەی ریبایان تێدایە دروست نیە چ لەرەگەزدا یەك بن یان جیاواز، هەروەها ئەگەر تەنها یەك لەوانەش بەقەرز بێ، مەگەر یەك لەو شتانە نەقد بێت و ئەوی تر نەقد (دراو) نەبێت ئەو کاتە بەقەرز دروستەوەکو (سەلەم وبیع الاجل).

پ ١٧٣/ ئەو کەسانەی دووکاندارن هەرکاتەی بە نرخێك دراو دەفرۆشن بەتایبەت لای ئێمە بەیانیان دۆلار بەرز دەبێتەوە یان دادەبەزێت یان شەوان ئایا ئەم فرۆشیارە هیچ تاوانێکی لەسەرە؟

وەڵام: جیاوازی نرخی دۆلار لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەپێی گۆڕانی دراو لەبازاڕدا هیچ تاوانێکی تێدا نیە. [23]

پ ١٧٤/ ئێمە برکەیەك (مەڕ) مان هەیە ئەو پاشماوەو پشقلەی لێیان بەجێ دەمێنێ کۆی دەکەینەوەو قەلأبەستەی دەکەین، وەلەبەر ئەوەی کێڵگەکەمان نیە سوود لەم پەینە وەربگرین، پرسیار لەبەڕێزتان دەکەین ئایا دروستە بیفرۆشین؟ ئایا پارەکەی حەڵاڵە بیخۆین؟

وەڵام: فرۆشتنی پەینی پاك دروستەو هیچی تێدا نیە وەك پەینی مەڕو مانگاو ووشتر، هەر گیاندارێك گۆشتی بخورێت پاشماوەکەی پاکە فرۆشتنیشی حەڵاڵەو خواردنی پارەکەشی دروستە وحەڵاڵە وهیچ

---

[22] واتە فرۆشتنی دراو بە دراو.

[23] بروانە کتیبی فتاوی اللجنة الدائمة فتوای ژمارە ٣٠٣٧ ب ١٣ ل ٤٣٩.

تاوانێکی تێدا نیە، ئەوەی کەوا گومان وکێشەی تێدایە ئەو پەینەیە کەوا پیسە یان پیس کراوە، بەلاّم پەینی پاك بەکارهێنانی دروستەو فرۆشتنی وپارەکەیشی حەلاّڵە.[٢٤]

پ ١٧٥/ هەندێ بازرگان شتومەك دەکڕن ونایبینن ووەری ناگرن تەنها پارەکەی دەدات و وەصڵێکی لێ وەردەگرێ ودەیخاتە کۆگای ئەو بازرگانەی لای کڕیوەتی وئەمیش دەیفرۆشێتەوە بەکەسانێکی ترو ماڵەکەش هەرلە کۆگای بازرگانی یەکەمدایە ئایا ئەم جۆرە کارە حوکمی شەرعی چیە؟

وەلاّم: بۆ کڕیار دروست نیە ئەو شتومەکە بفرۆشێت تا لای فرۆشیار بێت و نەیهێنێتە لای خۆی یان بازاڕ لەبەر ئەو فەرموود صحیحانەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ سەلماون لەوانە: (لا يحل سلف ولا بيع ولا بيع ما ليس عنك)[٢٥] هەروەها ئەم فەرموودەیەی کە بەحکیمی کوڕی حزام دەفەرموێ : (لا تبع ما ليس عنك)[٢٦]، هەروەها لەزەیدی کوڕی سابتەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ : (نهى أن تباع السلع حيث تبتاع حتى يجوز التجار اى رحالهم)[٢٧] ، هەروەهائەوەشی دەیکڕێت دروست نیە بیفرۆشێت تاوەکو نەیگوێزێتەوە بۆ ماڵی خۆی یان جێگایەکی تر لەبازاڕ لەبەر ئەو فەرموودانەی کە باسکران و ئەوانەشی باسنەکراون ئەو مانایە دەگەیەنن.[٢٨]

پ١٧٦/ ئەوەی ئەمڕۆ لای زەڕەنگەر باوە ئەوەیە ئاڵتونی بەکارهێنراو وەردەگرن غەرامی بە (٣٠) ریاڵ و ئاڵتونی تازەشی پێ دەفرۆشێت غەرامی بە (٤٠) ریاڵ ، ئایا حوکمی شەرعی ئەم جۆرە مامەڵەیە چیە؟

وەلاّم: دروست نیە ئاڵتونی خراپ بەچاك بگۆڕدرێتەوە وسەری لەسەر وەربگیرێت، بەڵگەش ئەو حەدیسەیە کە بوخاری وموسلیم و کەسانی تر ڕیوایەتیان کردووە لەبەسەرهاتی بیلال کە هەندێ خورمای

---

[24] بروانە کتێبی فتاوى اللجنة الدائمة فتوای ژمارە ١٨٦٤١ ب ١٣ ل ٤٦٢.

[25] اخرجة الإمام أحمد وأهل السنن بإسناد صحيح.

[26] أخرجه الخمسة إلا أباداود بإسنادٍ جيدة.

[27] رواه أحمد وأبو داود وصححه ابن حبان والحاكم.

[28] وەلامی شێخ ابن باز بروانە فتاوى البيوع ل ٣٢.

تازەی هێنا بۆلای پێغەمبەر ﷺ ئەویش پێی فەرموو ئەمەت لەکوێ هێنا؟ بیلال ووتی: خۆمان خورمای خراپمان هەبوو دوو صاعی ئەوەی خۆمانم گۆڕیەوە بەیەك صاعی ئەم خورمایە بۆ ئەوەی بیدەم بە تۆ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (أُوَّه، لا تفعل، عين الربا عين الربا)پێغەمبەر روونی کردەوە ئەو شتەی گۆڕینەوەی بەرانبەر واجبە بەبێ زیاد گۆڕینەوەی لەبەر چاکی و خراپی ریبایەو دروست نیە، بەلاَم پێغەمبەر ﷺ بەرەوشتی باوی خۆی فێری کردوو خستیە سەر رێگەیەکی حەلاَلْ و هانی دا خراپەکە بفرۆشێت بەچەند درهەمێك وپاشان خورمای تازەی لێ بکرێت، بۆیە لەبەر ئەم بەلگەیە ئەلێین ئەگەر ئافرەتێك ئالتونی خراپی هەبوو یان ئالتونێك باو نەبێ ئەوا لەبازاڕ دەیفرۆشێت و وئەنجا پارەکەی وەردەگرێ و ئالتونی چاکی پێ دەکرێت، ئەو رێگەیە دەگرێتە بەر کە پێغەمبەر بۆی روون کردوینەتەوە.[٢٩]

پ١٧٧/ حوکمی شەرع چیە لەکەسێکدا کە ئالتونەکەی دەدات بەکارگەی ئالتون بۆ ئەوەی بۆی دروست بکات زۆرجار لەکاتی تواندنەوەی ئالتوندا لەکارگەکاندا، ئالتونی کەسێك دەگۆڕێتەوە بەهی کەسێکی تر، بەلاَم کاتێك وەری دەگرێت بەهەمان کێش وەری دەگرێت کە داویەتی، ئایا کرێی دروستکردن مەرجە لەکاتی وەرگرتنەوەی ئالتونەکەی یەکسەر بیدات یان مەرج نیە ودروستە بەقەرز لەسەری حسا بکرێت؟

وەلاَم: لەسەر کارگەی دروستکردنی ئالتون پێویستە ئالتونی خەلکی تێکەلْ بەیەکتر نەکات و شتی هەرکەس بەجیا دابنێت ئەگەر عەیارەکان جیاوازبوون، بەلاَم ئەگەر عەیارەکان یەك بوون ئەوا دروستەو هیچ زیانێکی تێدانیە، پێویست نیە یەکسەر کرێی پێ بدات چونکە ئەمە کرێیە لەسەر کار ئەگەر لەکاتی وەرگرتنی ماڵەکەی کرێی تەسلیم کرد ئەوا باشەو ئەگەر دوای خست ئەوا دروستە.[٣٠]

---

[29] وەلاَمی شێخ ابن عثیمین / فتاوی البیوع ل ٧٤.

[30] وەلاَمی شێخ ابن عثیمین / فتاوی البیوع ل ٨٠.

پ١٧٨/ کاغەزە بازرگانی یەکان (سەك .. سەنەد .. کومبیالا) و حوکمی کڕین و فرۆشتنیان

وەڵام :

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِيْنُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَىَ فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ [سورة البقرة : (٢٧٥)] .

واتە : خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و سووی حەرام کردووە ، جا ئەوەی ئامۆژگاری پەروەردگاری پێگەیشت و وازی هێنا ئەوەی دەست کەوتووە بۆ خۆی کاری لێپرسینەوەشی دەکەوێتە لای خوا ، بەڵام ئەوەی دەست بکاتەوە بە سوو خۆریی ئا ئەوانە جێنیشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تێدا دەبەنە سەر .

وە دەفەرموێ : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (٢٧٨) فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ (٢٧٩) ﴾ [سورة البقرة] .

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پارێزکار و خواناس بن و واز لە پاشماوەی سوو بهێنن ئەگەر ئیماندارن خۆ ئەگەر وا نەکەن ئەوە جەنگ لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) ڕابگەیەنن ، خۆ ئەگەر تەوبە بکەن و لە سوو خۆری واز بهێنن ئەوە تەنها سەرمایەکانتان بۆ هەیە وەریگرنەوە نە ستەم دەکەن لە قەرزارەکان نە ستەمتان لێدەکرێت .

وە جابری کوڕی عەبدوڵا فەرموویەتی : ((لعن رسول الله ﷺ آكل الربا وموكله وكاتبه وشاهديه ، وقال : هم سواء)) رواه مسلم .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرینی کردووە لە سوو خۆر و سوودەر و نوسەرەکەی و هەردوو شایەتەکەشی ، فەرموویەتی : ئەوانە هەموویان لە تاواندا وەك یەكن .

دوای ئەوە : (شيك) يان (سەك) يەكێكە لە جۆرەكانی كاغەزی بازرگانی (الأوراق التجارية) كە بریتین لە چەند بەڵگەنامەيەك كە پابەندبونيان تێدايە بە دانی بڕێك پارە كە بە پێی باو لە دوای كاتێكی كەم مافی دانەوەی هەيە .

جۆرەكانی كاغەزی بازرگانی

يەكەم : (كۆمبيالا) : بريتيە لە فەرمانێكی نووسراو بە پێی چەند باروودۆخێكی تايبەت ـ كە ياسا دياريكردووە ـ كەسێك كە بە ڕاكێشەر حيساب دەكرێت ئاراستەی دەكات بۆ كەسێكی تر كە بەلێبراو ناو دەبرێت داوای ئەوەی لێدەكات كە بڕێك پارەی دياريكراو لە بەروارێكی دياريكراودا يان شياوی دياريكردن بێت بدات بە كەسی سێيەم (كەسی كەڵك وەرگرتوو / مستفيد) يان بە هەڵگری ئەو بەڵگەنامەيە (حاملِهِ) .

دووەم : (سەنەد) : بريتيە لە پابەند بوون بە دانی بڕێك پارەی دياريكراو لە بەروارێكی دياريكراودا يان شياوی دياريكردن بێت بۆ بەرژەوەندی كەڵك وەرگر (مستفيد) يان هەڵگر (حامل)ی سەنەد .

سێيەم : (شيك) يان (سەك) : فەرمانێكە بە نوسين ئەو كەسەی پارەی لە بانك داناوە (ئەو كەسە چ تاك بێت يان كۆمپانيا يان حكومەت) واژوی دەكات و فەرمان بەو بانكە دەكات كە بڕێكی دياريكراو لە كاتی داوا كردندا بدات بە كەسی سێيەم (مستفيد) يان بە خودی خاوەن پارەكە يان فەرمانی يان هەڵگر (حامل)ی ئەو (شيك) سەكە .

جا ئەم كاغەزە بازرگانيانە بە دەستەواژەی مامەڵەی سەردەم حيساب دەكرێن ، وە ماف سامانی و نەقدی و قەرزی لە لابوون جێگير دەكەن ، وە چەندين تايبەتمەنييان هەيە لەوانە :

١ ـ ئەم كاغەزە بازرگانيانە بەڵگەنامەی قەرزن بە شێوازێكی كورت و پوخت نوسراوەتەوە .

٢ ـ فەرمان بە دانەوەی تێدا ڕەهايە و نەبەستراوە بە هيچ مەرجێكەوە .

٣ ـ بابەتيان بڕێكە لە پارە كە پێويستە بدرێت ، ئێستا بێت يان دواتر .

٤ ـ دەتوانرێت بە ئاسانی جێگۆڕكێ و گواستنەوەی لە نێو خەڵكدا پێبكرێت .

حوكمی دروست كردنی ئەم كاغەزانە و مامەڵە پێكردنيان

بە كورتی حوكمی دروست كردنی ئەو كاغەزانە ئەگەر سووی لە سەر بێت يان قازانجێكی بە مەرجگيراوی تێدا بێت ئەوا زۆربەی زانايان و توێژەرەوايان ئەسڵەن بە حەراميان داناوە دروست بكرێن[1] .

[1] بروانە ئەم سەرچاوانە : (في الشركات ، شركة المساهمة ، فقه الزكاة ، حكم ودائع البنوك ، الربا والمعاملات المصرفية ، الإسلام ومشكلاتنا الحضارية ، المعاملات المالية المعاصرة ، أسواق الأوراق المالية والمصارف الإسلامية ، بنوك تجارية بدون ربا ، الأعمال المصرفية والإسلام) ... هتد .

جا مەگەر ئەوانەی تێدا نەبێت ئەو کاتە دەتوانین بڵێین :

پێشەکی دەبێ بزانین ئەم کاغەزانە لە حەقیقەتدا تەنها بریتین لە چەند پەڕە کاغەزێك چەند ژمارە و شتێکیان لە سەر نوسراوە ، کۆمەڵە مافێکی سامانی و قەرز دەنوێنن و جێگیر دەکەن ، جا حوکمی هەریەك لەمانە نازانرێت تاوەکو ئامانج لە دروستکردنیان نەزانرێت .

سەنەد : ئامانج لە دروستکردنی بەڵگەنامەیەکە قەرزێکی دواخراو جێگیر دەکات ، جا جێگیر کردن و پشت ئەستور کردنی قەرز داخوازییەکی شەرعیە و ئیسلام بانگەوازی بۆ کردووە ، بەڵام وەك وتمان بانکی سوو خۆر (سوو / ربا) وەردەگرێ لە سەر ئەم جۆرە بەڵگەنامانە ، هەرچەندە دروستکردنی سەنەد لە خودی خۆیدا حەرام نییە و مەکروهیش نییە بەڵکو لە شەرعی ئیسلامدا خوازراوە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت .

٢ ـ کومبیالا : ئەگەر بە وردی دیراسەی کومبیالا بکەین وەك لە پێشەوە پێناسەمان کرد دەبینی شێوازێکە لە شێوازەکانی عەقدی حەواڵە کە شەرعزانان بە درێژی حوکمەکانیان ڕونکردووەتەوە ، کە بە کورتی پێناسەکەی بریتیە لە (نقل الدَّين من ذِمَّةٍ إلي ذِمَّة)[٢].

واتە : گواستنەوەی قەرز لە گەردنی کەسێکەوە بۆ گەردنی کەسێکی تر.

وە بزانە لە حەواڵەدا سێ لایەن هەیە :

یەکەم : قەرزار .   دووەم : قەرزدەر .

سێیەم : ئەو کەسەی قەرزەکە لە جیاتی قەرزار دەداتەوە .

ئاینی ئیسلامی پیرۆز ڕێگەی بە گواستنەوەی قەرز داوە ، چونکە خەڵکی پێویستیان پێی دەبێت ، بەڵگەش لە سەر ئەم کارە سوننەت و یەکدەنگی زانایانە ، کەوابوو ئەگەر حەواڵەکە مەرجەکانی تێدا بوو وە (کومبیالا) بە شێوازێکی شەرعی نوسرایەوە ئەوا دروستە و کاری پێدەکرێت .

(شیك : سەك) : وە لە پێشەوە پێناسەمان کرد فەرمانێکە بە بانك کە بڕێکی دیاریکراو پارە بدات بە کەسی سێیەم یان بە خودی خاوەن پارەکە یان هەڵگری (شیك)ەکە .

جا ئەگەر بە وردی دیراسەی ناوەڕۆکی ئەم پێناسەیە و سەرجەم پێناسەکانی تری (شیك) بکەین کە لە کتێبە ئابوری و بازرگانییەکاندا تۆمارکراوە دەبینین شیك بریتییە لە حەواڵە و گواستنەوەی قەرز یان

---

[٢] مغني المحتاج للشربيني ، نهاية المحتاج للرملي .

کردن بە وەکیلی بانك لە جیاتی خاوەنی پارەکە ، جا لە ڕووی نوسینی شیك و بەکارهێنانی بۆ ئەو مەبەستانەی بۆی نوسراوە هیچ ڕێگرێك نییە لە شەرعدا و ئەمیش دەچێتە ژێر ئەحکامی حەواڵە یان وەکالەوە .

هەروەها ئەگەر فەرمانەکە لە لایەن خاوەنی پارەکەوە بوو بۆ خودی خۆی نەك کەسی سێیەم ئەوە پێی دەگوترێت گێڕانەوە (استرجاع) و ئەحکامی سپاردە (الوديعة) لە خۆ دەگرێت .

دوای ئەو پێشەکییانە ئەو کاغەزانەی بۆ ماددەی (١٤٠) نوسراون بریتین لە جۆری سێیەم واتە (شیك)ن ، جا دوای لێکۆڵینەوەی نوسراوی سەر ئەو جۆرە کاغەزانە و دیراسەی شیك لە لایەن زانایانی پسپۆڕەوە[٣] دەرکەوتووە شیك یان حوکمی حەواڵە یان وەکالە یان سپاردە (وديعة) لە خۆ دەگرێت .

جا (شیك)ی تایبەت بە ماددەی (١٤٠) بێگومان سپاردە (وديعة) نییە چونکە لایەنی سێیەمی تێدایە کەوابوو حەواڵەیە یان وەکالە ، هەر کام لەم دووانە بێت حوکمی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

حوکمی کڕین و فرۆشتنی کاغەزە بازرگانییەکان

بنیات لە سەر ئەوەی هەموو ئەو کاغەزانە بە هەموو جۆرەکانیانەوە ئەوە دەگەیەنن و نوێنەرایەتی ئەوە دەکەن کە خاوەنیان (واتە : ئەو کەسەی بۆی نوسراوە) قەرزی لای دەرهێنەری ئەو کاغەزانەیە (شیك) یان (سەنەد) یان (کومبیالا) ، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە گۆڕینەوەی دراو (العملة) بریتییە لە ئاڵوگۆڕی پارە بە پارە بە مەرجی دەست بە دەست بوون ، جا لە کاتێکدا ئەو کاغەزانە دراو نین و نوێنەرایەتی قەرزێك دەکەن کەوابوو یەکێك لە مەرجەکانی ئاڵوگۆڕی دراو (العملة) لەو مامەڵەیەدا نوقسانە بۆیە باتڵ دەبێت ، بەڵام جگە لە زێڕ و زیو و دراو مامەڵەی تری پێدەکرێت ، چونکە (شت و مەك / السلعة) جگە لە زێڕ و زیو بە قەرز دەفرۆشرێت .

---

[٣] بڕوانە کتێبی : (الخدمات المصرفية) و (موسوعة القضايا الفقهية) و (الأسهم والسندات وأحكامها) و (قضايا فقهية معاصرة في المال والاقتصاد) وە چەندین کتێبی تر .

ابن رجب لە كتێبی (القواعد)**دا ئەڵێ :** (بيع الصكاك قبل قبضها وهي الديون الثابتة على الناس وتُسمَّى صِكاكاً لأنَّها تُكتَبُ في صِكاك وهي ما يُكتب فيهِ من الرَّقِّ ونحوِهِ ، فيُباع ما في الصَّك فإن كان الدَّينُ نقداً وبِيعَ بنقدٍ لَمْ يجزْ بلا خِلاف لأنَّهُ صرفٌ بنسيئةٍ)[٤].

واتە : فرۆشتنی (سەك) پێش وەرگرتنی لە كاتێكدا قەرزێكە سەلمێنراوە لە سەر دەرهێنەری ، وە پێی دەگوترێت (صِكاك) چونكە لە (صِكاك)دا دەنوسرێت كە بریتییە لەو شتانەی تێیدا دەنوسرێت وەك پێست و شتی تر * **.**

جا ئەوەی تێیدایە دەفرۆشرێتەوە ئەگەر قەرزەكە دراو (نقد) بوو وە فرۆشرا بە دراو (نقد) دروست نییە بەبێ جیاوازی زانایان چونكە ئاڵوگۆڕە بە قەرز .

لەم قسانەی (ابن رجب) ئەوەمان دەسدەكەوێت كە :

یەكەم : ئەوەی لەو كاغەزانەدا دەنوسرێتەوە قەرزن .

دووەم : گۆڕینەوە دراو بە دراو (بَيْعُ نقدٍ بنقدٍ) **ئەبێ دەست بە دەست بێ.**

وە پرسیار كراوە لە شێخ (محمد بن صالح العثيمين) **ڕەحمەتی خوای لێبێت :** (ما حكم التعامل بالشيكات في بيع الذهب إذا كانت مستحقة وقت البيع حيث إنَّ بعض أصحاب الذهب يتعامل بالشيكات خشية على نفسهِ ودراهمِهِ أنْ تُسرق منه ؟

فأجاب : لا يجوز التعامل بالشيكات في بيع الذهب أو الفضة ، وذلك لأنَّ الشيكات ليست قبضاً ، وإنَّما هي وثيقة حوالةٍ فقط بدليل أنَّ الذي أخد الشيك لو ضاعَ منه لَرجع على الذي أعطاهُ إيَّاهُ ، ولو كان قبضاً لَمْ يرجع عليهِ ، وبيانُ ذلك أنَّ الرجلَ لو اشترى ذهباً بدراهم واستلم البائع الدراهم فضاعت منه لَمْ يرجع على المشتري ، ولو أنهُ أخذ من المشتري بالثمن ، وهذا دليلٌ على أنَّ الشيك ليس بقبضٍ ، وإذا لَمْ يكن قبضاً لَم يصح البيع ، لأنَّ النبي ﷺ أمر ببيع الذهب بالفضة أنْ يكون يداً بيدٍ إلاَّ إذا كان الشيكُ مصدَّقاً من قبل البنك واتصل البائع بالبنك وقال : ابقِ الدراهم عندك وديعةً لي فهذا قد يُرخص فيه)[٥].

واتە : حوكمی مامەڵە كردن بە چەكی دراو لە فرۆشتنی زێڕدا چییە ؟ ئەگەر ئەو چەكە مافی وەرگرتنی هەبێت لە كاتی ئەو فرۆشتنەدا چونكە هەندێ لە زەڕەنگەرەكان كار بە چەكی دراو دەكەن ، لە خۆی و پارەكەی دەترسێ كە لێی بدزرێت ؟

---

[٤] القواعد : (١ / ٣٩٦) نقلاً عن كتاب الأسهم والسندات وأحكامها ص : (٣١٦) .

* ئێستا لە كاغەزدا دەنوسرێت .

[٥] فتاوى البيوع في الإسلام ص : (٧٧) .

ئەویش وەڵامی داوەتەوە :

دروست نییە لە فرۆشتنی زێڕ یان زیودا مامەڵە بە چەکی دراو بکرێت چونکە چەکی دراو حیسابی وەرگیراوی بۆ ناکرێت ، بەڵکو تەنها بەڵگەنامەی حەواڵەیە و بەس ، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو کەسەی ئەو چەکەیە وەردەگرێت ئەگەر لێی ونببێت دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو کەسەی پێیداوە ، جا ئەگەر شتێکی وەرگیراو بێت ناگەڕێتەوە بۆ سەری ، ڕونکردنەوەشی ئەوەیە ئەگەر پیاو زێڕی کڕی بە چەند دیرهەمێك و فرۆشیارەکە ئەو دیرهەمانەی وەرگرت و دوای ئەوە لێی ونبوو ناگەڕێتەوە بۆ سەر کەسی کڕیار ، ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی (شیك) وەرگیراو نییە ، جا ئەگەر وەرگیراو و لەدەستدا نەبوو ئەوە ئەو فرۆشتنە دروست نییە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە فرۆشتنی زێڕ بە زیو ئەبێ دەست بە دەست بێ ، مەگەر ئەو چەکەیە پەسەند و قەبوڵکراوبێت لە لایەن بانکەوە ئەنجا فرۆشیاری زێڕەکە پەیوەندی بکات بە بانکەوە و بڵێت ئەو دیرهەمانەی لەو چەکەدا هاتووە وەك (سپاردە / وديعة) لای خۆت بهێڵەوە ، ئەمە لەوانەیە ڕوخسەتی پێبدرێت .

دەبینی ئەم زانایەش کە کەسایەتیەکی ناسراو و یەکێك بوو لە پێشەوایان لەم سەردەمەدا ئەڵێ : ئەم چەکە تەنها بەڵگەنامەی حەواڵەیە .

وە پرسیار کراوە لە شێخ (ابن باز و عبد الرزاق عفيفي و عبد الله غديان) ڕەحمەتی خوایان لێبێت : (هل بيع الشيكات أو الكومبيالات حلال ولو كان بالخسارة أي أقل من الثمن المكتوب ؟

الجواب / بيع الشيكات على الكيفية المذكورة لا يجوز لما فيهِ من ربا النسأ وربا الفضل)[٦].

واتە : ئایا فرۆشتنی شیك و کومبیالا دروستە ئەگەر بێت و بە زەرەر بیفرۆشێت واتە : بەکەمتر لەو بەهایەی کە تۆمار کراوە لە چەکەکەدا ؟

وەڵام : فرۆشتنی شیك بەو شێوەیەی لە پرسارەکەدا هاتووە دروست نییە لەبەر ئەوەی هەر دوو جۆری سووی دواخستن و زیادەی تێدایە .

وە لە وەڵامی پرسیارێکی تردا زانایان (ابن باز ، عبد العزيز آل الشيخ ، عبد الله غديان ، صالح الفوزان ، بكر أبو زيد) دەفەرموون : (لا يجوز بيع وشراء سندات النقود الحالة والمؤجلة بأقل مِمَّا فيها أو أكثر مِمَّا فيها لأنَّ ذلك يُعتبر من صريح الربا ، وقد اجتمع في هذه المعاملة ربا الفضل وربا النسيئة وكلاهما مُحرَّم بالنص)[٧].

---

[٦] فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : (١٣ / ٣٣٣) .

[٧] فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : (١٣ / ٣٣٥) .

وە پرسیار کراوە لە زانای گەورە و فەرموودەناسی سەردەم شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت:

(هل يجوز بيع الصك إلى إنسانٍ آخر غير صاحب الصك؟

لە وەڵامدا فەرمووی : طبعاً هذا لا يجوز إطلاقاً لأنَّ هذا ربا ، لا يجوز أنْ يُباع السند الذي قيمتهُ ألف بتسعمائة مثلاً لأنَّ هذا شراء النقد بأقل من قيمتهِ ، وهذا هو عينُ الرِّبا ، ولكن الذي يجوز : يجوز لصاحب الحق (مالك الصك) أنْ يتنازل عن حقهِ عند المدين ، أمَّا بطريق البيع والشراء بأقل فهذا لا يجوز ...)[٨].

بە کورتی واتە : کڕین و فرۆشتنی چەك دروست نییە چونکە ڕیبایە .

وە پرسیار کراوە لە شێخ (صالح الفوزان) **خوا بیپارێزێت** : (أردت شراء عملة أجنبية أو ذهب وحسبت القيمة بالدولار ودفعت السعر بالريال السعودي ثم أعطاني البنك مقابل العملة شيكًا بالعملة التي اتفقت على شرائها مع البنك، هل هذا جائز أم لا ؟

لە وەڵامدا فەرمووی : بيع العملة بالعملة يسمى صرفًا ، إن اتحد الجنس بين العملتين اشترط الحلول والتقابض في المجلس والتساوي في المقدار، وإن اختلف الجنس بين العملتين جاز التفاضل ووجب التقابض في المجلس بأن يسلم العملة ويستلم العملة لا بديلة عنها في المجلس ، والشيك لا يعتبر قبضًا وإنما هو سند فقط، لو ضاع أو تلف رجع على من أعطاه إياه يطالب بحقه ولو كان قبضًا ما ساغ له الرجوع لأنه قبض حقه ، والحل الصحيح أن يقبضه العملة البديلة ويحولها إلى البلد الذي يريد)[٩].

کەواتە کڕین و فرۆشتنی چەکی ماددەی (١٤٠) بە پارە چ بە دۆلار بێت یان بە دینار بە کەمتر یان بە زیاتر یان بە بەرامبەر بێت حەرامە و بەڵکو سوو خواردنی تێدایە پەنا بە خوا لە ڕزقی حەرام !

لە کۆتاییدا داوام وایە لە موسڵمانان ئەوانەی ئاڵوگۆڕی دراو دەکەن (الصيارفة) وەك چارەسەرێك بۆ خۆ لادان لەم کارە حەرامە بۆ خۆیان و موسڵمانانیش ئەگەر لە توانایاندا هەیە بە بەرامبەرێکی (مەشروع و مەعروف و مەعقول) ئەو چەکانە وەرگرن بە بێ کرین ئەنجا بۆیان بگۆڕنەوە لە بانك پاشان لە حەقی ئەم کارە کرێ (عمولە) لە خاوەنی ئەو چەکانە وەرگرن (إنْ شاء الله) ڕزگارمان دەبێت لەو کارە حەرامە .

وصلى الله على محمد وعلى آلهِ وصحبهِ وسلَّم أجمعين .

سەرچاوەکان

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە ڕاستەخۆ سوودم لەم سەرچاوانەوە وەرگرتووە :

١ . فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء .

---

[٨] أشرطة سلسلة الهُدى والنور ، الشريط رقم : (٢٦١ / ٥) .

[٩] المنتقى من فتاوى الشيخ الفوزان الفتوى رقم : (٣١٦) .

٢ . فتاوى البيوع في الإسلام .

٣ . الأسهم والسندات وأحكامها .

٤ . الخدمات المصرفية وموقف الشريعة الإسلامية منها للدكتور صلاح الدين عنزي .

٥ . بحوث فقهية في قضايا اقتصادية معاصرة لمجموعة من الدكاترة الباحثين.

٦ . قضايا فقهية معاصرة في المال والاقتصاد للدكتور نزير حماد .

پ ١٧٨/ پرسیار كرا لە شێخی ئیسلام (ابن تيمية) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت . دەربارەی مانای وتەی ئەو كەسەی كە دەڵێت (حب الدنيا رأس كُلِّ خطيئة) ئایا ئەم تاوان باری یە لە ڕووی سەرپێچی كردنی فەرمانەكانی خوایە ، یان لە ڕووی كۆكردنەوەی ماڵی دونیایە؟

وەڵام / لە وەڵامدا دەفەرمێت : (ئەم ووتەیە لە پێغەمبەرەوە ﷺ نەسەلمێنراوە ، بەڵكو وا باوە كە (**جندب**)ی كوڕی (**عبدالله البجلي**) ﴿رضي الله عنه﴾ هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ وتبێتی، وە وتراوە كە پێغەمبەر (**عيسى**) ﷺ وتبێتی .

ئەوەیش بزانە كەسێك كە لەم وتەیە زۆر ڕۆدەچێت و زیادڕەوی تێدا دەكات ، خۆ بە فەیلەسوف زانەكان و هەندێك لە سۆفی یەكانە كە لەسەر ڕێڕەوی ئەوان دەڕۆن .

بەڵام حوكمی ئیسلام لە سەر ئەم مەسەلەیە ئەوەیە : ئەو خۆشەویستی یەی دونیا كە مرۆڤی لە سەر سزا بدرێت ئەوەیە كە ببێتە هۆكار و هەڵنانی مرۆڤ بۆ تاوان كردن ، ئەمەیش وا پێویست دەكات مرۆڤ زوڵم و درۆ و خراپەكاری بكات ، بێگومان پێداگری مرۆڤ لە سەر ماڵی دونیا و پلە و پایە مرۆڤ دووچاری تاوان دەكات ، وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ لە بوخاری و موسلیمدا فەرموویەتی : ﴿إياكم والشح فإن الشح أهلك من كان قبلكم ، أمرهم بالبخل فبخلوا ، وأمرهم بالظلم فظلموا،وأمرهم بالقطيعة فقطعوا﴾[1] .

واتە : وریای حەزكردن و پێداگری نادروست بن لە ماڵی دونیا ، چونكە پێداگری و خۆشەویستی دونیا ئوممەتانی پێش ئێوەی لە ناو بردووە ، فەرمانی پێكردن بە پیسكەیی و دەست قوچاوی ئەوانیش

(1)– (صحيح سنن أبي داود) رقم : (١٦٩٨) و(صحيح الجامع الصغير) رقم : (٢٦٧٨) .

کردیان ، و فەرمانی پێکردن بە زوڵم و ستەم ئەوانیش کردیان، و فەرمانی پێکردن بە بڕینی پەیوەندی خزمایەتی ئەوانیش بڕییان .

(کعب)ی کوڕی (مالك) ﴿رضي الله عنه﴾

لە پێغەمبەرەوە﴿صلى الله عليه وسلم﴾دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی :﴿ ما ذئبان جائعان أرسلا في غنم بأفسد لها من حرص المرء على المال والشرف لدينه﴾[٢].

واتە : پێداگری مرۆڤ لە سەر ماڵی دونیا و پلەو پایە لە دونیادا خراپترە بۆ لە ناوبردنی دینی مرۆڤ ، لە دوو گورگی برسی بکەونە ناو بڕکەیەك مەڕ و بزنی بێ شوان کە چۆن لە ناوی دەبەن ، کەوابوو پێداگری مرۆڤ لە سەر ماڵ و پلەو پایەی دونیا دیانەتی مرۆڤ لە ناو دەبات ، بەڵام خۆشەویستی یەك کە تەنها لە دڵدا هەبێت، بەڵام ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووە بیکات و ئەوەیشی کە نەهی لێکردووە نەیکات ، و لە خوا بترسێ و نەفسی خۆی قەدەغە بکات لە ئارەزووە خراپەکانی نەفس ، ئەوکاتە خوای پەروەردگار سزای نادات ، بەمەرجێك نەیکاتە کردەوە ، پاشان کۆکردنەوەی ماڵی دونیا بە مەرجێك پێویستی و مافەکانی خوای تێدا ئەنجام بدات ، وە بە حەرام پەیدای نەکردبێت لە سەری سزا نادرێت . بەڵام دەرکردن و بەخشینی ماڵی زیادە و وەستان لە ئاستی پێویست (ماڵێك بەشی ژیان بە سەر بردن بکات) باشتر و سەلامەتتر و ئاسانترە بۆ دڵی ئادەمیزاد و کۆکارە بۆ ئاواتەکانی موسوڵمان و بە سوودترە بۆی لە دونیا و قیامەتدا ، پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەفەرمێت : ﴿ من أصبح والدنيا أكبر همه شتت الله عليه شمله وجعل فقره بين عينيه ولم يأته من الدنيا إلا ماكتب له ، ومن أصبح والآخرة أكبر همه جعل الله غناه في قلبه وجمع عليه ضيعته وأتته الدنيا وهي راغمة﴾[٣] .

واتە : هەرکەسێك ڕۆژبکاتەوە و زیاتر دونیا جێگەی گرنگی پێدانی بێت ، خوای گەورە کارەکانی پەرش و بەڵاو دەکات و مۆرکی هەژاری لە نێو چاوانی دادەنێت ، دونیایشی دەست ناکەوێت ئەو ئەندازەیە نەبێت کە بۆی نووسراوە ، وەهەرکەسێکیش ڕۆژبکاتەوە و زیاتر قیامەت جێگەی گرنگی پێدانی بێت ،

---

[٢]– (صحيح سنن الترمذي) رقم : (٢٣٧٦) .

[٣]– ورد هذا الحديث بلفظٍ قريب من هذا في (صحيح سنن الترمذي) رقم : (٢٤٦٥) و(صحيح الترغيب والترهيب) رقم : (٣١٦٨) .

خوای گەورە دڵی دەوڵەمەند دەكات و كارەكانی بۆ ئاسان دەكات و دونیاش بە ملكەچی دێتە بەر دەستی))[٤].

پ ١٧٩/ پرسیار كراوە لە ئیمامی ئەحمەد . ڕەحمەتی خوای لێبێت . دەربارەی كەسێك شەریكی گاور و جولەكە بكات لە كڕین و فرۆشتندا ؟

وەڵام / لە وەڵامدا دەفەرمێت : شەریكیان دەكات بەمەرجێك خۆی سەرپەرشتی كڕین وفرۆشتن بكات ، چونكە ئەوان ڕیبا دەخۆن ، وماڵی خەڵك بۆ خۆیان بە حەڵاڵ دەزانن ، ئیمام ئەحمەد فەرمووی : چونكە ئەوان ووتویانە : ﴿لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ﴾ [آل عمران : ٧٥] ، واتە : ئەهلی كیتاب وتیان هیچ تاوانمان لە سەر نی یە ئەگەر ماڵی جگە لە خۆمان پێ سپێردرا بیخۆین و نەیگێڕینەوە .

لە ڕیوایەتێكی تردا ئیمام دەربارەی شەریكی گاورو جولەكە دەفەرموێت : (بەچاكی نازانم و پێم باش نییە ، بە مەرجێك نەبێت موسڵمان خۆی هەستێت بە كڕین و فرۆشتنەكە.

(ئەبو بەكر الخلال) دەفەرمێت:

هەموو ڕیوایەتەكان لە ئیمامی ئەحمەدەوە كۆك و جێگیرن لە سەر كەراهەتی شەریكی و جامبازی (**مضاربة**)ی گاور و جولەكە تەنها بەمەرجێك نەبێ موسوڵمان خۆی هەستێت بە كڕین و فرۆشتن ، هەروەها لە كتێبی (المغني / ابن قدامة)دا [٥] هاتووە دەفەرمێت ئیمامی ئەحمەد فەرموویەتی : (موسڵمان دەتوانێت شەریكی گاور و جولەكە بكات بە مەرجێك پارەو سامانەكەی نەداتە دەستیانەوە ، خۆی هەستێت بە كڕین و فرۆشتن ، چونكە ئەوان سوو (ڕیبا) دەخۆن و بەكاری دەهێنن.

وەپێشەوایان (**الحسن**) و (**الثوري**) هەمان بۆچونیان هەیە ، و ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) شەریكیان بە هەموو جۆرێك بە مەكروه دەزانێت ، چونكە ڕیوایەت كراوە لە (ابن عەباس)ەوە﴿رضي الله عنه﴾كە فەرموویەتی: (أكرهُ أنْ يشارك المسلم اليهودي ...)[٦].

---

[٤]– بروانە : (مجموع الفتاوى): (١١ / ١٠٧ . ١٠٨).

[٥]– (المغني لابن قدامة) : (٥ / ٣) .

[٦]– بروانە : "أحكام أهل الملل" للخلال : لاپەرە : (١٠٦) .

پ١٨٠ / پرسیار كراوە لە شێخی ئیسلام (ابن تيمية) . ڕەحمەتی خوای لێبێت . كەسێك شتێك لە كەلوپەل وشت وەك (سلعة) بە پارەی حەڵاڵی خۆی دەكڕێت ، بەڵام نازانێت سەرچاوەی ئەو كەل و پەلە، حەڵاڵە یان حەرامە ؟ پاشان دەردەكەوێت كەحەرامە ، ئایا تاوانبار دەبێت یان نا ؟

لە وەڵامدا دەفەرمێت : هەر كات كڕیار باوەڕی وابوو كە بە ڕواڵەت كەل و پەلی دەستی فرۆشیار هی خۆیەتی و كڕی ،تاوانبار نابێت با لە حەقیقەتدا فرۆشیار دزیبێتی كە ئەم نایزانێت ، كڕیار هیچ تاوانێكی لە سەر نی یە و لە دونیا و قیامەتدا هیچ سزایەكی لە سەر نی یە ، بژاردن و قەرەبووكردنەوەی لەسەر ئەو كەسەیە كە فێڵی لێ كردوە و پێ ی فرۆشتوە ، ئینجا ئەگەر خاوەنی ڕاستەقینەی پەیدا بوو كەلوپەلەكەی بۆ دەگێڕدرێتەوە و كڕیاریش پارەكەی خۆی وەردەگرێ لە فرۆشیار ، فرۆشیاری ستەم كاریش سزا دەدرێت، كەوابوو هەر كەسێك لە زانایان لەم حوكمەدا جیاوازی خستبێتە نێوان كەسێك بزانێت و شت بكڕێت وكەسێك نەزانێت ئەوە پێكاوێتی ، وەهەر كەسێكیش لە زانایان ئەم جیاوازی یەی نەكردبێت ئەوا بە هەڵەدا چووە ، والله أعلم[٧] .

پ١٨١ / پرسیار كرا لە شێخی ئسلام (ابن تيمية) . ڕەحمەتی خوای لێبێت . دەربارەی كەسێك شت وەك دانێت بۆ فرۆشتن و بە زیاد لە نرخی باو (معتاد) بیفرۆشێت، هەندێ جار كڕیار نرخی ئەو شتە نازانێت ئایا ڕەفتارەكەی دروستە یا نا ؟

وەڵام / لە وەڵامدا دەفەرمێت : ئەگەر هاتوو كڕیار نەزان بوو بە نرخی ئەو شتە دروست نی یە بۆ فرۆشیار دەستی ببڕێت و لە نرخی باو زیاتری لێ بسێنێت، بەڵكو (**واجب**)ە لە سەری بە نرخی بازاڕ یان نزیك لەو نرخە پێ ی بفرۆشێت،وە ئەگەر فێڵی لێكرد و دەستی بڕی و زۆری لێ سەند ، كڕیار دەتوانێت ئەو مامەڵەیە هەڵوەشێنێتەوە یان بەردەوامی بكات ، لە حەدیسدا ڕیوایەت كراوە (غبن المسترسل ربا)[٨] ،

---

[٧]– بروانە : (مجموع الفتاوى) : (٢٩ / ٢٩٣) .

[٨]– ضعفه العلامة الألباني في "سلسلة الأحاديث الضعيفة رقم : (٦٦٨) ، وقال باطل ، وضعفه في : (ضعيف الجامع) رقم : (٣٩٠٨) .

واتـە : دەسـتبڕینی نـەزان بـە نرخـی شـت ڕیبایـە ، وە سـەلمێنراوە لـە كتێبـە صـەحیحەكاندا كـە پێغەمبەر ﷺ :

﴿نهى عن تلقي الجلب حتى يهبط به السوق﴾ [9] ، واتە: نەهی كردووە لە بە پیرەوە چوونی شتی هێنراو تا دادەبەزێتە بازاڕ ، پێغەمبەر ﷺ مافی هەڵبژاردنی داوەتە فرۆشیار كە هاتـە بـازاڕ بـەردەوام بێـت لـە فرۆشتنەكەی یان پەشیمان بێتەوە ، چونكە فرۆشیار پێش ئەوەی بێتە بازاڕ لەوانەیە نەزان بێت بە نرخی كەلوپەلەكەی بۆیە پێغەمبەر ﷺ نەهی كردووە كە كڕیار دەچێتە دەرەوەی شـار شـت لـە فرۆشـیار بكڕیت لەبەر ئەوەی فێڵ و خەڵەتاندن و درۆی تێدا دەكرێت و مـافی پەشـیمان بوونـەوەی بـۆ سـەلماندووە كاتێك حەقیقەتی بۆ ئاشكرا بوو ، كەوا بوو هەموو كەسێك نەزان بوو بـە نرخـی شـتومەك دروسـت نـی یـە فێڵی لیَ بكرێت و درۆی لە گەڵدا بكرێت ، وەك كەسێك شتومەك دابنێت و نرخێكی زۆری لەسەر دابنێت كە ئەونرخە باو نەبێت بۆ ئەوەی كڕیار نرخێكی لەوە كەمتری پیَ بـدات، بـەڵكو دەبێـت بـە نرخـی بـازاڕ پێـی بفرۆشێت ، والله أعلم [10].

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّه رَبِّ الْعَالَمِينَ

پ ١٨٢/ ئەگـەر هاوڕێیـەكم هـەبوو كـارو كاسـبیەكەی حیلـەو فێـڵ بـوو لەكاتێكـدا منـیش هەردەبوو سەردانی بكەم ،بۆنمونە كەسێكی بەڕەحم بوو ئایا تاوانم ناگات نانی بخۆم؟

وەڵام / ئەگەر خودی ئەو خواردنـەی پێشكەشی دەكات بەحـەرام بەدەسـتی هێنـا بـوو یان ماڵەكـەی هەموو بەحەرام بەدەست هێنابوو ئەوا دروست نییە ئەو خواردنە بخۆیت، بەڵام ئەگەر ماڵەكەی تێكەڵ بوو لەحەرام وحەلاڵ ئەوكاتە دروستە خواردنی بخۆیت لەسەر ڕای دروست وپەسەند كراوی زانایان [1].

---

[9]– (صحيح سنن أبي داود) رقم : (٣٤٣٧) ، و(صحيح الجامع الصغير) رقم : (٦٩٤٥) .

[10]– **بڕوانە** : (مجموع الفتاوى) : (٢٩ / ٣٥٩) .

[1] **بڕوانە كتێبی**: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٣٣).

پ١٨٣/ أ- خاوەنی کۆمپانیایەك پرسیار دەکات وئەڵێت: کۆمپیانیەکەمان بەنیازە دەزگایەکی ئۆتۆماتیکی سەر بڕین بکڕێت لەبری بەکار هێنانی چەند کەسێك ، چونکە ژمارەی سەربڕاوەکان ئێجگار زۆرن ئایا دروستە؟

وەڵام/ بەڵێ دروستە دەزگای ئۆتۆماتیکی بکڕن بۆ سەربڕینی ئەو حەیوانانەی گۆشتیان دەخورێت .

پ ١٨٤/ ب- ئایا ناوی خوا هێنان (بسم الله أکبر) تەنها لەکاتی هەڵکردنی دەزگاکە دروستە؟ لەکاتێکا ناوی خوا هێنان بۆ سەر بڕین تەنها یەك جار لەکاتی هەڵکردنی دەزگاکە دەکرێت؟

وەڵام/ تەنها یەك جار ناوی خوا هێنان (بسم الله أکبر) بۆ سەر بڕین دروستە بۆ کەسێ دەزگاکە هەڵکات کەبیەوێت بەو هەڵکردنەی کۆمەڵێك سەر ببڕێت بەمەرجێك دەبێ ئەو کەسە موسوڵمان بێت یان ئەهلی کیتاب بێت (گاور یان جولەکە)[٨].

(٨) بروانە کتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٤٦٢ . ٤٦٣).

پ١٨٥/ سیستەمی سەربڕین لەوڵاتی میسر زۆر جار بەو شێوەیەیە (قەسابەكە حەیوانەكان دەنێرێت بۆ كەوڵ گەو شوێنی سەربڕینی ئاژەڵەكان) ئەو قەسابەو ئەوانەی كاروباری كەوڵ گە بەڕێوە دەبەن هەڵدەستن بەسەربڕینی حەیوانەكان وناردنی بەپاك كراوی بۆ قەسابەكانی تر بۆ فرۆشتن، ئێمە نازانین ئەوانەی كەهەڵدەستن بەسەربڕینی ئایا ناوی خوا دێنن (بسم الله أكبر) دەكەن یان نا؟ هەروەها نازانین ئەوانە نوێژ دەكەن یان نوێژ ناكەن؟ یان جوێن بەئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەدەن یان نا؟ ئایا لەسەر من واجبە كوڵیان لێبگرم و هەواڵیان بزانم بۆئەوەی بزانم ناوی خوا دێنن یان نوێژ دەكەن یان واجب نیە ئەوەش دەخەمەوە یادی بەڕێزتان لەم ڕۆژگارە ئەوە زۆر بووە كەسێك نوێژ دەكات بەڵام ئەگەر تورە بوون زۆری بۆ هێنا كوفر دەكات؟

وەڵام/ بنچینەی كارپێكراو بۆ سەربڕاوی موسوڵمان ئەوەیە كەدروستە بخورێت تاكو شتێك جێگیر دەبێت كەحەرامی بكات وەك كافر بوونەوە یان نەهێنانی ناوی خوا (بسم الله أكبر) بەئەنقەست هەروەها شتانی وەك ئەمانە[١٠].

[١٠] بڕوانە كتێبی: (فتاوي اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٦٨) .

بەشی : خواردن و خواردنەوە

پ١٨٦/ حوکمی خواردنەوەی تایگەر چی یە؟

وەڵام :

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

هەر شتێك خواردنەوەی زۆری مرۆڤ بێ هۆش بكات ئەوا خواردنەوەی کەم و زۆری حەرام دەبێت ، چونکە بێهۆشکەر (خمر) ە ، ئەوەش زانراوە لای هەموو کەسێك (خمر) دروست نییە و قەدەغە کراوە لە شەریعەتی ئیسلامدا ، بەڵگەش ئەوەیە (ما اسكر كثيره فقليله حرام) وە (كلُّ مسكر خمر وكل خمر حرام) جا هەر شتێك ئەسڵەکەی پاك بێت وەك گەنم و جۆ و ترێ ...هتد ، وە نەگاتە ترشان (خمر) کە مرۆڤ بێهۆش بكات ئەگەر زۆری لێبخوات ئەوا حەڵاڵە کەوا بوو مەرج ئەوەیە بێهۆش نەکات وە سەرچاوەکەی پاك بێت . ئەوەش بزانە لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستیەکان و فەتوادان بە حەلاڵیان زانیوە بڕوانە فەتوای ژمارە (٦٨٠٥) کتێبی (فتاوى اللجنة الدائمة)بەرگی ٢٢ لاپەڕەی ١٤٨ .

تێبینی :

١- هەندێ جار دەنوسرێت ئەندازەی (لە سەدا ٢ تا لەسەدا ٩) مادەی کحولی تیادایە بۆ ئەمەش زانایان لەهەمان فەتوادا ئەڵێن : ئەگەر ئەمەش زۆری لێ بخوێت سەرخۆش بكات ئەوا کەم و زۆری حەرام دەبێت .

٢- بۆ ئەو کەسانەی پرسیاری (تایگر) یان کردووە دەبێت بزانین ئەسڵی چییە پاکە یان نا ئەگەر ئەو مەرجانەی تیادا بوو ئەوە حەلاڵە.

٣- ئەم حوکمە بۆ هەموو خواردنەوەیەکە کە سەرخۆش نەکات بەهەر ناوێکەوە بێت .

پ ١٨٧/ باوکم عەرەق زۆر دەخواتەوە و قوماریش دەکات چۆن بتوانم پێی تەرك بکەم ، چونکە زەرەری لەمن زۆرداوە ئێستا کوڕێك هاتۆتە خوازبێنیم نازانێ باوکم بەو شێوەیە ئەگەر بزانێ نامخوازێ وە من و دایکم نوێژ دەکەین و فەرمانەکانی خوا جێ بە جێ دەکەین .

وەڵام :

عەرەق خواردنەوە و قورمار کردن دوو تاوانی گەورەن لەتاوانە گەورەکان لە ئیسلامدا وموسڵمانان هەموویان حوکمیان دەزانن ، بەڵام واجب لەسەر تۆ و دایکت ئەوەیە نەسیحەتی باوکت بکەن و دەستی

بگرن لەو کارەی و پێویستە هەڵوێستتان هەبێت ، بەڵام بە دانایی یـەوە بـۆ مەسـەلەی خـوازبێنی تـۆ ئـەو کەسە باشتر وایە بزانێت بۆ ئەوەی تۆ لەتاوان و ترسی تووشبوونت بەتاوانی عەرەق و قومـار بپارێزێـت وە بەشکو ببێتە دەرگایەك بۆ چاکبوونی باوکت .

پ١٨٨/ بـاوکم لاڵـەو قوربانیـشمان بـۆ سـەردەبڕێت، ئایـا لـەبری ئـەو نـاوی خـوا لەسـەر قوربانیەکە بێنم؟

وەڵام/ کەسی لاڵ ناوی خوا لەسەر قوربانی دێنێت بەپێی توانا ومەبەستی لەدڵدا لەگـەڵ ئامـاژەدا هـەر ئەوەندەش بەسە ناشبێت وتەواویش نییە کەسی تر لەبری ئەو ناوی خوا بێنێت[٣].

پ١٨٩/ ئایا دروستە کەسێك لەشی گران بێت مریشك سەربڕێت، ئایا دەست لەخەنە گرتن بۆ پیاوان و ئافرەتان دەسنوێژ بەتاڵ دەکاتەوە؟

وەڵام :

أ ـ کەسی لەشگران دروستە مریشك وئاژەڵی تر کەگۆشتیان دەخورێت سـەربڕێت وە إن شاء الله هیـچی تێدا نییە.

ب ـ دەستنوێژی کەسێك کەدەستی گرتبێت لەخەنە دروستە پیاو بێت یان ئافرەت[٤].

پ١٩٠/ ئایـا دروسـتە ئافرەتـان حـەیوان سـەربڕن یـان سـەربڕاوی ئافرەتـان خـواردنی دروست نیە؟

وەڵام/ بنچینەکانی کارپێکراو لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەوەیە کەپیاوان و ئافرەتـان هاوبەشـن وەك یـەك وان مەگەر بەڵگە شتێك تایبەت بکات بەیەکێکیانەوە، سەر بڕینیش لەو حوکمانەیە کەتێیدا هاوبەشن، ئێمە

---

[٣] بروانە کتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٧٢).

[٤] بروانە کتێبی: (فتاوى اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣١٥).

هیچ بەڵگەیەك نازانین هەبێت وەسەربڕین تایبەت بکات بەپیاوانەوە، ئەو بەڵگە گشتیانەش کەبەڵگەن لەسەر دروستێتی سەربڕینی پیاوان و ئافرەتان دەگرێتەوە[٥].

پ ١٩١/ کەسێك پرسیار دەکات وئەڵێ: ئێمە لەئەمریکا دەخوێنین، ئایا دروستە بۆئێمە لەو گۆشتەی ئەوان بخۆین کەئەوان لەو وڵاتەدا دەیخۆن؟

وەڵام/ بۆ موسوڵمان دروستە سەربڕاوی ئەهلی کیتاب بخوات کەبریتین لە گاورو جولەکە ئەگەر سەربڕاوەکە لەوانە بوو کەلە شەریعەتی ئیسلامدا خواردنی بۆ ئێمە حەلاڵ کراوە وەك: وشتر ومەڕو بزن ومریشك و ئەوانەی بەبەڵگەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلُّ لَّهُمْ﴾ [المائدة: ٥] .

خوای گەورە سەربڕاوی ئەمانی بۆ حەلاڵ کردووین لەناو خەڵکانی تردا ، چونکە ئەمان سەربڕاو بۆ غەیری خوا بەحەرام دەزانن مەبەستمان بە (**الطعام**) لەم ئایەتەدا بریتیە لە سەربڕاوەکان ، ئەگەر بتوانن نەیخۆن ئەوە باشترە بۆتان پارێزراو ترە بۆ دینەکەتان وەهەر کەس خۆی لەشتی گومان لێکراو بپارێزێ ئەوە ئاین و سومعەتی خۆی پاراستووە، خوای گەورە دەفەرموێت: [وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَحْتَسِبُ] [الطلاق: ٢-٣] . بەڵام کەسانی تر جگە لەئەهلی کیتاب وەك ئاگرپەرستەکان و بت پەرستەکان وشیوعیەکان وئەوانەی هیچ ئاینێکیان نیە ئەوە بۆ موسوڵمان دروست نیە لەسەربڕاوەکانیان بخوات ، چونکە خوای گەورە کاتێ خواردنی سەربڕاوی ئەهلی کیتابی بەحەلاڵ داناوە ئەوە بەڵگەیە جگە لەوان کەسانی تر لەکافران لەسەر حوکمی گشتی قەدەغەو حەرامێتی دەمێننەوە. بڕوانە کتێبی: (فتاوي اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٤١١-٤١٢) .

[٥] بڕوانە کتێبی: (فتاوی اللجنة الدائمة): (٢٢ / ٣٧٥).

بەشی : هەمەجۆر

پ ۱۹۲/ من قسەم نیە لەگەڵ کەسێکی نزیکی خۆم وەخەتای من نیە ئایا من گوناهبار دەبم یان نا وەچی بکەم باشە؟

وەڵام :

قسەنەکردن لەگەڵ موسڵماندا ئەگەر خزمیش نەبێت تاوانە و پێویستە موسڵمانان پشت لە یەك نەکەن و یەکتر نەتۆرێنن ، بەلاَم ئەگەر کێشەیەك هەبوو یان ڕویدا لە نێوانیانداو بووە هۆی جیابوونەوەو قسەنەکردنیان بەیەکەوە ئەوە تەنها تا سێ ڕۆژ دروستە لەسەر ئەو حاڵە بمێننەوە وەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ : (لا يحل للمسلم أن يهجر أخاه فوق ثلاثٍ) دوای ئەم سێ ڕۆژەیە ئەوەیان هەوڵی ئاشتبوونەوەو سەلامکردن لەوی تریان بدات ئەوە پاداشتی هەیە لای خوای گەورە ، بەلاَم ئەگەر درێژەی کێشتا و بەردەوام بوون لەسەری ئەوە دەبێتە تاوانێکی گەورە و لە سوننەتی پێغەمبەری خوا دا صلی الله علیه وسلم زۆر بەگەورە باسکراوە وەك ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێ : (من هجر أخاه سنة كان كسفك دمه) صحيح الجامع الصغير . واتە : هەرکەس پشت لە برایەکی هەڵکا و قسەی لەگەڵ نەکات ساڵێك ئەوە وەك ئەوە وایە خوێنی ڕشتبێت .

جا خوای گەورە ڕەحم و بەزەیی خۆی بەستوە بە چاکبوونی نێوانی ئێمەی موسڵمانەوە وەك دەفەرموێ : [إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ]واتە : ئیمانداران برای یەکن جا پێویستە نێوان برایەتی خۆتان چاك بکەن و لە خوا بترسن تا خوای گەورە ڕەحمتان پێ بکات .

پ ۱۹۳/ ئایا درۆی مەصلەحەت هەیە ؟

وەڵام :

موسڵمان ڕاستگۆیە هەمیشە درۆ ناکات بەڵکو هەر تاوانێك بکات نابێت درۆ بکات بەتایبەتی ئەگەر درۆ کردن لەبەر خودی خۆی بێت ، چونکە خوای گەورە فەرمان بە موسڵمانان دەکات بەڕاستگۆیەتی : {وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ}بەلاَم ئەگەر درۆ کردن بۆ اصلاح بوو لە نێوان دووکەس دا بوو ڕێگەی پێ دراوە وەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ : (ليس الكذّاب الذي يصلح بين الناس فينمي خيراً أو يقول خيراً) متفق عليه . مرۆڤ مەبەستی چاکسازی و اصلاح بێت لە نێوان خەڵکدا و بڵێت فلانەکەس بە باشی تۆی باس کردووە و دوعای خێرت بۆ دەکات ئەوە دروستە با واش نەبێت جا ئەم درۆیە پێی دەوترێت درۆی

اصلاح نەك مەصلەحەت بەمانای ئینسان بۆ مەصلەحەتی خۆی درۆ بكات وەكو خەڵكی نەزان تەفسیری دەكەن .

پ ١٩٤/ ئایا تا چ ڕادەیەك دروستە پێش مردنی خۆت قوماش بۆ كاتی كفن كردن بكڕی؟

وەڵام :

كفن كڕین پێش مردن هیچ بەڵگەیەك نیە قەدەغەی بكات بۆیە دروستە بەمەرجێك هیچ جۆرە بیروباوەڕێكی لەسەر بنیات نەنرێت واتە تەنها حەڵاڵە

پ ١٩٥/بەڕێزتان ئاماژەتان پێداوە كە بۆینباخ دروست نییە بەڵام لە قوتابخانە بە زۆر پێمان دەبەستن گوناهبار دەبین؟

وەڵام :

بۆینباخ لە مل كردن كاری موسڵمان نیە ئامۆژگاری هەموو لایەك دەكەم بەكاری نەهێنن ، ئەنجا شتێكی بێ سوودە ، بەڵام ئەگەر بە زۆر بە خوێندكارەكان كرا لەوانەیە تاوانبار نەبن هەرچەندە وا چاكترە نەیبەستن و داوا لە مامۆستایان و لێپرسراوانی پەروەردە بكەن ئەو شتەیە هەڵگرن لەسەر خوێندكاران .

پ ١٩٦/سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت بەڕێزان من پرسیارەكەم ئەمەیە : ئایا هیچ دوعایەك هەیە بۆ منداڵ بوون وە كامەیە و چۆن دەكرێت؟ خوا جەزاتان بداتەوە .

وەڵام :

دوعای تایبەت بۆ منداڵ بوون تا ئێستا هیچ دوعایەكم نەبینیوە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هانمان بدات بۆ كردنی ، بەڵام دروستە هەر دوعایەكی بە زبانی خۆت و بەوەی كە خۆت پێی دڵخۆش بیت بیكەیت ئەگەر هەر دەتەوێت چاو لە پێغەمبەران و پێشینانی خۆت بكەیت كە چاكتریش ئەمەیانە ئەوە دوعاكەی (زكریا) بكە لە سورەتی ال عمران دا دەفەرموێ : { رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ} (٣٨) سورة آل عمران

واتە : پەروەردگار نەوەی چاك و پاكم پێ ببەخشە بەڕاستی تۆ بیسەری دوعاو نزایت .

وە لە سورەتی الأنبیاء دەفەرموێ : { رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ } (٨٩) سورة الأنبياء

واتە : پەروەردگار من بەتەنها مەهێڵەرەوە (نەوەیەكی چاك و پاكم پێ ببەخشە) تۆش چاكترین زاتێكی لە پاش من و هەموو مردووەیەك دەمێنیتەوە .

پ ١٩٧/ ئەو خاڵانەی کە لەسەر لەشمان بەنەزانی کوتراوە سوتاندنی دروستە؟

وەڵام :

خاڵ مەعلومە کە حەرامە وە پێویستە موسوڵمان خۆیانیان لێ بپارێزن ، بەڵام ئەگەر بە نەزانی بێت ئەوە تاوان نیە و لادانی کارێکی چاکە ئەگەر بتوانرێت ئەگەر نەتوانرا ئەوە واجب نیە ، بەلآم بە سوتاندنی یان نەشتەرگەری ئەگەر زیانی نەبێت دروستە إن شاء الله .

پ ١٩٨/ مامۆستای بەڕێز ئەکرێت پارە قەرز بکەم بۆ حەج پاشان قەرزەکە بدەمەوە والحمد لله کریَ وەردەگرم هەموو مانگێگ توانای قەرزدانەوەم هەیە. زۆر سوپاس خوا لێتان ڕازی بێت .

وەڵام :

حەج کردن چەندین مەرجی هەیە لەوانە موسڵمانێتی ، پێگەشتن (بلوغ) ژیری ، ئازادی ، توانا . هەرکەس ئەم مەرجانەی تیادا نەهاتبێتە دی حەجکردنی لەسەر واجب نەبووە . بۆ مەرجی توانا بوون ئەبێت کەسی ناوبراو لەش ساغ بێت وە ڕێگەی ڕۆشتنەکەی ئاسایش بێت لە نەفس و ماڵی نەترسیَ وە خۆراك و وەسیلەی ڕۆشتنی هەبێت ئەگەر لە مەککەوە دوور بوو بۆ ئەم مەبەستانە ئەگەر قەرزار بوو ئەوە حەجی لەسەر واجب نیە بەلآم ئایا دروستە قەرز بکات و بچێت؟ بۆ ئەم مەسەلەیە ئەگەر توانای قەرزدانەوەی هەبێت دروستە ، بەلآم چاکتر (أفضل) ئەوەیە نەیکات چونکە دانەوەی قەرز لە پێشترە تاوەکو حەجکردن ، و ئەگەر توانای دانەوەی نەبێت یان دوای بخات ئەوە نابیَ بیکات .

پ ١٩٩/ ئایا ناوی شاخ و کێو بۆ منداڵ دروستە ؟

وەڵام :

ناولێنان لە منداڵەکان بەناوی چاك و مانادار و حەلآڵ واجبی باوك و دایکانە و مافی منداڵەکانمانە بەسەرمانەوە ، بۆیە پێویستە ناوی باشیان بۆ هەڵبژێرین و ناونانیان بە شاخ و کێو ئەگەر ماناکەی خراپ نەبوو دروستە و هیچ ڕێگرێك نیە .

پ ٢٠٠/ قورئان کەدابنرێ لەماڵدا نەخوێنرێ حوکمی چیە؟ چونکە لاپەڕەکانی کۆنە .

وەڵام :

موسڵمان پێویستە هەمیشە قورئان بخوێنێ و گرنگی زۆر بە قورئان و تەفسیر و ئەحکامەکانی بدات ، چونکە قورئان بەرنامەی ژیانی مرۆڤی تێدایە و خەیرێکی گەورەش لەخوێندنەوەکەیدا هەیە هەموو پیتێك دە چاکە بۆ ئینسان دەنوسرێت کە هیچ قسە و گوفتارێك ئەم پاداشتەی تیادا نیە ، بەلأم ئەگەر قورئان هەر نوسخەیەکی کۆن بوو یان دڕاو نەتوانرا کەڵکی لێ وەربگیرێت وا چاکترە بە ئەدەبەوە بسوتێنرێت بە مەبەستی ئەوەی نەکەوێتە ژێر دەست و پێ و بەکەم دانەنرێت ، زانایان بۆ ئەم مەسەلانە کاری ئیمامی عوسمان دەکەنە بەڵگە کاتێ قورئانی کۆکردەوە وە باقی نوسخەکانی تری سوتاند .

پ ٢٠١/ کاتێك قورئان دەخوێنیت لە ئایەتێکدا سوجدەی تێدایە ئایا چ زیکرێك لە سوجدەکەدا بخوێنی؟

وەڵام :

سوژدەی قورئان خوێندن دەتوانیت هەر پاڕانەوەیەك بخوێنیت کە خۆت حەزت لێیەتی و دەیزانی ئەگەر ئەوفەرموودەیەشت زانیی کە عائیشە ڕیوایەتی کردووە ئەوە باشترە کە ئەڵێ : (كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول في سجود القرآن : سجد وجهي للذي خلقه وشق سمعه وبصره بحوله وقوته فتبارك الله أحسن الخالقين) رواه الخمسة إلا ابن ماجه وزيادة (فتبارك الله أحسن الخالقين) رواه الحاكم . **هەندێ لە زانایان وتوویانە** وا چاکترە (سبحان ربي الأعلى) بخوێنرێت

پ ٢٠٢/ ئایا لەبەرکردنی پانتۆڵ حەرامە ؟

وەڵام :

پانتۆڵ جلوبەرگی موسڵمانان نییە و چەندین خراپەی تیادایە وەك ئەوەی گۆڕینەوەی جلوبەرگی شەرعی بەو جلە و دەرخستنی لەش و لاری ئەو کەسانەی لەبەری دەکەن ئەم حوکمە بۆ پیاو ئەوەندە هەیە ئەگەر پان و پۆڕ بێت هەندێ لە زانایانی ئەم سەردەمە فەتوای دروستیان داوە ، بەلأم ئامۆژگاریم ئەوەیە ئەگەر پێویست نەبێت لەبەر نەکرێت ، بەلأم بۆ ژنان دروست نیە بە هیچ شێوەیەك چونکە لاسایی کردنەوەی پیاوانی تیادایە و زیاتر جوانی ئافرەتان دەردەخات وە دەبێتە هۆکاری فیتنە و بێ ڕەوشتی و نەهێشتنی شەرم و حیشمەتی ئافرەتانی موسڵمانان ، بۆیە پێویستە ڕێگە نەدرێت بە ئافرەتان کەمتەرخەمی تیادا بکەن .

پ ٢٠٣/ ئایا لە چ كاتێكدا دوعاكردن لەشەودا گیرا دەبێت؟

وەڵام :

پاڕانەوە و داواكردن لە هەمووكاتێكدا چاكە و لای خوای گەورە پیرۆزە و بە عیبادەت حیساب دەكرێت ، بەڵام یەكێك لەو كاتانەی دوعای تیادا قەبوڵ دەكرێت وەك هۆكارێك بریتی یە لە سێ یەكی كۆتایی شەو واتە لە مەغریبەوە تاوەكو فەجر بەشەو حیساب دەكرێت ، ئەگەر ئەم كاتە بكەی بە سێ بەشەوە بەشی كۆتایی كاتێكی چاكە بۆ وەرگرتنی داواكارییەكان چونكە بە دەقی فەرموودە ئەوكاتەخوای گەورە دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا و بانگ لە بەندەكانی دەكات كە چیان پێویستە بیان داتێ یان كێ تەوبە دەكات با وەرگرێت لێیان ... بەهەر حاڵ ئەو كاتە كاتێكی پیرۆزە بۆ ئەوەی موسڵمان داواكانی لە خوای گەورە داوا بكات .

پ ٢٠٤/ من زۆر ئەترسم بەتایبەت شەوان هەموو كات ترسی مردنم هەیە و هەمیشە قەبر لە پێش چاومدا یە تكایە یارمەتیم بدەن

وەڵام :

ترسان لە خوا یان لەمردن و سزای گۆڕ شتێكی باشە پێویستە موسوڵمان هەمیشە ئەم ترسەی هەبێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی كردەوەی چاك بكات و سەرپێچی فەرمانەكانی خوای گەورە نەكات ، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەمیشە دەیفەرموو (أكثروا ذكر هاذم اللذات) واتە زۆر یادی ڕوخێنەری ئارەزووەكان بكەن ، قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەم ڕاستی یە دەسەلمێنێت ، بەڵام ئەوەندە هەیە پێویستە موسوڵمان زیادەڕەوی و كەم ڕەوی لەم مەسەلەیە دا نەكات ئەوەندە ڕۆنەچێت تا هیوای بە میهرەبانی خوا نەمێنێت وە ئەوەندەش بێ ئاگا نەبێت سەرپێچی خوا بكات ، جاری واش هەیە شەیتانەكان خترورەی خراپ دەخەنە ناو دڵی ئادەمیزادەوە و بێ هیوای دەكەن ، پێویستە موسڵمان ئاگادار بێت ئەو ترسە لەخوا و قەبرو سزا ترسێكی ئاسایی یە یان شەیتان ئەوەی دروستكردووە بۆ مەبەستی بێ هیواكردن و قورسكردنی موسڵمانێتی ئەو كەسەیە بۆیە پێویستە موسڵمان وریا بێت ئەگەر ئەم جۆرە بوو ئەوا پێویستە موسڵمان بەقسەی شەیتان نەكات وە لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەو ئایەت و فەرموودانە بخوێنێتەوە كە باسی بەخشین و لێبوردەیی و ڕەحمی خوای گەورە دەكەن . والله أعلم .

پ ٢٠٥/ئایە بانگدان بە كۆمپیوتەر لە مزگەوتەكاندا جائیزە ؟؟؟ كە مەبەست لێی یەكخستنی بانگەكانی ناوشار و نەهێشتنی بیدعەیە , چونكە جاران كێشەی ئەوەمان هەبوو كە شكات دەكرا لە هەندێ مزگەوت كە فاتیحانادات لە دوای بانگ یان صەلاوات نادەن . خوای گەورە پاداشتان بداتەوە

وەڵام :

بانگدان عیبادەتێكی بەرز و بەڕێزە و چەندین فەرمودە هاتوون لە باسی فەزڵ و چاكە و گەورەیی ئەو عیبادەتە وەك حەدیسی أبو هريرە كە ئەڵێ : "أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال : لو يعلم الناس ما في الاذان والصف الأول ثم لم يجدوا إلا أن يستهموا عليه لاستهموا ولو يعلمون ما في التهجيد لاستبقوا إليه ولو يعلمون مافي العتمة والصبح لاتوهما ولو حبواً" رواه البخاري .

واتە : ئەگەر خەڵكی بیانزانیایە كە بانگ و ڕیزی یەكەمی نوێژ چەند پاراستنی تیایە ئەنجا چار نەبوایە بۆ دەستكەوتنی ئەو خێرە تەنها بە پشك خستن (قرعە) نەبێت ئەوە دەیانكرد ، و ئەگەر بیانزانیایە زوو ڕۆشتن بۆ نوێژی نیوەڕۆ چەند خێر و پاداشتی تیایە ئەوە پێشبڕكێیان دەكرد وە ئەگەر بیانزانیایە نوێژی عیشا و بەیانی چەندێك پاداشتیان هەیە ئەوە بە گاگۆڵكێ بۆیان دەڕۆشتن ، جا دانانی بانگ بەو ئامێرانە دەبێتە هۆكاری لەناودانی ئەو پاداشتەی دانراوە بۆ موسڵمانان كە ئەو حەدیسانە هانیان دەدات بۆی ئەنجا بانگ دانی هەموو موسڵمانان لەیەك كاتدا شتێكی واجب و پێویست نییە ، كە ئەگەر نەكرا موسوڵمان پێی تاوانباربن ، بەڵكو مەسەلەكە فراوانە و ئەوەندەش قورس نییە لەسەر موسڵمانان لەوانەش هۆكار بۆ ئەم بیرۆكەیە ئەو خشتانەبن كە كاتی نوێژەكانیان تیادا نووسراوە كە زۆربەیان وە زۆر كاتیشیان بۆ نوێژەكان هەڵەیە ، ئەنجا پێشەوایانی مزگەوتەكان دەتوانن بانگ دوابخەن بەمەرجێ موخالەفەی سوننەتی تیادا نەبێت وە لە بەر بەرژەوەندییەكی شەرعی بێت وەك ئەوەی لە ماڵی خوادا لەڕەمەزاندا نیوۆژی عیشا دوو سەعات دوای مەغریب بانگی بۆ دەدرێت .

پ٢٠٦+٢٠٧/ من وەكو خوێندكاریكی كۆلێجی پزیشكی دوو پرسیارم هەیە .

أ-ئایا تشریح(شیتەڵ) كردنی جەنازە بۆ مەبەستی پزیشكی(طبی) حەرامە یان نا ؟ لە كاتێكدا تۆ بۆ بواری زانست بەكاری دێنیت ,ئەگەر نا ئەوە لەوانەیە شوێنی ئەندامەكان نەناسیتەوە لەكاتی نەشتەرگەری) عملیاتدا؟ وە لە داهاتودا سستت و كەمتەرخەم و كەم زان دەبیت لە كارەكەتدا.

ب-وە بوونی چەند دەرسێكمان لە خەستەخانە ، ئەمە وادەكات (عەورەتی) پیاو یان (ئافرەت) ببینین لەكاتی فحص دا ئایا هیچی تێدایە؟ حەرامە یان نە؟ تكایە بە بەڵگەوە وەڵامم بدەنەوە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

أ/ زانستی شیكاری (علم التشریح) بەردی بناغەیە بۆ زانیاریو زیرەكی پزیشك وەڕێگەی بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانەیە بە عەمەلی یان بیر و بە قسە ، و پزیشك ناتوانێ پێویستی بە بەشی كردەیی (عملی نەبێت لە كاتێكدا (شیتەڵكاری) بناغەیەكی گرنگە بۆ دیاری كردن و دۆزینەوەی نەخۆشییەكان وە پێویست و بەسوودە بۆ دۆزینەوەی هۆكاری مردن كە بەهۆی دەست درێژییەوە بووە یان نا یان بۆ گواستنەوەو جێگۆڕكێی ئەندامەكانی مرۆڤ ئەصل و پشت پێ بەستراوە .

جا كاری شیتەڵكاری سێ هۆكاری سەرەكی هەیە :

یەكەم : شیتەڵكردنی جەستەی مردوو بۆ دۆزینەوەی جۆری تاوان و تاوانباران .

دووەم : شیتەڵكردنی بۆ دۆزینەوەی جۆری نەخۆشیەكە .

سێیەم : شیتەڵكردنی بۆ فێربوون و فێركردن .

حوكمی یەكەم : هەركاتێ تاوانەكە یان تاوانبار نادیار و نەزانراو بوو ئەوە بۆ پاراستنی حوكمی شەرعی لەبەر نەچوونی بەهەڵەدا وە بۆ پاراستنی مافی مردووەكە كە پاش خۆی بۆ میراتگرانی دەمێنێتەوە وە بۆ چەندین هۆكاری شەرعی تر ئەوە حوكمی ئەم بەشەیە دروست و حەلاڵ دەردەچێ وە ئەمەش بەلگەی ئەم ڕێسایانەی كە شەرعزانان وتویانە :

(ارتكاب أخف الضررین) (الضرورات تبیح المحظورات) .

ئەمەش بە چەند مەرجێك :

١: بۆ ئەو تاوانەی كە كەسەكە پێی مردووە كەسێك تۆمەتبار كرابێت .

٢- شیتەڵكارییەكە بگاتە ئەنجام بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەكە .

٣- پێویستی بوون بە شیتەڵكردن بۆ نموونە ئەگەر بەڵگەی تر نەبوو بۆ دۆزینەوەی تاوانباران تەنها ئەم ڕێگایە نەبێت .

٤- پێویستە ئەو پزیشكەی ئەم كارە دەكات كارامە و لێزان بێت .

٥- ئەو كەسەی شیتەڵی بۆ دەكرێت دەبێ مردبێ .

٦- مۆڵەت لە لایەن دادوەرەوە .

حوكمی دووەم : واتە بۆ دۆزینەوەی نەخۆشییەكان

دەستەی گەورە زانایانی وڵاتی سعودیە بڕیارێكیان دەركردووە بۆ ئەم سێ بەشەی كە لەپێشەوە باسمانكرد لەبەرواری ١٣٩٦/٨/٢٠ كۆچی ژمارە (٤٧) كە ئەمە كورتەكەیەتی : (يجوز تشريح جثة الآدمي لاجل التحقيق من دعوى جنائية أو أمراض وبائية لما في ذلك من المصالح الكثيرة ويكتفى بشتريح جثث أموات غير معصومين لاجل التعلم والتعليم حفظاً لكرامة المسلم الميت).

كەوابوو حوكمی سێ یەم : بۆ فێربوون و فێركردن نەكرێت باشترە وەك لە فەتوای ئەو گەورە زانایانە دەردەكەوێت .

ب/ سەبارەت بە پرسیاری دووەم : بینینی عەورەت بۆ كاری پزیشكی تەنها بۆ كاتێكە ئەگەر پێویست بێت ئەگینا نابێ بەتایبەت لە پیاوە بۆ ئافرەتان یان بە پێچەوانەوە پێویستە بۆ ئافرەت پزیشكی ئافرەت هەبێت وە بۆ پیاوانیش پزیشكی پیاو هەبێت لەبەر پاراستنی دین و ڕەوشتی كەسەكان ، ئەگەر نەبوو ئەوكاتە دروستە لەگەڵ ئەم مەرجانە :

یەكەم : بینین و تەماشاكردن دەبێ (محرم) هەبێت یان ئافرەتێكی متمانە پێكراو هەبێت لەبەر ترسی خەڵوەت بوون كە لە شەرعدا نەهی لێكراوە .

دووەم : نابێ ئەو پزیشكە تەماشای هیچ شوێنێكی تر بكات تەنها دەم و چاو هەردوو دەستەكانی نەبێت وە تەنها ئەو جێگایەی كە پێویستە چارەسەر بكرێت وە پێویستە لەسەر پزیشكەكان جەستەی ئەو نەخۆشە داپۆشن تەنها شوێنی مەبەست نەبێت .

سێ یەم : ئەگەر پزیشك توانی تەنها بە تەماشا كردن چارەسەر بكات ئەوە بە دەست دروست نییە ، و پێویستە لە خوا بترسێت و چاو و دەستی لە حەرام بپارێزێت .

چوارەم : پێویستە لەسەر ئافرەتان ئەگەر پێویستیان بە چارەسەر بوو ئەوە ئەگەر پزیشكی ئافرەت نەبوو پزیشكی موسوڵمانی متمانە پێكراو هەڵبژێرن .

پ٢٠٨/ من وا گوێ بیست بومە كە تەنیا خەتمی قورئان بۆ دایك و باوك و داپیر و باپیر دروستە ، ئایا ئەمە ڕاستە تكایە زۆرترین ڕوونكردنەوە.

وەڵام :

بۆ دایك و باوك و داپیر و باپیر هەر كردەوەیەكی چاك بكرێت لە كوڕ و كچەوە دروستە و كارێكی شەرعی یەو بەشی ئەوانیشی تێدایە خوای گەورە دەفەرموێ : {وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَانٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَمَا أَلَتْنَاهُم مِّنْ عَمَلِهِم مِّن شَيْءٍ } سورة الطور(٢١) .

واتە : ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و نەوەكانیانیش بە ئیمانەوە شوێنیان كەوتوون ئەوانە لە بەهەشتدا پێك شاد دەكەینەوە لە كردەوەكانیان سوودمەندیان دەكەین وە نەبێت لە كردەوەی نەوەكان هیچ كەم بكەینەوە.

زانایان ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەم ئایەتەیان كردووەتە بەڵگە لەسەر ئەوەی كردەوەكانی نەوەكان باوكان و دایكان پێی سودمەند دەبن وەلامیش بۆ ئایەتی : {وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى} سورة النجم(٣٩) .زانایان وتویانە :كوڕ و كچ ونەوەكان لە كۆشش و هەوڵی مرۆڤن و جودا نین .

بەڵام خەتمی قورئان بۆ دایك و باوك وەكو كردەوەیەكی سەربەخۆ و پێشكەش كردنی بەدایك و باوك نەم بیستوە سەلەف كردبێتیان وا باشترە ئێمە شوێنی ئەوان بكەوین ابن مسعود دەفەرموێ : (عليكم بالعتيق اتبعوا ولا تتبعوا فقد كفيتم) .

پ ٢٠٩/مەرجەكانی قەبوڵ بوونی دوعا چی یە؟ ئەگەر داوای شتێك لەخوا بكەم قەبوڵ دەبێت؟

وەڵام :

گومان لەوەدا نییە كە خوای گەورە وەعدی داوە وەڵامی ئەو كەسانە بداتەوە كە داوای لێ دەكەن وەك دەفەرموێ : { ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ} (٦٠) سورة غافر

یان سەلمانی فارسی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : "إن الله حَيِيّ كريم يستحي من عبده إذا رفع يديه اليه أن يردّهما صِفراً" رواه أبوداود والترمذي .

واتە : خوای گەرەو خاوەنی شەرمە و بەڕێزە شەرم دەكات ئەگەر بەندەیەك دەستی پاڕانەوەی بۆ لا بەرز بكاتەوە و بەبەتاڵی بگێڕێتەوە . بەڵام خۆ نەبێ هەموو پاڕانەوەیەك وەربگیرێت ، كەوا بوو پێویستە ئەوە بزانیت ئەم مەسەلەیە چەندین مەرج و ڕێگری هەیە ، ابن القیم ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ : جاری وا هەیە پاڕانەوە قەبوڵ ناكرێت و دوا دەكەوێت یان بە هۆی لاوازی خودی پاڕانەوەكە ، بۆ نموونە پاڕانەوەیەك بێت دژایەتی و دوژمنكاری كەسی تری تیادا بێت یان بە هۆی لاوازی دڵی ئەو كەسەی پاڕانەوەكە دەكات...ز یان بە هۆی ڕێگرێك وەك خواردنی حەرام و تاوان و دڵ ڕەشبوونەوە وەبێ ئاگابوون لە خوای گەورە و حەز و ئارەزوو زاڵبن بەسەریدا ، لەو بەڵگانەی لەم مەسەلەدا هاتوون :

١- فەرموودەی أبو هريرە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم : "أدعوا الله وأنتم موقنون بالإجابة واعلموا أن الله لا يقبل دعاءً من قلب لاه"رواه الترمذي برقم ٣٤٧٩ و حسنه الألباني في صحيح الجامع رقم ٢٤٥ .

واتە : داوا لە خوای گەورە بكەن و دڵنیاش بن بەوەی كە خوای گەورە وەڵامتان دەداتەوە وە ئەوەش بزانن خوای گەورە پاڕانەوەی كەسێك وەرناگرێت بەدڵێكی بێ ئاگاوە بیكات .

٢- فەرموودەی أبو هريرە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم كە فەرموویەتی : "....ثم ذكر الرجل يطيل السفر أشعث أغبر يمدُّ يديه إلى السماء يارب يارب ومطعمهُ حرام و مشربه حرام وملبسه حرام وغذي بالحرام فأنى يستجاب لذلك" رواه مسلم .

واتە : دەستەكانی بەرزدەكاتەوە بۆ ئاسمان دەڵێ ئەی خوایە ئەی خوایە لە كاتێكدا خواردنەكەی حەرامە و خواردنەوەكەی حەرامە و جلوبەرگی حەرامە و بە حەرام گۆش كراوە ئەی چۆن وەڵام ئەدرێتەوە و پاڕانەوەكەی قەبوڵ دەكرێت .

٣- فەرموودەی أبو هريرە ئەڵێ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : "يستجاب لأحدكم ما لم يعجل يقول دعوتُ فلم يستجب لي" رواه البخاري ومسلم .

واتە : هەركامتان داوا لە خوای گەورە بكەن وەڵام دەدرێنەوە بەمەرجێ پەلە نەكات و بڵێت داوام لە خوا كردو وەڵامی پاڕانەوەكەم نەدرایەوە .

٤- فەرموودەی أبو هريرە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم : "لا يزال يستجاب للعبد ما لم يدعُ باثم أو قطيعة رحم...." الحديث رواه مسلم .

واتە : بەردەوام وەڵامی بەندە دەدرێتەوە بەمەرجێ داوای تاوان و پچڕانی پەیوەندی خزمایەتی نەكات .

ئەمە و چەندین مەرج و ئادابی زۆر هەن ئەمانە دیارترینیان بوون .

پ ٢١٠/ ئەمەوێت بزانم بۆ دوعاکانم قبولْ نابێت زۆر بەڕاستی ئەیکەم بە هە موو شەرت وشروتەکانیشیەوە ئەیکەم

وەڵام :

دوعا کردن ئەگەر مەرجەکانی تەواو بێت قەبولْ دەبێت ئەگەر ئەوەی دەتەوێ یان شتێکی وەك ئەوە یان پاداشت لە ڕۆژی قیامەت بەهەر حالْ هیچ دوعایەك لای خوای گەورە بە فیرِۆ ناچێت ، وە خوای گەورە دانا و لێزانە کە چی دەکات بۆ بەندەکانی ئەوەش هەیە یەکێك لە هۆکارەکانی قەبولْ نەکردنی دوعا ئەوەیە بڵێت دوعام کرد و قەبولْ نەکرا بە دەقی فەرموودەی صحیح کە لە (سنن) دا هاتووە .

پ٢١١/ ئایا لەسەر قەبران مردوو ئاگای لێیە کە قورئانی بۆ ئەخوێنن؟

وەڵام :

قورئان خوێندن لەسەر قەبران کارێکی خراپە و هیچ بەڵگەیەك نەهاتووە کە هیچ کەس لە هاوەڵان و پێشەوایان کردبێتیان سەرەڕای ئەوەی بەڵگەش نەهاتووە کەوابوو بیدعەیە و دەبێ موسوڵمان خۆی لێ بپارێزێ ، بۆ مەسەلەی ئایا مردووەکان ئاگایان لێیەتی ؟ نەخێر مرۆڤ کە مرد لەم دونیایە پەیوەندی دەپچڕێ بەڵگەش بۆ نەبیستنیان ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ : { وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ} (٢٢) سورة فاطر

واتە : تۆ ناتوانیت دەنگی خۆت بگەیەنی بە مردووکان ئەمە ئەگەر بۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وا بێت بێ گومان بۆ کەسانی تر وەك خوێنەرانی سەر گۆڕستانەکان ناتوانن بیگەیەنن کە زۆربەیان ئەو خوێندنەیان بۆ پارە و پول و سامانی دونیایە خوا پەنامان بدات .

پ٢١٢/ ئایا مامۆستا گیان ئەگەر کەسێك پارە یان هەرشتێك بدۆزێتەوەو دەستکاری نەکات و هەر دایناوە ئەوا چی لێ بکات باشە؟

وەڵام :

دۆزینەوەی شت و مەك ئەمانەتە لە گەردنی ئەو کەسەی دەیدۆزێتەوە دەبێ هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی خاوەنەکەی بەڕاگەیاندنی دۆزینەوەی ، ئەگەر خاوەنەکەی پەیدا بوو ئەوا چاکەو وە دەیباتەوە ئەگەر

نەبوو دەبێ ئەو دۆزراوەیە تا ساڵێك بپارێزێت پاشان بیکات بە خێر بۆ خاوەنەکەی یان چی لێ دەکەیت بیکە ، بەڵام کە خاوەنەکەی هاتەوە وداوای کرد دەبێ بیدەیتەوە ، زانایان پێکهاتوون لەسەر هەڵگرتنی دۆزراوە کە دروستە بەڵام ئایا سوننەتە یان پێویستە ؟ جا ئەگەر ئەو کەسەی پارە یان شت دەدۆزێتەوە ئەگەر ناپاك (فاسق) بوو ئەوە قەدەغە دەکرێ لە هەڵگرتنەوەی ئەو شتانە و ئەگەر هەڵیگرت لێی وەردەگیرێتەوە بەڵام ئەگەر لە خۆی دڵنیابوو کە خیانەتی لێ ناکات ئەوە قەیدی ناکات هەڵیبگرێتەوە .

پ ٢١٣/ سەرەتا دەست خۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەو سایتە جوانە خوا پاداشتتان بداتەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان : پرسیارێکم هەیە : من وەك کچێك چ دوعایەك بکەم بە شێوەیەکی دینی بۆ ئەوەی شوو بکەم؟

وەڵام :

ئێمەش زۆرسوپاسی جەنابت ئەکەین بۆ تەماشاکردن و خوێندنەوەی بابەتەکانی سایتی بەهەشت و هیوام وایە سودی هەبوبێت بۆ خزمەتکردنی موسوڵمانان ، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەی بەڕێزت تا ئەم کاتە من هیچ دوعایەکی تایبەت نازانم یان بیرم ناکەوێتەوە بۆ ژن مارەکردن یان شوکردن ، بەڵام دروستە ئەو دوعایە بکەیت بەهەر دوعایەکی گشتی بەهەر زمانێك کە خۆت دەیزانیت وە هەرکەس داواش لە خوا بکات خوای گەورە کارەکانی بۆ ئاسان دەکات ، و موسڵمانی ڕاستەقینە هەموو شتەکانی تەنها لە خوا داوا دەکات وەك سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەسەر ئەوە ڕامان دەهێنێت (إذا سألت فاسأل الله وإذا استعنت فاستعن بالله) وە ئەگەر نیازت هەبوو بۆ هەر شتێك یان داوای هەر چاکەیەك نوێژی (إستخارە)ی بۆ بکە و پشت بە خوای گەورە ببەستە و ڕاوێژ بەکەسی لە خۆت شارەزا ترو ئەزموندار تر بکە هەر کەس استخارە بکات تووشی زیان نابێ وە هەر کەس ڕاوێژ بکات پەشیمان نابێ .

پ ٢١٤/ (اللهم صلی علی محمد وعلی آله محمد بعدد ما في علم الله الصلاة دائمه بدوام ملك الله) مامۆستا ئایا ئەمە جائیزە؟

سلاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە سوننەتی پێغەمبەردا بەم شێوەیە هاتووە (اللهم صَلِّ على محمد وعلى آل محمد كما صلّيت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم إنك حميد مجيد اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم إنك حميد مجيد) رواه البخاري مع الفتح ٤٠٨/٦

ئەمەش دوای ئەوە بوو هاوەڵان خوایان لێ ڕازی بێ داوایان لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کرد کە چۆنێتی سەلاوات دانیان فێربکات ئەویش ئەمەی فێرکردن ئەوەش بزانە پێغەمبەری خوا (صلى الله

عليه وسلم) فەرموویەتی : (خير الهدى هدى محمد) باشترین ڕێنمایی و ڕێباز ڕێنمایی و ڕێگەی (محمد)ە (صلى الله عليه وسلم) جا پێویستە ئێمە هەر کەس لە خۆمانەوە شتێك زیاد نەکەین لە عیبادەت و پەرستشەکانماندا .

پ ٢١٥/ ئەگەر کەسێك لە ئاودەست بێت و سەلامی لێ بکرێ دەتوانێ لە دڵی خۆیدا جوابی سەلام بداتەوە؟ یان ئەگەر گوێی لە بانگ بوو ئەتوانێ وەڵامی بانگەکە بداتەوە؟

وەڵام :

سەلامکردن و گەیشتن بەیەك چەندین ئادابی جوانی هەیە موسوڵمانان پێویستە بۆ ئەو مەبەستە ڕەچاوی ئادابەکانی سەلامکردن بکەن ، یەکێك لەوانە لەکاتی ئاودەستبوندا سەلام نەکەن چونکە بە (اتفاق)ی زانایان ئەو کەسەی سەلام دەکات مافی وەڵام دانەوەی نی یە بەڵکو وتویانە : (مەکروهە) سەلام بکات لە کەسێك لەسەر ئاودەست بێت بەبەڵگەی فەرموودەی (جابر) ی کوڕی (عبدالله) ئەڵێ : کابرایەك بە لای پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم تێپەری پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم میزی دەکرد ئەو کابرایە سەلامی لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کرد پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێی وت : ئەگەر منت بینی بەم شێوەیە سەلامم لێ مەکە ئەگەر سەلام بکەیت وەڵامت نادەمەوە. رواه ابن ماجة برقم ٣٥٣ وقال الألباني صحيح بروانه الصحيحة ١٩٧ .

وە حەدیسی (ابن عمر) ئەڵێ : کابرایەك سەلامی لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم میزی دەکرد وەڵامی سەلامەکەی نەدایەوە : (أن رجلاً سلّم على النبي وهو يبول فلم يرد عليه) رواه مسلم وأبوداود والترمذي وابن ماجه والنسائي .

وە ئەدەب وایە لەکاتی لەسەر ئاودەستبوندا زمانی خۆی بگرێت لە هەموو قسەکردنێك زیکر بێت یان هەر قسەیەکی ئاسایی وەڵامی سەلامی کەس نەداتەوە وەڵامی بانگ نەداتەوە لەبەر فەرموودەی (مهاجر) ی کوڕی (قنفذ) کە سەلامی کردووە لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەکاتێکدا دەستنوێژی گرتووە وەڵامی نەداوەتەوە تاوەکو لە دەستنوێژەکەی بووەتەوە و فەرموویەتی : (إنه لم يمنعني أن أردّ عليك إلاّ أنّي كرهت أن أذكر الله إلا على طهارة)رواه أبوداود والنسائي وابن ماجه و صححه الألباني في صحيحه برقم ٨٣٤ .

واتە : هیچ شتێك قەدەغەی نەکردم لە وەڵامدانەوەت تەنها ئەوە بوو پێم ناخۆش بوو زیکری خوا بکەم بە بێ دەستنوێژی .

دەبینی ئەمە لەکاتی دەستنوێژدا بووە وای بە چاك زانیوە بە دەستنوێژەوە بێت بێ گومان لەسەر ئاودەست بوون لە پێشترە .

جا پێویست ناکات هیچیان لە دڵەوە وەڵامبداتەوە ، چونکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە ئەگەر دروست بوایە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم بۆمان نەقڵ دەکرا .

پ ٢١٦/ ئایا تا چ ڕادەیەك تجمیل کردن حەرامە هی هەر شوێنێك بێت

وەڵام :

جوانکاری ناوێکی گشتی یە بۆ ئەوەی بزانین حوکمی دروستە یان نا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەکانی شەرع ، جا ئەو شوێنانەی کە فەرموودەی لەسەر حەرامێتی هاتبێ وەك باریك کردنەوەی ئەبرۆکان ئەوە دروست نییە ئەوەشی بەڵگەی گشتی و تایبەتی لەسەر نەهاتبێ ئەوە دروستە بەمەرجێ ئەو مادانەی ئافرەتان بەکاریان دەهێنن زیانی بۆ لەشیان تیادا نەبێت پاشان ئەو خۆجوانکردنە دەبێ بۆ مێرد بێت و بۆ دەرەوە نەبێت .

پ ٢١٧/ ئایا تا چەند خەوتن لەسەر سك حەرامە وە ئەگەر حەرامە بۆچی حەرام کراوە ؟ وە من زۆر لەمێژە وا دەنووم ناتوانم بەشێوەیەکی تر بنووم ئایا چ بکەم باشە گوناهبار دەبم ؟ زۆر سوپاستان دەکەم خوا جەزاتان بداتەوە

وەڵام :

خەوتن لەسەر سك نەهی لێ کراوە ڕواڵەتی دەقەکانیش ئەوە دەگەیەنن ئەو جۆرە خەوتنە حەرام بێت ، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : وەك ڕیوایەت کراوە لەقیس ی کوڕی طخفة الغفاري لە باوکییەوە ئەڵێ : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەسەرمدا هات من لە مزگەوتدا لەسەر سکم خەوتبوم بە پێی خەبەری کردمەوە و فەرمووی : "ما لك ولهذا النوم هذه نومة يكرها الله أو يبغضها الله" صحيح ابن ماجه للشيخ الألباني برقم ٣٠٠٠ ج ٢

وە لە (أبو ذر) ە وە ئەڵێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەلامدا تێپەڕی من لەسەر سکم خەوتبووم بە پێی خەبەری کردمەوە و فەرمووی : (يا جندب انما هذه ضِجعة أهل النار) صحيح سنن ابن ماجه برقم ٣٠٠١ .

کەوا بوو پێویستە موسڵمان ئەو کارە نەکات وە نابێت خۆی بدات بەدەستی (نەفس)یەوە وە پێویستە یەکسەر ئەو کارە واز لێ بهێنیت چونکە گوناهە .

پ ٢١٨/ من لە ئەوروپا دەژیم لە شوێنێك ئیش دەکەم گۆشتی بەرازی تێدایە ئایا ئیشکردن لەو شوێنەدا حەلاڵە یان نا؟بەبەڵگەوە بۆم ڕوونبکەنەوە ؟

وەڵام :

زانراوە لەشەرعدا وە لای هەموو موسوڵمانانیش گۆشتی بەراز حەرامە چ خواردنی وە چ فرۆشتنی ، جا کارکردن لەو شوێنەدا کە حەرامی تیادا دەخورێت یان دەفرۆشرێت وە تۆش پێشکەشی دەکەی یان قاپەکان دەشۆیت یان هەرجۆرە هاریکارییەت دەکەیت لەسەر ئەو حەرامە ، بەڵگەی حەرامێتی ئەو کارەی تۆ ئەوەیە خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ﴾ سورة المائدة(٢) . واتە : یارمەتی و هاریکار یەکتر بکەن لە چاکە و ترسی خوادا وە یارمەتی یەکتر مەدەن لەسەر تاوانکردن و دوژمنایەتی .

ئەمەش قاعیدەیەکی گەورەی کارپێکراوە لەشەرعدا وەك قەدەغەکردنی فرۆشتنی ترێ بەکەسێك بیکات بە ئارەق وە فرۆشتنی چەك و تەقەمەنی لەکاتی شەڕ و شۆڕ لە نێوان موسوڵماناندا وە نەدوراندنی جلوبەرگی ستەمکار هەموو ئەمانە لەبەر بەشدار نەبوونە لەتاوانی بکەرەکانیدا .

٢١٩/ هەندێك لە خەڵکی پشت دەبەستن بە کتێبە فیکری و ڕۆشنبیرییەکانەوە و هەندێکی لێ دەخوێننەوە ، پاشان خۆیان لێ دەگۆڕێ و خۆیان بە زاناو بانگەوازکار لەقەڵەم ئەدەن، لەکاتێکدا لە زانستی شەرعیدا لاوازەن و هیچ لەکتێبە شەرعییەکانیان نەخوێندووە ، کەوابوو ڕێنمایی بەڕێزتان چییە بۆ ئەم جۆرە کەسانە ؟

وەڵام :

بسم الله الرحمن الرحیم

زانستی شەرعی بریتی یە لەوەی خوای گەورەو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم (فەرموویانە ، نەك فلان و فیسار ووتیان، پاشان ووتەی زانایان دێت کە فەرموودەی خواو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ

خەڵكی ڕوون دەكەنەوە ، زانایان خوای گەورە لەناو بەندەكانیدا لەدوای پێغەمبەران كردوونی بەجێنشین، وەك دەفەرموێت: ﴿شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِماً بِالْقِسْطِ﴾ (آل عمران:١٨).

زانستی ڕاستەقینە بریتییە لەزانست بەخواو بەدینی خوا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ (فاطر:٢٨)

ئەمانەش بریتین لە پێغەمبەران و شوێنكەوتووانیان، چاوڕۆشن و خاوەن ئیمان و شوێنكەوتەی قورئان و سوننەت، زانایانی موسوڵمان جێنشینی پێغەمبەرانن و تەنها ئەوانن خوای گەورە بەخەڵك دەناسێنن و ئاینەكەی ڕۆشن دەكەنەوە ، قوتابی عیلم نابێتە زانا و خاوەن زانستی شەرعی مەگەر بەتێفكران و فێربوونی قورئان و حەدیس و وەرگرتنی زانستی شەرعی لە زانایانی ئەهلی سوننەت، كەوابوو ڕێگەی فێربوونی زانستی شەرعی بەوەدەبێت قوتابی عیلم: دەست بكات بەچاكەكاری و تێفكران و بیركردنەوە و سوود وەرگرتن، وە دەبێت وەك كەسێكی سوودمەند موتاڵەعە بكات و بخوێنێتەوە ، ئەبێت لەهەموو كاتێكیدا داخوازی عیلم بێت، بەردەوام ئەوەی لای ئاڵۆزە بیری لێ بكاتەوە، لێی وردبێتەوە و لەكتێبە پشت پێبەستراوەكانی تەفسیر وەك تەفسیری (ابن كثير) و (البغوي)، جگە لەمانەش تەفسیری پشت پێبەستراوەی تر، وەبایەخ بدات بەكتێبەكانی حەدیس، وەزانستی شەرعی لە زانایان ئەهلی سوننەت و جەماعەت وەرگرێت ئەوانەی چاوساغ و چاوڕۆشنن، نەك زانایانی كەلام و بیدعەت، وەنەك لە نەزان و نەفامەكان، ئەو زانستەی لە قورئان و سوننەتدا نەبێت پێی ناوترێت زانست، بەڵكو بەنەفامی ناو دەبرێت، با لە دونیادا سودبەخشیش بێت، بەڵكو مەبەست ئەو زانستەیە لەڕۆژی دواییدا سودبەخش بێت، وە مرۆڤ لە نەزانی و نەفامی دەركاو بە هۆیەوە لە ئاینەكەی شارەزا و چاوڕۆشن ببێت، وە ئەوەی خوای گەورە لە سەری واجب كردووە و ئەوەشی كەحەرامی كردووە بزانێت، ئائەمەیە زانستی شەرعی (وەڵامی شێخ ابن باز).

پ ٢٢٠/ ئایا چەند كتێبێكی دیاری كراو هەیە شێخ (ابن باز) ئامۆژگاری پێ بكات بۆ ئەوانەی كە حەز دەكەن كار بكەن لە بواری بانگەواز كردن بۆ لای خوا ؟

وەڵام / گەورەترین و بەڕێزترین كتێب كە ئامۆژگاری پێ بكەم بریتییە لەكتێبەكەی خوا (واتە : قورئانی پیرۆز) كە بە هیچ شێوازێك قسەی بێ ماناو بەتاڵی تێدا نییە ، جا ئامۆژگاری هەموو بانگەوازكارێك بۆ لای خوا و هەموو فەرمانكارێك بە چاكە و قەدەغەكارێك لە خراپە و مامۆستا و فێركار و ڕێنمایكارێك دەكەم چ نێر بێت یان مێ : ئامۆژگاری هەموو ئەمانە دەكەم بە گرنگی دان بە كتێبەكەی خوا و وورد بوونەوە لێ و زۆر خوێندنەوەی ، چونكە قورئان بنەمای هەموو خێر و چاكەیەكە و فێركارە و ڕێنمایی كارە بۆ خێر و چاكە وەك خوای گەورە و بە دەسەلات فەرموویەتی : ﴿إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ﴾ [سورة الإسراء : ٩] واتە : ئەم قورئانە ڕێنمای كارە بۆ ئەوەی ڕێك و ڕاستە ، وە قورئان ڕێنمای كارە بە ڕێنمای خوا بۆ ڕێگای ڕاست .. بۆ ڕێگای هۆشمەندی .

جا پێویستە لە سەر ئەوانەی كە بانگەواز و فەرمان بە چاكە دەكەن و مامۆستا و فێركارن كە هەوڵ بدەن و خۆ ماندوو بكەن لە خوێندنەوەی و تێفكرین و تێڕوانینی ماناكانی ، ئەوان بەمە گەورەترین سوود دەبینن و بەمە ڕادێن لە سەر بانگەواز و فێر كردن بە كۆمەكی كردنی خوای گەورە .

ئەنجا ئامۆژگاری دەكەم بە سوننەت و فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەوەی كە تیایدا هاتووە لە زانست و ڕێنمایی ، وە ئامۆژگاری بانگەوازكار بۆ لای خوا و فەرمانكار بە چاكە و قەدەغەكار لە خراپە و مامۆستا و فێركار دەكەم چ نێر بێت یان مێ : بە كتێبەكانی فەرموودە و ئەوەی كە زانایان لەم بوارەدا نووسیویانە تا سوود مەند بێت لێیان ، وە گرنگترین و صەحیحترین كتێبی فەرموودە بریتی یە لە : (صحيح البخاري وصحيح مسلم) جا با زۆر بگەڕێتەوە بۆ ئەم دووانە و سوودیان لێببینێت ، وە باقی تری كتێبە فەرموودەی یەكان وەك : (سنن الترمذي وأبي داود والنسائي وابن ماجه) و (مسند الإمام أحمد) و (موطأ الإمام مالك) و (سنن الدارمي) و جگە لەمانەش لە كتێبە فەرموودەی یە ناسراوەكان .

هەروەها وەصێت دەكەم بە گەڕانەوە بۆ لای كتێبی زانایان و ئەهلی عیلمی سوود بەخش وەك : (المنتقى لابن تيمية) و (رياض الصالحين) و (بلوغ المرام) و (عمدة الأحكام) و (جامع العلم وفضله لابن

عبد البر) و (جامع العلوم والحكم لابن رجب) و (زاد المعاد في هدي خير العباد للعلامة ابن القيم) و (إعلام الموقعين) و (طريق الهجرتين) و (الطرق الحكمية) کە هەموو ئەمانەش هی (ابن القيم)ـن ، وە ئەو لە هەموو ئەم کتێبانەدا زۆر شتی لە بارەی بانگەواز و فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردن لە خراپەی باس کردووە .

بۆیە دەبێت موسوڵمان سوودیان لێببینێت ، چونکە ئەم کتێبانە گەورە و بە نرخن و لە لایەن جۆرە پێشەوا و زانایانێکەوە نووسراوە کە پایە دارن لەم ڕێگایەدا و لە گەڵ بیروباوەڕێکی چاک و تاقیکردنەوەیەکی زۆردا .

هەروەها ئەو نووسراوانەی (شيخ الإسلام : ابن تيمية) لە بواری سیاسەتی شەرعی و (الحسبة)دا کە لە کتێبی (الفتاوى) و (منهاج السنة)ـدا هەیە ، چونکە ئەم لە پێشەوا هەرە گەورەکانە کە زۆر (تەجروبەدارن) لەم بوارەدا و تیادا هەڵکەوتوون ، وە خوا بەم سوودی گەیاند بە ئوممەت و حەقی پێ سەرخست و بیدعە و بیدعەچی یەکانی پێ سەرکز و زەلیل کرد ، خوا پاداشتی ئەم و برایانی لە زانایان بداتەوە لە سەر ئارامگرتن و جیهاد و تێکۆشانیان بە باشترین پاداشت کە پاداشتی چاکەکارانی پێدەداتەوە ، چونکە ئەو بەخشندە و دەست کراوەیە .

جا من ئامۆژگاری هەموو موسوڵمان و مامۆستا و ڕێنماییکارێك دەکەم کە گرنگی بدات بەم کتێبە بە سوودانە دوای گرنگی دان بە کتێبەکەی خوا و سوننەت و فەرموودەکانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) .

هەروەها وەصێت دەکەم بەو کتێبانەی کە لەم بوارەدا نووسراون لە لایەن پێشەوایانی زانست و ڕێنمایی لە هەر سێ مەزهەبی (مالکی و شافعی و حەنەفی) و جگە لە مانەش لە کتێبی (حەنبەلی یە) ناسراوەکان بە زانست و ڕێرەوی ڕاست و چاکێتی بیروباوەڕ .

مەبەست ئەوەیە کە بانگەوازکار پشت بە کتێبی زانایان ببەستێت کە لەم بوارەدا نووسراوە ، چونکە ڕێنمایی دەکات بۆ ئەوەی کە نایزانێت و ڕێنمایی دەکات بۆ زۆرێك لە زانست ، خوای پایە بەرز فەرموویەتی : ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى﴾ [سورة البقرة : ١٩٧] واتە : تویشوو کۆبکەنەوە و

باشترین توێشووش لە خوا ترسان و تەقوایە ، وە گومانیشی تێدا نی یە کە زانست و چاوڕۆشنی لە تەقوایە[1] .

پ ٢٢١/ ئایا بۆچونی بەرێزتان چی یە سەبارەت چارەسەرکردنی ئافرەتان بۆ پیاوان لە بواری چارەسەرکردنی ددان دا ئایا ئەمە دروستە ؟ وە بۆ زانینتان لە گەڵ ئەمەشدا دکتۆری پیاو هەیە لەم بوارەدا و لە هەمان وڵاتدا ؟

وەڵام / ئێمە زۆر هەوڵمان داوە و زۆریش کارمان کردووە لەگەڵ بەرپرسەکاندا بۆ ئەوەی پیاوان چارەسەری پیاوان بکەن و ئافرەتانیش چارەسەری ئافرەتان بکەن ، وە بۆ ئەوەی دکتۆرە ئافرەتەکان تایبەت بن بە چارەسەرکردنی ئافرەتان و دکتۆرە پیاوەکانیش تایبەت بن بە چارەسەر کردنی پیاوان لە بواری ددان و جگە لەمەش ، وە تەنها ئەمەش حەقە چونکە ئافرەت (عەورەت) و فیتنەیە ئیللا مەگەر خوا ڕەحم بکات ، بۆیە پێویستە دکتۆرە ئافرەتەکان تەنها تایبەت بن چارەسەرکردنی ئافرەتان و دکتۆرە پیاوەکانیش تەنها تایبەت بن بە چارەسەر کردنی پیاوان مەگەر لە حاڵەتێکی زۆر زۆر زەروردا نەبێت ئەگەر نەخۆشینێك لە پیاواندا هەبێت و دکتۆری پیاو نەبێت بتوانێت چارەسەری بکات ئەو کاتە هیچی تێدا نی یە ، و خواش دەفەرموێت : ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلاَّ مَا اضْطُرِرْتُمْ﴾ [سورة الأنعام : ١١٩] ، واتە : خوای گەورە شتە حەرامەکانی بۆتان ڕوون کردووەتەوە و نابێت ئێوە ئەنجامی بدەن مەگەر ئەوە نەبێت کە زۆر زەرور دەبن بۆی ، ئەگینا پێویستە دکتۆرە ئافرەتەکان تایبەت بن بە چارەسەرکردنی ئافرەتان و دکتۆرە پیاوەکانیش تایبەت بن بە چارەسەر کردنی پیاوان ، وە بەشی دکتۆری پیاوان جودا بێت و بەشی دکتۆری ئافرەتانیش جودا بێت ، وە خەستەخانەی تایبەت هەبێت بۆ پیاوان وخەستەخانەی تایبەتیش هەبێت بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی هەمووان دوور بن لە فیتنە و تێکەڵاوی زەرەرمەند ، ئا ئەمە پێویستە لە سەر هەمووان[2] .

(١) فتاوى الشيخ ابن باز رحمه الله ، المجلد الرابع / أسئلة مهمة وأجوبتها .

(٢) فتاوى الشيخ ابن باز رحمه الله ، المجلد التاسع / أسئلة وأجوبة تتعلق بالطب .

پ ٢٢٢/ هەموو دەمێك ئەو فەرموودە پیرۆزە دەبیسین کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیایدا فەرموویەتی : " النساء ناقصات عقل ودين" ، وە هەندێك لە پیاوان ئەم فەرموودەیە بە کار دێنن بۆ خراپەکاری لەگەڵ ئافرەتاندا ، جا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە واتای ئەم فەرمووودەیەمان بۆ ڕۆشن بکەنەوە ؟

وەڵام / واتای فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی : " ما رأيت من ناقصات عقل ودين أغلب للب الرجل الحازم من إحداكن ! فقيل يا رسول الله : ما نقصان عقلها ؟ قال : أليس شهادة المرأتين بشهادة رجل ؟ قيل : يا رسول الله : ما نقصان دينها ؟ قال : أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم " واتە : نەم بینیوە کەم عەقڵ و کەم دینی وەکو ئێوە کە هۆشی پیاوی کارامە لە سەر ببات ! وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشە کەم عەقڵی ئافرەتان لە چیدایە ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : باشە شایەتی دانی دوو ئافرەت بەرانبەر بە شایەتی دانی یەك پیاو نی یە ؟ وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەم دینی ئافرەتان لە چیدایە ؟ فەرمووی : باشە ئەگەر کەوتە ناو بێنوێژیەوە واز لە نوێژ و ڕۆژو ناهێنێت ؟

پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە کەمی عەقڵی ئافرەتان لە ڕووی بێهێزی لە بەر کردن و بە ئاگا بوونیانە و شایەتیدانیان بە شایەتی ئافرەتێکی تر پردەکرێتەوە ، وە ئەمەش بۆ ڕێکخستنیی شایەتیدانە ، چونکە ئافرەت هەندێك جار شتی لە بیر دەچێت و شت زیاد دەکات یان کەمی دەکات بۆ سەر شایەتی دانەکەی ، وەك خوای پاك و بێ گەرد فەرموویەتی : ﴿وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء أَن تَضِلَّ إْحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى﴾ : [سورة البقرة : ٢٨٢] واتە : دوو پیاو لە خۆتان بکەن بە شایەت وە ئەگەر نەبوون ئەوا پیاوێك و دوو ئافرەت لەو شایەتانەی کە پێیان ڕازی دەبن بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان لە بیری چوو ئەوەی تریان بیری خاتەوە .

وە کەم دینی ئافرەت لە بەر ئەوەیە لە کاتی بێنوێژی و زەیسانیدا واز دێنێت لە نوێژ و ڕۆژوو ، وە نوێژ بە قەرز ناگێڕێتەوە ئەمەش کەم دینی یە بۆ ئافرەت ، بەڵام ئەم کەمی یە ئافرەتانی لە سەر تاوانبار ناکرێت ، بەڵکو ئەم کەمی یە بەپێی شەرعی خوای گەورە هاتووتە دی ، ئەم کەمی یە خوا بۆی داناوە

چونکە بەزەیی بە ئافرەت هاتووەتەوە و کارئاسانی بۆ کردووە ، چونکە ئەگەر ڕۆژوو بگرێت لە کاتی بێنوێژی و زەیسانیدا ئەوا زەرەری پێدەگات ، خوای گەورە بەڕەحمی خۆی بەحەلاڵی داناوە ئافرەتان لەکاتی حەیز و زەیسانیدا ڕۆژوو نەگرن و پاشان بەقەزا بیگرنەوە ، بەلاَم نوێژ لەکاتی حەیزدا قەدەغەکارێکی هەیە ، بەڕەحمی خوا بۆ ئافرەت لەکاتی حەیزدا حەلاڵ کراوە نوێژ نەکات هەروەها لەکاتی زەیسانیدا ، پاشان شەرع وایە کە ئافرەت لەم حاڵەتەدا قەزای نوێژ نەکاتەوە ، چونکە ِقەزاکردنەوەی نارەحەتی زۆر تێدایە چونکە نوێژ لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج جار دوبارە دەبێتەوە ، لەکاتێکدا حەیز چەند ڕۆژێك دەخایەنێت ، دەگاتە حەوت یان هەشت ڕۆژ یان زیاتر ، زەیسانی جاری واهەیە دەگاتە چل ڕۆژ بۆیە ڕەحم و چاکەی خوایە بەرامبەر ئافرەتان کە کردن و قەزاکردنەوەی نوێژی لەسەر هەڵگرتوون .

لێرەوە دەرکەوت کە کەمی ژیری و دیانەتی ئافرەتان لە هەموو شتێکدا نییە بەڵکو تەنها لەوەدایە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕونی کردۆتەوە کە ناتەواوی ژیری ئافرەتان لەوەدایە کە ناتوانن شایەتیدانیان کۆك بکەن و بەباشی ئەنجامی بدەن ، وەناتەواوی دیانەتیان لەوەدایە کە بە هۆی نەکردنی نوێژ و ڕۆژوو لەحاڵەتی حەیز و زەیسانیدا توشیان دەبێت ، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئافرەتان لە هەموو شتێکدا لە پیاوان کەمترن و پیاوان لەوان چاکترن ، بەشێوەیەکی گشتی پیاوان لە ئافرەتان باشترن لە بەر چەندەها هۆکار ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾ بەلاَم هەندێ جار ئافرەتی واهەیە لەچەندین شتدا لە هەندێ لە پیاوان چاکتر دەبێت ، چەندەها ئافرەتان هەن لە چەندین لە پیاوان ژیر و دیندارتر و کار دروستترن ، تەنها ئەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) سەلمێنراوە کە بەگشتی ئافرەتان لەم دووشتەی باسکران کەمترن لەپیاوان وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕونیکردۆتەوە ، ئافرەتی وا هەیە ئەوەندەچاکەی زۆر دەبێت لە زۆر لە پیاوان چاکتر دەبێت لە کردەوە و تەقوا و پلە و پایەی لە ڕۆژی دواییدا ، جاری واهەیە بایەخ دەدات بەشتگەلێك و داکۆکی دەکات چاکتر لە هەندێ لە پیاوان کە زۆر هەوڵدەدەن و بایەخدەدەن ، تەنانەت لە مێژووی ئیسلامدا دەبێتە مەرجەعێك ئەمەش ڕوونە بۆ کەسێك تێبفکرێت لەحاڵی ئافرەتان لە سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، و سەردەمی هاوەلاَن ، بەم ڕوونکردنەوە ئەوە دەزانرێت کە ئەم کەم و کورییە

قەدەغەی ئەوە ناكات ڕیوایەتیان وەربگیرێت و شایەتی دانیـان ئەگـەر دوانـبن وەربگیرێـت ، زۆر ئاسـاییەو قەدەغەشنابێت تەقوا دار و چاكترینی بەندەكانی خوا بێت ژنـان و پیـاوان ئەگـەر بێتـو بـەردەوام بێـت لـە سەر دینداری خۆی با نویژو ڕۆژووش نەكات لە كاتی حەیز و زەیسانیدا ، كە وابـوو دروسـت نییـە بـۆ هـیچ ئیمانداریك تانەو تەشەریان لێبات و بە ناتـەواویان بزانێـت لـە هـەموو شـتێكدا پێویـستە ڕوون بكرێتـەوە و فەرمودەكـەی پێغەمبـەری خـوایش (ﷺ) بـە باشـترین بـار تەفـسیر بكرێـت ، وە خـوای پایـە بـەرزیش زاناترە[٣] .

پ ٢٢٣/ حوكمی یاری بۆكسێن (**یان : مشتە كۆڵە**) (الملاكمة)، **و زۆرانبازی لەگەڵ گـا** (ومصارعة الثيران) ، **و زۆرانبازی ئـازاد** (المصارعة الحرة) :

موسڵمانێك لە میصرەوە پرسیار دەكات لە حوكمی ئیسلام سەبارەت بە یاری بۆكسێن و زۆرانبازی لە گەڵ گاو زۆرانبازی ئازاد ؟

وەڵام / یـاری بۆكـسێن و زۆرانبـازی لـە گـەڵ گـا لـەو یاریانـەن كـە لـە ئـاینی ئیـسلامی پـیرۆزدا قەدەغەكراون ، لە بەر ئەو زیانە زۆرو ترسناكیە گەورەیەی كە لە بۆكسێندا هەیە ، و لە بـەر ئـەو ئەزیـەت دانە نارەواییەی كە بەرامبەر بە ئاژەڵەكە ئەنجام دەدرێت لەزۆرانبازی لە گـەڵ گـادا ، بـەڵام سـەبارەت بـە زۆرانبازی ئازاد كە ترسناكی و ئازارێكی تێدا نی یە لەگەڵ دەرنەكەوتنی عەورەت ،ئەوا هیچ رێگریێك نی یـە لە حەڵاڵێتی ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی كە زۆرانبازی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) بـۆ دەگێرێتـەوە لـە گـەڵ یزیدی كوڕی (رُكانة) (رضي الله عنه) و لێبردنەوەشی ، وە لەبەر ئەوەی كە بنەوا لەم كردارانەدا حەڵاڵێتی یە جگـە لەوانەی كە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز قەدەغەی كردوون ،هەروەها بریارێك لە (المجمع الفقهي الإسلامي التابع لرابطة العالم الإسلامي)ەوە دەركراوە كە یاری بۆكسێن و زۆرانبازی لە گەڵ گادا قەدەغە دەكات لـە بەر ئەو هۆكارانەی كە پێشتر باسمان لێوە كردن ، ئەمەش دەقەكەیەتی :

بریاری سێیەم : سەبارەت بە بابەتی : (یاری بۆكسێن و زۆرانبازی ئازاد و زۆرانبازی لە گـەڵ گـادا) .

---

[٣] فتاوى الشيخ ابن باز رحمه الله ، المجلد الرابع / معنى نقص العقل والدين عند النساء .

شوكر و ستایش تەنها بۆ خوای پەروەردگار ، و درووود و سەلامیش لە سەر ئەو پێغەمبەرە بێت كە پێغەمبەری بە دوادا نایەت ، سەروەر و پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) و ئەهل و بەیت و یارو یاوەرانی ، پاش ئەمەش :

(مجلس المجمع الفقهي الإسلامي لرابطة العالم الإسلامي) لە خولی دەیەمیدا ، كە لە (مەككەی پیرۆز) دا و لە بەرواری (يوم السبت ٢٤ صفر ١٤٠٨ هـ الموافق ١٧ أكتوبر ١٩٨٧ م إلى يوم الأربعاء ٢٨ صفر ١٤٠٨ هـ الموافق ٣١ أكتوبر ١٩٨٧ م) ڕوانیویەتی یە بابەتی یاری بۆكسێن و زۆرانبازی ئازاددا لەو ڕووەی كە بە وەرزشێكی جەستەیی ڕەوا دادەنرێت ، لەگەڵ زۆرانبازی لەگەڵ گادا كە بەربڵاوە لە هەندێك لە وڵاتانی بیانی دا ، ئایا ڕەوایە لە ڕوانگەی ئیسلامدا یان نا ڕەوایە ؟ وە دوای تاوتوێ كردن سەبارەت بە بابەتەكە لە هەموو بوارەكانیەوە ، و ئەو ئاكامانەی كە لەم جۆرانەدا دەكەوێتەوە ، كە دەدرێنە پاڵ وەرزش و ناوەندەكانی ڕاگەیاندن وەكو تەلەفزیۆن لە وڵاتانی ئیسلامی جگە لەوانیش پەخشی دەكەن .

وە دوای ڕوانین بۆ ئەو لێكۆڵینەوانەی كە پێشكەش كراون بە داواكاری (مجلس المجمع) لە خولی پێشوویدا ، لە لایەن چەند پزیشكێكی پسپۆڕ و كارامە ، هەروەها دوای ڕوانین بۆ ئەو ژمێریاریانەی كە لە لایەن هەندێكیانەوە پێشكەش كرابوو سەبارەت بەوەی كە ڕووی داوە لە جیهاندا ، لە ئاكامی بەكاربردنی یاری بۆكسێن و ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنانەی كە دەبینرێت لە سەر شاشەكانی تەلەفزیۆن لە ئەنجامی زۆرانبازی ئازاد ، (مجلس المجمع) ئەم بڕیارەی خواری دەدات :

یەكەم : یاری بۆكسێن :

(مجلس المجمع) بە كۆڕای دەنگ ئەوە دەبینێنت كە یاری بۆكسێن كە باسكرا ، كە ئەنجام دەدرێت لە چوار چێوەی وەرزشی پێشبڕكێكان دا لە وەڵاتەكەماندا ئەنجام دەدرێت كردارێكی قەدەغەكراوە لە شەریعەتی ئیسلامی دا ، چونكە لە سەر ئەوە بنیات دەنرێت كە هەركامەیەك لە دوو یاریزانەكە زیاتر بەرامبەرەكەی ئەزیەت بدات لە جەستەیدا ، ئەزیەت دانێكی زۆر لەوانەیە بگاتە ڕادەی كوێر بوون ، یان تێكدانی مێشكی یاریزانەكە ، شكاندنی زۆر لە ئێسكەكانی ، یان دەگاتە مردن ،

بێئەوەی هیچ مەسئولیەتێك بكەوێتە سەر لێدەر ، لە گەڵ دڵخۆشی بینەران بۆ ئەو كەسەی كە دەباتەوە ، وە پێخۆش بوون بە ئازاری ئەوی تریان ، ئەوەش كردارێكی قەدەغەكراوە بە گشتی و بە هەموو بەشەكانیەوە لە حوكمی ئیسلامدا ، لە بەر وتەی پەروەردگار كە فەرموویەتی : ﴿ وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ﴾ [سورة البقرة : ١٩٥] ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴾ [سورة النساء : ٢٩] ، وە لە بەر ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیایدا فەرموویەتی :

" لا ضرر ولا ضرار " .

لە بەر ئەوەیە ، زانایانی شەریعەت فەرموویانە ئەگەر كەسێك خوێنی خۆی حەڵاڵ بكات بۆ كەسی بەرامبەر و پێی بڵێت : (بمكوژە) نابێت بیكوژێت ، وە ئەگەر ئەو كردارەی ئەنجامدا ئەوا مەسئولە و شایستەی سزایە . وە لە سەر ئەو بنەوایە (كۆنگرە) بڕیاری ئەوە دەدات كە یاری بۆكسێن نابێت پێی بوترێت یاریەكی وەرزشی و جەستەیی یە ، ناشبێت ئەنجام بدرێت ، چونكە وەرزش لە سەر بنەوای مەشق ڕاهاتن نەك ئەزیەت دان یان زیان گەیاندن ، وە پێویستە لابرێت لە بەرنامەی ناوخۆی و ، بەشدارنەبوونیش تیایدا لە یاریە نێو دەوڵەتیە جیهانیەكان دا ، هەروەها (كۆنگرە) بڕیاری ئەوە دەدات كە ڕەوا نی یە لە بەرنامەكانی تەلەفزیۆندا پیشان بدرێت ، بۆ ئەوەی لاوانمان ئەم یاریە خراپە فێر نەبن و هەوڵی لاسایی بدەن .

دووەم : زۆرانبازی ئازاد :

سەبارەت بە زۆرانبازی ئازاد كە تیایدا ڕەوایە بۆ هەردوو زۆرانباز كە ئەزیەت و زیان بە بەرامبەرەكەی بگەیەنێت . (كۆنگرە) ئەوەی تێدا دەبینێت كە كردەوەیەكی هاوشێوەیە بە تەواوی بۆ یاری بۆكسێن كە باسكرا ، با لە شێوەشدا جیاواز بن ،چونكە هەموو ئەو قەدەغەكراوانەی كە ئاماژەیان بۆ كراوە لە بۆكسێندا بەهەمان شێوە لە زۆرانبازی ئازاد كە لە شێوەی زۆرانبازیدا ئەنجام دەدرێت ، هەمان حوكمی ئەویش وەردەگرێت لە قەدەغەكردندا . بەڵام ئەو جۆرەكانی تری زۆرانبازی كە تەنها لە بەر

وەرزش ئەنجام دەدرێت ، و تیایدا ڕێ بەوە نادرێت کە یاریزانەکان ئەزیەتی یەکتر بدەن ئەوا ڕەوایە بە پێی شەریعەت ، (کۆنگرە) یش هیچ ڕێگرێك نابینێت لە ئەنجامدانی .

سێیەم : زۆرانبازی لە گەڵ گا :

بەڵام سەبارەت بە زۆرانبازی لە گەڵ گادا کە بەربڵاوە لە هەندێك لە وڵاتانی جیهاندا ، ئەو یاریەی کە دەبێتە هۆی کوشتنی گاکە ، لە لایەن یاریزانەکەوە بەشێوەیەکی هونەری کە یاریزانەکە مەشقی لە سەر کردووە ، ئەمەش بەهەمان شێوە قەدەغەکراوە لە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆزدا ،چونکە دەبێتە هۆی کوشتنی ئاژەڵێك بە ئازارەوە ، بە هۆی ئەو تیرانەی کە دەچەقێنرێنە گیانی ،وە زۆر جاریش ئەم زۆرانبازیە دەبێتە هۆی ئەوەی گاکە زۆرانبازەکە بکوژێت وە ئەم زۆرانبازیە کارێکی دڕندانەیە ، ئاینی ئیسلامی پیرۆز قەدەغەی دەکات ئەو ئایینەی کە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرموویەتی : " دخلت امرأة النار في هرة حبستها ، فلا هي أطعمتها وسقتها إذ حبستها ، ولا هي تركتها تأكل من خشاش الأرض " جا ئەگەر ئەمە لەبەر زیندانی کردنی پشیلەیەك بێت ئەنجامدەری لەڕۆژی دواییدا بخاتە ئاگری دۆزەخەوە ، ئاخۆ ئەبێ حاڵی کەسێك چۆن دەبێت گایەك ئەزیەت دەدات تا مردن ؟!

چوارەم : ئاژەڵ بەشەردادان :

هەروەها (کۆنگرە) بڕیاری قەدەغەکردنی ئەوە دەدات بەسەر ئەوەی ڕوودەدات لە هەندێك لە وڵاتاندا لە بەگژیەکدادانی هەندێك جۆری ئاژەڵ ،وەك : وشتر و بەران و کەڵەباب (کەڵەشێر) و جگە لەمانەش ، تاکو یەکتر بکوژن یان ئەزیەتی یەکتر بدەن .

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا والحمد لله رب العالمين

گرنگترین کەسانی بەشداربوو :

عبد العزيز بن عبد الله بن باز (رئيس مجلس المجمع) .

و د. صالح بن فوزان بن عبد الله الفوزان .

و د. بكر عبد الله أبو زيد[٧] .

---

[٧] فتاوى الشيخ ابن باز رحمه الله ، المجلد الرابع / حكم الملاكمة والمصارعة الحرة .

٢٢٤/ بۆچی لە ئیسلامدا كە كوڕێك لە دایك دەبێت دوو حەیوانی بۆ سەر دەبڕن بەڵام بۆ كچ یەك دانە؟

وەڵام: **بسم الله الرحمن الرحیم**

بەڵێ ڕاستە و سەلمێنراوە لە هەندێ لە فەرمودە صەحیحەكانی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) ئەگەر كەسێك كوڕێكی ببێت دوو حەیوانی بۆ بكات بە گوێزەبانە بە لام بۆ كچ یەك دانە

وەك لە فەرموودەی دایكی ئیمانداران خاتوو عائیشە دا هاتووە خوای لێ ڕازی بێت وەك دەفەرموێت: (أنَ رسول الله صلي الله علیه وسلم أمرهم عن الغلام شاتان مكافئتان وعن الجارية شاة) رواه أحمد والترمذي وصححه الألباني في الصحیحة (١٦٥٥).

واتە (پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) فەرمانی پێكردوین بۆ كوڕ دوو حەیوانی یەكسان سەرببڕین وە بۆ كچیش یەك دانە. جالێرە وە ئەو پرسیار و ڕەخنانە سەرچاوە دەگرن كە گوایە ئاینی پیرۆزی ئیسلام جیاوازی كردووە لە نیوان كچ و كوڕ دا جا بۆ وڵام دانەوەو ڕەواندنەوەی ئەم شوبهانە دەبێ پێشەكی ئەوە بزانین كە ئیسلام هی خوایە وە دژی جیاوازی ڕەگەزیە و بەڵگەش ئەوەیە هەردوو ڕەگەز خوا دەیبەخشێ

وە ئەگەر لە ئەحكامەكاندا جیاوازی هەبوو لەبەر خودی ڕەگەزەكان نیە وە لەوەش زیاتر ئیسلامی پیرۆز چەندین ڕینمای گەورەی تیدایە بۆ بنەبڕكردنی جیاوازی ڕەگەزی لەوانە وەك ئایەتی: [لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثاً وَيَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ الذُّكُورَ] الشورى ٤٩.

واتە(خاوەنداێتی ئاسمانەكان و زەوی تەنها هی خوایە هەرچی بوێت دروستی دەكات بەهەركەس بیەوێت كچ دەبەخشێت و بە هەر كەس بیەوێت كوڕ دەبەخشێت.

خوای گەورە وەك لەم ئایەتەی باسی دەكەین ئەو پێناخوش بوونەی لە كاتی بونی كچاندا لە لایەن نەزانەكانەوە بە خراپ داناوە كە دەفەرموێت: [وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدّاً وَهُوَ كَظِيمٌ (*) يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ] النحل ٥٨-٥٩ .

واتە (خو ئەگەر مژدەی بوونی كچ بدرێت بە یەكیك لەو نەفامانە ڕووی گرژ و تاڵ دەبێت و ڕەش

دادەگیرسێت و سنگی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە وە لە داخ و خەفەتی ئەو مژدە ناخۆشە خۆی دەشارێتەوە لە خەڵكی و بە تەنها بیردەكاتەوە.ئایە بیهێڵێتەوە بە زەلیلی و بێ نرخی یاخود زیندە بە چاڵی بكات و بیخاتە توێی خاكەوە.

خەڵكی لە نەفامیدا لە پێش ئیسلام كچانیان خۆش نە دەویست بەڵكو هی وایان هەبوو لە خیزانەكەی تورە بوو لێی دووركەوتووەتەوە بەهۆی ئەوەی كوڕی بۆ نەهێناوە چونكە كۆمەڵگەیەكی پڕ لە تایفەگەری وشەڕوشۆڕ بووە حەزیان لە كوڕ كردووە كە پیویستی ژیانیان بەوە هەبووە تاوەكو خۆری ئیسلام دەركەوتووە هیچ لەو ڕەگەز پەرستی و تایفەگەریانەی نەهێشتووە و بانگەشەی چاكێتی و گەورەی بەخیوكردن وپەروەردەكردنی كچانی ڕاگەیاندووە جارێك بەوەی كە قەڵغانە لە ئاگری دۆزەخ

وەك عائیشە ی دایكی ئیمانداران دەفەرموێت: [دخلت إمرأة ومعها ابنتان لها تسأل فلم تجد عندي شيئاً غير تمر سأعطيتها إياها فقسمتها بين ابنتيها ولم تأكل منها ثم قامت من فخرجت فدخل النبي صلى الله عليه وسلم علينا فأخبرته فقال من ابتلي من هذه البنات بشيء فأحسن اليهن كن له ستراً من النار] رواه البخاري والمسلم

واتە(ئافرەتێك هاتە ژورەوە و دوو كچی خۆی لەگەڵ بوو وە داوای خواردنی كرد جا هیچ خواردنی لای من نەدۆزیەوە تەنها دەنكە خورمایەك نەبێت منیش ئەوەم پێدا و ئەویش لەنیوان هەردوو كچەكەیدا دابەشی كردو خۆی لێی نەخوارد پاشان هەستاو رۆیشت جا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هاتە ژورەوە منیش هەواڵم پێدا و ئەویش فەرمووی هەركەس خوا لەو كچانەی بداتێ وە چاكەیان لە گەڵدا بكات ئەوا دەبنە قەڵغان بۆی لە ئاگر.

وە جارێكی تر بەوەی كە دەبنە هۆی چونە بەهەشتەوە وەك دایكە عائیشە دەفەرموێت: [جائتني مسكينة تحمل ابنتين لها فأطعمتها ثلاث تمرات فأعطيت كلَ واحدة منهن تمرة ورفعت الى فيها تمرة لتأكلها فاستطعمتها ابنتاها فشقت التمرة التي كانت تريد أن تأكلها بينهما فأعجبني شأنها فذكرت الذي صنعت لرسول الله صلى الله عليه وسلم فقال ان الله قد أوجب لها الجنة أو أعتقها بها من النار.] رواه مسلم

واتە (ئافرەتێکی هەژار هات بۆ لام و دوو کچی خۆی بە باوەشەوە بوو منیش سێ دەنکە خورمام پێدان ئەویش هەریەك خورمایەکی پێدان و دەنکە خورمایەکی برد بۆ دەمی بۆ ئەوەی بیخوات جا کچەکان بینیان داوای خواردنی ئەوەشیان کرد ئەویش کردی بە دوو کەرتەوە منیش ئەمەم لا سەیر بوو بۆیە ئەوەی کە کردی بۆ پێغەمبەری خوام (صلی الله علیه وسلم) گێڕایەوە ئەویش فەرمووی بەڕاستی خوای گەورە بەهەشتی بۆ داناوە یان ڕزگاری کردووە لە ئاگر.

وە جارێکی تر بەوەی پلەو پایە بەرزدەکاتەوە وەك (أنس)ی کوری مالك دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: [من عال جاريتين حتى تبلغا جاء يوم القيامة أنا وهو وضم أصابعه] رواه مسلم.

واتە(هەرکەسێ دوو کچ بەخێو بکات تاوەکو پێدەگەن ئەوا لەڕۆژی قیامەتدا من و ئەو بەیەکەوەین جا هەردوو پەنجەی شایەتومان و ناوەراستی بەیەکەوە نوساند.

کەوابوو دەرکەوت فەزڵی بەخێوکردن کچ چەندە گەورەیە لە ئیسلامدا زۆر گرنگی پێدراوە ئەمەش لەبەر ئەوەی باوکان دایکان هەروەها کەسانی تری بەخێوکاریش کەمتەرخەمی نەکەن و جیاوازی لە نیوان کچ و کوڕدا نەکەن چونکە خەڵکی زۆر جار لەبەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان گرنگی بە کوڕان دەدەن

بەڵام لە ئیسلامدا دەبینی لە پرۆسەی هاوسەر گیریدا دەبێ کوڕ مارەیی بە کچ بدات لەکاتێکدا هەردووکیان هاوبەشن لەو پرۆسە یەدا،هەروەها چۆن پێش مێردکردنی ژیانی بۆ دابین کراوە لە لایەن باوك و براکانیەوە.دەبێ مێردی ژیانی بۆ دابین بکات ئەمانەو چەندین شتی تریش هەمووی ڕێزن بۆ کچان و ئافرەتان.

ئەنجا بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە گوایە جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕدا کراوە لەسەربڕینی حەیوانی گوێزەبانە کە گوایە ئەو دوو دانەی کوڕ بەڵگەبێت لەسەر چاکێتی بەسەر کچدا کەیەك دانەی بۆ دەکرێت من دەپرسم کوا بەڵگەی چاکیتی و فەزڵ لەو دەقانەی لەسەر ئەم بابەتە هاتوون بۆ ڕونکردنەوەی ئەمەی کە گوتمان وا باشترە بەڵگەکان بخرێنە ڕوو چونکە ئەگەر تەماشای فەرموودەکان بکەین نابینین

نەك بە ڕاشكاوی بەڵكو بە ئاماژەش ئەم جیاوازیەی تیا نیە ئەنجا بۆ ئەم مەسەلەیە پیویستە مانای عەقیقەو گوێزەبانە بزانین لە زمان و زاراوەی شەرعدا چین وە بپرسین ئایا عەقیقە شوكرو سوپاسی خوایە لەسەر ئەوەی پێیداوین یان ئەرك و پێویستیە دەبێ ئەنجامی بدەین یان هەردووكیانە وە عەقیقە بۆچی وە ئەو فەرمودانەی لەم بارەیەوە هاتوون چییان لێوە فێر دەبین فەرموودەكانیش:

١) عن سلمان بن عمار الصَّبى قال سمعت رسول الله (صلي الله عليه وسلم) يقول مع الغلام عقيقه فأهريقوا عنه دماً وأميطوا عنه الأذى) رواه البخاري

واتە (لەگەڵ مندالّی لە دایك بوودا عقیقە هەیە ئێوەش لە جیاتی ئەوە خوێن بڕێژن و نارەحەتی و پیسیەكان لەسەری ڕامالّن و لاببەن.

عەقیقە لە زماندا وەرگیراوە لە عقَ يَعِقُ كە بە (كسر و ضم)ی پیتی عەین ماناشی ئەو قژەیە بەسەر مندالّەوە لە كاتی لە دایك بووندا

بەلّام لەزاراوەی شەرعدا بریتیە لەوحەیوانەی لە حەوتەم ڕۆژی لە دایك بوونی مندالّدا سەر دەبڕێت كە لەورۆژەدا سەری دەتاشرێت و ئەوقژەی كە پێی دەگوترێت عەقیقە لادەبرێت بۆیە حەیوانەكەش بەوەوە ناسراوە.كەوا بوو مانای فەرمودەكە كە فەرمووی (مع الغلام عقيقة) بەم شێوەیە دەبێت عەقیقە پێویستەسەربرێت لەگەڵ لە دایك بوونی مندالّدا(لە حەوتەم ڕۆژدا بەپێی سونەت كە لەوبارەیەوە هاتووە).

١) عن بريدة عن النبي صلى الله عليه وسلم قال (كل مولود مرتهن بعقيقة) رواه الطبراني في المعجم الاوسط ٣٣٧٢ وعن سلمان بن عامر الصنبى قال قال رسول الله صلي الله عليه وسلم (كل مولود مرتهن بعقيقه فأهريقوا عنه دماً وأميطوا عنه الأذي)رواه الطبراني في الكبير برقم ٦٢٠٣و٦٠٧٩ بلفظ مع الغلام عقيقة فأهريقوا عنه الدم و أميطوا عنه الأذي).

واتە(هەموو مندالّێك بارمتەو بەندە بە عەقیقەكەیەوە واتە بەستراو و پەیوەستە بە ئەنجام دانی عەقیقە بۆی كە كرا ئازاد دەبێت.

بۆ تەفیسیری ئەمەش چەند ڕایەكی جیاواز هەن لەوانە:

أ)ئیمامی احمد دەفەرموێت بەند و قەدەغەكراوە لە تكاكردن بۆ دایك و باوكی ئەگەر بەمنداڵی مرد تاوەكو ئەوەی بۆ دەكرێت.

ب) عەقیقە منداڵ ڕزگار دەكات لە دەستی شەیتان و ڕزگاری دەبێت لەوكۆت و بەندەی شەیتان بۆ هەوڵدان بۆ بەرژەوەندیەكانی دوا ڕۆژی وەك ابن القیم و كەسانی تریش دەفەرموون.

ج) منداڵێك ئەگەر عەقیقەو سەرتاشینی بۆ نەكرێت گەشە ناكات وەك نمونە و هاوشێوەكانی خۆی بروانە تحفة المحتاج في شرح المنهاج وە تحفة الحبيب علي شرح الخطيب للبجيرمي.

٣) عن الحسن بن السمرة عن النبي صلى الله عليه وسلم قال كل مولود مرتهن بعقيقه يذبح عنه بدم يوم سابِعِهِ ويسمي ويحلق)المعجم الكبير للطبراني ٦٩٣١ . واتە (هەموو منداڵكی لە دایك بوو بارمتەو بەندە بە كردنی عەقیقەكەیەوە كە ڕۆژی حەوتەم بۆی سەردەبرێت وە لە هەمان ڕۆژدا ناوی لێدەنرێت و سەری دەتاشرێت.

٤) كل مولود مرتهن بعقيقته تذبح عنه يوم سابعه)رواه الترمذي ١٥٢٢ و ابن ماجه ٣١٦٥ و أصله في البخاري ٥٤٧١ و٥٤٧٢.

٥) عن علي رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم عق عن الحسن بكبش وقال يا فاطمة احلقي رأسه وتصدقي بزنه شعره فضة) رواه الترمذي.

ئەمانە ئەو فەرمودانەی كە لەم مەسەلەیەدا ئەصلن دەبینی هیچ فەرمووده و گۆ و ریوایەتێك باسی ئەوەی تێدا نیە باسی لەچاكێتی كوربەسەر كچدا بكات لە سەر برینی حەیوانی گوێزەبانە كەوابوو هەندێ لە زانایان دەیڵێن تەنها ڕاو بۆ چونێكە بو نیادیان ناوە لەسەر ئەوەی كە عەقیقە كارێكە مەبەست پێی:

١) خۆشی دەربڕینە.

٢) سوپاسكردنی خوایە.

٣) ئاشكراكردنی خزمایەتی و پەیوەندی نێوان منداڵ و باوك و دایكێتی.

٤) ئاشكراكردنی پلەوپایەی كورانە وەك ئەم زانایانە وتویانە

١) الشيرازي لە مهذب دا ئـەڵێ (ولأ نها إنما شرع للسرور بالمولود و السرور بالغلام أكثر مكان الذبح عنه أكثر).

واتە(عەقیقە تەنها بۆ خۆشی دەربڕینە بە بوونی منداڵەکە وە دڵخۆش بوونیش بە کوڕ زۆرترە بۆیە سەربڕین بۆی زیاترە.

وەڵاممان بۆ ئەم وتەیە ئەوەیە کوا بەڵگە کە هۆکاری سەربڕینی ئاژەڵ بۆ منداڵ خۆشی دەربڕینە لە کاتیکدا ئەگەر مرۆڤەکانیش ڕازی بن بە کچ و کوڕیش وەڕقیان لە کچان نەبێت بەڵام ئەگەر کوڕان بێت زیاتر پێی دڵخۆش بن ئەوە نازانم هیچ بەڵگەیەك لەسەر حەرامێتی هەبێت وە ناخ و فیترەتی زۆرینەی خەڵك وایە بۆ نمونە ئەگەر خێزانێك هیچ منداڵێکیان نەبێت لە دوای چەندین ساڵ ڕازی دەبن کە تەنها کچیان هەبێت هەروەها ئەگەر خێزانیك چەندین کچیان هەبێت هەربەتەمای کوڕێکن چونکە بە هۆی ئەوەوە ڕەچەڵەکی پیاوەکە دەمێنێت ،بەڵام ئەوەی بە جەزم بڵێت ئەم حوکمە تەشریع کراوە لەبەرفڵانە (علە) و هۆکار ئەوە پێویستی بە بەڵگە هەیە ئەوەش بزانە (علە)ی حوکمەکان بەسێ شێوە دەدۆزرێتەوە

١) قورئان و سونەت

٢) ئیجماع

٣) دەرهێنان (الاستنباط) ی زانایان

کە جۆری سێ یەمیان جێگەی خیلاڤ زانایانە ئەوانەی قیاس جیگیر دەکەن و ئەوانەی نەفی دەکەن بەڵام جۆری یەکەم و دووەم زۆرینەی ئەانەی قیاسیش نەفی دەکەن باوەڕیان پێان هەیە ئەوەش بزانە جۆری یەکەم دەبێت بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: بە ڕاشکاوانە باسکردنی عیللە وەك ﴿رُسُلاً مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لأَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ﴾ النساء ١٦٥ دەبینی عیللە لە ناردنی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت لە لایەن خواوە جلە جلالە بریتیە لە ﴿لأَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ﴾

واتە بۆ ئەوەی خەڵکی لە دوای ناردنی پێغەمبەران هیچ بیانویەکیان نەبێت بە سەر خواوە

بەشی دووەم / ئاگاداری لەسەر هەبوونی عیللە (التنبیه علی العلة) ئەمەش بەچەند دەستەواژەیەك دەكرێت وە لە أصول دا هاتووە یەكێك لەوانە بریتیەیە لە وصف یعقبة حكم مقترن بالفاء واتە وەسفێك حوكمێكی بەدوادابێت بەسترابێت بە پیتی (فا)وە وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ﴾ البقرة ٢٢٢

وەسفەكە كە عیللەی حوكمەكەیە بریتیە (أَذًى) حوكمەكەش بەستراوە بە (فا)وە بریتیە لە (فَاعْتَزِلُوا).

كە ئەم مەسەلەی خۆمان لە خزمەتی داین لەم جۆرەیە كە ئەمەش دەقی فەرموودەكەیە (الغلام مرتهن بعقيقه فأهريقوا عنه الدم و أزيلو عنه الأذى)رواه البخاري

وەسفەكە لێرەدا كەعیللەی حوكمەكەیە بریتیە لە (مرتهن بعقيقتة) حوكمەكەش بەستراوە بە (فا)وە بریتیە لە (فأهريقوا) وە أزيلو عنه.

بەمەش دەتوانین بڵێین ئەوەی كە لە مهذب دا هاتووە وانیە كە دەڵێن تەنها لەبەر خۆشی دەربرینە.

٢/ شيخ عبد الرحمن ناصر السعدي لە ارشاد أولى البصائر والالباب لنيل الفقة ج١ لاپەرە ٩٢٥ ئەڵێ :

(وأما العقيقة عن المولود فشرعت شكراً لله تعالى على نعمة على العبد بحصول الولد و ضوعف الذكر على الانثى أو لإظهار المزيه ولأنَ النعمة به أتم والسروربه أوفر وتفاؤلاً بانَ هذه العقيقة فادية للمولود من أنواع الشرور و إدلال على الكريم برجاء هذا المقصد وتتميماً لأخلاق المولود).

كورتەی ئەم مەسەلەیەش ئەوەیە كە ئەم حوكمە تەشریع كراوە لەبەر سوپاسكردنی خوای گەورە لەسەر بەخشینی ئەم نیعمەتەیە وە بۆ كوڕیش دوو حەیوان دانراوە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان كوڕو كچ وە چونكە نیعمەتی پێدانی كوڕ تەواو تروخۆشی بۆ كردنی زیاترە دە بۆ گەیشتنی بەوەی ئەم عەقیقەیە خراپەكان لەسەر لە دایكبووەكە نەهێلێ وە....هتد).دەبینی لەم قسانەدا تەنها ئەو برگەیە بەڵگەی لەسەرە كە دەفەرموێت (عەقیقە خراپەكان نەهێڵێ)

وەدرێژەی وەڵاممان بۆ ئەم قسانە هەمان وەڵامی خاڵی یەکەمە.

٣) شیخ زکریا الانصاري لە (أسني المطالب في شرح روض الطالب دا ئـەڵێ و المعـني فيـة إظهـار – البشرية والنعمة ونشر النسب....)

واتە مەبەست و مانای ئەنجامدانی (عقیقة)دەرخستنی خۆشی ونیعمەتی منداڵ پێبەخشین و پـەخش کردنی خزمایەتی و نەژاد و ڕەچەڵەکە لە ڕاستیدا ئەمانەش بە فەرمودەکاندا نە هاتوون ئەوەندە هەیە بڵێن ئەگەر ئەوسودانەش هەیە بەڵام ناتوانرێ بگوترێ عیللە و هۆکاری حوکمن.

٤) المناوي لە (الفيض القدير) دا لە پێشەوا شافعی دەگێڕێتەوە (والشافعي ندب ذبح شاتين عن الـذكر إظهاراً لشرفه وإبانة لمحله لذا فضل به على الانثى...).

واتە(پێشەوا شافعی سەربڕینی دوو حەیوانی بۆ کوڕ بە سونەت داناوە لەبەر چاکێتی پلەوپایەی کوڕبەسەر کچ ەوەلە ڕاستیدا ئەم قسەیە هیچ بەڵگەیەکی لە فەرموودەکاندا تیانیە.

لە کۆتاییدا دەرکەوت لەم فەرموودانەدا باس لە جیاوازی نێوان کـوڕو کـچ نـەکراوە وە سـەربڕینی دوو حەیوانیش بۆ کوڕان بۆ چاکێتی خودی کوڕان نیە بەسەر کچانەوە.

وە ئەگەر لای دایکـان و باوکـانیش هـەبێت لەبـەر پێوسـتی ژیـان و مانـەوەی نـەژاد و هێـزو...هتـد ئەمانە ناکاتە ئەوەی جیاوازی لە نێوان خودی منداڵەکان هـەبێت بۆیـە کۆتـای وەڵامەکـەم بـەوە دێـنم کـە کوڕان پێویستیانبە سەربڕینی دوو حەیوان هەیە بۆ ڕزگار بوونیان لەو بەندەی کـە باسـکراوە وە کـچانیش پێویستیان بەیەك حەیوان هەیە.

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

٢٢٥ / باشە بۆچی خوای گەورە لە قورئاندا ژمارەی (أصحاب الكهف)ی دیاری نەکردوە ئەڵێن گوایە ئەمە دەلیلە لەسەر ئەوەی کە قورئان هی خوا گیان نیە هی کەسێکە کە ئەو شتە غەیبیانە نازانێت.

وەڵام : بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

پێشەکی نابێ پرسیار بکرێت بۆچی خوای گەورە دیاری نەکردوە چونکە دەفەرموێ: ﴿لا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ﴾ واتە: پرسیاری لێ ناکرێت بۆچی ئەوە دەکات لە کاتێکدا ئەوان پرسیاریان لێدەکرێت دەربارەی ئەوەی دەیکەن.

بەڵام دەکرێ بگوترێ ئایا حیکمەتی زانراو هەیە لە باسنەکردنی ژمارەی هاوەڵانی ئەشکەوت لە وەڵامدا بەڵێ وانەیەکی پەروەدەیی فێردەبین لەم بەسەرهاتە کە ناوەڕۆکی چیرۆکەکان مەبەستن و ئادەمیزاد کەڵکیان لێ وەردەگرن نەك شتە ڕوکەش و لاوەکیەکان لە ڕاستی دا ئەگەر ژمارەی هاوەڵانی ئەشکەوت پێنج بێن یان شەش یان حەوت هیچ لە ئەسڵی چیرۆکەکە ناگۆڕێت وە ناویان بزانرێت یان نا وە ڕەنگی سەگەکەیان بزانرێت یان نا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت جا خوای گەورە لە گەڵ باسکردنی چیرۆکەکە ئەوەشی فێرکردووین کە خەڵکانی پێش ئێمە گرنی بە شتی لاوەکی ئەدەن و جیاوازی دروست ئەکەن وە لە حەقیقەتی ژمارەکەش زانا نین بەڵکە لە خۆیانەوە قسە دەکەن وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿رَجْماً بِالْغَيْبِ﴾ واتە: هەروەها بەنەزانیەوە قسە دەکەن.

بەڵام خوای گەورە ژمارەکەیان دەزانێت و دەفەرموێت: ﴿مَا يَعْلَمُهُمْ إِلاَّ قَلِيلٌ﴾

کەواتە خۆی دەیزانێت و ئەو زانیاریەشی داوە بە هەندێك لە خەڵکی.

بۆیە ابن عباس رضي الله عنه دەڵێ من لەوانەم کە دەیزانن ژمارەیان حەوت کەس بووە کەوا بوو ئەگەر زانرا شتێکی باشە بەڵام خۆمانی پێوە سەرقاڵ ناکەین وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلا تُمَارِ فِيهِمْ إِلاَّ مِرَاءً ظَاهِراً﴾

واتە: لە موجادەلە لە دیاری کرنیان مەکە مەگەر ڕوکەش نەبێت کەتەنها بلێیت وا نیە کە ئێوە دەڵێن ئەمەش بەڵگە لەسەر ئەوەی کە گرنی بە شتی لاوەکی نەدرێت لەبەسەرهات و چیرۆکەکاندا.

وە بڕگەی دووەمی پرسیارەکە [**کە گوایە ئەمە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە قورئان کەلامی خوا نیە**] ئەڵێم: نەخێر وا نیە چونکە خوای گەورە چیرۆکەکە لە سەر زمانی ئادەمیزادەوە دەگێڕێتەوە وە بەڕاشکاوی ئەفەرموێت: ﴿قُلْ رَبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِمْ﴾

واتە خوای گەورە لە هەموو کەس باشتر ژمارەیان دەزانیٚ ئەوەندە هەیە بلێین حیکمەت لە باسنەکردنی ژمارەیان لە لایەن خوای گەورەوە چیە؟ ئەمەش وەك باسمان کرد لەبەر ئەوەیە کە قورئان وریا کردنەوەیەکی داوە بە خەڵکی کە جیاوازی لە شتی وا دروست نەکەن لەبەر ئەوەی خەڵکی ڕابهێنێت لەسەر واز هێنان لەو شتانەی کە سوودی بۆ دونیاو ئاینی خەڵك تیادا نیە هەرچەندە ئامـاژەی کردوە بە ژمارەکەیان چونکە ڕا جیاوازەکانی باس کردوە کە سیٚ ڕای جیاوازن بۆ دوانیان دەفەرمویٚ: ﴿سَيَقُولُونَ ثَلاثَةٌ رَابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْماً بِالْغَيْبِ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ﴾

لە سێیەمدا هیچ نالیٚ وەك دەفەرمویٚ:

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ژمارەیان حەوت کەس بووە جا نازانم ئەمە چۆن دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە قورئان هی خوا نیە بە پێچەوانەوە چونکە قسەکانی ئەوانی ڕەد کردەوە و زانیاری تەواوی دایەتە پاڵ خۆی کەوابوو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان هی خوایە نەك مرۆڤەکان.

لە کۆتایدا ئەڵێم وشەی خوا گیان بە کارنەهێرێت باشترە چونکە یەکێك لە ماناکانی ئەوەدەگەیەنێت کە خوا ڕوحی منە وە مانای تریش هەڵدەگرێت کە ڕوحم بە فیدای خوا بێت کەواتە دووربن لەم زاراوانە باشترە.خواش زاناترە.

پاشکۆی ئەم کتێبەیە

بریتی یە لە سەرجەم دیدار و چاوپێکەوتنەکانی

بەڕێز مامۆستا خلیل أحمد

لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا

دیداری

گۆڤاری ڕێگای شەرع

لەگەڵ بەڕێز مامۆستا خليل أحمد

سەلەفییەت چییەو بەکێ دەوترێ سەلەفی؟ بنەما سەرەکییەکانی سەلەفییەت چین؟ ئەو گرفتانە چین لەمەنهەج و دنیابینیی سەلەفییەتدا هەن؟ لەکوردستاندا سەلەفییەکان تا چەند بوونیان هەیە؟ بۆچی سەلەفییەکان دژایەتیی ئیسلامییەکانی تر دەکەنو دژی حزبایەتین؟ بۆچی ئیسلامییەکانی تر سەلەفییەکان بەدەستی دەسەڵات دەزانن؟ هەندێك لەسەلەفییەکان خۆپیشاندان بەحەرامدەزانو سەرکردەکانی وڵاتانی موسوڵماننشین بە(وەلی ئەمر) دادەنێنو پێیانوایە نابێت دژایەتییان بکرێ، ئایا ئەم کارانەی سەلەفییەکان جۆرێك نیین لەبیدعە، چونکە ئەمەیش بریتییە لەدۆستایەتیکردنی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانو دژایەتیکردنی موسوڵمانان؟ ئەمانەو چەندین پرسیاریتر لەم دیدارەدا ئاڕاستەی بەڕێز مامۆستا خەلیل ئەحمەد" کەسایەتیی دیاری نێو سەلەفییەکانی کەلار، کراوە ئەویش بەڕێزەوە وەڵامی پرسیارەکانی (ڕێگای شەرع)ی داوەتەوە.

پرسیاری یەكەم : سەرەتا ئەگەر بتوانی پێناسەیەكی سەلەفیمان بۆ بكەیت ، وە بە كێ دەوترێت سەلەفی ؟ئایا سەلەفی لە كوردستاندا تا چەند بونیان هەیە؟

ماموٚستا خلیل أحمد: بسم الله الرحمن الرحیم

سەلەفی بەو كەسە دەگوترێت شوێن كەوتەی پەیڕەوی سەلەف بێت ، ئەوەش بریتیە لە جێبەجێ كردنی قورئان و سوننەت بەتێگەشتنی سەلەف (هاوەڵەكانی پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم و ئەوانەی دوای ئەوان و ئەوانەی دوای ئەوانیش) هەروەك پرسیار كراوە لە لیژنەی هەمیشەیی فەتوای سعودی ژمارە (١٣٦١) (١/١٦٥)

س :ماهي السلفية ومارأيكم فيها ؟

ج: السلفية نسبة إلى السلف والسلف هم صحابة رسول الله صلى الله عليه وسلم وأئمة الهدى من أهل القرون الثلاثة الأولى رضي الله عنهم الذين شهد لهم رسول الله صلى الله عليه وسلم بالخير في قوله (خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم ثم يجيء أقوام تسبق شهادة أحدهم يمينه ويمينه شهادته) رواه أحمد والبخاري ومسلم والسلفيون جمع سلفي نسبة إلى السلف وقد تقدم معناه وهم الذين ساروا على منهاج السلف من اتباع الكتاب والسنة والدعوة إليهما فكانوا بذلك أهل السنة والجماعة ، وبالله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

پرسیار : سەلەفییەت چیە وەڕاتان چیە بەرامبەری ؟

وەڵام : سەلەفییەت نیسبەتە بۆ لای سەلەف وەسەلەفیش هاوەڵەكانی پێغەمبەری خودان صلی الله علیه وسلم وەپێشەوایانی ڕێگای هیدایەتن لەسێ سەدەی یەكەم ڕەزای خوایان لەسەر بێت ئەوانەی كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم شایەتی خەیری بۆ داون لە فەرمودەی (چاكترینی خەڵك سەدەی منن پاشان ئەوانەی لە دوایان دێن پاشان ئەوانەی لەدوایان دێن پاشان قەومی وادێن كە شایەتیان پێش سوێندیان ئەكەوێ وەسوێندیان پێش شایەتییان ، وەسەلەفییەكان : كۆی سەلەفی یە ، نیسبەتە بۆ لای سەلەف وەماناكەی پێشتر كرا وەئەوان ئەوكەسانەن كە لەسەر مەنهەجی سەلەفن لە شوێن كەوتنی كیتاب و سوننەت وە بانگەوازكردن بۆیان وەكاركردن پێیان وە بەوەش بوون بە ئەهلی سوننەت و جەماعەت) .

جا هەركەسێك هەڵگری ئەو بەرنامەیە بێت لەبیرو باوەڕو وتەو كردەوە ئەوە سەلەفییە إن شاء الله وەلە كوردستاندا سوپاس بۆ خودا بونێكی بەرچاویان هەیەو سەرچاوەی زانستی شەرعی و

بانگەوازن بۆ خواپەرستی و شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم دور لەزیادەڕەوی وکورت ڕەوی وەخاوەنی چەندین مزگەوت ووتار خوێن و مامۆستا و کەسایەتی ناسراون .

پرسیاری دووەم : بۆچی سەلەفیەکان دژایەتی ئیسلامیەکان دەکەن؟وە ئیسلامیەکان ئێوە بە پیاوی دەسەڵات ئەزانن بە حوکمی ئەوەی قەت لەسەر دەسەڵات قسە ناکەن .

مامۆستا خلیل أحمد: نابێت دژایەتی موسڵمانان بکرێت بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ برایەتی دۆستایەتیان لەگەڵ بکرێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ .

وەپێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم لە حەدیسی أبو هریره کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی دەکات دەفەرموێت : ((....لاَ تَحَاسَدُوا ، وَلاَ تَنَاجَشُوا ، وَلاَ تَبَاغَضُوا ، وَلاَ تَدَابَرُوا ، وَلاَ يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ ، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا ... الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ ، لاَ يَظْلِمُهُ ، وَلاَ يَخْذُلُهُ ، وَلاَ يَحْقِرُهُ ، التَّقْوَى هَا هُنَا وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ، بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ .))

مناجشة : واتە : لە موزایەدا دا نرخ زیاد بکەیت ، وە مەبەستیش نەبێت ئەو شمەکە بکرێت .

وَلاَ تَبَاغَضُوا: واتە : ئەو هۆکارە مەگرنە بەر کە دەبێتە مایەی ڕقبونەوەتان لە یەکتر چ جای ڕق هەبوون لەیەکتر و دژایەتی کردنی ، وە ئەگەر شتێك لەوانە کەوتە دڵتانەوە ئەوە پێداگربن لەسەر نەهێشتن و ڕامالێنی لە دڵەکانتاندا .

وَلاَ تَدَابَرُوا: واتە : پشت لەیەکتر مەکەن واتە : لە بیروڕاکانتاندا .

پێویستە موسڵمانان لەسەر ئەو فەرمودەیە ، و هاوشێوەکانی بڕۆن و هەنگاو هەڵگرن .

بەڵام ئەوەندە هەیە ئێمە چۆن بایەخ بەم لایەنە گرنگە دەدەین پێویستە ئێمە و باقی موسڵمانانیش لایەنی دەست گرتن بەشەرعەوە ، و کارکردن بەتەواوی شەرع و سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویستمان فەرامۆش نەکەن خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ﴾ یان دەفەرموێت : ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ﴾ وە دەفەرموێت : ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾

وە پێغەمبەری خۆشەویستمان صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو ردّ) رواه مسلم ، **وە دەفەرمویت** : (مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَراً فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسانِهِ، وإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ ٱلإِيمَانِ) رواه مسلم .

لە ڕوانگەی ئەم دەقانەی باسمان کردن و چەندین دەقی تریش پێویستە لە سنوری ئاینەکەماندا بوەستین و پێشێلکاری نەکەین ئەم هەڵوێستەش سەلەفەیەکان زۆر بایەخی پێدەدەن و لەسەری ڕادەوەستن ئەگینا مەبەستیان دژایەتی کردن نیە بەڵکو بە پێچەوانەوە مەبەستیان دڵسۆزی و تەکمیل کردنی موسڵمانانە ، وە عینوانی خەمخۆریانە بۆ دین و ژین و خەڵك و وڵاتیش ئەگینا هیچ بەرژەوەندیەکی خۆیانی تێدا بەدی نایەت ئەی کوا بەرژەوەندی و دونیا خۆری ئەگەر تۆ بانگەشەی جیٚ بە جیٚ کردنی تەواوی تەوجیهات و تەعلیماتی ئیسلام تەنانەت بەسەر خۆشتدا بکەیت.

ئەو برگەی کە لە پرسیارەکەدا هاتووە و دەڵێت : ئیسلامیەکان ئێوە بە پیاوی دەسەڵات ئەزانن....

لە وەڵامدا ئەڵێم نا وانیە هەموو ئیسلامیەکان سەلەفیەکان بە پیاوی دەسەڵات نازانن ئەوە لێدوانی چەند کەسێکی نا مەسئولە و حیساب بۆ قسەی خۆ نەکردووە و ئەو چەواشەکاریيانە ئەنجام ئەدات ، ئەنجا ناکرێت و لە کوێی دونیا دا هەیە ڕەوتێك هەمووی خۆفرۆش و بەکریٚ گیراو و پیاوی خەڵکی تر بێت ، وە نە دەسەڵاتیش پەکی کەوتووە لەبەر سەلەفییەکان ، هەروەها دەبێت دەرس لەوەش وەربگیرێت بۆ سەلەفیەکان ئیسلامیەکان تۆمەتبار ناکەن بە خۆفرۆش و پیاوی کەسانی تر هەمان ئیحتیمال واریدە لەسەر ئەوانیش بەڵام ئێمە هەڵس و کەوت بە ئادابە شەرعیەکان دەکەین ، وە بەریشین لەوەی نەیارەکانمان تەنها لەبەر ئەوەی نەیارمانن بەوانە تۆمەتبار بکات .

هەروەها ئەوانەی بەو شتانە تۆمەتبارمان دەکەن یان لە نزیکەوە ناماننناسن یان پاڵنەرێکی خراپ کاری تێکردوون ئەو قسانە بکەن بەهەر حاڵ خوای گەورە لە هەموو لایەکمان ببورێت ،.

ئەنجا قسەکردن لەسەر دەسەڵات ئێمە نایشارینەوە قسەکردنمان یان نەکردنمان بایەخی هەیە و بەنرخە هەروەها ئاسان نیە ئەگەر هەڵوێستمان هەبێت لە دەستنیشان کردنی هەڵە و کەم و کوڕی و حوکم بەسەر کاربەدەستاندا ، وە لەکاتی گونجاو و بەرژەوەندی شەرع ، و جەماوەری موسڵماناندا قسە دەکرێت ، نەك نانەوەی ئاشوب و فیتنە ، وە ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر لە

تواناماندا هەبێت ، وە ئەگەر نا ئەوە بێدەنگ دەبین ، وە بێدەنگیشمان ئەوە ناگەیەنێت ئێمە شەریکین لە خراپەی هیچ خراپەکارێکدا بەڵام سیستمی شەرعیمان هەیە بۆ ئینکاری مونکەر لەوانەشە کەسانێك لە دابەزاندنی ئەو سیستمەدا جیاوازبن لەگەڵماندا ئەوە ئێمە مادام شتەکە ئیجتیهادی بێت ئەوە ناکەینە گرفت لەگەڵیاندا بەمەرجێك دەستەواژەی دژ بە دین دروست نەکەن .

پرسیاری سێ یەم : ئێوەی سەلەفی زۆر جار لە برایەتی نێوان موسڵمانان ئەکەن بەڵام نابینین ئەم برایەتیەتان لەگەڵ ئیسلامیەکاندا هەبێت ؟ ئەی ئەوانیش هەر براتان نین وەکو لە فەرمووەدا هاتووە موسڵمان برای موسڵمانە؟

ماموٚستا خليل أحمد: لە وەڵامی پرسیاری پێشوو دا وەڵام دراوەتەوە

پرسیاری چوارەم : باس لەوە دەکرێت ئێوەی سەلەفی دژایەتی حزبایەتین کەچی خۆتان و بەرنامەکانتان هەمووی وەکو شێوەی حزب وایە ، وە خەڵکی تایبەت بە خۆتان هەیە ، و ئەوانەشی لەگەڵتانن تەنها کتێبی ماموٚستایانی خۆتانن بخوێننەوە واتە ئەبێت ببنە پیاوی خۆتان وە لە ژێر بیروبۆچونەکانتاندا بن ئەی ئەمەش جۆرێك نیە لە حزبایەتی ؟

ماموٚستا خليل أحمد: بەڵێ ئێمە سیستمی حزبی سیاسی لە وڵاتی ئیسلامدا بەخراپ دەزانین و دژایەتیشمان کردووە ، وە بەدیلیشمان چەندین جار خستۆتە ڕوو ئەی مەگەر هەر دەستەواژەی حزبی سیاسی نیە تەواوی ئاین و نەتەوەو خاك و نیشتیمانی لاواز کردووە؟ هەر بەرژەوەندی تەسکی حزبی نیە ئەو هەموو ڕق وکینە و دژایەتی و پارچە پارچەبونەی خاك و هێز و سامان و ئیدارەی لێکەوتوەتەوە؟ من نازانم براکوژی چ پاساوێکی هەیە؟ ئەگەر حزبایەتی نەبوایە موسڵمان موسڵمان بکوژێت ، کوردێك کوردێکی تر بکوژێت ، ئەگەر دەمارگیری کەس و لایەن و حیزب نەبێت چی وای کرد ڕۆحیان لەدەست بچێت؟

ئەی ئەگەر موسڵمانان بۆ نموونە واز لە حزبایەتی بێنن و کار بەم ئایەتە بکەن کە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ **وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا**﴾ ئایا کارێکی خراپیان ئەنجام داوە؟ یان ئەگەر هەموو کوردێك رابیتەی کوردایەتی پێکەوە بیانبەستێتەوە ، و واز لە حیزبایەتی بێنن

ئەوە لە دیدی کەسێکی کورددا ئایا کارێکی خراپیان کردووە؟ هەروەها کەس و لایەنەکانی تریش .

بۆ ئەوەی کە ئێمە بەرنامەکانمان وەك حیزبە من بە دوو خالْ وەلْامی دەدەمەوە :

یەکەم : پێناسەی حیزبی سیاسی لە فەرهەنگی سیاسەتدا پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە کە بەکورتی ئەمە پوختەکەیەتی (کۆبونەوەی کەسانێك لەسەر شێوازی ڕێکخستنی هەرەمی و بونی پەیڕەوی داخلی و خارجی بۆ هەوڵدان بۆ چونە سەر حوکم).

ئەگەر ئەم پوختەیە تاقی بکەینەوە بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و باقی پارتە سیاسیەکانی تر ئەوا دەبینی ئەمانە حیزبی سیاسین و تەواوی بەندەکانی ناو پێناسەکە دەیانگرێتەوە ، بەڵام ئەگەر بێن زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی سلێمانی و تەواوی خوێندنگاکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و کارگە و ....هتد بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو پێناسەیەی سەرەوەدا نابینی نە هەموو بەندەکانی تیا بێت ، وە نە کەسیش پێیان دەڵێت حزبی سیاسی جا من نازانم ئەبێت فەلسەفەی سەلەفیەکان چی بێت ئەگەر حیزب بن و خۆیان فیکری بونی حیزب – ساڵەهای ساڵە– ڕەدکەنەوە، وەهەروەها ئەبێ لەچی بترسن ئەو هەموو موجازەفەیە بکەن یان چەواشەکاران کەسانێکن ناتوانن ڕای بەرامبەر قەبوڵ بکەن .

دووەم : مەرج نیە هەندێ خاڵ و بەندی ناو پێناسەکە لەهەر کۆمەڵە کەس و ڕەوتێکدا هەبوو ئەوە بە حیزبی سیاسی حساب بکرێت وەك باسمان کرد بۆ نموونە زانکۆی سەلاحەدین لەڕوی ژمارەوە و سیستم و بەڕێوە بردنەوە لە هەندێ حیزبی ناوچەکە تۆکمە و بەهێزترە تا ئێستاش کەسێك دەمارگیری حیزبی نەبووە بۆی ، یان چەندین کەسی ناو حیزبە ئیسلامیەکان ئەگەر پرسیاری لێ بکەیت کاکە ئایا دەتوانیت بڵێیت من سەلەفی نیم مەگەر لەسەر مەنهەجی سەلەف نەبێت ئەگینا ناتوانێت بڵێت من سەلەفی نیم بەڵام ئەگەر پرسیار لە هەر سەلەفییەك بکەیت ئایا تۆ یەکگرتوویت یان کۆمەڵیت خێرا پێت دەڵێت نەخێر هەرگیز واجبیش نیە من ئەوانە بم ، کەوا بوو بازنەی سەلەفیەت بازنەی مەزهەبی ئاینی یە و دەستەواژەی حیزبی سیاسی نیە ئەمەش زۆر ڕون و ئاشکرایە .

جا بۆ ئەوەی کە دەڵێ ﴿خەڵکی خۆتان هەیە کتێبی خۆتان دەخوێنێتەوە.....﴾ ئەمە قەدەغە و بڤە نیە ئێمە کەحیزب نین بەڵام مەزهەب و تاقمێکین پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم

هەواڵی ئەوەی پێداوین کە موسڵمانان بەش بەش دەبن بۆ چەندین تاقم و مەزهەبەوە ، وە ئەوەی لە کۆی ئەو هەموو تاقمانە لەسەر حەق بێت تەنها برتیە لە ﴿**الطائفة المنصورة**﴾ ﴿**الفرقة الناجية**﴾ مەبەستیشم ئەوە نیە تەنها لە کوردستانن یان تەنها قوتابیەکانی مامۆستا فڵان و فیسارن یان لەناوچەی فڵان و فڵان بەڵام یەك بیروبۆچون و مەنهەجیان هەیە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا .

جا هەبونی خەڵك و کتێبی تایبەت بە تاقم و ڕەوتێك جیاوازە لە هەبوونی حیزبی سیاسی بۆ نموونە کورد وەك نەتەوە بگرە بادینی و سۆرانی خەڵك و تاکی خۆیان و کتێب و پێداویستی تایبەتیان هەیە نە کورد و نە بادینی و سۆرانیش حیزبن ، وەڵلاهی زۆر سەرم سوڕ دەمێنی لەم شوبهانە بەڵام وەك ئەمانەت هەر وەڵامیان دەدەمەوە یەکەم : واجبمە دووەم : کەسانێك بەداخەوە کار لەسەر ئەم چەواشەکاریانە دەکەن.

پرسیاری پێنجەم : هەست بەوە دەکرێت سەلەفیەکان چەند باڵێکیان هەیە ، و لەناو یەکدا ڕق و کینەتان بەرامبەر یەکتر هەیە بۆ نمونە هەندێك لەسەفیەکان ڕقیان لە مەلا جاسمی سەلەفی و باڵەکەیەتی لەبەر ئەوەی مەلا جاسم وەکو بیروبۆچونەکانی ئێوە نیە ئەم دژایەتی و بوغزاندنە لە کوێی دیندا جێگەی ئەبێتەوە ؟

مامۆستا خلیل أحمد : سەلەفیەکان وەك باقی خەڵکی تر مرۆڤن و کەم و کوڕی لە تاکەکانیاندا هەیە ، وە لەوانەیە جیاوازی و دەمارگیری و نەزانی کەسێکیان وا بکات لەگەڵ ئەوی تر جیاواز بێت ئەمە ئەگەر قەبوڵ نیە و موخالەفەی شەرعە بەڵام هیچ کەس لە سەلەفیەکان بە حەڵاڵی نازانن و بەدەستەواژەی کار کردن بۆ ئیسلامی نازانن ، وە تا ئێستا باڵ و ڕەوتی جیاوازی زەق لە ناو سەلەفیەکاندا دروست نەبووە ، وە ئەگەریش بێت لە دوو خاڵ بەدەر نیە یان سەلەف نیە و بەناو سەلەفیەتەوە کار دەکات یان هەر بە واقیعی کەس و ڕەوتێکی توشبووە بە دەمارگیری و ڕق و کینە و بە جیاواز لە باقی سەلەفیەکانی تر لەڕاو بۆچونی دا لەبەر هەواو ئارەزووی ، مەبەستیشم ئەوە نیە بڵێم دەبێت هەموو سەلەفیەك لە ورد و درشتدا فەتواکانیان وەك یەك وابێت نەخێر مەبەست ئەوەیە لە شتە گشتی یەکاندا یەك مەنهەجیان هەبێت .

بۆ ئەو بڕگەیەی کە باسی مەلا جاسمی تێدا کراوە کە ڕەوتێکی هەیە و سەلەفیەکان ڕقیان لێ یەتی ...

من دەڵێم مەلاجاسم تا چەند ساڵێك لەمەو پێش تێکەڵاوی لەگەڵ سەلەفیەکاندا هەبووە بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ هەموو سەلەفیەکاندا تێکەڵاوی نیە و لەوانەیە ئەمە کاری کردبێتە سەر ئەوەی خەڵکی وابزانن باڵێکی سەلەفی جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تر ، وە من واشنازانم سەلەفیەکان بوغزاندنی بەرنامە بۆ داڕێژراویان هەبێت بۆ مەلا جاسم و حەزیش ناکەن هیچ کەسێ لە موسڵمانان لەدەست بدەن .

پرسیاری شەشەم : ئەگەر سەیرێکی ژیانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بکەین هەمیشە دژی ستەمکار و زاڵمان و پیاوخراپەکان وەستاوەتەوە ، وە هەمیشە قسەی حەقی کردووە بۆچی ئێوە خوێنی دەیان گەنج لە خۆپیشانەکاندا شەهید و بریندار کران کەچی نەمانبینی ئێوە ورتەتان لە دەم بێتە دەرەوە تەنانەت لە لایەن هەندێك لەسەلەفییەکانەوە خۆپیشاندانیش حەرام ئەکەن ئایا ئەم کارانەی ئێوە دەلالەت لەوە ناکات ئێوە پیاوی دەسەڵاتن.

ماموٚستا خليل أحمد : ژیاننامەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليەوسلم تەنها شەڕکردن و بەگژدا چونی زاڵمان نەبووە بەڵکو سەبر و ئارام گرتن و لێبوردنیشی تیا بووە ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾ وە ﴿فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (أمره) واتە : القتال .

یان ﴿لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُسَيْطِرٍ﴾ و ﴿وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ﴾

مەبەستیشم ئەوە نیە سەردەم سەردەمی مەککەیە و قیتال و جیهاد نیە لە ئیسلام دا بەڵام ئەمەوێت ئەو شوبهەیە بڕەوێنمەوە کە دەگوترێت سیرەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەمیشە دژی ستەمکار و زاڵمان و پیاوخراپەکان بووە ، ئەوەندە هەیە ئێمە هاوڕا نین لەگەڵ هیچ زاڵمێك دەسەڵاتدار بێت یان بێ دەسەڵات ئەنجا مەسەلەی خۆپیشاندان ئێمە بەدەستەواژەیەکی شەرعی نازانین ، وە بەڕاشکاوانە چەندین جار باسمانکردووە ئەمەش مانای ئەوە نیە دەسەڵات لەسەر حەقە و هیچ گەندەڵیەکی نیە ، وە ئۆپۆزسیۆن و خەڵکیش خاوەنی هیچ داوایەکی ڕەوا نین ، نا وانیە بەڵکو ئێمە باوەڕمان وایە ئەوە بە ئیعلامی بونیاد نەر و کۆڕ و کۆبونەوەو چەندین کۆنفرانسی زانایانی پسپۆڕ چارەسەر دەکرێت .

ئەنجا هەڵوێستمان بەرامبەر کوشتن و بریندار کردن و ئەزیەت دانی خەڵك چ خۆپیشاندەر بێت یان دەسەڵات زۆر ڕون و ئاشکرایە ئێمە لە هەموو ڕێنمایەکانمان ئەوە بڵاودەکەینەوە کە ڕێز لەیەکتر بگیرێت و حیوار و نەصیحەت و دیالۆك بکرێت ، وە بەرژەوەندی یە گشتیەکان لەبەر

چاو بگیرێت ، وەئایا ئەگەر ئێمە خۆپیشاندانمان بەحەرام زانی بۆ ئەبێ پیاوی دەسەڵات بین ئەی بۆ ئەوە نەکات کە دڵسۆزی ڕۆڵەکانی خۆمان بین؟ یان دانا بین بە حاڵی ڕژێمەکان و گۆڕانکاری لە کاتێکیشدا دەسەڵات خۆی باوەڕی بەخۆپیشاندان هەیە ئێمە تەنها ڕێنمایەکانی ئاینەکەمان وامان لێ دەکات باوەڕمان پێی نەبێت ئەگینا ئەوان ئامۆزامان نین و ئۆپۆزسیۆن خاڵۆزا .

پرسیاری حەوتەم : ئێوە ئەڵێن شوێنکەوتەی سەلەفی سالحین بەڵام لەگەڵ سەلەفی ئاسمان و ڕێسمانتان فەرقە بە بەڵگەی ئەوەی ئەبینن لەگەڵ موسڵمانان کەسێکی زینا کەرتان پێ باشترە لە بانگخوازێك ئەمە لە برێك فەتوای سەلەفیەکان هەیە ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو بانگخوازە حزبیە یان لەگەڵ نەهج و بەرنامەی ئێوەدا نیە ئەم حوکمدانە بەسەر کەسێکی بانگخواز بە چی بەڵگەیەکە؟

مامۆستا خلیل أحمد : ئێمە بە بێ گومان خۆمان بەسەلەفی دەزانین و هیچ جیاوازیەکیش لە نێوان سەلەفیەکاندا بە شێوەیەکی گشتی و سەلەفیەتیشدا بەشێوەیەکی گشتی نازانین بۆیە دەڵێم بەشێوەیەکی گشتی چونکە ئەمە عەدل و ئینسافە لەبەر ئەوەی پێویست نیە مرۆڤ (١٠٠٪) سەد لە سەد سەلەفی بێت ئەوجار پێی بگوترێت سەلەفی چونکە سەلەفیەت مەنهەجە ، وە هیچ جیاوازییەکی لەم ڕووەوە لەگەڵ ئیسلامدا نیە وەك ئەوەی ئەگەر کەسێك لە هەندێ شتدا پێچەوانەی ئیسلامیش بوو لە ئیسلام ناچێتە دەرەوە ، سەلەفیەتیش بەهەمان شێوە، ئەنجا کەسێك کە پرسیار دەکات دەبێت ئامانجی وەرگرتنی وەڵام بێت نەك حوکم دان بەسەر بەرامبەردا ئەگەر ئاسمان و ڕێسمانمان فەرقە ئیتر پرسیار بۆچی؟

ئەنجا بۆ شێتێکیش ئەڵێت زیناکەرێکی پیسی تاوانبار باشترە لە بانگخوازێکی پاکی بێ ئینحراف و هەڵە؟ نەخێر بەڵکو مەسەلەکە چەواشەکردن و گەورە کردنەوەی ئەم شتانەیە تا خەڵکی سادەی پێ هەڵخەڵەتێن ئەگینا من پرسیارێك دەکەم ئایا هەموو بانگخوازێك بۆ ئیسلام و سوننەت بە –گومانی خۆی – موسڵمان و سوننیە؟ نەخێر نموونەی قادیانی و جەهمی و قەدەریی و جەبری و موعتەزیلە و ئەشعەریەکان دێنمەوە ئەگەر کەسێك بڵێت زیناکەرێکی سەلەفی (سوننی) باشترە لە موبتەدیعێك ئایا ئەو قسەیە هیچی تێدایە؟ لەکاتێکدا ئیمامی ئەوزاعی دەفەرموێت : "**پێم خۆشترە کوڕەکەم هاوەڵی جەردە و دزێکی سوننی بکات نەك هاوەڵیی خواپەرستێکی موبتەدیع**" رواه اللالكائي في شرح اصول الاعتقاد .

وە پێشەوا شافیعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت : " بەندەکانی خودا بەهەر تاوانێکەوە بگەنەوە بەخوای گەورە شیرك نەبێت ئاسانترە لە هەواو ئارەزوو (بیدعە)" أخرجة البيهقي في الاعتقاد .

وە ئیمامی بەربەهاری لە (شرح السنة) دا دەفەرموێت : " وإذا رأيت الرجل من أهل السنة رديء الطريق والمذهب فاسقا فاجرا صاحب معاص ضالا وهو على السنة، فاصحبه واجلس معه فإنه ليس يضرك معصيته، وإذا رأيت الرجل مجتهدا في العبادة متقشفا محترقا بالعبادة صاحب هوى، فلا تجالسه ولا تقعد معه ولا تسمع كلامه ولا تمش معه في طريق، فإني لا آمن أن تستحلي طريقته فتهلك معه "

هەروەها بەربەهاری ئەفەرموێ : یونسی کوڕی عوبێد کوڕەکەی بینوە لای کەسێکی موبتەدیعەوە دەرچووە پێی گوتووە " يا بني! لأن أراك خرجت من بيت خنثى أحب إلي من أن أراك تخرج من بيت فلان وفلان، ولأن تلقى الله يا بني! زانياً فاسقاً سارقاً خائناً أحب إلي من أن تلقاه بقول فلان وفلان. " أخرجه ابو نعيم في الحلية والخطيب في تأريخ بغداد وابن بطة في الإنابة الكبرى والآجري في الشريعة نحوه واسناده صحيح .

ئەوە دەمێنێ ئەوە بڵێین ئایا ئیسلامیەکان هەموویان سەلەفین بێ گومان نەخێر لە کاتێکدا لەسەرکردەکانیانەوە چەندین قسە و بیروباوەڕی ناقوڵا دەبیستین .

لەوانەیە کەسێك بڵێت تەنها بەوەی لە حیزبدا بوو خراپترە لەزینا کارێك لە وەڵامدا دەڵێم حوکمی وا بەسەر تاکە دیاری کراوەکاندا هەڵەیە ، و نابێت بەهیچ کەسێك بگوترێت مەگەر کەسەکە بە دیاری کراوی حوکمی موبتەدیعی بەسەردا درابێت ئەوکاتە ئەو قسانەی زانایان دەیگرێتەوە ، کەوا بوو کاتێك حوکمێك بەڕەها باس دەکرێت جیاوازە لەوەی بە تعیین کەسەکە دیاری بکرێت جا بۆ دیاری کردنی کەسەکە دەبێت اسباب هەبێت وە (موانع) یش نەبێت .

پرسیاری هەشتەم : ئێوە چەمکی سەلەفیتان بەسەر خۆتاندا بریوە لەبەرامبەریشدا بەناوی بیدعەوە دژایەتی چەندین چەمکی دیکە دەکەن ئایا بڕینی چەمکی سەلەفی و بڕینی بەسەر خۆتاندا جۆرێك نیە لە بیدعە؟

مامۆستا خلیل أحمد : ئیمە مافی خۆمانە پێشبڕکێ بکەین بۆ سەلەفی بونمان و چەمکی سەلەفی بۆ خۆمان بەکار بهێنین بەڵام هیچ ڕێگرییەکمان نیە لە هیچ کەسێك موونافەسەی سەلەفی بونی خۆی بکات و ئەو ناوە بەکار بهێنێت بۆ خۆی بە مەرجێك لەسەر ئەو ڕێڕەوە لا نەدات و شتی

تازە نەهێنێتە ناو دین و لە وکێشمەن کێشەشدا زانستی شەرعی بەپێی تێگەیشتنی هاوەڵان حاکمە و زانایانی متمانە پێکراوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

وە هەر شت و چەمکێکیش ئێمە بە بیدعە لە قەڵەممان دابێت یان لە مەو لا بە بیدعە هەژماری بکەین ئەوە لێکۆڵینەوە و زانستی شەرعی حاکمە لە نێوانماندا هەرچەندە گومانی خێرمان بۆ خۆمان و موسڵمانانیش هەیە تەنها ئەوەندە هەیە تا زیاتر زانستی شەرعی بەکار بهێنین لە یەکتر نزیك دەبینەوە ،وە ناوی سەلەفی بیدعە نیە هەر وەك ناوی سوننی وایە بەبێ زیاد و کەم.

پرسیاری نۆیەم : بۆچی پێتان وایە خۆپیشاندانی ئاشتیانە بۆ گۆڕینی زوڵم و ستەم و تاغوتەکان بە لاتانەوە حەرامە ، و تەنانەت ئێوە ئەڵێن سەرکردەکان وەلی ئەمرن بۆ موسڵمانان و نابێت لە دژیان بوەستینەوە کەچی ژیانی پێغەمبەر و سەحابە و ساڵحان دژایەتی کردنی دەسەڵاتی زاڵم و ستەمکاریان کردوە ئەم کارانەی ئێوەش جۆرێك نیە لە بیدعە؟ئەوویش وەلائە بۆ دەسەڵاتێکی ستەمکار و بەرائە لە موسڵمانان.

مامۆستا خليل أحمد :خۆپیشاندان بە ڕەوا نازانین چونکە بەدەر لە وەی کێشەو ئاشوبی لێ دەکەوێتەوە بۆ وڵات هەروەها دەستەواژەیەك نیە لە نێوان موسڵماناندا کاری پێکرابێت بۆ گۆڕینی حوکم ، وە ئەگەر تەماشای کتێب و سەرچاوەکانی زانست بکەین شتێك نابینین بە ناوی خۆپیشاندانەوە ، ئنجا ئێمە بە دیراساتمان بۆ بارودۆخی ناوچەکە دەزانین ئەم خۆپیشاندانانە بەرنامەی دەرەکی لە پشتەوە هەیە بۆ هەندێ وڵات بە OK بۆ هەندێکی تر بە NO، وە ئایا سەرکردەکان وەلی ئەمرن بۆ موسڵمانان یان نا؟ ئێمە لەم پرسەدا زۆر بە وردی مامەڵە دەکەین چونکە لابردنی کاربەدەستان بە زۆر ئەگەر خەلیفەی موسڵمانان و هێزیان نەبوو وە کاربەدەستەکە کە لا دەبرێت کافر بوو پێویستە تەکفیر بکرێت وموسڵمانان بزانن ئەو کەسە ویلایەتی بەسەر موسڵمانانەوە لە دەست داوە پاشان موسڵمانان ڕێك بخرێن و هێزیان و توانایان هەبێت بۆ بەرەنگاری ئەو کەسە تەکفیر کراوە وە هەموو ئەمانەش بە کەسانی زاناو قسە بیسراو دەبن وە هۆکاریش بۆ لە دەست چونی ئەم خاڵە بە تایبەت خودی هەندێ لە حزبە ئیسلامیەکانە کە بڕیاری موشارەکە کردنی دەسەڵاتیان داوە ئەگەر حکومەتەکانیش بە ئاشکرا لە ئیسلامیش هەڵگەڕابنەوە جا لەم کاتەدا تەکفیر کردنی کاربەدەستان و قسە کردن لەسەر هەندێ بەر پرس لەسەر وتەو کردەوەی بێ باوەڕی کە لێیان دەوەشێتەوە دەبێتە هەڵوێست و کێشەی لێ دەکەوێتەوە بۆیە سەلەفیەکان زۆر جار تەکفیری کار بەدەستان ناکەن لەبەر :

یەكەم : لەبەر ئەوەی كارێكی ئاسان نیە هەرچەندە بۆ كەسانی زانا و پسپۆڕ و بەرچاو كردنی كات و شوێنی گونجاو بڤە نیە و بەڵكو ئەركی خۆیانە .

دووەم : موسڵمانانیش بە تایبەت ئەوانەی كە لە ئاینەكەیان شارەزان زۆر كەمن وە شوێن كەوتنی جەماوەریان بۆ خۆیان بەدەست نەهێناوە .

سێ یەم : ئامادەكاری بۆ گۆڕینی حوكم ئایا كردوویانە یان تەنها ئاژاوەیەك دروست دەبێت هیچ ئەگەرێكی بە هێز نیە بۆ دەستەبەر بوونی ئەوەی چاوەڕوانی دەكەن .

چوارەم : هەر ئەوانەی كە حیزبی سیاسی ئیسلامیان دروست كردووە لەسەر ئەوەی كە كاربەدەست و حوكمەتەكەیان موسڵمان و ئیسلامی نیە خۆیان ناتوانن ئەوەی لە دڵەوە باوەڕیان پێیەتی ڕاگەیەنن بۆیە من پرسیاریان لێدەكەم ئەگەر حكومەتەكەیان لا موسڵمانە بۆ حیزبی ئیسلامی سیاسیان دژی دروست كردووە ، وە ئەگەر موسڵمان نین و كافر بونەتەوە بۆچی ئەو هەموو موشارەكات و بەشداری كردنە لە حوكم ؟ باشە ئەمە لە كاتێكدا ئەگەر حیزبە ئیسلامیە سیاسیەكان نەتوانن هەڵوێستی ڕونیان لە تەكفیر و گۆڕینی هەبێت و ناشی كەن ئەی سەلەفیەكان چۆن بتوانن ؟ چونكە دەبێتە هۆی ئاشوب و دروست كردنی شەڕی خوێناوی لە نێوان خەڵكی بێ دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی پرچەكدا .

وە ئێمە كە بێدەنگین لە خراپەكارییەكانی دەسەڵات مانای ئەوە نیە كە ئێمە وەلائمان بۆیان هەبێت و پێمان خۆشە سور بن لەسەر ئەو خراپە ، وە ئایا ئەمە جۆرێكە لە بیدعە؟

نەخێر چونكە ئەگەر واجبیش بێت قسەمان هەبێت و تواناشمان هەبێت و نەیكەین ئەوا تاوانبار بوینە بەڵام كارێكمان نەكردووە مەبەستمان پێی لەخوا نزیك بونەوە بێت و بەكاری چاكیشی بزانین كە ئەوانە ڕوكنەكانی بیدعەن .

پرسیاری دەیەم : بنەما سەرەكیەكانی سەلەفیەت چین و سەلەفیەكان جەختی لەسەر دەكەنەوە؟ ئەو ئیشكالیاتیانە چین كە لە مەنهەج و دنیابینی سەلەفیەتدا هەن؟

مامۆستا خلیل أحمد : بنەماكانی سەلەفیەت یەكسانە بە بنەماكانی ئاینی ئیسلام بە بێ زیاد و كەم بەڵام ئەو ئیسلامەی كە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم بە ئاینیان داناوە بە تایبەت یەكخواپەرستی خودا و نەكردنی شیرك وە دووركەوتن لەتاوانە گەورەكان و بەردەوام نەبوون لەسەر بچوكەكان ،وە ڕاگەیاندنی زانستی شەرعی و فەرمان بە چاكە و نەهی كردن لە خراپە و پابەند بوون بە خوڕەوشت و ئاكاری موسڵمانانەوە و ....هتد

وە سەلەفیەت هیچ ئیشکالیاتی لەگەڵ دونیابینیدا نیە ، وە بناغەمان بۆ دونیابینین ئەوەیە کە دونیا هەمووی موباحە مەگەر زیانی هەبێت وە دەقی شەرعی هاتبێت لەسەر حەرام بوونی کەوابوو سەلەفیەت پەیوەندی بە ئاینەوە هەیە نەك دونیا وەك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : (من احدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد) رواه مسلم **وەك دەبینین دەفەرموێت :** (في أمرنا) **واتە لەئایندا بەڵام بۆ دونیا خوای گەورە دەفەرموێت** ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾

وصَلَى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّد، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم

وەڵامی
ڕاپۆرتێکی گۆڤاری لڤین

گۆڤاری لڤین لە ژمارە (٢٥٨)ی بەرواری ٢٠١٤/٢/١، لە ڕاپۆرتێکدا هێرشێکی توندی کردۆتە سەر سەلەفی یەکان، لە ژێر ناونیشانی (لە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی دا سەلەفی یەکان لە گەشەکردنێکی بەرچاودان) کە تیایدا کۆمەڵێك هێرشی ناڕەوا و درۆ و بوهتان بۆ سەلەفی یەکان کراوە ، بە پێویستمان زانی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕاپۆرتە لەنزیکەوە کۆمەڵە پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز مامۆستا خلیل أحمد بکەین.

پ١/ ئایا ڕەوتی سەلەفی مەدخەلی یانی چی، وە ئایا چی پەیوەندییەکی بە وڵاتی سعودیەوە هەیە؟

مامۆستا خلیل أحمد : بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله... بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئێمە چەندین جار وەڵاممان داوەتەوە ، کەوا سەلەفیەت یەکسانە بە ئەهلی سوننەت و جەماعەت ، وە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ناوەڕۆکی مەنهەجی ئەهلی سوننەت و جەماعەت نییە ، واتە چی سەلەفیەت و چی مەنهەجی ئەهلی سوننەت و جەماعەت نوێنەرایەتی ئیسلامی ڕاستەقینە دەکات ، ئەو ئیسلامەی کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم دین بووە بۆ خەڵك و هەتا ڕۆژی قیامەتیش دینە، سەلەفیەت و ئەهلی سوننە نوێنەرایەتی ئەو مەنهەجە دەکەن و درێژبونەوەن بۆ ئەو مەنهەجە بەبێ زیاد و بەبێ کەم، جا ئەم سەلەفیەتەی کە ئێستا هەیە هیچ جیاوازییەکی نییە ، وە بەهیچ شێوازێك نەگۆڕاوە لەوەی کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا هەبووە صلى الله عليه وسلم ، بۆیە بە دەقی فەرمودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەلەفیەت دەمێنێتەوە تا هاتنی ڕۆژی قیامەت {لاتزال طائفة من أمة ظاهرين على الحق لايضرهم من خذلهم ولامن خالفهم حتى يأتي أمر الله}.

واتە: بەردەوام تا ڕۆژی قیامەت خەڵکانێك ئیسلام دەمێننەوە لەسەر مەنهەجی حەق هیچ کەسێك زیانیان پێناگەیەنێ لەوانەی کە لەنێو موسوڵماناندا هەر موسوڵمانن بەڵام لەسەر ئەو مەنهەجە نین وە ئەوانەشی کە دژایەتیان دەکەن لە جگە لە موسوڵمانان ، کەوابو سەلەفیەت هەر دەمێنێ و بەڵگەیشە بەسەر خەڵکەوە تا ڕۆژی قیامەت، واتە هەڵگران و نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە درێژایی تەمەنی خەڵکی دەبێ بمێننەوە ، ئەوانەشی کە نوێنەرایەتی ئیسلامی حەق دەکەن پەیامی خوا دەگەیەنن بەخەڵك هەر دەبێ کۆمەڵێك بن، خۆنابێ دینی خوا لەسەر زەوی ببڕێ، چونکە ئەگەر دینی خوا لەسەر زەوی بڕا هیچ کەسێك ئیقامە حوجە و بەڵگەی بەسەردا نادرێ، ئەو کۆمەڵەش بە دەقی فەرمودە ئەوانەن کە لەسەر مەنهەجی صەحابە دەڕۆن ، کەوابو سەلەفیەت لەناو و ناوەڕۆکدا یەکسانە بەئیسلامی ڕاستەقینە و تێگەیشتنی ڕاست بۆ ئیسلام، وە ئەگەر تەماشای قورئان بکەین خوای تعالى دەفەرموێ :

﴿وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾ (النساء – ١١٥) .

واتە: هەرکەسێك دژایەتی پێغەمبەر بکات صلى الله عليه وسلم و ئەوەی شوێنی ڕێبازی ئیمانداران نەکەوێ ، ئەوکاتەی کە ئیسلام هاتووە ئیماندارانی سەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وە موسوڵمانانی سەردەمی دابەزینی وەحی بریتی یە لە ئیمانداران ، کەوابوو ئەو تێگەیشتنەی کە صەحابە لەسەری بون و ئەو ڕێگا و ڕێبازەی کە لەسەری بون لەلایەن خوای تعالى مەبەستە ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ .

کەوابو ئەمە وەك ناوەڕۆك مەنهەجی سەلەفی یەکانە ، مەنهەجی ئەو کەسەی کەوا درێژە بەئیسلامی ڕاست دەدات پێویستە لەسەر مەنهەجی صەحابە بێت ئەمە وەك ناوەڕۆك ، وەك ناویش: وشەی سەلەف یان سەلەفیەت ناوێکە کەبەسەر زاری پیرۆزی پێغەمبەردا هاتووە صلى الله عليه وسلم ، لە فەرمودەی مسلم دا بە فاگمەی کچی دەفەرموێ (**نعم السلف انا لك**) واتە: باشترین پێشین بۆتۆ منم ، کەوابو وشەی سەلەف مانایەکی شەرعی هەیە ، کەسێك دەگرێتەوە کە پێش کەسێکی تر بڕوا لەتەمەندا گەورەتر بێت یان لە فەزڵ و چاکەدا باشتر بێت ، ئەوانەی لە پێش ئێمەوە ڕۆیشتون لە صەحابە ، لە پێش ئێمەوەن لە زەماندا ، و لە پێش ئێمەوەن لە کردەوەی چاك و جێبەجێکردنی ئیسلام و فەزڵیان لە ئێمە گەورەترە ، و فەهم تێگەیشتنیان بۆ دین لە ئێمە باشترە ، ئێمە کەدەڵێین سەلەفین لە دیندا و لە مەنهەجدا سەلەفین ، ئەگینا لە دونیادا کە هەندێ هۆکار هەیە لەم سەردەمەدا لە سەردەمی زێڕینی ئسلامدا نەبووە ، بۆیە ئێمە لە دونیادا نوێخوازین و هەر شتێك نوێخوازی و داهێنان بێت بەمەرجێ زیانبەخش نەبێ ئێمە باوەڕمان بەهەر هەموی هەیە ، بەڵام لە مەسەلەی دیندا هەر شتێك ئەوکاتە دین بووە ئێستاش هەر ئەوە دینە ، بۆیە دین بە هیچ شێوەیەك زیاد و کەمی تیا ناکرێت ، چونکە ئیسلامێك کە هاتووە بۆ ئەو سەردەمە بۆ هەموو سەردەمێك دەتوانێ خۆی تازە بکاتەوە و وەك چۆن لەو کاتەدا ژیانی گۆڕیوە ئێستاش دەتوانێ ژیان بگۆڕێ ، وە خەڵکیش لە روی سیستەمی دینداریەوە پێویستیان بەهیچ شتێك نییە کە لە ئیسلامدا نەبێ ، چونکە هیچ شتێك نەماوە ئیلا لە ئیسلامدا هەیە ، وە پێغەمبەری خوا صلى الله وسلم کاتێك کە

صەحابەیەك وەفات دەکات دەفەرموێ {ئەو هاوەڵەی کە پێش هەمومان مردووە ئەوە سەلەفی ئێمەیە}، کەوابو ئەمە سەلەفیەتە لە ڕوی ناو و ناوەڕۆکیشەوە ، وە خاوەن ناو و ناوەڕۆکێکی شەرعی یە ، وە کۆنن ، سەبارەت بە پرسیارەکەت کە دەڵێ ی ڕەوتی سەلەفی مەدخەلی؟ ئەم وشەی مەدخەلی یەتە تۆمەتێکە دەخرێتە پاڵ سەلەفی یەکان ، وەك چۆن لە ڕابردودا ئەو کەسانەی یەکتاپەرست بون و شەریکیان بۆ خوا دانەدەنا و لە گۆڕ و پەڕۆ دور کەوتبونەوە ، لەکاتێکدا خەڵك سەرقاڵی قەبر پەرستی و دار و بەرد و پەڕۆ بوو ، هەرکەس یەکخواپەرست بوایە پێیان دەوت (وەهابی) ئەوە ناو و ناتۆرەیەك بو بۆ ناشرینکردن و زەق کردنەوەی هەڵگرانی دینی ڕاستەقینە بەوەی کە ئەمانە شوێنکەوتەی کەسێکن لە وڵاتی سعودیە بەناوی (محمدی کوڕی عبدالوهاب) ، بەڕاستی درۆ دەرکەوت هیچ کەسێك وەهابی نییە ، وە هیچ کەسێك شوێنی محمدی کوڕی عبدالوهاب ناکەوێ لەبەر خودی شەخسی خۆی ، وە محمدی کوڕی عبدالوهاب غەیری ئینسانێك کە زانا بێت لە شەریعەتی ئیسلام هیچی تری بەدەست نییە، وە وەکو هەمو زانایەکی شارەزا لە دین قسەکانی کاری پێدەکرێ و لێشی ڕەت دەکرێتەوە ، بۆیە هیچ کەسێك ڕازی نابێ بەوەی کە وەهابی بێت ، وە باوەڕیشمان بە وەهابیەت نییە ، ئێستاش لەبەر ئەوەی (ربیع ی کوڕی هادی مدخلی) کە زانایەکە لە سعودیە و هەندێ چارەسەری هەیە دژ بە هەندێ لە مخالەفات کە موسوڵمانان دەیکەن لە ڕوی بیدعە و حزبایەتی کردنەوە کە پێچەوانەی مەنهەجی ئەهلی سوننەیە، وە قەڵەمەکەی خستۆتە گەڕ بۆ دەستنیشانکردنی هەندێ هەڵە لەو هەڵانە ، کۆمەڵێك خەڵك بۆئەوەی قسە بەو سەلەفیانە بڵێن و تۆمەت بدەنە پاڵیان کە باوەڕیان وەك باوەڕی خۆیان نییە ، ناو و ناتۆرەی مەدخەلیەت دەخەنە پاڵیان بۆ ئەوەی لە وشەی گەورەی سەلەفیەت دایانرنن و بڵێن ئەمانە مەدخەلین نەك سەلەفی ، بەڕاستی ئەمەش زوڵمێکە هەر خوا خۆی دەزانێ کە لەهەندێ بەندەی خوا دەکرێ ، ئەگینا بەڕاستی ئێمە مەدخەلی نین و وەهابی نین و جامی نین و سەربەهیچ لایەن و شەخسێك نین و باوەڕیشمان پێی نییە ، تەنانەت خودی ربیع کوڕی هادی خۆیشی مەدخەلی نییە ، وە شافعی خۆیشی شافعی نەبووە ، و ئەبوحەنیفە خۆیشی حەنەفی مەزهەب نەبووە ، بەڵکو ئەوانە کۆمەڵە کەسێکن بۆچونیان هەیە و زانستیان هەیە ، بۆیە بەڕاستی ئەم ناو و ناتۆرانە خوای تەعالا نەهی لێکردووە بە دەقی قورئان: نابێت ناو و ناتۆرە لەیەك بنێین

بەمەبەستی شکاندنەوەی یەکتر و لە ڕێزی یەکتر کەمکردنەوە ، وە مەبەستێکی تریش لە پشتیەوە هەیە ، لەبەرئەوەی ربیع کوڕی هادی مەدخەلی لە ولاّتی سعودیە دادەنیشێ ، هەندێك لەو کەسانەی بە سەلەفی یەکان دەلێن مەدخەلین بۆ ئەوەی بلێن ئەم مەنهەجەی کە هەندێ لە سەلەفی یەکان لەسەرین لە سعودیەوە هاتووە و هاوردەی سعودیەیە ، وە موخابەراتی سعودیە ئەم ئیشە دەکات ، بەڕاستی ئەمەش بەرەو هەلدێر بردنی کۆمەڵە خەلکێکە بۆ ئەوەی تێڕوانینیان بەرامبەر بانگخوازە سەلەفی یەکان بگۆڕێت ، بۆئەوەی شك و گومان لەسەر سەلەفی یەکان دروست بێت و بلێن ئەمانە موخابەراتی ولاّتانی ترن ، وە خاوەن ڕەوت و بەرنامە و چەمکێکی وشکن کە بەکەڵك نایەت لە ئێستای کوردستاندا یان لە ئێستای هەندێ ولاّتانی تردا ، چونکە لە ولاّتێکەوە بۆ ولاّتێکی تر واقعی حالّیان دەگۆڕێ ، بەڕاستی سعودیە تا ئێستا بە پێی زانیاری خۆم بە هیچ شێوە و شێوازێك هەولێکی نەداوە لەگەلّ ڕەوتی سەلەفی لە کوردستاندا بە نزیکبونەوەیەك یان چاوپێکەوتنێك ، من بە هیچ شێوەیەك نە لە خۆم یان مامۆستایانی هاوڕێم ئاگامان لە شتی وا نییە ، وە ئەگەر هەر کەسێك لە نەیاری سەلەفی یەکان لەم بابەتەوە شتێك دەزانێ کە سەلەفی یەکان پەیوەندییان بە دەزگای هەوالگری هەر ولاّتێکەوە هەیە ، یان پەیوەندیان بە فکرە و بۆچونی هەر شەخسێکەوە هەیە ، ئەی بۆ ئاشکرای ناکەن؟ با ئاشکرای بکەن بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و بە دەیەها نوسراو و ڕاپۆرت و بەیاننامە ، پاشان تۆمەت و درۆ هەلّبەستن زۆر ئاسانە ، ئەوەی کە سەلەفی یەکان هاوردەی سعودیەن ، نا واللە پێش ئەوەی پێمان بچێتە ناو سعودیە بۆ بەجێهێنانی عمرە یان بۆ حەج کە هەندێ لە برایانی سەلەفی حەجیان کردووە ، سەلەفیەت لەم ولاّتەی خۆمان بەربلاّو بووە لە کۆتایی هەشتاکانەوە، ئەوە گەنجانەی کە لە جیلی خۆماندا هەن ، بە دیراسات و خوێندن هەمویان سەلەفی بون ، پێش ئەوەی زانایەکی سەلەفی بناسن ، تەنها بە خوێندنەوی ئەو کتێب و قورئان و فەرمودەی کەلەبەردەستدا هەیە ، وە بۆ وەلاّمی پرسیارەکە دەلّێم: ئەم تۆمەتە ، تۆمەتێکی زۆر کۆنە ، هەموو جارێك تازەی دەکەنەوە و گەرمی دەکەنەوە ، هەرجارەی بە ناو و ناتۆرەیەکەوە بۆ ئەوەی خەلّکی لە سەلەفی یەکان بتەکێننەوە.

پ٢/ ئایا ڕاستە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بانگەشەی سەلەفی پاڵپشتی لێکراوە؟ وەك ئەم نوسەرە دەڵێ: هەندێ کەس هاتوچۆی دکتۆر عبداللطیف یان دەکرد لە تکریت کە لە لایەن ڕژێمی ئەوسای بەعسەوە پاڵپشتی دەکران؟

مامۆستا خلیل أحمد/ ئەوەی کە بانگەشەی سەلەفی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە پاڵپشتی کراوە، جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچی تر نییە ، درۆیەکە هەمو کەس دەیزانێ ، چونکە ڕژێمی بەعس لەسەردەمی خۆیدا دژایەتیەکی زۆری بانگەشەی سەلەفیەتی کرد ، تەنانەت چەندین کەسی لێگرتن و بەندی کردن و لەسێدارەی دان ، مامۆستایەکی وتار خوێن هەبو لە بەغداد تەنها لەبەر ئەوەی مەنهەجی وەك مەنهەجی شێخ ئەلبانی بوو ، لەسەر مەنهەجی ئەو دەڕۆیشت و گەنجێکی چالاك بو لە مزگەوتەکەی خۆیدا باسی یەکتاپەرستی دەکرد، ڕژێمی بەعس لە سێدارەی دا . سەبارەت بەوەی کە دەڵێ هەندێ لە سەلەفی یەکان هاتوچۆی دکتۆر عبداللطیف یان کردووە لە تکریت لەکاتی ڕژێمی بەعسدا، باشە دکتۆر عبداللطیف کەی لەکاتی ڕژێمی بەعسدا لە تکریت بو؟، کەی لەوێ مزگەوت و قوتابخانە دەرسی هەبو؟ کەی ئێمە لە کوردستانەوە ڕۆیشتوین بۆلای ئەو بۆئەوەی فێری سەلەفیەت بین؟ وە حکومەتی بەعسیش پشتگیری کرد ! ! ! بەڕاستی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەوەی من بزانم دکتۆر عبداللطیف سەردانی تکریتی کردووە و لەوێ مزگەوت و دەرس و دەوری هەبووە، پاشان بابەتی پاڵپشتی کردنی ڕژێمی بەعس لە بانگەشەی سەلەفیەت یان لە دکتۆر عبداللطیف بەڕاستی ئەم قسەیە ڕاست نی یە ، وە ئەو کەسانەشی کە خەڵکی تکریت بون و هەندێ لە مەنهەجی سەلەفی یان هەبووە لەسەردەمی ڕژێمدا ، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەربەدەر کراون ، یەکێك لەوانە بەناوی (ئەبومنار) کە خەڵکی تکریت بووە ، لەبەرئەوەی هەندێ باسی شرك و توحیدی کردووە و بەسەلەفیەت ناسراوبووە ، لەدەستی ڕژێمی بەعس هەڵهاتووە ، بەوناونیشانەی چەندین جار هاتۆتە کوردستان نیشتەجێبووە . ئەگەر سەلەفیەت لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە پاڵپشتی بکرایە ئەوکات بانگەشەی سەلەفی بەشێوەیەکی بەرچاو گەورەتر دەبوو ، وە خەڵکیش دەیانزانی ، وە لەهەموو سەردەمی بەعسدا ئیسلامی یان وەهابی ژێردەستە بون و لەبەندینخانەکاندا بون.

سەبارەت بەوەی ڕژێمی بەعس پاڵپشتی دکتۆر عبداللطیف کردووە ، ئەمە درۆیەکی زۆر ڕونە بۆ دکتۆر عبداللطیف دەکرێ یان نەزانینێکە ، ئەوکەسەی کە ئەو پرسیارەی کردووە دیارە وایزانیوە کە دکتۆر عبداللطیف پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە تکریت بووە ، ئەوە بەڕاستی بەوشێوەیە نی یە و هەڵەیە ، وە خەڵکی سەلەفیەت لە دکتۆر عبداللطیف فێرنەبووە ، چونکە دکتۆر عبداللطیف و غەیری ئەویش ، بەڵکو هەمو ئەو برایانە هەریەکەیان بەش بەحاڵی خۆیان خوێندنەوەیان کردووە و دیراساتیان کردووە ، پێش دکتۆر عبداللطیف و پاش ئەویش ، تا سەردەمی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ، پاشان بانگەشەی سەلەفیەت لەکوردستاندا ئەوە نییە هەر نەبوبێ و هیچ کەسێك سەلەفی نەبوبێ ، بەڵکو تێڕوانینمان بۆ خەڵکی کوردستان و سوننی شێوازێکی ترە ، ئێمە لەبەر ئەوەی حزبێك نین ، یان مەزهەبێك نین ، باوەڕمان وابێت تازەین و ساڵی ئەوەندەی ئەوەندە دروست بوین ، نەخێر ، بەڵکو بانگەشەی سەلەفیەت لەگەڵ هاتنی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ، وە کوردستانیش لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا بووەتە ولاَتێك لە ولاَتە ئیسلامی یەکان ، بانگەشەی سەلەفیەتی هەر تێدا هەبووە ، بەلاَم هەندێکجار لە هەندێك شوێن کز بووە یان کوژاوەتەوە و زانایەکی تیا نەماوە و کەسێکی تر هاتۆتە شوێنەکەی ، گرنگ ئەوەیە وەکو کۆمەڵگا و میللەت ، مێللەتێکە پەیوەستە بە مەنهەجی ئەهلی سوننەوە ، وە ئێمە حورمەت و ڕێزمان بۆ گەلی خۆمان هەیە کە گەلێکی موسوڵمانە ، وە زۆرینەی خەڵکی ئەم کوردستانە لەسەر مەنهەجی ئەهلی سوننە و ڕێبازی سەلەفیەت حسابن ، جا هەرکەسێك نەیەوێت سەلەفی بێ و دەرچووە لە مەنهەجەکە بە ئەنجامدانی هەندێ بیدعە ئەوە سەلەفی نییە ، ئەگینا باقی خەڵکەکەی تر لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننە بون هەرچەندێکیان زانیبێ یان نەیانزانیبێ لەسەر مەنهەجی ئەهلی سوننە بوون ، بۆیە سەلەفیەت بیروبۆچونێك نییە نامۆ بێت بە ئیسلام و لە مەنهەجی ئەهلی سوننەدا نەبێت ، بەڵکو مەنهەجی ئەهلی سوننە خۆی بەتەنها نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئیسلام دەکات ، بۆیە هیچ پێویست ناکات بڵێین : بانگەشەی سەلەفی سەرهەڵدانەکەی و دروستبونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ئەوەندەی ئەوەندە و لەلایەن دکتۆر عبداللطیف هاتووە یان لەلایەن کەسێکی ترەوە ، نەخێر ، بەڵکو خەڵکی کوردستان هەربەدرێژایی مێژووی هاتنی ئیسلام خەڵکی موسوڵمان بووە و نەوە لەدوای نەوە ئەهلی سوننە هاتووە .

پرسیار٣/ مەبەستی گۆڤاری لڤین چی یە كە دەڵێ: ڕەوتی سەلەفی مەدخەلی لەناوچە و شارەكانی هەرێمی كوردستاندا لە گەشەكردنێكی بەرچاودایە؟

مامۆستا خلیل أحمد/ گەشەكردنی ڕەوتی سەلەفی لە ناوچە و شارەكانی هەرێمی كوردستان هیوا و ئاواتی ئێمەیە ، وە ئێمە ئەم گەشەكردنە بە خێر و ڕەحمەتی دەزانین بۆ خۆمان ، بۆ دونیا و قیامەتی خەڵك ، چونكە ئێمە خۆمان بە خەڵكێكی میانڕەو ، بە خەڵكێكی خاوەن مەنهەج و پەیڕە و پرۆگرامێكی نەرم و نیان دەزانین ، وە ئێمە چارەسەریشمان پێ یە بۆ هەموو پێشهاتەكانی ناو كۆمەڵگا و بیروبۆچونیان ، و بۆ ڕەوشت و ئەخلاقیان ، و بۆ كڕین و فرۆشتنیان ، و بۆ سیاسەتیان ، و بۆ وڵاتیان ، و بۆ بەرگری كردن لە خاك و ئاویان ، ئێمە نەمانشاردۆتەوە كەوا چەندین جار لەگەڵ چەندەها خەڵكی ڕۆشنبیر و ژیردا قسەمان كردووە ، ئێمە لەبەرئەوەی ئاشناین بە دینی ڕاستەقینەی ئیسلام ، ئاشناین بە مەنهەجی ئەهلی سوننە ، ئاشناین بە مەنهەجی سەلەف ، چارەسەرمان بۆ هەمو شتەكان پێیە بە شێوازێكی میانڕەوانە كە چارەسەری هەموو كێشەكانی تیایە ، دوور لە زیادەڕەوی و كورت ڕەوی ، جابۆیە ئەگەر خەڵكێك زیاتر پەیوەست بێت بە مەنهەجی ئەهلی سوننە و سەلەفیەتەوە ئێمە شوكری خوای زیاتر لەسەر دەكەین و دڵمان پێی خۆش دەبێ، چونكە سەلەفیەت وانابینین كە ئەم نوسەرە دەیبینێ ، بەڵكو سەلەفیەت بە رەحمەت و نەرم و نیانی دەبینین ، وە سەلەفیەت بە چارەسەر دەبینین ، وە هەرتاكێكی سەلەفی دروست بێت دەبێتە خاوەن بیروبۆچون و بیروباوەڕێكی دروست ، هەر تاكێكی سەلەفی دروست بێت دەبێتە كەسێك كە دەست بۆ حەڵاڵ بەرێت و وازلە حەرام بێنێت ، بەڕاستی ئەم نوسەرەی كەوادەڵێ : یان ئەوەتا ئیسلام و سەلەفیەت ناناسێ یان دژی ئیسلام و سەلەفیەتە ، چونكە ئەگەر بزانێ ئیسلام بریتی یە لە خێر و خۆشی ڕەحمەت و دینی خوایە ، وە ئەگەر سەلەفیەت ناناسێ ، ئێمە سەلەفیەتی بۆ پێناسە دەكەین : سەلەفیەت یانی ئیسلام، ئەگەر سەلەفیەت هیچ جیاوازییەكی لە ئیسلام هەبوو ، ئێمەش نامانەوێ ، وەرن با دیراسە و گفتوگۆی لەسەر بكەین لە سەر مێزەكان یان لەماڵەكان یان با چەندین كۆنفرانس ببەسترێت لەسەر ئەوەی كە ئێمە جگە لە دینی ئیسلام بە سەلەفیەت نازانین ، وە لە سەلەفیەتیشدا شتێك نابینین كە پێچەوانەی ئیسلام بێت ، كەوابو ئێمە تا كەسێكی زیاتر

پەیوەست بێت بە موسوڵمانێتیەوە و ڕەوشت بەرزیەوە ، بە پەرستش و جیاکردنەوەی حەڵاڵ و حەرامەوە ، دڵخۆش دەبین ، چونکە سەلەفیەت یەکسانە بە ئیسلام ، کەوابو نازانم مەبەستی ئەم نوسەرە چی یە؟ ئایا هانی بەرپرسەکان دەدات؟ ئایا هانی نەیارانی سەلەفییەکان دەدات کەلەسەر مەنهەجی سەلەفیەت نین؟ یان هەرایەك دروست دەکات بۆئەوەی خەڵك وریابکاتەوە لە سەلەفییەکان بۆ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ؟ بەڕاستی ئەمە ئەگەر وابێت ئیشی کەسێکە کە چارەسەری گونجاوی پێ نییە ، بەڵکو پەنا ئەباتە بەر بوهتان کردن ، هەربۆیە پێی دەڵێین: گەشەکردنی سەلەفی یەکان ، گەشەکردنێکی سودبەخشە (ئیجابی)ە ، وە بۆخۆیان کار دەکەن ، کارەکەشیان بریتی یە لە کۆمەڵە شتێکی یاسایی (کتێب، ناميلكە، گۆڤار، هتد) بەپێی ڕێنمای وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەبونیان لە مزگەوتەکان بە بروانامە و ڕێنمای وەزارەتی ئەوقاف، لەکام کاریاندا فشاریان خستۆتە سەر لایەنێك یان کۆمەڵێك یان گروپێك؟ بەڵکو بۆخۆیان خەریکی کار و چالاکی خۆیانن ، ئێمە نازانین ئەم ئازادی لێسەندنەوەیە یانی چی؟! ئەی باشە بۆ هەموو حزب و لایەنێکی سیاسی، و هەموو ڕێکخراوێك ، و هەموو ڕەوتێك بە موسوڵمان و ناموسوڵمانەوە لەم وڵاتەدا ئازادە لەوەی چۆن کار و چالاکی خۆی ئەنجامدەدات ، باشە گریمان سەلەفی یەکان حزبێکی سیاسین ، ئەی بۆ لەکاتێکدا چالاکییەکانت پیشان بدەیت و بانگی خەڵکی بکەیت ، خەڵکانێك بە مەترسی ناوی بەرن و بڵێن خەڵکینە ئاگاداربن ئەمانە شتێکی ترسناکن ! ئەی ئێمە بۆ تا ئێستا بە هیچ حزب و لایەنێك نەمانوتووە ئەو لایەنە لەگەشەکردنی بەرچاودان ، خەڵکینە ئاگاداربن ! ! بەڕاستی ئەم جۆرە هاندانە باوی نەماوە و بەکەڵك نەماوە، بۆیە بەو نوسەرە دەڵێم لە جیاتی ئەو نوسینەی کە دەیەوێ هانی بەرپرسان بدات بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی سەلەفیەت ، یان ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە مەترسی ئەو ڕەوتە ، وە ئەو شتانەی ئێمە دەیلێین و دەینوسین ئەگەر جێگای قبوڵ نیە لای بەڕێزیان بۆ خۆی نایەت مناقەشەی نوسینەکانمان بکات ، و مناقەشەی بیروبۆچونەکانمان بکات بە بەڵگەی قورئان و فەرمودە یان بەڵگەی هەرشتێك کە خۆی باوەڕی پێی هەیە، ئێمە دەربارەی هەر شتێك قسەمان کردبێت هەر لە چڵەپۆپەی عەقیدەوە تا بچوکترین شت لە ئیسلامدا، ئەگەر وتبێتمان لە نوسینێکماندا ، و لەوتارێکماندا ، و لە کردەوەی هەر کەسێکماندا ، ئەو نوسەرە

سەربەستە لەوەی بێت و مناقەشەمان لەگەڵ بکات، ئەگەر قسەکانی ئەو لەسەر حەق بوو ئێمە لەسەر هەڵەبوین ، دەگەڕێینەوە سەر حەق ، چونکە ئێمە خەڵکێکین باوەڕی تەواومان بە هەموو ئیسلام هەیە ، وە دەمارگیریمان تیا نییە بۆ هیچ مەزهەبێکی ئیسلامی ، و بۆهیچ حزبێکی ئیسلامی ، و بۆ هیچ وڵاتێکی ئیسلامی ، و بۆهیچ کەسایەتیەکی ئیسلامی، بەڵکو باوەڕی تەواومان بە گفتوگۆی زانستی هەیە لەسەر مێزەکان ، وە لەسەروی هەمویشیەوە سەرخستنی دین ، و سەرخستنی وڵات ، و سەرخستنی نەتەوە ، و پارێزگاری کردن لەخاك، و پاراستنی ئەمن و ئاسایش ، و پارێزگاری کردن لە سەر و ماڵی هاوڵاتیان ، دروشم و ئامانجی ئێمەیە .

پرسیار٤/ سەلەفییەکان کار لەسەر بەهێزکردنی پێگەی خۆیان دەکەن ، ئەم ڕەوتە ئەگەرچی بەئاشکرا حزبی نین و بانگەشەی حزبی بونیش ناکەن ، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراوی تۆکمە کار لەسەر هاندانی گەنجان دەکەن بۆ ئەوەی ببن بە سەلەفی ؟

مامۆستا خلیل أحمد / بەڵێ پێویستە کار بۆ گەشەکردنی خۆمان بکەین ، چونکە ئێمە خۆمان بەئەندامێکی سودبەخشی ئەم کۆمەڵگایە دەزانین ، خۆ ئێمە خۆمانمان لێنەبێزراوە ، بەڵێ خۆمان بە خەڵکێکی دڵسۆزی ئەم کۆمەڵگەیە دەزانین، بۆیە پێویستە خەڵکی سودبەخش زیاد بکرێت ، بۆیە پێویستە خەڵکی ئاشنا بکرێن بە مەنهەجی ڕاستی ئیسلامەتی ، چونکە ئێمە ئەهلی سوننە و سەلەفیەت بەو شێوەیە نابینین کە بەڕێزیان دەیبینێت ، لەوەشدا کە دەڵێ : حزبی نین و بەئاشکرا بانگەشەی حزب بون ناکەن ، بەڵام بەشێوەیەکی تۆکمە و ڕێکخراوەی کار دەکەن ، بەڕاستی ئەم بەڕێزە نە لە حزبی سیاسی تێگەیشتووە ماناکەی چی یە و زاراوەکەی مانای چی دەگەیەنێ ، نە لەکاری ڕێکخراوەی تۆکمە تێگەیشتووە ، نە لە کاری ئیسلامەتی تێگەیشتووە ، چونکە بە ڕاستی حزبی سیاسی بریتی یە لەکۆمەڵە کەسێك کە مەنهەج و پێڕەو پرۆگرامێکی ناوەکی و دەرەکی هەبێت ، وە ئەو کۆمەڵە کەسە لەسەری پێك بێن ، لە سەرکردەوە بۆ بنکردە ، وە سیاسەتی چونە سەر حوکمیان هەبێت ، وە ئێمە چەندینجار ئەم وەڵامەمان داوەتەوە ، کەوا مەرج نییە هەمو ڕێکخراوێك و هەموو کارنامەیەك ئینسانەکان لەسەری کۆك بن و لەسەری بڕۆن ئەوە بریتی بن لە حزبی سیاسی ، چەندینجار وتومانە سیستەمی زانکۆکان ، سیستمی

ئیدارەی کارگەیەك ، یان ڕێکخراوێکی خزمەتگوزاری ، بەڕاستی ئەوانە هیچیان حزبی سیاسی نین ، ئەگەر وەڵامەکە بەوە بدەمەوە کە سەلەفییەکان حزیی سیاسی نین ، وە سەلەفیەت هەرگیز نابێت بە حزبی سیاسی ، وە ئەگەر هەر کۆمەڵە خەڵکێکیش بەناوی سەلەفیەتەوە حزبێکی سیاسی دروست کرد ، ئەوە فلاٌنە حزبی فلاٌنە کەسی سەلەفی یە ، وە دامەزراندنی ئەو حزبە بۆچونی هەندێ سەلەفی یە ، ئەمما سەلەفیەت خۆی کۆبکرێتەوە لە حزبێکی سیاسیدا ئەوە هەرگیز ڕێك نایەت ، چونکە سەلەفیەت یەکسانە بە ئیسلام ، هەرکەسێك ناوی سەلەفیەتی ئیستغلال کردبێت بۆ حزبیەت ئێمە بە ناڕەوای دەبینین ، چونکە نابێت ئیسلام کۆبکرێتەوە لە حزبێکدا ، هەرچەند بۆتە جێگەی مشتومڕی موسوڵمانان کە حزبی ئیسلامیان هەبێت و کاری پێبکەن ، ئێمە بۆ خۆمان وەکو سەلەفیەکانی کوردستان باوەڕمان پێی نییە ، ئەگەر هەموو سەلەفییەکانی کوردستان کۆببنەوە لەوەی کە حزبێکی سیاسی دروست بکەن بەناوی حزبی سەلەفی یان بەناوی حزبی فلاٌنی سەلەفی ئەوکات من یەکەمین کەس دەبم مخالەفەیان دەکەم ، چونکە سەلەفیەت بریتی یە لە مەنهەج ، ئەمەش شتێکی ڕونە ، کەسی خوێندەوار ئەم شتە دەزانێ ، وە ئەمەش لە دونیای ڕۆشنبیریدا شتێکی ئاشکرایە ، من زۆر سەیرم لێدێ لەوەی کە چەندین جار لە چەندین ڕۆژنامەنوسەوە لەم کوردستانەدا ئەمە دەوروژێنرێت کە سەلەفییەکان حزبن ، بەلاٌم ئەم بەڕێزە دەڵێ : بانگەشەی ئەوە دەکەم کە حزب نین ، بەلاٌم بەشێوەیەکی ڕێکخراوی تۆکمە کاردەکەن ، ئەگەر مەبەستت ڕێکخراوی تۆمار کراو یان تۆمار نەکراو ، ئەگەر ڕێکخراوەیەك بتوانێ هەمو ئەندامە سەلەفیەکانی کوردستان یان زۆرینەی ئەندامە سەلەفیەکانی کوردستان ، یان زۆرینەی کەسایەتیە سەلەفیەکان ، یان زۆرینەی موسوڵمانە سەلەفیەکان کۆبکاتەوە ، بەڕاستی بەوشێوەیە نیە ، وە ڕێکخراویش ناتوانێ سەلەفیەکان کۆبکاتەوە چونکە سەلەفیەت بریتی یە لە دین و لەمەنهەج ، تەنها ئیسلام و سەلەفیەتە دەتوانێ خەڵك کۆبکاتەوە ، بەلاٌم ئەگەر بتەوێ ئیسلام و سەلەفیەت لە چوار چێوەی شتێکی بچوکتردا کۆبکەیتەوە بێگومان نابێت و ناکرێت ، پاشان ڕێکخراو بریتی یە لە ئیشی خزمەتگوزاری ، و مهنی ، و ئیغاسی ، وە کارێك بێت لەکارەکان نەك هەمو کارەکان لەناو ڕێکخراوێکدا کۆبکەیتەوە ، بەلاٌم سەلەفیەکان ڕێکخراوە نین و ناشبن ، ئەی کارەکانیان بۆ تۆکمەیە ؟ ئەوە دەیسەلمێنێ کەوا ئیسلام خۆی

تۆکمەیە ، وە ئیسلام خۆی بریتی یە لە ڕێز ، ئیسلام بریتی یە لە ڕۆشنبیری ، کاتێك کە من لەشوێنێکدا دەژیم ، لەهەمان شوێن ١٠ کەس لەمن پلەیان بەرزترە ، ئەوکات من هەرکات ویستم کارێك بکەم دەڕۆم پرس بەوان دەکەم ، بە پێچەوانەشەوە ، ئەگەر لە شوێنێك بوم ١٠کەس هەبو پلەیان لەمن نزمتربو لە زانست و ئەزموندا دێن پرس بەمن دەکەن ، بەڵام هیچ زۆرکردنێك نیە لەوەی بەقسەی من دەکەن یان نە ، بۆیە ئێستا لە کوردستان هیچ کەسێك سەرۆکی سەلەفیەکان نیە ، هیچ کەسێك پلەی یەکەم نیە وەکو پلەیەکی حزبی پێبدرێ و (ئەمر و نەهی) بەدەست بێت ، وە هەرکەس بەقسەی نەکات تاوانبار بێت ، وە بۆسەلماندنی ئەم قسەیەم دەتوانن ڕاپرسیەك بکەن لەنێو هەمو سەلەفیەکانی کوردستاندا ، بزانن هیچ کەسێك هەیە بەرپرس بێت ، و لەلایەن هیچ گەنجێکی سەلەفیەوە بڵێت ئەگەر بە قسەی نەکەم تاوانبار دەبم ، بەڵام ئیشی سەلەفیەکان لەبەرئەوەی خوای تعالى دەفەرموێ: ﴿ فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ هەربۆیە ئەسڵ لە ئینسانی کەم علم ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆلای ئینسانی شارەزا ، وەئەمەش شتێکی ڕونە لەهەمو ئەدیانەکاندا ، کەوا هەرکەس لەشتێکدا شارەزابو خەڵکی پرسیاری لێدەکەن ، بەحوکمی ئەوەندەی شارەزای هەیە خەڵکە دەگەڕێنەوە بۆلای ، کە گەڕانەوە بۆلای ئیشی تۆکمە دروست دەبێت ، پاشان ئیشی سەلەفیەکان بریتی یە لە خزمەتکردنی دین ، هەرمامۆستایەك کە کۆمەڵێ قوتابی هەیە و دەرسی لادەخوێنن ، ئەوکەسانە فێری ئەو ڕۆشنبیریە دەکات کە خۆی پێیەتی ، وە قوتابیەکان بیر و بۆچونی ئەو مامۆستایە دەگوازنەوە ، بۆیە ئیشەکان بە ئێشێکی تۆکمە دێنە پێش چاو ، لەبەرئەوەش بەشی دەرونی خۆیانی تیانیە و کارەکان بۆ خوایە برێکی زۆر بەرەکەتی تیا دەبینرێ ، ئەگەر لەدورەوە ببینی وادەزانی ڕێکخراوێکی تۆکمەیە و لەکاری حزبێك دەچێ ، بەڵام بۆخۆی لەناوەڕۆکەوە بەوشێوەیە نییە ، وە لەناوەڕۆکەوە هیچ سەلەف یەك بەرپرسی سەلەف یەکی تر نیە ، پاشان ئەگەر ئێمە باوەڕمان بەحزبایەتی هەبێت ئەی ئایا لە قازانجی خۆمان نییە ئەگەر بڵێین باوەڕمان بەحزبایەتی هەیە ؟! یان بۆ کەسێك ٣٠ساڵ لەتەمەنی بەم قسەیەوە بەسەر بەرێت و بڵێت من باوەڕم بە حزبایەتی نیە ، ئایا ئەمە جۆرێك نییە لە دوو ڕوی و خۆخەڵەتاندن؟! ئێمە پرپەدەم هاواردەکەین و دەڵێین ئێمە باوەڕمان بە حزبی سیاسی نییە ، نەك وەك نەزانینێك و نازانین حزبی سیاسی چی یە ،

نەخێر ، بەڵکو حزبی سیاسی زیانی بەم وڵاتەی ئێمە گەیاندوە بە خاکی و بەئاوی و بەنەتەوەی و بەدینی ، وەئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ئێمە دژی حزبی سیاسی بین و هەرکەسێك حزبی سیاسی هەبو لە ئیسلامی و لە عەلمانیەوە بەهەموو شێوەیەك هەوڵبدەین بۆ ڕوخانیان و دژیان بووەستین ، نەخێر ئێمە موسوڵمانانی ئەم وڵاتە بە ئیسلامی و بە عیلمانیەوە دەزانین لەچی بارودۆخێکدا ژیاوە و گەیشتۆتە ئەم قۆناغە بۆیە دڵسۆزیمان بۆ تاك بەتاکی ئەم کەسانە هەیە بەمەبەستی ئەوەی کە بەهەر هەمومانەوە بتوانین خەڵکێکی زیاتر بیرمەند بکەین و هۆشیاریان بکەین کەوا حەلاڵ و حەرام بزانن ، قازانجی خۆیان لەدیندا و لەنەتەوەدا بزانن ، ئەگینا ئێمە مەرامی شەخسیمان نیە بۆخۆمان کەوا چەندە قازانج دەکەین لەم مەنهەجە ، نەخێر ، چونکە بەڕاستی ئێمە خۆمان کوشتووە بۆئەوەی خەڵکی پێبگات ، لەو ڕووەشەوە کە دەڵێم خۆمان کوشتووە ئەگەر باوەڕمان بە حزبی سیاسی هەبێت بۆخۆمان و بۆ موچەمان ، تا ئێستا شتێکمان هەبو بەناو حزبەکەی خۆمان و لایەنەکەی خۆمان و مەزهەبەکەی خۆمان ، بەلاَم ئێمە بەدەمی خۆمان دەڵێین باوەڕمان بەو شتە نییە ، بۆیە ئەگەر باوەڕمان هەبێت وەکو ئینسان ، یان بۆنمونە ئەگەر لەڕوی ئەندام و ئەو خەڵکانەی ئێستا بن بەسەلەفی ئەگەر کۆببنەوە و تۆماری حزبێکی سیاسی بکەن خۆهیچیان لە حزبەکانی تر کەمتر نییە ، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵنادەن بۆ کورسی ، هەوڵنادەن بۆئەوەی جێگەی هیچ کەسێك لەق بکەن ، بەڵکو هەوڵئەدەن بۆ ئەوەی چاکسازی کاربەدستان بکەن ، بەومانایەش نە کە ئێمە پیاوی سوڵتەین و پیاوی حکومەتین ، وە حکومەتیش هەرچی بکات ئێمە پێی ڕازین .

پرسیار ٥/ سەرچاوەیەك پێی وایە گرتنەبەری ئەم جۆرە سیاسەتە لە چێوارچێوەیەکی ئاینی نادیار زۆر ترسناکە بەبەراورد لەگەڵ حزبێکی سیاسی ئاینی وەك یەکگرتو و کۆمەڵ ؟

ماموٚستا خلیل أحمد / نەخێر بەهیچ شێوەیەك ترسناك نییە ، وە ئەو سەرچاوەیە وادەڵێ من نازانم کێ یە و لەچی ئاستێکدایە ، وە من تائێستا خەڵکێکی خاوەن فکر و ستراتیژ و شارەزا لە ئیسلامی یەکان ناناسم ، ئەگەر هەشبێت ، لە فکر و مەنهەجی سەلەفی ناناسم ، تاوەکو ئەم سەرچاوەیە بڵێت ئەم جۆرە سیاسەتە لە چوارچێوەیەکی ئاینی نادیاردا زۆر ترسناکە ، وە سەلەفیەکان ترسناکیان لە حزبێکی

ئیسلامی سیاسی وەك یەکگرتو و کۆمەڵ زیاترە ، نەخێر وانییە ، وە ئەم قسەیە لەقسەی کەسێکی ئیسلامی دەچێت ، کە دەیەوێ بڵێت حزبی ئیسلامی سیاسی ئەگەر هەشبێت هیچ کێشە نییە ، چونکە دەتوانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەی ، بەڵام ئەم بیروبۆچونەی کە خۆی ئاشکرا ناکات زۆر ترسناکە و نادیارە و ڕون نیە ، بە ڕاستی ئەمە لەقسەی کەسێك دەچێ کە بیەوێت ئەو کێشانەی لەسەر ئیسلامی سیاسی هەیە وەك دەڵێن کەمی بکاتەوە و ترسناکیەکە بدات بەسەر سەلەفیەکاندا ، وەمن لێرەوە خەڵکی کوردستان نوسەرەکەش دڵنیادەکەمەوە لەوەی کەوا سەلەفیەت هیچ شتێکی پێ نیە کە لەچوارچێوەی ئیسلام بچێتە دەرەوە ، وە هیچ جۆرە شتێکی ناڕونیمان نیە ، وەهیچ مەزهەب و دینێکمان نیە ئیلا ئیسلام نەبێت ، وەمن زۆر جار ئەوەم وتووە کەوا ئێمە هیچ مەزهەبێکمان نیە و هیچ دینێکمان نیە جگە لە ئیسلام ، جا هەرکەسێك بەڵگەمان لە ئیسلام بۆ دەهێنێتەوە ئەوە دینمانە ، وە ئێمە بڕیارمان نەداوە کە هەرشتێك خۆمان بڕوامان پێی هەبێت هەر دەبێت ئەوەبێت ، هەربۆیە دەرگای ئێمە کراوەیە بۆ گفتوگۆ و لە قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی صەحابە ، جا هەرکەسێك دینی ئیسلامی قبوڵ نەبێت و دژایەتیشی بکات ئەوە لە ئێمە نییە و بەیەکیشەوە نامانکرێت ، بەومانایەی کە ئێمە نابینە ئەو و ناشلێین با ئەوە لە ئێمە بێت ، بەڵام دەتوانین لەگەڵیدا بژین ، بەڕاستی ئێمە دڕندە نین خەڵك بتۆقێنین ، خەڵك بکوژین ، ئەوەی موخالیفمان بێت هەرچیەکمان لەناخدا هەیە بەسەریدا بیڕێژین ، هەرگیز بەوشێوەیە نیە ، بەڵکو ئەوکاتیش هەر بە ئیسلام حوکم دەکەین ، کەوابوو دەمەوێ خەڵك دڵنیابکەمەوە لەوەی کە سەلەفیەت ترسناکی پێ نیە ، بەڵکو ڕەحمەتی پێ یە ، خێری پێ یە ، خۆشی پێ یە ، سەلەفیەت وەکو مۆمێك وایە دەسوتێت بۆئەوەی چواردەورەکەی ڕون بکاتەوە ، بۆئەوەی خەڵکی لەپاڵیدا بحەوێنەوە ، چونکە من ئەگەر ئارامگربم بەرامبەر خەڵکێك کە موخالفی منن ، وەکو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم چۆن کاتێك نوێژ دەکات پیسی ناوسکی حوشترێك دەکەن بەسەریا ئارام دەگرێ ، یان یەخەی پێدەگرن و ئازاری دەدەن ئارام دەگرێ ، وە چەندین قسەی ناشرینی پێدەڵێن و لە شار و وڵاتی خۆی دەریدەکەن ئارام دەگرێ ، کەوابو ئێمەش دەبێ چاو لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بکەین ئەگەر هەرچیەکمان پێبکرێ ئێمە لەسەرمان پێویستە ئارام بگرین ، ئارامگرتنەکەش ئەوە نیە کە بەرامبەر حاکم

ئارام گرببن و بەرامبەر خەڵکی ئارام نەگرین ، نەخێر ، بەڕاستی من لێرەوە ئەوە ڕاست دەکەمەوە کە ئێمە ئارامگردەبین بەرامبەر هەمو تاکێك لەم کۆمەڵگایەدا بە ئیسلامی و بە عەلمانیەوە ، بە زانا و بەنەزانەوە ، بە حاکم و بە مەحکومەوە ، چونکە ئێمە ئەگەر بمانەوێ ڕەحمەت بین بۆ خەڵك لەسەرمان پێویستە خزمەتکاری خەڵك بین و خزمەتیان بکەین ، چونکە بەڕاستی ئێمە هیچ شتێکمان بۆخۆمان ناوێ ، تەنانەت ئەگەر سەردەمانێك هات هەمو خەڵکی پەیوەست بون بەدینەوە ، هەمو خەڵکی وتیان حکومەتی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی و یاسای ئیسلام و حوکمی قورئان و فەرمودەمان دەوێ ، ئەوکاتە ئێمە دەڵێین باشە پیرۆزتان بێت ، فەرمون خۆتان کێ هەڵدەبژێرن هەڵیبژێرن ، وە ئێمە بۆ خۆمان هیچمان ناوێ ، بەڕاستی ئامانجی ئێمە ئەوە نیە باسی سوڵتە بکەین بۆخۆمان ، بەڵکو بۆ خەڵك دەمانەوێ ، بۆ خەڵکی چاك و بەدین دەمانەوێ ، پێمانخۆشە ئەم وڵاتە دین حاکم بێت تیایدا ، پێمانخۆشە لەم وڵاتەدا حوکم بە قورئان و فەرمودە بکرێت ، بەڵام ئەگەر خۆم نەبم ناهێڵم شتی وامان نیە ، بۆیە ئێمە هیچ ترسناکیەك لە بیروبۆچون و ئاکار و ڕەوشتماندا و سیاسەت و هەڵس و کەتمان نیە ، وە هیچ نارۆنیەك لە ئایندەماندا نیە و ناشبێت إن شاء الله.

پرسیار ٦/ ئایا سەلەفیەکان لە هەوڵی ئەوەدان دەست بەسەر مزگەوتەکاندا بگرن بۆئەوەی پەیامی خۆیانی تێدا بڵاوبکەنەوە؟

مامۆستا خلیل أحمد / بەڕاستی پرسیارێکی سەیرە ، کوا ئەو ڕێژە زۆرەی سەلەفیەکان کە لەمزگەوتەکاندان ، ئەگەر بەراوردی مزگەوتەکان بکەیت کەچەندین مەلای غەیری سەلەفی تیایە ، جا ئەومەلانە ئەگەر لەحزبە ئیسلامیەکان بن یاخود لەمەزهەبەکانی سۆفی و دەروێش ، وەهەندێك مەلا هەیە لەسەر لیستی حزبە عەلمانیەکان دانراوە ، وە هەندی٘ مەلا هەیە هەر خۆی لەسەر هیچکام لەوانە ساغ نەکردۆتەوە ، یانی ئەگەر حساب بکەین لەهەر شارێکدا مەلا سەلەفیەکان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن ، ئەم گەورەکردن و زەقکردنەوە لە ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەکاندا بەڕاستی لەوانەیە مەرامێکی خراپی لە پشتەوە بێت ، من ناڵێم مەرامەکە دەستی وڵاتێك یان حزبێك یان لایەنێکی لەپشتە ، وە تۆمەت بۆ هیچ کەسێك ناکەم ، بەڵام ئەم نوسەرە بەرپرسی یەکەمە لەوەی کە ئەم شتە گەورە دەکاتەوە یان ئەو

كەسانەی كە ئەم جۆرە باسانە دەوروژێنن ، یان باخەڵكی تریش بڕوات مزگەوتەكان داگیربكات ، لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقاف و دامەزراندنەوە ئەگەر بڕوانامەی هەیە بابڕوات مزگەوتێك داگیربكات ، باشە كەسێك ئەگەر نەتوانێت مەلایەتی بكات یان نەتوانێ بچێ دین فێرببێت و دین بگەیەنێ ئەبێ كێ لەمزگەوتەكاندا بێت ، بەڕاستی ئەمە پرسیارێكە یان ئەوەتا ئەم نوسەرە ڕقی لە مزگەوتە و ڕقی لەباسكردنی دینە یان ئەوەتانێ تەنها سەلەفیەكانی خۆش ناوێ و خەڵكی تری خۆشدەوێ هەركەسێكی تربێت ، وە ئێمە ڕێگەمان لەهیچ كەسێك نەگرتوە بۆئەوەی بڕواتە سەر مینبەر و دین بگەیەنێ ، وە ئێمە بە فشاری خوێن و شەڕ و ئاژاوە و تێكدانی بارودۆخی ئەمنی نەچوینەتە مزگەوتەكانەوە ، و هەركەسێ لەهەر شارێك دەڕواتە هەر مزگەوتێك ئەوە نیە كە لەلایەن كەسێكەوە ئاراستە بكرێت و پێی بڵێن ئەوە بكە و وابڵێ ، یانی ئاراستە كراوی ڕێكخراوێك بێت یان ئاراستەكراوی ولآتێك یان حزبێك جا پارتی بێت یان یەكێتی یان هەر حزبێكی تر وەك هەندێ جار تۆمەت بۆ سەلەفیەكان دروست دەكەن كە پیاوی دەسەلآتن ، من وەكو كەسێكی لاوازی سەلەفیەكان لێرەوە دەڵێم هیچ جۆرە گرێبەستێك یان بەیاننامەیەك و هیچ جۆرە پەیوەندیەكی فەرمی لە نێوان ئێمە و پارتی و یەكێتی و هیچ لایەنێكی تر نیە ، ئەم جۆرە تۆمەت كردنە بۆ بانگەوازی سەلەفی زوڵمێكی گەورەیە و خوا قبوڵی ناكات ، لەڕاستیدا ئێمە هەركەسێك نەیارمان بێت لەناو ئیسلامدا یان دەرەوەی ئیسلام ئەوەندە عەقڵیەتمان هەیە كە بتوانین هەڵسوكەوتێكی ژیرانە لەم ولآتەدا بكەین كە دەزانین ولآتەكەمان بەچی بارودۆخێكدا تێدەپەڕێ ، بۆیە ئێمە بەوپەڕی ژیریەوە باوەڕمان بەوەیە كە فشار لەگەڵ هیچ مەزهەبێك و هیچ لایەنێك و هیچ ولآتێك دروست نەكەین ، جا ئەگەر مەلایەكی سەلەفی بڕوانامەی هەبێت و زانستی پێبێت و بڕواتە مزگەوتێكەوە كە كەسی تر ناچێت ، حكومەتیش شوێنەكە بە چۆڵی دەبینێ و لەسەر داواكاری خەڵك دادەنرێت بۆ دەبێ خەڵكانێك پێی ناخۆش بێت ؟ بۆ دەبێ خەڵكانێ بێن و بڵێن ئەمانە زیادیانكردووە ، باشە وادیارە زیادكردنیان ڕەحمی خوایە بەرامبەر بەو خەڵكە ، پاشان ئەم جۆرە ڕەخنەگرتنانە و تێكەڵكردنی سەلەفیەت بە سیاسەت و زیادیان كردووە و ترسناكن ، من حەزدەكەم بەڕاشكاوی پێمان بڵێن ئەو ڕەخنانەی لەسەلەفیەت دەگیرێن چین ؟؟ بەدەر لەوەی بڵێن: ئەمانە وشكن ، ئەمانە تەنها بایەخ بە ڕیش دەدەن ، ئەمانە بایەخ بە كورتی

شەروالّەکانیان دەدەن ، وە ئەم ڕەخنانە ڕاست و دروست نین ، بەڵکو سەلەفیەت چارەسەری پێیە ، سەلەفیەت بانگەشەیەکی گەورەیە ، سەلەفیەت کورت ناکرێتەوە لە بۆچونی مامۆستایەك یان دوو مامۆستا ، حزبێك یان دوو حزب بەناوی ئیسلامەوە ناوی خۆیان ناوە حزبی فلاّنی سەلەفی ، وەکو باسمانکرد سەلەفیەت نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلامە ، مەزهەبێکی ڕاست و دروستە بۆئیسلام ، وە موڵکی هیچ کەسێك لە ئێمە نیە ، کەوابو ئەم شێوە گەورەکردنەی کەوا سەلەفیەکان مزگەوتەکان بەدەست دەگرن و لەهەوڵی پەرەپێداندان ، گریمان وایە ، ئایا بەلای کێوە گرنگ نی یە کە هەر بیروبۆچونێکی هەیە پەرەی پێبدات؟!

پرسیار٧/ ڕای بەڕێزتان چی یە بەدابەشکردنی سەلەفیەت بەزیاتر لە ڕەوتێك ، وەك سەلەفی جیهادی ، سەلەفی حەرەکی ، سەلەفی تقلیدی ، سەلەفی مەدخەلی ؟

مامۆستا خلیل أحمد / ئەم دابەشکردنەی سەلەفیەت بۆ چەند ڕەوتێك شتێکی زۆر کۆنە، سەلەفیەت یەك سەلەفیەتە ، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ {ستفترق الأمة إلى ثلاث وسبعين فرقة كلها في النار إلا واحدة}، ئێمە سەلەفیەت بە مەنهەجێکی گەورە دەزانین ، وە ئەوەی بەناو سەلەفیەتەوە دەکرێت ئەگەر بینیمان پێچەوانەی شەرعە و لەگەڵ میزانی مەنهەجی سەلەفیەتدا ناگونجێت ئەوە بریتی نیە لە سەلەفیەت، وە ئەو چوار جۆرەی کە باست کرد من بۆخۆم هیچکام لەو جۆرانە نیم ، چونکە سەلەفیەت بەتەنها جیهاد نازانم ، وە سەلەفیەت تەنها بە تەنزیم و حەرەکە نازانم ، وە سەلەفیەت تەنها بە تەقلید نازانم ، سەلەفیەتی مەدخەلی هەر باوەڕم پێی نیە ، چونکە من (ربیع کوڕی هادی مەدخەلی) بە زانایەکی گەورەی ئیسلامی دەزانم ، بەلاّم بەهەموو ئیسلامی نازانم ، و هەمو دین لای ئەو کۆنابێتەوە ، هەروەك چۆن هەمو دین لای شافعی و حەنبلی و حەنەفی و مالك کۆنەبویەوە ، ئەم دابەش کردنە بۆ شێواندنی جوانی سەلەفیەتە ، چونکە دەرکەوتووە سەلەفیەت مەنهەجێکە چارەسەرە و گەڕانەوەیە بۆ دینی ڕاستەقینە ، هەربۆیە کۆمەڵێك لە دوژمنەکانی لە دەرەوە و ناوەوەی ئیسلامدا هاتن ئەم جۆرە دابەشکردنانەیان کرد بۆئەوەی خەڵکی دڵی بگۆڕێ بەرامبەر بەسەلەفیەت ، ڕەنگە کەسێك بڵێ: (خەوارج) سەلەفی ئێمەن ، چونکە لەپێش ئێمەوە ڕۆیشتون ، ئەو صەحابانەشی کە دژی خەوارج بون هەر سەلەفی

ئێمەن ، وە هەردولاشیان موسوڵمان بون ، وەلاّم بۆ ئەم گومانە: ڕاستە لە ڕوی زمانەوە هەردوکیان سەلەفن بۆ ئێمە ، وە لەڕوی سەردەمیشەوە هەر سەلەفن بۆ ئێمە ، بەلاّم لایەکیان سەلەفی صالحن ، لایەکەی تریان سەلەفی گالحن ، لایەکیان مەنهەجەکەی دروستە ، لاکەی تریان مەنهەجەکەی ناتەندروستە ، بۆیە خەوارج با لەسەردەمی صەحابەشدا بوبن ، بەلاّم مەرج نیە کە هەرکەسێك ڕیشی درێژ بو ، وە شەرواڵەکەی کورت بو ئەوە سەلەفی یە ، چونکە سەلەفیەت کورت ناکرێتەوە لە ڕیش و شەرواڵدا ، وە ولاّتی وامان هەیە تەنها لەبەر ئەوەی لەسەر مەزهەبی ئەبوحەنیفە دەڕۆن هەمویان ڕیشدارن ، بۆنمونە: ولاّتی ئەفغانستان و پاکستان ، لەکۆندا ولاّتی ئێمە هەرچی پیاو هەبووە کەوا و سەڵتەکەی و جل و بەرگەکانیان کورت بووە ، وە ڕیش لەم ولاّتەی ئێمەدا مۆدێل بووە ، بەئیسلامی و بە عەلمانیوە خەڵکی ڕیشیان هەبووە ، کەوابو سەلەفیەت بە ڕیش درێژکردن و شەرواڵ کورتکردنەوە نیە ، هەرچەندە دوو دروشمی گەورەی ئیسلامن ، کەدەڵێم گەورە: مانای وایە ڕیش بەردانەوە و شەرواڵ کورتکردنەوە (واجب)ن، وە هەرکەسێك ئەو دوو دروشمەی بەجێهێنا و کارەکانی تری پێچەوانەی مەنهەجی ئەهلی سوننە بو ئەوا ئەوکەسە پێی ناوترێ سەلەفی ، یان بۆ نمونە: ئەگەر ڕەوتێك هەبو ناوی خۆی نا سەلەفی ، یان ڕەوتێك هەبو لەسەر کتێبەکانی ئیبن تیمیە و محمدی کوڕی عبدالوهاب دەڕۆی لەهەندێ شتدا ، بەلاّم لەزۆر شتدا پێچەوانەی ئەوانی دەکرد ، ئەوەش هەر بەسەلەفی حساب ناکرێ ، بۆ؟ لەبەرئەوەی خەوارج دەیانوت ئێمە بە قورئان حوکم دەکەین ، تەنانەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کاتێك وەسفیان دەکات دەفەرموێ: {تحقرون صلاتكم إلى صلاتهم وصيامكم إلى صيامهم } .

واتە: نوێژەکانی خۆتان لەچاو نوێژەکانی ئەواندا بەکەم دەبینن ، ڕۆژووەکانی خۆتان لەچاو ڕۆژووەکانی ئەواندا بەکەم دەبینن ، وە کۆمەڵێك بون قورئانیان لەبەربوو ، و ئیلتیزاماتیان پێوە دیار بوو ، هەر بۆیە ئەم هەموو ڕەوتەی کە ئێستا لەم سەردەمەدا هەن ناوی خۆیانیان ناوە سەلەفی فلاّنی و فلاّنی و هتد ، بەلاّم سەلەفیەت یەك ڕەوت و یەك مەنهەجە، وە ئێمە سەلەفی مەدخەلی نین و ئەوان سەلەفی فلاّنی، جا هەرکەسێك لە ئێمە لەهەمو ئەو ڕەوتانەی چەندێك دەگەڕێتەوە بۆلای مەنهەجی ئەهلی سوننە تاوەکو زیاتر بگەڕیتەوە و موخالەفەی ئەسڵەکانی نەکات ئەوە سەلەفی یە، هەتا کەمتر بگەڕێتەوە یان

موخالەفەی ئەسڵەکە بکات ئەوە یان سەلەفی نی یە یان بەقەد ئەو مخالەفانە لە سەلەفیەت دورکەوتۆتەوە ، کەوابو پێویستە ئەمانە ڕاست بکرێتەوە ، ڕەوتی بەناو سەلەفیەتی جیهادی سەلەفی نین ، چونکە ئەوانە یان کۆمەڵە کەسێکن بەڕاستی سەلەفین بەلاّم زوڵمیان لێدەکرێت یان ئەوانە فکرەی خەوارجیان هەیە و سەلەفی نین ، پێویستە ئەم دوشتە لێك جیابکرێتەوە ، وەمن نامەوێ لێرەوە قسە بەهیچ تائیفەیەك بکەم کە هەوڵ بۆ ئیسلام دەدات ، هەرکەسێك کە بەناوی ئیسلام و دینەوە دەجوڵێتەوە ، ئەمەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت ، یان ئەوەیە لە لایەن ڕاگەیاندنەکانەوە ، و لەلایەن دوژمنانی ئیسلامەوە یان ئەوەیە زوڵمیان لێدەکرێت و ناوناتۆرەیان پێوەدەنێن ، و خەڵکی باش و چاکن و خاوەن مەنهەجی ڕاستی ئیسلامن ، یان ئەوەیە ئەوانە بۆخۆیان موخالەفەی مەنهەجی ئەهلی سوننە دەکەن ، کەوابو ناکرێ حەق دوو شت بێت {الحق واحد لايتعدد فماذا بعد الحق الا ضلال}، ناکرێ کەسێك سەلەفی بێت و لەهەمان کاتدا خەوارجیش بێت ، بۆیە سەلەفیەت یەك شتە ، ئەما سەبارەت بە سەلەفیەتی مەدخەلی و سەلەفیەتی تەقلیدی بەڕاستی ئەم دوناوە هەر بە زۆر دروست کراوە ، هەندێ کەس هەیە لە ولاّتاندا ناوی خۆیان ناوە سەلەفی تەنزیمی وەك (جمعية تراث) لە کوەیت ، و حزبی نوری سەلەفی لە مصر ، بەلاّم سەلەفی مەدخەلی و سەلەفی تەقلیدی هیچیان ڕێکخراو نین ، پاشان سەلەفی مەدخەلی ئەوانەی کە لەسەر بۆچونەکانی ربيع کوڕی هادی مەدخەلی دەڕۆن ، بەڕاستی ئەمانە ڕەوت نین ، چونکە ئەوانەی لەسەر بۆچونی شێخ ربيع دەڕۆن ، باقی زاناکانی تریان فەرامۆش نەکردووە ، بەلاّم لەهەندێ بابەتدا مەنهەجی شیخ ربيع یان بەدڵە لەبەر ئەوەی دراساتی تیایە ، بۆ نمونە ئەو کتابانەی لەسەر سەید قوتب نوسیویەتی دەڵێن پێکاویەتی ، ئەی ئایا لەهەموبابەتیکدا مەرجە بیپێکێ ؟ نەخێر من باوەڕم وایە هیچ کەسێك نیە هەمو حەق لەخۆیدا کۆبکاتەوە ، کەوابوو ئەم پۆلێن کردنە هەڵەیە و بەهیچ شێوەیەك ڕاست نیە.

پرسیار ٨/ ڕای بەڕێزتان چی یە لەسەر ئەو قسەیەی کە دەڵێ لەوانەیە سەلەفیەکانی کوردستانیش وەك سەلەفیەکانی مصر بین بەحزب؟

مامۆستا خليل أحمد / لەوانەیە لە هەمو وڵاتێکدا سەلەفیەکان حزب دروست بکەن یان لەکوردستاندا لەوانەیە چەند حزبێك هەبێت ، هەروەك چۆن ناتوانم ڕێگە لە کۆمەڵێك بگرم کە حزب بەناوی ئیسلامەوە دروست دەکەن هەرواش ناتوانم ڕێگە لەکەسێك بگرم کەدەیەوێ بەناو سەلەفیەتەوە حزب دروست بکات ، و ناتوانم سکاڵای یاسای لەسەر تۆمار بکەم ، بەڵام ئایا لە ڕوی مەنهەجەوە وە بەناو سەلەفیەتەوە دروستە ؟ بێگومان نەخێر ، ئێمە چەندینجار فەتوای زانایانمان بلاّو کردۆتەوە لەسەر حەرامێتی حزبایەتی ، بە دەنگ و ڕەنگ ، کە نابێت ئیسلام و سەلەفیەت ئیستغلال بکرێت بۆ حزبایەتی کردن ، هەرچەند ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە دینی ئیسلام بەخەڵکی بگەیەنرێت و خۆمان ماندو بکەین لە خزمەتکردنی خەڵکی بەهەمو شێوە و شێوازێك کە شەرعی بێت ، وە خزمەتی ئەم وڵاتە بکرێت بۆ ئەوەی چاکسازی تیا بکرێت ، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکەکەی موسوڵمانە پێویست ناکات حزبی ئیسلامی سیاسی یان حزبی سەلەفی تیا دروست بکرێت ، وە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان حزبێکی سەلەفی لە کوردستاندا دروست بو وەك سەلەفیەکانی مصر ، ئەوکات من یەکەم کەس دەبم کە لێیان دوردەکەومەوە ، چونکە من ئیسلام و سەلەفیەت زۆر بەگەورەتر دەزانم بڕۆم بچوکی بکەمەوە لە حزبێکدا ، پاشان بۆ نمونە ئەو کەسەی کە لەکوردستاندا حزبێکی سەلەفی دروست دەکات بێگومان هەندێ کەس هەیە کە ڕێك ناکەون لەگەڵیان یان حزبێکی تر دروست دەکەن یان هەندێ کەس هەن لەدەرەوەی ئەو دوو حزبە دەمێننەوە ، وەك چۆن ئێستا چەندین حزبی ئیسلامی هەیە و موسوڵمانی سەربەخۆش هەیە کە لەگەڵ هیچ حزبێکی ئیسلامی نیە ، ئێمە ئەوکاتە لەگەڵ هیچ حزبێك لە حزبەکاندا نابین ، بۆ؟ چونکە سەلەفیەت بریتی یە لە ئیسلام ، وە سەلەفیەت گەورەترە لە حزبێکی سەلەفی ، ئەگەر حزبێك دروست کراو ناو نرا حزبی سەلەفی فلاّن کەس ، ئێمە بە پێچەوانەی ئیسلامی دەزانین ، وە بە حەلاڵی نازانین ، وە بەهیچ شێوازێك لەگەڵی نابین ، وە ئەم نوسەرە کە دەڵێ لەوانەیە سەلەفیەکان بین بەحزب ، هەرکە بون بە حزب ، دەڵێ کەوتونەتە ژێر فشاری ململانێی سیاسی و پەرلەمان و هتد ، بەلاّم ئێستا کە تەماشای سەلەفیەکان دەکات ناکەونە ناو هیچ

هاوکێشەیەکی سیاسی و تەنها خەڵکێکی خێرخوازن و تەنها مەبەستیان گەیاندن و بلاّوکردنەوەی ئیسلامی ڕەسەنە ، هەربۆیە ڕقیەتی لە سەلەفیەکان ، من ناڵێم من لە دڵمەوە دڵی ئەو نوسەرە دەناسم ، بەلاّم لە پرسیارەکەوە جۆرە شتێکی وادیارە ، وە لەسەرتاوە دەڵێ ئەگەر وەك یەکگرتو و کۆمەڵ حزب بوایەن ، ئەوکات ئەوەندە توند نەدەبو بەرامبەر بە سەلەفیەکان.

پرسیار ٩/ ئایا ڕاستە سەلەفیەکان و بانگەشەکەیان وابەستە کردنی خەڵکە بە شتە لاوەکیەکانەوە وەك پانتۆڵ کورتی و ڕیش درێژی؟ وە هەروەها ژنەکانیان لەماڵەوە دەهێڵنەوە و لەگەڵ دونیای سەردەمدا ناگونجێن؟

مامۆستا خلیل أحمد / ئەوەی کە دەڵێ سەلەفیەکان کۆمەڵگا بە شتی لاوەکیەوە سەرقاڵ دەکەن وەك پانتۆڵ کورتی و ڕیش درێژی ، وە ژنەکانیان لەماڵەوە دەهێڵنەوە ، و لەگەڵ دونیای سەردەمدا ناگونجێن ، ئەو قسەیە هیچ ڕاست نیە ، وە ئەم قسەیەش شتێکە بۆ ناشرینکردنی سەلەفیەکان ، بەلاّم ئەم قسەیە ئەوەندە کۆنە هەر حەق نیە وەلاّم بدرێتەوە ، چونکە سەلەفیەکان سەرقاڵی ئەوەن کە خەڵکی پانتۆڵەکەی کورت بێت و ڕیشی درێژ بێت ، چونکە ئەمانە دو واجبن و پێویستە بەجێ بگەیەنرێن ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا سەلەفیەکان باسی یەکتاپەرستی دەکەن ، و باسی مافی پێغەمبەر دەکەن صلى الله عليه وسلم ، و باسی پاراستنی ئەمن و ئاسایش دەکەن ، و باسی تەندروستی دەکەن ، باسی تێکەلاّوی ژن و پیاو دەکەن ، وە باسی چارەسەری کێشەکان دەکەن ، و هەرشتێك لەقورئان و فەرمودەدابێت سەلەفیەکان باسی دەکەن ، سەبارەت بەو قسەی کەدەڵێ ژنەکانیان لەماڵەوە دەهێڵنەوە ، من نازانم چی سودێکی هەیە ئەگەر ژنەکانمان بەرەلاّبن؟ چی سودێکی هەیە ژنەکانمان لەدەرەوە لەگەڵ پیاواندا تێکەڵ بن؟ ئایا سەلەفیەکان قسەی گیرفانی خۆیانە کە دەڵێن تێکەلاّوی ژن و پیاو حەرامە؟ ئایا ئەم نوسەرەی کە ئەم قسەیە دەکات باوەڕی بە قورئان و فەرمودە هەیە؟ ئایا لای هەمووان ئاشکرا نیە کە پێویستە بە وریاییەوە هەڵس و کەوت لە گەڵ تێکەلاّویدا بکەین؟ سەبارەت بەدونیای سەردەم ، ئێمە وەك موسوڵمان بیردەکەینەوە ، پێویستە موسوڵمان چۆن لەگەڵ دونیای سەردەم خۆی بگونجێنێ ؟ ئایا ئەوەیە کە ئێمە شوێن ولاّتانی ڕۆژئاوا بکەوین و ئافرەتان بکەینە کالاّیەك و تێکەڵیان بکەین بە پیاوان بۆئەوەی لەناو بچن

و لەبار بچن ، بۆئەوەی شەرم و شكۆ و شەرەف و ناموسی خێزان و منداڵەكانمان و كوڕ و كچەكانمان لەناو بچن؟! ئەمەیە دونیای سەردەم؟! ئێمە پێویستە دونیای سەردەم دروست بكەین بە شێوازێك كە ڕۆژئاوا چاومان لێبكەن ، كوا پرۆژەی ئەم نوسەرە كەدەیەوێ دونیای سەردەم دروست بكات؟! كوانێ زانكۆ و پەیمانگای تایبەت بە كچان؟ كوانێ خولی درومان تایبەت بە كچان؟ كوانێ كارگە و هۆكارەكانی پێشكەوتن تایبەت بە ئافرەتان؟ با بەڕێزیان دروستی بكات و ئێمەش ئافرەتانمان بنێرینە دەرەوە! ئایا ئەم دونیای سەردەمە لەكوێوە بۆمان هاتووە؟ لەخواوەیە یان جگە لەخوا ، ئەگەر لەخواوەیە كەواتە لە قورئان و لە فەرمودەدا هاتووە ، ئەگەر لە جگە لە خواوە هاتووە ئەوا لەكەسانێكەوە هاتووە كە هیچ ئەزمون و شارەزاییەكیان نیە ، ئەم بەڕێزەی كە ئەم شتەی نوسیوە ئەگەر باوەڕی بە ئیسلام و بەدین هەیە پێویستە سەرچاوەكەی ئیسلام بێت ، وە لە قورئان و سوننەتەوە وەریگرتبێت ، پاشان با بێینە سەر واقع: ئێمە چی قازانجێكمان كردووە لەو كاتەوەی ئەم تێكەلاوییەی نێوان ژنان و پیاوان دروست بووە ، ئایا ڕێژەی جیابونەوە زیادی نەكردووە؟ ئایا كێشەی خێزانی زیادی نەكردووە؟ ئایا شیرازەی ئافرەتەكانمان زیادی نەكردووە؟ ئایا چەندین (تحروش الجنسی) بۆ كچان و كورانمان دروست نەبووە؟ ئایا ئێمە ناتوانین بژین ئیلا بەوە نەبێت كە تێكەلاوی كوڕان و كچان نەكەین؟ سەبارەت بەوەی كە دەڵێ ژنەكانیان لە ماڵەوە دەهێڵنەوە ، ئایا كام لە سەلەفیەكان ژنەكانیان لەماڵەوە بەند كردووە؟ ئەی بۆ تائێستا هیچ ژنە سەلەفیەك نەچووە سكالایی یاسایی لەسەر پیاوەكەی تۆمار بكات و بڵێت من مافم لێزەوت كراوە بێن فریام بكەون؟ ئایا ئەو ژنانەی كە لەماڵەوەن حەیا و حورمەتیان پارێزراوە ئازاد نین؟ بۆدەبێ ئەگەر كەسێك ژنەكەی یان كچەكەی لە بازاڕدا بە جلێكی ناشەرعیەوە بگێڕێ (ڕێزم هەیە) بیباتە هەمو شوێنێك كە مایەی ئەوە بێت زەرەر و زیانی پێبگەیەنرێت ئەو كەسە ئازاد و سەربەستە ، لە دونیای سەردەمدایە ، ئەوە نوێخوازی و پێشكەوتن بێت ، بەلام ئەگەر كەسێك خێزانەكەی لەماڵەوە ڕابگرێت ، خزمەتی منداڵەكانی بۆ بكات ، یان خزمەتی ماڵەكەی بۆ بكات ، یان وەك پادشا نانی بۆ بهێنێتەوە و نەهێڵێت كار بكات ، هەرچی پاشەكەوتی هەیە لەگەڵ خێزانەكەیدا بەشی بكات ، ئەمە ئەگەر بەشێوازی سەلەفیەت هەڵسوكەوتی لەگەڵ بكات ، چونكە من لەگەڵ هیچ تاكێكی سەلەفی نیم ئەگەر هەڵسوكەوتێكی

هەڵە لەگەڵ خێزانەکەیدا بکات ، چونکە هەمو هەڵەیەك لە میزانی سەلەفیەتە و میزانی ئیسلامدا هەڵەیە ، وە چاوپۆشی لەهەڵەی هیچ کەسێك ناکرێت لەبەر ئەوەی سەلەفیە ، پاشان ئێمە دین و مەنهەجمان نافرۆشین بە تاکە سەلەفیەکان ، هەرتاکێك چەندێك توانای هەبێت لەناو سەلەفیەکاندا لەڕوی علم و زانستەوە هەڵەکەی هەڵەیە ، وە ئەوەی کە دەڵێ بە شتی لاوەکیەوە سەرقاڵن وانیە ، چونکە ئێمە شتی زۆرمان پێیە بۆ ئەم کۆمەڵگایە ، بەلاّم کوان ئەو کەسانەی کە خەریکی دیراساتن با بێن لەگەڵ سەلەفیەکاندا دیراساتی فکر بکەن ، دیراساتی عەقیدە بکەن ، دیراساتی ئابوری بکەن ، دیراساتی سیاسەتی شەرعی بکەن ، دیراساتی دڵسۆزی بکەن بۆ خزمەتکردنی ئەم ولاّتە ، بۆ ڕزگار کردنی ئەم ولاّتە لە گەندەڵی ئیداری ، و گەندەڵی فکری ، و هتد، یانی ئەوەی کە ئێستا لایەنەکان پێوەی خەریك بون لەسەر گەندەڵی فلاّن ئەمە کۆمەڵێکە لە گەندەڵی ، ئایا گەندەڵی تەنها لە پارە و ساماندا هەیە؟ یان نەخێر گەندەڵی لە ڕەوشتیشدا هەیە ، گەندەڵی لە فکردا هەیە ، گەندەڵی لە دیندا هەیە ، لادان لەهەمو شتێکدا هەیە ، ئەوەی کە سەلەفیەکان پێیانە ، یان مەنهەجی سەلەف پێیەتی لە چاکسازی کۆمەڵگا لە گەندەڵی زۆر گەورەترە وەك خەزێنەیەك ، زۆر گەورەترە لەوەی کە ئێستا لە ڕاگەیاندنەکانەوە باس دەکرێت لەسەر چاکسازی ، هەربۆیە لەڕاستیدا نابێت و ناکرێت سەلەفیەت بە هەڵسوکەوتی هیچ تاکێکی سەلەفی حسابی لەگەڵدا بکرێت ، کە تاکێکی سەلەفی لەبەر کرچ و کاڵی یان لەبەر پێکهاتەی کە توند و تیژە و لەگەڵ کەسێکدا بەشەڕ دێت یان دەمەدەم دەکات لەسەر پانتۆڵ یان لەسەر ڕیش یان لەسەر هەر کردەوەیەکی تر ، بێن وای لەقەڵەم بدەن کە بانگەوازی سەلەفی و مەنهەجی سەلەفیەت بە تێکڕا بریتی یە لەو شتانەی کە لاوەکین ، پاشان ئەم نوسەرەی کە پانتۆڵ کورتی و ڕیش دانان بەلاوەکی دەزانێ ، گریمان ئەم دوشتە لاوەکیە لەچاو پرسی گەورەتردا ، ئایا ئەو بەڕێزە خۆی ئەو شتانە ئەنجام دەدات یان هەر ئەسڵەن ئەمە بەلایەوە هیچ نیە یان ناتوانێ ئەنجامی بدات ، من لێرەوە ئامۆژگاری هەمولایەك دەکەم : هیچ شتێك لە ئیسلامدا لەخودی خۆیدا لاوەکی نیە ، ئەگەر فەرمانی لەسەر هاتبێ ، و بە دین دانرابێت ، و خوا داوای کردبێت ، و چارەسەر بێت لە دیندا ئەوا ئەو شتە لاوەکی نیە ، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ

شتێکی تردا پلەی کەمتر بێت ، بەڵام نابێت ئێمە هەمو دین بەوە حساب بکەین ، وە هەڵەی تاکێکی سەلەفی لەم بوارەدا بە هەڵەی هەمو مەنهەجەکە یان بەهەڵەی تاکەکانی هەمو مەنهەجەکە حساب بکەین.

پرسیار ١٠/ ئایا دەستی دەرەکی لە پشت سەلەفیەکانەوە هەیە بە تایبەت ولاَتانی دەوروبەر بۆ تێکدانی ڕەوشی هەرێم؟

مامۆستا خلیل أحمد / من نازانم ئەگەر دەستی دەرەکی لە پشت ئێمەوە هەبێت یان نەبێت ، ئێمە خۆمان هەست بە هەبونی ساردی و گەرمی هیچ دەستێك ناکەین ، نە کەسێك جوڵاندوینی بۆئەوەی بەکارمان بێنێ ، نە قازانجمان لە پارە و پولی هیچ کەسێك کردووە ، پاشان ئەم پرسیارە خۆی بۆخۆی تاوانبار کردنی بەرپرسەکانی کوردستانە هەر لەسەرۆکی هەرێمەوە تا دەگاتە تێکڕای ئەندامانی حزبە دەسەلاَتدارەکان ، وەئەگەر دەستی دەرەکی لەپشتمانەوە هەبێت بۆ تێکدانی ڕەوشی هەرێم تائێستا ڕەوشی هەرێممان تێکدابوو ، وە ئەگەر سەلەفیەك بەیانی تا ئێوارە لە نوسینەکانی و وتارەکانی بپاڕێتەوە لە خوا بۆئەوەی ئەمن و ئاسایشی ئەم ولاَتە بپارێزێ ، وە بەهیچ شێوەیەك قسە بەهیچ کەسێك نەکات چ بەحاکم و چ بە مەحکومەوە ، وە ئەوەندەی سەلەفیەکان ئەمن و ئاسایشیان بەلاوە گرنگە کار گەیشتۆتە ئەوەی بە پیاوی دەسەلاَت حساب دەکرێین ، لە ڕاستیدا ئێمە نە پیاوی دەسەلاَتی هەرێمی کوردستانین و نە هیچ ولاَتێکی تری دەرەوەی هەرێم ، وە سەر بە هیچ حزب و لایەنێك نین چی لەبەر دەسەلاَتەکەیان یان لەبەر حزبەکەیان ، بەلاَم بەلامانەوە گرنگە بارودۆخی ئێستای ئەم ولاَتە پارێزراو بێت بۆئەوەی چاکسازی و بانگەشەی ئیسلامی حەق و لێك تێگەیشتن بەرپاببێت ، پاشان ڕەوشی هەرێم بە ئێمە تێك ناچێت ، ڕەوشی هەرێم بەکەسێك تێکدەچێت کە مەرامی سیاسی و حزبی ، و مەرامی شەخسی و گیرفانی خۆی ، و بەدوای پۆست و پلە و پایەدا بگەڕێ ، بەلاَم ئێمە پڕ بەدەمی خۆمان هاوار دەکەین و دەڵێین پلە و پایەمان ناوێ ، کورسی و پارە و پولمان ناوێ ، و موچە و ئافەرینمان ناوێ ، ئێوە برای ئێمەن ، و ئێوە کەسی ئێمەن ، ئێمە تەنها خێرمان دەوێ بۆ ئەم ولاَتە ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ ﴾ پاداشتی ئێمە لای خوایە ، بەلاَم ئامان سەد ئامان ئێوە چاك بن ، و ئێوە موسوڵمان بن ، و ئێوە برای یەك بن ، و ئێوە شەڕ

و مەشاكل دروسن مەكەن ، و ئێوە ئاگاتان لە میللەت بێت ، ئەمە بەرنامەی ئێمەیە ، وە ئەگەر دەستی دەرەكی هەر ولاَتێك لە پشت ئێمەوە بوایە بە درێژای ئەوەندە ساڵ نەدەبو دەركەوتایە و ئێستا ئێمە لە هاوكێشەیەكی سیاسی هەرێمدا بەشداریمان بكردایە ، بە ڕاستی ئێمە سەر بەهیچ ولاَتێك نین ، وە هیچ دەستێك نامانجولێنێ ، ئەگەر بیشیەوێ ، هەرناتوانێ بمانجولێنێ ، چونكە بەڕاستی ئێمە تاسەر ئێسقان خۆماڵین ، و بەهیچ شێوازێك ان شا ءالله لەخشتە ناچین بەوەی كە ولاَتی خۆمان و میللەتی خۆمان و دین و خاك و ئاوی خۆمان بفرۆشین بۆ هیچ كەسێكی تر ، چونكە ئەوانەی ئەو كارانە دەكەن لەبەر بەرژەوەندی دونیای خۆیان دەیكەن ، ئێمە پشت بەخوا دەمانەوێ دینداری بكەین بەلاَم دینداریەكیش نەبێت كە لەپێناوی دینداری كردنەكەدا پێشبركێی زەمان بكەین و دنیا كاول بكەین و مەشاكلێك بۆ خەڵكی دروست بكەین ، ئێمە دەڵێین لەگەڵ نەیارەكانماندا ، ئەوانەی لەگەڵ ئێمە پێكنایەنەوە لە (حزب ، لایەن ، مەزهەب ، ولاَت ، هتد) كێ دەیەوێ دژایەتیمان بكات ئێمە (صبر)مان هەیە بەرامبەری ، كێ دەیەوێ لەناومان ببات ، ئێمە دەڵێین خوایە تۆ چاكی بكە و لەناوی مەبە ، بەڕاستی ئێمە زۆر لەوەوە دورین كە ڕەوشی هەرێم بشێوێنین ، ئەمەشمان لە ترسەوە نیە ، بەڵكو باوەڕمان پێیەتی ، وە ئەگەر بەدوای پلە و پایەوە بین ئەوا هەوڵی بۆ دەدەین ، ئێمە ئەم نەرم و نیانیە و ئەم مەنهەجە سەلەفیەتەی كە باوەڕمان پێیەتی لەم ولاَتەدا پیادەی بكەین ، نەلەبەر ترسە لەهیچ حزبێكی ئیسلامی و علمانی ، نەلەبەر موچە و پلە و پایەیەكی دونیاییە ، وە ئەم مەنهەجە بە دین دەزانین ، وەئێمەش ئازادین لە پێڕەو كردنی ئەم مەنهەجە ، وەك چۆن هەموتاكێك لەم ولاَتە ئازادە لەوەی مومارەسەی چی فكرەیك بكات ، هەركات ئێمە بوین بەئەرك بەسەر خەڵكەوە كێشەمان بۆ دروست كردن ، ئەوكات دەرگامان كراوەیە بۆ ئامۆژگاری هەمو كەسێك ، وە ئاگادارمان بكاتەوە بۆئەوەی ئێمە جگە لە چاكە هیچی بەرامبەر نەكەین.

پرسیار ١١/ ئەم نوسەرە دەڵێ: ئێمە چەندین جار دەسەلأتمان ئاگادار کردۆتەوە لە مەترسیەکانی ئەم ڕەوتە بەتایبەت پارتی ، کە ئەم سەرچاوەیە پێی وایە پارتی پشتیوانی لە ڕەوتی سەلەفیەت دەکات ، وە پێشتریش لەلایەن چەند مامۆستایەکی ئاینی یەوە بەنوسراو ئەم کێشەیان بەخودی مسعود بەرزانی گەیاندووە ، بەڵأم بەڕاشکاوانە پێی وتون ئەمە لەدەسەلأتی مندا نیە ، ئەم سەرچاوەیە دەڵێت دیارە دەسەلأتێکی لەوە گەورەتر هەیە کە یەکێتی و پارتیان ناچار کردووە کە ملکەچ بن بە بەرنامەی سەلەفیەت لە هەرێمی کوردستاندا؟

مامۆستا خلیل أحمد / ئەم کەسەی کە دەڵێ دەسەلأتمان ئاگادارکردۆتەوە لە مەترسیەکانی ئەم ڕەوتە ، نازانم ئەم کەسە چی پۆستێکی هەیە ، یان سەر بە چی ڕێکخراوێکە ، بۆ خۆی ئاشکرا ناکات ؟! بزان سەر بە چی مەزهەبێکە؟ پاشان مەترسیەکانی ئەم مەنهەجی سەلەفیەتە چی یە؟ مەترسیەکان لە کوێ یە ، کە ئەو ئەوەندە شارەزا و پسپۆرە حکومەتی ئاگادار کردۆتەوە و حکومەتیش ئەوەندە بێئاگا و بێ عەقڵە هەستی بەو ترسناکیە نەکردووە کە ئەو هەستی پێکردووە ؟! بەڕاستی من نازانم ئەم کەسە لە چی ئاست و پۆستێکدایە کە حزبی دەسەلأتدار لە پارتی و لە یەکێتی یان خەڵکی زۆر سیاسەتمەدار لەم ولأتە بێئاگابن لە ڕەوشی هەرێم ، بێئاگابن لە ڕەوتی سەلەفی تا ئەو هەستی پێکردبێت و ئەوان هەستیان پێنەکردبێت؟! وە دەربارەی ئەوەی کە دەڵێ پێشتریش لەلایەن چەند مامۆستایەکی ئاینی یەوە بە نوسراو ئەم کێشەیان بە کاک مسعود گەیاندووە ، بەڕاستی ئەمە ئەگەر بوبێت دیارە کۆمەڵە مامۆستایەك تێگەیشتنێکی هەڵەیان هەیە بەرامبەر بە سەلەفیەکان ، چونکە ئەگەر سەلەفیەکانیان بناسیایە دەهاتن لەگەڵ سەلەفیەکان قسەیان دەکرد ، چونکە سەلەفیەکان کوڕی ئەوانن ، برای ئەوانن ، خزمەتکاری ئەوان دەکەن ، وە ئێمە دەرگامان کراوەتەوە بۆ هەمو مامۆستایەکی ئاینی چ مەنهەجی وەك ئێمە بێت یان مەنهەجی جیای هەبێت هەر جۆرە ئامۆژگاریەك ، هەر جۆرە دیراسات و بیروبۆچون گۆڕینەوەیەك هەیە ئێمە لەگەڵیداین ، پاشان ئەگەر شتێکی وایان بە کاک مسعود وتوە و ئەویش بە ئاشکرا پێی وتون ئەمە لەدەسەلأتی مندا نیە ، ئەمە دوو قسەی زۆر ترسناکی تیایە ، ئەگەر کاك مسعود وتبێتی لە دەسەلأتی مندا نیە ئەمە جۆرە تانەیەکە لە سەرۆکی هەرێم کە کەسێکی بێدەسەلأتە وە ئەمەش قسەیەکی زۆر

هەڵەیە ئەگەر وتبێتی ، ئەگەر لە دەسەڵاتی ئەودا نەبێت ئەی لە دەسەڵاتی کێدایە؟! یان ئەم قسە کلك و گوێ کراوە لە قسەکانی کاك مسعودەوە ئەگەر وتبێتی و شتی وا ڕویدابێت ، بەقسەی ئەم نوسەرە بێت کەسێکی باڵادەست لە ولاتێکی ترەوە کاك مسعودی ناچار کردووە بەم شێوەیە لەگەڵ سەلەفیەکان دا بجولێتەوە ، ئەمەش بۆخۆی هەڵەیەکی ترە ، واتە کاك مسعود و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کورد نۆکەری ولاتان و لەژێر فشاری ولاتانن ، هیچیان بەدەست نیە ، خاڵێکی تر ئەوەیە کە بانگەوازی سەلەفیەت ئەوەندە گەورە دەکاتەوە لە ترسناکیدا تەنانەت کاك مسعود یش دەسەڵاتی بەسەریدا نیە ، وە ئێمە سەر بەولاتێکی ئەوەندە باڵادەستین کاك مسعودیش چاری ناکات بۆیە خەڵکینە فریای ئەم کێشەیە بکەون ، وە قسەیەکی سەیرتری ئەوەیە کە دەڵێ دەسەلاتێکی زۆر گەورە هەیە کە یەکێتی و پارتی ناچار کردووە ، بەڕاستی من نازانم ئەم دەسەلاتە کێ یە کە یەکێتی و پارتی ناچار کردووە بۆئەوەی لە بەرنامەی سەلەفیەت بێدەنگ بن تاوەکو سەلەفیەت بلاوەبکات و بلاو بێتەوە چ وەکو ئەوەی کە سەلەفیەتە و لەبەر خودی سەلەفیەت یان بۆئەوەی هەر مەرامێکیان هەبێت بە سەلەفیەت ، وە بەڕاستی ئەمە قسەیەکە زۆر دوورە لە ڕاستیەوە ، وە تۆمەتی زۆر ترسناکی تیایە بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد و بانگەشەی سەلەفیەت و سەلەفیەکان لە کوردستان ، پێویستە خەڵك ئەوە بزانێت کە سەلەفیەکان کۆمەڵێك مامۆستان کە کوڕ و نەوەی خەڵکن ، وە بەدەیەها و سەدەها کەسی تیایە کە خاوەن بنەماڵە و ناو و ناوبانگن ، و خاوەن بڕوانامە و خاوەن دڵسۆزین بۆ خاك و ئاو و میللەتی کورد ، ئەی کوا ئەو تۆمەتەی گوایە ئێمە حزبێك ، لایەنێك ، ولاتێك لە پشتمانەوەیە ؟ پاشان ئێمە کەی و لە کوێ تۆمەتمان بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی ئیسلامی و عەلمانیمان کردووە بەم شێوەیە ، و بە بێ بەڵگە و بێ بنەما ، وە ئەم نوسەرەی کەئەمەی نوسیوە ئەگەر هەر زانیاریەکی لایە لەسەر ئەوەی هەر ولاتێکی دەرەکی کە فشاری خستۆتە سەر سەرکردایەتی سیاسی کورد و لەدەسەڵاتی سەرکردایەتی سیاسی کورددا نیە بە کاك مسعودیشەوە ئەی بۆ ئاشکرای ناکات؟! یان ئەمە خۆڵکردنە چاوی خەڵکە و غەش و خیانەتە لە خەڵك یان بە کوشت دان و بەهەڵدێرابردن و مل شکاندنی تاك تاکی سەلەفیەکانە ، وە ئەگەر ئەم بابەتە لە دەسەڵاتی سەرکردایەتی سیاسی کورددا نەماوە دەبێ ئێمە ئێستا چیمان بکردایە لە

كوردستاندا؟ بەڕاستی ئەم قسەیە زۆر ترسناكە ، وە من داواكارم نوسەری ئەم ڕاپۆرتە تۆبە بكات و بەخۆیدا بچێتەوە ، وە ئێمە توندی بەرامبەر نانوێنین ، ئەگەر ئەو دەیەوێ ئێمە لەم ولآتەدا نەژین ئەوا ئێمە دەمانەوێ ئەو بژی با لەگەڵیشمان نەبێ ، ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ ئەو تێگەیشتنەی ، لەوانەیە ئەمڕۆ یان بەیانی، هەڵەیەك لەمن و هەڵەیەك لە ئەو لە ئەنجامدا پێكبێینەوە ، بەلآم ئەگەر بەم شێوەیە دیراسە و چارەسەی بابەتەكان بكرێت شتێكی زۆر ترسناكە.

پرسیار١٢/ ڕای بەڕێزتان چی یە لەسەر ئەو قسەیەی كە دەڵێ: ڕەوتی سەلەفی مەدخەلی كار لەسەر مێشكی دیندار دەكات و دەیكات بە كەسێكی ئوصولی ، ئەمەش كاریگەری خۆی دەبێت؟

مامۆستا خلیل أحمد / ئەم پرسیارە پێشتر وەلآم دراوەیە، كەوا ڕەوتێك نیە بەناو سەلەفی مەدخەلی، وە سەلەفیەت یەك مەنهەجە ، وە ئێمە خۆمان باوەڕمان بە مەدخەلیەت نیە بەوەی كە دەمارگیریمان تیابێت بۆ ربیع كوری هادی مەدخەلی یان بۆ هەر كەسێكی تر ، ئێمە تقلیدمان بكردایە تقلیدی شافعی و أحمدی كوڕی حنبلمان دەكرد ، یان تقلیدی كەسانی پێش ئەوانمان دەكرد ، وە ئێمە دین لە جگە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەهیچ كەسێكی ترەوە وەرناگرین ، چونكە تەنها پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (معصوم)ە هەڵەناكات لە شەریعەت دا ، بۆیە ڕەوتی سەلەفی مەدخەلی هەر بونی نیە ، ئەما ئەگەر بۆ نمونە ئەم سەلەفیانەی كە لەم سەردەمەدا دەژین بەتایبەت سەلەفیەكانی كوردستان كە مەنهەجی شیخ ربیع یان بەدڵە وەك مامۆستایەكی سەلەفی ، یان وەك زانایەكی سەلەفی تەماشای دەكەن ئەوا ئینكاری لەمە ناكەین ، وەتەنها ئەوەندەیە كە وەك زانایەك تەماشای دەكەن ئەگینا بە (معصوم)ی نازانن وە واش نازانن كە هەمو قسەكانی (صواب) بێت و بیپێكێت ، وەك بەبیرهێنانەوەیەك كاتی خۆی پرسیاریان لە شێخ مقبل كرد ڕەحمەتی خوای لێبێت دەربارەی شێخ ئەلبانی ، پاش ئەوەی هەندێ وەسفی كرد ، فەرموی (غیر انە یعلم یجهل ویخطئ ویصیب) ئێمەش سەبارەت بە هەمو كەسێك چی مامۆستا بێت یان زانا هەروا دەڵێین (غیر انە یعلم یجهل ویخطئ ویصیب)، وە لایەنگری هیچ كەسێك نین نە ئێستا و نەداهاتوو ، ئێمە نە لەفكرەوە واین كەخەڵك بە سەواب بزانین بەتەواوەتی وەنە بەرژەوەندییەكیش لەپشت بابەتەكەوە هەیە كە ببینە بەكرێ گیراوی هەر كەس و حزبێك . پاشان

سەبارەت بەو قسەی دەڵێ کار لەسەر مێشکی خەڵك دەکات و دەیکات بە کەسێکی ئوصولی ، ئەگەر ئوصولیبون بەمانا باشەکەی بێت کە خەڵکی بگەڕێتەوە بۆ ئەسڵەکان و بنەماکانی ئاینی ئیسلام بەڕاستی ئێمە ئوصولین ، ئەما ئەگەر بەو مانایە بێت کە ئوصولی واتە خەڵکێکی توند و تیژ ، یان خەڵکێك گوێ نەداتە حاڵی ئوممەت و بەرژەوەندی میللەتەکەی بەلاوە گرنگ نەبێت ، بەڕاستی ئێمە ئەو ئوصولیە نین کە لە میدیاکانەوە قسەیان پێدەکرێ و باسیان دەکەن ، بەلاَم وەك زاراوە ئوصولیەت شتێکی باشە ، کەدەڵێ کاریگەری خۆی دەبێت، بەڕاستی من نازانم ئەم نوسەرە لە چی ئایندەیك دەترسێ ئەگەر خەڵك بگەڕێنەوە و دەست بە بنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە بگرن ، ئایا ئەم نوسەرە لەوە دەترسێ خەڵك دەست بە بنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە بگرن ؟ ئایا چی گرەنتیەکی پێیە ئەگەر خەڵك دەستیان گرت بە بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە سەر زەوی تێك دەچێ؟ وە ئایا ئەمە دژایەتی کردنی ئیسلام نیە؟ یان ئوصولیەت بە توندوتیژی و ئیرهاب دەزانێ؟ ئەگەر ئوصولیەت توندوتیژی و ئیرهاب و ئەو ڕێچکانە بێت کە کەسانێك پیادەی دەکەن لەسەر مەنهەجی ئەهلی سوننە و سەلەف نین ، ئەوا ئێمەش لێی بەرین.

پرسیار ١٣/ هەر لەم بابەتەدا لێدوانی کەسێك وەرگیراوە بەناوی (زیرەك أحمد) شارەزا لەڕەوتی سەلەفیەت کە پێی وایە سەلەفی مەدخەلی مێشکێکی وشکی هەیە لە ڕوی سیاسەتەوە و بەرگەی ئەو (واقعە) ناگرێت بۆیە جیهاد هەڵدەبژێرێ ، بۆیە لەسەلەفی میانڕەوەوە دەبێتە سەلەفی توندڕەو؟

مامۆستا خلیل أحمد / بەڕاستی من زیرەك أحمد ناناسم، وە نازانم شارەزایە لە ڕەوتی سەلەفیەت یان نا، ونازانم چی بەرنامەیەکی هەیە ، وەمن ڕێزم هەیە بۆهەر کەسێك کە هەرچیەك دەڵێت ئازادە ، بەلاَم کە پێی وایە سەلەفی مەدخەلی مێشکی وشکە ! وەك لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد ڕەوتێك نیە بەناوی سەلەفی مەدخەلی ، بەلاَم من بۆخۆم ربیع کوڕی هادی مەدخەلی بە پیاوێکی چاك دەزانم ، و مێشکیشم وشك نیە و زۆر تەڕە ، و ئامادەی هەمو جۆرە گفتوگۆیەکم ، و لە ژیانم دا جگەلە سود گەیاندن بەم خەڵك و میللەتە و دوعای خێر بۆیان هیچ شتێکم نەویستووە ، پاشان کە دەڵێ مێشکی خەڵك وشك دەکەن لەڕوی سیاسەتەوە ، بەڕاستی نازانم چیان لەسەلەفیەکان دەوێ؟ دەیانەوێ ببنە ئۆپۆزسیۆن و وڵاتەکە تێك

بدەن یان ئەگەر شتێكت پێنەكرا تێكی بدەیت؟! سەلەفیەكان كە بەشداری سیاسەت ناكەن ، و حزبی سیاسی دروست ناكەن ، و نابن بە ئۆپۆزسیۆن دژ بەدەسەلآت ، ئەوەنیە كە لە سیاسەت نازانن ، بەڵكو سەلەفیەكان سیاسەتی شەرعی و لە سیاسەت زانی وای لێكردون كە لە ولآتێكی وەكو هەرێمدا دەست بۆ دروستكردنی حزبی سیاسی نەبەن ، چونكە ئەگەر ئەو هەمووە حزبە ئیسلامی و عەلمانیەی كە چەندین ساڵە شۆڕش دەكەن بەس نەبن بۆ ئەم هەرێمە لەڕوی بەڕێوە بردنەوە ، ئایا دروستكردنی حزبێكی تر لە ڕوی شەكلەوە چی گۆڕانكارییەك ڕودەدات؟ پاشان كە دەڵێ سەلەفیەكان لە بواری سیاسەتدا بەرگەی ئەم **(واقعە)** ناگرن، ئەمە قسەیەكی زۆر **(نامنطقیە)** چونكە سەلەفیەكان لە كوردستان و لە عێراق و لەهەر شوێنێكدا هەبون لەكاتی ڕودانی ڕوداوەكاندا ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵك بون ، بۆنمونە لەكاتی هاتنی هێزی ئەمریكا بۆ عێراق بووە هۆی لادانی حكومەتی ڕژێمی بەعس لەوكاتەوە ئێمە پەیتا پەیتا لەگەڵ خەڵكدا قسەمان كردووە بۆئەوەی بەشێوەیەكی باش لەگەڵ ئەم ڕوداوەدا گەورەدا هەڵس و كەوت بكەن ، وەلەكاتی هاتنی ئەمریكادا ئێمە خەڵكمان نەداوە كوشت ، نەمان وتووە هێزی ئەمریكا لەهەر كوێوە دەركەوت ئێوە تەقەی لێبكەن ، ئەمە لەكاتێكدا ئێمە ئەمریكا بە موسوڵمان نازانین لەڕوی دیانەتەوە نەك لەوەی كە هەمو هێزەكە كافر بن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر خوێندنەوەمان بۆ بارودۆخەكە ، و لەبەر ئەوەی دەزانین هەیمەنەی ئەمریكا زۆر لە وزە و توانای موسوڵمانان زیاترە ، چونكە بە هاوپەیمانی كۆمەڵێك ولآتانی زل هێز كراوە ، وە بەرگری كردن نەلەتوانای گەنجەكانمانە ، نەلەتوانای حزبە ئیسلامیەكانە ، نەلەتوانای ولآتە ئیسلامیەكانە ، هەر بۆیە (واقع) بینی و لەسیاسەت زانی ئێمە كارێكی كرد خەڵكمان نەدایە كوشت ، ئەگەر لەكوردستان تەماشا بكەین هیچ گەنجێكی سەلەفی ، و هیچ كۆمەڵە موسوڵمانێكی سەلەفی پەلاماری هێزی ئەمریكای نەدا ، پاشان لەگەڵ دەسەلآتی عەلمانی لە كوردستان ، و لەگەڵ دەسەلآتی عەلمانی لە بەغداد ، و لەگەڵ دەسەلآتی شیعە ، تا ئێستا بانگەشەی سەلەفی هەڵس و كەوتی زۆر ئیجابی لەگەڵ ئەو واقعەدا دەكات كە تیایدا دەژی ، بۆیە ئەمە هەموی سیاسەت زانی یە ، وە دور بون و بەرگە نەگرتن نیە ، بەڵكو ئەوانەی كە پێیان هەڵدەخلیسكێ و لەهەر كوێوە با بێت لەوێوە شەن دەكەن و بە جامێك ئاو دەكەونە مەلە ، ئەوانە بەرگەی واقع ناگرن ، ئەگینا ئێمە ئەوە بۆ چارەكە

سەدەیەکە کە کۆمەڵە گەنجێك بوین خەریکی بانگەشەی سەلەفیەتین ، مەنهەجی سەلەفیەت پیادە دەکەین ، و لەگەڵ هەمو بارودۆخێکدا هاتوین بە بیّ ئەوەی تەنازول لە بیروباوەڕی خۆمان بکەین ، و بە بیّ ئەوەی ولأتمان بفرۆشین ، و بە بیّ ئەوەی خەڵك بەکوشت بدەین ، و بەبیّ ئەوەی ملی هیچ کەسێك بشکێنین ، و بەبیّ ئەوەی زیان بە هیچ کەس و لایەنێك بگەیەنین ، ئارامنان گرتووە لەسەر خزمەتی خۆمان بە دینمان ، بە خاکمان ، بە خەڵکمان . سەبارەت بەوەی کە دەڵێ ئەم سەلەفیانە بەرگەی واقع ناگرن و ئەگەر سبەینیّ فشاریان بخرێتە سەر جیهاد هەڵدەبژێرن و لە سەلەفی میانڕەوەوە دەبنە سەلەفی توندڕەو؟ ئێمە گەنجەکانمان وا پەروەردە ناکەین ئەگەر فشاریان بکەوێتە سەر بەرگە نەگرن بەڵکو بە پێچەوانەوە ئێمە خەڵکمان بەشێوەیەك پەروەردە کردووە ئەگەر پشتیشیان لەدار بدریّ ئارامگرین ، ئەگەر زوڵم و زۆر بگاتە ئەو ئاستەی کە لە بەندینخانەکاندا دابرزێین ، لەبەر ئەوەی ئێمە بڕیارمان داوە خزمەتکاری میللەتی خۆمان بین بە هیچ شێوەیەك دژیان نەوەستین جگە لە چاکسازی هیچی تر نەکەین ، ئەم قسەیەش بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کەمن باوەڕم بە سیاسەتی شەرعی نیە ، و باوەڕم بە جیهاد نیە ، و باوەڕم بە گۆڕینی حوکم نیە ، بەڵأم بەو شێوەیە نە کە لە بەرژەوەندی خۆمدا بێت ، وە بەوشێوەیە نە کە هەرکات بەرژەوەندیم کەوتە لێژی و بەند کرام ئەوکاتە خەڵکی هاندەم لە حکومەت و فەتوای کافرکردن و هەڵکوتانە سەر حکومەت بدەم ، وە لەگەڵ ئەوەش نیم حاکمی کافر بە موسوڵمان بزانریّ و پاساوی بۆ بێنیتەوە و ماستاوی بۆ بکەیت ، حاکم ئەگەر کافر بێت پشتگیری بکەیت ، و زاڵم ئەگەر لەسەر حوکم بو بڕۆی زوڵمەکە خۆش بکەیت ، وە من ئەگەر پێم کرا دەیگۆڕم ، ئەگەر پێم نەکرا بەشێوەیەکی ئیجابی هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکەم لە چوار چێوەی شەرعدا ، بەڵأم ئەگەر هاتو گەنجێك یان چەند گەنجێك ببنە سەلەفی توندڕەو یان ببنە کەسێکی ئیرهابی ، ئەوا ئەو تاکە کەسانە لە هەمو حزب و لایەن و مەزهەبێکدا هەن ، وەك دەڵێن (العبرة بالغالب الشائع لا بالقليل النادر) عیبرەت بە زۆرینەیە، وە زۆرینەی سەلەفیەکان لەسەر ڕەوتی خۆیان ماونەتەوە و برەو بە بانگەشەکەی خۆیان دەدەن ، بونەتە چرا و مۆم بۆ گەیاندنی دینی ئیسلام ، وە بونەتە سەرمەشق و پێشەوا لەسەر مانەوەی مەنهەجی ڕاست ، بە بیّ ئەوەی پێیان هەڵبخلیسکیّ و بەرەو لای ئەم ولأت و ئەو ولأت و بۆلای برۆن ، وە ئێستاش ئەوانەی کە دینی ئیسلام بە

شێوەیەکی ڕاشکاوانە باس دەکەن ، و تاوەکو ئێستا بە هیچ شێوەیەك تێوەنەگلاون لە فەساد و گەندەڵی بریتین لە سەلەفیەکان و ئەوانەی وەك سەلەفیەکان دەجوڵێنەوە ، خوای تعالی هەمولایەك مۆفەق بکات.

پرسیار ١٤/ ئایا ڕەوتی سەلەفیەت چۆن دەتوانن گوێڕایەڵی دەسەڵات بن لە کاتێکدا ئەوان باوەڕیان بە نوێگەری نیە؟

مامۆستا خلیل أحمد / ئەم دو قسەیە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نیە ، چونکە نوێگەری ئەگەر علمانیەکانی کوردستان بیکەن کە دەسەڵاتدارن و حاکمن ، ئێمە هەموشتێکی خۆمان گرێ نەداوە لەگەڵ یەکێتی و پارتی ، وە ئەوانیش هەمو شتێکی خۆیان گرێ نەداوەتە ئێمەوە ، وە سەرکردایەتی کورد لەبەر بانگەشەی سەلەفی پەکیان نەکەوتووە ، وە سەلەفیەتیش لەبەر دەسەڵاتداری و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان پەکیان نەکەوتووە ، لە ڕاستی دا ئەم دوو بابەتە پەیوەندیان بەیەکەوە نیە ، ئێمە هەرئەوەندەی توانامان هەبێت کەمتەرخەمیمان نەکردووە لەگەیاندنی دینی ئیسلام ، سودمان بینیوە لەو ئەمن و ئاسایشەی کە بەرقەرارە بە فەزڵی خوای پەروەردگار ، پاشان بە توانای ئەوانەی کە هەوڵ و کۆششیان کردووە بە ئیسلامی و عەلمانیەوە ، ئەمما عەلمانیەکانی کوردستان یان سەرکردایەتی کورد چۆن بیانەوێ نوێگەری بکەن و پیادەی بەرنامەیەك بکەن کە تاسەر ئێسقان عەلمانیە وەکو لە قسەکەی ئەم بەڕێزەوە دیارە ، بەڵام سەلەفیەکان کە دەیانەوێ سەلەفی بن هیچ کارمان بەوە نیە کە لاسای ئەوان بکەینەوە یان ئەوان لاسای ئێمە بکەنەوە ، وە ئێمە دەتوانین لەژێر دەسەڵاتێکدا بژین ئەگەر کوفر و شرکیشی تیابێت و ئێمە نەتوانین بیگۆڕین ، ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە ئەگەر حاکم و دەسەڵاتداری ئەم وڵاتە موسوڵمان بن و شەریعەتی ئیسلام جێ بەجێ بکەن لەگەڵیدا دەژین ، مەرج نیە ئەگەر شەریعەتی ئیسلامی جێ بەجێ نەکرد هەڵبکوتینە سەری و خوێن و ئاو تێکەڵ بکەین ، ئەگەر شەریعەتی ئیسلامی جێ بەجێ نەکرد و کوفر و شرکی ئەنجامدا ، ئێمە چەند لەتواناماندایە بانگەشەی خۆمان دەکەین ، پاساو بۆ هیچ کوفر و شرکێك ناهێنینەوە کەلەم وڵاتەدا دەکرێ ، شەریکیش نین لە تاوانی هیچ کەسێك ، ئامۆژگاری هەمو کەسێك دەکەین بە حاکم و محکومەوە ، لەهیچ ناشەرعیەکدا بەقسەی هیچ بەپرسێك ناکەین ، ئێمە تەماشای ڕۆڵی خۆمان دەکەین لە کۆمەڵگادا چەندمان لە توانایە خزمەتی دین بکەین ،

خزمەتی خەڵك بكەین ، ئایا ئەو كاتە لەبارە بۆ ئەوەی بەدەنگ بێین لەو كوفر و شركە یان شتی تر لە پێشترە ؟ بۆیە هەمو ئەوانە خوێندنەوەی تایبەتی بۆ دەكرێ ، ئێمە ئەوەندە كرچ و كاڵ نین ئەگەر بۆنمونە لەم دونیایەی كە ئێستا چاك و خراپ تێكەڵ بووە ، وەك عەرەب دەڵێ (حابل و نابل) تێكەڵ بووە ، ئەگەر سەركردەیەكی كورد باسی دیموكراسیەتی كرد ، یان باوەڕی بەهەندێ لە دیموكراسیەت بوو ، یان باوەڕی بەهەندێ لە عەلمانیەت بوو ، ئێمەش لەبەرامبەردا بكەوینە تەكفیر كردن و كوردستان تێك بدەین ، ئەمە بێگومان هەڵەیە ، بەڵكو ئێمە دەزانین خەڵكی ئێمە حاڵەتێكی تایبەتی هەیە ، وە توانای ئێمەش لەحاڵەتێكی تایبەتدایە ، ئێمە هەتا پێمان بكرێ ئارامدەگرین لەسەر خەڵكی خۆمان بە چاكسازی ، بە ئامۆژگاری ، بە بانگەشەیان بۆلای ئیسلامی ڕەسەن ، چونكە ئەگەر واش نەكەین ، بۆنمونە گریمان هاتینە سەر ئەوەی ئەو حاكمەی كە كافرە دەبێت بگۆڕێت ، توانای گۆڕینیانمان نیە ، چونكە موسوڵمانانی سەلەفی ئێستا خاوەن هێزی جەماوەری نین ، وەخاون چەك نین ، وە هیچ وڵاتێكی زلهێزیان لەگەڵ نیە ، بۆیە هەر جۆرە دەستكاریەك لەگەڵ هەر حاكمێك دەكەیت ئەگەر لە ئەسڵی ئیسلام لایدابو ، ئەوەندە شتی دەرەكی دێتە ناو بابەتەكەوە كە دەبێتە هۆی خەسارێكی زۆر تا دەگەیتە مەبەستەكەت ، بۆیە ئەوانە هەموی پەیوەستە بە كۆمەڵێك بنچینەوە لە بنچینەكانی (مصالح و مفاسد) ، ئێمە باوەڕمان وایە ئێستا لەبار نیە بۆئەوەی ئەگەر حاكمێك شرك و كوفری هەبو پێویستە بیگۆڕیت ، بۆیە پێویستە هێمنی ڕاگرین و خەڵكی لەدینی ئیسلام شارەزا بكەین ، وەك چۆن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەوشێوەیە هەڵس و كەوتی كرد لەگەڵ سەرانی قوڕەیش لەكاتێكدا كافر بون ئەو خەریكی بانگەشە كردن بو بۆ دینی خوا تا ئەوكاتەی دەرفەتێك هەبوو توانی شەریعەتی ئیسلام جێ بەجێ بكات ، ئێمەش بەلامانەوە گرنگە شەریعەتی ئیسلام جێ بەجێ بكرێت ، پێمان خۆشە لە ئێستادا چی حاكمێكی كوردستان دورە لە شەریعەتەوە بگەڕێتەوە سەری و جێ بەجێی بكات ، نەك ئێمە لە داهاتودا ئەگەر بۆمان بكرێ شەریعەتی ئیسلام جێ بەجێ دەكەین بەومانایەی كە خۆمان بۆ خۆمان حەزی لێدەكەین و بكەوینە خەڵك كوشتن ، بەڵكو پێمان خۆشە هەر لە ئێستاوە حاكمەكانمان شەریعەتی ئیسلام جێ بەجێ بكەن ، و لەشوێن و جێگەی خۆیان بمێننەوە و كار و باری موسوڵمانان ڕاپەڕێنن ، وە هەركەسێكیش شەریعەتی ئیسلامی جێ

بەجێ نەکرد ڕق و قینی خۆمانی بەسەردا نارێژین ، بۆیە لێرەوە دەڵێم ئەو نوێگەرییەی کە خەڵك دەیکەن لە کاربەدەستان ئێمە زۆر بە جوانی ئاگامان لێیەتی و بە پێی بنچینەی زانستی خۆمان هەڵس و کەوت لەگەڵ بابەتەکاندا دەکەین.

پرسیار ١٥/ ناردنی گەنجان بۆ سوریا چۆن دەبینی؟ ئایا لەلایەن سەلەفیەکانەوە هاندەدرێن بۆ جیهاد کردن لە سوریا؟

مامۆستا خلیل أحمد / ئێمە هیچ کەسێکمان نەناردووە بۆ سوریا ، واش نابینین چاکە لەوەدا بێت لە ئێستادا گەنجان بۆ سوریا بنێردرێن ، وە ناشلێین حکومەتی بەشار ئەسەد شەریفن و زوڵمیان نەکردووە ، وە خەڵکی سوریا پیوێستیان بە کۆمەك نیە ، وە پێویستیان بە دۆعای خێر نیە ، وەپێویستیان بە چاکە کردن نیە ، چۆن ئێمەی میللەتی کورد لە ڕابردودا لەلایەن ڕژێمەی بەعسەوە زوڵمان لێکراوە ئەوانیش زوڵمیان لێدەکرێ و کێشە کەوتۆتە ناوخۆی وڵاتەکەیانەوە ، ئێمە بەهەموو شێوەیەك پێمان خۆشە کێشەی ئەو وڵاتە کۆتای پێ بێت و خەڵکی بە ئارامی تیایدا بژین ، ئەو شەڕ و کوشتارەی هەیە لەو وڵاتەدا نەمێنێ ، ئەمما خەڵکی هان بدەین بڕۆن بۆ سوریا جیهاد بکەن بەڕاستی ئەوە ئیشی ئێمە نیە ، چونکە ئێمە پابەندین بە وڵاتی خۆمانەوە کە هەرێمی کوردستانە ، کێشەی سوریا نزیکەی چوار ساڵە شەڕ و کوشتاری تیایە و ١٢٠هەزار خەڵك کوژراوە کەچی تا ئێستا هیچ بە هیچ نەکراوە ، ئێمە ئەوەندە نەزان نین خەڵکی بنێرین بۆ سوریا و هیچ سودێکیشی نەبێت ، وە ئێمە ئەگەر بەرگری کردن لە خەڵکی سوریا بە باش بزانین و پێمان خۆش بێت ئەو زوڵم و زۆرە لەو وڵاتە کۆتایی پێ بێت و چارەسەرێکی بۆ دابنرێ لەلایەن هەمو وڵاتانەوە ، ئەمەش ناگاتە ئەوەی ئێمە خەڵك بنێرین بۆ شتی (مجهول) ، بۆ جیهادێك کە ڕون نیە ، بۆ کۆمەکییەك کە ڕون نیە ، پاشان ئەگەر ئێمە خەڵك بنێرین بۆ سوریا بۆ دژایەتی کردنی کێ بیان نێرین؟ چونکە ئێستا فیتنەیەك هاتۆتە ئاراوە کە چەندین ڕەوتی ئیسلامی لەگەڵ یەك شەڕ دەکەن ، چەندین ڕەوتی نیشتمانی لەگەڵ یەکدا شەر دەکەن ، خەڵکی ئەو وڵاتە لەگەڵ یەکتری دا شەڕ دەکەن ، ئێمە ئەو شەڕە ناوخۆییانە بەشێوەیەك دەبینین کە هیچ سودێکی نیە ، بۆ ؟ لەبەر ئەوە نیە ئێمە زوڵم کردنمان پێخۆشە بەرامبەر خەڵکی ئەو وڵاتە و دڵمان ناسوتێ بۆ موسوڵمانانی ئەو وڵاتە ، بەڵکو

لەبەرئەوەی ئەوەندە دەستی دەرەكی هاتۆتە ناو ئەو ولاتەوە شتەكان هەموی تێكەڵ و پێكەڵە ، بۆیە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هیچ كەسێك چ بەشێوەی تاك یان كۆمەڵ هانمان نەداون بڕۆن بۆ سوریا بەمەبەستی جیهاد كردن ، پاشان ئەگەر هەر كەسێك چوبێت لە لایەن هەر ڕەوتێكی ئیسلامی سیاسیەوە و لەسەر قوتابخانەی گەورەی سەلەفیەت حساب بكرێت لەبەر ئەوەی كە پێش دارە یان بەهەر شێوەیەكی تر كە ئاماژە بێت بۆ مەنهەجی ئەهلی سوننە ، ئەوە تێگەیشتن و ئازادی خۆیەتی و خۆی بڕیاری داوە نەك كەسێك ناردویەتی بەتایبەت لەو مامۆستایانەی كە ناسراون بە بانگەشەی سەلەفی وەكو ئەم نوسەرە بە مەدخەلی ناویان دەبات ، كەواتە لە لایەن مامۆستا سەلەفیەكانەوە بە هیچ شێوەیەك بانگەشەی چون بۆ سوریا نەكراوە ، وەمن لێرەوە داواكارم لە خوای گەورە ئەو فیتنەیەی لەو ولاتەدا هەیە ، و ئەو زوڵم و زۆرەی هەیە بیڕێتەوە و كۆتای پێبێت ، وە زوڵملێكراوان ڕزگار بكات ، و ئەو كەسەی زاڵمە و دەستی هەیە لە كوشتن و تالآنكردنی سەر و ماڵی هاولآتیان خوای تعالی دەستی بشكێنێ و لەناوی بدات ، چونكە ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت نزیكەی ١٢٠ هەزار خەڵك كوژراوە ، نە ئەو كەسەی كە خەڵك دەكوژێ ئەزانێ بۆچی دەكوژێ ، نە ئەوەشی دەكوژرێ ئەزانێ بۆچی دەكوژرێ ، بەڕاستی خوێنێكی زۆر نادیار و ناحەقە ، وە ئێمە بەرین لەو بابەتە ، وە حەزناكەین نەك دەستمانی تیابێت بەڵكو دەممانیشی تیاببێت.

پرسیار١٦/ ئایا سەلەفیەكان كەس هان دەدەن بۆ جەنگ كردن دژی پەیەدە ، بۆ جێ بەجێكردنی پیلانی توركی بە هاوكاری لایەنێكی سیاسی هەرێمی كوردستان تاوەكو لەگەڵ ڕەوتی سەلەفی توندڕەو و بەرەی نوصرە یەكبگرنەوە لە دژی پەیەدە؟

مامۆستا خلیل أحمد / نەخێر بە هیچ شێوەیەك بە پێی زانیاری من سەلەفیەكان هیچ كەس و لایەنێك هان نادەن بۆ جەنگ كردن دژی پەیەدە ، چونكە كاری ئێمە نیە ، ئەگەر ئەوەیان كردبێت وەك لە پرسیارەكەوە دیارە جێبەجێكردنی پیلانی توركیایە بەهاوكاری لایەنێكی سیاسی لە هەرێمی كوردستان ، وە ئێمە بێگومان نە لەژێر فشاری توركیاین و نە لە ژێر فشاری لایەنێكی سیاسین لە هەرێمی كوردستان ، نە داوامان لێكراوە ، نە فشارمان خراوەتە سەر ، نە پێویستیشیان بە ئێمەیە كە خەڵكی هان بدەین بۆ

دژایەتی كردنی پەیەدە ، وە بەڕاستی ئەمەش تۆمەتێكە دەكرێت بۆ لایەنەكانی هەرێمی كوردستان ، وە ناشرینكردنیەتی ، جا ئەو لایەنە هەركام لە حزبە دەسەڵاتدارەكان بێت ، ئێمە هیچ پەیوەندیەكمان لەگەڵ ئەو دولایەنەدا نیە ، نە لەگەڵ پەیەدە و نە لەگەڵ بەرەی نوصرە ، وە زۆر دورین لەیەكەوە ، چونكە ئێمەی سەلەفیەكانی كوردستان بەهیچ شێوەیەك دەست بۆ ئەو هاوكێشە سیاسیە ناوخۆی و نێودەوڵەتیانە نابەین ، وە ئێمە تەنها گەیاندنی دین و ڕونكردنەوەی دین و چاكسازیمان لەسەرە ، وە تەمەنا دەكەین كەوا هەرێمی كوردستان بە لایەنی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەوە و پەیەدە و بەرەی نوصرە و توركیا هەمویان لە ڕوشدی خۆیاندابن و ئیشی خۆیان بكەن ، و دەستیان لە مەشاكل و فیتنە گێڕی نەبێت بەرامبەر بە یەكتری ، وە ئێمە هیوا و ئاواتمان ئەوەیە كورد لەهەر چوار پارچەی كوردستان ڕۆڵی هەبێت لەسەر دین و ڕەوشت و قیەم ، وە هەمو ئەومافانەی كە چەندین ساڵە بە یاسایەكی نێودەوڵەتی لە كورد زەوت كراوە بۆمان بگەڕێتەوە ، بەڵام بەبێ كوشتن و كوشتار ، بەبێ ئەوەی لە خزمەتی وڵاتانی تردا كار بكرێ بۆ جێ بەجێكردنی پیلانیان بۆ وڵاتانی تر ، وە ئێمە دژی پەیەدە و بەرەی نوصرە و توركیا و هیچ لایەنێكی تری هەرێمی كوردستان نین ، یان لەسەر حسابی یەكتر پشتگیریان بكەین ، ئێمە ئەم شتانە ناكەین ، وە هیچ كەس و لایەنێكیش فشاری نەخستۆتە سەر ئێمە ئەوەندەی من ئاگادار بم.

پرسیار١٧/ هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتوە دەڵێ: سەرچاوەیەك وتویەتی پێشتر لەگەڵ یەكێتی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف ئەم مەترسیانەیان باس كردووە ، بەڵام پێی وایە بەكارهێنانی ئەم ڕەوتە سەلەفیە لە دژی حزبە ئیسلامیەكان بەتایبەتی یەكگرتو و كۆمەڵ بەكاریان دەهێنن؟

مامۆستا خلیل أحمد / لە پرسیارەكەوە ئەوە دەخوێنمەوە كە ئەم داڕشتنە لە داڕشتنی كەسێكی ئیسلامی دەچێت كە دەیەوێ سەلەفیەكان ناشرین بكات بەوەی كە كاربەدەست و داشی دامەی عەلمانیەكانن ، وە زوڵملێكراو لە لایەن عەلمانیەكان و سەلەفیەكانەوە تەنها یەكگرتو و كۆمەڵن ، بەڕونی دەیڵێم: ئێمە نە دژ بە یەكگرتو نە دژ بە كۆمەڵین ، نەدژ بە پارتین و نە دژ بە یەكێتین ، وە دژی دەسەڵاتیش نین ، و هیچ كەسێكیش ئێمە بەكار ناهێنێت ، نە ئەتوانن بەكارمان بێنن بە ئیزنی خوا ، نە بەكارهاتوین ، نە گومانیشمان وایە حزبە دەسەڵاتدارەكان هەوڵیان داوە بۆ بەكارهێنانی ئێمە ، ئەگەر

سودێکیان بینیبێ لە ئیجابیاتی ئێمە پیرۆزیان بێت و ئێمە پێمان خۆشە ، ئەگەر ئیسلامیەکانیش سودیان بینیبێ لە ئیجابیتی ئێمە پیرۆزی ئەوانیش بێت بەهەمان شێوە پێمانخۆشە ، وە ئێمەش بەهەمان شێوە سودمان لە ئیجابیاتی هەریەکە لەوان بینیوە ، ئێمە بەهەمو شێوەیەك دژایەتی لایەنێك ناکەین و پشتگیری لایەنێکی تر ، ئێمە هەمو لایەنێك بە کەسی خۆمان دەزانین ، ئامۆژگاری ئێمە بۆ هەمو لایەکیانە ، ئەگەر مەترسیەکانمان باسکرابێت و ئەوقاف وای وتبێت چ وتە بێژ بێت یان وەزیر ، ئەمە وەلأمێکی نامەنتقی یە ، چونکە تۆمەتبار کردنی حزبەکانی دەسەلأت و حکومەتی هەرێمە بەوەی کە ئێمە بەکار دەهێنێ دژ بە یەکگرتو و کۆمەڵ ، وە ئەمەش مۆرکێکی پێوەیە کە وەزارەتی ئەوقاف یان بەشێکی وەزارەتی ئەوقاف دڵسۆزن بۆ یەکگرتو و کۆمەڵ و ڕقیان لە حزبی دەسەلأتە ، هەرچیەك بێت ئێمە ئەو مەترسیەمان نیە کە باس کراوە نە بۆ یەکگرتو و نە بۆ کۆمەڵ ، ڕێزمان بۆ هەمو لایەك هەیە ، ئێمە تەنها چاکسازیمان لەسەرە ، یەکگرتو و کۆمەڵ هەرچیەك بن ئێمە تەواوکەرین و هەڵەکان چاك دەکەینەوە و ئامۆژگاری دەکەین ، بۆ یەکێتی و پارتیش بەهەمان شێوە ، وە بە نیاز نین لە کورسیەکانی هیچکامیان کەم بکەینەوە و خۆمان بچینە شوێنیان ، ئەو مومارەسە سیاسیەی کە هەیانە لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان بۆ خۆیانە ، تەنها ئێمە ئامۆژگاریمان بۆ هەمویان ئەوەیە کە پابەندبن بە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە ، پابەندی ڕەوشت و قیەم بن کە چەندین ساڵە لەناو ئەم گەل و وڵاتەدا هەیە ، و خزمەتی خاك و خەڵکی خۆیان بکەن ، ئێمە هەر ئەوەمان هەیە ، و نابینە دوژمنی هیچ کەسێك لەوانە ان شاء الله.

پرسیار١٨/ لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە گوایە سەلەفیەکان لە تونس لە دەرەوەی حکومەت و دادگاکان دەستی ئەو کەسانەیان دەبڕن کە دزی یان دەکرد یان مەشروباتیان دەفرۆشت، ڕای ئێوە چی یە لەم بارەیە؟

مامۆستا خلیل أحمد / بیرکردنەوەی ئێمە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەواندا ، دەست بڕین ، لێدان ، سزادانی کەسێك کە مەشروب دەفرۆشێت ، ئێمە بە پێی **(مصالح و مفاسد)** کار دەکەین ، ئێمە ئەگەر دەسەلأتمان هەبوو ، حکومەتمان هەبوو ، یان بۆ نمونە ئەگەر ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان شەریعەتی ئیسلامی جێ بەجێ بکات ، وەکو حکومەت و دەسەلأت توانای بەسەر خەڵکدا هەبێت ، و هەمو هۆکار و مەرجەکان بەکار بهێنێت ، ئەوکاتە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام جێبەجێبکات ، ئێمەش لەگەڵیداین ، بەلأم ئێمە بۆ

خۆمان لە ناوچەیەك یان لە شوێنێك یان چەند کەسێك کە دەسەلاَتیان بەسەر چەند شوێنێکدا هەبێت بۆچەند ڕۆژێکی تایبەت یان لە بارودۆخێکدا کە خەڵکی برسیە یان هیچ علم و ئەحکامێکی پێ نیە ، ئێمە باوەڕمان وانیە کە ئەو حەدانە جێ بەجێ بکرێ ، چونکە ئەو حەدانە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت ، دەگەڕێتەوە بۆ حاکمی شەرعی ، ئێمە بە هیچ شێوەیەك بیرمان لەشتی وا نەکردۆتەوە و بیروباوەڕیشمان وانیە .

پرسیار١٩/ ئایا سەلەفیەکان جیهادی ئەو کەسانە دەکەن کە دەچنە سەر مەزارگەکان، هەروەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە؟

مامۆستا خلیل أحمد / نەخێر بەو شێوەیە نیە، ئەوانەی دەچنە سەر مەزارگەکان جیهادیان لەگەڵ ناکرێ، کەسێك ئەگەر شرکێك یان بیدعەیەك یان هەر جۆرە سەرپێچیەکی کرد لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، ئەو کەسە لە لایەن کەسی شارەزا و پسپۆڕەوە لە بانگخوازان و مامۆستایان بانگ دەکرێن و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرێ، ئەما جیهادیان لەگەڵ بکرێ و بکوژرێن و قەتل و عام بکرێن و خەشم و قینیان بەسەردا برێژی ئیسلام بەوشێوەیە نیە، چونکە بەردەوام ئەو کەسانەی دەچنە سەر مەزارگە و خەریکی تەبەڕوکن خەڵکێکی دڵسۆزن لەوەی کە حەزیان لە خواپەرستی یە، بەلاَم لەڕێگەیەکی ناشەرعیەوە دەڕۆن بۆ خوا پەرستی، و بیر و باوەڕیان وایە کە ئەو قەبرانە شەفاعەتیان بۆ دەکەن، و ئەو پیاو باشانە لەخوایان نزیك دەکەنەوە، ئەگەر هاتو ئەو کەسانە نەبونە ڕێگر لەبەردەم یەکتاپەرستی، و نەبونە ڕێگر لەبەردەم گەیاندنی دینی ڕاست، و شەڕ لەگەڵ ئەهلی سوننەدا نەکەن، ئەوا ئەهلی سوننە لەگەڵ ئەوکەسانەدا ناجەنگێ بینائەن لەسەر ئەوەی پەڕۆیەکی بەدەستیەوە بەستووە یان لەسەر قەبرێکە، ئەم قسەیە ئەسڵ و ئەساسی نیە کە سەلەفیەکان بەوە بناسرێن جیهادی کەسێك دەکەن کە شرکێك دەکات بەوەی لە قەبرێك دەپاڕێتەوە یان بیدعەیەك ئەنجام دەدات.

پرسیار٢٠/ وەلاَمت چی یە بۆ قسەکانی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف؟

مامۆستا خلیل أحمد / ئەگەر ڕاست بێت وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ئەو قسانەی کردبێت کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ، ئەوا من قسەکانی بە ئیجابی دەبینم ، بەلاَم یەکێتی زانایان هەیە ، لیژنەی فەتوا هەیە ، وەزارەتی ئەوقاف لیژنەی فەتوای خۆی هەیە ، ئەگەر مامەڵە لەگەڵ پرسێکی وادا دەکەن بە پێی یاسا ، بەڕاستی ئەمە وەلاَمێکی زۆر ئیجابیە ، یانی ئەمەی کە ئەگەر سەلەفیەکان هەر ترسناکیەکیان

هەبێت نابێت بەو شێوە توندە خەڵك هان بدەن لە بانگەشەی قوتابخانەیەك كە بە سەدەها و هەزارەها خەڵكی لایەنگریەتی ، بەڵكو پێویستە هەر كەسێك كێشەی لەگەڵ بانگەشەی سەلەفی هەیە ، یان لەگەڵ هەر مامۆستایەكی سەلەفی كێشەی هەیە ، یان لەگەڵ هەر لایەنێكی بانگەشەكە كێشەی هەیە ، دەتوانێ پەنابەرێتە بەر دادگا ، یان لیژنەی فەتوا ، یان بڕواتە لای یەكێتی زانایان ، یان با بڕواتە سەرۆكایەتی هەرێم و شەكوای خۆی بكات و ڕێگری بكات لە مەترسی سەلەفیەكان ، نەك خەڵك هان بدرێت لە ڕەوتێك ، یان تەیارێك ، یان مەزهەبێك كە سەدەها و هەزارەها خەڵك لەسەریەتی ، بەڕاستی ئەمەیە وەڵامی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ، كە من بە وەڵامێكی باشی دەزانم بەرامبەر بەم پرسە .

پرسیار ٢١/ ئایا ڕاستە مەریوان نەقشبەندی وتویەتی سیاسەتی سەلەفیەكان ڕون و ئاشكرا نیە؟ وە لەم بارەیەشەوە نوسراوی فەرمیمان داوەتە حكومەت؟

مامۆستا خلیل أحمد / من نازانم ئەگەر بەڕێز مەریوان نەقشبەندی وای وتبێ كەوا نوسراوی فەرمییان داوەتە سەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران ، ئەگەر كردبێتی ، بەڵام سەلەفیەكان حزبێكی سیاسی نین ، و وتەبێژی فەرمییان نیە ، بەڵكو بریتین لە كۆمەڵە خەڵكێكی ناسراو ، چەند مامۆستایەك لێرە و لەوێ ، هەریەكەیان بەرپرسە لە بیر و بۆچونی خۆی ، هیچ مامۆستایەك تعبیر لە سەلەفیەكان ناكات بە گشتی ، سەلەفی ناوچەیەك تعبیر لە هەمو سەلەفیەكانی كوردستان ناكەن ، پاشان كە دەڵێ سیاسەتی سەلەفیەكان ڕون نیە ، سەلەفیەكان سیاسەتیان تەنها بریتی یە لە قورئان و فەرمودە بە تێگەیشتنی پێشینی ئەم ئومەتە ، یانی لە هەركوێ بەڵگە و زانست هەبێت ئەوە بریتی یە لە مەنهەجی سەلەفیەكان ، بەشێوەیەكی گشتی كە نزیكەی ٢٠ساڵە سەلەفیەكان بەوپەڕی میانڕەوی ، بەوپەڕی پۆزەتیڤیانە ، بەوپەڕی خزمەتگوزاری ، لەگەڵ حكومەتی هەرێم ، و لەگەڵ خەڵكی هەرێم ، هەڵس و كەوت دەكەن ، و دەستیان لەخوێنی هیچ كەسێك نیە ، لەكاتێكدا خەڵك قسەیان پێدەڵێن و ئازاریان دەدەن ، نمونەشمان كوشتنی مامۆستا ڕەمەزان كە مامۆستایەكی سەلەفی بوو ، ئەوەندەی ئێمە بزانین لەسەر هیچ كێشەیەكی كۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی نەكوژراوە ، كەچی هیچ كاردانەوەیەك نەبوو ، وە ئێمە تا ئێستا چاوەڕوانین بەشێوەیەكی یاسایی تۆڵە لەو كەسانە بكرێتەوە و حەقی ئەو مامۆستایە وەربگیرێتەوە ، ئێمە

بۆ ئەم جۆرە پرسانە باوەڕمان بە جێ بەجێکردنی یاسا هەیە ئەگەر پێچەوانەی شەرع نەبێت ، نەك دەست بردن بۆ توند و تیژی یان شتێك لەبەرنامەماندا هەبێت و بیشارینەوە ، ئێمە هیچ شتێك ناشارینەوە ئەوەی لە قورئان و فەرمودە هەبێت ، ئەوەی لە فەهمی زانایانی ئیسلامدا هەبێت لەسەر حەق ئەوە مەنهەجی ئێمەیە ، بە شێوەیەکی گشتی ئێمە کوردستان بە ولاّتی خۆمان دەزانین ، وە خۆمان بەنامۆکار و دورە پەرێز و دژی حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان نازانین ، خۆمان بە دژی هیچ مەزهەبێك نازانین بەتەواوەتی ، تەنانەت هەر مەزهەبێك ، هەر ڕەوتێك ، هەر لایەنێك ، هەر بیروبۆچونێکی هەبێت ، ئێمە ئامادەین بەوپەڕی نەرم و نیانیەوە خزمەتی بکەین ئەگەر نەهاتە سەر ڕاستی ئیسلامیش ، بەلاّم نەبێتە هۆکاری نارونی و تێکدانی ئەم بارودۆخەی کەلە هەرێمی کوردستان هەیە.

دیداری

ڕۆژنامەی هاوڵاتی

لەگەڵ بەڕێز

مامۆستا خلیل أحمد

هاوڵاتی/ ئێوە گروپێکی تایبەت یان ڕێکخستنی خۆتان هەیە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / بێ گومان سەلەفیەت مەزهەب و مەنهەجێکی دروستی ئیسلامە و نوێنەرایەتی ئیسلامی ڕاستەقینە دەکات، وە هیچ چوارچێوەیەکی تەسك و تایبەت کورتی ناکاتەوە، وەبە سەلەفی بوونیش بە ئینتیمابوونە بۆ بیروباوەڕی ڕەسەنی ئیسلام و داخوازییەکانی لە ڕەوشت و کردەوە، کەوابوو سەلەفیەت لە گروپ و ڕێکخستن گەورەترە وە ئەوەش بزانە دەستەواژەی حیزبی سیاسی و ڕێکخستن و ڕێکخراو... هتد، گشتگیر نین و ناتوانن هەموو کۆمەڵانی خەڵك لە خۆ بگرن و بەپێچەوانەی ئینتیمان بوون بۆ ئاین و نەتەوە و نیشتیمان.

هاوڵاتی/ ژمارەی ئەندامەکان، یان لایەنگرەکانتان چەندە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / ژمارەی لایەنگران نەزانراوەو زانیاری بونیش دەربارەیان جێگەی مەبەست نیە، چونکە وەك پێشتر وتمان سەلەفیەت بازنەیەکی تایبەت نیە لە جۆرێك لە جۆرەکانی هەڵسو کەوت و کار بەڵکو ئینتیمابوونە بۆ ئاینێکی مەزن بەڵام ژمارەی لایەنگران لە زیادبوندایە، بەتایبەت کاتێك زانیاری و چاوڕۆشتنی زیاتر پەخشبکرێت و مەبەستەکان پاکژ بن.

هاوڵاتی/موچەتان لە کوێوە بۆ دێ ؟ دەنگۆی ئەوە هەیە کەلە سعودیەوە موچەتان بۆ دێت، ئەمە تا چەن راستە ؟

مامۆستا خلیل أحمد/ موچە وەرگرتن و موچەدان لە بەر ئینتیما بوون بۆ سەلەفیەت بوونی نییە، هەرگیز ئەوەش نەبووە بە عادەت لە نێو ئاین دۆستاندا کە لەبەرامبەر بیروباوەڕیاندا ڕازی ببن بە جۆرەها شتێکی وا کەوابوو ئەم کارە مەفروزە و وەچەمکی زانراوی ئەم پەیڕەوەیە جا هەر کەس ئەم خاڵە ببەزێنێت و ئەم هەڵەیە ئەنجام بدات خۆی لێی بەرپرسیارە سەلەفیەت لەو کارە بەرییە و سەلەفیەکانیش لێی قەبوڵ ناکەن،ئەنجا بۆ مەسەلەی سعودیە بۆ ئەم مەبەستە ڕاست نیەو زۆر لە کۆنەوە وا ئەوترێ، بەڵکو هیچ بەڵگەیەك نەبووەو نیە،وە لەکاتێکدا بەڵگە هەبوو لەسەر هەرکەسێك ئەو کاتە پێویستە بێ دەنگ نەبین لێی ئەنجا سەلەفیەکان پێویستیان بە موچە نی یە وە ئەگەر پێویستیان بە هەر پێداویستیەك هەبێت لە خەڵکی کوردستانی داوادەکەن چونکە هیچ مەرج و مەرامێکی لە پشتەوە نابێت.

هاوڵاتی/ ئێستا چالاکیەکانتان لە چی چوارچێوەیەکدایە ؟

مامۆستا خليل أحمد / چالاکی سەلەفیەکان ئێستا لە چوارچێوەی گەیاندن و پەخشکردنی زانست و چەمکە دروستەکاندا خۆی دەبینێتەوە، بە وتارو کۆڕ و نوسین و وەرگێران و گۆڤار وسیدی و سایت و دەرس و پێگەیاندنی مامۆستای شارەزاو میانڕەو.

هاوڵاتی/بۆچی سەلەفیەکان حزب دروست ناکەن ؟ ئایا تموحتان نیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ؟

مامۆستا خليل أحمد / سەلەفیەکان حیزبی سیاسی لە کۆمەڵگەی ئیسلامدا دروست ناکەن چونکە بە حەرام و هۆکاری شەر و خراپەی دەزانن، نەك لە بەر نەزانین و نەتوانین بەڵکو بە هەڵوێستێکی ژیرانەو بوێرانەی دەزانن، وە پەیامەکەیان لە حیزب گەورەترە.

وە ئایا تموحی گەیشتن بە دەسەڵاتمان هەیە نان نا؟ بەراستی بۆ خۆمان بەلامانەوە گرنگ نیە بەڵکو ئەوەی بەلامانەوە گرنگە حوکم بەشەرعی خوا بکرێت هەرکەس بیکات وە بۆ ئەوەی لەئاییندەدا حوکم بە ئیسلامی ڕاستەقینە بکرێ پێویستە خەڵکی ڕۆشنفکر بکرێت نەك بە توندو تیژی و کودەتاو فیڵ و ئاشوب.

هاوڵاتی/ ئەگەر تموحتان نەبێت چۆن ئەو بەرنامەیە پەرە پێ ئەدەن؟

مامۆستا خليل أحمد / من پێم وایە زۆر موبالەغەکردن لە گەیشتن بە دەسەڵات خۆی دەبێتە ڕێگرێك لەبەردەم گەیاندنی پەیامەکاندا بۆ نموونە زۆر لەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەواژەی تەنها و ڕاستەقینە زانیوە بۆ چەسپاندنی پەیامەکانیان دەبینی لەکاتی جێ بەجێ کردندا شکستیان خواردووە، بۆیە هەم پەیامەکان لەدەسەڵاتداری گەورە ترن وەهەم دەستەواژەکان قۆرخ نین لە بونی دەسەڵات.

هاوڵاتی/ئێوە چۆن سەیری دین ئەکەن ؟ئایا وەك پەیوەندی نێوان تاك و پەروەردگار سەیری دەکەن، یان وەك بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ چینەکانی کۆمەڵگە ؟

مامۆستا خليل أحمد / دینی ئیسلام لە دیدو بیر و باوەری سەلەفیەکاندا بەرنامەیەکی گشتگیرەو چارەسەری بۆ هەموو مەسەلەکان داناوە و هیچ تاك و چینێك ناتوانن دەستبەرداری دین ببن، بەڵام دینێك کە پێشینینی موسوڵمانان پیادەیان کردوە، نەك هەندێ کلتورو داب و نەریتی کۆمەڵگەی موسوڵمانان کە بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلامن، وەلای نەزانان لە سەر ئیسلام بوونەتە ماڵ، نا وانییە، چونکە

ئیسلام دینی خوایەوئەویش زاتێكە هەم بەدیهێنەر و هەم فەرمانرەوا، وەك دەفەرموێ ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ﴾

واتە : بزانن بەدیهێنان وفەرمان تەنها بە دەستی ئەوە، ئەویش دەزانێ بەرنامەو شەریعەت و دەستوور بۆ

ئادەمیزاد دیاری بكات وەك دەفەرموێت ﴿ءَأَنتُمۡ أَعۡلَمُ أَمِ ٱللَّهُۗ﴾ .

هاوڵاتی/بە تێروانینی بەڕێزتان پەیوەندی نێوان دین و سیاسەت دەبێت چۆن بێت ؟ ئایا پێتان وایە دەبێت دین بەشێك بێت لە سیاسەت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت ؟ چۆن؟

مامۆستا خلیل أحمد / سەلەفیەكان پەیوەندی نێوان دین وسیاسەت بەپێویست دەزانن و جیاكردنەوەیانن لەیەكتر بە هەڵەو خەتەرێكی گەورە دەزانن بۆ سەر تاك و كۆمەڵگە چونكە دینی بێ سیاسەت دینێكی تەواو نییە وە سیاسەتی بێ دینیش ستەم و دۆزەخێكی گەورەیە بۆ كۆمەڵانی خەڵك.

هاوڵاتی/ئەگەر پێتان وایە دەتوانرێ لە ڕێگەی دینەوە دەوڵەت بەڕێوەببرێت، ئایا ئەو میكانیزنەی حیزبە ئیسلامیەكانی كوردستان كاری لە سەر دەكەن،میكانیزمێكی سەلیم و دروستە ؟ ئایا ئەوان سازشیان لە سەر هیچ بنەماو پرەنسیپێكی ئلینی ئیسلام كردوە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / بێ گومان ئەو میكانیزمەی كاری لەسەر دەكەن بەلای منەوە هەڵەیە، چونكە موسوڵمانان خزمەتی زیاتریان پێ دەكرێت، وەلە ماوەی بیست ساڵدا نەیانتوانیوە پێگەیەكی جەماوەری باش بۆ خۆیان دروست بكەن، چی لە رووی چۆنێتی یان چەندێتییەوە، وە تا ئێستا نا روونی زۆر لە هەڵوێستەكانیاندا هەیە، نە سازی گەورە لە فیكرو واقعیاندا هەیە، بێ گومان نەئیسلامیان وەك خۆی پێشكەش بە جەماوەر كردووە و نە دەسەڵاتیان بۆ خۆیان دەست خستووە.

هاوڵاتی/ بۆچوونتان لە سەر سیاسەتی هەرێم چۆنە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / حكومەتی هەرێم لە ئاستێكی باشدا دەبینم بە بەراورد لە گەڵ دراوسێكانیدا، هەرچەندە رەخنەی بایەخ نەدانی زیاتر بە ئاینی ئیسلامم لێیان هەیە، وە بێ گومان كەموو كوری هەن وزۆریشن، بەلام گەشبینم بە ئایندە بەهەوڵی چاكخوازان كەم ببنەوە كۆمەڵانی خەڵك هۆشیارتربن.

هاوڵاتی / ئێوە رەخنە لە عەلمانیەکان دەگرن ؟ کام دەوڵەتی ئیسلامی ماڧ مرۆڤ و دادپەروەری تیایە کە پەروەردگار داوای دەکات ؟

مامۆستا خلیل أحمد / چاك و خراپی نسبیە و رەخنەو ئامۆژگاری بنیاتنەر بۆ هەردولایان واریدە و بە سودە بەڵام وەکو خود (**ذات**)، دەوڵەتی ئیسلامی ئەگەر ئیسلامی بێت لە عیلمانی باشترە، بەڵام دەکرێت دەوڵەتێکی ئیسلامی لە واقیعدا هەندێ مومارەساتی لە دەوڵەتی عیلمانی خراپ ترو زیانبەخشتر بێ، ئەمەش بە هۆی هەڵە تێگەیشتن لە خودی ئاینی ئیسلام یان لە بەر بەرژەوەندی تایبەت.

هاوڵاتی/ ئایا بە درێژایی مێژووی ئیسلام، خیلاڧ دەسەڵات هۆکار نەبوە بۆ شەرو ئاژاوە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / جیاوازی لە سەر دەسەڵات هۆکارێکی زەق و لە پێشە بۆ شەڕ و فیتنە لە کۆمەڵگەدا، هۆکاریش لادانە لە سیستمی ماقوڵی ئەهلی سوننەت لە حوکم ڕانیدا، کە هەمیشە حوکمڕانی بە بە هەستیار و نەخوازراو دادەنات، بەڵکو وەك دەستەواژەو وەسیلە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، نەك ئامانج و خولیاو عیشق و مەرام، جا هەرکاتێ وەك دوەمیان بە کارهێنرابێت، یان هەوڵی بۆ درابێت، ئەوا بە خوێن وشەر و برا کوژی و پەکخستن و لە دەستدانی دەستکەوتەکان تەواو بووە، زۆر کەمن ئەوانەی وك دەستەواژە بە کاری دەهێنن بۆ خزمەتکردنی فیکر و رەوشت و بەرژەوەندییە گشتیەکان.

هاوڵاتی / ئایا لە کۆن و ئێستادا تا چەند ئەوە راست و گونجاو بووە کە هەندێ جار دین ئیستغلال کراوە بۆ گەشتن بە دەسەڵات، ئەمەیان لە کۆندا باوبووە یان ئێستا ؟

مامۆستا خلیل أحمد / لە بەر ئەوەی ئیستغلال کردنی دین بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی شەخسی و بنەماڵەو بەرژەوەندی تایبەت، تاوانەو لە کۆن و ئێستادا بە کارهێنراوە و مێژووش حوکمی راستەقینەی واقیعی بە سەریاندا داوە.

هاوڵاتی/ پێم وابێ لە گەڵ حیزبە ئیسلامیەکان نێوانتان باش نیە، هۆکار چیە ؟بە تایبەت لە وەڵامێکتاندا بۆ علی باپیر لە کاتی پیرۆزبایی کردن لە مەسیحیەکان، وەڵامتان داوەتەوە، بەزەقیش دیارە نێوانتان باش نییە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / راستە نێوان سەلەفیەکان و حیزبە ئیسلامیەکان باش نیە، هۆکاریش ئەوەیە سەلەفیەکان دەمانەوێت فیکر و واقیع دژ و نەساز نەبن و مەرجەعیش مەنهەجی ئەهلی سونەت بێت، بەڵام هەندێ کەس و لایەنی ئیسلامی یان تەواوەتی کارەکانیان لەو مەنهەجە وە سەرچاوە ناگرێت، یان لە بەر بەرژەوەندی و فشاری واقیع دەترازێت، بۆ نمونە پیرۆزبایی کردن لە نەیاران بە هەموو پێوەرێك ناماقوڵە، کەسانی ساوێلکەش دەیزانن، جا ئیتر بۆ رابەران و سیاسەتمەداران فیترەت و سەلیقەی عەوامانیش دەشێوێنن.

هاوڵاتی/ زۆر جار قسە لە سەر ئەوە ئەکرێ ئێوە لە وتارەکانتان و لە بیرو باوەڕتانا، باس لە مەسەلە (فیقهیەکان) دەکەن و ئەیوروژێنن، بەڵام لە سەر گەندەڵی ئیداری قسە ناکەن،هۆکار چییە؟

مامۆستا خلیل أحمد / خۆ بەستنەوە بە لایەنێك یان باسێك لە باسەکانی ئیسلام چی فیقهی بێت یان دەسەڵات و حوکم کارێکی هەڵەیە، جا وروژاندنی سەلبی بۆ بابەتە فیقهیەکان یان سیاسیەکان وەك گەندەڵی ئیداری لە هەرکەسەوە بێت، لای ئێمە مەرفوزە، جا بابەتەکە فیکری و فیقهیەکان بەو سەنتەرەی باسمانکرد لە پێشتر و (أولويات)ن بۆ ئێستای کۆمەڵگەی کوردی لە بواری چاکسازی ئیسلامیدا، بەڵام چارەسەری سیستمی حوکم لای سەلەفیەکان، پرۆژەو هەنگاوی پۆزەتیڤیان هەیە، چونکە جوگرافیای کوردستان و مشت و مرە ئیقلیمی و جیهانییەکان و زۆری مەزهەبە دینی و سیاسی و سلوکییەکان هۆکارن لە بەردەم چاکسازییەکاندا، بۆیە دەبێت عاتیفە حاکم نەبێت، وەك وتراوە بۆ شاخ دەرکردن گوێچکەکانیش نەدۆڕێنین.

هاوڵاتی/ بە رای بەرێزتان ئاهەنگ گێران بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)لیٚ بێت، دروستەو خێرە ؟ یان بیدعەیە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / ئاهەنگ گێران بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری سەروەرمان صلى الله عليه وسلم بیدعەیە و زیاتر لە پێنج سەدەو نیو لە مێژووی موسڵمانان شتی وا نەبوو وە بەكردنەوەی ئەم دەرگایە بۆ ئەم زاتە پیرۆزە هەزاران دەرگای تر دەكرێنەوە لە دوا ئەنجامدا ڕەوڕەوەی ژیانی فیكری و ئابوری و كەلتوری ئیفلیج دەبن وە ئەگەر بێت و بۆنە و جەژنەكانی كۆمەڵایەتی خەڵك كۆكەینەوە و فەرمییان بكەین ئەبێت لە ئەستێرەیەكی ترەوە سامان و بەروبوممان بۆ بهێنرێت.

هاوڵاتی/ ئایا پیرۆزبایی كردنی ساڵی نویٚ لە مەسیحیەكان كوفرە یان ئاساییە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / پیرۆزبایی كردنی ساڵی نویٚ لە مەسیحیەكان دروست نیە، بەڵام هەموو شێوازەكانی وەكو یەك نین، بۆ نمونە پیرۆزبایی كردن لە شتێك كوفربێت كوفر و بیٚ دینیە یان پیرۆزبایی كردن لە حەرامێك لەگەڵ بیروباوەڕبوون بە دروستێتی یان چاكێتی ئەو شتە ئەوەش كوفرە جا پێم باشە بۆ ئەم مەسەلەیە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەكانی تایبەت بەم بابەتەوە.

هاوڵاتی/ حیزبە ئیسلامیەكان لە كەناڵەكانیانەوە گۆرانی پەخش دەكەن، قسەت لەسەر ئەمە چیە؟

مامۆستا خلیل أحمد / گۆرانی لە گەڵ مۆسیقا بیٚ گومان دروست نیە تەنها بە كارهێنانی دەف لە دوكاتی تایبەت دا (هاوسەرگیری و جەژنەكانی رەمەزان وقوربانە) تەنانەتیش بۆ منالان و كچان بەڵام گۆرانی بیٚ مۆسیقا ئەو كاتە بە شیعر حیساب دەكرێت شیعریش بریتی یە لە قسەكردن و ئاخاوتن چاك چاكە و خراپیشی خراپ ئەوەندە هەیە نابێت ڕەقس و سەماكردنی لەگەڵدا بێت و وشەكان خراپ بن و زۆریش ڕۆچونی تیادا نەكرێت چونكە شیعر سیلاحیٚ:ی دووسەرە دەتوانریٚ بۆ چاك خراپیش بەكاربهێنرێت بەڵام بە زۆری بۆ خراپ بەكارهێنراوە.

هاوڵاتی/ ئیسلامیەكان ئێوە بەكرێگیراوی علمانیەكان دائەنێن، ئەمە چۆن لە یەك ئەدەیتەوە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / سەلەفیەكان لە بەر سەلەفی بونیان هیچ دەرگایەك لە دەرگاكانی بەرژەوەندی خۆپەرستانانەیان نەكردۆتەوە تا لە پێناویدا بە كرێگیراو بن و ناچار و ڕازی بن، بە جگە لە خواستی خۆیان وە ناشبن و هەنگاو بە هەنگاو بە پێی ڕێنماییەكانی شەرع كاردەكەن.

هاوڵاتی/ دەنگۆی ئەوە هەیە ئێوە سەردانی مەڵبەندی كەلاری یەكێتیتان كردبێ شتی وا هەیە؟ ئەگەر سەردانتان كردوە بۆچی بووە ؟ ئەی نێوانتان چۆنە لە گەڵ حیزبە عیلمانییەكان، بە تایبەت یەكێتی و پارتی ؟

مامۆستا خلیل أحمد / سەردانی مەڵبەندی كەلاری (ی. ن. ك) ڕاستە، ئەوەش لەو كاتەدا بوو كە هێزەكانی حكومەتی مەركەزی جموجوڵی لەناوچە سنورییەكاندا هەبوو، چەند مامۆستایەكی سەلەفی بە سیفەتی مامۆستایانی ئاینی سەردانی مەڵبەندی ناوبراویان كرد لەو سەردانەشدا یەكتر ناسین و پشتیوانی كردن لەڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی و مزگەوتەكان كرا وە هۆشیار كردنەوەی خەتەرەكان لەسەر دەستكەوتە ئەمنی و نەتەوەییەكان.جا سەردانی سەلەفیەكان لەبەر خودی حیزبی ناوبراو نەبووە و ناشبێت بەڵكو لەبەر ئەوەیە (ی. ن. ك) یان (پ. د. ك) تا ئێستا بەرپرسی دەستكەوتەكانی گەلەكەمانن جا پێویستە بە هەموومانەوە ئەم ئەزمونە بەرەو باشتر ئاراستە بكەین و نەهێڵین لەبار بچێت بۆیە جۆری پەیوەندی ئێمە تەنها بریتیە لە پارێزگاری كردن لە دەستكەوتەكان بە بێ هیچ بەرامبەرێك چونكە ئەركی شەرعی سەر شانی خۆمانە وە ئامادەین بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هەموو لایەكدا باس و دیراساتمان هەبێت،وە جگە لە خزمەتیش بە دین و میللەتی خۆمان هیچ فشار و عەمالەتێك قبوڵ ناكەین.

هاوڵاتی / ئێوە كار بۆ نزیك كردنەوەی حیزبە ئیسلامیەكان دەدەن؟

مامۆستا خلیل أحمد / ئێمە دەمانەوێت خەڵكی كوردستان یەكڕیزو برابن وە كاردەكەین بۆ نزیك بوونەوەی هەموو كوردان لەیەكتر چ ئیسلامی بێـت یان عەلمانی ئێمە خۆمان بە موڵكی كوردان دەزانین ئەوانیش بە هی خۆمان وە هەر هەموو لە ئەسڵدا موسڵمان و كورد وكوردستانین و لەیەك نیشتیماندا

دەژین بۆیە ئێمە لەكاتی ڕەخنە و پێشنیار و ئامۆژگاری دا مەبەستمان ڕوخانی بەرامبەر نیە بەڵكو بونیاد و چاككردنەوەیە.

هاوڵاتی / ئێوە لە نامێلكەیەكتاندا ئیسلامیەكان بە شەمشەمە كوێرە و نەزان دەچوێنن و گوایە ئەوان توانای بینینی روناكیان نیەو گوێ لە هەق ناگرن، ئەمە چۆنە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / وەسف كردن و ناوهێنانی وا لای ئێمە ئەسڵی نیە مەگەر بەرژەوەندی لەوەدا بێت ئەنجا توندوتیژی لە حوكم دەربڕیندا لەكەسێكەوە بۆ كەسێ:ی تر دەگۆڕێ وە هەموو نوسەرێك خۆی بە پلەی یەكەم لە نوسینەكانی بەرپرسیارە وە حوكمی گشتی بەسەر خەڵكدا زۆر جار ناهەقە و پێویستە نوسەران و وتاربێژان ئاگایان لە حوكمەكانیان بێت وە نەزانی و دەمارگیریش هەیە پێویستە ڕابماڵرێت بە زانست و نەفەس درێژی و مەوزوعیەت.

هاوڵاتی/ دروستكردنی حیزبی ئیسلامی تا چەند لە گەڵ بنەماكانی ئاینی ئیسلامدا گونجاوە ؟ ئایا دروست كردنی حیزبی ئیسلامی پارە خواردنە بە ناوی ئاینەوە یان بەرگری كردنە لە ئاینی ئیسلام ؟

مامۆستا خلیل أحمد / / دروستكردنی حیزبی ئیسلامی لە گەڵ بنەماكانی ئاینی ئیسلامدا ناگونجێت وە مەبەست لە دروست كردنیان لە لایە ن خاوەنەكانیانەوە لە پێشدا مەبەست پێی خزمەت كردنی ئیسلامە، بەڵام وەك هەموو كارێكی تر ئەگەری ترازانی هەیە جا ئەگەر ئەمەش نەبێت، هەر خودی ڕێگە پێدان بە حیزبی ئیسلامی یان عیلمانی دەبێتە هۆكاری دۆستایەتی و دژایەتی جیاواز لە نێو موسوڵماناندا لەكاتێكدا ئەو هۆكارەش راست و گرنگ نییە بۆ خزمەتی كۆمەڵگە.

هاوڵاتی/ لە نامێلكەكەتاندا لە ساڵی (١٤٢٦ هیجری)دا دەرچوە و رەخنەتان لە علی باپیر گرتووە، كەگوایە حساب بۆ بیرو بۆچونتان ناكات ؟ هۆكاری ئەو حساب نەكردنە چیە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / حساب نەكردن و شێواندنی ڕووی راستەقینەی سەلەفیەت و سەلەفیەكان، لە هەركەسێكەوە بێت ترسانە لە بیر و بۆچوون و ئەو ڕێنماییانەی سەلەفیەكان لە سەری دەرۆن.

هاوڵاتی/ ئایا گەشەكردنی حیزبە ئیسلامیەكان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

مامۆستا خلیل أحمد / گەشەكردنی حیزبە ئیسلامیەكان بەلاواز دەبینم چونكە لە كۆمەڵگەیەكی ئیسلامیدا چەندین ساڵە كاردەكەن بەڵام ڕۆڵ و جەماوەرێكی بەرچاو پێویستیان نیە.

هاوڵاتی/ ئایا دەسكاری كردن و گۆرینی واتای فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چۆن سەیر دەكەن، كەزۆر جار بۆ مەرامی حیزبی و شەخسی بەكاری دەهێنن؟

مامۆستا خلیل أحمد / بێ گومان دەسكاری كردنی گۆ و واتای دەقەكان كارێكی حەرام وگەورەیە، و بەكارهێنانی بۆ مەبەستی خراپ سەردەمێك دەیخوات و جەماوەر لێی بێ ئاگان، بەڵام دوای ئەوان رۆشنفكر و شەرعزانان پەنجە دەخەنە سەر كەم و كورییەكان و مەرام و نەزانی و هەڵەكان راست دەكەنەوە و مێژوش شایەتی و حوكمی لە سەر هەلپەرستان تۆمار دەكات.

هاوڵاتی/ ئایا باسكردنی ئەندامەكانی زاوزێی مرۆڤ تاچەند دروستە لە راگەیاندنەكاندا باسبكرێ، لە شێوەی زانیاریدا ؟

مامۆستا خلیل أحمد / باسكردنی هەر شتێك بێ گومان كات و شوێن و ئەندازە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە پێویستە ڕەچاوی ئادابەكان بكرێت.

هاوڵاتی/ ئایا تێكەڵ كردنی كوران و كچان لە ناوەندەكانی خوێندندا لە رووی شەرعەوە و بە بروای ئێوە تا چەند دروستە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / تێكەڵكردنی كچان و كوڕان لەناوەندەكانی خوێندندا دروست نیە و چەندین زیانی پەروەردەیی و زانستی لێدەكەوێتەوە،وە دواتر زیانی هەمەلایەنەی دەبێت چونكە ئەو ناوەندانە تایبەتن بۆ گەشەدان بە رۆح و عەقڵ نەك ئارەزوو حەزەكان و زاڵبونی عیشق و ئارەزووەكان كە لەدوائەنجامدا دەبنە ڕێگر لە بەردەم پەروەردەو زانستدا.

هاوڵاتی / پێتان چۆنە ئافرەت بەشداربێت لە پرۆسەی سیاسیدا و كار لە گەڵ حیزبەكەی بكات، چی عیلمانی بێت یان ئیسلامی ؟

مامۆستا خليل أحمد / بەشداری كردنی ئافرەتان بە مەرجەكانی پاراستنی خودی خۆی لە دەست درێژی و یاریكردن بە چارەنوسیان بە ڕەوای دەبینم، بە تایبەت لە كاتێكا ئەگەر بەشەكان تایبەت بوون بە ئافرەتان یان ئەگەر پیاوانی كارا نەبوون، وە بەمەرجی پابەندبوون بە حیجابی شەرعییەوە، وە هەروەها پۆستی سەرۆكی یەكەم دەبێت لە پیاوان بێت.

هاوڵاتی/ بەشداریكردنی یەكگرتوو كۆمەڵ لە هەڵبژاردن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، لە گەڵ دوو حیزبی عەلمانیدا تاچەند دروستە لە گەڵ دەستوری ئایندا دەگونجێ و بۆ بەرەو پێش بردنی ئیسلامە ؟

مامۆستا خليل أحمد / بەشداری كردنی چوار حیزبی دوو لایەنە لە پرۆسەیەكی تایبەتدا، مانای یەكبونیان نیە، هەرچەندە پێویستی بە لێكۆڵینەوەی ورد هەیە بۆ دیراسەتی (بەرژەوەندی و زیانی)شەرعی لە كاتێكدا ئەگەر شێوەیەك لە شێوەكانی هاوپەیمانی بیانگرێتەوە و حەڵاڵ بێت، لەوانەشە زۆرینەی ئەگەرەكان لە حەرامەوە نزیك بێت، چونكە یەكەم زەرورەتێكی حەتمی نییە، وە هاوبەشی زۆریان لە نێواندا نییە وە جەماوەر هەزمی شتی واناكەن، دەبێتە هۆی شێواندنی مۆركی ئیسلامی، وە هۆكاری سەركەوتنیان بە سەر بەرامبەرەكانیاندا مسۆگەر و نیمچە مسۆگەر نییە، وە هاوپەیمانێكانیان پرۆگرامیان لە پارتی و یەكێتی روونتر و نزیكتر نییە لە ئیسلامەوە، وە دەیەها خاڵی تر، وە باشترین بە لگەش چەندین ئەندامی دوو پارتە ئیسلامیەكە ڕازی نەبونیان لە سایتەكاندا بڵاودەكەنەوە.

هاوڵاتی/ ئێوە وەكو كوردێكی موسوڵمان لەم هەڵبژاردنە دەنگتان ئەخەنە پاڵ ئیسلامیەكان ؟ ئەگەر نا بۆچی ؟

مامۆستا خليل أحمد / بە راستی من وەكو خۆم هیچ زەمانەتێك نابینم لە ئیسلامیەكان یان عیلمانییەكان كە بتوانن هاوتەریب دروست بكەن لە نێوان ڕێنماییەكانی ئاینەكەمان و خۆشكردنی باری ژیانی كۆمەڵانی خەڵك، چونكە سەرچاوەی كێشەكان لە كۆمەڵەی موسوڵماندا ئەمەیە، بۆیە لەوانەیە لایەنێك، بتوانێت دروشمە ئاینیەكان زەق كاتەوە بەڵام نەتوانێت لە بەردەم دەیەها پرۆژەی ئابوری وسیاسی ئیقلیمی و دەولی، یان لایەنێك لە بەرامبەردا بتوانێت ئاستی ئابووری خەڵك بۆ ماوەیەك چاك بكات، بەڵام هۆكار بێت

بۆ دروست کردنی کارەساتێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، هەرچەندە سیستمی حوکم لای سەلەفیەکان شێوازێکی ترە وە شوراو هەڵبژاردن کاری پسپۆرانە، نەك زۆرینەو کەمینە، کە بە زمانی شەرعی پێی دەگوترێت (أهل الحل والعقد) ئەمانە دوای مەرجەکان خاوەنی قەرارن، وەتاکاتی دەنگ دان دیراساتی قوڵتر پێویستە کەکێ زیاتر خزمەتی ئەم کۆمەڵگایە دەکات.

هاوڵاتی/ وێنەگرتن حەرامە؟ بۆچی ئیسلامیەکان بە ڤیدیۆ و فۆتۆ وێنەیان هەیە و لە ڕاگەیاندنەکانیاندا، ئەمە لە کاتێکدا هەردوولاتان یەك پەیرەوی دینیتان هەیە ئەویش قورئانە ؟

مامۆستا خلیل أحمد / وێنە گرتن لە بەر جۆرەکانی (پەیکە رو پۆستکارت و جوڵاو...) هتد. جێگەی لێکۆڵینەوەی زانایانە، بۆیە ئەو جیاوازیانە دروست دەبن، گومان لەوەدا نییە قورئان پەیرەوی هەمووڵایەکە، بەڵام لە پێوەرە سانەوییەکان بۆ تێگەیشتن لە قورئان جیاوازیمان هەیە، بۆیە هەندێ لە زانا سەلەفیەکان وێنەی ڤیدیۆ بۆ کەناڵەکان بە حەڵاڵ دەزانن، کە بۆ خزمەت و سود بە کاربهێنرێت.

هاوڵاتی/ ڕاتان چی یە بە گۆڕان؟ بەرنامەی لیستی گۆڕانتان پێ چۆنە ؟ ئایا گۆران دەتوانێ گۆران دروست بکات ؟

مامۆستا خلیل أحمد / گۆڕان زەرورەتە هەموو بەرنامەو ئایدۆلۆژیایەکی ڕەسەن دەیخوازێت بەڵام بەرنامەی گۆران تا ئێستا بەشێوەی شەفەوی ئیعلان کراوە، بەڵام دروشمەکانیان چاکە،وە دەسەڵاتی تەنفیزیان ناناسم تاوەکو بزانم گۆڕان تواناى گۆڕینیان هەیە.بەڵام یەکرێزی گەل لەسەر بەرنامەی دروست لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە.

هاوڵاتی/ ئەی سەبارەت بە نەوشیروان مستەفا ؟

خودی نوشیروان کەسێکە شەخسیەتی خۆی پاراستوە و خراپ و گەندەڵی ئیداری لەسەر نازانم، بەڵام هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە دین ڕوون نین.

======================

تێبینی: ئەم دیدارە لە ژمارە ٥٤٦ ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.

دیداری
ڕۆژنامەی ئاوێنە لەگەڵ
بەڕێز : مامۆستا خلیل أحمد

ئاوێنە: بەڕێزتان کە کەسێکی هەڵسوڕاوی ڕەوتی سەلەفی لاحیزبین لەکوردستان، بەشداریکردن لەدەنگدانو هەڵبژاردن چەند بەرەواو شەرعی دەزانن لەروانگەی بیری سەلەفییەتەوە.

مامۆستا خلیل أحمد:

بسم الله الرحمن الرحيم

بیروبۆچونی سەلەفیەکان بۆ سیستمی ئالوگۆڕی دەسەڵات دەقاودەق بریتیە لە سیستمی ئاینی ئیسلام بێ زیاد و کەم کە بریتیە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی حوکم لە لایەن ئەهلی (**حَلُّ و عقد**)ەوە واتە: ئەم دەزگایە متمانە دەبەخشێت بە پاڵێوراوانی خۆی نەك هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە چونکە ستەمە دەنگی کەسێکی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و ژیر لەگەڵ کەسێکی نەزان و ناژیر و تریاکی چۆن یەك حسابیان بۆ بکرێت هەروەها چۆن دەبێ کەسێکی ستەمکار و دوژمن بە خاك و گەل و ئاین وەك کەسێکی دادپەروەر دروست دابنرێت، بۆیە سەلەفیەکان تەنها بە حوکمی ئیسلام ڕازی دەبن بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی و لەبەچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای ئاین و گەل و نیشتمانمان وە لەبەر زەرورەتی ئەوەی پەرلەمان چۆڵنەکرێت بۆ دوژمنانی ئاین و گەلەکەمان بە ڕەواو گرنگی دەزانك میللەتی ئێمەش نوێنەرانی خۆیان لەپەرلەمانی عێراقدا هەبێت بەبەڵگەی (**درء المفاسد أولي من جلب المنافع**) وە (**الضرورات تبيح المحضورات**).

ئاوێنە: لەهەڵبژاردنێکی وەك ئەوەی پەرلەمانی عێراقدا ئێوە هەوادارو خەڵکانی پەیوەست بەبیری سەلەفی چۆن ڕێنوێنی دەکەن؟ ئایا هەڵوێستێکی گشتگیرو یەکلاکەرەوەتان هەیە یان خۆیان سەرپشك دەکەن؟

مامۆستا خلیل أحمد: بەڕاستی ئێمە زۆر دڵخۆش و دڵگەرم نین چونکە هیچ لایەنێك لە بەشداربوان گەرەنتی پاراستنی حوکمی شەرع و دادگەری کۆمەڵایەتی بە ئێمە و خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی بۆ نموونە یەکێتی زانایانەوە نەداوە تا سەلەفیەکان دەنگی خۆیان تایبەت کەن بۆ ئەو لایەنە، ئەوەندە هەیە

ئێمە بە گشتی ئەڵێین کێ ئەمڕۆ دەتوانین لەبەرامبەر ناحەزان بە میللەت و ئاین و ئایندەی گەلەکەمان بوەستێت لەپەرلەمانی عێراقدا دەنگ بەوە بدەن.

ئاوێنە: وەك زانراوە ئێوە حیزبایەتی لەکاری ئیسلامیدا بەناشەرعی دەدەن قەڵەم، بەڵام بەمدواییانە تەنها لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیدا پێکدا هەڵپژان. بۆچی تەنها کۆمەڵ؟ لەکاتێکدا بزوتنەوەو یەککرتووش لەگۆڕەپانەکەدان؟

مامۆستا خلیل أحمد: بەڵێ حزبایەتی بەحەرام و کوشندە دەزانین چونکە خۆ بچوککردنەوەیە و بریتیە لە خۆپەستی و خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تەسکەکان وە وەلانانی بیروباوەڕ، ئەنجا هەڵپژان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی بەگشتی نەبووە بەڵکو لەگەڵ ڕەوتێکی نامۆ بە سیاسەت و خۆنەناسیو لە نێو کۆمەڵدا کە بەڕەوا نابینن تاکی موسڵمان حیزبایەتی نەکات و نکۆڵی بکات لە حیزبایەتی کردن.

ئاوێنە: یەکێك لەپاڵێوراوەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەسلێمانی (م. عومەر چنگیانی) پێشتر لەنێو رەوتی سەلەفیدا چالاك بووەو ئێستاش هەوڵ دەدات برێك لەو پێگەیەی لای خوێندکارە پێشووەکانی بەدەست بهێنێتەوە، ئێوە هیچ ئاگاتان لەمە هەیە؟ چ هەڵوێستێکتان لەو هەیە وەك کەسێك کە رابردووتان لەگەڵیدا هەیە؟ ئایا راستە دەڵێن برێك لەسەلەفییەکان دەنگی پێ دەدەن چونکە پێشتر مامۆستایان بووە؟

مامۆستا خلیل أحمد: ڕاستە م. عمر چنگیانی پێشتر لە نێو ڕەوتی سەلەفی بووە بەڵام نەمانبیستووە ئەو هەوڵە بدات، وە هەڵوێستمان ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی وە نەمبیستووە سەلەفیەکان دەنگی پێ دەدەن یان ئەو هەوڵی ئەوە بدات.

ئاوێنە: حیزبە ئیسلامییەکان گلەیی ئەوەتان لێ دەکەن کە ئەوەندە زمانتان توندە بەرانبەر ئەوان بۆ پارتیو یەکێتیو عەلمانییەکان وەهانین، ئەمە تاچەند راستە؟ بەوە تۆمەتبارتان دەکەن کە دەنگتان لەبادینان بۆ پارتیو هەندێك جێگای سلێمانیش بۆ لایەنیترە، وەڵامتان؟

مامۆستا خلیل أحمد: حیزبە ئیسلامیەکان جیاوازن لە عەلمانیەکان چونکە کۆمەڵی یەکەم بانگەشەی ئیسلام دەکەن وە لەو میانەیەدا چەندین شتی نا ئیسلامی بە ئیسلام دەناسێنن بەخەڵك جا لەبەر ئەوەی خودی ئاینی ئیسلام بپارێزرێت لەو داهێنراوانە سەلەفیەکان ڕونکردنەوە و هۆشیاری دەدەن و مەبەستیش

ئەوە نیە هێرش بکەنە سەر ئیسلامیەکان بەڵکو ڕاستکردنەوە و تەواو کردنەوە وە هەر نەقدێکی ڕوخێنەر هەبێت ئێمە پێی ڕازی نین وە عەلمانیەکان هەرچەندە ئێمە بە عەلمانیەت ڕازی نین بەڵام چەند حیزبێکی عەلمانی دەسەڵاتیان بەدەستە و زۆرینەی خەڵکی موسڵمانیش شوێن کەوتووی ئەوانن وە ئێمەی سەلەفی یەکێك لە دروشمە زەقەکانمان ئەوەیە خەڵکی لە دەسەڵاتداران هاننادەین بە تایبەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا وە کوردستانیش بە یەکێك لە کرۆکی وڵاتانی ئیسلامی دەزانین، وە بێ دەنگ نابین لە کوفر و بێ باوەڕی و کاری حەرام بە بێ جیاوازی وە بەئەرکی خۆمانی دەزانین، وە دەنگ دان بە پارتی یان لایەنی تر ئەگەر بو بێت بەهەڵسەنگاندنی شەخسەکان کەوتووە ئەگینا نە ئاڕاستەیەکی گشتی یە لە لایەن مامۆستایانی سەلەفیەوە وە نەفشاریشە لە لایەن حیزبە عەلمانیەکانەوە، وە سەلەفیەکان جوامێر و بوێرن وە دڵسۆزن بە تێکڕای خەڵکی کوردستان و نیشتمانەکەیان.

ئاوێنە: ئێوە چۆن دەڕواننە بەکارهێنانی ئاین لەهەڵمەتی بانگەشەو چۆن ئەوە دەبینن کە هەموو لیستەکان بەئیسلامیی‌و عەلمانییەوە هەوڵ دەدەن سود لەئاین وەرگرن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ.

مامۆستا خلیل أحمد: ئاینی ئیسلام ئامانجە نەك دەستەواژە بۆیە نابێت تەنها بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنرێت بەڵکو لەسەر هەمووان پێویستە کار بە ئیسلام بکەن نەك ئیسلام بۆ کاری خۆیان بەکار بهێنن.

چەند پرسیار و وەڵامێك
لەگەڵ بەڕێز :
مامۆستا خلیل أحمد

تێبینی : ئەم پرسیار و وەڵامانە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە کراوە بۆیە ناوی ئەو ڕۆژنامەمان دەست نەکەوت کە ئەم پرسیار و وەڵامانەی لەگەڵ بەڕێزیان ئە نجام دابوو .

١–تێڕوانینی ئێوە بۆدابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان چۆنە لەڕوی ئاینی ئیسلامەوە؟

مامۆستا خلیل / بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

داب و نەریتەکان لەڕوی وەرگرتن و وەرنەگرتنەوە دەبنە دوو بەشەوە **یەکەم** : نەریتی تەندروست کەبریتیە لەوەی پێچەوانە و دژ نەبێت لەگەل دەقێك لە دەقەکانی شەریعەتی ئیسلام وە بەرژەوەندیەکی گشتی زانراو لەناو نەبات ، وە خراپەیەکی مسۆگەر بەدینەهێنێت وەك دیاری ژنخواز بۆ دەزگیرانەکەی کە بە (**هدية**) حسابدەکریت و لە مارەییش نیە وە چەندین نمونەی زۆر و نەبڕاوەی تر کە لەکتێبەکانی ئوسولی فیقهدا باسکراون .

دووم : نەریتی ناتەندروست کەبریتیە لەوەی پێچەوانەو دژ بێت لەگەل دەقەکاندا یان زیانێك بە سەر کۆمەلگەدا بێنێت یان بەرژەوەندییان بخاتە مەترسییەوە وەك چەندین گرێبەستی ناڕەواوە وەك قەرزی سو و چەندین شتی تر .

٢–ئایا بیرتان لەدروستکردنی حزبێکی سەلەفی کردۆتەوە؟ ئەگەر نا بۆچی؟

مامۆستا خلیل / نەخێر بیرمان نەکردۆتەوە ، بەڵکو لەفەرهەنگیشماندا شتی وانیە،چونکە دەستەواژەی حیزبی سیاسی بەپێی شەریعەت وژیریش کارێکی زیانبەخشە و چاکسازی وخزمەتکردن بەکۆمەڵگە بەرتەسك دەکاتەوە ، پاشان دەبێتە هۆکاری پەرتەوازەیی هاوڵاتیان و هۆکاریشە بۆ دروستبونی بیرو بیردۆزەی نەخوازراو و نامۆ تەنها لەبەر ئەوەی نەیارەکانیان هەلگری بیرو ڕای جیاوازیان هەیە ، واقعیش باشترین شاهیدە کەچەندین بیر و باوەڕو ئاکار وسلوکیاتی نەسازی دژبەیەك هەن وەهەندێ جاریش دەگاتە ئیبادەو جینۆسایدکردن ، ئەی نازانن چەندین حزبی نەتەوەیی لەهەمان نەتەوەی یەکتر وچەندین حزبی عەلمانی لەهەمان قوتابخانەی یەکتر وچەندین حزبی ئیسلامی و مەسیحی ویەهودی وشیوعی ونیشتمانی و...و..هتد بەو شێوازەو بەهەموو چەکێك وهێزێکەوە بەرامبەر بەیەك جەنگاون و یەکتریان لەناو بردوە و بەبێ هیچ پاساویکی ژیری و هیچ بەرژەوەندیەکی گشتی ، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی دەرگا بۆ حزبایەتی کردن خراوەتە سەر پشت ، لەبەر ئەوەی دەستێك لەپشتەوە هەیە

ئەم کارە دەکات بۆ مانەوەی هێزی خۆی ، هەروەها بۆ بێ ڕیز بونی بەهاو پیرۆزییەکان وەك ئایدۆلۆژیا وئاین و نیشتمان و خاك و نەتەوە و سەوابیت و بەرژەوەندی گشتی و...و..هتد.

ئەمەش مانای ئەوە نیە لەکاتێکدا سەلەفییەکان دەستەواژەی حیزبی سیاسی ڕەتدەکەنەوە ئیتر هیچ بونیادیك نانێن بۆ خزمەت کردنی ئاین وکۆمەڵگەو نیشتمان و نەتەوە ، بەڵکو هەموو ئەوانە دەکەن و واشنازانن _وەك هەندێك واگومان دەبەن _ تەنها بەحزب دەکرێت ،پاشان ڕاستییەکی گەورە لە سەلەفییەتدا هەیە ئەویش ئەوەیە سەلەفییەت چاکسازی لەکۆمەڵگەدا دەکات و خزمەتیش پێشکەش دەکات بەبێ ئەوەی بەلایەوە گرنگ بێت ئەندامەکانی بباتە سەرحوکم بەڵکو بەپێچەوانەوە پەروەردەیان دەکات لەسەر حوکم بۆ خۆ نەویستن ، هەرچەندە لەهەمان کاتدا هەوڵدەدات پەیڕەوەکەی حوکمڕانی بکات ، بەڵام بەلایەوە گرنگ نیە کێ بێ (لەموسڵمانان) و کوڕی کێ بێ بەبێ هیچ دەمارگیرییەك ، کەوابو سەلەفییەت قوتابخەنەو ڕێبازو کاروان و درێژبونەوەی بانگەوازی پێغەمبەران و چاکسازانە نەك حزبیکی بەرتەسك ، سەلەفییەکان دەیانەوی بۆ هەموو خەڵك بژین نەك بۆ هەندێ کەسی تایبەت ، جا هەرکات بەناو سەلەفییەتەوە حزبایەتی کرا _ وەك لەهەندێ وڵاتاندا شتی واکراوە _ ئەوە کەسانێکن نەك هەموو قوتابخانەی سەلەفییەت واتە مانای وانییە سەلەفییەت وسەلەفییەکان حزبێکی سیاسین ، هەر وەك چۆن ئیسلام ئاینەو حزبیەکانیش (لەموسڵمانان) حیزبی سیاسی کەوابو ئیسلام وسەلەفیەت و موسڵمانان و سەلەفییەکان لە حیزبی سیاسی گەورە ترن ، ئەمما بەڵگە نەقلییەکان ئەوە گەلیك زۆرن وە لەزۆ جێگادا باسمان لێوە کردوە .

٣-کارکردنی حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان تا چەن ئێوە پێتان قبوڵە لەو شێوە کارکردنە بۆهاتنە ناوەوە گرتنە دەستی دەسەڵات؟

مامۆستا خلیل / بێ گومان پێمان قەبوڵ نیە لەبەر ئەو هۆکارانەی لەخاڵی دوەمدا باسکران ئەمەش مانای ئەوە نیە ئێمە بەبرای خۆمانیان نازانین و دوژمنایەتیان دەکەین نەخێر وانیە هەر کەس ئەمە بکات ئەوە لەسەلەفییەت تێنەگەشتووە ، ئەوەندە هەیە ئێمە سۆز و ڕەحممان بۆ تێکرای موسڵمانان هەیەو باوەڕمان بەنەسیحەت وئامۆژگاری وڕاستکردنەوە هەیە دەمانەوێ خۆمان و ئەوانیش دوربین لەهەڵەو لادان

و لەپێش هەموو شتێكیش ئاینەكەمان بپارێزین لە شێواندن و كەمكردن و زیادكردنی شتێك بۆی كە تیایدا نەبێت ، جا لە میانەی ئەم دیفاع و چاكسازییەدا هەر كەم كورپییەك دروستببێت ئەوە ئێمە لای خۆمانەوە مەبەستمان ئاینپارێزی و تەكمیل وجوانكردنەوەی موسڵمانانە وبەشێوەیەكی گشتیش گومانی خراپیش نابەین بۆ بەرامبەر، بەڵام هەڵە و لادان و چاك و خراپ هەر دەستنیشان دەكەین و به ئەركیشی دەزانین.

٤-بونی چەن حزبێكی جیاواز بۆچی دەگەڕێتەوە لەكاتێكدا ئاینی ئیسلام یەك ئاینە؟

مامۆستا خلیل / ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆكار:

یەكەم : لەدەستچونی خیلافەتی ئیسلامی (دەوڵەتی ئیسلامی گەورە) لەدەستی موسڵمانان و نەمانی پاڵپشتی بەهێز بۆیان .

دووەم :كەمبونی زانستی شەرعی سەلەفی وزانایان یان نەبونی ، وەبونی سۆزو عاتیفەی موسڵمانان و بونی زوڵم و زۆری هەندێ لەدەسڵاتدارانیش لەو لاوە ، بەتایبەت موسڵمانان كە خۆیان نەناسی دوای جگە لەخۆیان كەوتن لاسایی ئەوانیان كردەوە .

سێیەم : پلانی دوژمنانی ئیسلام و ڕەواج پێدانی فرە حزبی بۆ ئەوەی ئینكاری خراپەو چەپەڵی نەكرێت بەناوی ماف و ئازادییەكان .

پرسیار : ئەگەر ئێوە ئیشی سیاسی بكەن تاچەن ئامادەن هاوبەشی ئەم حكومەتە بكەن؟ یان چۆن كارێك ئێوە دەیكەن؟

مامۆستا خلیل / ئێمە وەك باسمانكرد ئیشمان بونیادە نەك تێكدان و ڕوخاندن ، وەهاوبەشی و چاكسازیمان لەبەر بەرژەوەندی تاكەكانمان نیە ، بۆ سامان و پلەو پایە ، بەڵكو ئەركەكان بە واجبی شەرعی دەزانین و پەیڕەوەكەمان ئەوە دەخوازێت ، پاشان ئێمە هاوبەشی خراپەی هیچ كەس و لایەنێك نەبوینە و نابین ، هەروەها هەوڵی پۆزەتیف دەدەین بۆ پارێزگاری لەدەستكەوتەكانی میللەتەكەمان و ڕاستكردنەوەو پڕكردنەوەی نوقسانییەكان ، وە ئەوەی ئێمە دەیانكەین بریتیە لەوشیاركردنەوە و ئاشنا كردنی تەندروستی خەڵكە لە ئیسلام وە ئەگەر لەسیستمی حوكمڕانی بپرسیت ئەوە ئیسلام و

سەلەفییەتیش خاوەنی سیستمی تایبەتی خۆیانن و ناکرێ لێرە باسی لێوە بکەین ، بەڵام چارەسەری کاتییان بۆ کەم و کوڕییەکان ئەوەیە هەموو لایەك بگەڕێنەوە بۆ حوکمی خوا هەرچییەك لەتوانادا .

٥-تاچەند لەئیسلامدا ڕێگە پێدراوە کاری سیاسی بکرێ؟

مامۆستا خلیل / ئەم پرسیارە چەندین جار وەڵامم داوەتەوە ئەویش ئەوەیە سیاسەت لای سەلەفییەکان تەنها هەوڵ بۆ دەسەڵات گرتنە دەست ناگرێتەوە بەڵکو ماناو چەمکێکی فراوانی هەیە وە سیاسەت زاراوەیەکە ، ماناکەی بریتیە لە: بەڕێوە بردنی کارو بارو، هەڵسان بە چاککردنی، واتە (تدبير الأمور والقيام بإصلاحها).

وە لە ڕوانگەو دیدی ئیسلامیشەوە بریتی یە لە: (رعاية شئون الأُمّة في الداخل والخارج بما لا يخالف الشريعة الإسلامية) واتە: چاودێری کردن و سەر پەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی کارو باری گەل و وڵات لەناوەوەو دەرەوە، بەڕێوە بردنێکی وەها کە پێچەوانەی شەریعەت نەبێت بۆ سەلەفییەکان هەمو هەڵسو کەوتێك بەپێی شەرع بەسیاسەت شەرعی دەزانن ، یەکێك لەکارەکانیان حوکم ودەسەڵاتە .

دیداری
سەنتەری ڕۆشنبیری کارا
لەگەڵ بەڕێز
مامۆستا خلیل أحمد

١-بۆ لە پرسە هەنوکەییەکاندا،هەڵوێستی ڕونی سەلەفیەکان دیار نیەو نابێت و لاوازە؟

مامۆستا خلیل / پێشەکی پرسی هەنووکەیی چەمکێکی فراوانە و گشتگیرە و هەڵوێست بونیش بەرامبەریان دەبێت بە دووبەشەوە:

یەکەم: جۆری پرس و بابەتەکان لە خودی خۆیدا کامامەن و کامیان لە کامیان لە پێشترە تا سەلەفیەکان خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تەرازووی هەڵسەنگاندن و ژیان بۆ بەسەر بردن و.... هتد.

دووەم: لە گۆڕەپانی واقیعیشدا سەلەفیەکان لەگەڵ ڕێنمایی مەنهەجی دا پلانی ژیرانەو واقیعانە دەگرنە بەر بۆ مامەڵەکردن و دەست تێوەردان لەکاروباری خۆیان و خەڵك و ئاین و وڵات و وە لە هەمووکارەکانیاندا بە پێی ئەم بنچینەیە هەنگاو هەڵدەگرن کە بریتی یە لە (جلب المصالح وتكميلها ودفع المفاسد وتقليلها) لەبەر ئەمانە سەلەفیەکان ئەندامێکی تەندروستن لە کۆمەڵگاو نابنە سەرچاوەی شەڕ و خراپە و کۆسپ، وە شتێك بەرژەوەندی (دین و دونیایەکان) لە ناو ببات ئەمان پیادەی ناکەن،وە لەهەمووش گەورەتر ئەوەیە هەوڵ لە پێناوی خۆپەرستی و دەمارگیری و دەستخستنی بەرژەوەندی دونیایی دا نادەن،و ئەگەر لەهەر کەسێکیاندا هەبێت قەدەغەی لێ دەکەن و بەسووك تەماشادەکرێت.

وە بۆ تا ئێستا لاواز بووە؟

یان بەرچاو و دیار نەبووە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ توانای مەعریفی ناوچەکە و هەبوونی چەمکی نادروست لە نێو خەڵکدا. ئێمە خۆمان نەمانویستوە شتێکی وا دابەزێنە واقیع خەڵکانێك تێنەگەن و کۆسپیش دروست کەین لەبەردەم بەرژەوەندی تری موسڵمانان و خەڵکی کوردستاندا،وەبەتەواوی بۆ چارەسەرکردنی واقیع باوەڕمان بە پلە پلەیی تەندروست هەیە وە ئامانجیشمان ڕێنمایی و گەیاندنی حەقە نەك دەست کەوتنی ماڵی و دونیایی.

٢- هەڵوێست بەرامبەر بە یەکێتی مامۆستایان وەکو دامەزراندن، دابەشبون بەسەر چەند لیستێکی حیزبی، و هەڵوێست بەرامبەر بە هەڵبژاردنی ئەم جارەی (٢٠١٠) چی یە؟

مامۆستا خلیل / یەکێتی مامۆستایان وەك دامەزراوەیەکی پیشەیی بێ لایەن و دوور لەوەی بۆ مەرامی حزبی بەکار بێت دروستە و ئامانجی باش پێ بەدیدەهێنرێ،بەڵام دابەشکردن و پەرتەوازەکردنی بەسەر لیستی حزبیدا بریتی یە لە مراندنی ئامانجەکانی و لەباربردنی ئەو پرۆژە خەباتەی مامۆستایانی کوردستان هۆکاریش دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵیەتی حیزبی زۆرێك لە ئۆپۆزسیۆن و دژایەتی هەموو دەستەواژەکانی حیزبی دەسەڵات وە دانانی دەستەواژەی بەدیل لەبەرامبەردا ئەگەر تەماشا بکەین هەمووو حیزبێك ئالیاتی حوکمەتێکی وەهمی بۆ خۆی دروست کردووە وەك زانایانی فلأن و زانایانی فلأن هەروەها قوتابیان و ژنان و مامۆستایان و لاوان و بێ نەوایان و...هتد.

چارەسەریش ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن ئارام بگرن و چاکسازی لەناو دامەزراوە گشتی یەکاندا ڕابگەینن بۆ ڕێکخستنی ماڵی هەموو دامەزاویەکیش ڕێگای یاسایی بگیرێتە بەر.

وە بۆ هەڵبژاردنی ئەم جارەی ساڵی (٢٠١٠) ز وە لەمەودواش پێویستە تەنها یەك دامەزراوەی گشتی مامۆستایان هەبێت دەنگی پێی بدرێت کامەش کۆنترە پێویستە ئەوە بمێنێت و ئەوانی تر بۆ جیاوازی نادروست وخراپ بنەبڕ بکرێت ودروست نەکرێت،هەروەها نابێت هەندێ کەس لەحزبانی دەسەڵاتدار دەست لەکاروباری ئەو دامەزراوە وەربدەن.

وە دەبێ یەکێتی مامۆستایان هی هەموومامۆستایانی کوردستان بێت بەبێ جیاوازی وە دابەشکردنی پۆست و ئەرك و مافەکانیش ئەبێ بەپێی خاڵی خزمەت ئیمتیازاتی خوازراو بێت نەك خۆسەپاندن یان دژایەتی حزبی و ڕێکەوتنی تائیفی...

٣- ئایا دەکرێت سەلەفیەکانیش یەکێتی مامۆستایان تایبەت بە خۆیان هەبێت؟

مامۆستا خلیل / سەلەفیەکان پێویستیان بە دامەزاندنی یەکێتی مامۆستایان نیە تایبەت بەخۆیان چونکە دامەزراوەی ناوبراو دامەزراوەیەکی پیشەییە هیچ حەقی بە مەزهەب و ناوچەو ڕەچەڵەکێکەوە نیە ئەمەش لە ئامانجەکاندا دەردەکەوێت وە یەکێتی مامۆستایانی گشتی بەهی خۆیان دەزانن تا پێیان بکرێت چاکسازی دەکەن ئەگەر نەکرا خرابتری ناکەن.

٤- ماموٚستایانی بیٚ لایەن دەنگ بە کیٚ بدەن باشە؟بوٚ؟

ماموٚستا خلیل / ماموٚستایانی بیٚ لایەن و لایەنداریش با دەنگ بدەن بە یەکیٚتی ماموٚستایانی گشتی پیٚشوو لەبەر ئەوەی چیتر یەکیٚتی ماموٚستایان لاوازتر نەبیٚت و نەبیٚتە جیٚگەی حیزبایەتی و مراندنی ئامانجە بەرزەکانی ماموٚستایان.

٥- دابەشبوونی یەکیٚتی ماموٚستایان بەسەر چەند لیستیٚکی حیزبیدا، هیچ مەترسییەکی شەرعی دروست ناکات لە مامەڵە لەگەڵ کردنی؟

ماموٚستا خلیل / خوای گەورە دەفەرمویٚ: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا ﴾ .

پیٚغەمبەری خوای صلى الله عليه وسلم: (المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا).

ئەم ڕیٚنماییانەش گشتین لە هەموو بوارەکاندا جیٚ بە جیٚ دەکریٚت مەگەر جیاوازی جوٚری تنوع بیٚت واتە تاوەکو جوٚر زیاتر بیٚت سودزیاتر بیٚت لە کاتیٚکدا ئەمەش لەجیاوازی یەکیٚتی ماموٚستایاندا بەدیٚ ناکریٚت بوٚ جیاوازی ماموٚستایان دروست نیە دەبیٚ ووشەو زاراوەی یەکیٚتی ماموٚستایان تەنها ناو نەبیٚت ناوەڕوٚکیش ئاوها بیٚت ئەوەش بزانن من لەم قسانەم مەبەست ماموٚستایانە نەك خزمەتی کەس.

٦- ئاموٚژگاریتان چی یە بوٚ ماموٚستایانی کوردستان بە گشتی و ماموٚستا سەلەفیەکان بە تایبەتی؟

ماموٚستا خلیل / ئاموٚژگاریم بوٚ خوٚم و هەموو لایەك بەتایبەت ماموٚستایانی سەلەفی و غەیری سەلەفی ئەوەی تا دەتوانن داکوٚکی لەسەر هیٚڵەگشتیەکان بکەن موسڵمانیٚتی و هاونیشتیمانیبون و هاوڵاتی بوون و بەرژەوەندییە گشتی یەکان هەموو ئەمانەش بە پیٚی ڕیٚساکانی ئایینی پیروٚزی ئیسلام کە لە خوای گەورەی دادپەروەرەوە سەرچاوەی گرتووە، نەك دژایەتی و ڕوخاندن و بەرژەوەندی تەسك و خوٚ قەڵەوکردنی بەسەر ئامانجە پیروٚزەکاندا.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

دیداری گۆڤاری خێزان
لەگەڵ بەڕێز
مامۆستا خلیل أحمد

پ ١: لەڕووی مێژووییەوە وشەی (سەلەف) لەکەیەوە دروست بووەو لەکوێوە سەریهەڵداوە ؟

وەڵام : وشەی (سلف) لەزماندا بەپێشین دەوترێت کە لەزانست و باوەڕو چاکەو کاردا پێشەنگ بن ، وەك لەفەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە ، ئەڵێت : سەلەف بریتین لەوانەی پێش خۆت ژیابن لەباب و باپیران وخزمان و ئەوانەی لەتۆ گەورەترن لەتەمەن وچاکتر لەباوەڕو کرداردا ، لەبەر ئەم مانایە نەوەی یەکەم لەموسوڵمانان بەپێشینی چاك دادەنرێن ، و ئەم وشەیە لەسەر زمانی پەیامبەری ئیسلام (صلى الله عليه وسلم) بەکارهاتووە ، وە ك بەفاتیمەی کچی فەرمووە : (فَإِنَّهُ نِعْمَ السَّلَفُ أَنَا لَكِ).(ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە).

واتە " بەڕاستی من باشترین پێشینم بۆ تۆ ".

بەڵام ئەم وشەیە مێژووی دروستبوونی لەدوای هاوەڵانەوە دروستبووە ، دەبینین نەوەی دوای هاوەڵان بە (تابعين) شوێنکەوتووان ناودەبرێن و بەهاوەڵان دەڵێن (پێشین) ، وەك (ڕاشیدی کوڕی سەعد) بەهاوەڵان دەڵێت : (كان السلف....) .(فتح البارى ٦ / ٦٦) ، وە (زوهری) ئەڵێ : (أدركت ناساً من سلف العلماء ...).(فتح الباري ١ / ٣٤٢). لێرەدا مەبەست بە (سلف العلماء) هاوەڵانە ، چونکە (زوهری) تابعی بووە .

دواتر سەلەفییەت نیسبەتە بۆ (سلف) ، بۆیە نیسبەتێکی چاکەو بۆ پەیرەوێکی دروستە ، و مەزهەبێکی تازەو حیزبێکی سیاسی نیە وەك هەندێ کەس لەنەزانیدا یان لەبەر شێواندنی ڕاستیەکان وایان لەقەڵەم دەدەن ، وانیە ، چونکە سەلەفیەت پڕ بە پڕ ئیسلامی ڕاستەقینە دەگەیەنێت ، وە ئەم ناوەش لەبەر پێویستی دانراوە ، چونکە خەڵکانی گومڕا لەئیسلام دوای گومڕابوونیش هەر خۆیان بەهەق زانیوە ، وەك نوسەرێکی شیعە مەزهەب کتێبێکی نوسیوە بەناونیشانی (الشيعة هم أهل السنة) ، جا بۆپاراستنی ئیسلام و کۆمەڵگەو تاکەکانی ئەم ناوو ناوەڕۆکە بەپێوەرو تەرازوو دانراوە .

پ ٢: پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەلەفی یەکان لەگەڵ کەسانی تردا چۆنە؟

وەڵام : پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەلەفی یەکان ڕاستەقینەو هاوسەنگە ، بونیات نراوە لەسەر پاکی و دڵسۆزی و ئامۆژگاری و لەسەرخۆیی و ئارامگرتن لەبەرامبەر یەکتردا ، و دوورە لەفروفێڵ و خۆهەڵخەڵەتان و ئاڵۆزکردن و کاری نامەسئولانە ، وە هەندێ جار سەلەفی یەکان بەگۆشەگیر دادەنرێن

، لەوەلاّمدا ئەلّێم (خاوەنی ئەو تۆمەتە بەپێوەرێكی جیاوازو نادروست ئەو مەسەلەیەی سەلەفی یەكان دەپێوێت ، دەیانەوێت سەلەفییەكان وەكو خۆیان دەستوەردەنە شتانێك كەتیایدا پسپۆرو شیاو نین) ، بۆیە دەلّێم : (ئەگەر نەزانان بێدەنگ ببوایەن جیاوازی نەدەما) ، و (ئەگەر كەشتیوانان زۆربن كەشتی یەكەیان ژێر ئاو دەكەوێت)، بۆیە هەلّوێستەكان لەژێری و خواناسینەوە سەرچاوەی گرتووە ، بەلاّم كەم كەس ئەم ڕاستی یە دەزانێت .

پ ٣ : پەیوەندیتان لەگەلّ حیزبە ئیسلامی یەكانی تردا چۆنە ؟ یان ڕاتان چۆنە بەرامبەریان ؟

وەلاّم : پەیوەندیمان لەگەلّ حیزبە ئیسلامی یەكاندا بەگشتی پەیوەندی یەكی ئاینی و هاونیشتمانی و هاوولاّتی بوونە ، و لەسەر دوو تەوەر مامەلّەیان لەگەلّدا دەكەین :

یەكەمیان : لەڕاستی نزیك بوون .

دووەمیان : تواناى لێكۆلّینەوەو حیوار.

بەپێی ئەم دوو تەوەرە هەنگاوەكان هەلّدەگیرێن ، هەرچەندە تێبینی زۆرمان هەیە ، بەلاّم كاری ئێمە چاكسازی و ئامۆژگاری یە بۆ ئیسلامی و عەلمانی و هەموو توێژەكانی گەلەكەمان .

پ ٤: ئەو كتێبانەی كە سەلەفی یەكان چاپی دەكەن هەندێكی بەدیاری یان بەنرخێكی كەم دەفرۆشرێن ، ئایا دەكرێت بزانین پارەی ئەو كتێبانە لەكوێوە دەست دەكەوێت ؟

وەلاّم : بلاّوكراوە سەلەفی یەكان بەكۆمەكی خەلّكی خێرخواز دەكرێت لەكوردستاندا ، دواتر ئەو نوسین و بلاّوكراوانە زۆریان نوسەرەكانیان ئەركی بلاّوكردنەوەیان لەئەستۆی خۆیان گرتووە ، لەوانەیە بگوترێ فلاّن و فیسار تۆمەتبارن كاتێك بەناوی سەلەفی یەتەوە كاریان كردووە لەڕابردودا ، ئێمە هەرچەندە هەلّوێستی تایبەتمان هەیە بەلاّم ئێستای سەلەفی یەكان ئەوەی ئاشكرابێت ئەو گەندەلّییەیان تێدا نیە .

پ ٥ : دەنگۆی ئەوە هەیە سەلەفی یەكان ڕادیۆیەك بكەنەوە چەند ڕاستەو ئایا كێ دەعمی دەكات ؟

وەڵام : سەلەفی یەكان ڕێگر نین لەبەرامبەر هیچ دەستەواژەیەكدا بۆ خزمەتكردن بەمەرجێك شەرعی بێت ، بەڵێ دەنگ و باس هەبوو كە هەندێ كەسی شارەزا لەدانانی ڕادیۆ كە پەیڕەو سەلەفین كارێكی وا بكەن ، بەڵام تائێستا نەبووە بەواقیع ، وە ئەگەر كرا بێگومان كۆمەكی لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە دەكرێت بەتایبەت دوای تۆماركردنی لەحكومەتی هەرێمەوە ، وە من داوا دەكەم موسوڵمانانی ڕاستەقینە هەوڵدەن بۆ بەكارهێنانی هەموو دەستەواژەیەك لەپێناو خزمەتكردن بەئاین و گەلەكەمان .

پ ٦ : بۆچی خێزانی سەلەفی یەكان كەمتر لەماڵ دەردەچن ؟

وەڵام : خێزانانی سەلەفی بۆ پێویستی و كاری بەسود لەماڵەكانیان دەردەچن ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مەنهەجی سەلەفیەت كە باوەڕی بەئازادی بۆتاك هەیە ، بەڵام بەرژەوەندی باڵای كۆمەڵگە پێشێل و پشتگوێ ناخات ، دواتر دەرچوون و دەرنەچوون چەند لایەنەیەو هەردووكیان كاریگەری چاك و خراپی لەسەر تاك و كۆمەڵگە هەیە ، جا سەلەفی یەكان بەپێی ڕێنماییەكانی سەرچاوەی ئیسلام هەنگاو هەڵدەگرن .

پ ٧ : مەلا سەیید ئەحمەد دەڵێت : (سەلەفی یەكان داشی دامەی دەستی عەلمانی یەكانن) ڕاتان چیە لەم بارەیەوە ؟

وەڵام : بۆ وەڵامی سەید ئەحمەد ئەڵێم : ئەوەی خەریكی دامە بێت لەوانەیە ڕۆژێك لەڕۆژان بكرێت بەداشی دامە ، بەڵام سەلەفی یەكان پێویستیان بەدامە نیە ، وە خوا هیدایەتی داون بەكاری شیاوتر و گەورەتر ، وە بۆ زیاتر ڕونكردنەوەی ئەم خاڵە بڕوانە كتێبێك كە لەسەر سەید ئەحمەد نوسراوە بەناونیشانی ﴿ **گفتوگۆیەكی ئاشكراو هێمنانە لەگەڵ مامۆستا سەید ئەحمەدی یەكگرتوو لەلایەن عەشایەرێكی سەلەفی یەوە ، هەڵسەنگاندن و لە تەرازووداني تەنها ئەو قسانەی كە لە ڕۆژنامەیەكدا بڵاوكراونەتەوە** ﴾ .

پ ٨: ئایا بۆچی خۆتان لەسیاسەت بەدوور دەگرن ؟ ئایا بەهۆی ئیسلامەوەیە یان شتی تر ؟

وەڵام : هەڵەیە ئەگەر بڵێین سیاسەت تەنها بریتی یە لەمومارەساتی حیزبی و سیستەمی حوکم ، سەلەفی یەکان تێڕوانینی جیاوازو گشتگیریان هەیە بۆ چەمکی سیاسەت ، و هەوڵدان بۆ حوکم و دەستەواژەکانی کارێکی بچوکە لەدونیای سیاسەتی ڕاستەقینە ، وە دوریشە لەسیاسەتی ئەمڕۆ بەتایبەت لەکوردستاندا ، هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێنماییە دروستەکانی ئیسلام و هەروەها بۆ ئەو بارودۆخە ناسك و هەستیارەی گەلەکەمانی پێدا تێدەپەڕێت .

پ ٩: ئایا سەلەفی یەکان بەینیان لەگەڵ تەکنەلۆژیادا چۆنە ؟ ئایا تەکنەلۆژیا بەکارهێنان لاسایی کردنەوە جولەکەو مەسیحی یەکان نیە ؟

وەڵام : پێویستە پێشەکی ئەوە ڕوون بکەمەوە ئەم پرسیارە بۆچی دەکرێت ؟ ئەویش لەبەر ئەوەیە سەلەفی یەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئیسلام لەتێگەیشتنی ئاییندا ، و هەر داهێنراوێکی ئاینی دروستبکرێت و لەئیسلامدا نەبێت سەلەفی یەکان باوەڕیان پێی نیە ، بەڵگەشیان زۆرە ، لەوانە فەرمودەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کە فەرموویەتی : (من أحدث في أمرنا هذ ما ليس منه فهو رد).(ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە).

واتە " هەر کەسێك بۆ ئەم ئاینەی ئێمە شتێك زیاد بکات کە تیایدا نەبێت ئەوە وەرنەگیراوە ".

ئەگەر سەرنج بدەین ئەم دەقە سێ خاڵی زەقی تێدایە (یەکەم : داهێنان ، دووەم : لەئایندا ، سێهەم : بەڵگەی نەبێت) ، بۆیە ئەڵێم : داهێنانی دونیایی و دەستەواژەکانی ژیان بەر ئەم دەقە ناکەون ، وە ئەوەی سەلەفی یەکان قەبوڵی ناکەن لەداهێنان جۆری (داهێنانی ئاینی یە بەو سێ مەرجەی لەدەقەکەدا هاتووە) ، بەڵام ئەویتر سەلەفیەت هانمان ئەدات کە پێشەنگی دونیا بین ، دواتر ئێمە دەستکەوتە تەکنەلۆژییەکان بەتەرازووی سودو زیان دەکێشین ، بۆ نمونە موشەك و چەکی ئەتۆمی و کەرەستەی لەناوبەر بۆ ژیان و گوزەران و فیکرو ڕەوشتی خەڵك بەخراپ دەبینین وباوەڕمان پێی نیە ، ئەمما کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و هەموو ئەوانەی خزمەت بەمرۆڤایەتی دەکەن بەمەرجێك بەخراپ بەکارنەهێنرێت لەهەموو کەس زیاتر سودمان لێوەرگرتووە چ سەلەفییەکانی کوردستان چ سەلەفیەکانی تر لەجیهاندا ، بۆنمونە چەندین سایتی سەلەفی هەن بەزمانی شیرینی کوردی ، لەوانە :

www.ba8.org

وە چەندین سایتی كوردی و عەرەبی لەجیهاندا.

بەڵام نەیارەكان ئەو شتانە بۆ ڕای گشتی بەپێچەوانەوە دەگەیەنن ، دواتر بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا لاسایی كردنەوەی مەسیحی و جولەكە نیە ، چونكە هیچ پەیوەندی بەئاینەوە نیە وەكو باسمانكرد كە داهێنان و دروستكردنی شتی نوێ لەئایندا قەدەغەیە ، ئەویش لەبەر ئەوەیە ئەم ئاینە هی خودایە ئەگەر زیادبكرێت و لەودا نەبێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە ئەوەی خودا داینەوە نوقسانە ، ئەمەش ڕووبەڕووی ڕاستی یەكی گەورەمان دەكاتەوە ، ئایا باوەڕمان بەبوونی خودا هەیە یان نا ؟ ئەگەر وەڵاممان بەئەرێ بێت كە هەر واشە لای سەلەفییەكان و هەموو موسوڵمانانیش ، دواتر ئەو خوایە بەرنامەی بۆژیان هەیە یان نا ؟ وە كامەیە ؟ دەكرێت كەم وكوڕی تیابێت ؟ وەڵامیش ئەوەیە كە : بەرنامە دانان تەنها بەدەستی خودایە و ئیسلامیش كۆتا بەرنامەیەو ناكرێت هیچ كەم وكوڕی تێدابێت ، لەوانەیە بگوترێت ئەو هەموو ڕەخنانە چییان لێ بكەین كە لەئیسلام و موسوڵمانان دەگیرێت ، لەوەڵامدا ئەڵێم : پێویستە مومارەساتی موسوڵمانان بۆ ئیسلام لەخودی ئیسلام جیابكرێتەوە ، دواتر ئیسلامیش كامەیە ؟ وەڵامیش بۆ ئەمە : ئیسلام تەنها بریتی یە لەدەقەكانی قورئان و فەرموودە (صحیح)ەكانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) .

پ ١٠: ئێوە بڕواتان وایە لاسایی كردنەوەی فیكری ئەوروپی یان وەرگرتنی تا چەند ئاساییە ؟

وەڵام : موسوڵمانان پێویستیان بەهیچ كەسێك نیە تاوەكو لاسایی بكەنەوە ، ئەگەر خۆیان بەشێوەیەكی دروست ڕێنماییەكانی ئیسلام جێبەجێ بكەن ، دواتر هەر چاكەیەك لای هەر كەس و تاقم و فیكرێك هەبێت و پێچەوانەی ئیسلام نەبێت ئەوا سەلەفیەت هانمان ئەدات بۆ وەرگرتنی و سودو كەڵكی خۆمانی لێ وەردەگرین و كردوشمانە.

پ ١١: باس لەوە دەكرێت سەلەفی یەكان منداڵەكانیان ناخەنە قوتابخانەوە ؟ ئەمە تا چەند ڕاستە ؟

وەڵام : سەلەفی یەكان منداڵەكانیان وەكو باقی منداڵانی خەڵكی كوردستان لەقوتابخانەدان بەبێ جیاوازی ، من بۆ خۆم كچ و كوڕەكانم لەقوتابخانەن ، هەرچەندە تێبینی زۆرم هەیە لەسەر ڕەوشی خوێندن هەر لەمەنهەجەكەوە تاوەكو ژمارەی قوتابیان لەپۆلێكدا بەبێ دژایەتی و دروستكردنی كێشە

لەبەر ناسکی بارودۆخی کوردو ناوچەکە ، دواتر هەر تاکێکی سەلەفی منداڵەکانی نەخاتە قوتابخانە لەبەر ئەوەی خۆی باشتر فێری زانست و پەروەردەیان دەکات ، ئەڵێم : ئەگەر وابێت هیچی تێدانیە ، بەڵام من بڕوام وایە کاردانەوەی خراپی دەبێت بۆسەر قوتابیەکان وە شێوەیەك لەدابڕان دروست دەکات ، و لەئایندەدا ناتوانێت لەجێگە فەرمی یەکاندا خزمەت بکات لەبەر نەبوونی بڕوانامەو دامەزراندن ، چارەسەریش ئەوەیە هەردووك پێکەوە ئەنجام بدرێت هەم قوتابخانە نیزامی یەکان و هەم پەروەردەی ماڵەوە .

پ ١٢ : سەلەفی یەکان زیاتر لەکوێن لەکوردستاندا ؟

وەڵام : خەڵکی کوردستان هەموو سەلەفین لەئەسڵدا مەگەر کەسێك خۆی نەیەوێت ، چونکە (سەلەفیەت یەکسانە بەئەهلی سوننەت) بەواتای هەر کەس سوننی بێت سەلەفی یە ، ئێمە سەلەفیەت بەچوارچێوەو چەمکی حیزبی نازانین تەنها فلاَن و فیسار سەلەفی بن و کەسی تریش نا ، بەلاَم مامۆستایان و بانگخوازان و چاکسازانی ئەهلی سوننەت لەهەموو شارەکانی کوردستاندا هەن ، لەسلێمانی و هەولێرو دهۆك و گەرمیان هەن .

پ ١٣ : یەکەمین کەس کە خۆی بەسەلەفی ناساندووەو لەکوردستاندا کێ بووە ؟

وەڵام : یەکەم کەس کەخۆی بەسەلەفی ناساندبێت لەشارێکەوە بۆشارێکی تر دەگۆڕێت ، بۆ نمونە من لەشارەکەی خۆمدا لە ساڵی (١٩٨٦) کە ئەو کات تەمەنم (١٦) ساڵان بوو سەلەفی بووم ، هەروەها باقی مامۆستایانی تریش ، بەلاَم کەسێك کە بەتەمەن گەورەتر بێت و لەسەر ئاستی کوردستان هەر لە کۆنەوە بەسەلەفی ناسراوبێت شێخ (حمدی عبدالمجید السلفی)یە کە دانیشتووی (سەرسەنگ)ە.

پ ١٤ : ئایا ژنهێنانتان لەسەر بنەمای خزمایەتی یە یان پێشتر کەسەکە دەناسن ؟ ئەگەر کچ و ژنەکانتان زۆر بەکەمی لەماڵ دەردەچن ڤەت ئەوە ڕوو دەدات کەسێکی بێگانە بێتە داوای کچێکی سەلەفی ؟

وەڵام : ژنهێنان بنەمای زۆرە ، سەرەکیترینیان بنەمای ئاینی یە ، چونکە هەرکەس لەئاین و ڕەوشتدا پەسەندو کامڵ بێت ئەوە لەپێشترە کە ژن و ژنخوازی لەگەڵدا بکرێت ، پاشان شتانی دیکە لەبەرچاو دەگیرێت ، بەڵام هەندێ داب و نەریتی کۆمەلاَیەتی هەن ، وەکو (ئامۆزایەتی و پورزایەتی و ژن بەژن و گەورە بەبچوك و بەزۆر بەمێرددان و چەندین شتی تر..) لەگەڵ دادپەروەری خودادا ناگونجێت و

سەلەفی یەکان باوەڕیان پێی نیە ، هەرچۆن بەمانە کارناکەن ، پەیوەندی پێش مارەبڕینیش بەزیانێکی خراپ دەزانن بۆ کچان و کوڕان ، بەڵام وەکو چارەسەریش ناهێڵن کوڕان وکچان قەیرە بن ، بۆیە لەگەڵ ڕۆشنبیرکردنیان هاوسەری شیاویان بۆ دابین دەکەن.

وە سەبارەت بەوەی کە کچ و ژنە سەلەفی یەکان کەم لەماڵ دەردەچن ئایا بێگانە دێتە داوایان ؟ لەوەلاّمدا ئەڵێم : قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە .

پ ١٥ : ئایا ئامادەن کچتان بدەن بەموسوڵمانێکی ناسەلەفی ؟

وەلاّم : بەنیسبەت دروستی و نادروستی ژن و ژنخوازی لەگەڵ موسوڵماندا دروستە ، بەمەرجێك هەردولا یەکخواپەرست بن و دووربن لەشیرك و کوفرو دووڕوویی ، بەلاّم کەسەکان چ کچ یان کوڕ تاوەکو کامڵ بن لەمەنهەج و ڕەوشت و ساڵحبوون ئەوە چاکترە .

خوای گەورە یارمەتی هەموو لایەك بدات بۆچاکسازی و دادپەروەری و ئاسایش و بەرقەراری ، تاوەکو کۆمەڵگایەکی نمونەیی ببێتە واقیع لەکوردستانی خۆشەویستماندا .

هەڵوێستی میانڕەوی سەلەفیەکان

" سەلەفیەکانی کوردستان"
تەکتیك واتە : ترس نیە

وەڵامێك بۆ "مەلا بەختیار" ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بەڕێز مامۆستا : (خلیل أحمد) وەك بیستووتە لە کۆڕێکدا ، مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەڵێت : ئێمە پشتیوانی هیچ هێزێکی سەلەفی ناکەین ، وە پاشان دەڵێت سەلەفیەکان کە لەم قۆناغەدا کاربەدەستان بە کاربەدەستی خۆیان دەزانن ئەوە تەکتیکە بە هەر بیانوویەکی تروەوە بێت لەوە دەردەچن ، بۆیە دەمەوێت وەڵامی بەڕێزتان بزانم خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

مامۆستا خلیل أحمد : بسم الله الرحمن الرحيم . الحمد لله و الصلاة و السلام على رسول الله و على آله و صحبه و من تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

من لە وەڵامدا ئەڵێم : هەڵوێستی میانڕەوی سەلەفیەکان " سەلەفیەکانی کوردستان" تەکتیك واتە : ترس نیە ، بەڵێ من خۆم گوێم لێ بوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان " مەلا بەختیار " ووتی : ئێمە پشتگیری لە هیچ هێزێکی سەلەفی ناکەین وە ئەوەی سەلەفیەکانیش دەیکەن کە ڕووبەڕووی کاربەدەستان نابنەوە و بە کاربەدەستی خۆیانیان دەزانن تەکتیکەو هەرکاتێك بیانەوێ لەو قۆناغە دەرچن زۆر بە ئاسانی دەردەچن وە ئاسانە وە پاساوی بۆ دەهێننەوە . بە هەر حاڵ من لە وەڵامدا بە کورتی ئەڵێم : نازانم ئەو ئەندامەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی ئەو لێدوانە ئەدات یان ئەوە ڕەئی شەخصی خۆیەتی وە زۆر طەبیعیشە کە هەرکامێك لەوانە بێت ، بەڵام ئەوەندە هەیە نازانم مەبەستی بە هێزی سەلەفی چیە و کێیە ؟ چونکە بەکارهێنانی چەمکی هێز ، مەفهومی هێز ئەگەر ناوبراو مەبەستی هەبووبێت یان نە ئەوە بە سیاسی کردنی ئەو چەمکەیە یان بە حیزبی کردنی یان نواندنی ئەوەی سەلەفیەکان گروپێکی ڕێکخراوی هەرەمین ، وە وەك هاوڵاتیەکی سادە کار ناکەن ئەمەش وانیە .

"سەلەفیەکانی کوردستان " جگەلەوەی یا جگە لە پەیڕەوکردنی بیروبۆچوونی ڕێڕەوی مەزهەبی خۆیان بو تێگەیشتن لە ئیسلام ، سەرقاڵ نین بە هیچ کایەیەکی تری ژیانی حوکمڕانی کوردستانەوە ئەوەی من بزانم ، بە تایبەت لە بواری : ئەمنی و سیاسی و عەسکەریدا کە ئەم سێ کایەیە بە کایە هەستیارەکان حساب دەکرێن ، سەلەفیەکان هەڵوێستی ئیجابی و پۆزەتیڤانەیان هەبووە وە هەیانە ، پەیڕەوکارانی خۆیان وە خەڵکی تریش لە ووتارەکانیاندا ئامۆژگاری دەکەن بە هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم کایەیانە بکەن : ئەمنی ، سیاسی و عەسکەری .

ئینجا سەلەفیەكانی كوردستان ئەوەی من بزانم باوەڕیان بە فیتنەی تائیفی نیە ، هەر خیلافێكیان هەبێ لەگەڵ نەیارەكانی خۆیاندا پەنا بۆ توندو تیژی نابەن تەنانەت لە ڕاگەیاندنەكانیشەوە تەنها ڕاستیەكان دەخەنە ڕوو . ئەمە بەشێوەیەكی گشتی ئەگەر كەسێك لەم خەتە دەرچێت بەسەر هەموو سەلەفیەكانەوە حساب ناكرێت وە ئەوە بە موعەددەلیش وەرناگیرێت بەبێ ئەوەی ماڧ بەرامبەرەكانیان لە دیفاع كرندا پێشێل بكەن .

ئێمە دەبینین بەیانی تا ئێوارە مەفاهیم و چەمك و پرس و مەزاهیب و ئەدیان و هەموو بیر وبۆچونێك لە میدیاكانەوە لە ڕۆژنامەكانەوە لە نووسراو و كتێبەكانەوە لە چاپكراوەكانەوە زۆربەی زۆری دژ بە بیرو بۆچوون وچەمكی سەلەفیەتە ، بەلاّم كوا ؟ هیچ كاردانەوەیەكی سلبی و نێگەتیڤانەیان نیە ، هیچ مەشاكیلێكیان دروست نەكردووە بەرامبەر بە هیچ كەسێك كە ئازادی خۆی پیادە بكات.

بۆیە تەنها ڕاستیەكانی خۆیان دەخەنە ڕوو بەبێ ئەوەی ماڧ بەرامبەرەكانیان لە دیفاعكردن پێشێل بكەن بەڵكو بیرو بۆچوونێكی ئیجابیان هەیە لە پێكەوە ژیاندا هەرچەندە لە كاری نارەوا بێ دەنگ نابن بەلاّم چەندین جار ئەوەمان ووتووە گەر وەكو نوح سەلامی خوای لەسەر بێ ئەمەش وەكو نموونەیەك ئەیهێنمەوە : نۆسەد و پەنجا ساڵ بانگەوازی قەومەكەمان بكەین وە وەلاّمیشیان بۆمان نەبێت ، نەیەنە ژێر ڕكێف و دەسەلاّت و ناو و پەیرەوەكەمانیشەوە، دەست بۆ توند و تیژی نابەین ، كە ئەمەش ئەڵێم چونكە هیچ كەسێك لەسەر تەسلیم نەبوونی بە چەمكەكەی تۆ ، مەفهوومەكەی تۆ ، مەزهەبەكەی تۆ ، دینەكەی تۆ نابێ زۆری لێ بكرێ ئەمەش نەك باوەڕم بە دیفاع كردن لە خاك و نیشتیمان و دین و جیهاد و ئەو شتانە نیە ئەوانە نیە هەمووی چەمكن لە شوێنی خۆیانا بە تێگەیشتنێكی دروست و تەندروست باوەڕم پێ یان هەن .

بەلاّم كە ئەم نموونەش ئەهێنمەوە قەومی نووح كافر بوون بەلاّم قەومی ئێمە میللەتی ئێمە میللەتێكی موسڵمانن ، مەبەست لەوە ئەوەیە ئێمە پشوو درێژین وە باوەڕمان بە توند و تیژی نیە وە كۆمەڵێ بەرژوەندی شەخصی و حزبی و ناوچەیی و نازانم ئەوشتانەمان نیە كە ئەگەر كەوتە لێژیەوە یەكسەر پەنا بۆ توند و تیژی ببەین ، نا بە عەكسەوە غەیری خزمەت نەبێ هیچی ترمان نیە ، كەوابوو هەڵەیە ئەگەر وابزانرێت یان بەو شێوەیە وێنا بكرێت كە سەلەفیەكانی كوردستان سەرچاوەی ترسن بۆ سەر تاقم و نەتەوەو حزبەكانی ناوخۆو دەرەوە ی كوردستان هەرچەن من تەحدیدەن نازانم خاوەنی ئەو لێ

دوانە مەبەستی سەلەفیەکانی کوردستانە " ئەو خەڵکانەی کە خەڵکێکی میانڕەون " ، هەرچەن لە عیبارەتی دوومیا کە ئەڵێ " تەکتیکە و کاربەدەستانی کوردستان بە کاربەدەستانی خۆیان دەزانن" دیارە مەبەستی بەڵێ سەلەفیەکانی کوردستانە ، من بەهەڵەی ئەزانم ئەمە وابزانرێت سەلەفیەکان سەرچاوەی ترسن بۆ سەر تاقم و نەتەوەکانی تر و بۆ سەر حزبەکانی تر و ئاوەها ، یان بۆ داهاتووی کوردستان بە پێچەوانەوە دید و مەنهەجی میانڕەوی سەلەفیەکانی کوردستان زامنی ڕوونەدانی ئەو شتانەیە .

لێرەش پێویستە ئەوانە بخەینە ڕوو یان هەندێکیان ئەوەندەی کە دەرفەت هەبێ : کۆمەڵێك زەمانات هەیە لە هەر فیکرەیەك لە هەر حزبێك لە هەر ڕێڕەو و مەزهەب و تاقمێك ، کۆمەڵێك زەمانات هەیە کە سەلەفیەکان هەڵیان گرتووە بۆ ئەوەی ئەو ترسەی کە هەندێ کەس ترسی هەیە لە سەلەفیەکان یان لە هەر تاقمێکی تر کە ئەو شتە نەخوازراوانە ئەنجام بدەن ، ئەو زەماناتانە ناهێڵێت .

بەڵێ مامۆستای بەڕێز پرسیاری دووەمیش هەر ئەوەیە باشە زەمانەت چیە بۆ ئەوەی ئەو ترسەی کە هەندێك هەیانە نەیەتە دی ؟ ، خوای گەورە پاداشتی بەخێرتان بداتەوە .

مامۆستا خلیل أحمد : یەکێك لەو زەمانەتانە : کوردستانی بوونە ، سەلەفیەکانی کوردستان زۆر باش لەوە حاڵین ، ئەمانیش وەکو هەموو وولآت و میللەت و نیشتیمانەکانی دونیا کەوتوونەتە بەر دابڕان ، دابەش بوون ، دانانی سنوور و جوگرافیای جیاواز . وە سەلەفیەکان باشیش حاڵین لە زوڵمی یاسای نێو دەوڵەتی لە میللەتی کورد کە گەورەترین نەتەوەیە وولآتی نەبێ ، حکومەتی نەبێ " واتە دەوڵەت " ، جا ئێمە وەك کوردێك باوەڕمان بە پاراستنی ماف ڕەوا و شەرعی نەتەوەکەمان هەیە وە دیفاعیش لە مەزڵومییەتی نەتەوەکەمان دەکەین . هەم وەك نیشتیمانێك کە تیایدا دەژین وە ماف خۆیەتی و خۆمانیشە کیانی خۆمان هەبێت وەك هەموو وولآتانی موسوڵمانانی دونیا سەربەخۆ بژین ، کەوابوو ئەمە یەکەم زەمانەتە سەلەفیەکانی کوردستان باوەڕیان بە کوردستانی بوونیان هەیە ، وە پیاوی ئەم و ئەو نین وە کەسێك لە سەلەفیەکان مامۆستایەك لە مامۆستاکان ، خەڵکێکی تر لە .. هیچ کەسێك لەوانە کار بۆ هیچ وولآتێکی دەرەکی ناکەن ، وە شتی وا لای ئێمە ئەگەر کوفر نەبێ ئەوە شتێکە لە موحەڕەماتی گەورە ، بۆیە نابێ دژی بەرژەوەندی وولآتی خۆتا کار بکەی ئەمە زەمانەتی یەکەم .

زەمانەتی دووەم : حزبی نەبوون ، سەلەفیەکانی کوردستان کارناکەن بۆ ئەوەی ببنە گروپێکی سیاسی خۆیان بە ئەنقەست کارناکەن ، کەوابوو کارناکەن بۆ ئەوەی ببن بە گرووپێکی وەها وە دەستکەوتی حزبی و پلەو پایەی دونیایی بە دەست بێنن . ئەمەش نەك لەبەر فاکتەری ترس . وە نە ترسە وە نە تەکتیکە وەنە بێ عەقڵیشە ، سەلەفیەکان کاتێ حزبایەتی ناکەن حزبی " سیاسی دروست ناکەن" لەوپەڕی سیاسەتەوە دێنەوە ئەمەش نەك لەبەرئەوەی کە ئەمانە پسپۆڕن لە فلاَن و فلاَن و فلاَن ، نە لەبەر ئەوەی ڕێنماییەکانی دین وا پێویست ئەکات . ئێمە دەستەواژەی زیاتر بەکارنەهێنین لە ولاَتێکا کە الحمد لله حکومەت هەیە ، وولاَت هەیە ، حزبی تر هەن ، خەڵکی تر هەن ، جا بۆ چاکسازی کردن لەوانە باشتر نیە لەوەی کە دژیان بوەستینەوە ؟ ئەمە دیدی ئەوانە کە دینەکەیان فێریان ئەکا ، کەوابوو نە ترسە کاتێ حزب دروست ناکەن و گرووپ دروست ناکەن و دژایەتی ناکەن بە دەستەواژەی حزب ، وە نە تەکتیکە وە نە بێ عەقڵیشە ، بەڵکو دونیا نەویستی و شەجاعەتە و غیرەتە ، زاڵبوون بە سەر دەروونی خۆیانا وە ژیریانە وایان لێ دەکات . ژیریانە وایان لێ دەکات کە حزب دروست نەکەن ، مەبەستیشم ئەوە نیە بە هەموو پێوەرەکان هەر کەسێك حزب دروست کات شەجاعەتی نیە و ژیر نیە ، نە عەو شێوە نیە . ئەکرێ لە قاڵبی یەعنی تێنەگەیشتن ، وجهات نەزەر ، کۆمەڵێ شت جێ ی ئەبێتەوە هەرکەسێك بە هەرچیەکەوە سەرقاڵە لەوانەیە عوزری خۆی هەبێ . بۆیە ئەمانە وا ئەکەن :

دونیا نەویستی ، شەجاعەت بۆ نموونە ژیریان وایان لێ دەکات کە کەسانێکی چاکساز و بانگخواز بن وە دونیا خۆر نەبن وە ئارامیان هەبێ صەبریان هەبێ لەسەر چاکسازی وە نەفەس درێژ بن لە چارەسەرکردنی هەڵەکان لە کۆمەڵگا . یەعنی : سەلەفیەکان ئەوەندەی کۆمەڵگایان لا مەبەستە ، ئەوەندە دەسەلاَتی خۆیان لا مەبەست نیە ، ئەوەنە دەسکەوتی خۆیان لا مەبەست نیە .

ئەبینین دەیەها ساڵ کەسێك لە سەلەفیەکان شەونوخونی و خوێندنەوە و دراسات و خزمەت و ئەمانە ، بەلاَم ئەشمرێ و هیچیش بە تەمای هیچ پلە و پایەو کورسیەك نیە ، تەنها ئەوەی ئەیەوێت کۆمەڵگا کۆمەڵگەیەکی دروست و تەندروست بێت هەر ئەوەی مەبەستە . کەوابوو نەفەس درێژیانە لە چارەسەرکردنی هەڵەکان لە کۆمەڵگەدا . ئەوەی لە بەرامبەر حزبێکی تر یان لە بەرامبەر چەن حزبێکی

تر : حزبێك دروست دەکات ، ئەمە ئێمە بە هەڵەی دەزانین ، میللەت بە دەردێکی حیزبەکانی تردا دەبات .

چونکە هەڵەی (زۆری حزبەکانە) ، دێت کە حزبێکی تریش دروست دەکات پێویست نیە ، بەو دەردە ئەچن . چونکە دەردەکە کە دروست کردن و دابەشکردنی وەلائی حزبیە ، چونکە یەعنی .. کاتیَ کە کۆمەڵگەیەکی بچووکمان هەیە ئێمە ، میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق کە قسە ئەکەم ، کاتیَ کە تێی وەلائی نەتەوەیی ناهێڵی ، وەلائی نیشتمان بوون ناهێڵی ، وەلائی دینی ناهێڵی ئەیکەیتە وەلائی فلاڵن و فلاڵن ، هەتتا حزبی سیاسی دروست بیَ وەلاء و خۆشەویستی ئینتیما بۆ شتە گەورەکان ، شتە بەڕێزەکان یان موقەددەسەکان نامێنێت ، ئەوە .. دەردەکە لەوێوە دەست پیَ ئەکات . چونکە کە دەردەکە ووتمان دروست کردن و دابەشکردنی وەلائی حزبیە لە نێو کۆمەڵگەدا کە حزبێکی تریش دروست دەکەین کاردەکات بۆ سەرنەکەوتنی چاکسازی کۆمەلاًیەتی وە هەروەها چاکسازی ئابووری وە چاکسازی سیاسی . جا دروستکردنی هەمان دەستەواژە دووبارەکردنەوە ی هەڵەکەیە وە دانان و بەدەستەوەدانی هۆکارێکی زیاترە بۆ دووبەرەکی و نەسازان و ڕێك نەکەوتن ، بۆیە سەلەفیەکان نایانەویَ خەڵکی بۆ خۆیان کۆ بکەنەوە ، نایانەویَ خەڵکی بۆ خۆیان کۆ بکەنەوە بەڵکو دەیانەویَ خەڵکی هەموو بەرەو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بەرن . وە کار کردن بە خواستی ئەقڵ و ژیری و خۆ ڕازاندنەوە بە ئەخلاق و ئاکارە جوانەکان بێتەوە پێش ئەمە زەمانەتی دووەمە کە حزبی نەبوونی سەلەفیەکان کار ئەکات بۆ ئەوەی کە ئەو ترسانە ڕوونەدەن کە هەندێکمان لیَ ی دەترسین .

زامنێکی تر : میان ڕەوی سەلەفیەکانی کوردستان ، لە هەموو دینێکدا لە هەموو هەڵگرانی دیندا لە هەموو مەزهەب و بیرو بۆچوونەکاندا : کەسانی میانڕەو هەن ، کەسانی توندڕەو هەن ئەمە ئینکار ناکرێت . کۆمەڵە خەڵکانێك لە دونیای ئیسلاما هەڵگرانی ئیسلامن و توندڕەویان تیا هەیە ، هەیە سەلەفیە توندڕەوی تیا هەیە بە ناو سەلەڤ یەعنی ، بۆیە سەلەفیەکانی کوردستان میانڕەون حەقە ئەو شایەتیەیان بۆ بدرێت ، جا زەمانەتی ئەم میان ڕەویەو کارکردن بۆ مانەوە و قووڵبوونەوە لە هەموو لایەکمانەوە بۆ ئەوەی سەلەفیەکانی کوردستان میان ڕەو بن زەمانەتێکی ترە بۆ ئەوەی کە ئەو ترسانە نەیەنە پێش . سەلەفیەکانی کوردستان خاوەن دیدێکی میانڕەوی مەزهەبین ، باوەڕیان بە ئەوەی من بزانم باوەڕیان بە خزمەتە ، خزمەتی جگە لە خۆیان بەوە ی کە دەستیان بگرن لە فێرکردن و لە

تێگەیاندن و لە پێکەوەژیان و لە صەبرگرتن بە رامبەر هەڵەکان و لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و نەهێشتنی لاوازیەکان ، تەنانەت بەرامبەر بە نەیارەکانیشمان . خاڵێکی جەوهەری زۆر گرنگ هەیە لە سەلەفیەکانی کوردستانا : دوژمنایەتی ڕوحی عیداء وەکو ئەوتریێت بەرامبەر بە نەیارەکان بە ئیسلامی و بە عەلمانیشەوە ، ئەوە نیە لەوە ئەچێ هەندێ کەس ئەمە بە هەڵە پیادە بکات یان هەندێك لە دەرەوە وابزانێ کە سەلەفیەکان ڕوحی دوژمنایەتیان هەیە.. نەء ئەگەر بشبێ هەڵەیە ، ڕۆحی دوژمنایەتی کردن لەگەڵ نەیارەکانیشیا نیە ئەگەر بشبێ ئەصڵ نیە بەڵکو بنچینە و ئەصڵ ئەوەیە لە سەلەفیەکان کە دەستی نەیارەکان بگریت سوودی پێ بگەیەنیت نەك حەز لە دوژمنایەتی و تیاچوون و تیا بردنی بکەیت بۆیە سەلەفیەکان لە هەموو کەسێك زیاتر حاڵین لە فیقهی ئیختلاف .

ئەو هەموو دراساتەی دەیخوێننەوە و دراسەی دەکەن لە کتێبەکانی حەدیس و لە عەقیدە بەتایبەت و لە فیرەق و لە ئەوانە ، هەموو تاقمانەی کە دروست بوون و چۆن دروست بوون و کێ دروستی کردوون لەبەرچی دروست بوون و هۆکارەکان چین و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و ئەنجا واقعیش وایە و خوای تەعالاش خەڵکی وا دروست کردووە و یەعنی فیقهی ئیختیلاف لای سەلەفیەکان فیقهێکی زۆر قووڵە و وە سەلەفیەکانی کوردستانیش لەوە خاڵی نین ، حاڵین لە فیقهی ئیختیلاف وە لە فیقهی پێکەوە ژیان ئەوەتا ئیمامی عەلی " عەلی کوڕی أبو طالب " خوا لێ ی ڕازی بێت لە کاتێکدا کە سەرۆکی وولاتیشە " دەسەڵاتی تەنفیزی بە دەستەوە بووە " پرسیاری لێ ئەکرێ دەربارەی تەکفیرکردنی خەوارج ، ئایا کافرن ؟ کە لەوە ئەچێ ئەگەر کەسێك دژ بە ئێمە بووەستێتەوە وەکو ئینسانێك ئەڵێم مەبەستم هیچ کەسێك نیە لە بەر خۆمانەوە بڵێین بەڵێ کافرە کە سەرۆکی موسوڵمانانە و سەرۆکی وولاتەو لە کاتێکا خەوارج بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە تەکفیر ی خۆیان کردووە و بەڵام ئەو تەکفیری ئەوانی نەکردووە . قەولێکی مەشهوری هەیە ئەگەر صەحیح بێت :

إخواننا بغوا علينا : برامانن ، وە وایش مامەڵەی لەگەڵ کردن وە وایش مەعرووفە

کە وەکو موسڵمان مامەڵەی لەگەڵدا کردن ، بۆیە فیقهی ئیختلاف لای سەلەفیەکان و میانڕەوێتیان زامنێکی ترە بۆ ئەوەی کە توندو تیژی و ترس لە ئایندەدا بێت .

خاڵێکی تر لە زەمانات بۆ ئەوە ، خۆماڵی بوونی سەلەفیەکانە :

سەلەفیەکانی کوردستان خۆماڵین لە چەن ڕوویەکەوە یەك دوو لەوانە ئەخەمە ڕوو :

•سەلەفیەکانی کوردستان لە ڕووی مەرجەعییەتی فیقهیەوە، ئەمەش شتێکی گرنگە لە ناو دونیای پیادەکردنی مەزهەبەکاندا ، لە ڕووی مەرجەعییەتی فیقهیەوە لە ژێر فشاری مەزهەبی و تەقلیدی هیچ کەس و دەزگایەکدا نین . هەر حزبێك هەر تاقمێك هەر مەزهەبێك هەر کۆمەڵە خەڵکێك لەسەر هەر مەزهەب و ڕێڕەوی هەر زانایەك بڕۆن ، سەلەفیەکانی کوردستان لەسەر ڕاڕەوی سەد لە سەدی هیچ شەخصێك نین وە موقەللدیش نین لە زۆرینە ، ناتوانم بڵێم لە دانە دانە نین چونکە ئەوە ئینسانەکانە ئەگینا بەشێوەی گشی بە دروشم مەسئەلەی تەقلید لە لای سەلەفیەکان لە مەرجەعییەتی فیقهیا مەرفووزە ، ناشڵێین موجتەهیدن هەموویان بەڵام بەشێوەیەکی گشتی موتتەبیعن ، ئەگەر موجتەهیدیش نین ، موقەللدیش نین . موتتەبیعن : شوێنکەوتوون ، قسەی هیچ کەسێك لە مەرجەعییەتە فیهیەکانی دونیا بە دەلیلەوە نەبێ وەری ناگرن ، لە خودی قورئان و حەدیس بەڵگەی نەبێت لە صەحابە بەڵگەی نەبێت وەری ناگرن بۆیە سەربە هیچ مەرجەعییەتێکی فیقهی دونیا نین : نە مصر نە سعودیە نە ئێران نە هیچ کەسێکی تر ، ئیحترام و ڕێزیان بۆ هەموو لایەکیان هەیە وە قسەی هەموو لایەکیش وەرئەگیرێت ئەگەر موافقی قورئان و حەدیس بێت بەڵکو هەر لە دروست بوونی سەلەفیەکانی کوردستانەوە لە هەشتاکانەوە ئێمە کە ئاشنا بووین بە مزگەوت و بە خوێندنەوە و بە کتێب و ئەمانە : لەسەر ئەوە گەورە بووین کە تەقلید و تەعەصصوبمان نەبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ڕێز لە زانایان بگرین . لەسەر کتێبەکانی شێخی ئەلبانی کە لە موقەددیمەی (صفة الصلاة) دا کە ئەقوالی مەزاهبمان بۆ نەقڵ ئەکات کە شافعی ئەفەرمێ (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) :

(إذا صح الحديث فهو مذهبي) یان عالمەکانی تر ئەیهێنێ یەك یەك ناویان ئەهێنێ دوایی ئەفەرمێ تەقلیدی هیچ کەسێك لە ئێمە نەکەن وە دروست نیە بە فەتوای ئێمە کار بکەن ئیللا ئەبێ بزانن لە کوێ هێناومانە ئەو فەتوایە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزی زانایان (الرجوع الى العلماء) بەڵام قسەی زاناش کاری لەگەڵا ئەکرێ مامەڵەی لەگەڵا ئەکرێ ئیسفادەی لەگەڵا ئەکرێ بە ئیستئناس ئەبرێت (ئەتوانی سوودی لێ وەربگری) بەڵام ئەبێ عەرزی کەیتە سەر کتاب و سووننەت ئەگەر موافق بوو بۆیە : أقوال العلماء يحتج لها لا يحتج بها : قسەی زانایان ئەبێ بەڵگەی بۆ بێنیتەوە نەك بیکەیتە بەڵگە بەسەر بەڵگەوە ، ئەنجا مامۆستا سەلەفیەکان " مامۆستا سەلەفیەکانی کوردستان " سەربەست و ئازادن ، بەسەربەستی ئەژین لە ژێر فشاری مەزهەبی هیچ کەسێکا نین . جا تۆمەتی مەدخەلییەتی

ئەمڕۆ کە ئێستا هەندێك لە سەلەفیەکان بە مەدخەلی ناوزەند دەکرێن ئەمە تۆمەتە ، نە باوەڕیان بە مەدخەلییەت هەیە نە مەدخەلی (شێخ ربیع بن هادی مەدخەلی) خۆیشی باوەڕی بە مەدخەلییەت هەیە ، ئەمە ناو زڕاندن و تەشیر پێ کردن و تۆمەت دانە پاڵە . جا نە ئەم مەدخەلییەتە ی ئەمڕۆ تەواوە وە نە وەهابییەت کە دوێنێ ئەیان ووت وەهابی ، وە نە پێشتر ئەیان ووت حەنبەلی وە هەروەها . هەموو ئەمانە تەشیر کردن و تۆمەت کردن و شەڕی ئیعلامی نەیارەکانە . ئێمە هەر بایەخێکیشی پێ نادەین . ئەمە لە ڕووی مەرجەعییەتی فیقهیەوە .

• لە ڕووی مەرجەعییەتی سیاسیشەوە : سەلەفیەکان خۆماڵین . باوەڕتان هەبێ ئەمە ، ئەمە ئەم قسەیە نە هیچ پلەو پایەیەکمان پێ ی ئەوێ خوا ئەزانێت وە نە ئەشترسین لە هیچ هێزێك لە هیچ کەسێکیش فشاری نەخستۆتە سەرمان . باوەڕتان هەبێ ئەگەر تاقمێکی خۆماڵی هەبێت لەم کوردستانە ئەوە سەلەفیەکانن . بۆیە ئەگەر بڵێین چەن تاقمێکیش هەیە ئەوا سەلەفیەکان یەکێکن لەو تاقمانەی کە خۆماڵین .

بۆیە ئێمە دەبیسین دەخوێنینەوە باس دەکرێت بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکانەوە فلأنە حزب فلأنە لایەن ئەو تاقمە ئەو مەزهەبە ئەو حزبە پەیوەندی بە وولأتی فلأنیەوە هەیە ، کار بۆ بەرژەوەندی فلأن ئەکات ، فلأنە سەرکردە و فلأنە مەسئوول و فلأنە کەس و فلأنە نازانم چی و شەخص و ئەمانە فایلی هەیە و چی هەیە و چی هەیە ، هەرچەن ئێمە بەڵگەی ڕوونمان لەسەر هیچ کەسێك لەبەردەس نیە . وە کار لەسەر تۆخ کردنەوە و زەقکردنەوە ی ئەم شتانەش ناکەین ئەوە ئیشی ئێمە نیە ، بەلأم دەڵێین :

هەمیشە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، مەرجەعییەتی سیاسی ئێمە بریتی یە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان . لەگەڵ ئەو مولاحەزاتانەش کە هەموومان هەمانە هەموو لایەکمان هەمانە ، خودی ئەوانەی کە کاری حکومەتەکە بەڕێوە ئەبەن خۆیان مولاحەزاتیان هەیە . ئەمەش هیچ کێشەیەکی نیە ، هەمەیشە دروشمی ئێمە بەرژەوەندی گشتی لە بەرچاوگرتنە . بەرژەوەندی گشتی دائیمەن باس دەکرێت لە هەموو شتەکانی ئێمەیە . تاکەکانی ئێمە کە گەورەیان ئەکەین و دەرسیان پێ ئەدەینەوە و قسەیان لەگەڵ ئەکەین و لە ژیانی ڕۆژانەمانا پێیان ئەگەیەنین لەسەر ئەمە گەورەیان ئەکەین بەرژەوەندی گشتی بە دەیەها ئایەت و حەدیس و .. . ئەنجا ئەمن و ئاسایش . ئەو ڕۆڵەی کە سەلەفیەکان هەیانە لە ڕاگرتنی ئەمن ئاسایشا بە مینبەرەکانیان بە نووسینەکانیان ، ئەو هەموو کتێب

و ئەو هەموو سی دی و ئەو هەموو شتانە ، یەعنی تەصەوڕ کە شاری وا هەیە لەبەر بوونی ماموستایانی ئەهلی سوننە یەك کەسی توندڕەو ی تیا هەڵنەکەوتووە . کێ لە ڕووی فیکریوە ئەم شتە زەمانەت ئەکا ؟ ماموستایانی ئاینی سەلەفی . بۆیە هەمیشە دروشمی ڕاگرتنی ئەمن و ئاسایشە پاڵپشتی کردنی ئەمن و ئاسایشە لەگەڵ مولاحەزاتا لەگەڵ هەندێك کار . یەعنی هەندێك لە ئاسایش هەندێك لە پۆلیس یا هەندێك لە پێشمەرگە کە مومکینە نوێژ نەکا مومکینە هەر شتێکی هەبێت ، ئێمە خودی پرۆسەی ئەمن و ئاسایشمان مەبەستە . دەیەها کەس تەلەفونمان بۆ ئەکا : ئایا ماموستا دروستە ببم بە ئاسایش بە پێشمەرگە بە پۆلیس ؟ بەڵێ ، ئێمەین کە دیفاعمان کردووە نەمات ووتووە : إن فرعون و هامان و جنودهما ، ئەوەمان نەووتووە ، تەکفیری پێشمەرگە و ئاسایشمان نەکردووە لەبەرئەوە هەندێك سەرکردە هەیە هەرچیەك هەر فکرەیەکی هەبێ ، نە ء پرۆسەی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە و چی و ئەمانە ، چونکە نەمانی ئەمانە نەمانی هەموو وولاتەکەیە بە هەموویەوە . ئێمەین سەلەفیەکان باسی ئەوەمان کردووە وەزارەتی پێشمەرگە مەرجەعییەتی سیاسی و عەسکەری ئێمەیە . لە هەموو میحوەرەکانەوە تەلەفون بۆ ماموستایانی سەلەفی ئەکرێت ، پێش هاتێك دێت بۆ نموونە شەڕێکە بەرۆکی کوردستانی گرتووە یان ئەگەر ی تر هەیە هەڵوێستمان چیە ؟ تەنانەت لە بەیاننامەی هەندێك لە ماموستایانی سەلەفیدا بە شێوەیەکی صریح تەئکید و دووپاتی ئەوە کراوەتەوە هەرشتێك هاتە پێشەوە بە تەنسیق لەگەڵ میحوەرەکانی پێشمەرگەدا بگەڕێنەوە بۆ پێشمەرگە ، وەزارەتی پێشمەرگە چی پێویستیەکی میللی بە ئێوە هەبوو ، ئەمە خۆماڵییەتی یە لە مەرجەعییەتی سیاسی . سەلەفیەکان سەر بە هیچ موخابەڕاتێك ، وولاتێك ، شوێنێکی تر نین . نەك دەسمان نەکەوتووە ، هەموو دونیا بکەن بە ئالتوون بۆ ماموستایانی سەلەفی بۆ ئەوەی یەکێکمان لە خشتە ببەن سەر بە وولاتێکی تر بین ، خەیاڵیان خاوە . ئێمە باوەڕمان بە دینێك هەیە ، بە مەنهەجێك هەیە کە ئەو شتانەمان لەسەر حەرام ئەکا خیانەت بکەین بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆمان . ئەمە کۆمەڵێك زەماناتن وە زەماناتی تریش هەیە بۆ ئەوەی ئەو ترسەی کە هەیە لە ئایندە سەلەفیەکان لە خشتە بچن وە ئەمە وەکو هەلێك وەکو تەکتیکێك بەکار بێنن إن شاء الله بەو شێوە نابێ .

لە بەشی دووەمی لێدوانەکەی مەلا بەختیار " ئەندامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان " کە دەڵێ ئەم هەڵوێستە تەکتیکە ، من ئەڵێم ئەم خوێندنەوەیە ئەوە دەگەیەنێت دیارە کە سەلەفیەکان یان

لەباری ترسدا دەژین " قسەكەی ئەو وا دەگەیەنێ " یا لە باری ترسدا دەژین ، یان ئەم هەڵوێستە وەكو هەلێك وەردەگرن بۆ ئایندە . جا ئەوەی من بزانم كە زۆر لە ماموستایانی سەلەفی ئەناسم وە پەیڕەوكارانی سەلەفی ، نە خۆیان كەسانێكن بزانن ترس چیە چونكە من ئەزانم زۆرێك لە ماموستایانی سەلەفی كەسیانێكی زۆر نەبەز و زۆر دلێر و زۆر خەڵكی ئازاو زیرەكن ، نە ماموستایانی سەلەفی ئەزانن ترس چیە وە نە كار بەدەستانیش بەڕاستی لە بەرامبەر سەلەفیەكاندا تۆقاندن و ترساندنیان بەكار هێناوە . بەڵكو بە پێچەوانەوە یەكەم سوپاس بۆ خوای گەورە پاشان سوپاس بۆ كاربەدەستان و بۆ ئەمن ئاسایش .. . ئەمە یەعنی ئەوەیان بەكارنەهێناوە بەرامبەر بە سەلەفیەكان تا سەلەفیەكان بترسن . بە سوپاسەوە ئەڵێم دەزگاكانی حكومەت بەتایبەتیش ئاسایش وە ئاسایشی زۆربەی ناوچەكانی كوردستان مامەڵەی زۆر زۆر باشیان لەگەڵ پەیڕەوكارانی سەلەفی كردووە ، ئەمە ئەگەر ی یەكەم ئەگەر : " ئەگەر " مكە ترس بێ . ئەگەری دووەمیش كە پێم وایە خاوەنی لێدوانەكە كە لێ ی دەترسێت ئەویش حاڵی نەبوونە ، حاڵی نەبوونە لە فەرهەنگی سەلەفیەكای كوردستان . لەوە ئەچێت بە چاوی شوێنەكانی تر تەماشای سەلەفیەكانی كردبێت خوێندنەوەیەكی تری كردبێت بۆ ئەمانە ، ئەمەش بەڕاستی حاڵی نەبوونە لە فەرهەنگی سەلەفیەكانی كوردستان . یان بابڵێین بەراووردكردنێكی هەڵەیە ، هەندێ لە ڕەوتەكانی تر لە دونیای ئیسلامدا كە بە شێوازێك كار ئەكەن ئەمەش موقایەسە و موازەنەیەكە كە سەلەفیەكانی كوردستانیشی بەو قیاسە قیاس كردبێ . ئەمەش بەڕاستی مەرج نیە ، هەر چۆن مەرج نیە هەموو تاقمێك یان هەر تاقمێكی نەتەوەیی وەكو باقی تاقمەكانی تر بێت یان هەر حزبێكی ئیشتراكی نازانم دیموكراسی وەكو هەموو حزبە ئیشتراكی و دیموكراسیەكانی تر بێت ، یان هەر تاقمێكی مەسیحی ، یەهودی نازانم بوزی و چی و ئەوانە وەكو تاقمەكانی تر وابن ئاواش سەلەفیەكانی كوردستان وەك باقی تاقمەكانی تر نین یا ئەكرێ نەبن كە ناوی سەلەفیەتیان لە شوێنەكانی تر لە خۆیان ناوە ، بە هەرحاڵ ئەگەر قسەكەم زۆر درێژ نەكەمەوە : سەلەفیەكانی كوردستان هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) وە وەتا ئێستا ئەگەر سەلەفیەكان پشتیوان بووبێتن بۆ سەقامگیری ئەم ناوچەیە بۆ هەرێمی كوردستان ، جێگەی سوپاسە ،

وە جێگەی پشت پێ بەستنە ، پشتیان پێ ببەستیت . ئینجا لە ڕاستیدا یەعنی زەقکردنەوە و تەشیرکردن بە سەلەفیەکان وەك هەندێك لە ڕۆژنامە نووس و ئەوانە دەیکەن ، یەکێك دەنووسێت سەلەفیەکان ڕابگرن ، یەکێك دەنوسێت لە زیادبووندان لە زیادبوونی بەرچاودان ، یەکێك دەنووسێت حکومەت بەکاریان دێنێت وە چەندین شتی تر دەنووسرێت لە ڕاستیا ئەگەر بێت و سەلەفیەکان یەك جار لەسەر ئەوان شتێك بنووسن دونیامان لێ تێ ئەگەیەنن ، ئەڵێم :

ئەم هەموو شتە بەلاشە بۆ ؟ ئەم هەموو نووسینە بۆ ؟ ئەم هەموو قسە پێ ووتن و پێشێل کردنی ماف یەکترە بۆ ؟ خۆ ئەگەر سەلەفیەکان حزبێکی سیاسی بوایەن ئەگەر هەرچی شتێکمان بکردایە کەس هیچی نە ئەووت ، لەبەر بوونی حزبەکە ، ئایا ئا ئەم توندو تیژیە بەرامبەر بە سەلەفیەکان ئەکرێت لە ڕۆژنامەکانا لە لێدوانەکانا یان ئەم خوێندنەوانە ، چۆن ترس هەیە سەلەفیەکان ئەوە بن ئەی باشە ئەو مامەڵە توندو تیژ کردنە لەگەڵ سەلەفیەکان ترس نیە ئەوانە هۆکار بن بۆ دروسکردنی بشێوی تائیفی ؟ ئینفیلات و فەوزای تائیفی ، کە ئێمە بە فەزڵی خوا کار ئەکەین بۆ سەر ئەوەی کە هیچ فەوزایەکی تائیفی لە کوردستانا نەهێڵین . ئایا ئەو شەڕی مەزهەبی و شتانەی کە لە شوێنەکانی ترا هەیە ، ئایا ئەمانە هۆکار نین ؟ ئەنجا ئایا ئەمە لێ سەندنەوەی ئازادی لە سەلەفیەکان نیە ؟ کە وەك هەر تاقم و مەزهەبێکی ئایینی دەبێ ئازاد بن لە پیادە کردنی ڕێڕەوەکەیاندا ؟ لە کاتێکدا کە هەموو ئەمانە دەبیسین ، وەلامی زۆر تێر و تەسەلی زۆر زانستیانەی واقعیانەمان لایە . بەلاَم لەبەر لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کوردستان سوێند بێت بە خوای گەورە وەلاَمان نەداوەتەوە . وە من وەکو خزمەتکارێکی میللەتەکەی خۆم ، وەکو مامۆستایەك و نووسەرێکی سەلەڤ ئەوە دووپات ئەکەمەوە : زەمانات زۆرن بۆ نەگۆڕان و لە خشتە نەچوونی سەلەفیەکانی کوردستان ، جا ئەگەر بە نەزانی لە ئەوانەوە بێت کە إن شاء الله وانین ، ئەگەر کەسێکیش بیەوێ لە خشتەیان ببات زەمانات زۆرن إن شاء الله بەو شێوە نابێت وەکو لە پێشێ لە چوار خالاَ باسم کرد کە هەندێکن لەوانە .

جا لە كۆتاییدا :

داوا كارم لە هەموو لایەك ڕەخنە قبوولْ بكرێت ، هەر كەسێك بە سەلەفیەكان ئەڵێ ، سەلەفیەكان هەرچیەك ئەڵێن با قبوولْ بكرێت وە مامەڵەی نەرمی لەگەڵا بكرێت ، ئیستفزاز نەبین بە قسەی یەكتر ، هەركەسێ هەرچیەك ئەڵێ با بڵێ . مەصدەر و سەرچاوەی شەڕ و تیرۆر ، هەركەسێك هەرچی بە من ئەڵێ بابڵێ منیش ئەتوانم شت بڵێم ، بەڵام بە هەموومانەوە بە هەموو كەسێكەوە كار بكەین لەسەر ئەوەی كە نەرمونیانی بە هێمنی شتەكان تێ پەڕێنین وە بە تایبەت لەبەر ئەو بارودۆخەی كە ئێستا ئەم میللەتە ی تیایە وە ئەو هەموو پیلانانەی كە ئەكرێ بەرامبەر ئەم حكومەتە ، لە كۆتاییدا داواكارم لە خوای گەورە لەبەر ناوە جوانەكانی وە سیفاتە بەرزەكانی كوردستان و باقی وولآتانی موسوڵمان لە هەموو ئەم فیتنانە بپارێزێت .

آمين و صلى الله على محمد .

لەبڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba8.org
walamakan.com